# حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت

هەواڵنامەی کتێب

## عــەزیز نەســین

# حیزبی کەرامەت و حیزبی سەڵامەت

## هــیمداد حــوسێن

**لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی**

**هەولێر _ ٢٠١٨**

**حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت**

- عەزیز نەسین
- وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن
- چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- تایپ: محمد حسێن خەتی
- بەرگ: ئاکار جەلیل
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(     )ی ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

هەوڵنامەی کتێب

# پێرست

رۆمانی حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت........................ ٧
عەزیز نەسین باسی خۆی دەکا........................ ١٥٥
دەرمانی بێ خەوی........................ ١٦٥
تا ١٦ ڕۆژ لەمەوبەر........................ ١٧٣
مانگێکی دی دەبێ؟........................ ١٨١
ژمێریار........................ ١٩١
ئەرکی نیشتیمانی........................ ٢٠٣
کڕین........................ ٢١٩
چەک........................ ٢٢٣
مووچە........................ ٢٢٩
زەوقی خەڵکی گەڕەکەمان........................ ٢٤١
هەموو بە رووخساری مرۆڤ فەرمان دەدەن........................ ٢٤٥
تۆ جارێ تێناگەی!........................ ٢٥٥
نازو نیعمەتی تەقاویتی........................ ٢٦٣
تەڕ دەبێ یان نابێ؟........................ ٢٧٣
ئەو کچەی رایکرد........................ ٢٨٥
ئەو شێتەی هەڵات........................ ٢٩٩
هەراجی ئەمریکی........................ ٣٠٧
حەڵاڵزادە........................ ٣١٥

وێنەو روونکردنەوە........................................................ ٣١٩
خەونی شیرین.............................................................. ٣٣١
ئەنجامی پیاوی بێباك...................................................... ٣٣٧
زەماوەندی دەرەبەگی..................................................... ٣٤١
قسە قسەی رادەکێشێ..................................................... ٣٦٣
نوێژ....................................................................... ٣٧٧
نهێنییەکانی دەوڵەتم قووتدا.............................................. ٣٨٩
ئەی ئەمەیان کوێندەرەییە؟!.............................................. ٣٩٣
ئۆهـ...ئۆهـ................................................................ ٤٠٩
ژنەکەت ماچ بکە........................................................... ٤١١
خنکاو...................................................................... ٤٢٣
سەعات فرۆشی............................................................. ٤٢٩
باش ئامۆژگارییان لەگوێ نەگرت.......................................... ٤٤١
بە شەرتی چەقۆ............................................................ ٤٤٩

هەواڵنامەی کتێب

# حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت

هەواڵنامەی کتێب

(ملەی زێڕین) شارۆچکەیەکی بچووکە،نیوەی خەڵکەکەی بە ڕاوەماسی و نیوەکەی دی بە ئیشی تاکە کەسییەوە دەژین .. لە ڕاستیدا وەك بڵێی دوو شتی جیاواز ئەم شارۆچکەیەی کردبێ بە دووبەشەوە، دەگەڵ یەك پێك نایێن.

لەم شارۆچکەیەدا زۆر شتی عەنتیکە و سەیری وای تێدایە، کە شایانی بینین و بیستنن، بەڵام هەقمان بەسەر هیچیانەوە نییە، باسەکەی ئێمە لەسەر حیزبایەتی ئەوانە، کە بەڕاستی شایانی بیستنە.. لەوێ سیاسەت و ڕواڵەتبازی لە شێوەی حیزبە ئاساییەکانی دیکەدا نییە و بەو جۆرە سەیر ناکرێ.

کۆمەڵێ خەڵکی نەخوێندەوار و نەشارەزا چارەنووسی گشتییان بە دەستەوە گرتووە و کەسانی سادە و ساویلکە و بێ ئاگا لە هەموو شتێ بۆ هەر لایەك، کە حەزبکەن ڕادەکێشن.

ئەم حیزبایەتییە بێ ئەوەی مەبەست و سیاسەتێکی دەوڵەتی هەبێ یەخەگیری هەمووان بووەو ئەندامانی حیزب بێ ئەوەی بزانن لە پێناوی چی و بۆ کێ کاردەکەن هەراوهۆریایەکی زۆریان ناوەتەوە، داستانە سەرنج ڕاکێشەکەی ئێمە لە یەکێ لە ڕۆژە گەرمەکانی هاوین و پشوودانەوە دەست

پێدەکات... ئەو ڕۆژە لە گۆڕەپانی وەرزشیی شارۆچکەدا، کە کەوتبووە کەنار دەریاوە دەنگە دەنگ و هات و چۆ دەبیندرا. هەردوو حیزب خۆیان بۆ خەبات و تاقیکردنەوەیەکی گەورە ئامادە دەکرد ، بڕیار وا بوو تیپەکانی تۆپی پێی هەر دوو حیزب پێشبڕکێیەك سازبدەن. ئایندەی هەر دوو حیزبیش پێوەندییان بە ئەنجامی ئەو پێشبڕکێیەوە هەبوو و هەر کامێکیان براوە بووایە لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا ئەولایان سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست دەهێنا.

(قولی کەرامەت) ڕابەری حیزبی کەرامەت وەك چۆن فەرماندەیەکی جەنگ رابەرایەتی سەربازەکانی دەکات ئاوا یاریکەرەکانی تیپی حیزبەکەی لەبەردەم چێشتخانەکەی خۆی ڕیز کردبوون و فەرمانی بەسەردا دەکردن، لەژێر کلاوە چڵکنەکەیەوە دڵۆپە ئارەقە بەسەر ڕووخسارە کولەکەئاساکەیدا دەتکایەوەو ناو لەپە سپییەکەی دەستیشی،کە نیشانەی نەخۆشی شەکرەی پێوە دیار بوو بەلا ددانەکانیەوە وەنووساندبوو و بە زۆر قسەی بۆ دەکرا ، بەم شێوەیە (قولی کەرامەت) بە گەرمییەوە قسەی دەکرد:

– کوڕینە، ئەگەر لەم یارییە بیبەنەوە،مێوانداریی‌یەکی چاکتان لە چێشتخانەکەم دەکەم!!حەز لە چی دەکەن بیخۆن، بەلأم بیدۆڕێنن جارێکی دی ناوتان ناهێنم .. لە هیچ مەترسن .. لێدەن .. بکوتن .. هەقتان نەبێ لەسەر من.. ڕۆحەکەی منن !! دوو سێ گۆڵیان لێبکەن تا ئابڕوویان بچێ، ئەوەندە دەمەقاڵێ لەگەڵ (حیزبی سەلامەت) مەکەن، بەینی خۆمان بێ دادوەریش هەر لە خۆمانە.. بەڵێنم پێداوە ئەگەر لایەنگیری ئێمە بکات

دەیکەینە بەڕێوەبەری شارۆچکەکەمان، لە هیچ مەترسن.. ئەمڕۆ هێزی دەستی حیزبی کەرامەت مشێکی دوژمنانی دەپلیشێنێتەوە!!.

لەلایەکی دییەوە (بورهان سەلامەت) یش تیپی حیزبەکەی لەبەردەم چاپخانەکەی خۆی کۆکردبۆوە و قسەی بۆ دەکردن :

– قەسەم بەخوا ئەگەر لە گۆڕەپانی یاری بە دۆڕاوی بگەڕێنەوە ژیانتان لێ دەکەم بە دۆزەخ !! تیپی سەلامەت دەبێ لەم یارییە سەرکەوێ .. دوو سەد (دینار)م بە حسێب و کتێب بە داوەر داوە تا لایەنگیری ئێمە بکات ! .. جا بتانبینم چۆن چۆنی کەرامەتییەکان بدڕێنن، بەچکە شێرەکانم ئەگەر لەم یارییە بیبەنەوە هەریەکەی قاتێ جلتان بۆ دەکەم.. ئەگەر بۆم نەکردن بێ نامووسم.

ئینجا بە دەستەسڕەکەی ئارەقەی ملی سڕی و بە یەکێ لە یاریزانەکانی وت:

– کوڕم تۆ خۆت ناوت پۆڵایە، جا بزانم چی یان پێدەکەی؟!.

ئەمیر سەلامەت، کە پۆڵایان پێدەوت، یەکسەر لە ڕیزەکە هاتە دەرەوە.. قژێکی پەرشوبڵاو و ڕووخسارێکی ڕەش داگەڕاو، بەڕێزەوە سەیرێکی باوکی کرد و وەرامی دایەوە:

– بابەگیان بە پشتیوانی خوا لووتیان دەشکێنین و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێینەوە.

بورهان خەندەیەکی گەرمی بۆ کرد:

– بارەکەڵڵا کوڕم.. من شانازی بە کوڕی وەك تۆوە دەکەم ، بڕۆن دەی بزانم چی دەکەن ، ئینشاڵڵا براوەین.

یاریکەرەکان و گشت لایەنگیرەکان، کە لە دەوریان وەستا بوون، هەموو بە یەك دەنگ هاواریان کرد:

– ئامین.

بورهان سەلامەت ئیشارەتی بۆ ئەو لۆرییە کرد، کە لە تەنیشت چایخانەکەوە وەستا بوو :

– یاللا کوڕینە. سواربن بڕۆین .. کە دەکەوینە ڕێ سروودی حزبتان لە یاد بێ.

یاریزانەکان بەملاو بەولای لۆریەکەدا وەسەرکەوتن...(بورهان سەلامەت)یش سوار بوو...دەرگاکەی کردەوەو بەجۆرە شانازی و فیزێکەوە هاواری کرد:

– یاللا ڕەجەب.. دەی پێ لێنێ گازی بدێ.. وریابە لە ترومبێلی کەرامەتییەکان بەجێ نەمێنی!!.

کە لۆری تیپی حیزبی سەلامەت ڕۆیشت، ترومبێلی حیزبی کەرامەتیش کەوتە ڕێ.. هەردوو ترومبێل دەیانەویست زووتر لە مەیدانی شارۆچکە بچنە دەرەوە..هیچی وای نەما بوو خۆیان پێك دادەن..(قولی کەرامەت) لە جامی ترومبێلەکەوە سەری هێنایە دەرێ و هاواری کرد :

– هۆو بورهان! تێ ناگەی! عەرەبانەکەت لادە ئەم لاوە دەنا هەمووتان پان دەکەمەوە!!

– ئەوە دەڵێی چی.. بۆمن بڕۆمە ئەولاوە؟ تۆ بڕۆ بەولاوە.. چی وای نەما بوو ئەم بێنەو بەردەیە پەرە بسێنێت شەڕەکە نەگاتە گۆڕەپان، بەڵام باش بوو شۆفێرەکان یەکدیان دەناسی و ترۆمبێلەکانیان لێك دوور خستەوەو لە ڕێیە خۆڵەکەی بەرەو گۆڕەپان کردیان بە پێشبڕکێ..لە کاتێکدا هەردوو تیپ

جنێویان پێك دەدا هەریەکەیان هەوڵیدەدا جنێوی تەڕوبڕ پێکبدەن!!
بەزمەکەیش لەوەدا بوو هیچ کامێکیان گوێیان لە یەك نەدەبوو، نە ئەمان جنێوەکانی ئەوانیان دەبیست و نە ئەوان هی ئەمان!

ئەم مەسەلەیە هی ئێستا نییە، زۆر دەمێکە بارودۆخی شارۆچکەی (ملەی زێڕین) هەروا بووەو ئێستایش هەروایە، خەڵکی ئەم شارۆچکەیە خۆیشیان نازانن لە پێناوی چی خەبات دەکەن!لە پێناوی کێ وا بە گژیەك دادێن!
دوای ئەوەی تیپەکانی هەردوو حیزب ڕۆیشتن خەڵکی مەیدانی شارۆچکە تەواو بێ دەنگ بوون. (عابدین) گارسۆنی چێشتخانەی کەرامەت و (غەدیر) ی شاگردی چایخانەی سەلامەت بەینەك تێك ڕامان.. دواجار عابدین کە ئارمی حیزبی بە دەستەوە گرتبوو و بە خەڵکەکەی پیشان دەدا، وتی:
– هۆ .. غەدیرە مێشوولە برۆ بۆ خۆت ئیشێکی دی بکە!! ئەگەر تیپەکەی ئێمە لە تیپەکەی ئێوە بباتەوە دەبێ دوکانەکەت تەخت بکەی! غەدیر وەك کەڵەشێری جەنگیی سەری سمێڵی باداو دەنگێکی تایبەتی لە دەم دەرچوو:
– ج .. ڕ .. ڕ .. ت .. ت ... ئەگەر لە پێنج گۆڵ کەمترتان خوارد من ئەم سمێڵەی خۆم دەتاشم ..
عابدین دەنگی لێ هەڵبڕی:
–جڕت!باشە دوایی دەردەکەوێ!سمێڵت ئاسانە دەبێ زمانیشت ببڕی ...
غەدیر خوێنی هاتە کوڵ بە قامکی دەستە ڕاستی هەڕەشەی لە عابدین کرد:
– ئاگات لە زارت بێ زمانت بگرە، ئەگینا لەژێر پێی خۆمت دەنێم... تۆ سەگی کوێی؟!..

هەردووکیان یەخەی یەکدیان گرت و بە دار و گسك کەوتنە گیانی یەك .. چەند هەنگاوێك لەولاترەوە سەگەکانیان تێك بەردەبوون! تا لە خاوەنەکانیان دوا نەکەون، لە گۆڕەپانی پێشبڕکێیەکدا بارودۆخێکی وا هاتەکایەوە.. جاری هەوەڵی لەسەر هەڵبژاردنی زەوی ڕێ نەکەوتن . لایەنگرانی هەردوو حیزب بەبێ ئەوەی ئاگایان لە بابەنەکە بێت ڕژانە نێو گۆڕەپانەکەوەو بەناویەك وەربوون، لێدان و کوتانێکی عەنتیکە بەرپا بوو! هەر بابا بوو مشت و پێلاقەی ڕادەوەشاندە ئەوەی بەرامبەری،بۆچی؟لەپێناو کێ؟ دیار نەبوو!...

ئەو خەڵکە زۆر بە زەحمەت ئەندامانی هەردوو حیزبیان لێك جوودادەکردەوەو لە گۆڕەپانەکە وەدەریان دەنان .. فەقیرەی کوێخا کازم ، کە ناوبژیوانی یارییەکە بوو کوتکێکی چاکی بەرکەوت! قسەی بۆ نەکرا! یاری دەستی پێ کرد ، بەڵام چۆن دەست پێکردنێك، یاریزانەکان لە باتی ئەوەی لە تۆپەکە هەڵدەن بە ئەنقەست شەقیان لێکدەدا! گۆڕەپانی یارییەکە ببووە مەیدانی شەڕ و لێدان و کوتان! هەر یاریزان بوو و شەقی بەردەکەوت و دەکەوت و دەکەوتە سەر عەرزەکە..پشت گۆڵەکان پڕی بریندار ببوون!(قولی کەرامەت) بەردەم گۆڵەکەی خۆیانی گرتبوو و (بورهان سەلامەت) یش بەردەم گۆڵەکەی خۆیانی گرتبوو!!بۆ هەردووکیان گرنگ نەبوو کێ دەمرێ و کێ بریندار دەبێ.. هەریەکەیان ئەوەیان بەلاوە گرنگ بوو گۆڵ لەوەی دی بکات! ئیدی ئەو گۆڵ کردنە هەرچۆنێك بوایە بەلایانەوە گرنگ نەبوو!ئەندامانی هەر دوو حیزب و سەرۆکەکانیان تەنها لە خەیاڵی بردنەوەو دۆڕاندندا بوون..هەندێکیان ئەوەندەیان هات و هاوار کردبوو ئەم

لاو ئەو لای دەمیان کەف کرد بوو و دەنگییان نووسابوو! لەگەڵ ئەوەشەوە هەر دەست بەردار نەبوون...

لە دەقیقەی دەیەمی یارییەکەدا (ئەمیر)ی کوڕی بورهان سەلامەت تۆپەکەی بەرەو گۆڵی کەرامەتییەکان برد...ئەگەر ئەو شەقەی یەکێ لە کەرامەتیەکان ڕایوەشاندێ پێی بکەوتایە دەبوایە دەمودەست ڕەوانەی خەستەخانەی بکەن! بەلاّم ئەمیر بە زرنگی و زۆر بە چاپووکییەوە تۆپەکەی لە پێش ئەو ڕەتکردو بە شووتێکی قایم ڕەوانەی گۆشەی گۆڵی کەرامەتییەکانی کرد.. لەبەری لای چەپی گۆڕەپانەکەدا یەکسەر خومپارەیەك تەقیەوەو گشت ئەندامانی حیزبی سەلامەت لە جێی خۆیان دەرپەڕین و هاواری خۆشی و شادی (گۆڵ ... گۆڵ) گۆڕەپانی یارییەکەیان هێنایە لەرزین.

بورهان سەلامەت لە خۆشیاندا خۆی لە باوەشی یەکێ لە دۆستەکانی کوتاو بوورایەوە !

(قولی کەرامەت)یش وەك بەردی ئاشیان بە کەللەدا کێشابێ خەریك بوو لە هۆش خۆی دەچوو و هیچی وای نەما بوو دڵە کوتێ بگرێ .. بە ناڵەیەکی پێکراوەوە وتی :

– نووری جنۆکە کوا دەرمانەکانم بدەرێ با بیخۆم! نووری جنۆکە بە شڵەژاوییەوە گیرفانەکانی قولی کەرامەت گەڕا دەرمانەکانی دۆزیەوەو دەرخواردیدا..

لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا هاوڕێکانی ئەمیر، ئەمیریان لە باوەش کرد و بە هەراو هۆریاوە بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەیان برد.. کەس نەبوو ، هەتا

ئەندامانی تیپی سەلامەتیش ئاگایان لێ نەبوو، کە ناوبژیوانەکە بەرەو ئەو شوێنەی قولی کەرامەتی لێ دانیشتبوو ڕۆیشت و بەچاو و برۆ مەبەستەکەی تێ گەیاند ! یاری دەستی پێکردەوە، بورهان سەلامەت هاواریکرد:

– گارسۆن بە شادمانییەوە ئاوی لیمۆکانیان بەسەردا ببەخشەوە... سەیرکە ئەگەر کەرامەتیەکانیش ناڕەحەت بوون ئاوی ساردیان بدەرێ!پاشان لە جێگەکەی خۆی قیت بۆوە و هاواریکرد:

– هۆو ... قولی کەرامەت ڕۆژی هەڵبژاردنیش وات لێدەکەین!..

قولی ، کە زۆر ناڕەحەت بوو مستێکی ڕاوەشاندێ!:

– هێشتا یاری تەواو نەبووە...ماسی لە دەریادا ناکڕێ!سەدای قاقای پێکەنینی سەلامەتییەکان بەرزبۆوەو بورهان هاواریکرد:

– بە گۆڵچییەکەت بڵێ وریا بێ ڕێك ڕاوەستێ..کوڕەکەم بۆی دەچێ!!

قولی کەرامەت وەرامی نەدایەوە.. ڕووی بەرەو گۆڕەپانەکە وەرسوڕاند و وەك دڕندەیەکی پێکراو ددانەکانی جیڕەی دەهات..تۆپەکە کەوتە لای سەلامەتییەکان..گەنجێکیان،کە لەلای دەستە ڕاست یاری دەکرد یەکسەر خۆی بە عاردی داداو ناوبژیوان فیکەیەکی لێداو بە(پەنەلتی) حسێب کرد.ئەم جارەیان هاواری شادی و خۆشی کەرامەتییەکان بەرزبۆوە و کردیان بە هات و هاوار:پەنالتی...پەنالتی...هێ.. پەنالتی..

لەولایشەوە سەلامەتییەکان هاواریان دەکرد (پەنالتی نییە...) لەبەر دەم گۆڵەکەدا یاریزانەکانی هەر دوولا کۆببونەوە. هەر بابا بوو گوڕیان دەکردە یەك!!قولی و بورهانیش کەوتبوونە گیانی یەك و بورهان یەخەی ناوبژیوانی گرت و هاواریکرد:

– هەی بێ ویژدان.. لێرەش هەر حیزبایەتی دەکەی؟...هەر ئێستا دەتخنکێنم..کۆمەڵێ لە کەرامەتییەکان ڕژانە نێو گۆڕەپانەوەو یەخەی ناوبژیوانیان لە دەست بورهان دەرهێنا..قولی تۆپەکەی هەڵگرت و لەسەر خاڵی پەنالتییەکەی داناو و بەدەم و لەبزێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی:

– کاك بورهان کەس هەقی ئەوەی نییە ڕەخنە لە ناوبژیوان بگرێ. ئەگەر لە دۆڕاندن دەترسی با يارييەكە دوا بخەین بۆ کاتێکی دی.. ئەمیر دڵی باوکی دایەوەو باوکی لە گۆڕەپانەکە بردە دەرەوە:

– ناڕەحەت مەبە بابە گیان .. تۆڵەی دەکەینەوە ..

بورهان پاڵێکی بە کوڕەکەیەوە ناو بە گۆڵچییەکەی وت: لە گۆڵ وەرە دەرەوە،مادام وا بە زۆرە لێ گەڕێ با بۆ خۆیان شووت لێدەن و گۆڵ خاڵی بێت!

لەم بێنەو بەردەیەدا، دوو چاوی ڕەشی جادوویی لە تەنیشت گۆڕەپانەکەوە لە ئەمیری دەڕوانی، بە نیگاکردنێکی پڕ ئارەزوو و پڕ عیشقەوە سەیری دەکرد.. خاوەنی ئەو چاوانە کیژۆڵەیەکی گەنج بوو ، کە لە جوانی و شۆخ و شەنگیدا لەنێو کچانی شارۆچکەکەدا بێ هاوتا بوو ..

گشت گەنجانی شارۆچکە بە حەزرەتەوە بوون پێی بگەن... ئەم نازدارە بێ هاوتایە لە نێو هەموو گەنجەکاندا ئەمیری هەڵبژارد بوو ، هەرچەندە دەشیزانی، کە باوکی قەت نایداتە ئەمیر ، ئیدی دڵی بە گرەوی عەشقی ئەو سپارد بوو ... لەبەر ئەوەی ئەم کچە (گوڵێ) کچی قولی کەرامەت بوو و لەشێواوی ڕۆژگار ئەشقی کوڕێکی حیزبی نەیاری حزبەکەی خۆیان ببوو. جاری هەوەڵی لە بازاڕی شارۆچکەدا تووشی یەك ببوون ...

لەنیوەی ڕێگادا زەمبیلەی سەوزەواتەکەی لێ کەوتبوو و سەوزەواتەکەی لێ ڕژا بوو..ئەمیر چەمابووەوە و سەوزەواتەکەی بۆ خڕ کردبۆوە... و لە ناو زەمبیلەکەی کردبۆوە و دابوویەوە دەست (گوڵێ) .. گوڵێ ، کە لە شەرمان ڕووی وەك گوڵ سوور ببۆوە بە دەنگێکی نەوی و لەرزۆکەوە وتبووی:

– سوپاس...

لەو بەیەك گەیشتنە کورتەدا تۆوی عەشقێکی مەزن لە دڵی هەردووکیاندا ڕوا...ڕۆژ بە ڕۆژ نەمامی ئەو عەشقە زیاتر هەڵی دەدا.. لەگەڵ ئەوەشەوە هەردووکیان لێیان ڕوون بوو (پووچی) لە دڵی خۆیاندا پەرەوەردە دەکەن، بەڵام نەیاندەتوانی ئەم نەمامە لە ڕەگەوە دەرکێشن و یەك دەقیقە چییە لە خەیاڵی یەکدا نەبن.. لەو کاتەدا دەنگی (گۆڵ.. گۆڵ..) لەلایەن کەرامەتییەکانەوە بە کۆمەڵ بەرزبۆوە و دڵی ئەو کچە بەستەزمانەیان خراپ ڕاچڵەکاند،ئەندامانی حیزبی کەرامەت،کە لە دۆڕاندن گەڕانەوە لە خەمی خۆیاندا دەست و پێیان دەکوتی و هەراو هۆریایان بوو .. تەنها (گوڵێ) نەبێ بێ ئەوەی گوێی پێبدا چاوەکانی لە ناوەڕاستی گۆڕەپاندا بەدوای ئەویندارەکەیدا دەسووڕایەوە!! (ئەمیر)یش وەك ئەو لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەوە هەوڵی دەدا چاکتر لە (گوڵێ) ڕابمێنێ. دەنگی فیکەی ناوبژیوان کۆتایی بە (هافتایم)ی یەکەم هێنا. ئەندامانی هەر دوو حیزب لە چوار دەوری تیپەکانیاندا کۆبوونەوە..

قولی کەرامەت لە کاتێکدا (ئەمیر)ی بە خەڵکەکە پێشان دەدا دەیوت:

=ئەم لاو ئەولای بۆ مەکەن مەهێڵن یەك بست چییە بێتە ناوەوە؟ لێیدەن سەگبابەی با هەریەکێ کەم بێتەوە..مەترسێن!!ئینجا یەخەی گۆڵچییەکەی گرت:

– سەگباب چۆن ئەو گۆڵەتدا؟..

– بەخوا مامە قولی چی وای نەمابوو لە باتی تۆپەکە منیش فڕێ بداتە ناو گۆڵەکەوە...

– وسبە هەی قوڕ بەسەر... تۆزێ بیر لە ئابڕووی حیزب بکەنەوە .. دەبێ یارییەکە هەر ببەینەوە، بە مست، بە شەق،بە کەللە، لێبدەن لەو سەگبابە ئەمیر بکوژن هەقتان نەبێ لەسەر من! لەولایشەوە بورهان سەلامەت لەگەڵ ئەندامانی تیپەکەی دەدوا :

– کوڕم ئەگەر گۆڵێکی دی بکەی پاسکیلێکت بۆ دەکڕم.. لەو کاتەدا فیکەی ناوبژیوان سەرەتای (هافتایم)ی دووەمی پێشاندا.. یاریزانەکان بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە ڕایانکرد... تەواو بوونی ئەم یارییە نامومکین بوو.. لەبەر ئەوەی هەر دوولا پارەیان دابوو و هەر دوولا فێڵیان دەکرد و دەیانویست بە هەر جۆرێك بێ سەرکەوتوو و براوەبن.

هەر کە ئەمیر تۆپەکەی بەرەو گۆڵی کەرامەتییەکان دەبرد یەکێ کەللەیەکی لێدا!!یەکسەر تۆپەکەی بەرەو لایەك ڕۆیشت و ئەو کوڕە بەستەزمانەش بەرەو لایەکی دی فڕی!! بورهان سەلامەت و کەسانی حیزبەکەی دەسبەجێ ڕژانە نێو گۆڕەپانەکەوەو هاواریانکرد :

– پەنالتی.. پەنالتی.. بەڵام قولی کەرامەت وەك ناپلیۆن لە جەنگی (واترلو)قسەی بۆ سەربازەکانی دەکرد دەستێکی لە سنگی کوتی و هاواری کرد :

– ئەگەر بهێڵم ئەو پەنالتییە لێدەن حیزبەکەمان هەڵدەوەشێتەوە ! یاڵلا کوڕینە. لێیاندەن ئەو سەگبابانە!!)کەسانی هەر دوو حیزب وەك دوو لەشکری دژ بەیەك کەوتبوونە گیانی یەك ئەم هەراو هۆریایە بەر گوێی کرێکارانی کارگەی (قوتوی ماسی)ی غەیاسەددین کەوت، فرمێسکیان بە چاودا هاتە خوارەوە.. ناڕەحەتی ئەوان لەبەر ئەوە بوو،کە دەبووایە ڕۆژانی هەینی و پشوویش کاربکەن. غەیاسەددین بە سەرسەختی و ڕقەبەرییەوە کاری پێ دەکردن و ئەم بەستەزمانانە لە ترسی ئەوەی نەوەکو دەریان بکەن گشت فەرمانەکانیان بەبێ چەند و چۆنی بە مل کەچییەوە جێ بەجێ دەکرد.

غەیاسەددین لە دنیادا تەنیا پێوەندی بە یەك شتەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەموو ڕۆژێ قوتوویەکی ماسی زیاتر لە کارگەکەیدا بەرهەم بێت و لە بازاڕ پارەیەکی کاشی دەست بکەوێ! قیافەیشی بە تەواوی وەك ئەو ماسییانە وا بوو، کە دەیانخستنە نێو قوتووەوە!!

دووچاوی سەوزی زەقی هەبوون، لووتیشی وەك چۆن باینجانێکی لە نێو تاوەدا سووربکەیتەوە وابوو!...هەردەم وڕبوو.. بە کورتیی، کوڵەبنە و سەر کەچەڵ و بێ موو لە قۆشمەچییەکانی سێرك دەچوو، کە پاڵتۆ فشوفۆڵەکەی لەبەردەکرد هەر یەکێك ببیبینیایە خۆی بۆ نەدەگیراو لە قاقای پێکەنینی دەدا!

غەیاسەددین لە بنچینەدا خەڵکی (ملەی زێڕین) نەبوو...بنەچەو ڕەچەڵەکێکی تەواوی نەبوو..کەس نەیدەزانی خەڵکی کوێیەو چ کارەیە.. سێ ساڵ لەمەوپێش لە پڕ لەم ناوە دەرکەوت!! خەڵکی سەرەتا لە (حیزبی کەرامەت)یان بینی، چالاکییەکی زۆری هەبوو، ئەو کات چ کاروکاسبی نەدەکرد، دیارنەبوو لە کوێ دێ و بۆ کوێ دەڕوا... دوای ماوەیەك جێگای کارگەی (قوتووی ماسی) کڕی و ئامێرەکانی ماسی پاك کردنەوەی کڕی و بارگەی تێکناو چوو لەو هەرێمە دوورە دەستی بەکارکرد...

ئاشکرایە پیاو ئەگەر ڕەبەن و زگورتی بێ..قومار نەکا.. مەشروب نەخواتەوە..نە مێوانداری برادەرەکانی بکا و کاسبیەکەیشی باش بێ زوو دەوڵەمەند دەبێ، بەتایبەتی غەیاسەددین بە هەر جۆرێ بووایە پارەی پەیدا دەکرد!ماڵی دزیی دەخوارد، گوێی بە ئەنجامی هیچ مامەڵەیەکی حەلال و حەرام نەدەدا!! لەسەر پیاڵە چایەك ئابڕووی خۆی دەخستە گرەوەوە! لەم ڕۆژی پشوودانەدا ئەم کابرا دەبەنگە وەکو میرە توورە و توندەکانی زەمانی کۆن لەسەر کرێکارەکان وەستابوو و چاودێری دەکردن تا بە چاکی ئیشەکانی خۆیان بکەن .. کە گوێی لە پرتەو بۆڵەی چەند کرێکارێك بوو، پەنجەی شایەتمانی دەستە ڕاستی بەرەو کرێکارەکان هەڵبڕی و وتی :

– من لەیاری و .. ماری ... سەرم دەرناچێ ، ئیشکردن لە هەموو شتێك پێویستترە .. ئەگەر بچن سەیری یاری بکەن، ماسییەکانی من لێرە بۆگەن دەکەن و تێکدەچن.

کرێکارەکان لە ترسان نەهاتنە دەرەوە، بەڵام دیار نەبوو کامەیان بوو لەژێر لێوانەوە بۆڵەیەکی لێوە هەڵسا.. غەیاسەددین، کە هەرگیز چاوەڕێی ئەم قسانەی نەدەکرد، یەکسەر لە شوێن خۆی هەڵسایەوەو وەك گا بۆڕاندی :

– ئەگەر هەر یەکێك یەك قرۆش زەرەرم لێ بدات، بابی دەگێم!! هەر یەکێك حەز ناکا کار بکات با گۆڕ بە گۆڕ بێ و کارەکەی بەجێ بێڵێ و تەواو ...

دوای ئەو هێن و منهێنە غەیاسەددین ڕێگای گرت و ڕۆیشت .. کرێکارەکان لەدواوە کردبوویان بە چپە چپ و تێی ڕادەمان، کە دوورکەوتەوە هەموویان یەکسەر دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد :

– سەیری قیافەتی بکەن!دەڵێی قەت بۆنی زانست و مرۆڤایەتی نەکردووە!!یەکێکی دی لە کرێکارەکان کە مژی لە جگەرەکەی دەدا، درێژەی پێدا:

(کەریەتی خۆمانە.. ئێمە گەوج و دەبەنگین ڕۆژانی پشوویش ئیش دەکەین .. کرێکارێکی تەنیشتی لای دەستە ڕاستی قسەکەی پێ بڕی:

– کاکەحمەد مەسەلە نان و گۆشت و منداڵەکانە..ئەگەر ئیشێ نەکەین کێ مەسرەفمان دەکێشێ؟ .. کرێکارێکیان کە جەستەیەکی وەرزشیی هەبوو ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: قەسەم بەخوا تەنها بۆ ئەوەی تیپی کەرامەت بیباتەوە بۆیە ئێمەی لێرە داناوە... ئەو برادەرە (قولی کەرامەت) لەگەڵ ئەرباب حسێب و کتێبی تایبەتییان هەیە...پارە بە حیزب دەدات.. ئەوانیش پشتگیری لێدەکەن!.

ئەحمەدی کرێکار،کە خەریکی ئیش بوو بەسەر لەقاندنەوە دانی بە قسەی برادەرەکەیدا نا:

– بەلأم هەقی وا بوو تۆ برۆیشتیتایه لە تیپەکەی خۆتان یاریت بکردایه ..

– ئاخر برام من بەرپرسیاری سیٚ کەسم،ئەگەر برۆیشتمایه دەری دەکردم ، ئەو کاتە چیم بکردایه؟ بەخوا ئەگەر ئەو مانگە دەمتوانی لەم شارە کاریٚ بدۆزمەوە،نامەردم ئەگەر یەك دەقیقە لەکن ئەو ناکەس بەچە بمیٚنمەوە.

ڕەجەبی کریٚکار، کە لەسەرەوە لەگەڵ هاوڕیٚ کریٚکارەکانیدا بوو، بەلأم لەژیٚرەوە خەفیەی ئەرباب بوو، نەیتوانی بەرگەی ئەو سووکایەتیەکردنە بگریٚ .. بە ناو لەپی دەستی، کە پاژنەکانی پیٚی دەخوراند هیٚواش بەرەو لای کریٚکارەکان هات، لە کاتیٚکدا چاوە بە ئازار و ئاگراوییەکانی گڕی تورەییان تیٚدا دیار بوو،وتی :

– دیسان وڕیٚنە دەکەن!! یاڵلا ئیشەکەی خۆتان بکەن ئەگەر تا شەو ئەو کارانە تەواو نەکەین کریٚیەکەمان نابیٚ ..

کەس وەلأمی نەدایەوە، کریٚکارەکان کەسیان تاقەت و زەوقیان نەبوو بیکەنە هەراوهۆریا، بەبیٚ دەنگی و خەفەتەوە بۆ سەر کارەکانیان گەڕانەوە. ڕەجەب چووە پشت میٚزەکەیەوە خۆی بە دەفتەرەکانەوە خەریك کرد، لە کارگە جگە لە دەنگی ئامیٚرەکان نەبیٚ هیچی دی بەرگویٚ نەدەکەوت .. بۆیە ، کە خەڵکەکە لە پیٚشبڕکیٚیەکە گەڕانەوە قسە و بۆچوونەکانیان بە چاکی دەگەیشتە بەر گویٚی کریٚکارەکان ، چونکە قسەکانیان دەبیستران، حەسەن چیدی خۆی بۆ نەگیرا و چووە ڕۆخ پەنجەرەکەوەو سەریٚکی بردە دەرەوە، خەڵکی بە لیٚشاو لە پیٚشبڕکیٚیەکە دەگەڕانەوە ..

حەسەن هەوەڵجار چاوی بە ئەمیر کەوت وا هێواش هێواش دەڕوا ، پاشان سەیری هەمووانی کرد، بینی یەکێکیان دەستی شکاوە، یەکێ بەری چاوی ڕەش بووە، حەسەن لەو شوێنە بەرزەوە هاواری کرد :

– ئەمیر خوا کەریمە.. ڕەشبین مەبە، ئەو کەرامەتییە نامەردلنە ئەگەر یارییان هەبێ ئاوا دەیدۆڕێنن و ئاژاوە دروست دەکەن.

حەسەن هەرچی ڕقی هەبوو بە تفێکی خەست بە هەوایدا بڵاوکردەوەو بەژێر پێڵاوەکەیەوە لە ڕووی خشتەکانی هەڵسووی .

* * *

ئەو ڕۆژە ، بەم هەموو یادگارە تاڵانەوە ڕۆیشت، کرێکارەکان وەك نەریتێکی ئاسایی خۆیان،کە دەستیان لەکار دەکێشایەوە بەرەو چایخانەکەی (حەسەن کوێر) ملی ڕێیان دەگرت تا بە خواردنەوەی چایەك و بیستنی هەواڵی ڕۆژانە ماندوویەتی لەشیان دەرکەن. کۆبوونەوەی شەوانەی کرێکارەکان لە چایخانەکە لە هەموو شتێ خۆشتر بوو ، هەرچی ماندووبوونی کاری ڕۆژانەیان هەبوو بە خواردنەوەی دوو چای بەدیشلەمەوە هەناسەیەکی دووکەڵە پیسەکەی نێو چایخانەکە نەدەما ! !

جارجاریش یاری کاغەزیان دەکرد، بردنەوەو دۆڕاندنیان لەسەر دوو چا بوو یان نێرگەلەیەك بوو، ئەویش نیوەی بەر خۆیان دەکەتەوە.. لە کاتی خواردنەوەی چایەکانیشدا کرێکارەکان گشت تەنگوچەڵەمەو کێشەی خۆیان چارەسەر دەکرد و لە دەردی دڵی یەکدی دەگەیشتن..

زۆربەی کات باس باسی حیزبەکان بوو و هەواڵی حیزبەکان بە کرێکارەکان دەگەیێندرا، ئەگەرچی کرێکارەکان هیچ کامێکیان حیزبیی نەبوون، بەڵام

پێوەندیان بە چالاکی حیزبەکانەوە هەبوو و حەزیان دەکرد ئاگایان لێ بێت.. هەندێ ساتیش لە میانەی ئەو باس و خواسانەدا دەبووە فشەو بەزم و کرێکارەکان لە خوایان دەویست و بە دوای بەهانەدا دەگەڕان تا زێتر خۆیان دڵخۆش بکەن و پێبکەنن، بۆ شتێکی بچووك هەراو هۆریایەکی زۆریان دەنایەوە، بەڵام ئەو شەوە بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دی بوو ، قسە لەسەر پێشبڕکێ بە زوویی بڕایەوە .. کەس تاقەتی قسەو یاری کاغەزی نەبوو، هەتا وەختێك، کە ئەمیر هاتە چایخانە کەس لای لێنەکردەوە .. ئەمیر یەکێ لە کوڕە زۆرزان و بە برادەرەکانی گەڕەکەکە بوو ، هەمو و خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت، کە ئەو وەزعەی دیت زۆر سەری سوڕما و پرسی:

– کوڕینە ئەوە چییە؟ هەموو دەڵێی بولبولی خەزانن وا کزن؟ مەسەلە چییە؟ ناڕەحەتییەکەتان هی یارییەکە نەبێ؟

حوسنی سەری لەقاندەوە:

– نە کاکە ئەمیر ئەم شتانە نییە .. کارەکەمان بێزاری کردووین ..

یەکێکی دی لە کرێکارەکان، کە چایەکەی بە دەستەوە بوو بە قسە هات :

– ڕۆژانی پشوویش وازمان لێ ناهێنێ ..

ئەمیر ئیشارەتی بۆ چایچییەکە کرد چایەکی بۆ بێنێ ، پرسی:

– بۆ سەعات ئیزافیتان ناداتێ؟

– ئیزافی چی کاك ئەمیر! ئەو منەتمان لەسەر دەکات کە هەر مووچەکەشمان دەداتێ!

– باشە... ئەگەر خۆتان نەتانەوێ ڕۆژی پشوودان ئیش بکەن؟!

– جا دەبێ .. دەڵێ هەرچی نەیێت دەری دەکەم.

ئەمیر بە توڕەییەوە مستێکی لەمێزەکەدا :

– ئەی سەگباب .

دوایی ڕووی لە حوسنی کرد:

– خەتای خۆتانە، بۆ لەم مەملەتەکە یاسا نییە؟

حوسنی، کە خۆی گرمۆڵە کردبۆوە دەنگێکی سەیری لە دەم دەرچوو:

– پوف !! بەڵام بابە، قسەی وا مەکە.. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر مووچەکەی کەم کردینەوە نەمانتوانی هیچ بڵێین ، ئەمیرخان لە کوێ بووی؟

ئەحمەدی کرێکاریش وتی :

– یارۆ دۆستی حیزبی کەرامەتە، پشتی قایمە!!گوێ بەم قسانە نادا! ساڵح ماسیگر، کە گوێی لە قسەی کرێکارەکان ڕاگرتبوو، وتی:

– کوڕینە ئاگاتان لە هیچ نییە.. ئەم کابرایە هەموومانی بێچارە کردووە ، ماسییەکانمان بە خۆڕایی لە دەست دەردێنێ.

ئەمیر، کە تا ئەو کاتە ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو و لێی بێخەبەر بوو بە سەرسوڕمان و بەزمانێکی تەتەڵەوە وەرامی دایەوە:

– چی .. چی .. بۆ دەیدەنێ؟

– ئەدی چی بکەین؟.. خۆ ماسییەکان هەموو خۆمان نایخۆین.. ئەمیر بیری لە باوکی کردەوە:

( – نابێ ئەوانە بە ناوی حیزبەوە سوود لە شتی خراپ وەربگرن و مافی خەڵکی تر بخۆن.)

هەولێرنامەی کتێب

بە لا چاوێکەوە سەیری ڕووخساری کرێکارەکانی کرد.. خەندەیەکی گاڵتە جاڕانەیان لەڕوو دەخوێندرایەوە، بۆیە ئەمیر هەستی بە کەمی و شەرمەزاریی کرد، بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ، بە حوسنی وت:

– جگەرەیەکم بدەرێ ..

ئەمیر هەقی خۆی بوو لەو کارەساتانە بێ ئاگابێ، ئەو تا ئەو کاتە هەژاریی نەدی بوو. بەو پارەیەی بۆ باوکیان دەهێنا ژیانێکی خۆش و بە نازو نیعمەتی بەسەر بردبوو، ئەو چووزانێ خەڵکی کرێکار چۆن غەیاسەددین هەقیان دەخوا، بۆیە کە ئەم قسانەی بیست هەڵگەڕایەوەو وتی:

– کوڕینە، من ئامادەم بۆ وەرگرتنی مافی ئێوە بێمە پێشەوە، ئەگەر داواتان هەیە یاڵڵا...

هەموویان ڕوویان لە ئەمیر کردەوە.. ڕوخساری گرژی هەموو ئەوانەی لە چایخانەکەدا دانیشتبوون سەیر هاتە بەرچاو، کابرایەکی سی چل ساڵە، کە لە تەنیشت دیوارەکەوە دانیشتبوو، پرسی:

– دەتوانی چیمان بۆ بکەی؟

– من دەتانبەمە لای (فیکری) وەکیل ... ئەو شارەزای یاسایە و پیاوێکی پاکیشە.. چەندێ پارەیشی بوێ خۆم دەیدەمێ و داواشی لێدەکەم کارەکانتان بۆ ڕاییبکات.

یەکێ لە کرێکارەکان بە گومانەوە وتی:

– ئەگەر غەیاسەددین بیبیتسێتەوە چی بکەین؟

یەکێکی تر درێژەی پێدا:

– ئەو کاتە دەبێ فاتیحە بۆ هەموومان بخوێندرێ.

حوسنی بە بیستنی ئەم قسانە ناڕەحەت بوو، بەڕشتییەوە مستێکی لە مێزەکەدا:

– دەبەنگینە... تا ئێستا ئیشمان بۆ کردووە ، چی ماوە پێمان نەکا تا دواتر پێمان بکا.. بمرن باشترە، ئەو چەند قرۆشەی دەمانداتێ دەیبڕێ؟! مەمنوونیش نەبێ ئیشی بۆ ناکەین! ئەگەر نەشیویست جەهەننەم، لێگەڕێن با هەموو لە برسان بمرین..

کەس ورتەی لێوەوە نەهات، نە بەرپەرچییەك، نە پشتگیرییەك ، کرێکارەکان هەموویان کەوتبوونە گێچەڵ و بەڵای خۆیان.

حوسنی ڕووی لە ئەمیر کرد:

– کاکە ئەمیر.. تۆ خۆت قسە لەگەڵ (فیکری) بکە، تۆ ببە بە نوێنەری هەموومان، هەرچییەك بکەی ئێمە قبووڵمانە.. تا (دوا دڵۆپی خوێن لەگەڵتاین).. نە لە مردن، نە لە زیندان و نە لە دوورخستنەوە.. لە هیچ شتێ ناترسین..

ئەمیر شانێکی هەڵتەکاند و وەرامی دایەوە:

– جا ئێمە خۆ نامانەوێ کاری خراپ بکەین.. مەرگ و زیندان لە پای چی؟ ئێمە دەمانەوێ بە گوێرەی یاسای وڵات مافی ڕەوای ئێوە وەربگرین.

کرێکارەکان و ماسیگرەکان بە جۆرێ هاتبوونە کوڵ لە خۆیانەوە دەستیان بە سەلەوات لێدان کرد. ئەمیریش، کە هیچی لە کرێکارەکان کەمتر نەبوو لە خۆیەوە لە جێگەکەی خۆی قیت بۆوە و بە دەنگێکی بڵند وتی:

– دڵنیابن خواش دۆستی بەشخوراوانە.. هەستن دەی با هەموومان بچینە لای کاك (فیکری).

هەواڵنامەی کتێب

تێکڕا گشت کرێکارەکان لە جێگەی خۆیان قیت بوونەوە،ماسیگر .. ناماسیگر.. هەموو ئامادەی ڕۆیشتن بوون. ئەمیر لە پێشیانەوەو ئەوانیش بەدوایەوە بەرەو شوێنی نوسینگەی کاك (فیکری) بەڕێکەوتن.

(فیکری) لەو جۆرە کەسانە بوو هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو.. هەموو کاتێ یا خەریکی خوێندنەوە بوو یان نامەی بۆ پارێزەرەکانی دی دەنووسی ،هیچ کات لە شوێنی کارەکەی نەدەهاتە دەرەوە. لە شارۆچکە نەدەچووە دەرەوە، برادەرایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ کەسدا نەبوو ، نە حەزی لە کۆڕی بەزم و شادی دەکرد، نە دەچووە چایخانە، نە دەچووە مێوانی کەس،هەر بەناو خەڵکی ئەوێ بوو. چەند مانگێك لەمەوبەر لە ئەنجوومەنی پارێزگاوە هات و لە شوێنی وەکیلدا دانیشت، کەس نەیدەزانی بۆچی بۆ ئەو شارۆچکەیان ناردووە، دادگای ئەم شارۆچکەیە ئەوەندە پڕ ئیش نەبوو، کە پێویستی بە وەکیلی شارەزا هەبێت.

هەندێ دەیانوت لەدەست ژنەکەی رایکردووەو بۆ ئێرە هاتووە ! هەندێ دەیانوت دوورخراوەتەوە ! کۆمەڵێك دەیانوت (ئەقڵی تەواو نییە)، لە کاتێکدا هیچ کام لەمانە نەبوو، کاك فیکری بەهۆی کارێکی گرنگ و بابەتێکی زۆر زۆر گرنگەوە بۆ ئەو شارۆچکە بچووکە هاتبوو، وا چاکترە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بۆ دوایی لێگەڕێین و جارێ زووە پەردەی لەسەر هەڵمانین.

ئەمیر و هاوڕێکانی گەیشتنە شوێنەکەی کاك فیکری ... کە چوونە ژوورەوە فیکری وەك نەرێتی هەمیشەیی خۆی خەریکی خوێندنەوە بوو ، بێ ئەوەی بە دیتنی ئەوان دەستەپاچە بێ و هیچ بووبێ بە چاوە گچکەو قاوەییەکانی لەسەرتاپای هەمووانی ڕووانی،کرێکارەکان وەك لەبەردەم

کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەتدا وەستابن هەموو خۆیان بۆ دانەواند..

چینی ژێرەوە ئەم هەستەیان بەرامبەر چینی سەروو هەیە ، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی بۆیان هەبێ بەرانبەر گەورەکان سەر دادەنەوێنن! خۆی کارەکەیان خراپ نییە، بەڵام ئەم ئاکارەیان دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەمیشە زوڵمیان لێ بکەن و مافیان زەوت بکەن، وەلێ کاک فیکری لەو گەورە کەسانە نەبوو.

بە گەرمی و بە دۆستانەوە وتی:

– ها ... برادەران چیبووە؟ وا بە کۆمەڵ بۆ ئێرە هاتوون؟ فەرموون دانیشن. کرێکارەکان بە شەرمەوە لای کاک فیکری دانیشتن، نێوچەوانیان ئارەقەی لێ دەتکا، تێك ڕادەمان، یەکەم جاریان بوو لە بەردەم کەسێکی گەورەدا دادەنیشتن، ئەمیر وەك یەکێ کارێکی قارەمانانە ئەنجام بدا، بە فیزەوە وتی:

– کرێکارەکان کێشەیەکیان هەیە چارەسەرییەکەی لای ئێوەیە.

– ئم ؟! کێشەی چییان هەیە؟.

– وا چاکترە لە دەمی خۆیانەوە بیبیستی و ڕێگەم بدەن من مەرەخەس دەبم، وا چاکترە..

کرێکارەکان حەزیان نەدەکرد ئەمیر بڕوات و بە تەنیا جێیان بێڵێ، بەڵام ئەمیر مانەوەی خۆی بە شتێکی بێ سوود دەزانی و دڵ و دەروونی بۆ خۆشەویستەکەی گڕی سەند بوو.. بینینی دڵبەرەکەی لە کەللەیدا و هەڵسایەوەو خواحافیزی کردو بەرەو ماڵی دڵبەرەکەی بەڕێ کەوت.

کاك فیکری ماوەیەك لە کرێکارەکانی ڕووانی و سەری لە ڕووخساری ڕەش داگەڕاو و ماندووی ئەوان سوڕمابوو،دوایێ زەردەخەنەیەکی بۆ کردن و وتی :

هەواڵنامەی کتێب

– باشه كوڕینه دەی بۆم باس بكەن كێشەو گرفتەكان چییه؟ گوێم لێتانه هەڵێڕشت ..

ڕێگای ماڵی دڵبەرەكەی ئەمیر كەوتبووه كەنار دەریا.. ئەمیر كەوتبووه خەیاڵی خۆشەویستەكەیەوه هێدی هێدی بەرەو قیبلەگای پەرستگای دەڕۆیشت ، هەستێكی شاراوه گشت گیانی داگیر كرد بوو و ... شەوێكی ئارام و خۆش بوو، ئەستێرەیەكی درەوشاوەی دەبەخشی و درەوشاوەتر بوو،دەتگووت ئەم ئەستێرەیەش ئاشقه ، چونكه له ڕێگادا بەسەرسەریەوه دەڕۆیشت. ئەمیر له توێی ئەم ئەستێرەوه ڕووخساری جوانی (گوڵێ)ی دەبینی .. دوایی سەیری گشت ئەستێرەكانی تری ئاسمانی كرد و نیگای بەسەر پەنجەرەی كراوەی ژووری (گوڵێ) دا ، كه دەیڕوانی یه سەر دەریا ، گیرسایەوه ، كەوته خەیاڵی ئەوەی كه ئێستا گوڵێ لەبەردەم پەنجەرەكه دانیشتووەو خەریكی چنینی بلوزێكی شینه، سەری بەسەر سینەیدا شۆڕ كردۆتەوەو قژی زەردی ئاوریشمی سێبەری له ڕووی كردووه.

جارجارێ لەگەڵ جووڵەی سەری قژی لا دەداته لاوه و ڕووخساری جوانی و گەردنی بلوورینی وەك هەتاوی ڕۆژانی بەهار،كه لەودیو هەورەكانەوه دەردەكەوێ. وەدەردەكەوێ.. لەو خەیاڵە خۆشانەبوو، كه له ماڵی خۆشەویستەكەی نێزیك بۆوه،له خۆیەوه سەرێكی بەرز كردەوه.. ڕاستییەكەی،هەروابوو، گوڵێ له ڕۆخ پەنجەرەكەوه دانیشتبوو و دەیویست (شتێ) بچنێ، ڕووخساری له نێو قژی پەخشانیدا وەك پارچەیەك زێڕ دەهاته بەرچاو.

ئەمیر خێزی گەرووی قووت دایەوە، جلەکانی ڕێکخست و لەگەڵ خۆیدا کەوتە دووان:(هەرچییەك دەبێ بابێ.. دەنگی فیکەکەی لە بێ دەنگی شەودا دەنگی دایەوە، گوڵێ سەری بەرز کردەوەو لەو تاریکییە دا واقی وڕما.. نەیتوانی ئەمیر بناسێتەوە تەنیا ئاگای لێ بوو دوو چاو ، کە وەك گڕی دوو ئاگر لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە سەیری دەکەن، سەرتاپای گیانی لەرزی لێهات، سەری وەرچەرخاند و سەیرێکی ژووری بابە و نەنەی کرد، کە لە ژوورەوە خەوتبوون .. کە دڵنیابوو خەوتوون سەری لە پەنجەرە هێنایە دەرەوە، کەمێك خۆی کردەوەو لەسەر خۆ وتی:

– ئەمیر تۆیت؟

– بەڵێ.. خۆمم.

– بۆچی هاتوویت؟

– ئیشم پێتە ! وەرە خوارەوە..دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

– بەم شەوە وەختی قسەکردن نییە.

ئەمیر گوێی بەم قسانە نەدەدا.. بەسەر مەعجەرەکانەوە خۆی بۆ سەر دیوارەکە هەڵدا..دڵی ئەو کیژە جوانە بە خێرایی کەوتە لێدان.. دڵی نەدەهات بە ناشیرینی لەگەڵیدا بجووڵێتەوەو هاواری بەسەردا بکات، لەوە دەترسا باب و دایکی لە خەو هەڵسن و ئیشەکە خراپ بقەومێ. بە لەرزەوە چاوەڕێی ئەنجامی کارەکە بوو، ئەمیر هاتە ژێر پەنجەرەکەوە.. (گوڵێ)یش زێتر خۆی چەماندەوە..ئەوجا هەر دوو دڵدار هەستیان بە هەناسە سواری یەکدی دەکرد، گوڵێ بە دەنگێکی لەرزۆکەوە:

– توخوا برۆ .. کوڕە مەگەر تۆ شێت بوویت؟

هەواڵنامەی کتێب

– لە ئەشقی تۆدا شێت بووم.. لەوە زیاتر ناتوانم بەرگەی دووریت بگرم!
ئەمیرە ئەوەندە بە جۆش هاتبوو، کە بەرەبەرە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ دەنگی بەرزتر دەبۆوە،(گوڵێ) یش لە تاواندا ئاگای لە خۆی نەما بوو و بە پاڕانەوە وتی:
– تکات لێ دەکەم بڕۆ.. ئەگەر بەخەبەر بێن دەمکوژن.
– دەچمە سەر بەندەر تۆش وەرە ئەوێ.
– ناتوانم..
– ئەگەر بەڵێنم نەدەیتێ ناڕۆم.
– زۆر باشە.. بڕۆ .. منیش دێم.
ئەمیر وەك باڵندەیەکی دڵخۆش و باڵ سووك لەسەر مەعجەرەکانەوە خۆی هەڵدایە نێو کۆڵان و لەناو تاریکیدا بزر بوو.. سەرتاپای هاتبووە جۆش و خرۆش و هەستێکی سەیر هەموو گیانی تەنی بوو .. هەوەڵین دیدار بۆ گەنجان بەتایبەتی ئەو دڵپاکانەی ، کە هێشتا بەشتە پیسەکانی کۆمەڵ دڵیان پیس نەبووە چێژێکی سەرمەستانەی هەیەو چاوەڕوان کردنی خۆشەویستەکەشی ئاییندەیەکی خۆشە.. ئەمیر چاوەکانی لەو جادەیەی، کە دەبووایە (گوڵێ)ی پێدا بێت ، گیر کردبوو و دالغەی لێدا بوو :
– گوتی دێم، هەر دێت .. ئەڵبەتە لە باوکی دەترسێ .. ئەگەر بزانن ئێمە ئاشقی یەکدین هەر دوو حزب سەر لەبەری سەری یەکدی دەنێن خۆ گاڵتە نییە .. (دەك سندان لەو حزبایەتیە بدات کەوا ئێمەی لێك کردووە ..).
لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی تەپەی پێی (گوڵێ) بوو، کە لەسەر چەوەکە خشەخشی بوو و ئارام و لەسەرخۆ دەهاتە پێشەوە... ئەمیر بەبێ ئاگاییەوە

چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە. ڕووبەڕووی کچەکە وەستا، چەند ساتێك هەر دوو دڵدار شەوارە بوون.. چەند ساتێکی شیرین و پڕ خرۆش بوو .. لێدانی دڵی هەردووکیان وا بەرز ببۆوە، کە هەردووکیان گوێیان لە لێدانی ترپەی دڵی یەکدی دەبوو ، هەردووکیان لەشیان قورس ببوو ئەمیر بە گرانی خۆی هێنایەوە یەك و بەبێ ئاگاییەکەوە وتی :

– ئێرەت ڕوناك کردەوە ! !

ئەڵبەتە ئەو قسەیە هی ئەو جێیە نەبوو، بەڵام (گوڵێ) بە ڕووی خۆیدا نەهێناو بە دڵنیاییەکی زێترەوە پرسی:

دەتویست چی بڵێی؟

ئەمیر، کە لە جۆش و خرۆشدا ڕوخساری وەك لێوی سوور ببۆوە و زمانی لاڵ ببوو، پچڕ پچڕ وتی:

– چی ! ! دەمویست.. بڵێم.. چی ! ! کە.. چی !

ئەمیر بێ دەنگ بوو و (گوڵێ) بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە دووبارەی کردەوەو پرسی:

– کەچی؟

ئەمیر بە زۆر لە خۆکردنێکی زۆرەوەو بە زەحمەت دەمی کردەوەو وەرامی دایەوە:

– کە خۆشم دەوێی..

گوڵێ لەگەڵ ئەوەی بە ڕەفتارو جووڵانەوەی خۆشەویستەکەی پێکەنینی دەهات، بەڵام کاریگەریی ئەم ڕستەیە ئەوەندە دڵ و دەروونی هێنایە جۆش دەتوت لەژێر داوێنی مەشخەڵێکی ئاگریان داگیرساند! بە بیستنی ئەم

هەواڵنامەی کتێب

ڕستەیە،کە ساڵەها بوو گوێی چاوەڕوانی بیستنی بوو وەها مەست بوو سەری سووڕما. بە زمانی لێوە وشکەکانی تەڕکردەوەو بە سۆزێکی حەڤدە ساڵانەوە پرسی:

– من؟

ئەمجارە ئەمیر چاوەکانی بە زات و نەترسانێکی زۆرترەوە بۆ لای وەرگێڕا:

– بەڵێ تۆ.. پێت ناخۆشە؟...

– نەخێر.. بەڵام شتێکی.. سەیرە.. ئەم قسانە باش نین.

دیسان هەردووکیان تێکڕامان. ئەمیر هێدی هێدی دەستی بۆ پێشەوە برد.. وەك ئەوەی دەست بۆ ئاگر ببات بە پارێزەوە ئەنگوستەکانی (گوڵێ)ی گرت .. دەتگووت تەزووی کارەبا بەیەکەوەی بەستوونەتەوە!! هەردووکیان کەوتنە لەرزین.. ئەمیر بێ دەنگییەکەی شکاند:

– باشە ، ئەی تۆ؟ منت خۆش دەوێ؟

– نازانی.. لەوانەیە ..

– بەڵام لە بازاڕ هەمیشە چاوت لەسەر من بوو .. لە هەر جێگایەك منت دەبینی تێم ڕادەمای..

– باشە .. دە ئیدی تێبگە!.

لەوکاتەدا جووتێ باڵندە لەسەر سەری ئەوان فڕین و لەگەڵ شەقەی باڵەکانیان ئەم دڵدار و دڵبەرە ڕاچڵەکین و دەستیان لە ناو دەستی یەك خێرا کێشایەوە..

گوڵێ کەوتە خرۆش و بە لەرزەوە وتی:

- من دەبێ بڕۆم.. دەترسێم بابە و نەنە بەخەبەربێن و بزانن لە ماڵ هاتوومەتەدەر..

ئەمیر ڕازی نەبوو لە دڵبەرەکەی جیا بێتەوە..دووبارە دەستی (گوڵێ)ی گرتەوە:

- سوێند بخۆ بێجگە لە من کەسی ترت خۆش ناوێ.

کیژە لێوەکانی خۆی گەست و بەناز و عیشوەیەکی تایبەتی لەژێر لێوانەوە:

- سوێند دەخۆم...

- سبەی شەوێ لە هەمان جێگادا، لێرە چاوەڕێت دەکەم...

- زۆر باشە ، باشە ...

هەر چەندە بەڵێن و بڕیاریاندا، کە خۆی دەبووایە لێکدی جودابینەوە، بەڵام دیسان هەر دوو دڵدار چەند ساتێك بۆ یەکتریان ڕووانی ...دەیانویست لێکدی جودابینەوە، بەڵام هیچ شەنگ و تاقەتیان نەبوو. دواجار (گوڵێ) هۆشی هێنایەوە سەر خۆی لەکاتێکدا وەك باڵندەیەکی باڵ سووك کەوتبووە خرۆشەوە و بە وشەی پچڕ پچڕ وتی:

- خواحافیز ئازیزم .. م...

دوای ڕۆیشتنی گوڵێ ئەمیر ماوەیەك بێ جووڵە لە شوێن خۆی وەستا و تەماشای دەکرد، کە گوڵێ لەبەر چاوان بزر بوو، ئەمیریش پیاوانە ڕێی گرت و بە فیکەوە بە ڕێ کەوت.. هەرچەند ببووە پیاو و دڵبەری هەبوو لەگەڵ ئەوەشەوە لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەستی بەجۆرە فیز و لەخۆبایی بوونێك دەکرد.. بە جۆرێك تا مەیدانی شارۆچکە با پیادە ڕۆیشت.. لە مەیدان دوو سەگی بەرەڵڵای بینی بە دووی یەك کەوتبوون، ئەمیر ڕاوەستا و ماوەیەکی

زۆر بەبێ ئاگا سەیری كردارەكانی ئەوانی دەكرد.. ئێستا هەتا گەمەی سەگەكانیشی بە لەززەت بەخش و بە ئاییندەیەكی خۆش دەهاتە بەر چاو..هەر چۆنێك بێت ئەو سواری كۆڵ یەك بوون و یارییانە نموونەیەكی ڕووخساری ژیانە..

* * *

كاك فیكری لەو دیو مێزی نووسینگەكەیەوە دادەنیشت و خەریكی خوێندنەوەی ڕۆژنامە دەبوو..لەگەڵ ئەوەی ماوەیەكی زۆر لە ڕۆژ تێدەپەڕی و خۆر بەرزدەبۆوە،بەڵام هێشتا كارو چالاكی ڕۆژانە لە مەیدانی شارۆچكەدا دەستی پێنەدەكرد.. دوكاندارەكان تاك و توك لە ڕێگاوە دەگەیشتن و بە تەمەڵی و بێتاقەتییەوە. بە دەنگە دەنگ و تەقە تەقەوە دوكانەكانیان دەكردەوە..

كاك فیكری بەو دەنگەدەنگە زۆر ناڕەحەت دەبوو.

لەژێر لێوانەوە دەستی بە بۆڵە بۆڵ كرد:

– ناهێڵن پیاو ڕۆژنامەكەی بخوێنێتەوە.

پاشان بە زەحمەت هەستی هێنایەوە سەرخۆ تا بزانێ ئەو شتانەی، كە لە ڕۆژنامەكەدا بەرچاوی دەكەوێ بەڕاستی وا نووسراوە یان چاوی ڕەشكەو پێشكە دەكات، لەسەرەوەی ڕۆژنامەكەدا چاوپێكەوتنی سەرەك وەزیران چاپ كرابوو و بە مانشێتێكی گەورە لە قسەكانی ئەو نووسرابوو:

– بەزووترین كات كارەكانمان تەواو دەكەین.. ڕواڵەتی ژیان دەگۆڕین! لە لای ڕاستیشەوە لە میانەی قسەكانی وەزیری وڵات نووسرابوو:

– بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵبژاردن لە سەرانسەری وڵاتدا ئەنجام دەدرێت و هەر کەسێك لە هەر شوێنێك و لە هەر بڕیارێکی هەڵبژاردن لابدات سزا دەدرێ..

کاك فیکری نەختێ پشت مل و چەناگەی خۆی خوراند.دوایێ بە سەروچاو و برۆ جووڵەیەکی بۆ کردو هەندێ شتی وت، کە مەفهوومەکەی دەردەسەری زۆری تیایە !

لە خوێندنەوەی ئەم لاپەڕەیە تێپەڕی و کەوتە سۆراغی هەواڵی ناوخۆیی، ئەگەر هەموویشی ڕاست نەبێ خۆ هەرهیچ نەبێ هەندێکی ڕاستە.. لەوێشەوە چەند هەواڵێکی سەرنجڕاکێشی بەرچاوکەوت:

– ئۆتۆبیسێك کەوتۆتە دۆڵێکەوەو بیست نەفەری تیا مردووە..

فیکری لەژێر لێوانەوە وتی:

( – خۆزگەم بە خۆیان، لە بەرگەگرتنی ئەم ژیانە نەگبەتییە سەریان سووك بوو..).

پاشماوەکەی خوێندەوە :

بێکاری ڕۆژ بەڕۆژ لە وڵاتدا پەرەدەسێنێ..

فیکری سەرێکی بۆ لەقاندەوەو وتی :

– سەرەك وەزیران ئەمەیان چۆن چارەسەر دەکات؟

ئەو لاپەڕەیشی بە جێ هێشت و کەوتە سۆراغی هەواڵی دەرەوە.

لە سەرەوەی پەڕەکە بە ناونیشانێکی گەورە نووسرابوو:

لە چین تاقیکردنەوەکانی ئەتۆم دەستی پێکرد ..

فیکری تەکانێکی بە خۆیدا و بە نەفرەتەوە وتی:

– ئەوە چارەسەرییە.. دەبێ فاتیحە بۆ دنیا بخوێنین.

بە ناڕەحەتییەوە ڕۆژنامەکەی لەلایەك داناو لەودیو پەنجەرەوە سەیرێکی مەیدانی شارۆچکەی کرد.. لە دوورەوە غەیاسەددین، کە (دەتوت شەوە لێی داوە) دیار بوو.. بە پەلە چووە بەردەرگاو بانگیکرد:

– کاك غەیاسەددین تەشریفتان بێنن.

غەیاسەددین بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی (فیکری) کرد،لە ڕەفتارییەوە دیار بوو، کە قسەکانی ئەوی پێخۆش نەبوو، وەرامی دایەوە:

– چ فەرمایشتێکتان هەیە جەنابی وەکیل؟..

– فەرموون، دەمەوێ دەربارەی دوو مەسەلە قسەتان لەگەڵ بکەم.

ئەمە داواکارییەکی قورس بوو.. غەیاسەددین بە ناڕەحەتییەوە وەرامی دایەوە:

– ئێستا ئیشم زۆرە.. با بۆ کاتێکی دی بێ.

فیکری زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– تەنها چوار پێنج دەقیقەی پێ دەچێ .. ئەم مەسەلەیە بۆ تۆ گرنگە ... غەیاسەددین هاتە نووسینگەکەیەوەو لەسەر کورسییەك دانیشت، ئارەقەی سڕی و وتی:

– باشە، فەرموو بابەتەکە چی یە جەنابی وەکیل؟

فیکری ئیشارەتی بۆ چایچییەکەی دوکانی بەرامبەریان کرد ، دوو چایان بۆ بێنێ، پاشان ڕوو لە غەیاسەددین کرد، کە وەك ماسی مردار چاوەکانی دەرپەڕیوەو تێی ڕادەمێنێ .. بە زۆر خۆی گرت و پێکەنینەکەی وەستاند و وەرامی دایەوە:

– دەمویست لە بارەی كرێكارەكانەوە دوو قسەت لەگەڵ بكەم.

– فەرمووتان چی ! كرێكارەكان؟

– بە كورتی .. كرێكارەكانت منداڵن، تەمەنیان كەمە.

غەیاسەددین دۆخی تێكچوو! ! دەتوت لەجیاتی كورسی لەسەر دەستەیەك بزماری نووكتیژ دانیشتووە! چەند جارێك بێ ئاگا لەسەر كورسییەكە خۆی ئەم لاو ئەولا پێ كرد و بەدەنگێكی زبرەوە وتی :

– جا ئەمە چ پێوەندییەكی بە ئێوەوە هەیە! ئەوان كار دەكەن و منیش پارەیان دەدەمێ. كاك فیكری دەیزانی یەكسەر گوێی لەو وەرامە دەبێ.

بە نیگایەكی توورەوە سەیرێكی سەرتاپای غەیاسەددینی كرد، هەردوو نەفەر وەك دوو كەڵەشێری گیر، كە لە مەیدان ووریای هێرشی یەكدی بن و بە دوا هەلێكدا بگەڕێن تا نەیار لەناو ببەن، چەند ساتێك بە چاوە ئەبلەقەكانیان تێك ڕامان. كاك فیكری لە دڵی خۆیەوە دەیوت :

( – سەیركە، ئەم یارۆیە چۆن هەقی كۆمەڵێ خەڵكی زوڵملێكراو وەك نان و پەنیر دەخوا ! خۆ تۆزقاڵێ شەرەف و ویژدانی نییە..).

دواجار كاك فیكری بێ دەنگییەكەی شكاند:

– بە پێی یاسای كار، دەبێ گشت كرێكارەكان بیمەیان هەبێ. غەیاسەددین ، كە بەم قسانە گێژ ببوو،تەكانیدا.. چاوە ئەبڵەق و هەڵتۆقیوەكانی بە جارێ بچووك بۆوە.. گشت ڕق و نەفرەتی خۆی بە تفێكی زل خستە سەر زەوی و بەپێڵاوەكەی لە ئەرزی هەڵسووی.

– جەنابی وەکیل وووریابە،(سەر لەبەر سەری من مەنێ)، جارێ پێش هەموو شتێ کەسم نەهێناوە بە زۆر ئیشی پێبکەم..ئەوان دێن دەپاڕێنەوەو منەتیش دەکێشن هەر ئەوەندە ئیشیان پێ بکەم..ئیدی بیمەو و نابیمە چییە؟ ئەم شتە هیچانە چییە لەبەرت ناون؟ بۆ دەبیتە هۆی نانبڕانی خەڵك؟ هەر کێ قایلە با کار بکات.. هەر کێ قایل نییە بچێتە دەرەوە.

– نا .. نا .. نابێ .. بەم جۆرە نییە، کە هەر کێ قایلە با کار بکات ..

هەر کێ قایل نییە بچێتە دەرەوە، کرێکارەکان مافیان هەیە.. حیسابیان هەیە.. بۆچی لەو وڵاتەدا یاسا نییە؟.. کرێکار دەبێ هەفتەی ڕۆژێك ئیسراحەت بکات، هەقی خۆیشی وەرگرێ.. ئەگەر لەکاری خۆی زێتر کاری کرد دەبێ دووقاتی کرێیەکەی بدەیێ .. نەخۆشی و ..

غەیاسەددین وەك بەرازێکی پێکراو نرکەیەکی کرد و پێی لەزەوی کوتا:

– تۆ کێی؟ هەقی کرێکارەکانی منت چییە؟

– من نمایندەی ڕەسمی ئەوانم.. گیانی باوکت شەوە بردی و ئێدی ناتوانیت وا بەخۆڕایی ئیش بە خەڵك بکەیت.. کاك غەیاسەددین یاسا بە توندی بەرپەرچی کارە نابەجێیەکانت دەداتەوە.

غەیاسەددین بە تووڕەییەوە لە جێگەکەی قیت بۆوە و هەناسەی سوار بوو ئەو پەڕی ناڕەحەت بوو ، وەك گا دەیبۆڕاند، لە کاتێکدا پەنجەی هەر دەشەقاند وتی:

– جەنابی وەکیل خۆت تێکەڵ ئیشی من مەکە.. من پێم دەڵێن غەیاسەددین ، تۆ خەریکی کارو ژیانی خۆتبە.. قەسەم بەخوا ئەگەر ئەم شتانەم لەسەر بئاڵێنی بەلایەکی وات بەسەردێنم بابە دەواری شڕی نەکردبێ!من لەو کەسانە

نیم، کە تۆ خەیاڵت بۆیان دەچێ.. قانوونی خۆت بۆخۆت..(فیکری) بەبێ قسە دانیشت و سەیرێکی قەدو باڵای ئەم مرۆڤی ئاژەڵەی کرد.. کە قسەکانی ئەو تەواو بوون بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وەرامی دایەوە:

کاك غەیاسەددین لەوە زیاتر گەرم مەبە (ماندوو دەبی!).

غەیاسەددین، کە وەك سابوون کەڤ کرد بوو بەرەو دەرگا ملی ناو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە، وتی:

– زۆر باشە، بەیەك دەگەین!!

له هەمان جێگەیەك،کە غەیاسەددین دەیویست لە دەرگا بچێتە دەرەوە شاگرد چایچییەکە پیاڵەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر دەستی پێکدا دەدا گەیشتە بەردەم ژوورەکە.. چی وای نەما بوو، کە بەقایم سنگ بە سنگی یەك دادەن ، شاگرد چایچی یەکە بە چالاکی و چاپووکییەوە پیاڵە چایەکانی کێشا دواوە و وتی:

– چایم بۆ هێناوی.

غەیاسەددین پاڵێکی بە شاگرد چایچییەکەوە ناو گەڕایەوەو سەیرێکی (فیکری) کرد و وتی:

– من چای ئەو کابرایە بخۆمەوە ؟ ئەوە ئینسان نییە.

شاگرد چایچی کەمێك وەستاو لە پشتەوە تەماشایەکی(غەیاسەددین)ی کرد، ئینجا بۆ لای کاك فیکری گەڕایەوە:

– لەگەڵ ئەم کاکە چیتان بووە ؟ بۆ وا گڕی گرتووە؟

فیکری بزەیەکی بۆ کرد و بە گاڵتەیەکی زۆرەوە، وەرامی دایەوە:

هەواڵنامەی کتێب

– دوو قسەی هەقی بیستووە ناڕەحەت بووە.. کەچی نازانێ ئەمە هێشتا هەوەڵی کارە و پاشان دەبێ زۆر شتی دیش ببیستێ.

غەیاسەددین وەك دەبابەیەکی قورس بەڕێوە دەڕۆیشت، قسەکانی نمایندە مێشکی سەرەو ژێر کرد بوو:

( – وا دیارە ئەو ناکەسە دەیەوێ بیری کرێکارەکانی من تێکبدا، خەڵکی بۆ لە خۆیانەوە خۆ لە شتان هەڵدەقورتێنن؟ تا ئێستا چەند حەساوە بووم..هەریەکێ حەزم بکردایە کرام پێ دەکرد، هەر یەکێ بمویستایە دەرم دەکرد ، هەر چەند بمویستایە کارم پێ دەکردن.. چەندێکی حەزم بکردایە هەقم دەدانێ، بەڵام خۆتێ هەڵقورتاندنی ئەو کابرایە ئیشەکەمان لێ تێك دەدا و (قەیسەریمان لێ دەکاتە کونە مشك)،بەڵانەکینێ ئەمن ڕێگا نادەم کەس خۆی لە ئیشی من هەڵقورتێنێ، دەبێ لووتی بەبڕین بدەم تا دوای ئەو کەس زاتی ئەوە نەکات قسەی وابکات..)

کاتێ غەیاسەددین گەیشتە بەردەم بینایەی حیزب و چاوی بە تابلۆی حیزبی کەرامەت کەوت، هەستی بە ئارامی و حەسانەوەیەکی تایبەتی کرد .. حیزب پشتیوانێکی گەورەی وی بوو.. تا ئەمڕۆ نیوەی خەرجی حیزبی کردووە.. لەو هەڵبژاردنەشدا دەبێ پارەکە هەموو ئەو بیدا .

ئەگەر حیزب لەو کاتەدا هەست بە دەردی ئەو نەکەن ئیدی ئەو حیزبایەتی و پارە خەرج کردنەی لەپای چی؟ غەیاسەددین، کە (قولی کەرامەت)ی بینی وا لەبەردەم چێشتخانەکەی دانیشتووە لە دوورەوە خەندەیەکی بۆ کرد..بەلاّم لە توێی خەندە لێوەکەی یەك دونیا کینەو نەفرەتی تێدا بوو، بەرەو لای ڕۆیشت و هەوڵیدا ئارام و ئاسایی خۆی بنوێنێ.

قولی کەرامەت خەریکی نان خواردنی بەیانی بوو و لەگەڵیشیدا ئەمری دەکرد.. سەری کەچەڵیشی لەژێر تیشکی ڕۆژ وەك کدوویەکی کەپەکی هەڵێنابێ وابوو!!

کە غەیاسەددین نزیك بووەوە قولی کەرامەت بە ڕوویەکی سەیرەوە پرسی:

– ها؟ بەم بەیانییە زووە لەم ناوە چی دەکەی ؟ وەرە دانیشە چایەك بخۆرەوە..

– بابا.. چ ئیشم بە چایە؟ بەم بەیانییە زووە سەگبابێك سەرو دڵی گرتم.

– وەرە دانیشە بۆم باس بکە ، بزانم ئەو سەگبابە کێیە؟

– هەر ئەو فیکری یە بێ شەرەفە نییە بۆ خەڵکی بۆتە بەڵا ، بەڵام (دەبێ بۆ باوکیشی ئاقڵ بکەم).

– ئاخر دەتۆ بۆم باس بکە بزانم چی بووە.

غەیاسەددین سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی کردو وتی :

– ئێرە جێگەی قسەکردن نییە.. هەڵسە بابچینە خەڵوەتێکەوە تا بۆت باسبکەم. قولی کەرامەت هەلسایەوەو بەڕێکەوتن..ئەو بیری دەکردەوە :

( – هەر دەبێ دەربارەی حیزب قسە بکات.. چونکە کاتی هەڵبژاردن هاتبوو ، نەوەك بێ نامووسێك دەربارەی باش ئیش نەکردنی ئەوان ڕاپۆرتی نووسی بێت.) بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– باشە دەبڵێ بزانم مەسەلە چییە؟...

غەیاسەددین نیگایەکی پڕ لە کینەی ئەو کرێکارانەی بە بەردەمی دا تێپەڕ دەبوون، کردو وەرامی دایەوە:

– بە کورتییەکەی: ئەم بەد نمەکانە چوونەتە لای ئەو وەکیلەوە..

– ڕۆیشتن ئەوە ڕۆیشتن.. چی بووە؟

– دەتەوێ چی ببێ.. شکایەتیان لێ کردووم، وتوویانە پارەمان کەم دەداتێ، بیمەیان بکەم ، گووتوویانە پشوودانمان نییە و ئیدی لەم جۆرە قسانە.. (قولی کەرامەت)یش بە بیستنی ئەم قسانە ناڕەحەت بوو.

– تف .. بێ شەرەفانە .. بەد نمەکانە.. باشە نمایندە چی پێ وتوون ؟

– بەیانی زوو منی بۆ نووسینگەکەی بانگ کرد،دەیویست چاوترسێنم بکات.

قولی کەرامەت خیزی قورگی قووت دایەوەو هاواریکرد:

– تەماشاکە..ئەم کابرایە دەیەوێ دوو ڕوویی بخاتە نێو کرێکارانەوە.

غەیاسەددین، کە بە پشتیوانی قولی کەرامەت گیانی هاتبۆوە بە بەردا ، بە گەرمییەوە وتی:

– دەبێ ئاوەکە لە سەرچاوەکەیەوە بگرینەوە .. دوایی بێینە مەیدانەوە .. دەبێ خۆت وەرامی ئەم کابرایە بدەیەوە تا لە دوای ئەو کەسی دی هەڵەی وا نەکا.

قولی سنگی هێنایە پێشەوە:

– کاکە غەیاسەددین تۆ هیچ هەقتت نەبێ.. ئێمە ئیمڕۆ بەشی زۆری حیزبین ، کەس زاتی ئەوەی نییە لەبەردەم ئێمەدا بوەستێ، قەسەم بە خوا دەبێ (هێسك و پروسکی لە توورەگە بکەم).. بەناوی تێکدەری و گێرە شێوێنی ناوچەکە دووری دەخەمەوە ! !

– بە کورتی..ئەم کابرایە دەیەوێ ئاژاوە بنێتەوە ! ! ناوچەکە تێك بدا !.

– ئەگەر وا نەکەم بێ نامووسم! !

– فەرمان بدە نووسینگەکەی دابخەن.

- بێ شەرەفم ئەگەر نەیکەم .

- ئاخیرەکەی ئەگەر بەهەر شێوەیەك بێت بەسەر فرت و فێڵەکانی ئەم یارۆیە بکەون ، ئەم سەگبابانە جگە لە خراپەکاری و ئازاردانی خەڵك هیچی دییان لەدەست نایێ..دەزانی ئەگەر کارم لێ تێك بچێ، ئیدی ناتوانم یارمەتی حزبیش بدەم.

قولی کەرامەت مستێکی بەرزکردەوەو هاواریکرد:

- کاك غەیاسەددین .. تۆ چۆن لە من تێ گەیشتووی؟ حیزبی کەرامەت ئەمڕۆ سەرداری هەموو شتێکە،قەسەم بە خوا ئەم میکرۆبانە بە ئیشارەتێك لە نێویان دەبەم.. تۆ هەقت نەبێ سەیرکە بزانە چیان بەسەر دێنم.

بەدەم ئەو قسانەوە گەیشتبوونە بەردەم چایخانەی (سەلامەت). بورهان سەلامەت لەبەردەم چایخانەکەی دانیشتبوو و نێرگەلەی دەکێشا، کە چاوی بەوان کەوت وتی:

- ئەم سەگە بەڕەڵڵایانە لێرە چی دەکەن؟

قولی کەرامەت و غەیاسەددین لەسەر قسەکانی خۆیان بەردەوام بوون بە بەردەم چایخانەکەدا ڕەت بوون.. غەیاسەددین دەیوت:

- دەبێ ڕەگی ئەم مرۆڤە زیانبەخشانە لە بێخەوە دەربکێشرێ.

قولی لە کاتێکدا بە لەقانەوەی سەر پشتگیری لە قسەکانی نەیارەکەی کرد:

- ئێستا.. ئەم زیانبەخشە من لە ناوی دەبەم.

بورهان سەلامەت وا تێگەیشت (زیانبەخش) مەبەستی ئەوە. خوێنی هاتە کوڵ.. یەکسەر لە جێگەکەی خۆی دەرپەڕی وەك پڵنگە مێیەك لەبەردەم

قولی کەرامەت قووت بووەوە.. چونکێ پێشتریش گێرەوکێشەیان هەبوو بەدوای بەهانەدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی حسێب بۆ یەك بکەن، بورهان سەلامەت بە توڕەییەوە هاواریکرد:

– سەگباب قسەکەت دووبارە بکەوە بزانم چیت وت؟

– هەرچییەکم وتبێ تۆ هەقت چییە؟

– ئەگەر پیاوی دووبارەی بکەرەوە..

– ئەگەر نەیکەمەوە چی دەبێ؟

– دەبێ وەك پەڕۆ لە ژێر پێم جینجڕ جینجڕت بکەم!!

– ج...ڕ...ڕ...ت.

قولی کەرامەت دەنگێکی تایبەتی لە دەم دەرچوو. ئەوە خووڕەوشتیان بوو پێش لێدان و دارکاری ئەو جۆرە و هەرا و هۆریەیان دەبوو!! ئینجا دەکەوتنە گیانی یەکدییەوە.بورهان سەلامەت وتی (جڕت)ی زۆر پێ ناشرین بوو..بۆیە بەرگەی ئەو سووك کردنەی نەگرت.یەخەی قولی کەرامەتی گرت و دەستیان بە شەڕەشەق کرد،چونکە هەردووکیان نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوون.. لێدانەکانیان بە ڕاستی نەبوو تەنها یەخەی یەکدیان ڕادەکێشا و جنێویان بەیەکدەدا!! لێدان و شەڕەشەقی بە ڕاستی ئیشی گەنجانی حیزب بوو. کە ئەندامانی هەردوو حیزب زانیان ڕابەرەکانیان دەستیان لە یەخەی یەك گیرکردووە بەرەو مەیدان رایانکرد و لێدان و کوتان و شەڕەشەق دەستیپێکرد!!

غەیاسەددین وەك هەمیشە خەریکی ڕێکخستنی مقەواکان بوو.. دارکاری لە لای ئەو ناپەسەند بوو..کە هەردوولا کەوتنە گیانی یەکەوەو جەنگ کەوتە

گۆڕێ. ئیحسان بروسکە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەمیر وەك گوللە بەرەو ماڵەکەیان ڕایکرد.. تا بێتە کۆمەکی بابی ، گەنجەکانی شارۆچکە زۆر لە ئەمیر دەترسان و هەر کە پێی بگەیشتبووایە مەیدانێ هەریەکە و خۆی بە لا یەکدا دەکێشایەوە.

ئەمیر لەبەر خاتری حیزب نەبوو داوای شت بکات بەڵکو دەیویست بەهۆی ئەم جۆرە شتانەوە هێز و بازووی خۆی بۆ کچان وەدەر بخات.

ئیحسان برووسکە بەچانووقانێك بە بازاڕدا تێپەڕی و لەبەردەم دەرگایەکی شین وەستا و دەستی بە هاوار هاوار کرد:

– هێ ی .. ئەمیر .. ئەمیر.

ئەمیر خەواڵوو لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد :

– چی یە ئیحسان برووسکە؟ چی بووە وا بەم بەناییە زووە ئەم هات و هاوارەتە ؟

ئیحسان دەستی بۆ لای مەیدان درێژ کرد:

– زووکە خۆت بگەیەنێ.. کەرامەتییەکان بەسەر باوکت وەربوونەو دەیانەوێ بیکوژن.

– ئای لەو سەگبابانە.. هێواش بکەن وا هاتم.

ئەمیر چووەوە ژوورێ ..دایکی بە دیتنی کوڕەکەی، کەوا بە پەلە جلەکانی لەبەر دەکات، پرسی :

– چی یە ئەمیر ؟ چی بووە ؟

– هیچ .. باوکم دیسان لەگەڵ کەرامەتییەکان هەرای بووە.

نەنە فاتێ بە قایم دەستەکانی لە سنگی کوتا:

هەواڵنامەی کتێب

– دیسان حیزبایەتییە.. بیگەنێ، دەترسم ڕۆژێك یەکدی بکوژن، کوڕە شیرینەکەم،کوڕەکەم تۆ خۆت تێکەڵ مەکە، لێگەڕێ با هێندە لە یەك بدەن هەتا ڕۆحیان دەردەچێ!.

ئەمیر بێ ئەوەی وەرامی دایکی بداتەوە بە پەلە جلەکانی لەبەرکرد، لە ژوورەوە هاتە دەرەوەو لە ڕاڕاوەکەدا چاوی بە زەرفێکی پڕ لە شیرینی کەوت،چنگێکی لێدا و چەند دانەیەکی لێ هەڵگرت،قلێکی خستە دەمییەوەو ئەوانی دیکەشی خستە گیرفانییەوە،وەك بروسکە بە قالدرمەکاندا سەرەو ژێر بۆوە و بەرەو مەیدانی جەنگەکە ڕایکرد. لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا هێشتا لێدان و کوتان گەرم بوو، لەلا چەپێکدا بورهان سەلامەت و قولی کەرامەت یەخەی یەکدیان گرتبوو و جنێویان پێك دەدا، بورهان سەلامەت هاواریکرد:

– کاتی هەڵبژاردنیش ناهێڵم نقە بکەن..

قولی کەرامەت بە دەنگێکی بڵندەوە پێدەکەنی:

– جڕت !! لە کوێ نووستوی.

تۆ جارێ بڕۆ بزانە پیاوتی چییە و خۆت فێرکە دوایی ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە بکە.. بەخوا ئەندامانی حیزبەکەت وەك پەمووی هەلاجی.. پەڕە پەڕە دەکەم،دوایی هەر چییەکیش بێت خۆ ئێمە حیزبی زۆرینەین و هێز بە دەست ئێمەوەیە..

– ئیدی تەواو ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون، دەبینن چۆن لە هەڵبژاردندا ئێمە سەردەکەوین.

قولی کەرامەت بۆ تووڕەکردنی ڕەقیبەکەی دیسان بە دەنگێکی عەنتیکەوە جڕتێکی بۆ کێشا:

– ج ... ج ... ڕ ... ڕ .. ت ...

بەم وشەیە، کە تا ئێستا بێ دەنگ بوون، دووبارە دەستیان بە هەراو هۆریا کردەوە، هەروەك دیمەنەکانی فلیم چۆن کاتێك دەرهێنەر لێدان و کوتانێك بە پەسەند نازانێ و فەرمان دەدا دووبارەی بکەنەوە، هەراو هۆریاکەی ئەوانیش بەم شێوەیە بوو، کە ڕابەڕانی هەردوو حیزب هێمنتر دەدوان، ئەوانی تریش لەشەڕو هەرا دەستیان دەکێشایەوەو سەیری ئەوانیان دەکرد، بەڵام هەرکە ڕابەرانی هەردوو حیزب دەستیان لە یەخەی یەك گیر دەکرد ئەوانی دیش دەستیان پێدەکردەوە !!

لەو ساتەدا ئەمیر لەلا چەپێکی مەیدانەوە بە دەرکەوت.. هەوەڵجار چەند ساتێك ڕاوەستا و سەیرێکی شەڕەکانی نێو مەیدانی کرد و دوایی، کە شەڕەکەی بینی بەرەو لای باوکی ڕایکرد و هاواریکرد :

– لاچن.. باوکم شتێکی لێ هاتبێ دەبێ کارێکتان پێ بکەم بابە دەواری شڕی نەکردبێ.

هەر یەکەم کەس تووشی بوو، بەیەك کەللە ئیشی دیت! دووەم کەس مستێکی لێدا هەڵیواسی.. ئەمیر شەڕەکانیشی وەك ئیشەکانی خۆشبوون ، سەری دوو کەسی گرت وای پێك دادان تەقەیان لێوە هەڵسا ، ئینجا یەکێکی دیکەی لە عەرزەکەوە بەرزکردەوەو فرێی دایە نێو کۆمەڵێکی دی ، منداڵ و تاڵەکان، کە بە هاتنی ئەمیر خۆیان کێشابووەوە، ئەم کارە شیرینانەی ئەمیر یەکسەر پێیان گرتەوە! ئەمیر وەك قارەمانەکانی زەمانی کۆن بەدەوری خۆیدا خولی خواردەوەو دەستی لە سنگی کوتا و هاواریکرد :

– کێی تر ماوە لێدانی نەخواردبێ ؟

نەفەرێکی کەرامەتییەکان دەمی کردەوە وەڵامی بداتەوە،بەڵام ئەمیر مۆڵەتی نەداو وەك گا لەسەر زەوی بەرزی کردەوەو فڕێیدایە ئەودیو! بەستەزمانەی بەختی هەموو چوو بە شووشەی چێشتخانەکە کەوت، شووشەکەی شکاندو کەتە نێو چێشتخانەکەوە!!

بورهان سەلامەت چاوی لێبوو،چۆن کوڕەکەی ئەو خەڵکەی داوەتە بەر بە شانازییەوە سەیرێکی بە ژن و باڵای کوڕەکەی کردو بە فیزەوە وتی:

– هەی لە بابت کەویٚ! خوا ئەگەر کوڕی پێدای وەك ئەمیر بیٚ..

ئەوە زامێکی زمانیی بوو لە (قولی کەرامەت)ی دەدا،چونکە ئەو وەجاخ کوێر بوو.

یەکیٚ لە ئەندامانی حیزبی سەلامەت بە خەندەوە درێژەی پێدا:

– ئەوەی خۆی مەرد بێت ، کوڕەکەشی مەرد دەبێت..

قولی کەرامەت بە تورەییەوە مستێکی ڕاوەشاندیٚ:

– لەسەر خۆبە ڕۆژی هەڵبژاردن پیاوەتییەکی ئەوتۆتان لەگەڵ بکەم کە قەت لە بیری نەکەن.

قڕەوگاڵە تەواو بوو،خەڵکەکە دەیانویست پەرتەی لێبکەن،مەلا ئەمین،کە تاکە مەلای شارۆچکە بوو بە تەنیٚ هاتە نێو مەیدانەوە..چەند دەقیقەیەك لە سەرو کەللە شکاوەکانی ڕوانی و ئینجا بە بورهان سەلامەت و قولی کەرامەتی وت:

– ئاخر ئەو ئیشانە چییە دەیکەن؟!نا سەلامەتی بۆ برایانی دینی دەخولقێنن، ئەو ئیشانە عەیبە.

ئەمیر،کە تازە جلەکانی داتەکاندبوو و دەست و چاوی شوشتبوو قسەی بە مەلا ئەمین بڕی و هاواریکرد:

– ئەگەر ئەمجارە ببینم دەست بۆ باوکم درێژ بکا وەك سەگ دەیتۆپێنم .. تێگەیشتی ؟

مەلا ئەمین دەستی ئەمیری گرت و بە شێوەیەکی باوکانە وتی :

– بەسە کوڕم ، تووڕە بوون بۆ گەنج باش نییە .. ئەوە ئاکاری برایەتی و یەکسانی نییە، ئنیسان نابیّ تەفرەقە و دوو ڕوویی بخاتە نێو براکانییەوە، خودا بەندەی موونافیقی خۆش ناوێت .

مەلا ئەمین بۆ لای قولی و بورهان گەڕایەوە و وتی :

– یاللاّ .. ئاشت بنەوەو یەکدی ماچ بکەن .

هەر دوو سەرپەرشتکاری حیزب وەك دوو کەڵەبابی شەڕکەر سەیرێکی یەکدیان کردو جوولاّنەوەو ڕەفتارییان وای دەردەخست، کە جیاوازی نێوانیان تا چوونە گۆڕیشەوە چارە ناکرێت! .. قولی کەرامەت ڕووگرژییەکەی بەلاوەنا :

– من نا ، شەیتان لەگەڵی ئاشت بێتەوە بورهان سەلامەتیش وتی :

– مەلا ، ئەگەر من دەستی ئەو بگوشم تا ئاخیری عومرم ناپاك دەبم !!

مەلا ئەمین بە توڕەییەوە سەیرێکی ڕوخساری کردن :

– خودا ئاشتتان بکاتەوە .

پاشان ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت.. بە ئومێدی ئەوەی هەردوو لا دوای ماوەیەکی دی ماندوو دەبن و دەست لەم کارانە هەڵدەگرن ، بەلاّم بیّ ئاگا بوو لەوەی، کە تازە سەرەتای شەڕەو ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشیّ...

هەڵبژاردن دەست پێبکات ئەو بێنەو بەردەیە فراوانتر دەبێت. ئەمیر وەکو ژنان چووە ناو چایخانەکەی باوکییەوە .. بورهان سەلامەت بە تەماشاکردنی قەدو باڵای کوڕەکەی جارێکی دی دڵخۆشبوو هەڵساو وتی :

– ماشەڵڵا...بەخوا کوڕم تۆ شێری..چۆن وا بەیەك مست هەڵتواسین؟.

ئەمیر وەرامی نەدایەوە. بەبێدەنگی لە گۆشەیەك دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە، هەموو هەست و خەیاڵێکی لەلای دڵبەرەکەی بوو.. وەك پێشتر حەزی لەو شەڕ و هاتوهاوارە نەدەکرد، ئاخر قڕەوگاڵەکە لەگەڵ خزم و کەسانی باوکی دڵبەرەکەی بوو، دوایی چۆن ئەو کچەی دەدەنێ؟ نێوانیان ئەوەندە ناخۆش بێ هیچ ڕێگەو چارەیەك نییە بە یەکیان بگەیەنێ،ئەگەر بەرگوێی قولی کەرامەت دەکەوتەوە، کە کوڕی سەرۆکی حیزبی نەیار ئاشقی کیژەکەی بووەو دەیەوێ بیخوازێ هەرایەکی دەخولقاند ئەو سەری دیار نەبێ.

ئەمیر لەو بیرکردنەوەدا بوو،سەیرێکی باوکی کرد بینی وا نێرگەلە دەکێشێ و جارجار ئاگرەکە خۆش دەکات. بورهان سەلامەت یەکسەر سەیرێکی ئەمیری کرد، هاواریکرد:

– وەرە ئەی بەچکە شێرەکەم.. وەرە لەبەردەمم دانیشە..

ئەمیر بە نابەدڵییەوە لە جێگەکەی خۆی هەڵسایەوەو چوو لەبەردەم باوکی دانیشت، بورهان دیسان کەوتە پیاهەڵدانی کوڕەکەی و ئەندامانی حیزبیش بەسەرلەقاندن دانیان بە قسەکانیدا دەنا.

ئەمیر خیزی قوڕگی قووت دایەوەو وتی:

– بەڵام بابەگیان ئەو شتانەی مەلا ئەمین دەیوتن هەمووی ڕاست بوون، باشە ئەوە کەنگێ یەکدییەوە؟ ئاخر لەو قڕەو گاڵەیە چیتان پێ دەبڕێ؟

بورهان سەلامەت بە بیستنی ئەو قسانە نەختێ ناڕەحەتبوو..بە گومانەوە سەیرێکی کوڕەکەی کردو بۆ ئەوەی بزانێ ئەو قسانەی بە ڕاستە یان گاڵتە دەکا.. نەخێر گاڵتە نەبوو، ئەمە کوڕە پاڵەوانەکەیەتی وا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە شەڕ و ئاژاوە دەردەبڕێ. وتنی ئەو قسانە لەبەردەم ئەندامانی حیزب تاوانێك بوو هەرگیز بەخشینی بۆ نەبێت، بۆیە بە تووڕەیی و ڕقەوە بەسەر کوڕەکەیدا هاواریکرد:

– وس.. دەمت داخە،دوای ئەو پیاهەڵدانە، ئەم شتە قۆڕانە دەڵێی، ئەوە خۆ مەسەلەیەکی شەخسی نییە،خەباتێکی پیرۆزە! تۆ هێشتا منداڵی تێناگەیت.

ئەمیر لە باتی بێدەنگ بوون بە ڕقێکی زۆرترەوە وەرامی دایەوە:

– بابەگیان هەموو دەقەیەك و ئەو شەڕە قسەیە، کەی خەباتی حیزبە.

بورهان سەلامەت نەیتوانی بەرگەی ئەم سووك کردنە بگرێ و بەقایم مستێکی لە مێزەکەی بەردەمیداو هاواریکرد:

– کوڕە ئەمە چۆن قسەیەکە.. ئەگەر خەبات نەکەین چۆن حیزب پێشدەکەوێ! دەبێ تا دوا هەناسەمان خەبات بکەین یان مەرگ یان سەرکەوتن ئیتر تەواو..

ئەمیر دیسانەکێ ڕایەکی ناحەزانەی دەبڕی:

– من نەفرەت لەم کارانەی ئێوە دەکەم.

بورهان وا بە ڕق و نەفرەتەوە لە کوڕەکەی ڕاما دەتووت سەیری دوژمنی خوێنیی خۆی دەکات و بە دەنگێکی لەرزۆك و تووڕەوە وتی:

– یاڵڵا لە پێش چاوم ونبە،ئەم بەیانی زووەم لێ تاڵ مەکە،قەسەم بە خوا ئەگەر جارەکی دی ئەم قسانە بکەی دەبێ ئەوەندەت تێهەڵدەم وەك کەر بزەڕی!!

ئەمیر قیت بۆوە ڕۆیشت.. ئەندامانی حیزب لە پشت سەری یەکدییەوە تێك ڕادەمان، بورهان کە خەم و ناڕەحەتی لە ڕووخسار و جووڵانەوەکانیدا دەردەکەوت، سەرێکی لەقاند و دەستی بە قرەقرِ کرد:

– دەبێ کێ مێشکی ئەو کوڕەی تێکدابێ؟

کە ئەمیر هاتە دەرەوە، دوو ترۆمبلێی دوا مۆدێل بە خێرایی بەرەو مەیدانی شارۆچکە دەهاتن، ترۆمبێلەکەی پێشەوە ڕەنگی ڕەش و بۆ نەفەر بوو و ئەوەی دواوەیان هی بار هەڵگرتن بوو، لە نێوان ترۆمبێلەکانیشدا چەند کەسێکی بێگانە دانیشتبوون. کە ترۆمبێلەکان هاتنە ناو مەیدان هەرچی باس و خواس هەبوو نەما. حیزبی و ناحیزبییەکان ڕوویان بەرەو ترۆمبێلەکان وەرچەرخاند و ڕووخساریان نیشانەی پرسیاریان لێ وەدەر دەکەوت:

– ئەمانە کێن؟

– پشکنەرانی حیزب نەبن؟

– ڕەنگە ئەوانیش ڕابەری حیزب بن؟

ئەندامانی هەردوو حیزب لەسەر کورسییەکانیان هەڵسانەوەو بەرەو ترۆمبێلەکان بەڕێکەوتن. هەردوو ترۆمبێلەکە لەبەردەم نووسینگەی کاك فیکری وەکیلی دادگا ڕاوەستان.. دوو کەسی پۆشتەو کەتە لەناو ترۆمبێلەکان هاتنە دەرێ ، کاك فیکری هاتە پێشوازییان و دەستی یەکیان گرت و چوونە نوسینگەکەی کاك فیکری. هەموو ئەو کارانە یەك دەقەیان

خایاند. ئەندامانی هەردوو حیزب بە واق ورمانەوە لە ڕووی یەك ووردە بوونەوە.. بە نیگاو بە ئیشارەت لەیەکیان دەپرسی:

– چی ڕوویداوە؟ بەڵام هیچ کام وەرامیان پێنەبوو .

بورهان سەلامەت بۆ ئاشکراکردنی نهێنی هەمیشە (ئیحسان برووسکە)ی ڕادەسپارد.

چاوێکی لێداگرت:

– یاڵلا ئیحسان برۆ بزانم دەتوانی بزانی مەسەلە چییە؟

ئیحسان وەك پشیلەیەك بۆ دزینی گۆشت هەڵبەز بکات هەڵسایەوەو بۆ جێ بەجێکردنی ئەو ڕاسپاردەیە ڕێگای گرتەبەر، لەولایشەوە قولی کەرامەت خەفیەیەکی خۆی بەناوی (نووری جنۆکە)ەوە بۆ ئاشکرا کردنی ئەم مەسەلەیە ڕەوانە کرد.

هەردوو خەفیە بەرەو نووسینگەکەی کاك فیکری بەڕێ کەوتن. ئەمیریش لە گۆشەیەکی مەیدانەوە بوو و بە نیگایەکی بە حەسرەتەوە تەماشای ترۆمبێلەکانی دەکرد.. لە بەرخۆیەوە دەدوا:

((– منیش ئەگەر ترۆمبێلەکی وەهام دەبوو، (گوڵێ)م لە تەنیشت خۆمەوە سوار دەکرد، بە دەستێ فەرمانم دەکردو بەدەستەکەی دیم پرچی گوڵێم نەوازش دەکرد.. پرچی (گوڵێ) بەدەم باوە پەخشان دەبوو و بەسەر ڕووخساریدا پەرت دەبوو و منیش دەملاواندەوە.. لە دەست ئەم حزبایەتی و لێدان و کوتان و وەحشیەتییە خۆم خۆم دەکیشایەوەو دەچوومە جێگایەك کەس نەمدۆزێتەوە. لەو کاتەدا خەفیەکان گەیشتۆبوونە پشت پەنجەرەکانی

هەوالنامەی کتێب

(فيكرى)يەوە، بەڵام چونكێ دەرگاكان داخرابوون نەياندەتوانى هيچ لە قسەكانيان تێبگەن.

دواى چەند دەقيقەيەك دووكەسى بێگانە لە مەكتەبەكە هاتنە دەرەوەو بەرەو (وان) ڕۆيشتن و تابلۆيەكى گەورە، كە درێژيەكەى سێ مەتر دەبوو و ڕووى بە كاغەز داپۆشرابوو، هەڵيانگرت، بەلاَم چ نووسرابوو و چ تابلۆيەك بوو، كەس سەرى لێ دەرنەدەكرد.. ئەندامانى هەدوو حيزبەكە تووشى دوو دڵى و واق وڕمان بوو بوون و دەيانويست هەرچەند زووتر بزانن مەسەلە چييەو لە بيريان چووبۆوە پێش چەند دەقيقەيەك چ قرِەوگاڵە و لێدان و كوتانێكيان بوو.. ئێستا هەردوو لا بۆ ئاشكراكردنى يەك مەسەلە دەستيان لەناو دەستى يەك ناوەو بەرەو پێشەوە دەڕۆن! گەشتيارەكان، كە تابلۆكەيان لە (وان)ەوە هێنابوو، لەسەر نووسينگەكەى كاكى وەكيلى دادگايان چەقاندو دوايى كاغەزەكەيان لەسەر لابرد.. كۆلكە خوێندەوارەكانى كەوتنە حينجەكردنەوەى وشەكانى تابلۆكە (مە .. دە .. نى .. نى .. يەت) ، حيزبى مەدەنيەت لقى ملەى زێرين.بە ئاشكرابوونى مەسەلەكە قولى كەرامەت و بورهان سەلامەت ڕوويان گرژبوو..مەترسييەكى هاوبەش يەخەگيرى هەردوولايان بۆوە..(يانى چى؟ ئەمە چ حيزبێكە؟ ئەمە لە كوێوە هاتووە؟ چۆن زاتى ئەوە دەكەن حيزبى سێيەم لەم ناوە دابمەزرێنن؟دەلێى ئەو گەورانەى ئێمە ئەقلێان تەواو نييەو ئەقليان بەشت ناشكێ ...)

هەموويان وا گێژبوون تا ماوەيەك كەس قسەيەكى نەكرد...دواى ئەوەى تابلۆكەيان چەقاند يەكەم كەس قولى كەرامەت هاتە قسە:

– نەعلەت لە بابتاندا..تەماشاکەن سەگبابە لە پێش دوکانەی ئێمە دوکانێکی کردۆتەوە ! وا دەزانیٚ ئێمە لێرە (دارتوو)ین و لێی دەگەڕێین کەسێك غەڵەتی وا بکا.

ئەندامانی هەردوو حیزب پشتگیری قسەکانی قولی کەرامەتیان کرد و پاشانیش بورهان سەلامەت دەستی پێکرد:

– بەڵیٚ وا دەزانیٚ ئێمە لێرە (پیاز پاك دەکەینەوە) حیزبی مەدەنیەت یانی چی؟

– وا دەزانیٚ ئێمە لێدەگەڕێین ئەم لێرە ببیٚ بە سەرگەورەمان ..

کە بورهان سەلامەت بیٚ دەنگ بوو، دووبارە قولی کەرامەت دەستی پێکردەوە:

ئەی فیکری..ئەگەر وات بە خەیاڵ دادیٚ بە هەڵواسینی تابلۆیەك دەتوانی هەڵبژاردن ببەیتەوە ئەوە خەیاڵت خاوە، کیٚ دەنگت پێدەدا ؟

بە وتنی ئەو ڕستەیە یەکسەر ئەندامانی هەردوو حیزب،دەستیان بەدەست گوشینی یەکتر کرد ...

بورهان سەلامەت،کە خۆی بۆ ئامادەکردنی دوانێکی گرنگ ئامادە کردبوو .. دوو سیٚ کۆکەی بۆ کردو دەیویست، کە دەرگای نووسینگەکەی کاك فیکری کرایەوە دەست پێبکات.. گەشتیارەکان هاتنە دەرەوە، کە چاویان بەو قەرەباڵغیەی ئەو خەڵکە کەوت،وایانزانی بۆ پیرۆزبایی لێکردنیان هاتوون. کاك (فیکری)یش هەوەڵی کەوتە هەڵەوە،بۆیە دەیویست قسەییٚ بکات، بەڵام یەکسەر بە مەسەلەکەی زانی و لە هەموو شتیٚ گەیشت و نەیدەزانی بە چ جۆرێك سەروقنی مەسەلەکە بۆ یەك بێنێتەوە لە پێش گەشتیارەکاندا

هەواڵنامەی کتێب

شەرمەزار نەبێ.. خۆشبەختانە لەو کاتەدا مەلا ئەمین لەو دیوەوە لێیان نزیك بۆوەو بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە هاتەپێشەوەو پڕ بە دڵ بەخێر هاتنی لە غەوارەکان کرد و وتی:

– بەخێر بێن.. کاك فیکری پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئینشاڵڵا سەرکەوتوون

... کاك فیکری مەلا ئەمینی بە مێوانەکان ناساند:

– ڕابەرانی حیزبی مەدەنیەت، کاك فایق، دامەزرێنەری حیزب و کاك بێنەزیرزادە بەڕێوبەری چاپەمەنی حیزبی مەدەنیەت.

مەلا ئەمین هەردوو دەستی درێژکرد.. لەم کاتەدا ئەندامانی هەردوو حیزب بەرەو ماڵەکانی خۆیان ڕۆیشتنەوە...

مەلا ئەمین،کە بە نیگایەکی غەمگینەوە سەیری دەکردن وتی:

– کاك فیکری ئاگاداربە کێبەرکێ لەگەڵ ئەمانە، کێشەیە .. خوا سەرکەوتووتان بکات ...

کاك فیکری زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– ئەمانە عەیبییان نییە..عەیبەکە لە ڕابەرانی ئەمانەیە،کە هەواڵ دەدەن هێزی ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن...ئێمە کاری خۆمان دەکەین..و بەهەر شێوەیەك بێت ئەمانە لە گومڕایی ڕزگار دەکەین، لە خەوی بێ ئاگایی بێداریان دەکەینەوە..

مەلا ئەمین بە نائومێدییەوە سەری لەقاندەوە:

– زۆر زەحمەتە داواکارییەکەت لەمانە بگەیێنی..ئەمانە هەتا لە مزگەوتیش لێك دوور دەکەونەوە..

کاك بێنەزیرزادەی ڕۆژنامەنووس خەندەیەکی بۆ کرد:

– لە زۆر شوێنی دی خەڵك بەم شێوەیەن..وە یەكێ لە خاسیەتەكانی دیموكراسی ئەوەیە، كە خەڵك لە یەكتری نزیك دەكاتەوە..

دیسان مەلا ئەمین بە خەمبارییەوە سەری لەقاندەوە:

– من نەمتوانی ڕێگای ڕاستیان پێ نیشان بدەم..زۆر باسی دیموكراسی و برایەتیم بۆ كردن، بەڵام نەچووە گوێیانەوە..

كاك فیكری بە شێوەیەك كۆتایی بە قسەكەی هێنا، وتی:

– مەلا دڵنیابە من ئەم كارە دەكەم.. و گیانی یاسا و دیموكراسی لەم خاكەدا بڵاودەكەمەوە.. كاك ئەمین خەڵكی لەوە زیاتر نابێ بە قسەی ئەم فێڵباز و تەڵەكەبازانە هەڵخەڵەتێ.. تۆ خوێندەوار و تێگەیشتووی.. من چاوەڕێی هاوكاریت دەكەم و وەرە دەست بخەینە نێو دەست و بۆ ڕزگاری ئەم خەڵكە خەبات بكەین..

مەلا ئەمین بە ڕاست و ڕەوانییەوە وەرامی دایەوە:

– من پشتیوانی ئێوەم..

كاك فیكری لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەستی بە بوونی هێز و توانایەكی زۆر كرد.. پاڵپشتێكی گەورەی بۆ خۆی پەیداكرد... بە زەوق و خۆشحاڵییەوە وتی:

– بژی مەلا..بەخوا ئەگەر چەند كەسێكی وەك تۆم لە پشت بێ سەركەوتنم زۆ ئاسانە..

مەلا ئەمین وەرامی دایەوە:

– خوداوەند هەمیشە پشتیوانی کەسانێکە،کە بۆ پێشاندانی ڕێگای ڕاست بە خەڵك هەوڵدەدن، خوداوەند هێزمان پێ دەبەخشێ، خوا بتانپارێزێ .. هەر کاتێك دەست بەکار بووی ئاگادارم کەرەوە..

مەلا ئەمین خواحافیزی کردو ڕۆیشت، کاك فیکری و ڕابەرانی حیزب بە نیگایەکی لایەنگیری ماف، سەیریان کرد..کە مەلا دوورکەوتەوە کاکی ڕۆژنامەنووس وتی:

– وا دیارە مەلاکانیش مرۆڤی ڕۆشنبیریان تێدایە...

(فیکری) بە خەندەوە وەرامی دایەوە:

– بەڵێ، تا ئێستا شانسمان باش بووە..چا نەبوو تووشی مەلایەکی کۆنەپەرست و نەزان نەبووین، ئەوکاتە پێشکەوتنمان گیروگرفتی دەهاتە ڕێ..

ڕابەری حیزب ، تا ئەو کاتە بێ دەنگ بوو پشتگیری کرد:

– ڕاستە،بەڵام ڕاکێشانی ڕای خەڵکی بۆ لای خۆمان ئاسان نییە، حیزبەکانی دی وا بە ئاسانی دەست هەڵناگرن،هەرسێکیان سەیری ئەندامانی حزبەکانی تریان کرد،کە لەلایەکی مەیدان کۆ ببوونەوە.. فکری زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی:

– ئێمە پڕ بەدڵ و بە باوەڕەوە دەستمان داوەتە ئەم خەباتەمان.. ئەوەندە بەسە خەڵکی ئامانجی ئێمە بزانن و ئاشنای بیروباوەڕەکانی ئێمە ببن تا بەرەو مەیدان مل بنێین...

کاکی ڕۆژنامەنووس دەستێکی لە پشتی (فیکری)دا:

– هاوڕێ وا دیارە لە فەلسەفەدا دەستێکی باڵات هەیە، وا چاکترە واز لەم قسانە بێنی ..وا مردم لە برسان .. فەرمانبدە لەو ماسییە تازانەمان بۆ سوور بکەنەوە تا شەرمەزاری سکمان نەبووینە.

هەرسێکیان بەرەو مەیدانی شارۆچکە کەوتنەڕێ..هەموو چاوەکان لەوانیان دەڕوانی.. ئەو سێ کەسە وەك کاوبۆییەك وابوون، کە لە مەیدانی شارۆچکەکەیدا بۆ جەنگ بەرەو خەڵکی ببنەوە.. بە مەیداندا تێپەڕین و چوونە چێشتخانەیەکەوە.

بە دامەزراندنی حیزبی مەدەنیەت ڕابەرانی هەردوو حیزبەکەی تر ناڕەحەت بوون.. چەندان ساڵ بوو ڕابەرانی ئەم دوو حیزبە بە هەزار کاری پیسەوە ئەم خەڵکەیان کردبووە ئامێری دەستی خۆیان، بەڵام حیزبێکی دی بەرامبەریان دامەزراوە.. نەیاندەزانی ئاقیبەت کاری بەرەو کوێ دەڕوا .. بە تایبەتی ، کە دیاریش نەبوو ئەو حیزبە چەپە یان ڕاستە .. ناوەڕاستە یان دواوەییە ! !

ئەندامانی هەردوو حیزب و وازیان لە کارو ژیانی خۆیان هێنابوو و هەموویان کەوتبوونە بیری حیزبی نوێوە ..

لەو ناوە ئەمیر لە هەموویان ناڕەحەتتر بوو و نەیدەزانی دڵدارییەکەی لەگەڵ (گوڵێ) بەچی دەگا ؟

ئەمیر و (گوڵێ) دوای ئەو شەوە جارێکی دی یەکدیان بینیەوە.. لە دووەمین دیداردا،دانیان بە ئەشقەکەیان داناو هەتا کار گەیشتە ماچ گۆڕینەوەش..

(گوڵێ) بەو ماچە ئاگرینە وەك چڵێکی وشك شۆڕببۆوە. هەوڵیدا خۆی بکێشێتەوە، بەڵام بازووە بەهێزەکانی ئەمیر نەیاندەهێشت، لێوە ئاڵەکانی

کچەی ڕووت و سەروچاوی گەرمی گڕی ئەو ماچە، سەرتاپای گیانی هەردووکیانی سووتان و کردنیە خۆڵەمێش..(گوڵێ) ئەو ڕۆژە، کە بۆ فێربوونی بەرگدروویین دەچووە ماڵی ئیحسان برووسکە،گشت ئەو مەسەلانەی بۆ پوورە نوزهەت گێڕایەوە..کاتێ کە ژنە قەڵەو و کەتەکەی (ئیحسان برووسکە) گوێی لە قسەکانی (گوڵێ) گرتبوو یادگارەکانی گەنجیەتی بیرکەوتەوەو بە یادی ئەو ڕۆژانە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا ! !دوایی بە خرۆشانێکی کچێکی تازە پێگەیشتووانەوە وتی:

– هیچ خەمێ مەخۆ،هەموو شتێك تەواو دەبێت،ئینشاڵڵا بەمرازی خۆت دەگەیت..

(گوڵێ) بە ناڕەحەتییەوە وەرامی دایەوە:

– پوورە نوزهەت..ئەوەی من بزانم زەماوەندی من و ئەمیر سەرناگرێ .. تا ئەو حزبایەتییە هەبێ، ئیشی ئێمە ڕێك ناکەوێ.

پوورە نوزهەت،کە داوی لە دەرزی هەڵدەکێشا، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– ڕاست دەکەی کیژم .. لەبەر ئەو حیزبایەتیە هیچ کارێك لە وڵاتەکەمان سەرناگرێ .. لە گۆشت فرۆشەوە بگرە تا نانەوا ، کاروکاسبی خۆیان واز لێهێناوە و بە دووی ئەو حیزبانە کەوتوون.

(گوڵێ) بە دوانێکی پڕ لە تووڕەیی و نەفرەتەوە پێدا چوو:

ئەمن نازانم کاسب و بەقاڵ و عەتار و ئەو شتانە بۆچی ئەوەندە بەرامبەر عیلم و مەعریفەتی ئەو حیزبانە سینگ دەکوتن؟

پوورە نوزهەت بەدوانە گاڵتە ئامێزەکەیەوە وەرامی دایەوە:

– ڕەنگە ئەوانیش وا بیر بکەنەوە ببنە پارێزەر! ! بەڵام (دەبێ بۆ خۆیان سیر بخۆن و زووڕنا لێدەن)، حیزبی مەدەنیەت بە حەسرەتانەوە دەیانکوژێ، کورسییەکانی ئەنجومەنی خۆی بە دڵی خۆی دایدەنێ.. (گوڵێ) بە پەژارەوە پرسیاری کرد:

– بەڕاست پوورە نوزهەت ئەمەیان چ جۆرە حیزبێکە؟ باوکم شەوانە هەمیشە باسی حیزبی مەدەنییەت دەکات .

پوورە نوزهەت وەك مامۆستایەك لەنێو پۆلدا بیەوێ زانیارییەکانی بە قوتابیەکانی بگەیێنێ ، سینەی پاك کردەوەو وەرامی دایەوە :

– کاك فیکری، کە پارێزەرە و تۆ دەیناسی ، ئەم حیزبەی دروستکردووە ، دەڵێن گشت کوڕە چاکەکانیش چوونەتە ئەم حیزبەوەو حیزبی سەلامەت و حیزبی کەرامەتیش حاڵیان شڕە ..

(گوڵێ) بە بیستنی ئەم قسانە زۆر خۆشحاڵ بوو و بە شەرمەوە گوتی:

– خوا بکا حیزبەکانی ئێمەش شکست بێنن و پشتی یەك بگرن بەڵکو من و (ئەمیر)یش زەماوەند بکەین ... بە خوا ئیدی دیقم کرد یا بەڵایەك بەسەر خۆمدا دێنم .. یان دەستی ئەمیر دەگرم و هەڵدێین ..

پوورە نوزهەت بە بیستنی قسەکانی گوڵێ زۆر ناڕەحەت بوو و بە حەپەساوییەوە تێی ڕاما:

– کیژێ سەرشێت.. چی وەڵامی باوکت دەدەیتەوە؟

(گوڵێ) شانی بەرز کردەوە:

– چیدی ئەو قسانە ناچێتە مێشکمەوە.. هەرچی دەبێ با ببێ.

هەواڵنامەی کتێب

– کیژێ شەرمەزار نابی؟ ئەم قسانە چاك نین..عەیبە.. ئەمیر بە کام داهاتی تۆ بەڕێوە دەبا؟ کاروکاسبییەکی نییە..

– باشە کارێك دەدۆزێتەوە خۆ کار قاتی نەبووە،ئەگەر بمانەوێ چاوەڕێی ئاشت بوونەوەی باوکمان بکەین تا قیامەت دەبێ دانیشین!!

چاوەکانی (گوڵێ) پڕ فرمێسك بوون ، ناهەقیشی نەبوو، نەیدەتوانی لەبەر خاتری شتێکی پووچ لەگەڵ گەنجێکی دڵخوازیدا زەماوەند بکات.. لە جێی خۆی قیت بۆوەو بەرەو ڕۆخ پەنجەرە ڕۆیشت .. لە دەرەوە دیمەنێکی بینی ، کە لە سەرسووڕماندا ووشك بۆوە و لە خۆیەوە هاواری کرد :

پوورە نوزهەت بە زەحمەت بەو لەشە قوورسەی لە زەوی قیت بۆوە ، تیلم و پارچەکانی سەر کۆشی داتەکاند و هاتە بەردەم پەنجەرەکەوە ... لە مەیدانەکە لەنێو پاسێکدا ، کە لە ئەستەمبۆڵەوە هاتبوو ، خانمێکی ڕازاوە و جوان و پیرێژنێك و پیاوێك دابەزین ..

لەسەر زەویش کۆمەڵێ کەل و پەلی بە گوریس بەستراو بەرچاو دەکەوت ، کابرا خەریکی هێنانە خوارەوەی کەل و پەلەکانی دیکەیان بوو ... ژنەکانیش بەحەپەساویەوە لە چوار دەوری خۆیان ڕادەمان و بزەیان دەهاتێ ..

(گوڵێ) ئەوە یەکەم جاری بوو ئەم جۆرە ژنە ڕازاوانەی دەبینی ، بۆیە ئانیشکی لە پاڵ پوورە نوزهەت دانا :

سەیرکە چاوەکانی ئەو خانمە چەند جوانە..سەیری قژی بکە،دەڵێی ئاوریشمی مەیموونە.. چەند جوانە.

– کیژێ جوانی چییە؟! هەمووی ڕەنگ و ڕۆنە .. تۆ سەد قات جوانتری ..

گوڵێ پرسی:

– ڕەنگە هونەرمەندی سینەما بێ؟

پوورە نوزهەت وەك بڵێی بە هەموو شتی دەزانێ، وەرامی دایەوە:

– نەبابا دەستەی (تیاترۆ)ن.. ئەو کابرایە ئاکروبات دەکات.. ئەم کیژەش سەما دەکات..

گوڵێ زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– سەیری سنگی خانم بکە.. چەند کراوەتەوە! !ئەوە بە ڕاستی شەرم لە خۆی ناکا؟!

– ئەمانە مانای شەرم نازانن..

گوڵێ پرسی:

– لە ئەستەمبۆڵ ژنان هەموو ئەو جۆرە جلانە لەبەردەکەن؟

– بەڵێ زۆربەیان وان ...

لەو کاتەدا ئەمیر،کە دروشمی حزبی مەدەنیەتی بە دەستەوە گرتبوو و دەیویست بچێتە نووسینگەی (فیکری)یەوە،چاوی بەو خانمەی تازە هاتبوو کەوت.. ساتێ وەستاو چاوی تێبڕی.

گوڵێ،کە چاوی بەم شتە کەوت، لە حەسوودیان سەرتاپای بەرزی ..ڕق و کینە لە دڵیدا چەکەرەی کرد ..

خۆشبەختانە ڕاوەستانی ئەمیرو تەماشاکردنی بۆ قەدو باڵای ژنە گەنجەکە درێژەی نەکێشاو ئەمیر چووە نووسینگەکەی کاك (فیکری)یەوەو لە ژوورەوە دوو کەسی غەریبە لە تەنیشت مێزەکەی (فیکری)یەوە دانیشتبوون و خەریکی قسەکردن بوون .. و کۆمەڵێ لافیتەی گەورەو بچووك لەسەر مێزەکە

بەرچاو دەکەوتن، ئەمیر هەر لەگەڵ یەکەم نیگاوە دەقی دروشمێکیانی خوێندەوە:

– ڕۆشنبیرەکان ڕای خۆیان دەدەنە حیزبی مەدەنیەت ..

ئەمیر سەلامی کردو کاک (فیکری) بەڕووخۆشییەوە سەلامی لێوەرگرتەوەو بە دوو کەسەکەی ناساند:

– بەڕێزان ئەم گەنجە کوڕی ڕابەری حیزبی سەلامەتە و هەروەها یەکێکە لە چاکترین وەرزشکارەکانی شارۆچکەکەمان ..

هەردوو نەفەرە غەریبەکە سەیرێکی ئەمیریان کرد و زەردەخەنەیەکیان بۆ کرد،ئەمیر، کە بە بیستنی ئەو ناساندنە شەرم دای گرتبوو، بە زمانێکی تەتەڵەوە وتی:

– س..وپاست دەکەم.. کاک (فیکری)..

کاک (فیکری) دەستی بۆ کورسییەك درێژ کرد و پاشان داوای کرد چایی بێنن..لەو کاتەدا (ئەمیر) لەوێ بوو کاك (فیکری) هەر باسی کارە چاکەکانی ئەوی دەکرد.. دواتر،کە ئەمیر خواحافیزی لێکردن و ڕۆیشت کاك (فیکری) بە میوانەکانی وت:

– هاوتای ئەو گەنجە لە شارۆچکەکەمان زۆرن، من دڵنیایی تەواوم پێبەخشیون.

یەکێ لە میوانەکان لەکاتێکدا جگەرەکەی لەسەر تەبلەجگەرە دانا پرسی :

– ئەندامانی ئەو دوو حیزبە ، بەرامبەر حیزبەکەی ئێمە چ کارێکی ناڕەوایان کردووە؟

کاك (فیکری) خەندەیەکی تاڵی بۆ کرد :

– ئەڵبەتە بەدڵیان نییە.. هەتا ئەندامانی هەردوو حیزبەکە ناکۆکییەکانی پێشتری خۆیان وەلاناوەو بۆ خەباتکردن دژی ئێمە یەکیان گرتووە.. دووەمیان پرسیاری کرد:

– جا کەوابێ شانسمان باش نابێ؟!

پێش ئەوەی (فیکری) وەرامی بداتەوە،ئەوی یەکەمیان وتی :

– کاك (فیکری) ئێوە لێپرسراوییەکی گەورەتان کەوتۆتە ئەستۆ .. دەبێ بە ئوسول و مەنتیق ڕێنوێنی ئەم خەڵکە بکەن ..

کاك (فیکری) سەری لەقاندەوە:

– دەزانم .. دەبێ لەگەڵ خەڵکی بە دۆستانە بدوێی.. و تێیان بگەیێنی، کە تا ئێستا ڕابەرانی هەردوو حیزب چ سوودێکیان پێ نەگەیاندوون .. هەموو کارێك کە دەیکەن لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیانە.. ئەو خەڵکە تێك بەردەدەن، ئاوەکان قوڕاوی دەکەن، هەتا ماسی گەورەیان دەست بکەوێ... مێوانەکان پشتگیری قسەکانی کاك (فیکری)یان کرد. هەر لەو کاتەدا حیزبی سەلامەتیش لە دانیشتنێکی گرنگدا بوون . بورهان سەلامەت وەك ڕابەرێك لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستابوو و لەگەڵ هێنان و بردنی دەستەکانی قسەی بۆ دەکردن.. لەسەر ڕووی دیوارەکە وێنەی ڕابەری حیزبی سەلامەت هەڵواسرابوو.. بورهان شەقێکی بۆ هەوا بەرزکردەوەو هاواریکرد:

– ئەم جەرتەنە و فەرتەنەیە بۆ حیزبی مەدەنیەت هیچ سوودێکی نییە.. ئەو کەسانەی لە ژوورەوە بوون واقیان وڕما و بورهان ئیشارەتی بۆ ڕابەر کرد:

– یەکەم خوا.. دووەم بە یارەی ئەم پیاوە مەزنە لە هەڵبژاردندا سەردەکەوین، چونکێ هێزو قودرەت بە دەست ئێمەوەیە!! هەموو خەڵك پشتیوانی ئێمەن... ئەگەر درۆیە فەرموون ...

هەموو ئەو پیاوانەی لە ژوورەوە بوون، بە یەك دەنگ هاواریانکرد:

– ڕاستە...

بورهان هاتەکوڵ و زیاتر هاواریکرد:

– کوڕینە، لەو بگرە و بەردەیە مەترسن، ئەم ئاگادارییانە لە شوێنی باش هەڵواسن..وریابن کاتی ڕا وەرگرتن لە سندوقەکاندا فێڵمان لێنەکەن... دەبێ بە هەموو توانایەکەوە خەبات بکەین و ڕەقیبمان بە ئەژنۆدا بخەین. دیسان ئەندامانی حیزب وەك ئەو موسڵمانانەی لە مزگەوتەکاندا بە ئیشارەتی واعیز سەڵەوات لێ بدەن پێکەوە هاواریانکرد:

– بژی ... بژی ... ئێمە سەرکەدەوین ...

بورهان سەلامەت زۆر گەرم ببوو و سەرتاپای جەستەو دەنگی دەلەرزی، ئیدی کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا، وتی:

– هاوڕێیان سەیرکەن.. ئەمە وێنەی کاندیدەکانی ئێمەن... بیوك ئاغا .. حەیدەر ئاغا... نەجمەدین.

ئەندامان دیسان چەپڵەیان لێدا و کردیان بە هەرا ، بورهان پەرداخێ ئاوی خواردەوە ، هەناسەیەکی تازەی هەڵکێشا و بەردەوام بوو:

– دەبێ بە کەلوپەلێکی زۆرەوە بۆ ئەو دێهاتانە بڕۆن .. بە قسە .. بەڵێن .. پارە ... تەماعی دان .. هەڕەشە .. و بە کورتی بە هەرچی فرت و فێڵێك بێ دەبێ ڕایان وەبگرن.. نزیکەی پێنج شەش هەزار مێدالیامان لە بنکەوە بۆ

هاتووە، ئەوان و گونییەك پارە لەگەڵ خۆتان ببەن ! هەریەکە دوو سێ میدالیاو برە پارەیەکی بدەنێ و دەنگی بۆ لای خۆمان ڕاکێشن!! دانیشتنێکی ئاوەهاش لە بارەگای حیزبی کەرامەت بەڕیوەدەچوو، لەوێش ئەندامانی حیزب کۆببوونەوە.. دەورو پشتی بارەگای حیزبیان بە ئاڵا و کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاندبۆوە و وێنەی گەورە گەورەی ڕابەرەکانیان بە دیوارەکانەوە هەڵواسیبوو ..

حەسەن گاززادە ڕابەری گشتیی حیزبی کەرامەت یەکێ لە ئەندامە گومناوەکان بوو، کە لە ڕێگای قاچاغ و کاری ساختەوە ببووە خاوەن سامانێکی زۆر و کۆمپانیایەکی نەوتی هێنابووە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە .. جا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆی سەر و سەدایەکی زۆری نابۆوە .. بە یارمەتی پارەیەکی زۆر و چەندان برادەرەوە بووە نوێنەری ئەنجوومەن و دوایی ڕابەرایەتی حیزبی بەدەستەوە گرت.. ئەم کابرایە کورتەبنە و سەر کەچەڵ و سمێڵ فش زیاتر بە شوفێری لۆری دەچوو ، لەوەی بە ڕابەری حیزبێك بچێ .. نوێنەرێك بوو ، جلێکی وەها شڕو شەپرێوی لەبەر بوو هەر یەکێ دەیبینی وای دەزانی (ناونووس)ە..،بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر بەڕێك و ڕەوانی دەدواو دیار بوو پیاوێکی بە دین بوو.. ئەم لاینە چاکییەش بۆ ڕابەری حیزبێك بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ سەردان لە دەوریدا کۆببنەوە. هەر بۆیەش ئەو ڕابەرایەتییە بە کەرامەتی خۆی بە دەستیەوە گرت.. چالاکی و پێشکەوتنێکی زیاتری بەخۆیەوە بینی و چالاکییەکانیان دەستی پێکرد و ئێستایش وا تێدەکۆشێ بە هەر شێوەیەك بێ لە هەڵبژاردن دەربچێ..

– یان مەرگ یان سەرکەوتن..

قولی کەرامەت،کە لەبەر جۆش و خرۆشی،خۆی لەبیر چوو بۆوە بە هەموو هێزێکەوە (قولی کەرامەت) پێڵاوەکانی لە پێکردەوە.. قاچی خستە سەر قاچی لەکاتێکدا قومی لە چایەکەی دەدا ، دەستی بە قسان کرد:

– حیزبی مەدەنیەت بەرامبەر ئێمە دەتوانێ چ هەڵەیەك بکات؟ ئەوانە نە پارەیان هەیە..نە توانایان هەیە..و نەکەس گوێ لە قسەکانیان دەگرێ ؟ ئەو وەکیلە بەڕێزە خوێڕییە پەکی کەوتووە ! ! کەسێکە نە باوك و نە دایکی دیارەو نە خەڵکی شارۆچکەکەمانە، بە چ ئومێدێکەوە دەیەوێ سەربزافتی بکات؟ها؟پرسیار لە ئێوە دەکەم.. کەس ئەم کابرایە دەناسێ؟

ئەندامانی حیزب بە یەك دەنگ وەرامیان دایەوە:

– تەڵەکەبازە.. فێڵبازە..

قولی کەرامەت بە غرور و دڵنیاییەکی زۆرەوە مستێکی لە مێزەکەدا:

– نازانم چ ژەهرەمارێکە..بەڵام دەبێ بزانێ، کە ئاشی ئەو لێرە ناگەڕێ و کەس بە قسەکانی هەڵناخەڵەتێ و ئەم کابرا فێڵبازە کرێکارە بەدبەختەکانی (غەیاسەددین)ی لە ڕێ دەرکردو بەناوی یاساوە ئەقڵی تێکدان و پێی گوتن فۆرتایمتان بۆ وەردەگرم.. بیمەتان دەکەم، ئەو شتە قۆڕانە.. گشت ئەندامانی حیزب هاوارییان کرد:

– بەهەڵەدا چووە ! !

(قولی کەرامەت) بە نیگایەکی هەقیانەتی،سەیری وێنەی ڕابەری حیزبی کرد ، کە بەرامبەر خۆی لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو:

– توخوا سەیری ئەو وێنەیە بکەن..سەیرکەن چۆن نووری لەڕوو دەبارێ ! ! بەڵێ بەمە دەڵێن ڕابەر.. بێچارەیە، هەتا مووچەی وەکیلەکەیشی وەرناگرێ

..ڕەنگە بپرسن بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەم بابایە پێویستی بەم شتانە نییە! و گشت خەرجییەکانی حیزبیش لە گیرفانی خۆی دەدا! توخوا لەم وڵاتە پیاوێکی تری وا هەیە ؟

ئەندامانی حیزب بە یەك دەنگ هاواریانکرد :

– نیە .. نەخێر هاوتای نییە .

(قولی کەرامەت) لە جێگاکەی خۆی قیت بۆوە ..دوو سێ هەنگاو لە ژوورەکە هات و چوو، ئەمجا پێدا چۆوە:

– ئەگەر ئێمە لێبگەڕێین حزبی سەلامەت یان مەدەنیەت لە هەڵبژاردن دا سەرکەون ناوی خۆمان دەگۆڕین ..

ئەندامانی حیزب بەسەرسوڕمانەوە پشتگیری قسەکانیان کرد.. قولی کەرامەت هەناسەیەکی داو بەردەوام بۆوە :

– سبەی بەیانی سێ لۆری بخەنەڕێ ... پڕی خەڵکی دەنگ گەورەی بکەن .. دەنگتان گەورە بکەن !! دۆڵ و زوڕنا لێدەن و هاوار بکەن !! پارەکەی هەموو لەسەر من .. دەبێ لەو هەڵبژاردنەدا حزبەکانی دی لەگەڵ خاك بکەنە یەك !! ئێمە کاتێك حکومەت بەدەستەوە بگرین هەمووتان دەبنە سەرۆك.. دەبنە خاوەن پارە.. یان مەرگ یان سەرکەوتن. گشت ئەندامان ئەم ڕستەیان بەدەنگێکی بەرز دووبارە کردەوە:

– یان مەرگ یان سەرکەوتن ..

قولی کەرامەت، کە لەبەر جۆش و خرۆشی، خۆی لە بیر چوو بۆوە بە هەموو هێزێکەوە هاواری کرد:

– ئەگەر لێبگەڕێن حیزبی سەلامەت یان مەدەنییەت لە هەڵبژاردندا سەربکەون دەبێ سەری خۆمان هەڵبگرین..

ئەندامانی حیزب دیسان پشتگیرییان کرد:

– دەیگۆڕین...

قولی کەرامەت بە دەنگێکی بڵندەوە خەندەیەکی بۆکرد.. بۆ پێ ناکەنن؟!

هەزاران کەس لە ئەندامانی حیزب لە پشتی یەوە وەستابوون و ئامادەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بوون.. بە هەنگاوی لەسەر خۆ بەرەو سەرەوەی سالۆنەکە ڕۆیشت.. لەسەر مێزێکی گەورە کە لەوێ بوو چەند کاغەزێکی ڕاگەیاندنی هەڵگرت و بەسەر ئەندامەکاندا دابەشی کردن:

– ها بگرن،بیدەنە برادەرەکانتان.. یاڵڵا بکەونەڕێ، کاتی کارو چالاکی دۆش دانەمێنن.. سبەینێ بەیانی زوو دەبێ هەمووتان لەبەردەم بارەگای حیزب ئامادە بن..

کوڕەکان هەریەکە بەشی خۆی کاغەزی وەرگرت و کەوتنەڕی..قولی کەرامەت لە پشتەوە بانگی کرد:

– شەرەفەددین و حەیدەر بمێننەوە، کارم پێتانە..

کاتێ ئەوانی دی ڕۆیشتن، قولی کەرامەت دەرگای قایم داخست.. بۆ چەند ساتێ لەو دوو کەسەی، کە دیار بوو شەڕاوی بوون، ڕوانی و پاشان زۆر بە خۆشی و دۆستانەوە پرسی:

– کاکی وەکیل دەنگو باسی چییە؟

شەرەفەددین وەرامی دایەوە:

ئەوانەی لە بنکەوە هاتبوون ڕۆیشتن .

قولی کەرامەت بە خۆشحاڵی دەستەکانی لە یەك هەڵسووی :

باش بوو ئەوان ڕۆیشتن، دەبێ هەر ئەمشەو دارکارییەکی وای ئەم کوڕە بکەی تا هەڵەی وا نەکا جارێکی دی دوکان لەبەر دەم دوکانی ئێمە بکاتەوە !! حەیدەر کە دەنگی گیرا بوو پێشانی دەدا کە نەخۆشە وتی :

– ئەرباب لەسەر دیوارەکان ئاگادارییان هەڵواسیوە،چ بکەین؟ ئاگادارییەکان بدڕێنین؟

– بەڵێ ، هەمووی جیڕبەجیڕ بکەن، بەڵام وریا بن کەس نەیبینێ.

– بیرتان لای خۆتان بێت، ئەوجا پیاوم دەوێت بە جواب بێت.

قولی کەرامەت بە دوودڵی و گومانەوە وتی :

– لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ... وریا بن ، کە دارکاری دەکەن نەتانناسێ .. دەمامکی خۆتان بدەن ...

شەرەفەددین دایە قاقای پێکەنین:

– گەورەم مەترسە..شەرت بێ دەبێ سبەینێ لەگەڵ یەکەم ئۆتۆبیس بڕوبوزگوڕی تێك بنێ و گوڕ بەگوڕ بێت .. ئەگەر نەڕۆیشت شەرت بێ ئەم ڕووەم ڕەش بکەن.

هەرسێکیان بە کەیف و خۆشییەکی زۆرەوە دەستیان بە پێکەنین کرد. قولی کەرامەت لە جزدانەکەی باخەڵیدا چەند سەدییەکی دەرهێنا و ئینجا وەك سەرۆك و فەرماندەیەك وتی:

– دەبینن لە پێناو حزب چ فیداکارییەك دەکەن ؟ .. هەموو ئەو شتانە بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەم مەملەکەتە دەکەم!!.

دوو کەسە وەفادارە حیزبییەکە دەستی سەرۆکیان ماچکرد:

– بژیت!!

– خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ!

ئینجا ئەو کارەی دەیانەویست بیکەن و بەڕاستی فیداکاری و کارێکی ئایینی بوو بۆ مەملەکەت بۆی چوون.. قولی کەرامەت بە هێواشی دەرگاکەی کردەوەو وتی:

– بە کڕ و بێ دەنگی بڕۆنە دەرەوە.. وریابن لەو ڕاسپاردەیەی پێم ڕاسپاردوون لای کەس باسی نەکەن.

هەردووکیان هێدی هێدی چوونە دەرەوە .. قولی کەرامەت دەرگاکەی داخستەوە و پاشان بە دڵخۆشییەوە بەرەو وێنەی رابەر ڕۆیشت و بەڕێزەوە وەستا و دەستی بە قسان کرد:

– ئێ.. ئەی ڕابەر.. ی بەڕێز .. جەنابی گاززادە ئەگەر بەرانبەر ئەو هەموو ماندوو بوونانەی من لقی گازفرۆشیی ئەو ناوچەیەم پێشکەش نەکەی زۆر ناکەس بەچەی!

وەك بڵێی وێنەی ڕابەری حیزب قسەکانی ئەو دەبیستێ، خەندەلێوێکی گاڵتە ئامێزانە لەلا لێوییەوە نەخشی بەستبوو سەیری دەکرد...

*    *    *

کاک (فیکری) پارێزەر و سەرۆکی حیزبی مەدەنیەت بە پێچەوانەی ئەوە هەمیشە شەوان دەچووە چایخانەکەی شارۆچکە دەگەڵ کرێکارەکان و نەفەرەکانی چایخانە سوحبەتی دەکرد و تا درەنگ لە ئۆفیسەکەی دەمایەوەو خەریکی جێبەجێکردنی کارەکانی حیزب دەبوو. ئەو باش دەیزانی خەبات کردن و وەستان دژی ئەم دوو حیزبە، کە ساڵەهایە هەن و لە نێو خەڵکیدا ڕیشەیان داکوتاوە، کارێکی ئاسان نییەو ئەگەر سەرکەوتنی مەحاڵیش نەبێ ئەوا کارێکی ئێجگار قوورسە... بۆیە بە پێویستی دەزانی کە دەگەڵ هەموو کرێکارەکان یەکە یەکە خۆی بۆلایان بچێت.. تا چەند دەقیقەیەك لەمەوپێش کاری هەڵواسینی ئاگاداری نامەکانی تەواو کرد و ئێستا خەریکی ڕێکخستنی بەرنامەی سبەینێ بوو .. دەیویست ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دژایەتی و درۆ و فرۆفێڵەکانی سەرۆکەکانی ئەم دوو حیزبە پووچ بکاتەوە...بەڵام سەری لێ دەرنەدەچوو .. چۆن دەتوانێ ئەم مەوزووعە بە خەڵك ڕابگەیێنێ ؟ لە چ ڕێگەیەکەوە دەکرێ بۆ ئەو خەڵکەی بسەلمێنێ ، کە لە هەڵبژاردندا ڕێگای هەڵەیان لەبەرگرتووە؟ ئەمانە چەندان ساڵە بە پەیمان و بەڵێندان خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە و بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان سوودیان لێ بینیون.. لە هەڵەکانیان چاوپۆشییان کردووەو نەیان هێشتووە کەسێ بکەوێتە بیری ئەوەی، کە پارەوپوولی مەملەکەت لەکوێ خەرج دەکەن و دەچێتە گیرفانی کێوە؟.. هێرشی ئەو بیرکردنەوانە وەها ڕۆح و دڵی پڕ کرد، مێشکی لە کەللەیدا نەما و بە تورەییەوە قەڵەمەکەی بە مێزەکەدا کێشاو وەك یەکێ لە دەست کۆمەڵێ خەڵکی بێزارکەر هەڵێت، لە مەکتەبەکەی هاتە دەرەوە. لە دەرەوە هەوایەکی تازەی

هەڵمژی و کەمێك حاڵی هاتەوە سەرخۆی.. بیری ڕۆشن بۆوە ، بەڵام دیسان نەیتوانی بەرگەی هێرشی ئەو هەموو بیرکردنەوە جۆر بە جۆرانە بگرێ .. خۆی لە نێو ئەو کۆمەڵەدا بە تاقی تەنێ دەبینی .. وەك یەکێ خۆی لە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵی بێ ئاو ببینێ، ترس و نائومێدی هەراسانی کرد.. بە تایبەتی کاتێ دەگەیشتە بەردەم کۆگاکان و دەیبینی ڕووی لێ وەردەگێڕن، گشت ئومێدو ئارەزووەکانی دەبوون بە بلّقی سەر ئاو.. دەتوت وەرەمدارە و خەڵك لێی دوور دەکەوتنەوە تا تووشی ئەم نەخۆشییە ماڵ وێرانکەرە نەبن.. هەر شەقاوەیەکی دەهاویشت ناوی سەلامەت و کەرامەت لەگوێیدا دەزرنگایەوە، خەڵکی شارۆچکەکە دەتوت باڵندەو ساڵە هەیە چوونەتە ناویەك هیلانەوەو خوویان پێوەگرتووە، ئامادەنین بچنە لای نوێوە،ئەوانیش بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون هێلانەی پێشوویان بەجێ بهێڵن و بێجگە لە حزبی کەرامەت و سەلامەت هیچ حزبێکی دیکەیان قبووڵ نەدەکرد.

کاك فیکری کەوتبووە نێوگێژاوی ئەم خەیاڵانەو لە هەموو شتێ بێ ئاگا بوو،بەرەو ئەو کۆڵانەی،کە ماڵەکەیانی تێدا کەوتبووە پەڕگەیەوە، ڕۆیشت. ماڵەکەی لە دەرەوەی شارۆچکەکە بوو و لە نزیك دەریاوە بوو و دیمەنێکی شاعیرانەی هەبوو.. دەوروبەرەکەی باغێکی گەورەی لێ بوو، (فیکری) لەو شوێنە خامۆش و بێ دەنگە ژیانێکی ئارام و بێ هەراو هۆریای بەسەر دەبرد .. کەوتبووە ناو دەریای بیرکردنەوەو دەڕۆیشت، دەنگێکی نەناس و چپەدوو لەسەر چەوەکەوە بەرگوێ کەوت. لەگەڵ ئەوەشەوە دەنگەکە زۆر کز بوو، بەڵام ئەو چپەیە دڵی کاك (فیکری) ڕاچڵەکاند.. ترسێکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاو ئاوڕێکی دایەوە تا بزانێ ئەو دەنگە کێ بوو، لەناکاو چوار کەس

گەیشتنە سەری و دەم و لووت و چاویان پێچابووەوەو هەر مست و پێلاقە بوو لە چوار لاوە بەسەریدا دەباری! هێرشەکەیان وا بە پەلە بوو، کە (فیکری) فریای ئەوە نەکەوت بەرگری لەخۆی بکات.. پێش ئەوەی هیچ بکات لەهۆش خۆی بوو و (بووە بووکە شووشەی دەستی هێرشکەرەکان) هێرشکەرەکان، کە بەڕاستی کەسانی ڕژدو دەبەنگ بوون بەوەندە لێندانە نەوەستان و لەگەڵ ئەوەش،کە کاك (فیکری) بێ هۆش کەوتبوو دەیانەویست هەتا دەیکوژن دارکاری بکەن ..

لەو ساتەدا دۆخەکەکە بە تەواوی گۆڕا..یەکێك وەك فریشتەیەك لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە، گەیشتە ناو شەڕەکەو بەخۆی و بە دارەوە کەوتە گیانی هێرشکەرەکانەوەو هێرشکەرەکان هەر لە یەکەم نیگاوە (ئەمیر) یان ناسی بوو، (وەك بەرزەکی باناى بۆی دەرچوون) و (فیکری) یان ئازادکرد و دەستیان لە لێدان و کوتان هەڵگرت و هەڵاتن! بەڵام ئەمیر وازی لێ نەهێنان. بەو یەرچیغەی بە دەستەوە بوو دەیخولاندەوە، بەهەر جێگەیەك بکەوتایە خوێن فڕکەی دەکرد..ئینجا چەند جنێوێکی تەڕوبڕی بۆ هێرشـکەرەکان نارد :

– ڕاوەستن نامەردینە، بێ ناموسینە بۆ هەڵدێن؟ ئەگەر شەرەفتان هەیە ڕاوەستن.

کە نەفەرەکان هەڵاتن، ئەمیر لە پشتیانەوە هاواریکرد:

– دوایێ هەر دەتانگرم .. بە دەستم دەکەون..

– دوایێ بۆ لای (فیکری) گەڕایەوە، لە عەرزەکە قیتی کردەوەو کە بینی نمایندەیە ، دەنگێکی تایبەتی لە دەم دەرچوو :

– ج..ڕ..ت! !هەر بە یەك پێك وا سەرخۆش بوویت.. ئەمەیان یانی چی.

پێش ئەوەی ڕستەکەی تەواو بکات، چاوەکانی کردەوە.. دەگەڵ ئەوەش هێشتا گێژ بوو هیچ جێی نەدەبینی، ئەمیری ناسییەوە.. بەخەندە لێوێکی بێ تام و بەزەحمەت لەژێر لێوانەوە وتی:

– سوپاست دەکەم.

ئەمیر سەری کاك فیکری هێنایە سەر سینەی خۆی و پرسی:

– کاك فیکری بەم جۆرە نەبوو کە..

کاك فیکری خەندەیەکی تاڵی لە بۆ کرد:

– نەخێر، بەڕاستی تۆ فریشتەی ڕەحمەتیت ئەگەر تۆ پێرانەگەیشتایە ڕەنگە تا ئێستا کەوڵیان کرد بووم! !

– نەتزانی کێ بوون.. و چۆن وا گەلەکۆمەیان لێکردی؟

– من دوژمنم نییە.. دەبێ هەر لە حیزبییەکان بووبن، یەکێکیان لە کنم غەریب نەبوو .. ماڵی لە دێی خەلیلاوە بوو، ڕۆژێکیان بۆ ئەنجامی کارێك بۆ لام هات و بە ئەنگوستیلەکەیەوە ناسیمەوە، ئەندامی حیزبی کەرامەتە.

ئەمیرا خێرا پرسی:

– وتت ئەندامی حیزبی کەرامەت بوو؟!.

– بەڵێ، ئیتر ..

(فیکری)،کە هێشتا شان و ملی ژانی دەکرد:

– وتی چونکە من حیزبی مەدەنیەتم دامەزراندووەو نانی ئەوان دەبڕێ.

ئەمیر دەستی خۆی گوشی و مستێکی بۆ هەوا ڕاوەشاند:

– بۆچی نایانەوێ حیزبێکی دی لێرە دابمەزرێ؟

– بۆ ئەوەی خەڵك چاوی بکرێتەوەو لە زۆر شت تێبگەن.. ئێمە دەمامکی فێڵ و ساختە لەسەر ڕوویان لا دەبەین و نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکەین... ئیدی لەبەر ئەوە دژی ئێمەن و هەوڵ دەدەن هەرچۆنێك بێت، هەتا بە ناپاکی و پیاوکوژیشەوە بێت لە مەیدانەکە دەرمان بکەن.. بێ ئاگان لەوەی ئێمە هێندە فەقیر نین لەو هاش و هووشانە بترسین... و بەم هەرچی و پەرچییانە لە مەیدان ناچینە دەرەوە..ئەو ڕۆژە بەسەرچوو..

ئەمیر بە بیستنی ئەم قسانە زۆر کاری تێکرد و وتی:

– ئەگەر حیزبایەتی وایە، مخابن بۆ ئەو میللەتەی ئێمە کە وا بێ ئاگان !!.

سەرکێشی لە دڵ و دەروونی ئەمیر دەرکەوت و یەکسەر هاواریکرد :

– کاك (فیکری) من ئامادەم ببمە ئەندام لە حیزبەکەتان .

کاك (فیکری) بەو نارەحەتی و بێ توانایی خۆیەوە یەکسەر لە شوێن خۆی هەڵسایەوە. سەرەتا گومانی لەوە دەکرد بە هەڵە تێگەیشتبێ دوایی، کە دڵنیابوو بە ڕاستیەتی، پرسی:

– ئەی باوکت چی دەڵێ؟

– واز لە باوکم بێنە..هەر ئەو حیزبە نەفرەتییەی باوکم بوو بووە هۆی نەگبەتیی من.

– بۆ؟

– لەبەر خاتری بابم ناتوانم ئەو کچەی خۆشم دەوێ بیخوازم.

چاوەکانی (فیکری) لە خۆشییان پڕ فرمێسك بوون ، دڵنیا بوو لەوەی،کە ئەو قسانەی بەڕاستە دەستی خستە سەرشانی ئەمیر و بە میهرەبانییەوە وتی :

– من شانازی بە هاتنی تۆوە دەکەم.. هاواریی گەنجەکانی وەك تۆ زیاتر بەرەو ئاییندەیەکی سەرکەوتوومان دەبات .

کاك (فیکری) بە یارمەتی ئەمیر لە جێگاکەی خۆی قیت بۆوەو بەرەو ماڵەکەی بەڕێ کەوتن.

لەوێوە ماڵەکەی کاك (فیکری) زۆر دوور نەبوو.. کە گەیشتنە بەردەرگای ماڵ (فیکری) وتی :

– بابچین چاییێك بخۆرەوە .

– ئاخر ئەزیەتە؟

– نا .. ئەزیەتی چی ... تۆ لەمەو دوا ئازیزترین دۆستی ماڵی ئێمەیت. کاك فیکری بە خۆشەویستییەوە دەستێکی لە پشتی ئەمیردا .. کەسێکی وای دۆزیبووەوە، کە جێگای باوەڕ بوو لەوەبەدوا دەیتوانی چاکتر بەردەوامی بە خەبات بدات ..

ڕۆژی دواتر حیزبەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و دەستیان بە خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان کرد.. لە بەردەم بارەگای حیزبی کەرامەت وەك ڕۆژانی جەژن هەموو جلی تازەیان پۆشیبوو، ئەندامانی حیزب هەرکەسەو جلی تازەیان پۆشیبوو و چاوەڕوانی فەرمانەکانی سەرۆك بوون و لەسەر لافیتەکانیشدا بە خەتێکی جوان و گەورە نووسرابوو :

(حیزبی کەرامەت، لەکوێ بێ دیموکراسییش لەوێیە.)

مەبەست لە کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵەیش ئەوەبوو، کە بچن فەرمایشتەکانی حیزب بە دێهاتەکان ڕابگەیێنن.. دەیانەویست هەرچی درۆو دەلەسەو بەڵێن و پەیمان هەیە بەو خەڵکە سادە و ساویلکەی دێهاتەکانی ڕابگەیێنن! !

دوای ماوەیەك چاوەڕوانكردن قولی كەرامەت بە لە خۆبایی بوونێكەوە لە چێشتخانەكەی هاتە دەرەوە.. هەروەك فەرماندەیەك، كە بیەوێ بەرەو جەنگ بڕوات سەیرێكی ئەندامانی حیزبەكەی كرد.. بەهۆی ڕاوەستانی ڕێك و پێكی ئەوان ئاوی بزەیەكی پڕ لە فیز لێوەكانی تەڕكرد... خۆیشی دەستە جلێكی ڕێكی پۆشی بوو، جلەكانی ئەوەندە ڕێك و شیك بوون هێندەی داوە موویەك چییە عەیبت لێنەدەدیتەوە!ئارمی حیزبی لەسەر یەخەی چاكەتەكەی قایم كرد بوو و بە كورتییەكەی بەو كڵاوەی لەسەری كرد بوو و بەو زنجیرە زێڕە گرانبەهایەی لە گیرفانی ئێلەگەكەی هێنابوویە دەرەوە ... ئەگەر یەكێكی نەناس بیبینیایە، وایدەزانی زۆر پیاوی چاكە! و بە ماڵ و موڵكی خۆی وا بەم پلەو پایە گەیشتووە..

قولی كەرامەت بە هەنگاوی قورس بە بەردەم ئەندامانی حیزبەكەیدا تێپەڕی و لە ئاخیر خەت بۆ دواجار، كە چاوێكی داخستبوو و ئەوەی دیكەی زەق كردبۆوە، بە ئیشارەتی دەست فەرمانیدا زوڕناژەنەكان دەست بە زوڕنا ژەنین بكەن و ئەندامانی حیزب سواری لۆرییەكان بن..

زیڕەی زوڕنا بەرزبۆوە و ئەندامانی حیزب دەمێك بوو چاوەڕوانی ئەو بڕیارە بوون، وەك پەڕەوەر بەم لاو بەولای لۆرییەكاندا هەڵگەڕان!! قولی كەرامەت پێش ئەوەی سواری لۆرییەكە بێت بە ئیشارەتی دەست (نووری زەنگەزۆرە)ی بانگكرد.. نوری زەنگەزۆرە سەرۆكی شاگردەكانی چێشتخانەكەی وی بوو و ئەگەر قولی كەرامەت بە خۆی لەوێ نەبووایە ئەو ئیشەكانی ڕادەپەڕاند هەر كە نووری زەنگەزۆرە بە غارەغار بۆ لای هات ، قولی كەرامەت بە هەتك كردنێكەوە هاواریكرد:

– سەگباب بە چاکی ئاگات لە ئیشەکان بێت.. نەهێڵی هەرچی هات و بە ئارەزووی خۆی شت بخوات؟ دوایی ئەو بابەت دەگێم ها.. ئاگات لە حیسابات بێ و باش کۆی بکەرەوە ...

نووری وەك بووکە شووشەی دەستان،چەند جارێك خۆی بۆ نووشتاندەوە:

– بەسەرچاو مامە قولی..

قولی کەرامەت جارێکی دیش سەیری کردەوەو چوو سواری لۆری یەکەم بوو و هاواریکرد:

– یاڵلاّ کوڕینە... دەست بە مارشی حیزب بکەن..

لۆرییەکان لە شارۆچکە دەچوونەدەرێ،بەلاّم لەبەرئەوەی بە گەڕەکەکاندا تێدەپەڕین دەنگی دەهۆڵ وەبەرگوێ دەکەوت. گەورەو منداڵ بە دووی لۆرییەکان کەوتبوون و بە چەپڵە و هەراو هۆریا بە ڕێیان دەکردن...(قولی کەرامەت)یش بە ئیشارەتی دەست و بە هەڵشەقاندنی کلاّوەکەیەوە سوپاسی دەکردن..

یەکێ لە تەماشاکەرەکان بەوەی تەنیشتی وت:

– لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کەرامەتییەکان سەردەکەون ، سەیرکە چ هەڵلاّ و هۆسەیەکیان ناوەتەوە .. کێ زیاتر هۆسە بنێتەوە ئەو دەیباتەوە ! !

کاتێك کە لۆرییەکان لە شارۆچکەکە دەچوونە دەرەوە.. خەڵکەکە جاڕەکانی حیزبی مەدەنیەتیان هەڵدەکێشا ! ! ئەوەش زۆر ئاسایی بوو و خەڵکی دەیانوت:

– ئاخر بەرامبەر ئەم حیزبە بەهێزە حیزبی مەدەنییەت چی پێدەکرێ ؟ ! !

حیزبی سەلامەتیش بوایە هەر ئێ قەیدی ناکا.

لەبەردەم بارەگای حیزبی (سەلامەت) یش ئەندامانی جلی تازەیان پۆشی بوو و لافیتەیان بەدەستەوە گرتبوو و بەرەو دێهاتەکان ڕێگایان گرت، ئەمان لە باتی دەستەیەك دەهۆڵ و زوڕنا دوو دەستەیان هەبوو! دەیانەویست یەکێکی لە خەتی بەراییدا دانێن و ئەوەی دیکە لە خەتی دواییێ دابنێن .

لەسەر لافیتەکانی ئەوان نووسرابوو:

(هاووڵاتیان تەنها بە سەلامەتی سەلامەت ڕزگار دەبن)

(بورهان سەلامەت)یش وەك ڕەقیبەکەی جلی ڕێکی پۆشی بوو و فەرمانەکانی بە ئەندامەکانی ڕادەگەیاند..گۆچانێکی زۆر جوانی بەدەستەوە گرتبوو..ئەم گۆچانە لە زۆر جێگادا یارمەتی دەدا.. (ئیحسان) پێڵاوەکانی بۆ بۆیاخ دەکرد، بورهان پالێکی پێوەناو وتی:

– دە بەسە..

ئینجا ڕووی لە ئەندامانی حیزبەکەی کرد و وتی:

– هەموو شتێك ئامادەیە؟

– بەڵێ.

بورهان سەلامەت سەیرێکی پێش چایخانەکەی کرد.. ئەمیری کوڕی بینی وا پالّی بەدیوارەکە داوە.

بەدەست ئیشارەتی بۆ کرد، کە بێتە پێشەوە، بەڵام ئەمیر لەجێی خۆی نەبزووت.. بورهان لەو دوورەوە بە دەنگێکی بڵند وتی :

– کورە شیرینەکەم ئاگات لە چایخانەکە بێت.. نەیکەی بە گاڵتەو بەزمی خۆت! ئاگات لە حیساب بێ!! نابینی وا باوکت بەشداری خەباتێکی نەتەوەیی دەکات؟ ئەمیر بەبێ مەیلی و بێ تاقەتییەوە وەرامی دایەوە:

هەواڵنامەی کتێب

– باشە، من وا لێرەم خەمت نەبێ ..

ئینجا بورهان سەلامەت بە نواندنی جوولآنەوەیەکی تایبەتییەوە سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و ڕووی لە ئەندامانی حیزبەکەی کرد و وتی :

– یاڵڵاَ کوڕینە سواری لۆرییەکان بین..

ئەندامانی حیزب وەك چۆن ئەو سەربازانەی بەسەر قەلآیەك دەکەون، ئاوا بە لۆرییەکاندا هەڵگەڕان..(بورهان سەلامەت)یش چوو لە تەنیشت شوفێرەکەوە دانیشت و دەستی لەسەر سبیلەکەی داناو فەرمانیدا زوڕناژەنەکان و دۆڵەنگێیەکان دەست پێبکەن و ئەندامانیش دەست بە سروود خوێندن بکەن.. لۆرییەکان جووڵەیان کرد.. دەنگ و سەدای دوو دەستە دەهۆڵ و زوڕنا سەرتاسەری ئاوایی پڕ کردو خەڵکی لە گەورەو بچووك و ژن و پیاوەوە بۆ تەماشاکردن و بەڕێکردنی حیزبەکان لە ماڵ هاتبوونە دەرەوە.. تەنیا ئەمیر نەبێ لە شوێن خۆی نەبزووت.. هێشتا لەژێر کارتێکردنی ئەو قسانەدا بوو، کە دوێنێ شەو کاك (فیکری) پێی وتبوو.. سەیری دەکرد ئەندامانی هەردوو حیزب وا بەرەو گوندەکان بەڕێکەوتوون بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە سادەو ساویلکە لە خشتە ببەن! !دەچن تا ئەو خەڵکە هەڵبخەڵەتێنن!دەچن تا بە هەڵخەڵەتاندنی ئەوان پایەو توانای حکومەتەکەی خۆیان پتەوتر بکەن .. دەچن تا بە مژینی خوێنی ئەوان سامانێکی زۆرتر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، دڵیان بە کەس نەدەسووتا. هەر بۆ ئەوەی چوار ساڵی دیکەش فەرمانڕەوایی بکەن و چارەنووسی خەڵك بە دەستەوە بگرن ئەم بەزمەیان دەنایەوە ..

کە دارودەستەی باوکی لە شارۆچکە چوونەدەرەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا نەما، ئەمیر لە دڵی خۆیدا هەستی بە حەسانەوەو خۆشییەکی تایبەتی کرد.. بە چوونە دەرەوەی هەردوو حیزبەکە لە شارۆچکە، شارۆچکە لە درۆو تەزویرو فرت و فێڵ و دەست بڕین پاکبۆوە و چایخانەکەی خاڵی بوو، کەسی تیا نەما، کورسی و مێزەکان ئیسراحەتیان کرد و ئیدی ناچار نەبوون پاڵەپەستۆی جەستەی کۆمەڵێ خەڵکی دووڕوو لەخۆبگرن، گوێ لە گفتوگۆیە پڕ مەرایی و درۆو دەلەسەکانیان بگرن..

ئەمیر لە دەریای ئەو بیرو خەیاڵانەدا نقوم ببوو. لە دوورەوە دەنگێکی بەرگوێ کەوت :

– هێی ... سێ چامان بۆ بێتە.

ئەمیر سەیرێکی ئەوێی کرد..ئەو ژنەی لە ڕۆخ خێوەتی یارییەئاگرینییەکان دانیشتبوو بەسەرودەست ئیشارەتی بۆ کرد و وتی :

– بیهێنە ئێرە ..

لە پێش خێوەتەکە کۆمەڵێ گەنج ڕاوەستا بوون .. ئەو کیژە عازەبە نازدارە خۆی ڕازاندبۆوە فیشەکەکانی دەخستە نێو تفەنگەکەوە و دەیدایە دەست گەنجەکان تا لە نیشانەکەی بگرن و پاداشت وەرگرن، بەڵام گەنجە بەستەزمانەکان هەموو هەست و هۆشیان لەلای کیژۆڵەکە بوو بەهۆی جۆش و خرۆشیانەوە سەرتاپایان دەلەرزی ، کە لە نیشانەکەیان دەگرت دەبێت سانتیمەتر لە خوار یان لە سەرووی نیشانەکەیان دەدا!!

ئەوان دەستەیەك بوون هەر ئیشیان لەسەر ئەوە بوو، شارۆچکە بە شارۆچکە دەگەڕان و هەر ڕۆژەی ڕەشماڵیان لە شوێنێك هەڵدەدا و ئەو

هەواڵنامەی کتێب

یارییانەیان دەسازاند، کە پارەو پوولیان بە گەنجەکان نەدەهێشت ئەو دۆمانە بۆ شوێنێکی دی کۆچیان دەکرد .

(دڵبەر) زۆر زیرەك بوو.. تاقیکردنەوەی زۆری لە کارەکەی خۆیدا هەبوو، (هەزاران گەنجی دەبردە سەر ئاو و ئاوی نەدەدانیٚ) ، کەس لە بەرابەر چاوە گەروەکان و لێوە گۆشتەکانی ئەو کیژە خۆی پێڕانەدەگیرا ، وای لە بۆ پیاوەکی بەبەخت،کە دەبێتە خاوەنی ئەو جوانەو دووگمەی کراسی بۆ دەکاتەوەو سینەی بۆ هەڵدەماڵیٚ و ئارەقەی لەسەر دەردەکەویٚ ! !

(کەلسووم) زۆر کەیفی بەو نازو خۆبادانەی کیژەکەی دەهات،کە دەیدیت داهاتەی کچەکەی زۆرە، بانگی چایچی دەکرد چای بێنیٚ.. ئەوەندە حەزی لە چای دەکرد ئەگەر چایچییەکە تۆزیٚ دوا بکەوتایە پێی ناخۆش بوو ..

لەبەر ئەوەی ئەمیر بە تەنیٚ ماۆبوە بەخۆی چایەکەی خستە سەردەستی و بەرەو ڕەشماڵەکە ڕۆیشت..(دڵبەر) تفەنگەکەی پڕکردو لە کاتێکدا دەیدا دەست مشتەرییەکەی بە نازەوە هانی دەدا:

– یاللا گیانەکەم نیشانەکە بپێکە و پاداشت وەرگرە ..

ئینجا بۆ دواوە دەگەڕایەوە تا مشتەری دوای ئەو بانگ بکات.. لەپڕ بە بینینی ئەمیر، کە سینییە چایەکی بە دەستەوە گرتبوو ڕاچڵەکی و دڵی کرایەوە.. لێوەکانی لە خۆیەوە کەوتنە لەرزین، بە ژن و باڵای مەردانەو بازووەکانی ئەمیرو جوانی ڕۆیشتنی بەڕێوە کیژەی خستە واق وڕمانەوە..ئەو کار مامزە،کە لە هیچ لانەیەك گیرنەدەبوو ئۆقرەی نەدەگرت بە یەکجار کەوتە داوی ئەشقی (ئەمیر)ەوەو بووە ئەسیری ئەشقی ئەمیر.. (دڵبەر)، کە دەست و پێی خۆی لیٚ بزر ببوو و نەیدەتوانی دەست بەسەر کردار و ڕەفتارەکانی

خۆیدا بگرێت، تفەنگەکەی دەستی پڕ فیشەك کردو دایەدەست ئەمیر..(ئەمیر)یش بەبێ باکییەوەو لە خۆوە تفەنگەکەی لێوەرگرت و ئامادەی نیشانە شکێنییەکە بوو، بەڵام ئەوەندە کەوتبووە خرۆشەوە دەست و پێی دەلەرزی.ئەو گوللەیەی هاوێشتی یەك مەتر لە دووری تابلۆکە کەوتەوەو جاحێڵەکان بە دەنگێکی بەرز پێکەنین و گاڵتەیان بە ئەمیر کرد.

(دڵبەر)یش نەیتوانی پێکەنینەکەی بوەستێنێ،بەڵام کە زانی ئەڤیندارەکەی ناڕەحەت بووە و لە شەرمان ئارەقەی کردووە بە ئاوازێکی خۆشەویستانەوە وتی:

– ئازیزەکەم .. خۆت ناڕەحەت مەکە .. ئەم تفەنگە باش نیە..

هەرچەندە (دڵبەر) داوای لێکرد چەند گوللەیەکی دی بهاوێژێ،بەڵام ئەمیر بە شڵەژاوییەوە تفەنگەکەی دانایەوەو بەرەو سینییە چاکەی ڕۆیشت ..(دڵبەر) ، کە دەیویست ناڕەحەتی ئەمیر نەهێڵێ وتی:

– چەند جارێکی دیکەش وەرەوە تا فێری نیشانەشکێنی بیت و دڵتەنگ مەبە.

ئەمیر بە بیستنی ئەو ڕستەیە، کە بۆنی سووك کردن و ڕیسواکردنی لێدەهات زیاتر ناڕەحەت بوو و بە تووڕەییەوە وەرامی دایەوە:

– ئەوە ئیشی مندالآنە.. من حەز لەو ئیشە مندالآنە ناکەم .

(دڵبەر) بە جووڵانەوەیەکی تایبەتی سەرو دەستی،وتی:

– جا کە شارەزا نیت بۆ خۆت گیف دەکەیتەوە؟

– زۆریش شارەزام..

دڵبەر نیگایەکی کرد و خەندە لێوێکی بۆ کرد:

– ئەگەر نیشانەکەت شکاند پاکەتە جگەرەیەکی گرانبەهات دەدەمێ، ئەگەر دۆڕاندیشیت پارەی چایەکانت نادەمێ ..
– قبوولّمە..
– وەرە پێشەوە..
دڵبەر تفەنگەکەی پڕ کرد و دایە دەست ئەمیر بەوپەڕی باوەڕ بە خۆبوونەوە تفەنگەکەی بەرز کردەوەو دەستی بەسەر پەلەپیتکەکەوەنا بەرزبۆوە ، هەر بژی کاکە ئەمیر ، بەڕاستی نیشانەشکێنی..
ئەمیر خەندە لێوێکی بۆ نیگای گەرم و ئاگرینی (دڵبەر) کردو بە فیزەوە وتی:
– بینیت؟
(دڵبەر) زەردەخەنەیەکی بۆ کردو هیچی نەوت، ئەمیر کە نیشانەی سەرسووڕمان و واق وڕمانی لە ڕوودا دیت، بەردەوام بوو:
– نازداری ڕەشماڵنشین.. بینیت چتۆ نیشانەشکێنی مەردانەم؟ کوا دەبێنە پاکەتە جگەرەکە بێنە.. پارەی چایەکانیشت هەر هیچ، (دڵبەر) دیسان پێکەنی و پاکەتە جگەرەیەکی دایە دەست ئەمیر و وتی:
– حەڵاڵت بێ .. بەڕاستی پاڵەوانی...
کە جگەرەکانی لێوەرگرت دەستیان بەریەك کەوت و وەك تەزووی کارەبا ڕایچڵەکاندن..هەردووکیان بۆ ساتێ وا مانەوە..(گوڵێ) لەگەڵ داپیرە نوزهەت سواری عارەبانەیەك ببوون و بەرەو باغ دەڕۆیشتن.
لە گۆشەی مەیدان دوو چاوی حەسوودو پڕ لە خوێن ئەم بەسەر هاتەیان بینی.(گوڵێ) کە ئەم دیمەنەی بینی عەرەبانەکەی وەستاند و نەوەکو ئەوان

ئەو ببینن.. دەستگیرانەکەی پێی دەوت لە دڵ و دەروونی خۆی زێتر خۆشی دەوێ، کەچی وا لەگەڵ کیژێکی سۆزانی و بەرەڵڵا ئاشقاتی دەکات،قوڕگی گیرا.. خەریك بوو بگری، دوایی هەر چۆنێك بوو خۆی گرت و بە دەنگێکی تووڕەوە بە داپیرە نوزهەتی وت:

– دەبینی؟ پیاو ئاوانە، ئیدی ...

ئینجا کوڵی ڕەق و تووڕەیی خۆی بە ئەسپی ژێر عارەبانەکە ڕشت.. ئەو قامچییەی بە دەستییەوە بوو بە توندی بە پشتی ئەسپەکەیدا کێشا و هاواری کرد:

– هەچە..

دەنگی هاواری (گوڵێ) گەیشتە گوێی (ئەمیر) .. بە پەلە دەستی بۆ دواوە کێشایەوەو ئاوڕیکی بۆ دواوە دایەوە و (گوڵێ)ی دیت وا بەخێرایی دەڕوا، بەسەرسوڕمانەوە لەژێر لێوانەوە وتی:

– حەتمەن منیان بینیووە..

(ئەمیر) هەستی کرد گوناهێکی گەورەی کردووە، شەرمەزار و پەشیمان چەمایەوە سینییە چاکەی هەڵگرت و وردە وردە بەرەو چایخانەکە ڕێی گرتەبەر .

(گوڵێ) لە حاڵەتێکی شێتانەدا بوو، بە قامچیان وەرگەڕابووە عەرەبانەکەو لەنێو خۆڵ و تۆزی عەرەبانەکەدا دەتوت بەلەمی دەم زریانە.. ژنەکان نقوومی نێو بیرو خەیاڵی خۆیان ببوون، داپیرە (نوزهەت)یش، کە لە گەنجیەتیدا ئەو دۆخەی بە چاوی خۆی بینی بوو، زاتی ئەوەی نەدەکرد بۆ

هەموولانەی کتێب

هێورکردنەوە کیژە گەنجەکە قسەیەك بکات و هەر کرو بێ دەنگ بوو..

دواجار (گوڵێ) بێ دەنگییەکەی شکاند:

– داپیرە نوزهەت تۆش بینیت و شایەدی، کە ئەمیر چۆن خۆی بەو کچە سۆزانییەوە نووساندبوو؟

داپیرە نوزهەت زاتی پەیداکرد:

– خەم مەخۆ ئازیزەکەم.. ناڕەحەت مەبە.. ئیشەکە وا گەورە مەکە .. ئەمیر لەگەڵ ئەو کیژە هیچی نەدەکرد.

(گوڵێ) بەڕق و نەفرەتەوە نیگایەکی داپیرە نوزهەتی کرد و قیڕاندی:

– تۆیش دەتەوێ کڵاوم لەسەر بنێی؟..ئەدی نەتدیت،کە کیژەکە دەیویست پاکەتە جگەرەکە بداتە ئەمیر، ئەمیر چۆن دەستی گرتبوو؟ داپیرە نوزهەت بە ماقووڵییەوە وەرامی دایەوە:

– ئەه... ئەگەر دیتبم چاوم کوێر بێت .. تۆ بۆ وا بیر دەکەیتەوە...

(گوڵێ)، کە هێشا قامچییەکەی لە هەوادا هەڵدەشەقاند، هێدی هێدی لە داپیرە نوزهەت ڕادەما :

– تۆیش لای ئەویت..

داپیرە نوزهەت بۆ ئەوەی زیاتر تووڕەی نەکا، بێدەنگبوو، لەوکاتەدا گەیشتنە بەردەم کارگەی (قوتووی ماسی)ی غەیاسەددین..

غەیاسەددین،کە ساڵەهابوو ئاشق و شەیدای (گوڵێ) بوو، بە ئومێدی گەیشتن بە ئەو تا ئێستا گشت خەرجی کەرامەتی دەبژارد و بەڵێنی لە قولی کەرامەت وەرگرتبوو، دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن کچەکەی پێشکێش بکات، بە بینینی ئەوان زەردەخەنەیەکی کردو کڵاوەکەی بەرزکردەوە.

(گوڵێ)،کە لە عزرایل زیاتر لە غەیاسەددین دەترساو نەفرەتی لێدەکرد،جا بە تایبەتی ئەوکاتە، دیار بوو،کە چەندە نارەحەت ببوو.. بەڵام غەیاسەددین وەك یەکێ سەیری میوەیەکی گەییوو بکات،دەم و لێوی ئاوی کردو کە عەرەبانەکە گەیشتە ڕاست ئەو خۆی چەماندەوەو بە دەنگێکی بڵند وتی:

– لە ناخی دڵەوە سڵاو.

(گوڵێ)، کە قسەکانی غەیاسەددینی بە ویزەویزی مێشوولە دەزانی، ڕووی وەرگێڕا و بە توڕەییەوە، وەرامی دایەوە:

– ئای خوا بۆ خۆی بتباتەوە.

که عەرەبانەکە تێپەڕی، غەیاسەددین ڕووی لە وەستا حەسەن کرد ، کە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابوو و لە کاتێکدا عەرەبانەکەی پێنیشان دەدا ، وتی:

– ئەو کچەت بینی؟ باوکی بڕیاری داوە بیداتە من، ئەگەر لە بڕیارەکەیشی پاشگەز بێتەوە، بەڵایەکی وای بەسەر دێنم شار بەدەری دەکەم ...

وەستا حەسەن پشتگیریی لە قسەکانی ئەربابی کرد:

– جا لە تۆ چاکتر کێی دەست دەکەوێ ؟ ئەگەرچی پیاوی شەیتان زۆرن .. لەوانەیە نەیدا ..

غەیاسەددین بە قایم پێی لە عەرز کوتا و هاواری کرد:

– پوف .. چۆن دەتوانێ نەیدا؟ من بۆچی یەك دنیا پارەم لە حیزبی کەرامەت سەرف کردووە؟ .

دوای ماوەیەك بێ دەنگی غەیاسەددین لووتی فشکردەوە، بەردەوامبوو:

– شتێکم بیرکەوتەوە.. دەبێ بناغەی ئیشەکەم پتەوتر بکەم، ئەو برادەرەی کە تازە شتێکی دروستکردووە ناوی چییە؟ ها ؟ (فیکری) .. کە حیزبێکی

داناوەو کرێکارەکانی منی لە خشتەبردووە.. لەو باوەڕەدام کەرامەت بە کەڵکی ئێمە نایێ،دەبێ تا زووە پشتی تێ بگەین و خۆمان بە (سەلامەت)ەوە بگرین .. چونکە (سەلامەت) ییەکان سەردەکەون.. هەر چۆنێك بێت حیزبی زۆرینەی خەڵکەو هەموو توانایەك بەدەست ئەوانەوەیە، ئیدی ئاشکرایە هەر کارێك دڵیان بخوازێ دەیکەن.. ئەو کاتە ئێمەش بێ ئیش دەمێنینەوەو پارەکەشمان لێ دەخۆن و ئاخیرەکەی شەقێکیشمان تێ هەڵدەدەن و جا بڕۆ بەخێر بێی، بە تایبەتی من، کە پێوەندیم دەگەڵ کۆمەڵێ کرێکار هەیە، حیزبی کەرامەت بە کەڵك نایێ دەبێ خۆمان لەگەڵ حیزبی زۆرینە بگونجێنین.

* * *

حیزبی کەرامەت لە مەیدانی گوندی (چل تەپە)ەوە دەستی بە بەرنامەکەی کرد بوو.. قولی کەرامەت سنگی دەرپەڕاندبوو و لەژێر ئاڵای گەورەی حیزب ئەو قسانەی ، کە پێشترێ لەبەری کردبوون ، وەك تووتی بۆ گوندییەکانی دەگوتنەوە.. بێ دەنگییەکی گەورە باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو و لادێییەکان بەو پەڕی ڕێزەوە گوێیان بۆ قسەکانی سەرۆکی حیزب شل کردبوو.. بەڵام لە پڕ لە ناوەڕاستی کۆمەڵەکەوە بۆڕەی گایەك بەر گوێ کەوت..قولی کەرامەت زۆر ناڕەحەت بوو، گەڕایەوە و بە تووڕەییەوە پرسی:

– ئەوە کێ بوو؟

کەسیان ورتەیان لێوە نەهات،تەنیا(ها ...ها)ی پێکەنینی دێهاتییەکان، کە بە زۆریش پێکەنینەکەیان پێ ڕانەدەگیرا، بەرگوێ دەکەوت.. قولی کەرامەت بە ڕووی خۆیدا نەهێنا و دووبارە دەستی بە قسەکانی کردەوە .. پاشان بۆ

ئەوەی دێهاتییەکان خەریك بکات فەرمانیدا بڕێ مێدالیا و ئارمی حیزبیان بە بەرۆکیانەوە کرد، ئیدی هەریەکەو بوونە خاوەنی پلەو پایەیەك و بە دڵخۆشییەوە بەرۆك و سنگیان بەوانی دیکە پیشان دەدا و شانازی یان پێوە دەکرد.

قولی کەرامەت، کە دیتی شوێنەکەی بۆ ئەوە دەشێ دێهاتی یەکان هان بدا و قسەیان بۆ بکا لەسەر قسە ناتەواوەکانی بەردەوام بوو:

– خەڵکی بەڕێزی چل تەپە.ئەوەی کە مەرامی حیزبی بەجێ هێناوەو ئارمی حیزبی لە بەرۆکی داوە نیشانەی ئەوەیە، کە ئێوە مەشخەڵی گڕی عەشق و خۆشەویستی حیزبەکەی ئێمەتان لە دڵایە.. من لەناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم و داوا لە یەزدان دەکەم لەو ڕێگایەی گرتووتانەتە بەر سەرکەوتوو بن!! هاوڵاتی یە ئازیزەکان ، پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون یان خوا نەکا لەناوچوون و نەمانی وڵاتەکەمان پەیوەندە بە ئێمەوە .. دایکی وڵات چاوەڕوانی ئێوەیە، کە لە ڕێگەی ڕزگارکردنیدا گیانی خۆتانی تیا بەخت بکەن. ئەو هەڵبژاردنانەی گرتوومانەتە بەر لە خزمەتی میللەت و وڵاتەکەماندایە،ئەگەر حیزبەکەی ئێمە سەرکەوتوو بێت. ئابووری و ڕامیاری وڵاتەکەمان ڕزگاری دەبێت!!، بەڵام ئەگەر حیزبی نەیار ڕێگای ئەنجوومەن بگرێتە بەر ئاخیرو ئاقیبەتی وڵاتەکەمان مەگەر هەر خوا بزانێ ئەگینا کەس نازانی ئەو کاتە چی بەسەر دێ .. و چ بەڵایەك بەسەر ئەم میللەت و وڵاتەدا دێت..

دەشتەکییەکان، کە کەوتبوونە جۆش و خرۆشەوە بە گەرمییەوە دەستیان بە چەپڵە ڕێزان کرد.. قولی کەرامەت بە خەندەیەکی سەرکەوتووانە بەدرەوام بوو:

– باش گوێ بگرن.. ئەمڕۆ هەموو هێزو توانایەك بەدەستی حیزبی ئێمەوەیەو هەمیشەیش هەروا دەبێت !!

دیسان دەنگی چەپڵەو هەراو هۆریای لادێیەکان بەرز بۆوە. قولی کەرامەت جامە ماستاوەکەی، کە لەسەر مێزەکە دانرابوو،هەڵگرت و هەندێکی لە پەرداخەکە کرد. جا بە شێوەیەکی ماقووڵانەوە فڕفڕ دەیخواردەوە.. پاشان ددانەکانی پاك کردەوەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بۆوە:

– زۆر خۆش بوو، ئەی برادەرانی زەحمەتکێش بیر بکەنەوە.. ئەگەر ئێمە نەبوویتانەیە لە کوێ گایەکان ئەوەندە شیریان دەدا !! کاتێ ئێمە حوکم بە دەستەوە بگرین نیعمەت و بەرەکەت بەسەر وڵاتدا دەبارێ ! هەتاوەکو هەوایش خۆش دەبێ .. وانییە؟!

دەشتەکییەکان هەموو بەیەك دەنگ هاواریان کرد:

– ڕاستە ...

قولی کەرامەت بە دەنگێکی بەرزترو دڵنیاترەوە وتی:

– ئەی خەڵکینە گوێ بە قسەی دوژمنان و نەیارانی وڵات و میللەت نەدەن ... بە قسەکانیان هەڵنەخەڵەتێن!! تەنها حیزبی کەرامەت دەتوانێ ئاواتە لەمێژینەکانتان بۆ بێنێتەدی .. تەنها حیزبەکەی ئێمە لە توانایدایە برنج .. لۆبیا.. نەوت.. ڕۆن و شەکر و ئارد بەنرخێکی هەرزان و زۆر بخاتە بەردەستی ئێوە... ئەگەر نەیارەکانمان لە هەڵبژاردندا سەرکەون، ئێوە هەرگیز

دانەویڵەو سپیاتی و شیرناتی بەچاوی خۆتان نابینن. دەشتەکییەکان بە یەك دەنگ هاواریان کرد:

– بڕوخێ حیزبی نەیار..

قولی کەرامەت بە جوولانەوەی سەر سوپاسی دەشتەکییەکانی کرد:

– هەوایەکی ئازاد .. خواردنێکی بێ فرت و فێڵ .. پاکی و برادەرایەتی لای ئێمەیە..ئەگەر درۆ دەکەم بڵێن درۆیە .. گشت دێهاتییەکان کردیان بە چەپڵەڕێزان و هەرا..قولی کەرامەت کە بەهۆی جۆش و خرۆشەوە نەیدەتوانی دەست بەسەر هەستی دا بگرێت لەکاتێکدا سووربۆوە هاواری کرد:

– ئینجا دوای ئەوە (گاز) تان بەخۆڕایی دەدەینێ!.. ڕابەری گەورەمان کاك (حەسەن گاززادە) خاوەنی گشت دەزگاکانی گازەو دەیەوێ بەخۆڕایی گاز بە هەموو ئەندامانی بدات.

دەشتەکییەکان نەیاندەزانی گاز چییەو بۆچی باشە، بۆیە هیچ هەستێکی خۆیان دەرنەبڕی. قولی کەرامەت وایدەزانی ئێستا بە دەرکردنی بڕیارێکی وا هەراو هۆریاو ئافەرینی دەشتەکییەکان دەگاتە ئەو پەڕی ئاسمان، بۆیە زۆر سەری لەو دۆخە سوورماو بە ئەبرۆی گرژەوە وتی:

– کوڕینە چەپڵەلێدەن.. هەستی خۆتان بۆ ڕابەرەکەتان دەربڕن!! دەشتەکییەکان بەبێ ئامانج و مەبەست دەستیان بە چەپڵە ڕێزان کرد! قولی کەرامەت سەیرێکی دێهاتییەکانی کرد بە تووڕەبوونەوە و بە چپە لەوەی تەنیشتی پرسی :

– قسەکانم چۆنە؟ باشە؟

ئەوەی تەنیشتی بە ئیشارەتی سەر تێیگەیاند،کە باشە. قولی کەرامەت زیاتر زاتی پەیدا کردبوو و لەکاتێکدا هەوڵی دەدا دەنگی گڕتر بێت، وتی:

– دوای ئەوە ڕێگا بە هیچ حیزبێك نادەین دەست بخاتە کارەکانمانەوە! تا دوا دڵۆپە خوێن خەبات دەکەین و تەنانەت کورسییەکیشیان پێ نادەین !

دێهاتییەکان بە گەرمترەوە دەستیان بە هەرو چەپڵە ڕێزان کرد:

– بژی ..

قولی کەرامەت مستێکی بەمێزەکەدا کێشاو بە دەنگێکی بڵندەوە هاواریکرد:

– یەکەم بە خواو دووەم بە پشتیوانی ئێوە حیزبەکانی دی وەك پەمۆ پەڕ پەڕ دەکەین!

– خۆشبی .. بژی ..

قولی کەرامەت زەردەخەنەیەکی کرد:

– کوڕانی شارۆچکە لە بیرتان نەچێت هەمووتان وەرنە چێشتخانەی حیزب و بەخۆڕایی نان بخۆن..

ئەم جارە دەشتەکییەکان هەر بە یەکجار کردیان بە هەڵلاّ و چەپڵەڕێزان!

قولی کەرامەت پێداچوو:

– حیزبەکەمان گشت داهاتی تری ئەمساڵتان بە دووقات لێدەکڕێ !

دەشتەکییەکان بە دەنگێکی بڵندتر لە جاری پێشوو هاواریانکرد:

– خۆش .. بی ..

قولی کەرامەت ساتێ ڕاوەستا هەناسەیەکی هەڵکێشاو ئینجا زۆر بەهێمنی و ئارامەوە وتی:

– لەبری ئەمانە حیزب داواتان لێدەکات ڕای خۆتان بدەنە کاندیدەکانمان.

– بەڵێ دەدیدەین!

– لە ئێوە باشتر کێمان دەست دەکەوێ!

– سبەینێ لە مەیدانی شارۆچکە کۆبوونەوەمان هەیە دەبێ بەشداری بکەن.

– بەشداری دەکەین..

لە هەمان کاتدا (بورهان سەلامەت)یش لە ئاواییەکی دی قسەکانی بە خەڵکەکە ڕادەگەیاند و لەسەر سەکۆیەکی بڵند، کە چواردەوری بە گەڵای درەخت و ئاڵاکانی حیزب ڕازابۆوە، ڕاوەستابوو دەدوا:

– ئەی میللەتی خۆشەویست.. لەو ڕۆژەوە، کە حیزبی کەرامەت دەسەڵاتی گرتۆتە دەست خێرو بەرەکەت نەماوە!.. نرخی هەموو شتێك دووقات بەرز بۆتەوە .. گۆشت دەست ناکەوێ .. نانەکە خراپە .. کرێی خانوو ڕۆژ بە ڕۆژ گران دەبێ.. نرخی شمەك هەر سەیرە. وەڵحاسڵ هەرچییەك ئێوە بیڵێن چەند قاتی پێشتری گرانتر بووە، هێشتاکە لەگەڵ ئەوەشەوە شەرمەزار نابن و داوای ڕای ئێوە دەکەن. هەر یەکێ ڕای خۆی بداتە ئەوان ناپاکی لەگەڵ وڵات و میللەتەکەی خۆیدا دەکات .

دێهاتییەکان بە یەك دەنگ هاواریانکرد:

– نەفرەتی خوای لێ بێ،ئەوەی ڕای خۆی دەداتە ئەوان. بورهان سەلامەت دەستەسڕەکەی دەرهێناو بە ئاکارێکی دیموکراسییانەوە! فرمێسکی چاوەکانی وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون سڕییەوە! بە تۆزێ تووڕە بوونەوە درێژەی پێدا:

هەواڵنامەی کتێب

– برایانی دەشتەکی.. داوای لێ بوردن دەکەم، کە بوومە هۆی هەست بزواندتان و خۆم بۆ نەگیرا و ئەو فرمێسکانەم ڕشت ! ئەگەر چی بەرامبەر زوڵم و ستەم و دەست درێژی کەرامەتییەکان فرمێسك هەر هیچ نییە دەبێ خوێن لە چاوما بباریێ ! ئەوە چواردە ساڵە فەرمانڕەوایی دەگێڕن هیچیان بۆ کردوون؟

هەموو بەیەك دەنگ وەرامیان دایەوە:

– نەخێر هیچیان نەکردووە ..

دەنگە (نووزە... نووزە)ی گریان لە نێو کۆمەڵەکەدا بەرز بۆوە . (بورهان سەلامەت)یش لەبەر هەنسکی گریان نەیتوانی لەسەر قسەکانی بەردەوام بێ .. کاتێ دووبارە بە دەستەسڕەکەیەوە فرمێسکی چاوەکانی چڵمی سڕی پێدا چۆوە.

– ئەڵبەتە ئێمەش هیچمان بۆ نەکردوون..بەڵام گەر بهاتینایە یان نەهاتینایە بۆ لاتان هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەم حیزبە خاوەن دەسەڵاتە،کە سەر لە هەموو شارو قەزاو گوندەکان بدات و هەر یەکێ تەنگ و چەڵەمەیەکی هەبێت بۆی چارەسەر بکەن!.

من لەسەر ئەم سەکۆیە بەڵێنی شەرەفتان پێ دەدەم،ئەگەر حیزبی سەلامەت لە هەڵبژاردندا سەرکەوێ و دەسەڵاتی بکەوێتە دەست لەچاو نوقانێکا چارەسەری هەموو کێشەکانتان دەکەین !. ئەگەر نەمان کرد .. سەرۆکەکان وازدەهێنن !

دێهاتییەکان هەموو پێکڕا بەیەك دەنگ وەرامیان دایەوە:

– ڕازین!

ئەم جارەیان (بورهان سەلامەت) زەردەخەنەیەکی کرد و هاواریکرد.

– خەڵکینە.. ئێمە سەری خۆمان لە ڕێی دیموکراسیەت داناوە! بۆ ڕزگاری و ئازادی وڵاتەکەمان گیان لەسەر دەستین! ئێمە بەناوی نوێنەرانی حیزبی وەفادار و فیداکارتانەوە هاتووینەتە ئێرەو داوای دەستی یارمەتی و هاریکاری لە ئێوە دەکەین...

دێهاتییەکان هەموو پێکڕا وەرامیان دایەوە:

– هەڵبەتە ئامادەین..

بورهان بەسەر لەقاندنەوە سوپاسی کردن و درێژەی پێدا:

– سبەینێ لە شارۆچکە کۆبوونەوەیەکی گەورەمان هەیە: تکاتان لێدەکەم تەشریف بێنن..دەستی گەورەکان و ڕوومەتی منداڵەکان ماچ دەکەم و هیچی دیکەم نییە بیڵێم.. بورهان سەلامەت لەگەڵ دەنگی چەپڵە ڕێزان و خرۆشانی هەستی دێهاتییەکان لەسەر کورسییەکە هاتە خوارەوە.. یەکێ کاسەیەك دۆی بۆ هێنا.. بورهان دەستێکی بەسەریەوە گرت و کاسەکەی بەیەك فڕ تەواو کرد.. و بە (ئیحسان پەڕ پەڕ)،کە لە تەنیشتیەوە ڕاوەستابوو، وتی:

– هەریەکەو پێنج لیرەت خستە گیرفانیانەوە؟

– بەڵێ...

– زۆر چاکە، ئێستا ئەو مێدالیایانەی هێناومانە بیاندەرێ و لەبیرت نەچێ بیدە کوێخاو مەلای گوندیش.

ئیحسان بەدوای کارەکەی ڕۆیشت.. لەولایشەوە (بورهان سەلامەت)یش فەرمانی بەسەر دۆڵەنگێو زوڕناژەنەکاندا کرد:

– یەڵڵاّ کوڕینە بتانبینم ئاهەنگێکی خۆش سازدەن.. ئەمڕۆ جەژنێکی گەورەیە .. هاوڵاتی یە دێهاتی یەکن باوەشیان بۆ کردووینەتەوە...

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بۆوە و مەیدانی گوند لەژێر پێی ئەو کوڕانەی شاییان دەکرد ببووە تەپ و تۆز .. ئەمیر زۆر ناڕەحەت بوو بۆیە نەیتوانی لە چایخانە بمێنێتەوە، هەرچەندە باوکیشی ڕایسپاردبروو،کە ئاگاداری ئیش و ئیش و شتەکان بێت. لە چایخانە هاتە دەرەوە . سواری کۆنە پاسکیلەکەی بوو و بە دووی عەرەبانەکەی (گوڵێ) تێی تەقاندو بۆی دەرچوو..

لە جادە خۆڵەکە بەو پەڕی خێرایی دەڕۆیی هەموو هۆش و خەیاڵی لەلای (گوڵێ) بوو:

(حەتمەن،کە قسەم لەگەڵ ئەو کچە قەرەجە کردووە،گوڵێ بینیویەتی؟ نازانم ئێستا لەگەڵم ئاشت دەبێتەوە یان نا؟ ئەوە چۆن کارێك بوو من کردم، کچە هەقی خۆیەتی ناڕەحەت بێ.

لەو خەیاڵ و بیرکردنەوەدابوو گەیشتە لای دیواری باخەکەی گوڵێ ... پاسکیلەکەی بەقەد دیوارەکەوە هەڵپەسارد و لەسەرخۆ سەرکەوتە سەر دیوارەکە و سەرێکی هەڵکێشا :

( – حەتمەت ئێستا گوڵێ لەناو باخەکەدا خەریکی ترێ ڕنینە.)

گوڵێ و داپیرە نوزهەت لێك دوور بوون و بێ ئەوەی قسان لەگەڵ یەك بکەن خەریکی ترێ ڕنین بوون.. ئەمیر بە ئارامی و لەسەرخۆ خۆی هەڵدایە ئەو دیوی دیواری باخەکەوە.. بەنێو توولە مێوەکاندا و بەسنگ خشین خۆی گەیاندە نێزێك (گوڵێ) ، گوڵێ کە لە هەموو لایەکەوە بێ ئاگابوو و خەریك بوو هێشووە ترێیە گەییووەکانی دەخستە نێو سەبەتەکەوە خەمێکی قووڵ

بە ڕوویەوە دیار بوو..(ئەمیر) چووە پێشتر.. تەنها توولە مێوێکیان بەین بوو . ئینجا یەکسەر لەشوێن خۆی قیت بۆوەو لەدواوە شانەکانی (گوڵێ)ی گرت و ڕووی بۆلای خۆی وەرسووڕان، هەوەڵ جار گوڵێ ڕاچڵەکی دوایی کە زانی ئەمیرە تووڕە بوو و ویستی ناڕەزایی خۆی دەرببڕی، بەڵام ددانەکانی کەوتە سەر لێوی ئەمێرو ماوەی نەما هاوار بکا! هەرچەند هەوڵیدا لە نێوان بازووە ئاسنینەکانی ئەمیر خۆی دەرباز بکا،نەیتوانی! لێوەکانی دەسووتاو سەرتاپای کەوتبووە جۆش و خرۆش و لەرزینەوە، دواجار هەلێکی بۆ ڕەخساو لەدەست ئەمیر هەڵات .. کە ئازاد بوو بە تووڕەیی و نەفرەتەوە هاواریکرد:

– بڕۆ لەبەر چاوم .. دڕندە! ..

ئەمیر دووبارە بەرەو ڕووی چووەوە تا دەمی بگرێ و نەهێڵی هاوار بکا،بەڵام (گوڵێ) وەك کارمامز بازی دەدا و بەسەر ئەو هەورازو نشێوەدا رایدەکرد و دوور دەکەوتەوە.. ئەمیر بەدوایدا ڕایدەکردو هێدی بانگی دەکرد:

– کچێ.. مەڕۆ .. ئیشم پێتە.

(گوڵێ) گرنگی بە قسەکانی ئەو نەدەداو وەك کەروێشکی کێوی بە نێو توولە مێوەکاندا هەڵدەهات و دەڕۆیشت .. ئەمیر قایمتر هاواری کرد:

– بووەستە .. بۆ کوێ رادەکەی؟ ئیشم پێتە.

داپیرە نوزهەت دەنگیانی بیست، سەری بەرزکردەوە، کە ئەم دۆخەی دیت، ئاوی خەندەیەکی خۆشی لێوی تەڕ کرد!.

هەوالنامەی کتێب

(گوڵێ) لە ڕەزە ترێیەکە هاتە دەرەوەو هێشتا بە هەناسە بڕکێوە هەڵدەهات.. ئەمیر خۆی لە پشت تاشە بەردێکی پان شاردەوەو چاوەڕوانی (گوڵێ) بوو بەخۆی بگەڕێتەوە .

(گوڵێ) لە پاڵ دیواری باخەکە ڕاوەستا. نیگایەکی بۆ دواوە کرد، کە دیتی ئەمیر دیار نییە، دەستی لەسەر سینەی دەرپەڕیوی، کە بەرزو نزم دەبۆوە، داناو چەند هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا و ئینجا بە ڕقەوە وتی:

– سەگبابی دەبەنگ !.

پاشان بە خەیاڵی ئەوەی، کە ئەمیر لە ڕەزی ترێ دا بە جێماوە هاتەوە، کە گەیشتە ڕاست تاشە بەردەکە، ئەمیر لە پشتی دا چاوەڕوانی وی بوو، ئەمیر خۆی هەڵدا و بازووی (گوڵێ)ی گرت، (گوڵێ) لە خۆیەوە قیژاندی:

– دایە ... دایکە..

هەردووکیان کەوتنە خۆ پچڕینەوە، یەکیان بۆ ئەوەی هەڵبێت.. ئەوەی دیکەیان بۆ ئەوەی نەهێڵێ.. دواجار هەردوو پێکەوە غلۆر بوونەوە.

(گوڵێ) هەر دەست و پێی دەکوتی و دەیقیژاند :

– وازم لێ بێنە ..

ئەمیر پێدەکەنی و بەنۆرە ڕوومەت و گۆناو دەمی (گوڵێ)ی ماچ دەکرد!

– وازت لێ ناهێنم .. تۆ دەسگیرانی منی .. ژنی منی ..

– نەخێر من هەرگیز نابمە ژنی تۆ! بڕۆ بۆ خۆت ئەو کیژە قەرەجە بخوازە

ئیدی ئەو شەڕە شیرین و بە لەززەتە هەرگیز تەواو نەدەبوو! و لە کاتێکدا بەسەر چیمەنەکدا دەتلانەوە ئەمیر پرسی :

– ئەو ڕقەبەرایەتیەت هەر لەبەر ئەوەیە؟

– ئەدی چی.. بۆ ، درۆی دەکەی؟

– بەڵێ ... وەڵڵاهی .. بە خوای .. درۆیە .. سوێندت بۆ دەخۆم . ئەم وشە کورتانە،کە لە دەروونێکی پاکەوە دەگوتران، وەك بڵێی ئاو بن و بەسەر گڕی ڕق و تووڕەیی کچەکەدا بڕژێن، بە جارێ ئارام بۆوە دەستی لە هەموو تەقەلایەك شل کرد ! !

ئەمیر،کە نێچیرەکەی کەوی کرد و لەبەر تیری دەبینی بازووی بەرەڵا کرد.. هەردووکیان لە عەرزەکە قیت بوونەوەو ڕوو بە ڕووی یەکدی دانیشتن..چەند ساتێك چاویان بڕیە یەکترەوە، ئینجا ئەمیر بە ئاوازێکی هێمن و بە سۆزەوە وتی:

– سەیری چاوەکانم بکە،بزانە درۆ دەکا؟ من بە درێژایی تەمەنی خۆم تاکە کەسێکم خۆش ویستووە،ئەویش تۆیت.. گوڵێ گیان قەسەم بە خوا شێتانە خۆشم دەوێی.. ئەو کچە گەنجە، ئەو ڕستە شیرینانە ئەوەندە کاریان تێ کرد .. سەرتاپای خاو بۆوە.. پلەی گەرمی لەشی بەرز ببۆوە و بە شەرمەوە وەرامی دایەوە:

– حەز دەکەم باوەڕ بکەم .. بەڵام دڵم ڕازی نابێ.

– سوێندت بۆ دەخۆم..

– منت لە هەموو کەس زێتر خۆش دەوێ؟

– هەتا لە گیانیشم زێتر خۆش دەوێی.

گڕی هەوەس لە دڵی هەردووکیاندا کڵپەی سەند، لێوەکانیان نزیك خستەوە..ئەمیر هێدی هێدی دەستەکانی بردە پشتەوەو شانەکانی کچەکەی گرت و بە توندی بە خۆیەوە نووساند ! ئەوەندە یەکدیان ماچ کرد تێر بوون

! بیٚ ئەوەی ئاگایان لەوە بیٚ دووچاوی پیس تیٚیان دەڕوانیٚ و لە پشت درەختەکانەوە ، سەیری گشت جووڵانەوەو ڕەفتاریٚکیان دەکات. ئەم چاوانە هی غەیاسەددین بوون،کە وەك بەرازیٚکی پیٚکراو سەیری دڵداری ئەمیر و ئەو کچەی ، کە بڕیار وابوو شووی پیٚ بکات، دەکرد!

تفیٚکی خەستی فڕیٚدایە سەر زەوی و لەکاتیٚکدا جنیٚوی بە حیزبی سەلامەتییەکان دەدا ، لەویٚ دوور کەوتەوەو ڕۆیشت تا ئەم هەواڵ سەرنج ڕاکیٚشەرە بە سەرۆکی حزبی کەرامەتییەکان ڕابگەییٚنیٚ !

لە پیٚش بارەگای حزبی سەلامەت (بورهان)، کە ماندوو و مردوو لە ڕیٚگا گەیشت بوو ، لەگەڵ (کازم کوورەچی) قڕەوگاڵەیان بوو:

– ئەم کوڕە چۆتە کویٚ ئەی من پیٚمە نەگوت چایخانەکە وا بەجیٚ نەهیٚڵیٚ ؟

سواری پایسکیل بوو ڕۆیشت .ك٢

بورهان سەلامەت بە دەستەسڕ ئارەقەی نیٚوچەوانی سڕیەوە جگەرەیەکی داگیرساند و وتی:

– من دەچم لەو شاخ و دەشتە شت بە خەڵکی ڕادەگەییٚنم!

کاك (زادە)یش جەنابی دەچیٚتە گەڕان و سووڕان!

ئینجا بەبیٚ ئەم لاو ئەولا و ڕیٚزگرتنەوە هاواری کرد:

– بابی دەگیٚم!

وەها هاواری کرد (ئیحسان پەڕ پەڕ) لە جیٚی خۆی ڕاپەڕی و لاپەڕەکانی ئاگادارییەکانی لە دەست پەرش و بڵاوبۆوە!

بورهان هیٚشتا بۆڕە بۆڕی بوو جنیٚوی دەدا:

– ئەو سەگبابە تەمیٚ دەکەم.

لەو کاتەدا یەکێ لە ئەندامانی حیزب، کاغەزێکی هێناو دایە دەست بورهان سەلامەت ، بورهان پرسی:

– چییە؟!

ئەو برادەرەی،کە کاغەزەکەی هێنا بوو، وەرامی نەدایەوە، بەڵام چونکە بە ئەدەب و دەست لەسەر سینە ڕاوەستا بوو،بورهان تێگەیشت ، کە لەلایەن سەرۆکی گشتییەوە نێردراوە.. ئەویش خۆی ڕێکوپێك کرد... سەری پاکەتەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی کرد.. لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەدا بەجۆرێ ڕەفتاری دەکردو دەجووڵایەوە،دەتوت لەبەردەم سەرۆکی گشتی ڕاوەستاوەو دەیەوێ بە ڕێکی فەرمانەکانی وەرگرێ.. هەمووی لە ژێر لێوانەوە دەوت :

– بەڵێ .. ئەمر بفەرموون .. مل کەچین ..

هەر جارێ نامەکە دەگەیشتە کۆتایی (بورهان سەلامەت)یش گچکەتر دەبۆوە.. بەڵام زۆر زوو لەدەوروبەرەکەی بە ئاگاهات و چاودێری خۆی کرد .. ئەندامانی حیزبیش، کە ئامادەبوون و بە دیتنی حاڵەتی سەرۆکەکەیان بەم شێوەیە ئەوانیش گچکە دەبوونەوە!

هەر لەو کاتەدا حیزبی کەرامەتیش وەك کاروانێکی گەورە هاتنە نێو مەیدانەوە.. ئەوانیش لە ماندوویەتیدا بەلادا دەهاتن و توانای قسە کردنیان نەبوو.. هاتن لە پێش چێشتخانەکەی قولی کەرامەت دابەزین .. قولی وەك فەردە ئاردێك لە ئۆتۆمبێل کەوتە خوارەوە! بە ماندوویەتی لە پێش چێشتخانەکەیەوە خۆی فرێدایە سەر مۆبیلێکەوە.. ئەوەندە ماندوو بوو بوو هەتا ئاگای لە هاتنی (غەیاسەددین)یش نەبوو و گرنگی پێنەدا ...

غەیاسەددین سینەی پاك كردەوەو ویستی قسە بكات،بەڵام قولی كەرامەت پێشدەستی كردو وتی:

– ئاخر .. پەكمان كەوت .. زۆر ماندوو بووین .. دەئێتا با بزانم میللەت چۆن ئەو چاكەیەمان پڕ دەكاتەوە؟!

غەیاسەددین بە ڕووی گرژی و قینەوە وەرامی دایەوە:

– ئەو قسانە پەیوەندییان بە منەوە نییە.. ئیدی لەوە بەدواش یەك پوول چییە بەحیزبی نادەم.

قولی كەرامەت ڕاچڵەكی و بە ناڕەحەتی و تووڕەییەوە پرسی:

– بۆچی؟

– پێویست بە بۆچی ناكات .. نە كچتم دەوێ .. نەپارەش دەدەم..

پولی كەرامەت لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبوونەشی لە جێگەی خۆی قیت بۆوەو لەسەر ئەژنۆ دانیشت:

– بە تەوسەوە مەدوێ .. ئەگەر تووڕەم كەیت مووی لەشم هەمووی ڕەق ڕادەوەستێ! !ئەم قسانە چییە دەیكەی؟جوان قسە بكەو بزانم دەڵێی چی..

غەیاسەددین ویستی وەرامی بداتەوە.. چاوی بە ئەمیر كەوت، كە بە پاسكیلەكەی لە باغ دەگەڕایەوەو لە كاتێكدا ئیشارەتی بۆ ئەو دەكرد، وتی:

– ئەم كوڕە دەبەنگە بۆتە ڕەقیبی من!

قولی كەرامەت حەوسەلەی نەمابوو.. بەنیمچە تووڕەبوونێكەوە هاواری كرد:

– عەمر درێژ بی، دە بە ڕوونی قسەبكە و بزانم دەتەوێ بڵێی چی.

– ئێوە، کە چووبوونە کۆبوونەوە ئەم نێرەکەرە.. لەگەڵ کیژەکەت.. خەریکی دڵداری بوو.

قولی کەرامەت وەك پڵنگێکی پێکڕای لە جێی خۆی ڕاپەڕی.

– دەزانی چ غەڵەتێکت کرد ؟

– نا کوێراییم دایێ ئەگەر درۆبکەم.. بەم چاوانەی خۆم بینیم .. ئێستا تێگەیشتی بۆ پارەتان نادەمێ؟ قولی خەریك بوو شێت دەبوو، یەخەی (غەیاسەددین)ی گرت و هاواریکرد:

– ئەگەر درۆ بێ .. هەردوو چاوت دەردەهێنم ..

غەیاسەددین خەریك بوو بخنکێ،خنەخنی پێکەوتبوو بە زۆر خۆی کێشایەوە دواوەو بە پچڕ پچڕی وەرامی دایەوە:

– ئەگەر.. درۆ.. بکەم زمانم لاڵ بێ! نیو سەعات ڕێك.. لەسەر چیمەنەکەی ناو باخەکە گەمەیان دەکرد! تێك ئاڵابوون و ڕاموسانیان دەکرد! بەراکردن هاتم خەبەرت بدەمێ..

قولی کەڕامەت هەردوو دەستی لە یەخەی (غەیاسەددین) کردەوەو بە قایم بەسەری خۆیدا کێشا :

– ئاخ ..ئاخ ..ئاگرم تێ بەربوو.. وەختە بتەقم . نابێ کچی من؟ قەت! ..

غەیاسەددین بە نیوە تووڕەییەکەوە وەرامی دایەوە :

– خۆم بینیم.. ئیدی ئەگەر ئەو کچەی تۆ فریشتەش بێ و پەری بەهەشتیش بێ من نایخوازم..

قولی شەقازللەیەکی خێواندە سینگی غەیاسەددین:

– بەقەدەر بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە.. دەزانی لەگەڵ کێ دەدوێیت؟

دەتەوێ حیزبی کەرامەت سووك بکەی؟ کچی من بەرامبەر باوکی و حیزبەکەی وەفادارە! ڕەنگە هەر کوڕەکە ویستبێتی بە زۆر ماچی بکا و ئەویش خۆی پچڕیبێتەوەو بەرگری لە خۆی کردبێ!!

غەیاسەددین بەرپەچی دایەوە:

– نا بابا .. پێی ناخۆش نەبوو .. خۆی ڕازی بوو!!

قولی کەرامەت کە لە تووڕەییاندا دەیەویست پیاسە بکات، وتی:

– دیارە زۆری لە کچەکەم نەکردووە بۆیە خۆی تێك نەداوە!! ئینجا چووە پاڵ (غەیاسەددین)ەوە .. سەری بردە بن گوێی و بە هێواشی وتی:

– پاش ئەم هەڵبژاردنانە کچەکەمت دەدەمێ.. بە مەرجێ لە ئێستاوە بە دواوە دەمی خۆت بگری و ئەو باسە لای کەس نەکەیتەوە! ئەگەر لەم کاتە ناسکە قسەیێ بکەی ئابرووی حیزبەکەمان دەچێ..تێگەیشتی؟ غەیاسەددین بە ترس و سامەوە هێدی هێدی ڕۆیشت و سەری لەقاند :

– بەڵێ تێگەیشتم... تێگەیشتم ... تێگەشتم ...

قولی کەرامەت دیسان بۆ لای چووەوە .. چاوەکانی کردەوەو وتی:

– بابت دەگێم قسان بکەی ها .. ئەوەش بزانە ، کە وەزعی کارگەکەت زۆر خراپی بەسەر دێ و ئاگاداری خۆیشت نەکەی لەسەر ئەو عەرزە نامێنیت! دەبێ کرێکارەکانیشت هەموویان دەنگی خۆیان بدەنە ئێمە.

غەیاسەددین بە ڕوویەکی ترشەوە :

– ئەدی ئەو ئیشەی کچەکەت چی بەسەر دێ؟

قولی کەرامەت بە هێمنی وەرامی دایەوە:

– من کچی خۆم دەناسم .. حەتمەن ئەو کوڕە سەگبابە بە گژیدا چووە.. هیچ نەبووە هەر لە تۆی مارە دەکەم!

قولی بە بۆڵە بۆڵ سەیرێکی چایخانەکەی سەلامەتییەکانی کرد:

– ئاخ بورهان سەلامەت بەس بهێڵە هەڵبژاردن تەواو بێت. نەخۆت و نەچایخانەکەت لێرە ناهێڵم .. پیاو نەبم ئەگەر وانەکەم! لەو کاتەدا (نوری زەنگەزۆرە) لە چێشتخانە هاتە دەرەوەو بە ترس و دوو دڵییەوە لە قولی کەرامەت نێزێك بۆوە:

– مامە قولی پارەم بدێ بچم پیاز بکڕم..سەلکە پیازێك چییە نەمانماوە ..

– قولی کەرامەت بە تووڕەیی یەوە هەڵسایەوە کولی خۆی بەسەر ئەو بێچارەیەدا ڕشت، هەوەڵی بە هەردوو دەستی وەرگەڕایە سەرو گوێلاکی و ئینجا لەقەیەکی تەڕیشی خێواندێ.

– لاچۆ لەبەر چاوم هەی سەگباب.. ئێستا وەختی پیاز کڕینە؟

نوری بەدبەخت، کە هەوەڵی خۆی خواردکردبۆوە وەها دەرپەڕی و بۆی دەرچوو زۆری نەمابوو خۆی بە دەرگای چێشتخانەکەدا بدات و مێشکی بپرژێتە سەر زەوی!

لەوبەری مەیدانیشەوە هەمان شەڕە پۆپە لە ئارادا بوو. بورهان سەلامەت، کە ساتێك لەوەپێش تووڕە ببوو تازە هێور ببۆوە و نێرگەلەیان بۆ هێنابوو .. دەیویست زۆر بە لەززەتەوە مژ لە نێرگەلەکە بدات ، چاوی بە ئەمیر کەوت و دیتی هەموو لەشی تۆزاوییەو وا بە پاسکیل بەرەو ڕووی دێت .. یەکسەر زەختی بەرز بۆوە و وەك کەشتییەك بیەوێ لە بەندەر دوورکەوێتەوەو فیکە لێبدات هاواری کرد :

– ئەمیر ...؟

(ئیحسان پەڕپەڕ) و ئەوانەی ، کە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابوون لە ترسان ڕاپەڕین! . ئەمیر پایسکیلەکەی بە قەد دیوارەکەوە هەڵپەسارد و چووە پێش باوکییەوە:

– فەرموو .. بابە ..

بورهان پاڵێکی بە کوڕەکەیەوە نا و پرسی:

– لەکوێ بوویت؟

ئەمیر زراوی چوو، زمانی کەوتە تەتەڵە کردن و بەلاڵیەوە وەرامی دایەوە:

– لە هیچ شوێنێ .. با .. بە .. گیان ...

– ڕاستم پێبڵێ.. دیسان چوو بوویە باغی ئەو برادەرە؟ ئەمیر،کە گەنجێکی ڕاستگۆ بوو .. بەسەر لەقاندنەوە وەرامی دایەوە :

– بەڵێ!

بورهان، کە نەیدەویست ئەندامانی حیزب بەنهێنییەکانی خێزانەکەی بزانن .. بەو کەسانەی لە دەوروبەری ڕاوەستا بوون وت:

– ئێوە بڕۆنە ژوورەوە.. دەمەوێ چەند قسەیەك لەگەڵ ئەو سەگبابە بکەم .

ئەندامانی حیزب چوونە ناو چایخانەکەوە بەڵام دەترسان .. دەترسان سەرۆکەکەیان لە تووڕەییاندا پەلەواژ بێتەوە ! بورهان سەلامەت بەڕقەوە نیگایەکی ئەمیری کرد .. ئینجا لە کاتێکدا قایشی نێرگەلەکەی ڕادەکوشی وتی:

– کوڕم تۆ هیچ ویژدانی حزبیت نییە؟!! هیچ هەست بە لێپرسینەوە ناکەیت ؟ !! باوك و دایك و خێزانەکەت لەبەر چاو ناگری؟!

ئەمیر بەرامبەر بە قسەکانی باوکی خۆی کڕ کردبوو.. بورهان سەلامەت بە خۆکڕکردنی کوڕەکەی ئەوەندی دی ناڕەحەت بوو.. مستێکی بە مێزەکەدا کێشاو بە قایمتر وتی:

– تۆ وا دەزانی من ئاگام لێ نییە بەشەو و بە ڕۆژ لەگەڵ ئەو کیژە بێ ئەسڵ و فەسڵە! دڵداری دەکەیت؟!! ئەمیر نەیتوانی بەرگەی ئەو سووک کردنەی (گوڵێ) بگرێت نەختێ بە تووڕەییەوە وەرامی دایەوە:

– ئەوە دەڵێی چی بابە ؟! ئەو کچە زۆر چاکە!

بورهان چاوەکانی زەق کردەوەو لە مۆڵەق ڕاوەستا.. سەبیلەکەی،کە لەسەر لێوی وەك گسك دەجووڵایەوە، جووی و ئینجا وەك چیایەکی گڕ تێبەربوو نەڕاندی :

– وسبە..کوڕە ناپاك.. لەم شارۆچکە گەورەیە کچ قاتی بووە تۆ لەگەڵ دوژمنی من و کچی ڕەقیبی من دڵداری بکەی؟!ئەمیر لەباتی ئەوەی بترسێ و بلەرزێ و لە جێی خۆی لاچێ زۆر ڕشت و لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستاو وەرامی دایەوە:

– بەدەست خۆم نییە!ئەشقی ئەو کچەم کەوتە دڵ..

– ئای دڵت بەر چەقۆ بکەوێت خوایە.. تۆ چوزانی ئەشق چییە.. کوڕە هەی (...) دەبەنگ تۆ هێشتا مندالّی قازانج و زەرەری خۆت لێك جیا ناکەیتەوە. نازانی کارێکی پڕ مەترسی دەکەیت. ئەگەر ئەو مەوزووعە بگاتەوە بەر گوێی خەڵك ئەو کاتە من یەك تۆز بایەخی سیاسی و بازرگانیم نامێنێ.. شێتە.. بێ مێشك.. شەرمەزار نابی..

ئەمیر سەیرێکی باوکی کردو وەرامی دایەوە.

–ئەو شتانە پەیوەندیان بەمنەوە نییە! ئاشقاتی من چ پێوەندیەکی بەحیزبەکەی ئێوەوە هەیە ؟

بورهان لە جێگەی خۆی ڕاپەری و هاواری کرد:

– وسبە .. دەنگت لێ نەیەتە دەرەوە.. لە کاتی هەڵبژاردندا شتی وا مەڵێ .. دەبێ واز لەو کچە بەڕەڵڵایە بێنی .. تەواو ئیدی .. خۆت لە قسەکانم گێل مەکە!.

ئەمیر ڕەنگی تێك چوو.. زۆر ڕێزی باوکی دەگرت..، بەڵام خەریك بوو دەستەڵاتی بەسەرخۆیدا نەمێنێ.. هەر چۆنێك بوو، لێوەکانی گەست و بێ دەنگ بوو .. بورهان هێو بۆوە ، بەڵام هێشتا سوور بوو ، کە قسەکانی زێتر جێگای خۆیان بگرن بەهێواشی وتی :

– تێگەیشتی چیم گوت !

ئەمیر وەڵامی نەدایەوەو ڕووی وەرگێڕا.. (دڵبەر) پێ دەکەنێ و بەرەو ڕوویان دەهات.. جلێکی تەنك و تەسکی پۆشی بوو و مەمکە گەورەکانی خەریك بوو لە یەخەی کراسەکەی بێنە دەرێ !

ئەمیر چاوەکانی داخست بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش هەڵنەخەڵەتێ، بەڵام بورهان،کە چەند ساڵێك بوو ژنەکەی مرد بوو و زۆر کۆڵدار بوو، چاوەکانی باشتر کردەوە بۆ ئەوەی جوانتر کیژەکە ببینێ.

کوڕەلاو.. نایێیت نیشانەشکێنی بکەی؟ چاوەڕێت دەکەم!

ئینجا قاقایەکی دڵڕفێنی بۆ کردو دوورکەوتەوە.بورهان سەلامەت سەیرێکی کچەکەی کرد و سەیرێکی کوڕەکەیشی کرد.ئینجا مژێکی لە سەبیلەکەیداو لە سمتی کچەکە ڕادەما، کە بە لەنجەو لارەوە دەڕۆیشت.

کاتێ (دڵبەر) تەواو دوورکەوتەوە، بورهان گەڕایەوەو دەستێکی لەسەر شانی کوڕەکەی داناو پرسی:

– ئەمەیان کێیە؟

ئەمیر بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەرامی دایەوە:

– قەرەجە.. لەو ڕەشماڵەدا نیشانەشکێنی دەکات .

بورهان دەستێکی بەدەموچاوی کوڕەکەیدا هێناو بە تەماشاکردنێکی بەماناوە سەیری کرد:

– وادیارە تۆشی بەر نیشانە داوە! بەڵێ زۆر باشە؟ زۆرباشە.. من بۆ ئەمەیان تورە نابم. تۆشی گیانت بێ برۆ بۆخۆت ڕابوێرەو بزانم کچەکە گوێ بە قسەکانت دەدات؟!..) ئەمیر بەسەر سوڕمانەوە سەیرێکی باوکی کرد:

– مەبەستت چییە بابە؟!..

بورهان زۆر بە زیرەکانەوە جووڵایەوە..کورسییەکەی هینایە پێشترەوە. پیاڵەو بن پیاڵەکەی لێکدا و وەرامی دایەوە:

– دەمەوێ سبەینێ ئەندامانی حیزب لەو باغە داوەت بکەم ، بەم کچە بڵێ بێت لەسەر شەرەفی حیزبەکەمان تۆزێ بۆ ئەندامانی حیزب سەما بکات.

ئەمیر مستێکی قایمی لە مێزەکەدا و وتی:

– بۆ حیزب مەلهایە؟!

بورهان مستێکی قایمتری لە مێزەکەدا:

– بەس خۆت تێهەلقورتێنە! ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە حیزبەوە هەیە! زووکە برۆ ئەمەیان بۆ بکە..

ئەمیر سەیرێکی باوکی کرد و سەری لەقاندەوە!

لەو کاتەدا (دڵبەر) بە پێکەنینەوە گەیشتبووە پێش چێشتخانەکەی کەرامەتییەکان،(قولی کەرامەت)، کە خەریك بوو داهاتی ئەو ڕۆژەی دەژمارد ، لەگەڵ بۆنی (ئای کلن) سەری بەرزکردەوەو لە ڕووخساری کچەکە ڕاما...(قولی کەرامەت) چاوی زەق بۆوە! (دڵبەر)یش چاوەکانی زەقکردەوە ، لاسایی کردەوەو دەستی بە پێکەنین کرد.. ئینجا چووە پێش (نوری زەنگەزۆرە) و وتی :

– دوو پڵاو و دوو کەبابی زیادمان بۆ بێنە ڕەشماڵەکەوە، نوری بەزەوقەوە وەرامی دایەوە:

– بەسەرچاو،دادە دڵبەر.

قولی وەك چۆلەکەیەکی شەیدای مار بێت! ماوەیەك بێ دەنگ بوو و لە بەژن و باڵای کچەکە ڕادەما! کە (دڵبەر) ڕۆیشت، قولی خیزی قوڕگی قووت دایەوەو بە نوری وت :

– کوڕە .. وەرە ئێرە بزانم ..

نوری وەك سەگێك لەبەردەم خاوەنەکەی دەم بلێستەوە چووە پێشەوە .. قولی کچەکەی پێ نیشاندا و پرسی:

– ئەم ئافەتە کێیە؟

– قەرەجە.. دوو سێ ڕۆژە هاتۆتە ئێرە... تیر هاوێژی و نیشانە شکێنی دەکات.. قولی بەسەر لەقاندەوە:

– زۆر چاکە!!

نوری،کە ئاگای لە مەسەلەکەبوو، بە چپەوە پرسی:

– گەورەم بۆچی پرسیتان؟!

قولی بە توڕەییەوە پاڵێکی پێوەنا:

– بڕۆ ونبە... تۆ هەقی ئەوەت چییە بۆچی پرسیارم کرد؟ ئینجا ڕووی بۆ لای (دڵبەر) وەرسوڕاند و لەژێر لێوانەوە دەستی بە قسەکرد :

– هەی...هەی.. ئەم کچە قەرەجە زۆر سەیرە ها..!هەی.. هەی .. هەی ..

حسێب و کتێبەکەی لەبیر چووبۆوە.. لە جێگەکەی خۆی قیت بووەو ویستی ڕێگایەك بدۆزێتەوە ، سەیری قۆپچەی پانتۆڵەکەی کرد،کە کرابۆوە یەکسەر قۆپچەکەی داخستەوەو چووە ناو چێشتخانەکەیەوە .

(ئەمیر) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەو چێشتخانەیەی، کە لە کەنار مەشروبی دەخواردەوەو ئەمەش تاکە ڕێگایەك بوو بۆ ئەوەی گەنجەکانی شارۆچکە خۆیان پێ دڵخۆش بکەن.. سینەمایەکیشیان هەبوو، بەڵام پەردەکەی دڕا بوو، وێنەی خراپ نیشاندەدا!دەنگیش هەر نەبوو.. ئیتر فلیمەکانیش چونکێ کۆن بوون و لە کارکەوتبوون، لە هەر دیمەنێکدا بەلایەنی کەمەوە دە جار بیست جار دەپچڕان! بۆیە کەس نەچووە سینەماو خۆ دڵخۆشکرنی گەنجەکان ئەوە بوو، کە لە چێشتخانەکەی کەنار دەریا چەند پێکێك ئارەق بنۆشن و مەست بن!

سەرۆکی ماسیگرەکان، کە ناوی (محێدین) بوو ئەو ماسیانەی،کە خۆی لەنێو تاوە سووری کردبوونەوە، بە کەیفەوە هێنایە سەر مێزەکەو بە گەنجەکانی وت:

– یاڵڵا دەی هەروا بە گەرمی و تازەیی بیخۆن..

هەر کەسەو بەشی خۆی ڕاکێشایە ناو قاپەکە.. یەکێ لە ماسیگرەکان بە سەر لەقاندنەوە وتی:

- کوڕینە بخۆن.. ئەوەندە ماسییەی دەدەینە غەیاسەددین پوولێکمان ناداتێ ، ناوەڵلاّ لێگەڕێن با هەر بە خۆمان بیخۆین!

ئەمیر لەکاتێکدا پارووەکەی دەخستە دەمیەوە درێژەی پێدا:

- لەهیچ جێگەیەکی دی ماسی دەست ناکەوێ.. خەتای خۆتانە بە هەرزانی دەدەنێ.

ماسیگرەکان سەیری یەکدیان کرد.. ئەمیر ئاگای لە وەزعی ئەمانە نەبوو.. یەکێك لە ماسیگرەکان وەڵامی دایەوە:

- کاکە ئەمیر قسەی سەیر دەکەی... ئێمەش کەسی دیمان دەست ناکەوێ بیفرۆشینێ، ئەگەر هەرزانی نەدەینێ دەبێ دووبارە ماسییەکان بخەینەوە دەریا. یەکێ لە ماسیگرەکان بە توڕەییەوە وتی:

- ئەو کابرا بێ ناموسە خوێنمان دەگرێ .. لە بەرە بەری بەیانیانەوە تا نیوەشەو ئێمە لەناو دەریا کاردەکەین و دێین ئەوەی دەستمان دەکەوێت لە ناو دەستی وی دەکەین.

(محێدین) مژێکی لە سبیلەکەی داو بە خەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە بە ئەمیری وت:

- چی بکەین ؟ لە سایەی سەری کەرامەتیەکانەوەیە و زۆریشە !

ئەم قسەیە هەقیقەتێك بوو ، لە هەموو جێگایەك بەرچاو دەکەوت... یەکێ لە ماسیگرەکان پرسی:

- گەنجەکان چوونە لای کاك (فیکری)یشەوە چیان بەچی کرد؟ حوسنی نائومێدانە سەرێکی بادا :

– کاك فیکری لەگەڵ ئەرباب دەستیان لە یەخەی یەکدی گیرکرد، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

ئەمیر ئەو پەرداخە ئاوەی لە دەستی بوو فڕێکرد و ئینجا بە واق وڕمانەوە وتی :

– ئینجا پاشان لەسەر ئەوەش دارو دەستەی خۆیان ڕەوان کرد بوو (فیکری) بەستەزمان دارکاری بکەن!..

کرێکارەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەمیریان کرد .. چونکە هیچیان ئاگایان لەو مەسەلەیە نەبوو ، پرسیان:

– کێ لە کاك فیکری داوە؟!

ئەمیر نەیتوانی ناوی باوکی ئەو کچەی بە دڵ و بەگیان خۆش دەویست بێنێ و ڕایەڵی باسەکەی گۆڕی:

– کوڕینە واز لە حیزب و میزب بێنن . مەشروبەکەتان بخۆنەوە .. فرسەتە .. هەموو شتێك پێك دێت ..

بەم قسانە هەموویان لە مەسەلەکە گەیشتن و پێویستیان بە گوتنی ئەمیر نەما ... (محێدین) مژێکی لە جگەرەکەیدا وتی :

– تێگەیشتم ... کەرامەتیەکانن.

بێ دەنگیەك کەوتە نێوانەوە..ئینجا حوسنی بە پێی بۆچوونی خۆی ئەوەی دەیزانی درکاندی:

– کوڕینە..دەمەوێ شتێکتان پێبڵێم.. لە شارۆچکەکەماندا ئەم حیزبانە هیچ کامێکیان سوودێکیان نییە..هەموویان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن.

هەموویان ڕوویان لە ئەمیر کرد، حوسنی بێ ئەوەی سەرنجی هاوڕێکانی بدا و گوێ بەوە بدا تووشی شتێك دەبێ پێدا چوو:

– ئەوە ڕاستیەکە.. ئەڵبەتە کاکە ئەمیریش پێی ناخۆش نییە. (محێدین) بە دەنگە گڕەکەیەوە وتی:

– بۆچی پێی ناخۆشە؟ گشت ئاگاداری نامەکانی حیزبی مەدەنیەتیان پارچە پارچە کرد کەچی هێشتا ناوی دیموکراسیش لە خۆیان دەنێن.. من تا ئێستا کاك (فیکری)م نەبینیوە، بەڵام دەزانم پیاوێکی بەڕێزەو لەم شارۆچکەیەدا کەسی لەو خوێندەوارتر و زاناتری تێدا نییە.. هەرچییەکی دەڵێ ڕاستەو بە باوەڕەوە دەیڵێ.. وەك خەڵکی دی نییە..!

هەموو ئەوانەی لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون پشتگیری قسەکانی سەرۆکی ماسیگرەکانیان کرد..تەنانەت ئەمیر لەوانەی دیش زێتر پشتگیری کرد.. دووبارە پێکی ئارەقیان بەرزکردەوە لەو کاتەدا (نووری زەنگە زۆرە)، کە خزمەتکاری قولی کەرامەت بوو، بەڵام لە دڵەوە ئەمیری خۆش دەویست و هەموو هەواڵێکی بۆ دەهێنا،لە چێشتخانەکە هاتە ژوورەوە... یەکسەر چوو لە تەنیشت ئەمیرەوە دانیشت و سەری لە بن گوێی ناو دەستی بە چپە چپ کرد.

ئەمیر،کە زۆر بە ووردی گوێی لە نووری گرتبوو، سات بە سات ناڕەحەتتر دەبوو ، یەکسەر هاواری کرد:

– هەی سەگبابی مانگا! ئێستا پێی پێشان دەدەم. حوسنی لە ئەمیری پرسی:

– کێ وا تووڕەی کردووی؟!

– ئەو ئەربابە ناکەسە... ئەو گەوجەیە چۆتە لای باوکی کچەو وتویەتی کە من قسە لەگەڵ (گوڵێ) دەکەم ... جەنابی بەم دەم و قەپۆزە ناشیرینەوە دەیەوێ (گوڵێ) بخوازێ!

(محێدین) تفێکی گەورەی ڕۆ کردە سەر زەوی و وتی:

– تف .. شەرمێ لە خۆی ناکا .. بڵێ پیرەمێردێکی وەك تۆ چۆن غەڵەتی وا دەکا !

یەکێ لە ماسیگرەکان، کە خەریکی ماسی خواردن بوو بە گاڵتەوە وتی :

– گیانە پارەی هەیە ! ! پارەت هەبێ دنیا بکرە ! ، ئێ باوکی کچەکەش یەك تۆز چییە ویژدانی نییە... ئیتر چی ، با کاکە ئەمیریش هەر لەسەری خۆی بدا ! هەموویان سەیری ئەمیریان کرد.. ئەمیر کە لە تورەییاندا ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو زۆر بە ڕشتیەوە وتی:

– شەرتبێ ئەربابت وا داخ بکەم، جا با بچێ لەگەڵ عیزرائیل زەماوەند بکات.

بە بیستنی ئەم قسەیە، برادەرەکانی هەموویان کەیفیان هات .. نوری دەستێکی لە پشتی ئەمیردا :

– دەمخۆش،کاکە ئەمیر،ئەم قسەیەت لەجێی خۆی بوو ئەمیر بەسەر سوپاسی کرد.. نوری پێکەکەی بەرز کردەوەو وتی:

– بەسەلامەتی کاکە ئەمیرو دەسگیرانەکەی ، کە وەکو خوشکمان وایە... هەموویان پێکیان بەرز کردەوە..بە ڕستەی دەسگیرانەکەی) زۆر دڵخۆشبوو و لە جیهانی خەیاڵی خۆیدا (گوڵێ)ی بە جلی بووکێنیەوە لە بەردەمی خۆیدا دەبینی وا وەك کچێکی شەرمن سەری داخستبوو .. بێ ئاگا بوو لەوەی کەوا ئێستا (گوڵێ) لەو کاتەدا وا لەژێر مست و پێلاقەی باوکیدا دەناڵێنێ و کەس

نییە بگاتە هانای... قولی کەرامەت، کە تووڕە ببوو خەریك بوو شێت دەبوو، شەقازلەیەکی وای لە کچەکەیدا (گوڵێ) وەك بی بەر رەشەبا کەوتە سەر زەوی.. قولی هێشتا کۆڵی دانەمردبوو، لەقەیەکی قایمیشی لێداو هاواری کرد:

– سەگبابی ناکەس، شەرەفی حیزب و نامووسی خێزانەکەمانت بردووە!

(گوڵێ)، خۆی دابوو بە ئەرزا و هۆن هۆن دەگریا... لەژێر لێوەوە وتی:

– باشە من چیم کردووە؟ ئاخر خۆشەویستی گوناهە؟ کامە گەوج و دەبەنگ ئەم هەواڵەی با باوکم ڕاگەیاندووە؟ قولی کەرامەت، کە قسەکانی کیژەکەی بە چاکی تێنەدەگەیشت، بەڵام دەیبینی کیژەکەی وا وەرامی دەداتەوە هێندەی دی پەست دەبوو و پەلاماری دەدا تا تەمێی بکا.. بەلاّم (شیرین جان)ی دایکی گوڵێ نەیهێشت و هاواری کرد:

– بەسە.. چی دەکەی؟ دەتەوێ کچەکە بکوژی ...

قولی کەرامەت، بەخۆتێ هەڵقورتدانی ژنەکە تووڕە بوو و بەسەر ئەویشدا هاواری کرد:

– هەموو خەتای تۆیە.. ئاخر بە چ ئەقڵێك کیژەکەت لەگەڵ نەنکێکی وا گێژ ڕەوانەی باغ دەکەی...؟

(شیرین جان) دیتی وا خوشکەکەی سووك دەکا، زیاتر تورڕە بوو.

– کوڕە لە خوا بترسە.. لە پاش ملە لۆمەی کەس مەکە.

قولی کەرامەت، کە تاقەت و حەوسەڵەی بیستنی ئامۆژگاری نەبوو، مستێکی راوەشاندە سینگی ژنەکەی و هاواریکرد!

– قەسەم بە خوا هەردووکیان دەکوژم... هەم ئەو کیژە بەرەڵڵایە و هەم ئەو نێرەکەرە !

(شیرین جان) دەستەکانی ناو قەدی خۆی دانا.. وەك مار و پڵنگێك بیانەوێ بێچووەکانیان ڕابکێشە ناو لانەکانیانەوە، ئەویش دەوری (گوڵێ)ی گرت و پەنای لێکرد و هاواریکرد:

– باشە گەنجە ... نەیزانیوە .. خۆ نابێ بیکوژی..

قولی لە تووڕەیی ژنەکەیدا ڕاچڵەکی.. باش دەیزانی ئەگەر ئەو تووڕە ببێ ناتوانێ سەری خۆیشی بخورێنێ بۆیە خۆی مت کرد .. نەختێ ئارامتر وتی:

– بۆ دواجار دەیڵێمەوە.. دەبێ ئەم سەگبابە لەگەڵ (غەیاسەددین)ی خاوەن کارگە زەماوەند بکات.. دەبێ دوای هەڵبژاردن ئاهەنگی مارەبڕین و نەوبووکیەکەیان دەست پێکات.. ئیدی تەواو ... چ قسەی دیم نیە..

دایکە و کیژە لێکدی ڕامان... قولی کەرامەت بە تورەییەوە بەرەو لای کچەکەی خۆی چەماندەوەو پێدا چوو:

– دەبێ ئەوەشت پێ بڵێم لەمەوپاش هەقی ئەوەت نیە لە ماڵ بڕۆیتە دەرەوە... ئەگەر ببیستمەوە چوویتەتە دەرەوە هەر خۆم دەزانم! .. کچێ ئاخر کاتێ خەڵك بزانن کوڕی سەرۆکی حیزبی سەلامەت لەگەڵ کچی سەرۆکی حیزبی کەرامەت یەکدیان خۆش دەوێ.. چۆن دەنگی خۆیان بە ئێمە دەدەن؟ تۆ دەبیتە هۆی ئەوەی منیش لەحیزب دەربکەن!!

شیرین جان وەرامی دایەوە:

– دەرت دەکەن ناکەن جەهەننەم.. بۆ خۆمان لە دەست ئەم قسەو قەشمەری حیزبایەتییە دەحەسێینەوە. قولی کەرامەت، بەم قسەیە ئاگری تێبەربوو ، هاواریکرد:

– ژنێ .. بەسەر سەبرم نەما.. ئاخر تۆ سەر لە سیاسەت دەرناکەی .. تۆ چوزانی حیزب چییە ؟ ئەگەر من لە ڕابەری بکەوم پارووە نانێکتان دەست ناکەوێ!..ئینجا وەك بڵێی قسەیەکی گرنگی کردبێت، کڵاوەکەی لەسەری هەڵگرت و ڕێگای گرت و وتی:

– من دەڕۆم لە حیزب ئیشم هەیە .. ووریابن کارێ نەکەت پەستم بکەن .. هۆشتان بێننەوە سەر خۆتان.. دەرگاکەی بە قایم داخست و ڕۆیشت .. شیرین جان سەیرێکی دەرگا داخراوەکەی کرد و وتی:

– لەعنەت لە خۆت و لە حیزبت .. تف ..!

* * *

ئەمیر و نووری لە چێشتخانەکە هاتنەدەرەوە.. شەوێکی خۆش بوو .. بەلەمی ماسیگرەکان هێدی.. هێدی لەبەر تریفەی مانگ دەجووڵانەوەو لەسەر شەپۆلەکانی دەریا هەڵبەزو دابەزیان بوو.

بیری سەیرو عەنتیکە هێرشیان بۆ مێشکی ئەمیر دەهێنا ناڕەحەتیان دەکرد:

( – ئەم شتە قۆڕانە چییە پیاو نەتوانێ لەگەڵ کچێکی دڵخوازی زەماوەند بکات؟)

یەکسەر قسەکانی باوکی کەوتەوەبیر، کە دەیوت:

( – دەبێ دڵبەر ڕازی بکەی بێتە بارەگای حیزب سەما بکات) پێکەنین گرتی ... (نووری) بێ ئەوەی تێبگات مەسەلە چییە ئەویش پێکەنی ... ئەمیر دەستێکی لە پشتی نوری دا و وتی :

– بێ ئەوەی کەس بزانێ.. بڕۆ ئەو کچە قەرەجەم بۆ بانگ بکە ئێرە، نوری بەسەر سوڕمانەوە سەیری کرد!

– وا زوو (گوڵێ)ت فەرامۆش کردو..

ئەمیر پاڵێکی پێوەنا :

– بڕۆ ئیشی خۆت،هەقی ئەم شتانەت نەبێ،.. خۆیشت تێ هەڵمەقورتێنە.

نوری خەندەیەکی بە مانای بۆ کردو ڕۆیشت.. ئەمیر لە کەنار دەریادا دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند و نقوومی بیرو خەیاڵێکی دوور و درێژ بوو:

– خۆزیا ئەم حیزبانە نەدەمان!.. ئەو شتە پڕوپووچانە چییە لە ناڕەحەتی زیاتر نەبێ سوودی چیان هەیە! ..

ئەمیر هەقی بوو، چونکە ئەو حزبایەتیە بۆ خەڵکی شارۆچکەکە ببووە بەڵاو هەموو دەستیان لەکارو ژیانی خۆیان بەردابوو! لە هەمان کاتدا قولی کەرامەت لەگەڵ دوو کەسی دی لە ئەندامانی حیزب خەریکی ئامادەکردنی لیستی ناوی لایەنگیرانی حیزب بوون! لە دەرگا درا. قولی وەك فەرماندەیەك بە دەنگێکی بەرز وتی:

– وەرە ژوورەوە،دایکی دڵبەر هاتە ژوورەوە،ڕووخساری ژنەکەی و ئەو خەندەیەکی لەسەر لێوی نەخشی بەستبوو فێڵبازی و ڕەفتاری مەکرۆیی ئەویان دەرخست.. بە تیلەی چاو لە قولی کەرامەت ڕاما .. قولیش سەرتاپا سەیری کرد و وتی :



هەواڵنامەی کتێب

– فەرموو دانیشە ئیشم پێتە ..

دایکی دڵبەر لەو کەسانە بوو ، دەیزانی لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤانە چۆن چۆنی دەبێ قسە بکات .. خۆی چەماندەوەو وەرامی دایەوە:

– لە خزمەتدام !!

قولی سەری هێنایە پێشەوە .. لە چاوەکانی ژنەکە ڕاما و وتی:

– بیستوومە ئیش و کارت باشەو داهاتیش خراپ نییە .

– ئا ... سوپاس بۆ خوا .. لە سایەی سەری ئێوە پارووە نانێکمان دەست دەکەوێ.

– دەڵێن کیژەکەت زۆر جوان سەما دەکا.

ژنە خەندەیەکی بەمانای بۆ کرد:

– وەڵڵا بڵێم چی .. دەبێ خەڵکی پەسەندی بکەن، خەڵکی هەموو باسی دەکەن ..

– بەیانی ئاهەنگ دەگێڕین پێی بڵێ بێ بۆ ئەندامانی حزبەکەمان سەما بکات...

– سەرچاو .. ئەمر دەفەرموون..

قولی کەرامەت هەوڵی دەدا دەنگی قەڵەوتر بکات و ڕەفتارێکی وا پیشان بدا ، کە بە دەسەڵاتترین کەسی شارۆچکەیە ..!

سەری بردە پێشەوە ... و ... لەسەرخۆ وتی :

– کەس پێی نەزانێ ، ئەگینا دەبێ بار و بارگەت تێك بنێی!

ژنە دڵنیایی کرد:

– ئەوە چ داخوازییەکە.. ئێمە دوو زمان نین و ئامادەین گیانیشمان لە پێناو حیزبی کەرامەتدا ببەخشین .. قولی کەرامەت خەندەلێوێکی بە فیزی بۆ کردو سەیری ئەو دوو کەسەی پشت خۆی کرد:

– گوێتان لێ بوو چی وت؟ هاوولاٌتیان تێکڕا ئامادەن بۆ حیزب فیداکاری بکەن!

ئینجا دەستی کرد بە گیرفانیدا و کۆمەڵێ پارەی دەرهێنا دوو (سەد)ی جیاکردەوەو خستیە دەستی ژنەکە:

– وەرە...ئەوەش بۆ جل و ڕازاندنەوەکە.. سبەی لە بیرت نەچێ.. ژنەکە وەك گورگ پارەکانی لە دەست ڕاستاند و خستیە باغەڵیەوە، وتی:

– دڵنیا بن .. لە کاتی خۆیدا کچەتان وەك گوڵ بۆ دەڕازێنمەوەو دێم.

قولی بە ئیشارەتی سەر ژنەکەی بەڕێکرد :

– ئینشاڵلا ...

دایکی دڵبەر هەڵسایەوە.. خۆی چەماوەندەوەو ڕۆیشت.. قولی بەهۆی ئەوەی کارێکی گەورەی بۆ حیزب ئەنجامدا، زەردەخەنەیەکی شادی بۆ ژنە کرد!.. لەو کاتەدا نوری زەنگەزۆرە هاتە چێشتخانەکەوە.. بەلادا دەهات و نەیدەتوانی لەسەر پێ بوەستێ.. قولی، کە دیتی ئارەقی خواردۆتەوەو زۆر توورە بوو.. بانگی کرد:

– تۆ .. وەرە بزانم..

نوری بە ئاگاییەوە ڕووی وەرگێڕاو بە نیمچە گاڵتە کردنێکەوە وەرامی دایەوە :

– سەلام .. مامە قولی .. شەوباش..

قولی ئەگەر جنێوت بە دایك و باوكیشی بدایە پێی خۆشتر بوو لەوەی گوێ ی لەم قسانە بێت.. لە جێگاكەی خۆی قیت بۆوە و یەخەی نووری گرت:

– سەگبابی فلان و فلان، هێڵنج بدە خۆت ، بزانم ئارەقت خواردۆتەوە؟

– وەرە.. هۆ ..!!

– هەی سەگباب . ئێمە لە حزب ئەو هەموو ئیشەمان هەیە و تۆش چووی ئارەقت خواردۆتەوە.. ئەگەر ئەنجامی كۆنی حزب نەبوای ، ئێستا بەیەك شەق دەرم دەكردیتە دەرەوە! ئاخر سەگباب گشت ئەندامانی حیزب لێرە میوانن.. هەزار ئیشمان هەیە ، نووری زۆر بە ئاسانی وەرامی دایەوە :

– باشە ... ، م .. من .. ئا ... ما دەم ..

قوڵی كەڕامەت پاڵێكی پێوە نا :

– كوڕە هەی سەگباب تۆ بەم وەزعەتەوە ناتوانی (قوونی خۆیشت دابپۆشی).. ، بڕۆ گوم بە ..

نوری بە ڕۆیشتنێكی مەستانە لە دەرگاكە چووە دەرەوە قولی كەرامەت ، كە لە دوواوە ورد تێی ڕادەما وتی:

ئەم سەگبابە سەر شێتە ئاخیرەكەی دەمكوژێ ...

ئینجا لە پشت مێزەكەوە دانیشتەوەو دەفتەرەكەی كردەوەو لە دوو كەسەكەی پرسی:

– گەیشتینە كوێ ؟... ئا ، دۆزیمەوە .

بە پەنجە جێگایەكی پێنیشان دان :

– كازم پینەچی لە ئێمەیە !

یەکێ لە دوو کەسەکان سەیرێکی کاغەزەکەی دەستیکرد .. دەستێکی خستە سەر سبیلەکەیەوەو وەرامی دایەوە:

– لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ڕای بە ئێمە داوە.. بەڵام نابێ زۆریش لێی دڵنیابین.

قولی کەرامەت بە تورەییەوە سەری بەرزکردەوە:

– ئەدی پیاو باوەڕی بە کێ بێت ؟ بینووسن خۆ عەیب نییە !

بەم شێوەیە ناوی هەموو خەڵکی شارۆچکەکەیان دەنووسی ، بە ڕای ئەوان گشت خەڵکی شارۆچکەکە دەگەڵ حزبی کەرامەتدا بوون!

(دڵبەر)، کە گوێی لە ئەمیر بوو بانگی کرد، بە راکردن خۆی گەیاندێ ،کە چاوی بە ئەڤیندارەکەی کەوت دەستی لە ملی کرد و ماچێکی تەڕی لە ڕوومەتی کرد ! ئەمیر لەگەڵ ئەو هەموو عەشقەی بەرامبەر (دڵبەر) هەی بوو ، بەم لەنجە و نازەیەوەو بەم ماچە بە لەززەتەی خۆی بە دەستەوەدا ! لەززەتێکی زۆر دڵ و دەروونی داگیر کرد.. بە تایبەتی بۆن و بەرامەی لەشی ، کە بۆنی گوڵە قەنەفلی لێدەهات،بە جارێ ئەمیری مەست کرد! لەگەڵ هەموو ئەمانەشەوە بە هێواشی دڵبەری لە خۆی دوور خستەوەو بە ڕووی گرژیەوەو وتی :

– بەسە ئەم فرت و فێڵە.. من بۆ شتێکی دیکە بانگم کردووی بۆ ئێرە.

دڵبەر بەبێ گوێدان بە قسەکانی ئەمیر هەوڵی دەدا بە عیشوەو نازەکەیەوە ئەمیر بخانە داوی خۆیەوە . باشتر خۆی خزاندە نێو ئامێزی ئەمیرەوەو بە لار و لەنجەوە وەڵامی دایەوە:

– خۆیشم دەزانم بۆ کارێکی تر بانگت کردووم!

ئەمیر بازووە ڕووت و مەڕمەڕینەکانی دڵبەری بە هێواشی گرت و لەخۆی دوور خستەوە !

– من دەسگیرانم هەیە .

دڵبەر بە بیستنی ئەم ڕستەیە خەندەیەکی گاڵتەئامێزی بۆ کرد.. پێکەنی ... پێکەنی .. ئەوەندە پێکەنی ئەمیر ڕقی هەڵسا و هاواری کرد:

– پێمەکەنە !

دڵبەر دیسان دایە قاقای پێکەنین:

– ئاخر تۆ زۆر سادە و ساکاری.. حەیوانی !

– مرۆڤ ئەگەر بۆ ئەو کچەی خۆشی دەوێ بەوەفابێ .. سادەو ساکارە ؟! حەیوانە ؟!

دڵبەر قسەکەی پێ بڕی..لە چاوەکانی ئەمیر ڕاماو ئاهێکی هەڵکێشا:

– چەند حەز دەکەم یەکێکیش ئاوا منی خۆش بوێ ... بەڵام کێ ئامادەیە دڵی بە کچە قەرەجێك بدات؟

چاوەکانی دڵبەر فرمێسکی تێزا .. ئەمیریش دڵگیر بوو دڵنەوایی دایەوە:

– تۆ کچێکی باشی.. من نەمدەویشت وابکەم ، بەڵام چی بکەم، باوکم فەرمانی داوە لەبەر خاتری حزب دەبێ قبوڵی بکەم..

(دڵبەر) بە نازەوە قژی هەڵدایەوە.. فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

– ناڕەحەت مەبە.. لەبەر خاتری تۆ هەرچییەك بڵێی ئامادەم بیکەم..

– سبەینێ باوکم ئەندامانی حیزبی داوەت کردووەو داوای کردووە بێیت سەمایان بۆ بکەیت.

– سەرچاو .. ئازیزم .. سوپاس .. سەعات چەند بێم؟

- سەعات شەش .. بەڵام کەس پیٚ نەزانیٚ .. سیٚ سەد دیناریشت بۆ لیٚ دەسێنم.

- خۆیشت لەوێی؟

- بەڵیٚ..

- دێم و بە سەلامەتی خۆت و دەسگیرانت سەمایەکتان بۆ دەکەم،کە هەموویان چاویان زەق بێتەوە..

- سوپاست دەکەم..

دڵبەر بە سۆزەوە پرسی:

- دەسگیرانەکەت ئەو کچە نەبوو ، کە سواری عەرەبانە ببوو ؟! )

- بەڵیٚ خۆیەتی .. جوان بوو ؟

دڵبەر بەسەر ئیشارەتی بەڵێی بۆ کرد و چاوەکانی خستە سەریەك:

- زۆر باشە.. خوا بە نسیبی یەکترتان بکا.

ئینجا لە جێگەکەی خۆی قیت بۆوەو لەکاتێدا لەسەر ڕۆیشتن بوو پرسی:

- جگەرەت هەیە؟

ئەمیر جگەرەیەکی پێدا.. دڵبەر دووکەڵی جگەرەکەی بە لێزانییەوە قووت داو لە دەریا ڕاما:

- لەم دنیایە هیچ شتێك لە ئەشقێکی ڕاستەقینە جوانتر نییە، منیش سەردەمێك ئەفسەرێکی هێزی دەریاییم هەر شێتانە خۆش دەویست.. بەڵام حەیف..

ئەمیر هەستی کرد دڵبەر هاتۆتە کوڵ لەسەرخۆ پرسی:

- چۆن بوو؟ وەفای بۆت نەبوو؟!

چاوەكانی دڵبەر، كە سەرنجی دەریایان دەدا پڕ فرمێسك بوون:

– چۆن .. بەڵام حەیف .. ڕۆژێ چووە ناو دەریا و ئیدی نەگەڕایەوە .. دوای ماوەیەك هەواڵیان ڕاگەیاند ، كە لەنێو شەپۆلی دەریادا نقوم بووە..

بۆ چەند ساتێ هەردووكیان بێ دەنگ بوون.. تەنها دەنگی شەپۆلەكانی دەریا بەرگوێ دەكەوت..وادیار بوو پاشماوەی چیرۆكەكە لە نێو شەپۆلەكانی دەریادا مەلەی دەكرد ..

بۆ بەیانییەكەی ئەو ڕۆژە دەرو دیواری شارۆچكە، بە دروشمەكانی كەرامەت و سەلامەتیەكان ڕازابۆوە و هەردوو حیزب داوایان لە لایەنگرانی خۆیان كردبوو، كە لەم ئاهەنگەدا بەشداری بكەن، ئەم دروشمانە بە ڕەنگی جۆراو جۆر و داخوازی هەمە جۆر ئەو خەڵكەیان خەریك كردبوو .. لە پێش هەر دروشمێك كۆمەڵێ كۆببوونەوەو بە زەحمەت وشەكانیان حینجە دەكردەوە: سەلامەتییەكان نووسیبوویان :

**ئەگەر دەنگی خۆت دا ئێمە ئیسراحەتی**

**كارەكانت بۆ دەڕوات بە سەلامەتی**

(حیزبی سەلامەت)

**ئەگەر ڕای خۆت بدەیتە ئێمە ئەوە تۆ پاكیت**

**سەلامەتی و بەختیاری خۆت مسۆگەر دەگەیت**

(حیزبی سەلامەت)

دروشمەكانی كەرامەتییەكانیش وەك هی ئەوان وابوو:

**هاووڵاتی.. هاووڵاتی:**

**بۆ ئەوەی خوات لێ ڕازی بێ ڕای خۆت بدە حیزبەكەی ئێمە!**

(حیزبی كەرامەت)

ناوەڕۆکی جاڕەکانی هەردوولایان هەژاری پێوە دیاربوو، بەڵام جاڕەکانی حیزبی مەدەنیەت سادەو ڕەوان بوون، خەڵکەکە هەموویان لێیان تێدەگەیشتن.. هەرچەندە زۆربەیان کەرامەتی و سەلامەتییەکانیان هەڵبژارد بوو.. بەڵام هەندێکیشیان هەر مابوونەوە:

**(ئاییندەی ڕووناك پێوەندی بەو كەسانەیەوەیە هەڵیان دەبژێرن)**

(حیزبی مەدەنییەت)

**(هاووڵاتی، دیموكراسی بە دەنگی ئێوە دروست دەبێ)**

(حیزبی مەدەنییەت)

لەهەمان کاتدا چەند لۆرییەك، کە بە ئاڵای حیزبەکان ڕازابوونەوەو ئەندامانی حیزبەکان تێیاندا خەریکی سروود خوێندن و سەماکردن بوون، هاتنە نێو مەیدانی شارۆچکەوە.. دوو سێیەکیان لەبەردەم بارەگای حیزبی کەرامەت و دووسێیەکان لەبەردەم بارەگای حیزبی سەلامەت وەستان. ئەندامانی هەردوولا دروشمەکانی خۆیان دەخوێندەوە.. لە میانەی خوێندنەوەی دروشمەکانیشدا جنێویان بەیەکدەدا. هەروەها لە هەردوولاوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرزبۆوەو خەڵکێکی زۆر هەڵسابوونەوەو شارۆچکەی (ملەی زێڕین) وەك شارە مێرووله تێك دەقژقژان.

ئەمیر لە گۆشەیەکدا وەستابوو و تەماشای باوکی دەکرد، کە فەرمانی بەسەر ئەندامانی حیزبدا دەکرد.. هەستێکی سەیر گیانی تەنیبوو و سەیری دەکرد هەندێ شت تەواو دەبێ و هەندێ شتی دی دەست پێدەکات.. لەو باوەڕەدابوو، ئەم دانیشتنە دوا هەراو هۆریا و قرەوگاڵەیە و بە زوویی هەموو شتێ ڕوون دەبێتەوە.

* * *

هاوکات لەنێو کارگەی (قوتووی ماسی)ی (غەیاسەددین)یشدا بەرنامەی وتووێژ دەستی پێکردو وەستا حەسەن سەر پەرشتکاری کارگەکە بۆ کرێکارەکان دەدواو دەیوت:

– وەرن ئەرباب گەرەکیەتی قسەتان بۆ بکات.

کرێکارەکان بەبێ مەیلی و بە ڕقەوە دەستیان لە کار کێشایەوەو بەرەو سالۆنی گەورە ڕۆیشتن.. ڕووخساریان گرژ و تووڕە بوو.. وەستا حەسەن سەیرێکی گشت کرێکارەکانی کردو وتی:

– وریابن .. لە کاتی فەرمایشتی سەرۆك قسەیەك نەکەن تووڕە ببێ.

کرێکارەکان وەرامیان نەدایەوەو ئەوەندە ڕقیان لە وەستا حەسەن دەبۆوە، ئامادە نەبوون هەتا سەیری بچمیشی بکەن.. لە هەموو دنیایێ مرۆڤێکی دەبەنگتر و بێ شەرەفتری وەك ئەو وەستا حەسەنە نادۆزنەوە .. بنەچەی، ئاشکرا نەبوو هی کوێندەرەو کەس ئەسڵ و فەسڵی ئەو کابرایەی نەدەزانی ..

کە غەیاسەددین لە دوورەوە دەرکەوت وەستا حەسەن بە دەنگە نێرەکەیەوە هاواریکرد :

– یاڵڵا کۆبنەوە.. ڕیزبن..

کرێکارەکان ڕیزبوون .. غەیاسەددین چووە سەرپایەکان وەستا .. جلی ڕێك و پێکی پۆشی بوو و کڵاوێکی (سیلندر)ی لەسەر نابوو و پێڵاوەکانی بۆیاغ کرد بوو ، بەڵام ڕووی ژاکاو و غەمگین دەهاتە بەرچاو ... سەیرێکی کرێکارەکانی کردو ئارام و هێمن وتی :

– ئەمڕۆ حزبەکەمان کۆڕێکی گەورە دەگێڕێ ..

کرێکانتان دەدەمێ.. دەبێ نیشانەی حیزب لە یەخەتان بدەن و لەم کۆڕەدا بەشداری بکەن .

کرێکارەکان لە یەکدی ڕامان.. جاران بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستوورانە پێیان ناخۆش نەبوو، بەڵام ئەم جارە ئامادە نەبوون نیشانەی حیزب بە یەخەیان وەبکەن .

حوسنی هەنگاوێك لە ڕیزەکە هاتە پێشەوەو بە دەنگێکی دڵنیاوە وتی:

– من نیشانەی حیزب و فڵان و لە یەخەم نادەم!

قسەکەی وەك بۆمبێك لەناو کۆمەڵەکە تەقیەوە.. هەموو تێك ڕامان ، غەیاسەددین بەم بێباکیەی حوسنی خەریکبوو شێت دەبوو.. و ددانەکانی چیڕەیان پێکەوتبوو.. لەکاتێکدا هەموو گیانی دەلەرزی پچڕ پچڕ وتی:

– جا بەم شێوەیە؟!

ئینجا ڕووی لە کرێکارەکان کرد :

– بێجگە لەمە کەسی دی هەیە نیشانەکە نەبەستێ؟

پێنج کەسی دی لە ڕیزەکە هاتنە دەرەوەو بە هەمان ئازاییەوە گوتیان :

– ئێمەش نایبەستین ..

غەیاسەددین لە کاتێکدا وەك سەگێکی ژەهر خواردوو خولی دەخواردەوەو ددانەکانی جیڕەیان دەهات وتی:

– دەزانن ئەم کارەتان چەند بە گران لەسەرتان دەوەستێتەوە؟ هەمووتان دەردەکەم ! ..

حوسنی بەقایمتر وەرامی دایەوە:

هەواڵنامەی کتێب

– ئەی بۆ وەستاوی؟! وات دەزانی دەتوانی؟ نەخێر، ئەو زەمانە ڕۆیشت هەر هەڵەیەك بتەوێ بە ئارەزووی خۆت بیکەی.. ئێستا ئێمە بە ڕێگای یاساو بە دەستی وەزارەتی کار بەرگری لە مافی خۆمان دەکەین. ساڵەهایە وەك کەر ئیش دەکەین لەناو دەستی تۆ دەکەین. لە جنێو و هەڕەشەی تۆیش ناتسرین، هەرچییەك بکەی بە خەیاڵماندا نایێ!

کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات وا بەزوویی ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوە بێت بە پەشیمانی و ڕاشکاوی یەوە وەك کەرکەدەنی کێوی هاواریکرد:

– بڕۆن ون بن..دەچنە کوێ بڕۆن..بە کار بەڕێوە بردن دەمترسێنن تف!!

حوسنی لە برادەرەکانی ڕاما.. دیتی هەموویان ئامادەن بۆ ڕۆیشتن، ئینجا بۆ لای گشت کرێکارەکان گەڕایەوە:

– هەر یەکێ ئارمی حیزبی کەرامەت لە یەخەی دەدات با بمێنێتەوە، ئەوەیشی نایبەستێ بابێت بڕۆین.. یاڵلاّ کوڕینە..

حەفت کەس لە پێشەوەو (حوسنی)یش لەدواوە ملی ڕێیان گرتەبەر، غەیاسەددین لەدواوە هاواریکرد:

– وادەزانن کرێکاری قاتی بووە؟سەگبابی ناپاکینە بڕۆن، برسیەتی ببینن، تا ئەقڵتان بێتەوە سەر!!..

جا بابزانم ئەو (فیکری) یە دەبەنگە چۆن دەتوانێ نانتان بۆ پەیدابکات..

پاشان گەڕایەوەو لە کاتێکدا هێشتا هێنکە هێنکی بوو ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، ڕووی لەکرێکارەکان کردو وتی:

– ئەوەی نایەوێ با بڕوا.. یاڵلاّ ئێوەش ئەگەر حەزناکەن بڕۆنە دەرەوە...

کە کەسیان ورتەیان لێوە نەهات ، غەیاسەددین پێکەنی:

– قا ... قا .... قا .. ئەوانە هەر بەڕاستی جاسووس بوون!

ئنجا ڕووی لە وەستا حەسەن کرد :

– نیشانەکانی حیزب بەسەر کرێکارەکاندا ببەخشەوە.. کرێیەکەشیان دوو قات بدەرێ!.

وەستا حەسەن ئارمەکانی حیزبی لەناو پاکەتەکە دەرهێناو بە هەمووانی بەخشی..(غەیاسەددین)یش بە کەیف و زەوقێکی تایبەتییەوە سەیری کرێکارەکانی دەکرد، کە نیشانەکانیان لە یەخەیان دەدا.

لە دەرەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەهات.. غەیاسەددین بڕیاری دابوو تا ئەوپەڕی توانا یارمەتی حیزبی کەرامەت بدات.. چونکە بەرژەوەندی لەوە دابوو.

پاشان یەکسەر (گولێ)ی بیرکەوتەوە، کە چۆن لەسەر چیمەنەکە لە بن دەست و پێی ئەو کوڕە نێرەکەرە خۆی دەیچڕپەوەو ڕانە سپییەکانی بە دەرەوە بوون! چەند ڕۆژێکی دی ئەو نیعمەتە لەو مارە دەکەن وەك ورچێك چاوی بەهەرچی کەوتبێ، بەحەسرەتەوە لێوەکانی خۆی لستەوە!!.

لە دەرەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا زیاتر دەهاتە بەرگوێ.. ئەندامانی هەر دوو حیزب بە چاپووکییەوە خەریکی ڕێکخستنی بەرنامەکانیان بوون و هەریەکەیان هەوڵی دەدا خەڵکی، کە بۆ لای بارەگای حیزبەکەی خۆیان ڕابکێشن.

ئەندامانی حیزبی کەرامەت، کە بە پێش نووسینگەکەی کاك فیکری دا ڕەت بوون، هەڵوەستەکیان کرد و پاشان بە یەك دەنگ هاواریان کرد:

– هـ .. ۆ .. ی .. ها ...

کاك فیکری لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە پێش دەرگا وەستابوون و پێکەنینیان بەم ئیشە سووکانەی کەرامەتییەکان دەهات. کاك فیکری بە دڵگیرییەوە سەری لەقاند و بەوانەی تەنیشتی وت:

– بەقسەکانیانەوە دیارە وەزعیان خۆشە !!

یەکێ لە دۆستەکانی (فیکری) لە تووڕەییاندا قوڕگی گیرا بوو پرسی :

– کاك فیکری ئێمە کەنگێ دەست پێ بکەین ؟

(فیکری) سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وەرامی دایەوە :

– لێگەڕێن با ئەمانە ماندووبن و دابکەسێن، ئەوجا ئێمە دەست پێ دەکەین ، ئێمە سەعات سێ دەست پێ دەکەین.

ئەو لۆرییانە بە پڕ خەڵکی و بە ئاڵای حیزبەکەیان و بەدەهۆڵ و زوڕناوە یەك بە دوای یەك دەگەیشتنە جێ و لەپێش بارەگای حیزبەکانیانەوە دادەبەزین..

شوێنی لێدوان و گفت و گۆی هەردوو حیزب لە مەیدان بەرامبەر یەك بوون، یەکسەر هەراو هۆریایەکی زۆر دروست بوو .. وەك سەردەمی ڕۆمە دێرینەکان، لەکاتی هەڵبژاردنی سیناتۆرەکاندا کۆمەڵێ سیزار و کۆمەڵێ ئانتۆنیۆس لەم دیوو لەو دیویان دەڕۆیشتن و دەهاتنە مەیدان! ئەندامانی هەردوو حیزب ڕابەرانی حیزبەکانیان لەسەر شان هەڵگرتبوو و هێنایاننە مەیدان !! هەردوو حیزب سەیرێکی یەکدیان کرد.. قولی کەرامەت دەستی هەر شەقاند و هاواری کرد:

– بورهان! لەم هەڵبژاردنەدا کەس دەنگی خۆی بە تۆ نادات! ئەندامانی حیزبی سەلامەت بە یەك دەنگ گوتیان :

– ج .. ڕ .. ڕ .. ت ..!!

ئەمجارەیان بورهان سەلامەت بەشێوەیەکی تایبەتی ڕووی لە کۆمەڵ کرد:

– تۆ هەر بەم داخەوە دەمری.. هەموو دەزانن حیزبی کەرامەت حیزبێکی قەڵب و ساختەیە.

ئەمجارەیان کەرامەتییەکان هاواریان کرد :

– ج .. ڕ .. ڕ .. ت ..!

دەتگوت قسەو لێدوانەکانیان یەك کەس بۆی ئامادە کردوون، چونکی هەرچییەك لایەکیان دەیگوت ، لایەکەی دیان هەمان شتی دووبارە دەکردەوە!

پاشان یەکسەر هەردوولا پێکەوە دەستیان بە لێدوانەکانیان کرد.. سەرۆکانی هەردوو حیزب چوونە سەر مێزەکانیان.. گوڵدانی پڕ لە گوڵ و سووراحی پڕ لەئاو لەسەر مێزەکانیان دانرابوون..میکرۆفۆنەکانیان کردووە.. هەردووکیان جلی ڕەشیان پۆشی بوو،هەردووکیان فوویان تێکرد.. (ئەلۆ .. ئەلۆ ..)! وەك بڵێی ڕێکەوتبن، هەردووکیان پێکەوە دەستاین پێکرد!.

قولی کەرامەت هاواری کرد:

– هاووڵاتیانی بەڕێزی ملەی زێڕین.

(بورهان سەلامەت)یش لەو لاوە دەستی پێکرد :

– ئەی هاوڵاتییە نیشتیمانپەروەرەکانی ملەی زێڕین.

قولی:

– حیزبەکەمان...

بورهان:

– حیزبەکەمان...

قولی:

تەنها داواکاریمان

بورهان :

تەنها داواکاریمان

قولی:

وەدەستهێنانی زۆرینەی شتە ..

بورهان :

قولی: وەدەستهێنانی ...

ڕەنووسەکان بە تەواوی وەك یەك بوون. هەردووکیان یەك شتیان دەوت. جیاوازییەکەیان ئەوەبوو، کە یەکێکیان بە دەنگێکی دوور و درێژ دەیوت ، دووەمیان بە دەنگێکی نزم و پچڕ پچڕ دەیوت! خۆشییەکەی لەوەدابوو ، کە خەڵکەکە گوێیان لە هیچ لایان نەدەگرت.. تەنها کۆمەڵێك وەك پەیکەر لە شوێن خۆیان وەستابوون.. و بە مات و مەلوولییەوە سەیری ئەملاو ئەولایان دەکرد ..

قسەکانیش هەر ئەوانە بوو، کە هەمیشە دەیانوت: ..دەکەین! ..کردمان ..دەکەین!

کاتێ ئەمانە خەریکی لێدوان بوون (گوڵێ) لە ماڵەوە دانیشتبوو خەریکی چنین بوو..ئەم هەراو هۆریایە ناڕەحەتی دەکرد، لەژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵی بوو:

– دیسان باوکم خەریکی قڕەو گاڵەیە!!

گوڵێ بەهۆی ئەم حیزب و حیزبایەتییە خۆشی نەدەویست و دەیزانی هەر بەهۆی ئەم حیزب و حیزبایەتییەوەیە کەوا ناتوانێ لەگەڵ ئەمیر دا زەماوەند بگێڕێ! وا بەدەردی دوورییەوە فرمێسك هەڵدەڕێژێ.

گوڵێ بە تەنێ لە ماڵ بوو.. دایکیشی چوو بوو سەیری ئاهەنگ بکا .. بە لێدانی تەقەی دەرگا یەکسەر لەجێی خۆی ڕاپەڕی و بە پێبلیکانەکاندا هاتە خوارەوەو لە پشت دەرگاوە پرسی:

– کێیە؟!

دەنگی غەیاسەددین لە دەرەوە بەرزبۆوە:

– بیکەرەوە خۆمانین !!

گوڵێ،کە دەنگی وی بیست، تا ڕاددەیەك کەوتە گومانەوە.. پاشان دەرگاکەی کردەوە.. غەیاسەددین بەم قیافە سەیرەیەوە لەبەردەم ئەو خۆی چەماندەوەو سەلامێکی لێکرد.. گوڵێ نارەحەت ببوو، پرسی:

– چیت دەوێ؟ ئەگەر ئیشت بە باوکم هەیە وا لە مەیدان کۆبوونەوەی هەیە!

غەیاسەددین، کە مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون و چاوکراوەبوو، لەکاتێکا دەچووە ژوورەوەو لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی دادەخست بە مەرایی بۆ کردنێکەوە وەرامی دایەوە :

– ئازیزم.. من تەنها بۆ دیتنی تۆو تەماشاکردنی قەدو باڵای تۆ هاتوومەتە ئێرە!

گوڵێ لە پرشنگی ترسناکی چاوی غەیاسەددین ترساو خۆی کێشایە دواوە:

– چی؟! لەبەر خاتری من؟!

– بەڵێ.. لەبەر خاتری تۆ.. جارێکی دی هەلی وا نارەخسێ.. ئازیزەکەم .. نازدارەکەم..هاتووم قسەت لەگەڵ بکەم .. گوڵێ لە مەبەستەکەی تێگەیشت.. هێدی هێدی ڕۆیشت و هاواریکرد:

– من قسەم لەگەڵ کەس نیە.. ڕقم لێتە.. زووکە خێرا برۆ دەرەوە.. بەڵام غەیاسەددین، کە حاڵی ئاسایی نەبوو، وەك ورچی برسی سەیری سنگی بەرزی کچەی دەکرد، بە دەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە وتی :

– عەشــق و ئەڤینت بۆ کەســانی دیکەیە و تووڕەیی و ڕووگرژیشت بۆ ئێمەیە؟! دوو سەعات لەگەڵ ئەمیر لە باغەکە ڕاتان بوارد عەیب نەبوو ، ئێستایش ئێمە قسەیەکمان لەگەڵ کردی نارەحەت بووی ؟ گوڵێ ڕەنگی هەڵبزرکابوو و دڵی بە خێرایی لێیدەداو بە نارەحەتییەوە بەسەر غەیاسەددین دا قیژاندی :

– زووکە لەپێش چاوم ون بە .. بێ نامووس!

غەیاسەددین بە سورتکی و بێ شەرمییەوە سەری بەرزکردەوەو وەرامی دایەوە :

– شتی وانییە با نەختێ ئاشقاتی بکەین!!..تۆ خۆت دەزانی ئاخیرەکەی هەر بۆ منی..چ پێش هەڵبژاردن!..چ دوای هەڵبژاردن! .. ئەوەندەی پارەی لەتۆم سەرف کردووە نەوەکو کچێك گوندێکم پێ دەکڕی!

گوڵێ قیژاندی و هێدی هێدی ڕۆیشت بەڵام غەیاسەددین گرتی :

– خۆت ماندوو مەکە و منیش تووڕە مەکە .. ئەو هەموو پارەم لە خۆڕایی نەداوەتەوە باوکت .. لەبەر خاتری ئەم گەردنە سپییەو چاوە جوانانەی تۆ بووە .

گوڵێ ڕنۆکی لە دەموچاوی غەیاسەددی گیرکرد و هاواریکرد:

– بگەنە دادم!!... بابە .. دایە ... ئای .. بێ ناموس!

خۆشییەکە لەوەدابوو، لە هەمان کاتدا باوکی گوڵێ لە مەیدان هاواری دەکرد:

– ئەی خەڵکینە... لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا کێ پارێزگاری لە ناموس و شەرەفی ئێوە کردووە؟!حیزبی کەرامەت بوو. ئەی هاولاّتیان هەوڵ بە یارمەتی خواو دووەم بە یارمەتی ئێوە دیسان سەرکەوتووین...

لەولایشەوە بورهان سەلامەت هاواریدەکرد:

– لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا شەرەف و ناموسمان بۆتە وازی دەستی کەرامەتییەکان!!هیممەتێ بکەن و نەهێڵن لەمە زێتر حیزبی کەرامەت ماڵ و گیانتان بگرێتە ژێر دەستی خۆی.. تاکە کەسێك، کە پەیوەندی بەم کارانەوە نەبوو غەیاسەددین بوو.. لەگەڵ ئەوەشەوە کە دەموچاوی زامدار بوو.. بۆینباخەکەی دڕاو لا چاوێکی ڕەش داگەڕا بوو هێشتا هەوڵی دەدا دەیویست گوڵێ لە باوەش بگرێ.. دەمی (گوڵێ)ی گرتبوو.. خەریك بوو قاچەکانی شل دەبوون.. هیچی وای نەما بوو لە پێ بکەوێ و خۆی بدا بە دەستەوە. بە هەموو هێزێکیەوە.. خۆی پچڕیەوەو دەستی گەیاندە قیچی باغەوانی، کە لەسەر دیوارەکە دانرابوو هاواریکرد :

– بێیتە پێشەوە وەك سەگ دەتتۆپێنم ..

غەیاسەددین بەم هەڕەشەیە ڕاچڵکی.. نەختێ کشایە دواوە..(گوڵێ) سوودی لەم هەلە بینی و بە ڕاکردن لە ماڵ هاتە دەرەوە .. غەیاسەددین لە ماڵ مایەوە ..

گوڵێ بەرەو مەیدان ڕایکرد .. ئەمیر، کە لە پێش چایخانە ڕاوەستابوو تەماشای مەیدانی دەکرد ، چاوی پێ کەوت و هەستی بەم وەزعە نائاساییەی کرد و لە خۆیەوە بۆلای گوڵێ ڕایکردو دەستی گرت و پرسی :

– گولێ بە هەناسەبڕکێ و پچڕ پچڕ وەڵامی دایەوە :

– ئەو سەگبابە غەیاسەددین..دوژمنی عەرزو ناموسمان هاتبووە ماڵەکەمانەوە و دەیویست دەست درێژیم لێ بکا، لە دەستی ڕامکرد.

ئەمیر خەریك بوو شێت دەبوو .. ددانەکانی لێك جیڕکردەوە و وتی:

– ئای..سەگبابی خوێڕی..ئێستا دەگەمە سەرت..

نووری زەنگەزۆرە،کە گوێی لە هەموو قسەکان بوو بازووی ئەمیری گرت و نەیهێشت:

– کاکە ئەمیر.. ئێستا کاتی ئەم شتانە نییە..حیزبەکان دەکەونە گیانی یەك و کوشت و کوشتار دەکەوێتە نێوانەوە..

ئەمیر گوێی بەم قسانە نەدا..بازووی لەدەستی نووری ڕاتەکاندو لەکاتێکدا وەك گوللە بۆ لای گوڵێ غاری دەدا دەستی بە بۆڵەبۆڵکرد:

– بە جەهەننەم، خوای دەکرد کەسیان نەدەمان!

گوڵێ داوای لە نووری کرد:

– کاکە نووری توخوا بیگرە مەهێڵە.. مەهێڵە بڕوا، ئەو کابرایەی دەکوژێ.

نوری شانەکانی بەرز کردەوە:

– دەیکوژێ بە جەهەننەم!

ئەمیر لە ناوەڕاستی مەیدان ڕایدەکردو پاڵی بە خەڵکەوە دەنا.. باوکیشی بەهەمان گەرمی یەوە خەریکی لێدوان بوو :

– حیزبی کەرامەت هەتا نرخی شتومەکیشی گران کردووە.. ئاوی خواردنەوەیشی لێ پیس کردووین.. ئەو نانەی جاران دەتوت گوڵە هەنووکە کەس نازانێ چۆنە ؟

غەیاسەددین جلەکانی ڕێکخستەوەو قژی شانە کردەوەو دەموچاوی شوشت و خەریکبوو لە ماڵی گوڵێ بێتەدەرەوە، کە ئەمیر وەك عزرایل گەیشتە سەر ڕۆحی..هەر گەیشتە ئەوێ مستێکی ڕاوەشاندە غەیاسەددین:

– بێ ناموس.. ئێستا پێت دەڵێم دەست درێژی بۆ سەر ناموسی خەڵکی یانی چی؟!

غەیاسەددین، لەگەڵ مستی هەوەڵی کەوتە سەر زەوی و دەستی بە هاوار هاوارکرد:

– ئای خەڵکینە بگەنە دادم.. سەلامەتییەکان کوشتمیان! ئەم ڕستە کورتە بووە خۆی ئەوەی ئەندامانی هەردوو حیزب بکەونە گیانی یەکترەوە، مەیدانی کۆبوونەوە بوو بە مەیدانی شەڕ!

کاك فیکری، کە تازە دەستی بە قسەکانی کرد بوو بە ئیشارەتی دەست شەڕو هەرای هەردوو حیزبی بە خەڵکەکە نیشانداو بە گاڵتە پێکردنەوە وتی :

– ئەمانە باسی دیموکراتیەت دەکەن!لە باتی ئەوەی لە پێناو بیروڕای پێشکەوتنخوازی و بەرنامەی ڕاستەقینەی خۆیان خەبات بکەن، ڕێگای دارکارییان گرتۆتەبەر و دەیانەوێ بە زۆرە ملێ کۆمەڵ چاك بکەن ! دیموکراتی یانی ژیان ئازاد و بەختیار لە سایەی یاسادا.. ئایا ئێوەش چاوەڕوانی هەمان دیموکراسی و بەختیاری ناکەن؟!حیزبەکان دەبێ دووژمنایەتی و دوو ڕوویی و ڕقەبەرایەتی بەلاوە بنێن و تەنها لە پێناو



مەولانەی کتێب

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ولأت و پێشکەوتنی کۆمەڵدا تێبکۆشن، نەوەك بۆ شتی هیچ و پووچ بکەون بە قسەو گوتەکانی فیکری هاتبوونە کولْ ..

هەموویان بە سەیرکردنێکی پرش لە رشق و کینەوە سەیری مەیدانیان کرد ، کە هێشتا لێدان و کوتان بەردەوام بوو، چونکە بە شتێکی نابەجێیان دادەنا هەموویان بزەیەکی گاڵتەئامێزیان کەوتە سەر لێوان ..

کە لایەنگیرانی حزبی کەرامەت و سەلامەت کوڵی دڵی خۆیان بە یەکتر هەڵڕشت و هاتنەوە سەر وەزعی خۆیان.. یەك یەك و کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو لای حزبی مەدەنیەت ڕێگایان گرتەبەر:

– بابچین بزانین ئەمانە دەڵێن چی؟!

هێشتا دوو ڕۆژی مابوو هەڵبژاردن دەست پێ بکات و ڕا وەربگیرێ .. لەم ماوەیەدا نە کۆبوو دی کرا و نە دانیشتنی دی ڕێکخرا ، ڕۆژی هەڵبژاردن دوای نوێژی بەیانی مەلا ئەمین چووە سەر مینبەر.. دەربارەی دینی ئیسلام ، کە بناغەکەی لەسەر پایەی دیموکراتی و برایەتییە دوا :

– دینی ئیسلام فەرمانمان پێدەدات ، کە ناڕەزایی بەرامبەر ڕق و کینە و دوژمنایەتی دەربڕین .. دوو ڕوویی و هەڵخەڵەتاندن لە دینی ئیسلامدا نییە .. دینەکەمان دەفەرمووێ : ( برایانی دینی دەبێ دەست بخەنە دەستی یەکترەوەو بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و وڵاتەکەیان دەبێ ڕێگای ڕاست بگرنەبەر !! ویژدانتان هەبێ و بە باوەڕەوە هەنگاو هەڵێننەوەو خوای گەورە ببینن و هەر ئەو بە سەرکار بزانن ، تا هەرگیز گومڕا نەبن ..

کاتێ لە مزگەوت هاتنە دەرەوە، هەر دوو نەیار دیسان جوان تێك ڕامان!

دڵ و دەروونیان ئەوەندە پیسبوو، هەتا ئایات و پەرجووی دینیش نەیاندەتوانی ڕێگای ڕاستیان پێ نیشانبدەن.

سەرۆکانی هەردوو حیزب، هەڵبژاردنی خۆیان بە مافێکی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانی.. لە پلەوپایەی خۆیان دڵنیابوون و سەرکەوتنیان لەچاوی حیزبەکانی خۆیانەوە دەدیت. ئەو خەڵکە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو لای سندووقەکان کەوتبوونە ڕێ و دەنگی خۆیان دەدا.. (قولی) کاتێ بە شانازییەوە ئەو سندووقەی خەڵك دەنگیان دابوو هەڵدەڕشت ڕووی بۆ لای وێنەگرەکە وەرچەرخاند:

– هێی.. برادەر .. وێنەیەکی گەورەم بۆ بگرە ! دەمەوێ لە دیواری سالۆنی حیزبی هەڵواسم ! !

وێنەگرەکە کامێراکەی فلیمی تێدا نەما بوو، هەر ئەوەی هەستی پێنەکا، وەك وێنەگرێك جووڵایەوە ! !

هەوەڵی وایزانی سەرۆکی حیزب گاڵتە دەکا،بەڵام دوایی،کە زانی بەڕاستیەتی،بە ڕاکردن چوو فیلم بێنێ و وێنەی قولی کەرامەت لە بەردەم سندووق بگرێ!

لەو لایشەوە بورهان سەلامەت، کە خەریکی بەتاڵکردنی سندووقی خۆی بوو، وەك سەرکردەیەك دەستی بە قسەکرد :

– ئەمانە دەخەمە ڕێگای دیموکراسییەوە ! بە پشتیوانی خوا !.

ئەمیر لە پشت سەری باوکییەوە کاغەزی دەنگی خۆی خستە نێو سندووقەکەوە...بورهان بە لە خۆبایی بوونێکەوە سەیرێکی کوڕەکەی خۆی کرد، بەڵام جۆرە دوو دڵی و گومانێك لە چاوەکانیا شەپۆلی دەدا ..

نەیدەزانی کوڕەکەی ڕای داوەبەکێ.. هەر لە خۆیەوە شانی بەرزکردەوەو لە پێش خۆیەوە وتی:

– باشە.. کێی دەوێ با بیداتە وی. حیزبەکەی ئێمە سەرکەوتوە!

کاتێ دەنگ وەرگرتن تەواو بوو و خوێندنەوەی ڕایەکان دەست پێکرا، سەرۆکانی هەردوو حیزب ناڕەحەت بوون.. ئەوان هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون، کە حیزبی مەدەنیەت یەك ڕایش وەدەست بێنێ! لە کاتێکدا مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەوە کەوتەوەو حیزبی مەدەنیەت زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو..

قولی کارامەت لە بارەگای حیزب دانیشتبوو زۆر بەبێ ئارامییەوە چاوەڕوانی هەواڵی ئەنجامی هەڵبژاردن بوو.. هەر کە قاسیدێك دەگەیشتە جێ و هەواڵێکی ڕادەگەیاند، قولی زیاتر تووڕە دەبوو و وەك بەرازێکی پێکراو دەستی بە بۆڵەبۆلە دەکرد:

– پەح!.. یانی چی؟! حیزبی مەدەنیەت یانی چی؟ ئەم گەوجانە کێن دەنگی خۆیان بەم داوە! بابیان دەگێم!! کەوڵیان دەکەم!!

– بورهان سەلامەتیش وەزعی چی ئەوتۆ لە ڕەقیبەکەی چاکتر نەبوو.. ئەویش،کە هەواڵی تازەی دەربارەی سەرکەوتنی حیزبی مەدەنیەت دەبیست، لە تورەییاندا دەمی کەف دەکرد:

– ئەو کابرایەشمان لێ ڕاست بۆوە!! کەس نەمابوو ببێتە وەکیل لێرە ئەو کابرا کەتەیە نەبێ!

چەند دۆخی ئەم دوو سەرۆکە کۆنە و بەتوانایەی هەردوو حیزبەکە خراپتر دەبوو بە پێچەوانەوە کاك فیکری و لایەنگیرانی حیزبی مەدەنیەت دۆخیان

بەرەو باشی دەچوو.. هەموویان بە شادی و دڵخۆشییەوە لە نووسینگەکەی کاك فیکری کۆببونەوەو بە بۆنەی ئەوەی دوای تۆزێکی دی هەواڵی سەرکەوتنیان ڕادەگەیێندرێ، ئامادە بوون بۆ ئاهەنگ گێڕان .. لە نێویاندا ئەمیر لە هەموویان شادتر و دڵخۆشتر بەرچاودەکەوت و بە جۆرە فیزو شانازییەکەوە بۆ ماسیگرەکانی باسدەکرد :

– ئەو هەموو ئیشی من بوو، سووك کردنی کەس نییە.. ڕێزگرتنی باوکم لە جێگای خۆی، بەڵام هەڵبژاردنی وەکیلێك بۆ چوار ساڵ چارەنووس و ژیانی بەدەستبێ، شتێکی زۆر ئاساییە.

لە پڕ دەرگای ژوورەکە بە قایمی کرایەوەو یەکێ بە هەناسە بڕکێوە خۆی کرد بە ژووردا و هاواریکرد :

– هاوڕێیان ئێمە سەرکەوتین.. براوەبووین .. زۆربەی دەنگەکانمان بەدەستهێنا .. کاك فیکری نوێنەری خۆشەویستی ئێمەیە..

ئەم ڕستانە وەك کلپەیەك بگاتە عەمباری بارووت، هاوڕێان لە جێی خۆیان ڕاچڵەکین.. هەموویان وەك مەلی باڵ سووك لە جێی خۆیان ڕاپەڕین و بە هاتوهاواری خۆشی و شادییەوە یەکدیان لە باوەش گرت و ڕوومەتی یەکدیان ماچکرد.. هەندێکیان ئەوەندە کەوتبوونە جۆش و خرۆشەوە کڵاوەکانیان هەڵدەدا ئاسمان.. تاکە کەسێك لە نێویاندا خوێنسارد و ئارام وەستابوو ئەویش کاك فیکری بوو .. زۆر بە هێمنی وسەنگینییەوە کاغەزەکەی لە دەست ئەو پیاوەی، کە تازە خۆی کوتابووە ژوورەوە، وەرگرت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

ئەمیرو برادەرەکانیشی بێدەنگبوون و لەدەوری کاك(فیکری)دا کۆبوونەوە..

(فیکری) ووردە ووردە دەستی بە خوێندنەوە کرد :

– حیزبی مەدەنییەت زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێناوە، ٦٥٧٧ دەنگی وەدەست هێناوەو حیزبی کەرامەت ١٣٣٤ دەنگ و حیزبی سەلامەت ١١٦٨ دەنگیان وەدەست هێناوە.. دوو فرمێسکی شادی بە چاوەکانی (فیکری) دا شۆڕبوونەوەو لەنێو ئەم سکوت وبێدەنگییەی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، دەنگی گڕی کاك فیکری بەرزبۆوە:

– خوایە قەسەم بە ناوی گەورەی تۆ، تا ئەوپەڕی توانا خزمەت بەندەکانت بکەم ..

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی شکستهێنانی هەردوو حیزب لە بارەگای هەردوولایاندا، کە تا سەعاتێك لەمەوپێش بزووتنەوەو جووڵانەوەیەکی زۆریان تێدا بەدی دەکراو خەڵکی بۆ خۆدەرخستن لە بەرامبەر سەرۆکەکانیاندا سەروگوێلاکی یەکدیان دەکوتیەوەو تۆپیان دەتەقاند!

لەچاو نووقانێکدا ئەو کۆمەڵە پەرتەیان لێکرد.. و لەو هەموو لایەنگیرە زۆرانەیان تەنها سەرۆکی هەردوو حیزب خۆیان مابووەنەوە! حاڵی هەردووکیان وەك دەریایەکی سەرشێت وابوو، کە هەرچی کەشتی هەیە تێیدا نقووم بووبێ و کەوتبێتە ژێر ئاوەوە!

ئەو هەمو بەڵێن و هەرایە.. ئەم هەموو پارە خەرجکردنە ، ئەم هەموو لێدوان و سنگ دەرپەڕاندنە .. هەر هەمووی بەفیڕۆ ڕۆیشت و هیچی نەهاتە جێ ..

هەردوو سەرۆك وەك دوو دایکی ڕۆڵە مردوو خەمبار و بێ پەنا لە بارەگای حزبەکانیانەوە هاتنەدەرەوە.. لە مەیدان ڕووبەڕووی یەك ڕاوەستان

.. قولی كەرامەت بە نەفرەتێكەوە سەیرێكی ڕەقیبەكەی كرد و بە نەفرەت و گاڵتە پێكردنێكەوە هاواریكرد :

– هەهای برادەر! ئەنجامەكەیت بینی؟ ڕای زۆرینەتان وەدەست هێنا؟

(بورهان سەلامەت)یش بە خەندەیەكی هەزار ماناوە وەرامی دایەوە :

– سوێم دەبۆوە تۆ دەرنەچووبایت! زۆرینەم بۆ تۆ بەجێ هێشت!! لە بیرت چوو وەزعت چۆن بوو،وا چاكترە بچی بۆ خۆت چایەك بخۆیتەوەو ماندوویەتیەكەت نەمێنێ! ئاخر كوڕی چاك تۆی چایچی چیت داوە لە سەرۆكایەتی حیزب؟!

ئەگەر جاری جاران دەبوو لەبەر خاتری ئەم گاڵتە بەیەك كردنانە دەكەوتنە سەروگوێلاكی یەكدی، بەڵام ئێستا ئەو توانایەی جارانیان نەماوە و هیچ كامێكیشیان شەنگ و تاقەتی هەرایان نەماوەو پڕبدەنە یەكتر! بۆیە قولی كەرامەت لەگەڵ ئەوەی تووڕەیی و نەفرەت هەموو گیانی تەنی بوو تەنها بەوەندە وازی هێنا یەخەی ڕەقیبەكەی گرت و بە نیمچە ترسێكەوە وتی:

– تورەم مەكە دوایی خراپت بەسەردێنم ها ..

– تورە بی چی دەكەی؟ ئەگەر پیاوی وەرە پێشەوە.

بەم سووك كردنەی ئەم جارەیان خۆی بۆ نەگیرا.. لەو كاتەی خەریك بوو تێككگیربن دەنگی هەراو هۆریا لەو سەری مەیدان بەرز بۆوە..

هەردووكیان سەیری ئەو سەریان كرد تا بزانن ئەم هەراو هۆریایە چییە ... كە چاویان پێكەوت گەنجەكانی شارۆچكە كاك (فیكری)یان بەسەر شانیان هەڵگرتووەو بە هەلهەلە و سەماكردنەوە وا دێنە پێشەوە، سەریان سووڕما..

(گوڵێ) و (ئەمیر)یش دەستی یەكدیان گرتبوو و وەك دوو فەرماندەی بە دەسەڵات لە پێشیانەوە دەڕۆیشتن..هەر دوو ڕەقیب بەحەپەساوی و سەرسووڕمانەوە سەیری یەكدیان كرد، قولی كەرامەت لە تووڕەییاندا دەستی بە بۆڵە بۆڵ كرد:

– سەیری ئەم سەگبابانە بكە ! ..

بورهان بە گاڵتەوە وەرامی دایەوە:

– كڵاوت قیت بكە.

هەردوو ڕەقیب جارێكی دی هەلی وایان بۆ ڕێك نەدەكەوت تا وا فشە بەیەك بكەن، گەنجەكان لە كاتێكدا سروودیان دەخوێند بە چەند هەنگاوێكی دی گەیشتنە لای ئەوان .. قولی كەرامەت و بورهان سەلامەت بە دوو چاوی زەقەوە لە كیژ و كوڕەكەی خۆیان ڕادەمان، قولی هاواری كرد:

– تەماشای ئەم كچە سەگبابەی من بكەن! چۆن دەستی كوڕەكەی تۆی گرتووە؟ بورهان سەلامەت، كە ئەم كارەی بە شكستهێنانی ڕەقیبەكەی خۆی دەزانی بە خوێنساردییەكەوە شانی هەڵتەكاند:

– بەزۆر نەیگرتووە! دیارە هەردوولایان ڕازین!.

بورهان خەندەیەكی گەرمی بۆ ڕەقیبەكەی كرد :

– جا باشە .. كە ئەوان هەردووكیان یەكتیان بوێت ئێمە چین؟

لەوكاتەدا ئاپۆراكە گەیشتنە بەردەم ئەوان.. گەنجەكان كاك (فیكری)یان لەسەر شانیان دابەزاند..كاك فیكری بە شكۆداری و سەنگینییەوە هاتە لای هەردوو ڕەقیب و دەستی خستە سەرشانی هەردووكیان و بە ڕوویەكی خۆشەوە و بە گفتوگۆیەكی دۆستانەوە وتی:

– ئێوە پیرۆزباییتان لە سەرۆكی حیزبی مەدەنیەت نەكرد بە بۆنەی دەرچوونی لەم هەڵبژاردنانەدا ؟!

قولی كەرامەت و بورهان سەلامەت نیگای یەكدیان كرد و بە ئیشارەتی سەر قسەی ڕاست و دروستی ڕەقیبەكەیان پەسەند كرد... فیكری دەستی بۆ لای قولی كەرامەت درێژ كرد، قولی كەرامەت لەگەڵ ئەو هەموو ڕقەی بەرامبەر بەو كابرایە هەیبوو لە خۆیەوە دەستی بردە پێشەوەو دەستی فیكری گوشی:

– ئەڵبەتە پیرۆزباییت لێدەكەم .. سەركەوتووبیت! دیارە ئەو كەسانەی شارەزان و وەك تۆ خوێندوویانە لە ئێمەمانان چاكتر لەم كارانە سەر دەدەكەن.

بورهان سەلامەتیش دەستی كاك فیكری گوشی و وتی :

– ئێمە تەنها جنێو پێكدان و شەڕو هەرا لە دیموكراسییەوە فێربووین! ئومێدەوارم ئێوە ئەم شتانە نەهێڵن .

كاك فكری دیسان دەستی خستەوە سەرشانیان و هەردووكیانی بۆ خۆی ڕاكێشا :

– ئێمە هەموو دۆست و برای یەكین .. دەبێ دەستی یەكیەتیمان بگرین و لە پێناو بەختەوەری هاوولاتیەكانماندا كاربكەین ..

ئینجا لە كاتێكدا دەستی بۆ لای ئەمیر و گوڵێ درێژ كرد، درێژەی پێدا :

– سەیری ئەم گوڵە جوانانە بكەن. لەبەر ئەم حیزبایەتیەی ئێوەیە ناتوانن زەماوەند بكەن.. واز لەم ڕقەبەرایەتییە بێنن و لێگەڕێن با بۆ یەك بن ..

هەواڵنامەی كتێب

قولى كەرامەت و بورهان سەلامەت ديسان نيگاى يەكديان كرد، بەڵام ئەم جارەيان بە پێچەوانەى نيگاكانى پێشوويان گەرم و خۆشەويستانە بوو .. قولى كەرامەت لە خۆيەوە پێكەنى و لە كاتێكدا هامێزى كردبۆوە بەدڵخۆشى يەوە هاواريكرد:

– هۆى..بورهان سەلامەت چاوەڕێى چى دەكەن؟ئەمڕۆ ڕۆژى ديموكراسييە.. وەرە باوەشمەوە ..

بورهان سەلامەت لە خۆيەوە ڕەقيبەكەى لە باوەش كرد و وتى :

– ئەگەر ئێمە نەبووينايە ديموكراتيەت دروست نەدەبوو!

سەيركەرەكان، كە بە ئاشت بوونەوەى ئەم دوو ڕەقيبە هاتبوونە كوڵ بە يەك دەنگ هاواريان كرد :

– بژى ديموكراسيى ..

لەم بەزم و هەرايەدا،كە هەريەكەو خەريكى خۆيان بوون، ئەمير دەستى (گوڵێ)ى گرت و لەسەرخۆ و بەبێ دەنگى لە نێو خەڵكەكەدا هاتنە دەرەوە.. بە پێ دزە و خۆدزينەوە بەرەو كەنار ڕۆيشتن ..

كەنار دەريا بە پێچەوانەى هەميشە خەڵوەت بوو و كەسى لێ نەبوو، هەردووكيان وەك دوو فريشتەى ئازادو خۆشبەخت بەوەى،كە ديموكراسيەت كەوتبووە شارۆچكەكەيانەوەو دژايەتى و ناكۆكى بۆ هەتا هەتايێ لەنێو چوو باوەشيان بۆ بەك كردەوە.ئەمير كچەكەى لە باوەش گرت و بەخۆيەوە گوشى و بەزارێكى پڕ لەخۆشەويستى و ئەڤينەوە بە گوێيدا چپاند:

–خۆشم دەوێى..

وشەکانیش جۆرە دیموکراسیەکیان دەنواند،(گوڵێ) سەری لەسەر سینەی ئەمیر بەزر کردەوە بە چاوە ئەفسووناویەکانیەوە ڕوانییە چاوەکانی ئەمیرو لێوە ئاڵەکانی کەوتنە تەتەڵە بۆ ئەوەی وەرام بداتەوە،بەلاّم لێوەی لێك نەدەکردەوە لێویان خستە سەر لێوی یەك..لە دوورەوە مەلی ئەڤین ئاوازی بەخوێند.. شنەبایەکی نەرمیش کە لە دەرگاکانی بەهەشتەوە دەهات بە ئاسمانی ئەم شارۆچکەیەدا تێپەڕ دەبوو و دنیایەك شادی و کامەرانی شارۆچکەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و بە دیاری بۆ شوێنەکانی تری خاکی ولاّتی دەبرد.

هەواڵنامەی کتێب

## عەزیز نەسین دەربارەی خۆی دەدوێ

خوێنەران لەباتی ئەوەی بە نووسینەکانم بگرین،پێدەکەنن،من کاتێ وەك نووسەرێکی ساتیریست و یوموریست (تەنزنووس، گاڵتەنووس) ناسرام، چەمکی تەواوی (تەنز)م هەر نەدەزانی، ئێستاش ناتوانم بڵێم دەیزانم ، بەڵام دەتوانم ئەوەی، کە دەیزانم ، بیهێنمە سەر زمانم.

من توانج و گاڵتە نووس لە میانەی نووسینەوە فێربووم، زۆر جاران لێیان دەپرسیم، کە تەنز چۆن دێتەکایەوە، واتا نوسخەیەکی منیان دەویست، پایەی زانیارییەکانم لەم زەمینەدا ئەوەیە، کە تەنز مەسەلەیەکی یەکجار زۆر جددییە.

بەناوی (عەزیز نەسین)ەوە پێم نایە دنیای ئەدەبیاتەوە. ناوی ڕەسەنی خۆم لەژێر ئەم ناز ناوەدا فەرامۆش کرد. ناوی تەواوم (محەمەد نوسرەت)ە، عەزیز ناوی بابم بوو،لە ئەنادۆل سەربازیم کرد، ئەفسەر بووم ،بوومە ئەفسەر ، چونکە کوڕە هەژارەکان تەنیا لە قوتابخانە و ئامادەییەکانی وەزارەتی بەرگری دەیانتوانی بەخۆڕایی بخوێنن. لەکاتی دەست بەتاڵیشم شیعر و دواییش داستانم دەنووسی و بە پۆستە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانم دەناردن، بەڵام دوایی کوتیان ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی بەرگری مافی ئەوەیان

نییە دەست لە کاری نووسین و وەربدەن، ئیدی نووسینەکانم بەناوی خوازراوەوە بڵاودەکردەوە.

یەکەمین ناوی خوازراوم (عەزیز) بوو. شیعرەکانم ئەوەندە سەرنج ڕاکێشەر نەبوون ، ئاشقانە بوون، ناوی هەوەڵ ژنم بە نازناو بۆ خۆی هەڵبژارد.

شیعرەکانم سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشا،بەڵام نەك لەبەر جوانیان بەڵکو لەبەر ئەوەی ناوی ژنێکم بە نازناو بۆ خۆم هەڵبژاردبوو! نامەیەکی زۆرم بە ناونیشانی ئەم ژنەم پێ گەیشت ، هەتا نامەی ئاشقانەم پێ دەگەیشت.

وەك زۆر کەسی دیکە، منیش سەرەتای ئەدەبییم بە شیعر دەست پێکرد، دوایی کە ڕێزو نرخی شیعرم زانی، دەستم لێکێشاوە،لە نووسینی خراپترین شیعردا مامۆستا و لێزان بووم.

نازم حیکمەت لە زیندان، لە کاتی ئازاردانda منی بینی و ئامۆژگاری کردم ، کە لە هۆنینەوەی شیعر دەست هەڵگرم و وای بە چاك زانی، کە تەنیا داستان و ڕۆمان بنووسم. ئێستا دەپرسن: ئەدی ئەو (نەسین)ە لە کوێوە هات؟ ئەوەش مێژوویەکی هەیە، لە ساڵانی (۱۹۳۲ – ۱۹۳۳)دا لە تورکیادا یاسایەك، هەر بەناوی (یاسای نازناوی خانەوادەیی)یەوە دەرچوو ، بەپێی ئەو یاسایە، هەر تورکێك دەبووایە ناوێکی خانەوادەیی بۆ خۆی هەڵبژێرێ. تا ئەو کاتە تەنیا لە ئەنادۆل ناوی خانەوادەییان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، هەر کەسەو ناوێکی بۆ خۆی هەڵبژارد یان دروستی دەکرد. منیش وامکرد ، هەوەڵی ناوی خێزانداریيەتی (قڕ– ال)م هەڵبژارد، هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامەکاندا چەندان ناوی تازە چاپدەکران، لە نێوانیاندا ئەوەندە ناوی (قڕ–ال)ی تێدا بوو ، بێ چەندو چۆنی بڕیارمدا ناوەکەم بگۆڕم.

دەمویست ناوێك هەڵبژێرم، کە هەم سادە بێت و هەم تاکە کەسێك هەیبێت. بەم شێوەیە ناوی (نەسین)م هەڵبژارد. ئیدی هەر کەسێك دەمگەیشتێ دەیپرسی: عەزیز تۆ چیت؟ کێیت؟ ئەم پرسیارە هەموو جارێ تەکانی پێ دەدام و ناچاری دەکردم بیربکەمەوە ، ئەوە بەڕاست من کێم؟ ئەم ناوە ناوی تەواوی خۆم لە بیر دەباتەوە.

لە ساڵی(١٩٤٤)دا لە خزمەتی سەربازی دەربازبووم و هاتمە ئەستەمبۆڵ، لەسەرەتا لە گۆڤاری (ئیدی گون حەوت ڕۆژ) کارم دەکرد، پاشان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (میللەت)، (قاراگئوز)، (یئنی ئادام) ،(تان) و هی دیکە دەستم بەکار کرد.خاوەنی ڕۆژنامەی(یئنی ئادام)(ئیسماعیل حەققی باڵتەچی) جارجار نەیدەهێشت هەندێ لە داستانەکانم بڵاوبکرێتەوەو دەیوت:

– نەخێر نابێ ، ئەم داستانە سۆشیالیستییە.

لە یەکێ لە کۆڕەکانی ئەدیبان لێم پرسی :

– تۆ بۆچی ناوی سۆشیالیستی بەسەر داستانەکانمدا دەسەپێنی؟ من سەرم لە سۆشیالیزم هەر دەرناچێ، من بەم شێوەیە دەنووسم، بۆ ئەو خەڵکەی خۆمان داستان دەنووسم و مرۆڤە هەژار و لاوازەکان دەبزوێنم.

گۆڤاری (ئیدی گون)یش داستانەکانی دەگەڕاندمەوە؟ پاشان تێ گەیشتم ، کە لە گەنجیەتیمدا تەنیا بیرم لە ئاواتەکانی کۆمەڵ دەکردەوە ، ئەو وەختەی لە ڕۆژنامەی (تان)دا کارم دەکرد،ئەو ڕۆژنامەیە لەگەڵ خواستەکانی من دەگونجا، منی کرد بە سۆشیالیست.

لەو ڕۆژنامە پێشکەوتنخوازەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ (سەباحەددین عەلی)دا پەیدا کرد، نازم حیکمەت کاریگەرییەکی فیکری گەورەی کردینە سەر کە لە

ڕۆژنامەی(تان) ئیشم دەکرد، چەندان کورتە چیرۆك و ڤیلیەتون و ڕیپۆرتاژم نووسی،هەتا هەڵەیشم دەکرد.

لە هەموو ژمارەیەکی یەك شەمووادا بەناونیشانی(گاڵتە) چیرۆکێکم بڵاو دەکرایەوە، ئەم گاڵتانە زۆر سەرنج ڕاکێشەر و بەتام بوون، سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاکێشا: نووسەری ئەم چیرۆکانە کێ یە ؟ هەوەڵجار لەوێوە ناسرام، لەوە بەدوا، هەموو ڕۆژێك دەبوایە گوتارێم بڵاو بکەمەوە، گۆشەیەکیان بۆ تەرخان کردم،لەو گۆشەیەدا دەربارەی کاروبارە پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەمنووسی،ئەم وتارانەش بە سەردێڕی (گاڵتە) چاپ دەکران.

ڕۆژنامەی(تان)م زۆر خۆش دەویست،لەو ڕووەوە،ئەگەرچی ڕۆژنامەکانی دی بۆ کارکردن داوەتیان دەکردم و هەرچەندە لەوێ پارەیەکی کەمم وەردەگرت، بەڵام دەستبەرداری نەبووم.

لە مانگی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا ئیدارەی یەتی ڕۆژنامەکەیان دەخست و ئێمەشیان تاوانبار کرد. بێ ئیش مامەوە، زۆری پێ نەچوو بە هاوڕێ لەگەڵ سەباحەددین عەلی ڕۆژنامەی سیاسیی (مارکۆ پاشا)مان بڵاوکردەوە،من سەرنووسەری بووم ، ئەوەیش بەڕێوەبەر و خاوەنی ئیمتیاز بوو.

مارکۆ پاشا خۆی یۆنانی بووەو لە کۆشکی سوڵتانەکانی عوسمانیدا تەبیب بووە ، هەر یەکێك دەرد و نەخۆشییەکی بووایە سەری لێ دەدات، ئەویش بە هاسانی چارەسەری دەکرد، لەنێو تورکاندا پەندێکی پێشینان هەیە،دەڵێ: (ئەگەر نەخۆش کەوتی عیلاجت لای مارکۆ پاشایە.)

لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا، وێنەی مارکۆ پاشا، کە دەستی لەسەر گوێی دانابوو،چاپم کرد، لەژێرەوە نووسیم:(مارکۆ پاشا گوێ لە نەخۆشان ڕا دەگرێ)، ڕۆژنامەکەمان هەفتەی دوو جاران بلأودەکردەوە، دەربارەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕامیاری باسمان بڵاودەکردەوە، باسی پێویستیەکانی خەڵکمان دەکرد، سیاسەتی دژ بە خەڵك و حکومەتمان دەخستە ڕوو و جنێومان بە سیاسەتی بێگانەپەرستیی دەدا. سەرۆکی ئەم بەشەیان من بووم. بە زمانی سادەی خەڵکی، ژیان و مەعیشەتی جووتیارانی ئەنادۆل و کارەسات و ڕووداوەکانی وڵاتم تێدا دەنووسی. خەڵك (مارکۆ پاشا)یان زۆر خۆش دەویست، ڕۆژنامەکە ژمارەیەکی زۆری لە تورکیادا لێ چاپدەکرا ، لە ڕووپەڕەکانیدا چیرۆکی کورت و ڕاپۆرت و ڤیلیەتون چاپدەکران و ڕەخنەو بەسەرهاتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بڵاودەکرانەوە، خەندە و گاڵتە پێکەوەی گرێ دەدران.

گۆڤارەکانی (بەرایی) و (سەرلەنوێ)مان بلأودەکردەوە. نووسینێکم لەسەر ڕەنگدانەوەی باری ژیانی سەختی دەشتەکییەکانی تورك نووسی. شیعری (ئەم وڵاتەی ئەوێ هی ئێمەیە) ی (نازم حیکمەت)مان چاپکرد ، دوای زیندان کردنی نازم حیکمەت ئەوە جاری بەرایێ بوو شیعری بۆ چاپدەکرا.

لە ساڵی (١٩٤٨)دا کۆمەڵە شیعرێکم بە ناوی (عزیز نامە – ١ – )ەوە چاپکرد. دوای چوار مانگ و نیو بەندیان کردم.

لە بەسەرهاتەکانی بیست و حەوتی مانگی مایسی ساڵی (١٩٦٠) دا بڕێ لە شیعرە تەنزئامێزەکانم بە ناوی (شەونامە) لە شارەکاندا بڵاوکرایەوە.

نازانم هۆی چی بوو لە ژێر یەکێکیانەوە ئیمزای (بەهجەت کەمال)ی بەسەرەوە بوو.

لە ساڵی (١٩٥٠)دا تاوانێکی دیکەیان دامەپاڵ و شازدە مانگی ڕەبەق زیندانی کرام، تاڵترین ڕۆژانی ژینم بوو، ژنەکەم لێم جودا بۆوە، منداڵەکانی بەسەردا بەجێهێشتم، ڕەفیقەکانم ڕوویان لێوەرگێڕام، سەڵت و ڕەبەن مامەوەو کەس ئامادە نەبوو نووسینەکانم بۆ بڵاوبکاتەوە، هەتا لە سەلام کردنم دەترسان، هەموو ئەو بەسەرهاتانەم لە چیرۆکی (ئۆهـ ! ... ئۆهـ ) دا دەرخستووە.

دوای گەڕانەوەم، ماوەیەکی زۆر بێ ئیش مامەوە، نووسینەکانم چاپ نەدەکران. لە (لۆند) کۆگایەکی کتێبفرۆش و چاپی ئۆفێستم کردەوە، ڕۆمانەکانم بە ئۆفێست بڵاوکردەوەو چەندان کاریکاتۆرم دروستکرد، بەڵام بازاڕی نەبوو و ڕووی لە شکست بوو.

لە ساڵی(١٩٥٢)دا گۆڤاری تەنزئامێزی(ئاغ بابا) داوای وتارێکی لێکردم بە مەرجێك ئیمزای خۆمی لێ نەدەم! چەندان ڕۆپۆرتاژ، کورتەچیرۆك، نوکتەو قسەی خۆشم نووسی، هەموو بە ئیمزای خوازراوەوە. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەش نووسینم بڵاودەکردەوە ، وەلێ هیچ کاتێ ناوی خۆم نەدەنووسی، زیاتر لە دووسەد نازناوم هەبوون، لەسەدا هەشتای گوتارەکانی (ئاغ بابا) من دەمنووسین، کەچی ناوی منی پێوە نەبوو.

لە ساڵی (١٩٥٢) تا بەهاری ساڵی (١٩٥٦)، کە پاداشتی یەکەمی ئەو پێشبڕکێیەی لە ئیتاڵیا سازدرا، وەرمگرت ناوی عەزیز نەسین لە چاپکراوەکاندا بەرچاو نەدەکەوت، چونکێ لە (ئاغ بابا)دا نەمدەنووسی،

بەلاّم یوسف زیائەددین ئورتاج تکای لێکردم و ناچاری کردم، کە دووبارە دەست پێبکەمەوە.ئورتاج لە سەرۆك وەزیران و کۆمیتەی نهێنی مۆڵەتی وەرگرتبوو، کە دووبارە ناوی من لە ڕۆژنامەکەدا چاپ بکاتەوە.. بەم جۆرە جارێکی دیش ڕێگای چاپەمەنیم گرتەوەبەر،لەم ڕووەوە ناو و نازناوی جۆراو جۆرم هەبوو، دیسان بووە گۆنگەلێ، بۆ نموونە: بە تێکەڵکردنی ناوی کچ و کوڕەکانم نازناوی (خەون ئاگر)م پێکهێنا و کتێبێکم چاپکرد، دوایی لە ئینسکلۆپیدیای تورکیدا (خەون ئاگر)یان بە نووسەرێکی ژن لەقەڵەمدابوو ، هەروەها ناوێکی فرەنسیشم هەبوو ، ئەو چیرۆکەی بەم ناوەوە چاپم کرد تا ئێستاش لە زۆر لە کۆمەڵە چیرۆکەکاندا بە سەردێڕی نموونەی چیرۆکی فرەنسی بلاّوکراوەتەوە. چیرۆکێکم دیم بەناوێکی چینییەوە چاپکرد،پاشان لە کۆمەڵە چیرۆکێکیاندا بە سەردێڕی چیرۆکێك لە ولاّتی چینەوە بلاّوکراوەتەوە. هەوەڵجار ، کە کەوتمە زیندانەوە لێیان پرسیم:

(نووسەری ڕاستەقینەی ئەو نووسینانەی،کە بەناوی تۆوە چاپدەکرێن کێیە ؟)

دوو ساڵ دوای ئەوە، بە پێچەوانەوە، بانگهێشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەو نووسینانەی بەناوی خەڵکی دییەوە بلاّودەکرانەوە هی منن!

ڕۆژێك بۆم دەسەلماندن ، کە من نەمنووسیوە،ڕۆژێکی دییان دەمگوت من نووسیومە، هەتا وای لێهات بەهۆی نووسینی خەڵکی ترەوە کەوتمەوە زیندانەوە. بە هەمووی پێنج ساڵ و نیو لە زیندانێ مامەوە. شەش مانگیان لەو پێنج ساڵ و نیوە بەهۆی سووککردنی سەرکردەکانی بێگانەوە بوو ، کە باڵیۆزەکانیان بەدەست منەوە شکایەتیان لە دەوڵەتی تورکیا کردبوو.

لە ساڵی(١٩٥٢)تا ساڵی(١٩٥٦)نووسینەکانم لەوڵاتی خۆم چاپدەکران، لە ساڵی (١٩٥٦)دا لە پێشبڕکێی تەنزنووسان،کە لە ئیتاڵیادا سازکرا بە چیرۆکی (حەمەدە فیل) بەشداریم کرد. ئەم چیرۆکە (مێدالیای زێڕ) واتا پاداشتی یەکەمی پێشبڕکێیەکەی پێبەخشرا. لەوە بەدوا لە تورکیا کەوتمە سەرزاران، ئیمزای خۆم لە (ئاغ بابا)دا چاپدەکرد، بەڵام دیسان زۆری نەبرد حەفت هەشت مانگ دواتر دووبارە تووشی (ناشیٚ) بووم.

لە ساڵی (١٩٥٧)دا بۆ جاری دووەم لە پێشبڕکیٚ ی ئیتاڵیادا بەشداریم کرد، ئەمجارەیش کورتەچیرۆکێکم بەناوی (کیابیای دیگ) پاداشتی وەرگرت لە ساڵی (١٩٦٦)یشدا لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی تەنزنووسان لە بولگارستاندا (ژێرکی زێڕ)م وەرگرت. لە ساڵی (١٩٥٧)دا هاوڕیٚ لەگەڵ کەمال تاهیر بڵاوکراوەی (دوشون!)(وەرەبیرکەرەوە!)مان هێنائاراوە. کتێبەکانم هەمووی لەویٚ چاپکرد، دوایی لە کەمال جیابوومەوەو بە تەنیٚ (دوشون)م بەڕێوە دەبرد.

دەربارەی کارەساتەکانی مانگی مایسی ساڵی (١٩٦٠) نووسینی زۆرم لە ڕۆژنامەکانی (تانین) و (ئاقشام)دا بڵاوکردەوە.

دوای ماوەیەك بەڕێوبەری گۆڤاری (تانین) و منیان خستە زیندانەوە و ئەوە دوا بەندکردنم بوو. لە ساڵی (١٩٦١)دا نازانین بە هۆی چی بوو (دوشون) ئاگری تێبەربوو و بەم ڕووداوە بە پەکم کەوت،چونکیٚ یەکەمجار ، زیانێکی ماددی زۆرم لیٚکەوت. پاش ئەوە دەگەڵ ژنەکەم بڵاوکراوەیەکی دیمان داناو ژوورێکمان بەکریٚ گرت و دەستمان بە کارکردەوە ، کتێبەکانم هەمووی یەکە بە یەکە چاپکرد.

لەو ڕۆژانەی،کە نەمدەتوانی بنووسم،ئیشی جۆر بە جۆرم دەکرد: لەوانەیە: کتێبفرۆش بووم، دەرسی تایبەتیم دەگوتەوە، ڕۆژنامەفرۆشیم دەکرد،وێنەگر بووم،بەقاڵیم دەکرد، پەیکەرتاشیم دەکرد، پینەدۆزیم دەکرد، پاسەوانیم دەکرد، لەسەرتاشخانە ئیشم دەکرد، زیندان دەکرام، بێ ئیش دەبووم، وەلحاسڵ لە هیچیان تا سەر نەمامەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## دەرمانی بێ خەوی

لەبەر بێ خەوی و پڕ ئیشی مێشکم لە کەللەدا نەمابوو...ئەوەندە ناڕەحەت و ماندوو ببووم، خەریك بوو شێت دەبووم، ناچار خۆم گەیاندە لای دکتۆرێکی دەمار.

دکتۆر لێی پرسیم:

– ڕۆژانە چەند سەعات ئیش دەکەی؟

– حەڤدە، هەژدە سەعات.

دکتۆر زۆری لە کن سەیر بوو. بە چاو زەقبوونەوەیەکەوە وتی:

– بۆ ئەوەندە ئیش دەکەیت؟ شێت بوویت؟!

حەزم دەکرد بە مستێك جوابی بدەمەوە،بەڵام لەوەترسام بڵێن هۆشی لای خۆی نەماوەو ڕەوانەی خەستەخانەم بکەن،خۆم گرت و بە دەنگێکی تایبەتی وەڵامم دایەوە:

– کاکی دکتۆر خۆ لە خۆشیان نییە، بۆ ئەوەی پارەی کرێی خانوو و پارووی نان بۆ منداڵەکانم ناچارم ئەوەندە ئیش بکەم.

وا دیار بوو گوێی لێنەبوو چیم وت، یان لە قسەکەم تێنەگەیشت، شانی هەڵتەکاندو وتی:

– ڕاست نییە، ئەوەندە ئیشکردنە خۆکوشتنە، لە هەشت سەعات زیاتر ئیشکردن گوناحە!

تەماشام کرد موجادەلە لەگەڵ بنیادەمێك، کە ئاگای لەم دنیایە نییە بێ سوودە،بێدەنگ بووم و چاوەڕێی ئەنجامی ڕەچەتەکەم بووم. دکتۆر ژمارەیەك دەرمانی هێزو خەولێخەرو هێورکەرەوەی دامێ و ئامۆژگاری کردم، کە خواردنی چاك و باشی وەك کەباب و مریشك بخۆم و دوای نان خواردن بێگومان دەبێ یەك سێوو هەرمێ و کاڵەکیش لە بیرنەکەم!

بە قەرزو قۆڵەو فرۆشتنی کەلوپەلی ماڵەوە دەرمانەکانم کڕی، بەڵکو تۆزێ حاڵم بێتەوە سەرخۆ و لەو بێخەوییە ڕزگارم بێ، بەڵام حەیف بۆ ئەو پارەو پوولەی دام بە دکتۆر و دەرمان.

شەو، کە لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشابووم چاوم خستبووە سەریەك، لە پڕ کەوتمە خەیاڵی کرێی خانوو ، لە ترس و هەڕەشەی خاوەن خانوو نەك هەر خەو ، ئەقڵ و هۆشیشم لەسەر نەما. لەسەر قسەی دکتۆر بۆ ئەوەی خەوم لێ بکەوێ دەستم بە ژماردن کرد ، لە سفرەوە تا (٣٦٠)م ژمارد ، کە لە (٣٦١) تێ پەڕیم کێشەو دۆخەی سەری ساڵ و کڕینی پێڵاو و کڵاو و جل و بەرگ بۆ منداڵانم کەوتە خەیاڵ، بۆ ئەوەی خۆم بە دووربگرم لە نزیك بوونەوەی جەژن ئەمجارە دەستم بە ژماردن کرد بە پێچەوانەوە،

ئەمجارەیان لە (٣٦٠)ەوە دابەزیم تا گەیشتمە(٢٥٠)، کە گەیشتمە(٢٥٠) ئەوەم وەبیرکەوتەو،کە چەند ڕۆژێك بەسەر قستی فەرشەکەماندا تێپەڕیوەو

ئەگەر تا دوو سێ ڕۆژی دی (٢٥٠) لیرە بۆ قستی فەرش نەبژێرم خاوەن دەزگاکە تووشی بەلاّیەکمان دەکا.

لە ترسی ئەو ڕاسپاردەیە بەپەلە لە قەرەوێڵەکەم دابەزیم و حەبێکی خەوم قووتدا! بەو ئومێدەی بەڵکو خەوم لێ بکەوێ ، دووبارە لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشامەوەو هەوڵمدا هەموو شتێ لە بیر خۆم بەرمەوە ، ئەمجارەیان بیرێکی تازەم بۆ هات (ئەگەر هەموو مانگێك دە لیرە پاشەکەوت بکەم دوای ماوەیەك دەتوانم خانوویەك بکڕم و لە شەڕی خاوەن خانووی بێ ئینساف خۆم دەرباز بکەم؟ ماوەیەك حسێب و ژمارەم لە مێشکمدا کۆکردەوەو لێکدەرکردن نەمتوانی حسێبی ئەو هەموو ساڵ و مانگە لە مێشکدا بهێڵمەوە و وازم لەم مەسەلەیەش هێنا.

ئەو هەفتە هەر هەمووی لە چوار پێنج سەعات زێتر خەوم لێ نەکەوتووەو ئەوە چوارەمین شەوە تا ئێستاکە ساتێك خەو نەچۆتە چاومەوە .. ئەو بێ خەوییە زۆرە تاقەت و شەنگی لەبەر بڕیوم.

لەسەر قسەی دکتۆر ڕۆژنامەیەکم لەسەر مێز هەڵگرت بەشکو بەدەم خوێندنەوە خەوم لێبکەوێت. لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیەدا ئەو ئاگادارییەم بەرچاوکەوت:

(پارچە زەوییەك، کە ڕووبەرەکەی ١٦٢٤ مەترە، لە گەڕەکی ماکسیم بە چوار ملیۆن لیرە دەفرۆشرێ ، هەر ئێستا داوای بکە).

هەوڵمدا لە مێشکی خۆمدا چوار ملیۆن بەسەر ١٦٢٤دا دابەش بکەم .. بۆچی؟ نازانم! هەر هیچ نەبێ تێبگەم مەتری چەند دەکەوێ ، بۆ من هەر خۆ خەریك کردنەکەیە.

پاش بەینەکێ بەزەحمەت وەڵامەکەیم دۆزیەوەو هەر مەترێکی چوار گۆشەی نێزیکەی (٢٥٠٠) لیرە دەکەوێ.. کەوتمە بیری ئەوەی ئەو عەرزە بکڕم !!! بەلاَم چوار ملیۆن لیرە گاڵتە نییە ، من مانگی بە هەمووی پێنج سەد لیرە مووچەکەمە ، بەم پارەیە بە زەحمەت ژیانمان پێ دەسووڕێ ، ئێستا با وادابنێین مانگی سەد لیرەشمان پاشەکەوت کرد ..

ژنەکەم ، کە زانی حاڵم ناتەواوەو جێگەی مەترسییە هاتە بەردەممەوە و بەتکا و پاڕانەوەیەکەوە وتی :

– بەسە ، ئیدی کەم بیرکەرەوە .. بڕۆ بخەوە...

لەو دڵسۆزییە ناوەختەی ژنەکەم،کە زنجیرەی بیری پچڕاندم،زۆر ناڕەحەت بووم، بە ڕقەوە بەسەریدا هاوارمکرد:

– بڕی بە لای کاری خۆتەوە ، نابینی وا خەریکی حیسابکردنم.

ژنە قوڕبەسەرەکەم بە غەمگینی و دڵشکاوییەوە دوورکەوتەوەو منیش دووبارە خەریکی حیسابکردنی قستی پاشەکەوتی مانگانەی خۆم بوومەوە.

(باشە، ئەگەر هەموو مانگێك سەد لیرە پاشکەوت بکەم ، لە ساڵێکدا (١٢٠٠) لیرە و بە دە ساڵ ١٢٠٠٠ لیرە و بە سەد ساڵ ١٢٠٠٠٠ لیرە و بە هەزار ساڵ (١٢٠٠٠٠٠) لیرە ، یانی دەبێ سێ هەزارو سێ سەدو سی و سێ بژیم و هەموو مانگێکیش سەد لیرە بە بێ کەم و زیاد بدەمە لاوە بۆ ئەوەی بتەوانم ئەو عەرزە بکڕم.. شتی وا هەر نایێ ، ئەی چار چییە ؟ ! .. )

بەدوای چارەسەرێکی تردا دەگەڕام، کچەکەم هاتە پشت سەرمەوەو بە گریەو نووکەنووکەوە وتی :

– بابە گیان .. بەزەییت بە خۆت و ئێمەدا بێتەوە.. هەوڵدە بخەوە، دەنا نەخۆش دەکەوی .

بە توندی ددانەکانم جیڕکردەوەو بە ڕقەوە وتم:

– لاچۆ لەبەر چاوم ...

کچەکەم لە ترسان دەمودەست لە ژوورەکە چووە دەرەوەو ئەمنیش دەستم بە حیسابەکەی خۆم کردەوە،بەڵام هەر چییەکم دەکرد بۆم ڕاستەڕێ نەدەبوو...، بەخۆمم وت:

( – ئەدی کڕیارەکانی دی ئەو هەموو پارەو پوولە لەکوێ دێنن ، ساڵێ دوو سێ عەرزی وا دەکڕن؟ئەوانە چ کاسبییەك دەکەن؟ تۆ بڵێی فەرمانبەری پایەبەرزبن..باشە مووچەی مانگانەیان چەندە؟ زۆر زۆر بێ با مانگی پێنج هەزار لیرە بێ،باشە، ئەو جۆرە کەسانە زۆریش خەرج دەکەن، بە مەزەندە با بڵێین مانگی ١٥٠٠ لیرە پاشەکەوتیانە، دیسانەوە ٢٧٦ ساڵیان گەرەکە تا پارەی ئەو پارچە زەوییە کۆدەکەنەوە، کەچی سەیر دەکەی دوای دە ساڵ خزمەت زۆربەیان چوار پێنج عەرزەی وا دەکڕن!! ئەدی ئەو پارانە لە کوێوە دێنن!

شەیتان بە نەعلەت بێ، خەریکە مێشکم بتەقێ. با وا دابنێین کڕیارەکەی دکتۆرێکە،ڕاستە لە هەر نەخۆشێك ٣٠ لیرە وەردەگرێ،بەڵام باشە لە ڕۆژێکدا دەتوانێ تەماشای چەند نەخۆش بکا، تۆ بڵێ لە ڕۆژێکدا سەیری دە نەخۆش دەکا، کۆی بکەیتەوە، مانگی ٩٠٠٠ لیرە دەکات، ئەگەر هەر مانگێك ٦٠٠٠ لیرە پاشەکەوت بکات کاکی دکتۆر بۆ کڕینی ئەم عەرزە دەبێ ٦٧ ساڵ ئیش

بکات،ئەی ئەو دکتۆرە گەنجانەی دە پازدە ساڵ نییە زانکۆیان تەواو کردووە ئەو ئاپارتمانە گەورەو جوانانە لەکوێ دێنن ؟!!

ژنەکەم بە هێواشی دەرگاکەی کردەوەو بە پاڕانەوە وتی:

– ئازیزەکەم وا بەیانییە ، دەقەیێ بخەوە ، بەخوا تەواو ، دەمری ...

هاوارم کرد :

– ئەوەندە بێزارم مەکەن،لێمگەڕێن، وازم لێ بێنن ئیشەکەم تەواو بکەم ، سەرم خستە سەر سەرین، بەڵام چاوەکانم نە دەکەوتنە سەر یەك، کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ:

( –با وا دابنێین کڕیارەکە بازرگانێکی بازاڕە، باشە قازانجی حەلاڵی بازرگانی لەسەدا چەندە؟ خۆ بازرگانەکانی ئێمە زۆربەیان هەر سەرمایەیان نیە و بە ڕەسیدی بانق و ئەم لاو ئەو لاوە ئیش دەکەن و لە ساڵێکدا چەندیان دەست دەکەوێ تا بتوانن موڵکێکی ئاوا بکڕن؟!

نەو، بە کاروکاسبی حەلاڵ و لە ڕێی مەشرووعەوە کڕینی موڵکی وا مەیسەر نابێت، دەبێ بەدوای ئیشی پڕ داهاتدا بگەڕێم ، هەر چییەك تۆ بیڵێ . لە کوێوە دەسپێبکەین؟ لە بەڕێوەبردنی قومارخانە، قومارخانەیەکی لاچەپ مانگانە داهاتەکەی چەندە؟ با وا دابنێین مانگی سێ هەزار لیرەی هەیە.. ناشێ لەوە زیاتر بێ، چونکە دەبێ مانگانە دوو ئەوەندەش خەرج بکات تا نەکەونە دەست ئازاری ئەو خەڵکە ساختەچیانەی لەوێ دادەنیشن.. باشە با مانگی سێ هەزار لیرەش دەسکەوتیان بێ، دیسان سەدو و سی و پێنج ساڵی دەوێ .. کەوابێ ئەوانیش نین . بێ گومان شوێنی فەساد داهاتیان زیاترە، ئەگەر پیاو خانەیەکی فەساد بکاتەوەو پێنج کچی جوان لەلای کار بکەن،

ئەگەر هەر ژنێك ڕۆژی پێنج سەد لیرە پەیدابکەن بە هەموویان لە ڕۆژێكدا دەكاتە دوو هەزار و پێنج سەد لیرە، لە مانگێك ٧٥٠٠٠ لیرەیان دەست دەكەویٚ،دوای هەموو پێداویستییەك ئەگەر مانگی پەنجا هەزار لیرە پاشەكەوت بكات هێشتا هەشتا ساڵی دەویٚ تا پارەی كڕینی ئەو عەرزە پێكەوە بنیٚ، كەوابیٚ بە بەڕێوەبردنی خانەیەكی فەسادیش ناتوانم ئەو عەرزە بە چوار ملیۆن لیرە بكڕم!! حەزم نەكرد واز لە خوێندنەوەكەم بێنم!! كەوتمە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستەقینە:

(– لەوانەیە ئەوانەی ئەوەندە پارەیان هەیە لە ڕێگای قاچاغ و كڕین و فرۆشتنی تلیاك و هێرۆئینەوە دەوڵەمەند بووبن؟!!)

ئەم بیركردنەوەیەم بەلای خۆمەوە لە هەموو ڕێگاكانی دی بە سەركەوتووتر دەزانی، سەیرم كرد لەم ڕێگایەوە دەتوانی زووتر بە مەبەستی خۆت بگەیت و ئەگەر بنیادەم ویژدانی خۆی بخاتە ژێر پێیەوەو یاری بە گیان و بوونی هەزارەها گەنج و خێزان بكات زۆر ئاساییە دەبێتە خاوەنی پارەوپوول و لەماوەی دوو سیٚ ساڵاٚن دەتوانیٚ ئەم پارەیە پێكەوە بنیٚ.

ڕاستییەكەی بەم فیكرەیە هەموو گیانم كەوتە لەرزین،سەیرمكرد دەتوانم هەموو ئیشێك بكەم، بەڵام ئە شتانە لە دەست و پلی من ناوەشێتەوە. لە پڕ فیكرەیەكی دی وەك برووسكە لە مێشكمدا درەوشایەوە، گیرفانەكانم گەڕام، پارەكانم هەڵڕشت و ژماردنم، دوازدە لیرەو نیو بوو، ژن و كچەكەیشم بانگ كرد:

– یاللاٚ دەی پارەكانتان بێنن بزانم چەندتان هەیە.

ئەوانیش حەفت لیرەیان هێناو هەمووی کردیە نۆزدە لیرەو نیو ، حیسابم کرد دیتم بەو پارەیە دەتوانم ٧٨ سانتیمەتری چوارگۆشە لەو عەرزە بکڕم، بڕیارمدا سبەینێ هەر لەگەڵ گەردی بەیانی بچمە لای خاوەن عەرزەکە و ٧٨ سانتیمەتر عەرزی لێبکرِم.

ئەگەر ئەو قیچە عەرزە بۆ ماڵی یەکجارەکیم بەس نییە و دەبێ پێم بۆ قەبری داوسێیەکانم درێژبکەم،بەڵام چارە چییە، هەر هیچ نەبێ لەم دنیایەدا دەتوانم لەوەندە عەرزە لەسەرپێ بوەستم و لەشەڕی خاوەن خانووە بێ ئینسافەکان ڕزگاربم!

ژنەکەم و کیژەکەم، کە بە واق و ڕمانەوە تێمڕادەمان پێم وتن:

– ئاخیرەکەی من توانیم بۆ خۆم خانوویەك پێکەوە بنێم، بەڵام لە خانووەکە جێگای ئێوەی تیانابێتەوە، خۆشتان ئەوە باش دەزانن، جا ئێوەش بۆ خۆتان بڕۆن جێگەیەك بدۆزنەوە.

ژنەکەم و کیژەکەم لە ترساندا دەلەرزین ، بە چپە چپێکەوە وتیان:

– بەستەزمانەی لەبەر بێ خەوی شێت بووە.

ئیدی،ئامۆژگاری ئەوەتان دەکەم، کە هەرگیز بیر لە کڕینی عەرزی چوار ملیۆن لیرەیی مەکەنەوە، مەگەرنا ناچار دەبن ئەوەندە حەبی خەو بخۆن تا شێت دەبن و ئێوەش دێنن بۆ لای من ، بۆ قاوشی هەشتەمی خەستەخانە.

کتێبخانەی هەولێر

# تا ١٦ ڕۆژ لەمەوبەر

تا ١٦ ڕۆژ لەمەوبەر من پیاوێکی دڵخۆشبووم،کەس ژیانی وەك من شاد و بەختەوەر نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ بەدبەخترین مرۆڤی سەر زەویم. ڕاستیان گوتووە: (نێوانی خۆشی و ناخۆشی تەنیا موویەکە).

هەموو ڕۆژێ سەعات هەشت لە ماڵ دەهاتمە دەرەوە. پێش سەعات نۆ لە دایەرە ئامادەی سەر کارەکەی خۆم بووم.

بەر لەوەی لە ماڵی بێمەدەر ، ژنەکەم سەعات حەفت و نیو نانی بەیانیانی ئامادەدەکرد،لەهەمان کاتدا پۆستەچیش ڕۆژنامەی دەهێناو لەگەڵ خواردنی نانی بەیانی چاوێکم بە ڕۆژنامەکاندا دەگێڕا.

ماڵێکی ئارام، ژنێکی میهرەبان، منداڵەکان هێمن، کاروکاسبییەکی باش، ئەی خۆشبەختی لەوە زیاتر چییە؟

ژنەکەم بە یەك دنیا خۆشەویستییەوە تا بەر دەرگا ڕەوانی دەکردم و ئینجا دەچووە گژ کاروباری منداڵەکان، تا ١٦ ڕۆژ لەمەوپێش ئەم بەرنامەیە بەبێ یەك تۆز کەم و زیاد هەموو ڕۆژ دووپات دەبۆوە.

دوو کوڕ و کچێکمان هەیە، کوڕە گەورەکەمان لە پۆلی چوارەمە، کوڕە گچکەکەمان لە پۆلی سێیە و کیژەکەمان هێشتا ساوایەو شیرەخۆرەیە لەگەڵ ئەوەشدا پازدە ساڵە زەماوەندمان کردووە ژنەکەم زۆر خۆشدەوێ ، ئەویش وەك ڕۆژەکانی هەوەڵی ئاشقی منە، تا شازدە ڕۆژ و لەمەوپێش بچووکترین ناڕەحەتییمان نەبوو و هەرگیز قسەیەکی ڕەق و تاڵمان بە یەك نەوتبوو، ئەڵبەت ئێمەش وەك هەموو ژن و مێردێك جار جار قڕەو گاڵەیەکمان بووە، بەڵام زۆر کەم بووەو هەر دوو لامان هەوڵمانداوە چارەسەرییەکی ئاقلانە بۆ کێشەی نێوان خۆمان بدۆزینەوە.

تا ١٦ ڕۆژ لەمەوبەر ئەگەر بمانبیستایە ژن و مێردێك لێك جودادەبنەوە ئەوەندەمان پێناخۆش بوو ئەگەر ئەو دەمە لەبەردەستمان بوونایە دەمانخنکاندن.

شازدە ڕۆژ لەمەوبەر ژنەکەم وەك هەموو ڕۆژێك نانی بەیانی ئامادەکرد بوو و منیش خۆم گۆڕی بوو و لە پشت مێزەکەمان دانیشتبووم و بە زەوقەوە نانەکەم دەخواردو چاوێکیشم بەسەر ڕۆژنامەوە بوو، سەر مێزەکە نان و کەرەو مرەبا و پەنیر دیمەنێکی جوانیان هەبوو، ژنەکەم ئەوەندە بە سەلیقەیە، هەر چەندێك باسی بکەم هێشتا کەمە، هێلکەو ڕۆنێك دروست دەکات یەك تۆز چییە نە شل و نە پەیتە.

هەموو شتێ وەك ڕۆژانی پێشوو بوو، بەڵام لە پڕ بارودۆخەکەمان گۆڕا، کە پەڕەکانی ڕۆژنامەکەم هەڵدایەوە یەکسەر چاوم بە ناونیشانێکی گەورە کەوت، کە لەسەرووی ڕۆژنامەکەوە نووسرابوو: (مارتاتورە مرد) بە خوێندنەوەی ئەم هەواڵە لەرزێکی زۆر سەرتاپای لەشی گرتم، کە پێشتر شتی

وام بەخۆمەوە نەدی بوو،وەك یەكێك باوكی یان دایكی یان یەكێ لە خزمەكانی كۆچی دوایی كردبێ، هەر لەخۆمەوە لە پڕمەی گریانمدا و فرمێسك بە چاوەكانمدا ڕیزیان بەست ، بۆ ئەوەی ژنەكەم گریانەكەم نەبینێ ویستم لە پشت مێزەكە هەڵسمەوە،بەڵام لەو كاتەدا ژنەكەم بە خۆی و سینییە چایەكەوە لە مووبەق هاتەدەر، ژنەكەم،كە لەدوای پازدە ساڵ ژن و مێردایەتی هەوەڵجاری بوو فرمێسكم لە چاو ببینێ وەك پەیكەرێك لە ناوەندی هۆڵەكە وشك بوو و بە پەشۆكاوی و شڵەژانەوە پرسی:

–چی بووە؟ بۆ دەگریی؟!

بەم پرسیارە گریانەكەم بە كوڵتربوو و ئارامم لێبڕا،لە جێگاكەم قیت بوومەوەو بەرەو ژووری نووستن ڕامكرد، ژنەكەم بە هەنگاوی خوارو خێچ بەرەو ژووری نووستن هات و بە زارێكی دڵسۆزو نەوازشەوە وتی:

– لە دایەرە دوا دەكەوی.

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، گریان بواری نەدەدام، حاڵم ئەوەندە تێكچووبوو نەمتوانی بۆ دایەرە بچم.

من لەو جۆرە كەسە بە سۆزانە نیم هەتا لە كاتی مەرگی كەسە نزیكەكانیشمدا بەشێوەیەكی وەها كاریان تێنەكردووم، بەڵام مەرگی (مارتاتورە) وا بێتاقەتی كردبووم سەیرم كرد ناتوانم بۆ دایەرەیش بچم. ژنەكەم منداڵەكانی ناردنە قوتابخانە، ئینجا ڕۆژنامەكەی بە دەستەوە گرت و هاتە ژوورەوەو جارێكی دی پرسیاری كردەوە :

– چی بووە ، بۆ دەگریی؟!

نەمتوانی مەسەلەکە بۆ ژنەکەم ڕوون بکەمەوەو نەشدەبوو هەواڵەکەی لێ بشارمەوەو دوایی هەر پێی دەزانێ. ژنەکەم، کە سەیری ئەو هێمنی و بێ دەنگییەی منی کرد، وتی:

– باشە دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

ڕاستیت دەوێ ژنێکی زۆر چاکم هەبوو، بە پچڕ پچڕییەکەوە وتم :

– ما .. ر .. تا .. تورە .. مرد!

ژنەکەم بە سەرسوڕمان و پەشۆکاوییەوە پرسی:

– مارتاتورە کێیە؟

ئارامم لێ بڕا نەمتوانی وەڵامی بدەمەوەو بەسەر ئیشارەتم بۆ ڕۆژنامەکەی دەستی کرد.

ژنەکەم ئەو هەواڵەی کە بە چەند دێڕێك بڵاوکرابۆوە، بە دەنگێکی بڵند خوێندەوە:

(مارتاتورە سەماکەری ناسراو بە تامپۆنی ترۆمبێل مردووە.)

من هێشتا دەگریام ، ژنەکەم بە جۆرە نەفامییەکەوە وتی:

– جا باشە ئەمە چ پێوەندییەکی بەتۆوە هەیە، مامۆژنت یا خالۆژنت بوو!

وەڵامم نەدایەوەو وەك هەوری بەهار فرمێسکم دەڕشت، ژنەکەم بە بێزاری و توڕەییەوە پرسی :

– کاتی خۆی ئاشقی خانم نەبوویت!

بەم قسەیە یەکسەر گیانم کەوتە لەرزین.سەیرم کرد خەریکە ئیشەکە تێك دەدات، هەوەڵجارم بوو ئیرەیی ژنەکەم ببینم، وەك پشیلەیەکی کێوی ئامادە بوو بە هەردوو دەستی هێرشم بۆ بێنێ و بمخنکێنێ.

بە گریەو پاڕانەوە وەڵامم دایەوە :

– نەوەڵڵا، نەخێر.

– ئەی چۆن دەیناسی!

– قەت نەمبینیوە.

ژنەکەم یەکسەر بە ڕوومدا تەقیەوە:

– ئەی ئەگەر نەتبینیوەو نایناسیت ئەو باوکەڕۆیەت لە چییە؟ زووکە ڕاستم پێ بڵێ دەنا ...

ژنەکەم چاوی لەچاوم نابوو، منیش هێمن و غەمگین بووم، دیار بوو، کە هیچ کەموکوڕییەکم نەبوو، تۆزێ بە میهرەبانترەوە پرسی:

– تۆ فلیمەکانیت بینی بوو ؟

– نا ..

ژنەکەم بە یەك دنیا نارەحەتییەوە تفێکی گەورەی لێکردم و لە ژووری چووە دەرێ و دوای چەند دەقیقەیەك گوێم لە ڕمبەی دەرگا بوو ، کە بە قایم لەدوای خۆی دایخست.

بە هەشتاوی لە ژوور وەدەرکەوتم، دیتم کیژە گچکەکەمانی لەگەڵ خۆی بردووەو ڕۆیشتووە، ئەوە ١٦ ڕۆژە ژنەکەم بە خەفەتەوە چۆتەوە ماڵی باوکی، منیش لە ماڵەوە دانیشتووم و وەك یەکێ جوانەمەرگێکی لێ مردبێ فرمێسك دەڕێژم و خوێن و خێزاو دەخۆمەوە، دەزانم خەتای خۆم بوو، کە نەمتوانی بەسەرهاتەکە بۆ ژنەکەم باس بکەم، بەڵام لەو کاتەدا چۆن دەمتوانی قسەبکەم، ئاخر ئەو بەسەرهاتە پێوەندی بە ٢٣ ساڵ لەمەوبەرەوە هەبوو، ئەوکاتە سەربازبووم... لە یەکێ لە پاسگەکانی سەر سنوور، کە

کەوتبووە سەر کەپکەشاخێکی بێ گیاو گوڵ، تەنها شەش سەربازی نەخوێندەوارم لەگەڵ بوون. نەمدەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەم، نەمدەتوانی یارییەکی کاغەزێنیان لەگەڵدا بکەم، لە بەیانییەوە تا عەسر جگە لە چەند ڕستەیەکی ڕەسمی و کارگێڕی زیاتر هیچی دیمان لە دەم دەرنەدەچوو. کە بەفر ڕووی زەوی دادەپۆشی دیمەنی دەوروبەر وا ترسناك بوو بنیادەم زاتی ئەوەی نەدەکرد لە ژووری بێتە دەرێ، دەیانوت ئەو بەفرە هەشت مانگ لەسەر زەوی دەمایەوە.بیری لێبکەوە چەند ناخۆشە بنیادەم هەشت مانگان لەناو بەفرێ زیندان بێ، تەنیا بەهۆی (مارتاتورە)ەوە بوو، کەوا شێت نەدەبووم.

لەوانەیە خەیاڵت بۆ ئەوە بچێ مارتاتورە بەم هەموو ناوو ناوبانگ و مەشوورییەی خۆیەوە،کە هەموو شەوێ لە بەزمگە و چێشتخانەکانی ئەستەمبووڵ بەرنامە پێشکێش دەکات و بەڕۆژیش ئەو هەموو داهاتەی هەیە ، لە ئیش و کارەکانی وازی هێناوەو بۆ ئەو سەر سنوورە هاتووە تا ئاشقاتیم لەگەڵدا بکات و نەهێڵێ شێت بم.

نە بابا، سوێندت بۆ دەخۆم تا ئەو ڕۆژە تەنیا ناوەکەیم بیستبوو، هەوەڵجار بوو بیبینم. دوو کیلۆ پەتاتەیان لە شارەوە بۆ هێنابووم، چونکە ماوەییێك بوو ڕۆژنامەم بەدەست نەگەیشتبوو، زەرفەکەییم خاڵی کرد بۆ ئەوەی هەواڵەکانی نێوی بخوێنمەوە، وێنەیەکی گەورەی ژنێکیان چاپ کردبوو و لەژێرییەوە نووسیبوویان:

**( مارتاتوره سەماکەری ناسراو )**

ژنێك بوو، دووچاوی گەورەو دەم بە پێکەنین، نیگایەکی ئەفسووناوی، وێنەکە، کە کەمێکیش لەسەر خۆ بڕیم و پاکم کردەوەو بە کەمێ هەویر بە دیواری ژوورەکەمم هەڵواسی.

لە ماوەی ساڵ و نیوێك خزمەتم هۆگری شەو و ڕۆژم تەنیا ئەم وێنەیە بوو، سبەینان، کە چاوم هەڵدەهێنا یەکسەر ڕووی ئەوم دەبینی و شەوان تا چاوم دەچووە خەوەوە ڕازو نیازم دەگەڵ وی بوو.

تەنیا ئەو بوو ڕووناکی ئومێدی بە ژیانم دەبەخشی و لەو تەنیاییە کوشندەیە ڕزگاری دەکردم، لەو ڕۆژەوە، کە خزمەتم تەواو کردو ئەوێم بەجێ هێشت (مارتاتوره)یشم لە بیرچووەوە،بەڵام ئەو ڕۆژە،کە هەواڵی مەرگی ئەوم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە ئینجا تێگەیشتم، کە ئەشق و ئەڤینی ئەو چۆن سەرتاپای گیانی تەنی بووم. ئەوە ١٦ ڕۆژە ژنەکەم ڕۆیشتووە، خۆیشم کونجیماڵەوەم گرتووە،منداڵەکانم بێ سەروبەر ماونەتەوە، نە دەتوانم دەردەکەم بە کەس بڵێم و چارەیەکیشم بە خەیاڵدا نایێت، تەنیا ژنەکەم دەتوانێ فیداکاری بکا و مەسەلەکە چارەسەر بکات و دووبارە پڕشنگی ئومێد بخاتەوە ژیان و ماڵەکەم، ڕاستیان گوتووە:((خۆشی و ناخۆشی موویەکیان بەینە))

هەواڵنامەی کتێب

# مانگێکی دی دەبێ ؟!

لە دەرەوەی تورکیا مامێکمان هەبوو، لەوێ بۆ خۆی پیاوێکی خۆشبەخت بوو و دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی لە یەکێ لە ولاَتەکانی دەرەوە مابۆوە و ماڵ و منداڵی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. مامە ئازیزەکەمان بە قسەی خەڵکی، لەوێ وەزعی باش بوو، بەهۆی هاوولاَتییەکەوە ناونیشانی ئێمەی دەست کەوتبوو و حەفتە نەبوو دوو سێ نامەمان بۆ نەنێرێ. لەکاتێکدا لە حەسرەت ولاَتەکەیدا دەسووتا، لە نامەکانیدا لە ئێمەی دەپرسی:

– ئەو مزگەوتەی منارە لارەکانی هەبوو هەرماوە ؟

– ئەو پردەی تێکدرا بوو هێشتا چاك نەکراوەتەوە ؟

لەسەرەتادا وەڵامی هەلەق و مەلەقمان دەدایەوە،بەلاَم پاشان، کە لە خۆمان بێزار بووین لە نامەیەکدا بۆمان نووسی:

– مامە گیان ئەگەر زۆر حەز دەکەی ولاَتەکەمان ببینیەوە ١٥ ڕۆژان وەرەوە تورکیا و لەنێزیکەوە تورکیا ببینە، هەمان تورکیایە، کە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی بینی بووت ، تەنها مووچە نەختێ گۆڕاوە .

مامەگیان لە وەڵامی نامەکەماندا نووسی:

– بەڕاستی ناتوانێ بێتەوە ولأتەکەی خۆی، لەبەرئەوە یەکێ لە ئاشقە پەرۆشەکانی ولأتی بەهەشت ئاسای ئێمە بۆ لامان ڕەوانە دەکات، کە خاوەن کۆمپانیایەکی ناسراوە.

مامەگیان لە نامەکەیدا نووسیبووی:

– کابرا، ئەشقی ولأتە جوانەکەی ئێمە لە دڵیدا گڕی گرتووەو بۆ ئەوەی لە ولأتەکەی ئێمەدا وەبەرهێنان بکات، دەبێ پێوەندی پێوەبکەین، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە تورکیا ببینێ. من ناوونیشانی ئێوەم پێداوەو تکاتان لێدەکەم بە شێوەیەکی جوان پێشوازی لێبکەن و یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ مزگەوتەکان و جێگا توریستییەکان ببینێ.

یەکسەر وەڵاممان دایەوە:

– مامە گیان لە دەورت گەڕێین بە فڕۆکە بینێرە، تا ئاگادارتان بکەینەوە.

دوای دوو ڕۆژ مامەگیانمان نامەیەکی بۆ نووسین، کە تەنها تاکە وشەیەکی تێدا نووسرا بوو :

– بۆچی؟

لە وەڵامدا نووسیمان:

– مامەگیان نەختێ ئارامت بێ. خۆت دەزانی کابرا نەفەرێکی بیانییەو بەبۆچوونی خۆی شتی زۆری لە ئێمە ڕەچاوکردووە. ئەگەر هەر خۆت بوویتایە هەرگیز نارەحەت نەدەبووین، خوا چی دابووایە ئەوەمان دەخوارد، بەڵام کە کابرا بێت نازانین چۆن پێشوازی لێ بکەین و هیچی دەربارە نازانین و نازانین بەدبەختی ولأتەکەمان یان بەختەوەری پێ نیشان بدەین؟!

لە وەڵامی نامەکەی مامەگیاندا وا نووسرا بوو :

– ئافەرین. بەڕاستی ئێوە نیشتیمانپەروەری ڕاستەقینەن؟ من شانازی بە هەستی نەتەوایەتی ئێوەوە دەکەم. بە هەر جۆرێك بێ وای لێدەکەم گەشتەکەی بۆ تورکیا تا کۆتایی مانگی شوبات دوا بخات. باشە دەڵێن چی گەر مانگێکی تر بێت؟

هەرچەندە ئێمە میللەتێکین نازانین بەیانی نانێکمان بۆ خواردن دەست دەکەوێت یان نا. لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ڕووداوانەدا جا وەرە پێشبینی چەند مانگێکی دی بکەین.

لە میانەی قسەکانماندا منداڵەکانم یەکێکیان پرسی:

– بابەگیان دۆستەکەی مامەگیانت لەسەرەتای یان لە کۆتایی مانگی داهاتوودا دێت؟

دایکم هاواریکرد:

– هاتن هەر هاتنە ئیدی سەرەتاو کۆتایی چ فەرقێکی هەیە ؟ وتم :

– دایە گیان زۆر فەرقی هەیە، لەم وڵاتەی ئێمە ڕەنگە هەر ساتێك و شتێ ڕوو بدات ، ئەو کاتە ئەگەر کابرای بیانی بەسەر ئەو بەزمەدا هات هەمیشە بە خراپی یادی وڵاتەکەمان دەکاتەوە.

– باشە، کەوابێ ڕۆژانی مانگی ئایندە لە هەوەڵەوە تا کۆتاییەکەی یەکە یەکە لەبەر چاو بگرن. من وای بۆ دەچم ئەگەر ڕۆژی پازدەهەم بێت تووشی ڕووداو و کارەسات نابێت.

– ئەگەر سەفەرەکەی سێ ڕۆژیش درێژە بکێشێ هەژدەی مانگی داهاتوو دەگاتە ئێرە.

کوڕەکەم وتی :

– بەلاّم نابێت.

– بۆچی؟

– چونکە وتیان لەو ڕۆژەدا سەدری ئەعزەمی پاشا دێتە ولاّتەکەمانەوە.

دایکم وتی:

– جا باشتر، ئەو ئەگەر ئەم ئاهەنگە ببینیّ، بیّ گومان دلّخۆش دەبێت.

– نابێت، چونکە ئەو ڕۆژە لە فڕۆکەخانەوە تا شار بەزم و هەرا دەست پێدەکات و دوو سیّ ڕۆژان ناتوانیّ لە مالّی بچێتە دەرەوە، جادەکان هەموو دەگیرێن! وتم :

– ڕاست دەکەی کوڕم. کەوابیّ با بنووسم ڕۆژی بیستی مانگ لەوێوە جوولّە بکات.

– سەفەرەکەیشی سیّ ڕۆژی پێدەچیّ و ڕۆژی بیست و سێی مانگ دەگاتە ئێرە.

– نابێت ئەو ڕۆژەیش بالّیۆزی یەکیّ لە ولاّتە بیانییەکان ڕەوانەی ولاّتەکەمان دەکرێت. ئەلّبەتە خۆت دەزانی ڕێگاکان لە سبەینیّ زووەوە دەگیرێن!

– باشە با بیست و چوار بێت .

– نابێت بابە. ڕۆژی بیست و چوار لە هەموو ڕۆژەکان خراپترە. لەو ڕۆژەدا خوێندکاران بەهۆی وەرگرتنەوەی نمرەو مامۆستایان بەهۆی کەمی مووچەکەیانەوە خۆپیشاندان ساز دەکەن.

– ڕاست دەکەیت. بینینی دیمەنێکی وا بۆ نەفەرێکی بیانی بەڕاستی باش نییە . قەلّەم و کاغەزم بەدەستەوە گرت و بۆ مامە گیانم نووسی:

– مامی زۆر خۆشەویستم، بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆمان و وڵاتەکەمان بەرنامەی سەفەرەکەی دوا بخە.

دیسان مامەگیان نامەیەکی یەك وشەیی بۆ نووسین:

– بۆچی؟

– لە مانگی داهاتوودا دەوڵەت چەند بەرنامەیەکی بۆ پێشکەوتنی وڵات ڕێکخستووە. ئەو بەرنامەیەش دوور لە نەیار دەگاتە بەر گوێی خەڵك، لەم ڕووەوە وای بە چاك دەزانم ماوەی سەفەرەکەی ئەو دوابخەیت .

دوای ١٠ ڕۆژ نامەیەك لە مامەگیانەوە گەیشت، کە تیایدا داوای کردبوو ژمارەی تەلەفۆنەکەمانی پێ بدەم تا بەم ڕێگەیەوە دوای ساڵانێکی زۆر دەنگی یەکتر ببیسین و زێتر هەست بەنێزیکی خۆمان بکەین.

توخوا بڵێ ئەوەی ناونیشانی ئێمەی داوەتە مامەگیان ئیشێکی چاکی کردووە،ئەگەر ئەو بێ شەرەفە ناونیشانی ئێمەی نەدابوایێ بۆچی ئەو هەموو کێشەیەمان بۆ دروست دەبوو.

سێ ڕۆژ تێ نەپەڕی بوو دوای ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنەکەمان دابوویێ دراوسێکەمان هات و ئاگاداری کردینەوە، کە مامەگیان دەیەوێ قسەمان لەگەڵدا بکات. ماڵەکەمان بە بیستنی ئەم هەواڵە وەك کەسێ ماڵەکەی خەریك بێ ئابڕووی بچێ لە حەژمەتان بە بێ پێڵاو و گۆرەوی ڕوویان لە ماڵی دراوسێکەمان کرد.

دایکم دوای ماوەیەك قسەکردن فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

– کوڕم گوێ بگرە ، وا دیارە مامەت کاری پێتانە.

گوێم لێگرت و چاوەڕوان بووم مامەگیان هەواڵم بپرسێ ، بەڵام لەجیاتی ئەوە مامەگیان پرسی:

– باشە ئەگەر لە مانگی ئەیلولدا بێت چۆنە؟

لە جیاتی ئەوەی وەڵامێکی وای بدەمەوە لەگەڵ ئارەزووی ئەندامانی خێزانەکەماندا بگونجێ وتم:

– لە خزمەتداین.

ئینجا مەلەسەکەم باس کرد. کوڕەکەم وتی:

– مانگی ئەیلولیش نابێت،چونکێ وا بڕیارە لە ڕۆژەکانی مانگی ئەیلولیشدا خۆ پیشاندانێکی گشتی خوێندکاران و قوتابیان بکرێ.

گوێی قوڵاغ کردبوو، وتم:

– مامە گیان بە داخەوە ناتوانین.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی خوێندکاران بەتەمان خۆپیشاندانێکی گەورە بکەن.

– باشە جا ئەو باسە چ پێوەندییەکی بە هاتنی بیانییەکەوە هەیە؟

– چۆن پێوەندی نییە. وا دیارە دابونەریتی میللەتەمەکانت لە بیرچۆتەوە؟ مەگەر نازانی خۆپیشاندانەکانمان بە شکاندنی دەرگاو پەیکەری کۆگاکان و وردکردنی شوشەکان و تێکدانی ڕێگا گشتییەکان کۆتایی دێت و کەس نازانێ بۆچی خۆپیشاندانەکەیان ڕێکخستبوو.

– باشە تشرینی یەکەم چۆنە؟

– تشرینی یەکەمیش نابێت، ئەگەر بڕیاری داوە لەو مانگەدا بێت دوای بخە. چونکێ بەدرێژایی ئەو مانگە ناتوانێ بگەڕێ. ناتوانێ لەبەر هەراوهۆریا بخەوێ.

– دیسان خوێندکاران خۆپیشاندان دەکەن؟

– نا گیانە، خۆزگە خوێندکار خۆپیشاندانیان بکردایە، ئەمجارە مەسەلەی هەڵبژاردن دێتە گۆڕێ و لەسبەینان زووەوە تا ڕۆژ ئاوا دەنگی هەراو هۆریای سەدان کاندید، کە لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردندا قسان دەکەن، دێتە بەرگوێ. جا ئەو کابرایەش بێت هەمووی دەبیستێت.

– بەڵام هەراوهۆریای هەڵبژاردن بزاڤێکی گشتییە و لە هەموو وڵاتێکدا بۆ چەند ڕۆژێك ئەم هەراوهۆریایە هەیە.

– مامەگیان ئێرە تورکیایە و بارودۆخی هەڵبژاردنی ئێرە لەگەڵ هەموو دنیا جیاوازی هەیە. لێرە دوو کاندید بە نوێژی نیوەڕۆ ورگی یەکدەدڕن. کاندیدەکان هەتا لەسەر ڕایەك ناشیرنترین جنێو پێك دەدەن. زۆر جار وا ڕێدەکەوێ ئەو سندووقەی ناوی یەکێکی دیاری تیایە زۆربەی ڕایەکان لەسەر ئەون و ناوی دەردەچێ، بۆ ماوەیەك بزر دەبێ.

– کەوابێ بڵێ وڵاتەکەمان زۆر گۆڕاوە.

–تشرینی دووەم بێت چۆنە؟

– وەڵڵا بۆئەوەیان ناتوانم لە ئێستاوە پێشبینی بکەم ، تەنها ئەوە نەبێ لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا تەلەفۆنمان بۆ بکەرەوە تا عەرزتان بکەین.

هەروەکو وتبووم لە یەکێ لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا مامەگیان تەلەفۆنی کردەوە:

دوای سەلام و عەلێك پرسی :

– باشە دەڵێن چی بینێرم، بێت ؟

نەخێر مەینێرە، چونکە لەسەرەتای ئەو مانگەدا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، ڕۆژی پۆلیسەو کەس مافی ئەوەی نییە بە جادەکاندا بسووڕێتەوە. لە حەفتەمەوە تا پازدەهەم بەڵکو تا بیستەم ڕۆژی ئاهەنگی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە. دەوڵەت هەوڵ دەدات بەبێ کێشە ئەم کارە بکات.دوای تەواوبوونی ئەم کارانەیش سەر لەنوێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان لەگەڵ کاندیدە بنەڕەتییەکانی پارتەکاندا، کە لە جاری هەوەڵی لە دەرەوەی وڵات بوونەو لەو نیعمەتەی خوا بێ بەش بوونە، دەست پێدەکرێتەوە. ئەڵبەتە ئەم جارە جنێو و شتی نابەجێ بە زمانەکانی دەرەوە لەنێو کاندیدەکاندا دەبێت. وەکو دەبینن بەم شێوە هاتنەکەی ئەوەندە خۆش نابێت.

– کانوونی یەکەم بێت چۆنە ؟

– وەڵڵاهی چیت عەرزبکەم، بەڵام نازانم ئەو بەزم و ڕەزمەی ئەنجوومەنەکان تا ئەو کاتە کۆتایی دێت یان نا ؟ چونکە جاران ئەو مەسەلانەش زۆر بوون!

– شوبات چۆنە؟

– شوبات هەر نابێت، چونکە لەو مانگەدا پاپۆڕەکانی سۆڤیەت دەگەنە وڵاتەکەمانەوە.

– جێی خۆیەتی، بێگومان ئێوە لەم ئاهەنگی خۆشی و شادییەدا بەشداری دەکەن؟

هەواڵنامەی کتێب

– نا، گیانەکەم مەسەلە ئەوە نیە، بەلاّم لە ئێستاوە پێشبینی ئەوە دەکەم، کە لە نێوان لایەنگیران و نەیارانی پاپۆڕەکاندا شەڕێکی سەخت بەرپا دەبێ و ٥٠–٦٠ کەسیش دەبنە قوربانی!
– زۆر چاکە، ئاداریێ دەینێرم بابێت، بینێرم؟ بێت؟
– وەڵڵاهی بۆ هاتن و نەهاتنەکەی هیچ نالێم،بەلاّم ئاخر دەبێ ئێمەش کاتێکی ئەوتۆمان بۆ پێشوازی و میوانداریيەکەی بەدەستەوە بێت.
– یانی ئەوەندە پڕ ئیشن بە هیچ ڕاناگەن؟
– بەڵێ مامەگیان زۆر پڕ ئیشین.
– باشە دە پێم بڵێ بزانم چی دەکەن؟
– هەندێکمان ڕاسپێردراوین پێشوازی ئەو میوانانە بکەین، کە دێنە ولاّتەکەمانەوە، هەندێکی دیکەمان خەریکی مەسەلەی زەماوەندی (جاکلین) و (ئوناسیس)ین.هەندێکمان خەریکی دروستکردنی ئەو جۆرە بۆمبایانەین، کە مرۆڤ دەخاتە سەر سوڕمانەوە، بۆئەوەی لە جەژنی کۆمارییدا بەکاریان بێنن. ئەوانی دیکەشیان هەریەکەیان دەیەوێ بچێ بۆ زانکۆو خەریکی تاقیکردنەوەکانی خۆیانن. کرێکارانی گۆشت،کرێکارانی وەرگری کرێی خانوو، کرێکارانی دی هەریەکەو خەریکی کارەکانیان. مامەگیان بە سەرسوڕمانەوە پرسی:
– لە قسەکانتانەوە دیارە زۆر پڕئیشن، وا بزانم بەو شتانەی باست کرد هیچ کاتێکتان بەدەستەوە نییە؟
– بەڵێ تەنها ڕۆژانی هەینی ئیشمان نییە، بەلاّم لەو ڕۆژەشدا هەر ئیسراحەت لەخۆمان ناکەین،چونکە ئەو ڕۆژەیش دەبێ هەندێکمان بۆ ترساندنی

کۆمۆنیستەکان بچینە مزگەوت و نوێژ بکەین. هەروەها هەندێکمان دەچین بۆ لایەنگریی تیپی فوتبۆڵ بۆ ئەوەی لە دواییدا سەر و دەستی تیپی براوەکە بشکێنین.

– یانی دەتەوێ بڵێی مەینێرە؟

– نا من شتی وام نەوتوە.

– باشە لە نیسانێ دەینێرم، بێت؟

– مامەگیان خۆ تۆ غەریبە نیت، تا ئێستا ئارامت بووە، ڕێگامان بدە با جارێ وڵات هەق و حسێبی خۆی لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا ببڕێنێتەوە، نوێژکەرەکان لە نوێژەکانیان ببنەوە، لایەنگران واز لە لایەنگرتن بێنن، خۆپیشاندەرەکان لە خۆپیشاندان بکەون، ئەوجا با بێت، ئەڵەت من ژمارەی تەلەفۆنەکەتانم لەلایەو هەر کە وڵاتەکەمان هێوربۆوە یەکسەر ئاگادارتان دەکەمەوە.

ماوەیەکە مامەگیان هەواڵی نیە. دۆستەکەی ئەو چاوەڕێی هەواڵی ئێمەیەو ئێمەیش چاوەڕێین وڵاتەکەمان بەشێوەیەکی وای لێ بێ، کە شایانی بینینی بیانییەك بێت،بەڵام لەو باوەڕەدام هەردوولامان دەبێ زۆر چاوەڕێ بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# ژمێریار

بە کورتی، شارەزاییەکەم ئەوەندەیە دوو بڕوانامەی (لیسانس)م هەیە، یەکێ لەو دوو بڕوانامانە ئەوە دەردەخات، کە من لە کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی (ئەدەبیاتی هاوپەرخ)م تەواو کردووەو ئەوەی دیکەیان ئەوە دەنوێنێ ، کە منی هەژار جگە لەوەی (لیسانس)م لە ئەدەبیاتدا هەیە لە بەشی فەلسەفەیش ئەو پارچە کاغەزەی (لیسانس)ی ناوە ئەویشیانم هەیە.

لەم سەردەمەدا،کە هەموو ڕۆژێك نرخی دەسڕی تەوالێت لەبەرز بوونەوەدایە و زۆری نەماوە بازاڕی ڕەش بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەم دوو پارچە کاغەزەی من ، کە بەپێ ی قانون دەبێ پێیانەوە بەهرەمەند بم وەکو ئەسکەناسە کۆنەکانی دەوڵەتی تەزاری، کە هیچ نرخێکیان نەماوە، خەریکە نرخ و بەهای خۆیان لەدەست بدەن . خۆشییەکە لەوەدایە ئەوەندە دەبەنگ بووم خولی بالآی (لیسانس)یشم لە فەلسەفەدا تەواو کرد.

هاوپۆلەکانم لەگەڵ کچانێ بوون،کە بۆ دۆزینەوەی مێرد بۆ کۆلێج هاتبوون یان کوڕو کچانێ بوون دەیانەویست سەرەڕای خوێندنەکەشیان گوزەرانێکی خۆش بەسەر بەرن. چونکێ زۆربەیان لەخێزانە ناسراوەکانی

وڵات بوون و هەژاری و دەست کورتییان نەبینی بوو، ئەوەندە گرنگیان بە تەواوکردنی خوێندن و ئەم جۆرە مەسەلانە هەر نەدەدا. ئەڵبەتە چەند کەسێکی دی، کە ڕادەی دەبەنگیەکەیان لە من کەمتر نەبوو وای بۆ چووبوون بە خوێندنی فەلسەفە دەبنە فەیلەسووف و بە خوێندنی ئەدەبیات دەبنە یەکێ لە ئەدیبە گەورەکانی دنیاو بوونیان دەبێ.

من کاتێ هەستم بەو ڕاستی یە تاڵە کرد، کە هیچ یەکێ لە مەزنەکانی فەلسەفە و ئەدەبیات کە نەچووبن بۆ کۆلێج هەستیان پێ نەکردووە ، کاتێ ئەم دوو پارچە کاغەزەی تەواوکردنی خوێندن وەردەگرم دەبێ بەرەو دۆڵی بێکاران شۆڕ ببمەوە !

بۆ دۆزینەوەی کار سەرم لە هەر شوێنێك دەدا جگە لە گاڵتەپێکردن و پێ ڕابواردنم هیچی دیم دەسگیر نەدەبوو، ئەوجا تێگەیشتم بەتۆژینەوەی ژیانی بێرگسۆن و دۆرگهایم نان و ئاویشم دەست ناکەوێ.

ماوەیەك بە قیت و قۆزیەکی گەنجێکی دەرچووی خوێندن لە دەرگای ئەم کارگێڕییەوە بۆ دەرگای ئەو کارگێڕییە ملم دەنا، بەڵام تەماشامکرد گشت زیانیاریەکانم سەبارەت بە ئیسپینوزا و لایپنیتز سك تێر ناکات.

جگە لە من و چەند دۆستێکم نەبێ، کە بە دوای کارێکی شیاودا دەگەڕاین ئەوانی دی هەموویان دوای مانگێك دەورە بوون بە ژمێریار. ئێمەش دوای ماوەیەك سەرگەردانی ڕەوانەی ئەو کارەیان کردین و دوای تەواوکردنی دەورەکە خۆمان ئامادە کرد و خۆشحاڵ بووین. دواجار تێدەگەن بودجەی گشتی وڵات بە چ شێوەیەك بە هەق و ناهەق ژیانی ئەو خەڵکە دابین دەکات.

ئەو مووچەی دەزگاکان دەیاندا بە دۆستەکانم بە قەد مووچەی خزمەتکارێکی بەر دەرگای سەرۆك دەبوو،بەلاّم خزمەتکاری بەردەرگای سەرۆك لە وەرگرتنی پارەو پول لە خەڵکیش دەستی نەدەگێڕایەوە، کەچی دۆستەکانم ئەوەشیان دەست نەدەکەوت. دوای تەواوکردنی دەورەی ژمێیاری و دارایی و داهات چەند کتێبێکی قەبەم کڕی و دەستم بە خوێندنەوەیان کرد ، دوای ماوەیەك فێربووم دەفتەری گەورە چۆن دەنووسرێ و ڕێوشوێنی ژمێریاری چییە !

کاتێ زانیارییەکی تەواوم لەم بارەیەوە لەلا گەلاّڵە بوو و مەرجەکانی ئەم کارەم هەموو تەواو بوو سەرم لە چەند دەزگایەکدا. سەرۆکی دوا دەزگایان، کە من بەسەرم کردەوە، پرسی:

– دەرچووی چ بەشێکیت ؟

– دەرچووی هەر دوو بەشی ئەدەبیات و فەلسەفەم.

– ئەوە بەڕاستتە ؟! ...

بەڕێوبەری ئەو دەزگایە لە بەرائیدا واقی وڕما، دوایی خەندەیەکی بۆ کردو ئینجا منی لەسەر یەکێ لە قەنەفەکان دانا، کاکی بەڕێوبەر دوای یەکتر ناسین و خواردنەوەی پیاڵەچایەك داوای لێکردم هەندێ غەزەلی شاعیرە هاوچەرخەکانی بۆ بخوێنمەوە. ئەو ڕۆژە هەتا نیوەڕۆ غەزەلم خوێندەوە و کاکی بەڕێوبەریش پێم پێکەنی.

دوای ئەوەی ماندوو بوو، هێندەی پێ بکەنێ ، ئەوجا وتی:

– دەمەوێ بۆ شوێنێ بتنێرم.

– سوپاست دەکەم.

ئینجا ئادرەسێکی دامێ و وتی :

– بەڕێوبەری ئەو خانەی بازرگانییە مەدامێکە. پێوەندی پێوەبکە لە سەدا سەد کارێکی باشت دەداتێ.

چووم بۆ شوێنی ئادرەسەکە. ئەو گەڕەکەم بە گەڕەکێکی عەنتیکەو غەریب دەهاتە بەرچاو.

لەبەر دەرگای زۆربەی ماڵەکانی گەڕەکەکە، ژنەکان بە بێجامەو جلی تەنکەوە دانیشتبوون و لەبەردەم هەندێ لە ماڵەکانیشدا چەند کەسێك وەستا بوون.

لەبەردەم دەرگایەکیان، کە دەبووایە من بچم بۆ ئەوێ، کۆمەڵێکی زۆر پیاوی پیر و گەنج لەو ناوە کۆببوونەوە.

بەخۆمم وت :

– بێگومان خانەی بازرگانی مەدام وەزعی باشە، ماتول ئەم هەموو کەسە بێن بۆ لای! ...

کە ئەوەم بینی وتم چەند سەعاتێکی دی کارم دەستدەکەوێ ، بەلاّم نابێ وا بمێنمەوە، دوو سێ تەکانمدا پاڵم بەو خەڵکەوەنا یەکسەر گەیشتمە بەر دەرگای چوونە ژوورەوە.

لە کونی بچووکی دەرگاوە، کە هەر جێگای تێڕوانینێکی چاوێك دەبۆوە لە ناوەوەی ژووری خانم ڕامام.

ژووری مەدام نەوعی حەمامی ژنانیش نەبوو. کۆمەڵێ ژنی جوان، بە پەرچەمی ئەستوور و بە جلی خەوەوە لەسەر ئەرز و لەسەر کورسی و لەسەر پەیژەکانی نهۆی دووەم دانیشتبوون. لەدەرگامدا. ژنێکیان دەرگای



کەوا ناماوی کتێب

لێکردمەوە. هەر کە ئەو هەموو ژن کەڵەگەت و کورت و قەڵەو لاواز و جوان و ناشرین و نیوە ڕووت و ڕووتەم بینی بە ڕاستی شەرمەزاربووم و تێ نەگەیشتم ئاخر من دەبێ لێرە ئیشم چی بێ. لەوکاتەدا ژنێکی نیمچەڕووت، کە نێزیکەی ١٠٠ کیلۆ دەبوو بەرەو لام هات و منی لەگەڵ خۆی بردە ساڵۆنی ناوەوەی ماڵەکە. هێشتا جێی خۆم لەسەر کورسییەکە خۆش نەکردبوو، ژنەکە یەکڕاست هات لەسەر ئەژنۆم دانیشت. خوا دەزانێ ئەو چەند دەقیقەیەی لەسەر ئەژنۆم بوو چی وای نەما بوو ئەژنۆم وردو خاش بکات ، ئەوە چی بوو لەسەر منی دانا.

کە زانی چ مەبەستم نییە، لەسەر ئەژنۆم هەڵسا. وتم :

– ببوورە خانم ، من هەرگیز حەز لەو جۆرە کارانە ناکەم.

ژنە سەد کیلۆییەکە خەندەیەکی بڵحی بۆ کردو وتی:

– ئازیزم گەر حەزت لە من نییە با بانگی یەکێکی قەڵەمیت بۆ بکەم؟

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بکات ژنێکی کورتەباڵای بانگ کرد:

– هێی خاتوو لەیلێ ... وەرە تۆی گەرەکە.

خاتوو لەیلێ هاتە لام و دەستێکی لە ملی کردم.

بە توندییەوە دەستیم ڕاتەکاندە ئەملاوەو وتم:

– من ئیشم بە لەیلێ و مەیلێ نییە.

– زۆر باشە ئەی کێت دەوێ؟

من مەدام فوفوم دەوێ.

ژنەکان بە بیستنی ئەم قسەیەم تێکڕا دایانە قاقای پێکەنین، تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە پێکەنی بوون لەو ئەرزە ڕاکیشابوون، تا دوایی یەکێکیان وتی:

– خۆ قەت شتی وامان نەبینی بوو.

ژنێکیان، کە زوڵفی ڕەشی لە پەڕەی کەناری دەرچوو و بەم لاو بەولایدا شۆڕ ببۆوە، وتی:

– ئازیزم مەدام فوفو خاوەنی ئەمماڵەیەو بەناو مامانی ئێرەیە.

– دەزانم بۆیە منیش هاتووم بیبینم.

دووبارە دەنگی قاقایان بەرزبۆوەو پاشان پێکەوە هاواریانکرد:

– هێ ی مامان .. وەرە مشتەریت بۆ هاتووە!

لە یەکێ لە ژوورەکان ژنێك نزیکەی ١٥٠ کیلۆ دەبوو هاتە دەرەوە. باوەڕ بکەن بازووەکانی زۆر لە کەمەری من ئەستوورتر بوون، بەرغەبابەی تا سەر مەمکەکانی هاتبوو. مەمکە گەورەکانی تا سەر ناوکی و گەورەیی سك و ناوکی تا سەر ڕانەکانی هاتبوو. ئەم ژنە جگە لە مەدام فوفوی شەست ساڵە کەسی دی نەبوو. مەدام فوفو پێی لە عەرز دەکوتاو بەرەو ڕووم دەهات.

مەدام فوفو هەموو پەنجەکانی ئەنگوستیلەی جۆراو جۆری تیا بوو و لە مەچەکی تا ئانیشکی بە بازنی هەمە جۆر بوو.

زۆربەی ددانەکانی مەدام فوفو لە زێڕ گیرا بوون و ڕوخسارێکی عەنتیکەو غەریبی دابوویێ.

من شانازیم بەوە دەکرد، کە لای سەرۆکی خانەیەکی بازرگانی وا کاربکەم ، کە هەموو ددانەکانی زێڕ بن.

هەوەڵجار وای بۆ چووم مەدام فوفو دەیەوێ بمخوا، بەڵام کاتێ بە تەنیشتمدا تێپەڕی و لە ژنەکانی دی پرسی:

– بۆ وا هاوار دەکەن؟ چی بووە؟

دڵنیا بووم ، کە نامخوا.

یەکێ لە ژنەکان بەزەحمەت توانی پێکەنینەکەی بوەستێنێ و بڵێ :

– وا دیارە ئەم کاکەیە ئیشی پێتانە! ئەڵبەت ئێمە پێمان گوتووە وەرە کاری خۆت لەگەڵ ئێمە بکە،بەڵام ڕازی نەبوو و سوورە لەسەر ئەوەی، کە دەیەوەێ لەگەڵ تۆدا کاری خۆی بکات!

مەدام فوفو بەرەو ڕووم هات و بەدەنگێك، کە بە تەواوی لە دەنگی فیکەی جووڵانەوەی کەشتییە بارهەڵگرەکان دەچوو پرسی:

– تۆ شەرمێ لەخۆت ناکەی دەڵێی ئیشم پێتە؟

– داوای لێبوردن دەکەم، جا شەرمی بۆ چییە؟ تۆیش وەك من ئادەمیزادی و سوپاس بۆ خوا لە وڵاتەکەشماندا ئازادی و دیمۆکراسی هەیە، ڕاستە ئێوە، کە پایەدارن بەڵام خۆ کەسێکیش ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بە دیداری ئەندامی پەرلەمانێکیش شادبێ، نەك ئێوە؟

ژنەکان تێکڕا تفێکیان لە ڕووکردم و وتیان:

– هەی بێ شەرەف ، ئاخر شەرەف و حەیا شتێکی چاکە.

ڕووم لە مەدام فوفو کردو وتم :

– سوپاس بۆ خوا، کە ئەم کچانەت هەموویان بەشێوەیەکی وا جوان بۆ کۆمەڵ پەروەردە کردووە، بەڵام من نەهاتووم لەگەڵیاندا ڕابوێرم، ڕێگام بدە جارێ پێش هەموو شتێ ئیشەکم لەگەڵتا تەواو بکەم ئینجا ...

مەدام فوفو بەسەرسوڕمانێکەوە پرسی:

– هاتوویت ئیشی خۆت لەگەڵ من بکەی؟

– ئەگەر قبوڵ بکەیت خۆشحاڵ دەبم! ئەڵبەتە دەبێ ئەوەش بزانی، کە من هەروا لە خۆمەوە نەهاتووم کارتێکیشم بۆ هێناوی، کە یەکێ لە ئاشناکانی خۆت بۆی نووسیووی.

– باشە بزانم کامەیان دەناسی؟

وای بۆ چووم دەیەوێ تاقیکردنەوەیەکی زیرەکیم بکات ئەوجا دامبەزرێنێ ، بۆیە وتم:

– هەموو کەسێ دەناسم و ئینجا لە ئەرستۆوە بگرە تا سوقرات و براتراند راسل و گۆتەم بۆ باس کرد.

مەدام فوفو بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– وا دیارە ئەمانەی ناوت هێنان بێگانەن.

– هی خۆمانەش دەناسم، نەدیم شاعیری غەزەل، نامیق کەمال، ئەحمەد هاشم و ...

مەدام فوفو قسەکەی پێ بڕیم بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– ئازیزم ئیدی تەواو من ئیش ناکەم . لەو ژنانە بزانە کامیانت بە دڵە ئیشی خۆت بکەو بڕۆ.

– وای بۆ چووم،کە مەدام فوفو ئیشی زۆرەو ناڕەحەتە دەیەوێ هاوڕێیەکانی یارمەتی بدەن. بۆیە وتم :

– بۆ من هەموویان هەر یەکن، کەوابێ ڕێگام بدە لەگەڵ ژنەکان ئیش بکەم ژنێکی دەم و چاو بە پەڵە لەنێویاندا بەرەو ڕووم هات و وتی:

– نابێ ، لێرە نابێ ، فەرموو بچینە ژووری.
– قەیدی چییە خۆ چ ئیشی خراپ ناکەین . با لێرە تەواوی بکەین.
– بابە گیان لێرە نابێ .. ڕاستە ئێمە گوێ بە قسەی خەڵکی نادەین، بەڵام لێرە نابێ.
ژنەکان بە قسەکانم پێدەکەنین.مەدام فوفو بە هەمان دەنگە زلەکەیەوە هاواریکرد:
– بابە ئەوەندە درێژەی مەدەری برۆ ژووری. خۆ تۆ نۆبەرە نیت!
هێشتا لە هەوەڵین پایەی قاڵدرمەکانی نهۆمی دووەم وەسەرنەکەوتبووم مەدام فوفو وتی :
– لێرە دەبێ هەوەڵجار پارەکە بدەیت! ...
بەخۆمم وت :
– سەیرە خانەیەکی باوەڕ پێکراوە. بۆ ئەوەی وەڵامی مەدام فوفو بدەمەوە. وتم :
– مەدام زەحمەت مەکێشە، پێویستم بەوە نییە پێشەکی پارەکە وەرگرم . ڕێگام بدە ئیشەکەم تەواو بکەم ئەوجا ! من باوەڕم پێتە! ...
ژنەکان جارێکی دی بە قایم پێکەنین ، مەدام وتی :
– دەکاتە ١٠ لیرە .
– زۆر باشە، بەڵام من حەز دەکەم جارێ سەعاتێك ئیش بکەم.
ژنەکان لە پێکەنینێ دا پچڕا بوون و لەو گۆڕەی ڕاکشا بوون، مەدام فوفو وتی :

– ئەوەیان پێوەندی بەخۆتەوە هەیە هەر چۆنێك حەز دەکەی وا ئیشی خۆت بکە !

بەخۆمم وت:

– ئەگەر ڕۆژێ ٨ سەعات کار بکەم ٨٠ لیرەم دەست دەکەوێ.

باوەڕ ناکەم، خۆ برادەرەکانم بە هەفتەیەکیش ئەوەندەیان دەست ناکەوێ.

ئەوجا ڕووم لە مەدام فوفو کردو وتم :

– من ئامادەم ڕۆژی ١٠ سەعات کار بکەم ئەگەر دەڵێی شەوانیش کار دەکەم.

ژنەکان لەبەر پێکەنینێ تاس بوو بوون. مەدام فوفو سەرتاپا تێی ڕوانیم و وتی:

– دەنا بە گەنجێکی وا بەتاقەتیش نایە بەرچاو!..

کەوابێ وەرە لەگەڵما با بچین کارەکەت پێ پیشان بدەم.

وای بۆ چووم مەدا فوفو پەی بە هۆشمەندی من بردووەو دەیەوێ دەمبمەزرێنێ. لە قاڵدرمەکان وەسەرکەوتین،وامزانی دەچینە ژووری کارکردن، کەچی مەدام بردمی بۆ ژووری نوستنی خۆی، کە چاوم بە ژووری نوستنی مەدام کەوت وتم:

– بەڵام ئەو باسەی تازە لێی دەدواین ...

– واز لەو باسە بێنە .

– داوای لێبووردن دەکەم بۆ ئەم ئیشە ناڕەحەتم کردن.

– گرنگ نییە. ئیشەکەمان ئەوەیە، درەنگە خۆت داکەنە.

لەپێش خۆمدا وای بۆچووم حەتمەن مەدام فوفو گەرەکیەتی پشکنینێکی پزیشکیم بۆ بکات ئەوجا دامبمەزرێنێ.

– مەدام فوفو باوەڕکە هیچ نەخۆشییەکی وا پەتام نییە ، ئەگەر حەزت کرد ئەوا بەڵگەی پزیشکیت بۆ دێنم.

پێویست ناکات منیش هیچ نەخۆشییەکی وا پەتام نییە.

لەدوای ئەو قسەیە مەدام فوفو لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا. وام هاتە پێش چاو ئێستا لەو کاتەدا مەدام فوفو خۆی بە یەکێ لە شاژنە جوانەکانی دنیا دەزانێ.

منیش، کە دۆخەکەم بەم شێوەیە بینی ناچار بووم دۆخی خۆمم بۆ باس کرد.

– مەدام فوفو ئێوە چاك دەزانن گشت ئەسنافەکانی دەوڵەت سەر بە قانوونی داراین، من ژمێریارێکی چاکم و دەتوانم داهاتی ڕۆژانە و مانگانەی گشت ئەوانەی دێن بۆ ئەم خانەیە وا بکەم بۆ تۆ بگەڕێتەوە و پارەیەکی کەم بدەم بە دەوڵەت.

مەدام فوفو بە توڕەییەوە لە جێی خۆی قیت بۆوە، وەك ئەو قارەمانانەی بۆ داگیرکردنی قەلاَکان تیری گەورە گەورە لە دەرگا دەکوتن، ئەویش بەم شێوەیە کەللەی کێشا بە کەمەرمدا،کە چاوم کردەوە خۆم لە ژێر پێپلیکانەکانی نهۆمی دووەمدا بینیەوە .

دەبێ ئەوەش بڵێم مەدام فوفو ژنێکی خراپ نەبوو، با زۆری درێژە نەدەمێ، لای خۆی دایمەزراندم، ئێستا بە ڕاستی بە ناوی ژمێریاری(مەدام فوفو)ەوە خزمەت دەکەم. مەدام فوفو ژنێکی زۆر دەوڵەمەندەو داهاتێکی

زۆری هەیە. لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە مانگی ١٥٠ لیرەم دەداتیَ! ماوەی کارکردنم لە ٨ ی بەیانییەوە تا ١٢ی شەوە. هەندیَ کات چەند قەڵەمێکیش دەخەمە باخەڵمەوە. ئەم داهاتە نا مەشروعە، کە لە کاری ژنە قاچاخچییەکانەوە دەست دەکەوێت بۆ مەدام فوفو دەگەڕێتەوە.

ئەوەندە ئیشم زۆرە هیچ ماوەم نییە ئەدەبیات و فەلسەفە بخوێنمەوە. تەنها جارجارێك چەند بەیتێك لە مەسنەوییەکانی مەولانا یان لە نووسینەکانی دیکارت و ئادام سمیس و جان دیۆئی دەخوێنمەوە. لێتان ناشارمەوە دوو تاکە بڕوانامەی (لیسانس)یشم لە چوارچێوە گرتووە و لە بان سەری خۆمەوە هەڵمواسیون.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەرکی نیشتمانی

یەکسەر زیندانی بەسەریەك وەربوون!.. جووڵەجووڵ و بزێویەکی زۆر کەوتە نێو بەندیەکانەوە.. زیندانییەکان وەك بڵێی هەواڵی ئازادبوونی خۆیانیان بیستبێ بەخرۆشانەوە بۆ یەکتریان باسدەکرد:

– ئیحسان وازلین بەداوێ وەبووە.

– نە بابە!

– بە گیانی تۆ..

– ئاخر ئەو بابەیە تۆبەی کردبوو.

– دیارە تۆبەکەی شکاندووە.

– قوڕی بەسەر دەکەن، بۆ خۆی چایخانەیەکی چاکی هەبوو، هەشت نۆ ساڵ بوو وەك خەڵکی ڕێی گرتبوو.

– بڕوا مەکەن درۆیە.

– نا تۆم بمرێ، بەو چاوانەی خۆم دیتم، دوێنێ شەو لە ژووریان کرد ئێستاکە چۆتە حەمام!

یەکێ لە زیندانییەکان ، کە تازە هاتبوو ! بەسەرسووڕمانەوە لەو برادەرەی تەنیشتە خۆی پرسی:

– کاکە، ئەم ئیحسان وازلینە کێیە؟

– ئەتۆ نایناسی ! من و تۆ هێشتا نەهاتبووینە دنیاوە ئیحسان وازلین سەرۆکی بەندییە ئەبەدییەکان بوو ! .. ئەو وەختە هێشتا ئەم بەندیخانەیە دروست نەکرا بوو و بەندەکانیان لە تەویلە دەکرد.

– خۆزگە دەیان ناردە ژوورەکەی ئێمەوە.

– نە بابە،ئەو جێگەی خۆی دیارە،بەندە ئەبەدییەکان هەر دەبەنە یەکجێ !

دواجار،دوای ماوەیەك چاوەڕوانی(ئیحسان وازلین) لە حەمام هاتە دەرەوە، کۆنە هاوڕێکانی کۆبوونەوە! .. دەتووت زاوایە و بە پەلە و بە هات و هاوار و شانازییەوە دەیبەن !.. بردیانە ژوورەکەی خۆیانەوە.

سەرۆکی ژوورەکە زۆر لەوانی دی بە پەرۆشتر بوو بزانێ مەسەلە چییە ، پرسی:

– خوا لەوە خراپتر نەدا ، کاکە ئیحسان؟

– بێ بەڵابی کاکە.

– لەسەر چی گیراوی؟

– هەقایەتەکی زۆر درێژی هەیە.

چایچی، سینییە چایەکی تازەی هێنایە ژوورەوە، یەکڕاست بردی لەبەردەم ئیحسان وازلینی دانا و وتی:

– بەخێرهاتی کاکە ئیحسان!

هەولێرنامەی کتێب

ئیحسان وازلین سەد لیرەییەکی خستە سەر سینییەکە، پیاڵە چایەکی هەڵگرت و ئیشارەتی بۆ کرد ، کە ئەوانی دی بەسەر برادەراندا دابەش بکات کە دوو فڕە چای بە دەنگێکی بڵند هەڵقوڕاند، دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی گرتنەکەی خۆی کرد:

( وەڵڵاً برادەران دەترسێم باوەڕ بە قسەکانم نەکەن ، لەبەر ئەوەی خۆیشم لەم شتانە سەر دەرناکەم و من هەتا ئەوڕۆ گەیشتوومەتە ئەو عومرە و سەرم لەناو ئەو کارانەدا سپی کردووە،بەڵام تا ئێستا کەس وا هەڵینەخەڵەتاندووم ، دەزانم قەشمەریم پێ دەکەن و لە ناخی دڵتانەوە دەڵێن: سەگباب بزانە چۆن خۆی دەپەرێنێتەوە ! )،وەڵێ سوێندتان بۆ دەخۆم، بە ناموسم ئەم جارەیان گوناهم نەبوو، بە خاتری ئەرکی نیشتیمانییەوە کەوتوومەتە زیندانەوە !

برادەرەکانی ئیحسان وازلین دەستیان بە چپە چپ کرد و دەنگی خەندە و جنێو لەم قوژبن و لەو قوژبن بەرز بۆوە ، ئیحسان وازلین زۆر غەمگین بوو و بەجۆرێکی گلەیی ئامێزەوە، هاواری کرد:

– بینیتان کوڕینە ئاوا بێ مەعریفەتین! مەیکەنە بەزمی خۆتان و هێواش کەن با هەمووتان بۆ بگێڕمەوە ئینجا بڕیار بدەن! هەمووتان دەزانن، کە من چەند ساڵە لەو کارانە دوور کەوتوومەتەوە،چایخانەیەکم دانا، خەریکی ئیشی خۆم بووم و هەقم بەسەر کەسەوە نەبوو،چەند ڕۆژێك لەمەوپێش دوو مەئموور هاتنە چایخانەو وتیان:

– جەنابی سەرۆك ئیشێکی پێتە هەر بەڕاکردن وەرە.

من پۆلیسە قەدیمەکان هەموویان دەناسم، لەگەڵ هەموویاندا حسێب و کتێبم هەیەو ئەوانە تازە هاتبوون و نەمدەناسین. ڕاستییەکەی زۆر ترسام،

لە گەڵ کۆنەکان بشچوومایە بۆ پۆلیسخانەو ئاگادارییش هەبووایە نەدەترسام.بنیادەم ئەگەر گومانی لە خۆی بێ ترسی دەکەوێتە دڵەوە، بەڵام من چیم نەکردبوو. بەهەرحاڵ، چارەم نەبوو،چووم بزانم مەسەلە چییە

(حەیدەر شیرین)، کە هەمووتان دەیناسن لە زەمانی ئێمە پاسەوان بوو، ئێستا بۆتە رەیس،چونکە چاوی تۆزەك شەهلاییەو جوان لە خەڵکی ڕادەمێنێ، بۆیە ناومان لێ نابوو حەیدەر شیرین،مەگەرنا خوا دەزانێ لە بیبەریش تاڵترە !

بە حەیدەر شیرینم وت :

– جەنابی رەیس فەرمانێکتان هەبوو، منتان داوا کردبوو؟

بزەیەکی بۆ کردم و فەرمووی سەر کورسییەکەی لێکردم:

– دانیشە کاك ئیحسان ئیشم پێتە.

لە جۆری قسەکردن و فەرموو فەرمووی تێگەیشتم، کە دەبێ تووشی شتێکی کردبم،دەنا ئەو حەیدەر شیرینەی،کە من دەیناسم ڕێگا نادات لەبەردەمی ئەو قسە بکەیت، بە مست و شەق تێتەکەوێ. لەسەر ئەو کورسییەی تەنیشت مێزەکەی خۆیەوە،کە فەرمووی لێکردم. دانیشتم و وتم:

– کاکە ! دەزانی ئیتر من لەم خەتە ئیش ناکەم و لە کاری پێشووترم دەستم هەڵگرتووە !

وەڵامی دایەوە، وتی:(من یەك شتم لە تۆ دەوێ.) زۆر ناڕەحەت بووم، چونکە هەواڵی تۆبەکردنم بە خەڵکی ڕاگەیاندبوو و هەقم بەسەر کەسەوە نەبوو، وتم :

– جەنابی ڕەیس، خۆتان دەزانن، كە من خۆم یەكلا كردەوە، (هەق)ی هەموویانم بەبێ یەك دینار كەم و زیاد بژارد.

ڕەیس بەدەنگێكی بڵندەوە پێكەنی :

– مەسەلە حسێب و كتێب نییە ، بۆ كارێكی نیشتمانی داوام كردوویت.

یەكسەر لەجێی خۆم ڕاچڵەكیم، ماوەیەكی زۆر بەسەر خزمەتی سەربازییەكەمدا تێ پەڕی بوو، بە حەیدەر شیرینم وت :

– جەنابی ڕەیس دەستم داوێنت،من خزمەتی سەربازییەكەم لە هێزی دەریاییدا تەواو كرد، ئەمەیان چییە ؟ شەش ساڵی ڕەبەقم ڕاكێشا ، ئەوەندە فێرارم كرد فەرماندەكانم لە زەواق نابوو.

حەیدەر شیرین فەرمانیدا قاوەییێكم بۆ بێنن، جگەرەیەكی داگیرساند و دایە دەستم، لەو هەموو خۆشەویستییەی تێگەیشتم، كە دەیەوێ بمكاتە خەفیەو هەر یەكێك لە چایخانە قسەیەكی كرد، دەسبەجێ پێی ڕابگەیەنم بۆیە سەرەباسم كردەوەو وتم :

– كاكە حەیدەر مەبەستەكەت زێتر ڕوون كەرەوە ، هەر فەرمانێك هەبێ بە دڵ و بە گیان بۆتی دەكەم ، چایخانەكە ماڵی من نییە و هی خۆتانە ..

حەیدەر شیرین بە ئیشارەتی سەر سوپاسی كردم و وەڵامی دایەوە:

– مەمنوونم .. بەڵام ئەو قسانە نییە .. ئەركی نیشتمانی. تۆ ئەمجارە جیا لە جارەكانی دی، دەبێ ڕووی حكومەت و مەملەكەتەكەمان سپی بكەیتەوە، دەوڵەت پێویستییەكی زۆری بە تۆ هەیە، كە بە قسە هەر ناوترێت.

مادام دەوڵەت و حکومەت پێویستی بە من بێ و من ڕووی مەملەکەت سوور بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕوام نەدەکرد، جۆرە لە خۆبایی بوونێك لەسەر تاپای گرتم، بەبێ بڕواییەوە، وتم :

– وەڵڵا برادەر دەڵێی حەز دەکەی گاڵتەمان لەگەڵ بکەی ؟ ئاخر من چیم ، کە دەوڵەت بەو مەزنییەی خۆیەوە پێویستی بە من بێ! کۆنە گیرفانبڕێك بە کامە هونەر و سەخیەتی خۆیەوە دەتوانێ ڕووی دەوڵەت و حکومەت سوور بکەم!

حەیدەر شیرین دیسان پێکەنییەوە :

– مەگەر نەتبیستووە (سیاسەت باب و دایکی نییە) ، ئیشی دەوڵەتیش وایە ، هیچی بەسەر هیچەوەنییە، دەبینی! کاتی وا هەیە پێویستی بە پیسترین هاووڵاتی هەیە! ئێستایش داوا لە تۆ دەکا وەك هاووڵاتییەك ئەرکی نیشتیمانی خۆت ئەنجام بدەیت .

بە قسە شیرینەکانی حەیدەر شیرین ئەوەندە خرۆشا بووم ، ئەگەر بیگوتبایە (بڕۆ مانگم لە تاقی ئاسمان بۆ دابەزێنە.) بەبێ ئەوەی یەك دەقیقە بیربکەمەوە ڕێم دەگرت ، وتم :

– جەنابی ڕەیس هەر فەرمانێ بفەرموون بەسەرچاوم جێ بە جێی دەکەم!

حەیدەر شیرین دیسانەکێ پێکەنی و بە ئیشارەتی سەر سوپاسی کردم، دوای ئەوەی قاوەمان خواردەوە و جگەرەمان کێشا، ڕەیس مەسەلەکەی خستە ڕوو :

– براکەم سەیرکە..ئەوە چەند ڕۆژێکە دەستەیەك بیانی لە وڵاتەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا و دانیمارك و فرەنسەوە هاتوونەتە ئێرە، لە نێویاندا هەموو

جۆرە بنیادەمێکیان تێدایە، بازرگان، ئەندازیار، پزیشك ، پرۆفیسۆر ، ڕاسپێردراون لە بارودۆخی ولأتەکەمان بکۆڵنەوە و ئەگەر سەرنجیان ڕابکێشێت ئامادەن لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە یارمەتی زۆرمان بدەن ..)

بەسەر سوورمانەوە پرسیم:

– جا قوربان ئەرکی من لەم بەینەدا چییە؟

– هەیهوو؟ ئەرکی تۆ چییە؟ ڕاستییەکەی ئەم دەستەیە تا ئێستاکە هیچ شوێنێکی ولأتەکەمانیان بە دڵ نەبووە! نە کارخانەکانی ئێمەیان پەسەند کردووە، نە لەباری ئابووریمان ڕازین، نە نەخشەی بینای شارەکەی ئێمەیان قبووڵکردووە،بە کورتی، بە کورتی بە هیچ شتێکی ولأتەکەمان قایل نەبوون و لەم ڕووەوە دەوڵەت لە بەرانبەر ئەم بێگانانەدا زۆر شەرمەزار بووەو بڕیاریداوە بە هەر شێوەیەك بێ سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ!

خەمبار بووم، هەرچەندێك بیرم دەکردەوە ئەقڵم بە هیچ شتێ نەدەگەیشت، کە دەبێ چ پلانێکیان بۆ نابێتمەوە، تەنیا دڵم بەوە خۆش بوو، کە من دەبێ ولأتەکەم بە بیانییەکان بناسێنم!

حەیدەر شیرین کەمێك وەستاو بەنیگایەکی سەنگینەوە تێمڕاما و درێژەی پێدا :

–بەڵێ ئیحسان گیان! ئێستاکێ ئەرکی نیشتیمانی دەستت ماچ دەکات! دەبێ دەوڵەت توانای پۆلیس بە بیانییەکان نیشان بدات!

مەسەلەکەی تا دواییەکەی خوێندەوە،هەوەڵجارم بوو بۆ دزیکردن تووشی هەیەجان بێم و وتم :

– کاکەگیان تێگەیشتم. دەتەوێ من ئەم یارۆیانە ڕووتکەمەوەو پارەو پوولەکەیان بۆ بدۆزیەوەو بیاندەیتەوە! تا تێبگەن پۆلیس چەند بە توانایە!

حەیدەر شیرین سەری ڕەزامەندی لەقاندەوە:

– ڕاستە، چاك تێگەیشتی؟

تووشی حاڵەتێکی سەیربووم، ماوەیەکی زۆر بوو لەو ئیشانە دوورکەوتبوومەوەو زۆر بە شتێکی سەختم دەزانی دووبارە دەست پێبکەمەوە، وتم :

– براله ئەمە ئیشی من نییە، یەکێکی دی بدۆزنەوە.

حەیدەر شیرین نارەحەت بوو و بە تووڕەییەوە پرسی:

– بۆ؟

– ڕاستییەکەی ئەم ئیشانەم بیرچۆتەوەو دەستم ناچێتە ئەم ئیشانەوە.

– من ئەم قسەیەم ناچێتە ئەقڵەوە، دەبێ ئەو ئەرکە نیشتمانییە جێبەجێ بکەیت.

– وەڵڵاهی وە بیلا وە تیلاهی من تۆبەم کردووە... ئەو هەموو دزە گیرفانبڕە هەن واز لە من بێنن.

لە تورەییاندا ڕووخساریشی وەك لێوی سوور بۆوە، هاواریکرد:

– تۆبەی گورگ مەرگە، لە خۆتەوە قسان مەکە، بڕۆ دەست پێ بکە.

کەوتمە پاڕانەوە:

– کاکە حەیدەر توخوا ئەم ئەرکە نیشتیمانییە بە کەسێکی تر بدە، دووبارە تووشی ئەم ئیشانەم مەکەرەوە! لەم شارە دە هەزار دز و گیرفانبڕی تیایە.

لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە:

– ئەم تازەکارانە شیرپاك نین! جێی باوەڕ نین! هەر جارێکە و دەبینی ڕاو دەکات و ڕادەکات،دەبێ ماوەیەکیش بە دوای ئەودا بگەڕێین! لەباتی ئەوەی توانای پۆلیس نیشانبدەین زیاتر ئابڕوومان دەچێت..! ئێمە پێویستمان بە دزی وەك تۆ بە مەعریفەت و ئابڕوو هەیە.

هەر چەندێك پاڕامەوە سوودی نەبوو و دەستی لەسەر هەڵنەگرتم! هەتا ڕێکوڕەوان، وتی :

– ئەگەر ئەم کارە نەکەیت دەرگای چایخانەکەت دادەخەین!

دیتم چارە نییە، بە زۆر قبووڵمکرد ، وتم :

– جەنابی ڕەیس هەر چەندم ئیشکرد لە بۆ خۆمە؟

حەیدەر شیرین تووڕەبوو:

– مەگەر نەموت ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانییە، کەس بەرامبەر خزمەتکردنی نیشتمان هەقی ناوێت!

بێمنەت وتم:

– کاکە بۆ تووڕە دەبیت؟ ئەی کاری ئێوەش ئەرکی نیشتیمانی نییە؟ ئەی بۆچی هەموو سەرەمانگان دەستەیەك ئەسکەناس دەخەیتە گیرفانتەوە؟ هەتا وەکیلەکانی میللەتیش بۆ ئەوە دانراون ئەرکی نیشتیمانی بەجێ بگەیێنن! ئەگەر سەرەمانگ شتێکی کەم لە مووچەکەیان بڕابێت دەنگیان تا حەفت تەبەقەی ئاسمان دەڕوات! دۆستی و ئەرك جێبەجێکردن هەر یەکەو لە شوێنی خۆیان و ئیش و دەست هەقیش لە جێی خۆی! ئیش جودایەو پارە جودایە!

حەیدەر شیرین بە خەندەوە سەرێکی لەقاندەوە:

– ڤیروسیا هەقی تۆیش دەدەم... لە ئەمڕۆیشەوە چایخانەکەت ئازادە. دڵت هەرچییەکی دەویٚ بیکە! تەنیا یەك شت هەیە لە بیرت نەچیٚ، هەرچی یەکت لە ئەندامانی ئەو دەستەیە دزی دەبیٚ یەکسەر بیهێنیتە ئێرەو دۆستانە بە ئێمەی بدەیت تا ئێمەیش یەکسەر ئاگادارییان بکەینەوە، کە شتە ونبووەکانیان پۆلیس دۆزیویەتیەوە!

دەستم خستە سەرچاوم و نیشانەی ڕازی بوونم بوو:

– مل کەچم، سەرچاو!

ناونیشانی ئەو میوانخانەیەی پێدام،کە بیانییەکان تیایدا دابەزی بوون، وەسفێکی بەژن و بالاّ و ڕووخساریانی بۆ کردم و وێنەکانیانی پیشاندام:

– یالّلاّ برۆ بتبینم دەی بزانم چی دەکەی! خوا ئاگادارت بیٚ! ڕوو ڕەشمان نەکەی ! ئەگەر توانیت هەوڵی ئیشی ڕەیسەکەیان ببینە!

ئیحسان وازلین، کە تووشی خرۆشانێکی زۆر ببوو، بزەیەکی تاڵی بۆ کردم.

– هەمووتان دەزانن ئەم کارانە بۆ من ئاو خواردنەوەیە! یەکڕاست چوومە بەر دەرگای میوانخانەکە وەستام و سەیرێکی هەموو لایەکم کرد ، دنیا تاریك داهاتبوو،کە هەموویان لە میوانخانەکە هاتنە دەرەوە،سەیرێکی وێنەکانی دەستم کرد بینیم، ڕێك سەرۆکی دەستەکە خۆیەتی و لەگەڵ مەدامیەتی، ڕاژدیەکم لە سەرۆکدا،هەر دەگەڵ ڕاژدی هەوڵی تێگەیشتم یارۆ کابرایەکی زۆر مردۆخە!بە ڕاژدی دووەم ئیشم دیت! دیار بوو،کە هێشتا سنعەتەکەم لە بیر نەچووبۆوە!یەکسەر ڕووتم کردەوەو خۆم گەیاندە ئاودەستخانەیەکی گشتی، کە جزدانەکەم کردەوە لەبەر سەرسووڕمان چاوەکانم بوون بە چوار

چاو، پارەی نوێ و دۆلاری دەق نەشکاو بن باخەڵی پڕ کرد بووم ، شەیتان لەژێر سەری خوێندم بەشی بکەم، بەڵام گوێم نەدایێ و بە خۆمم وت: ئینسان لە ڕێی یە جێ گەیاندنی ئەرکی نیشتیمانی نابێ ناپاکی بکات! بێ ئەوەی بە تیی چاویش سەیری پارەکان بکەم یەکسەر بەرەو ئاگاداری شارەوانی ڕۆیشتم. حەیدەر شیرین چاوی خستە سەریەك و بە زارێکی تاڵەوە وتی:

– بابە تۆ لەکوێی.. درەنگ کەوتی؟

لە جیاتی ئەوەی وەڵامی بدەمەوە جزدانەکەم لە پێش دانا، ئەوەند دڵخۆش بوو نێوچەوانی ماچ کردم.

– ڕاستییان وتوە (پیاو ئەو پیاوەیە بچێتە هەوێ و بێتەوە) شیری دایکی خۆت لێ حەڵاڵ بێ ئابڕووی ئێمەت کڕیەوەو سەرۆکی دەستەکە پێش پێی تۆ تەلەفۆنی کرد،وتی:

(بەدبەخت بووین... هەرچی یەکم بوو بردیان!) وەڵامم دایەوە:

– هیچ ناڕەحەت مەبن، تا سبەینێ دەیدۆزینەوە، پۆلیسی ئێمە زۆر بەهێزە (چونکە توانیبووم ئابڕووی مەملەکەت بپارێزم! زۆر خۆشحاڵ بووم.)

بە حەیدەر شیرینم وت:

– براله خواحافیز. ڕێگام دەدەی بڕۆمەوە سەر کارەکەی خۆم؟

یەکسەر ڕووی گرژ بۆوە:

– بۆ کوێ؟ بۆچی بە تاقە گوڵێك بەهار دێت؟ دەبێ جزدانی برادەرەکانی دیش یەکە بە یەکە بهێنیت.

وەڵامم دایەوە :

–براکەم تکات لێدەکەم سەر لەسەر من هەڵگرن، بەرەبەرە دەستم لێڕادێتەوەو ئەوکاتە ناتوانم دەستبەرداری بم.

هەرچییەکم کرد ڕازی نەبوو، بەخۆمم وت:(ئێستا مادام بڕیارە ئەرکی نیشتیمانی بەجێ بگەیێنم، ناوەڵلا لێگەڕێ تا سەر بیگەیێنمەجێ !) دەستم بە ڕووت کردنەوەی بیانییەکان کرد ، تەنانەت یەکێ لە بیانییەکانم وا ڕووت کردەوە،کە دەستەسڕ و چەرخ و جگەرەکانیشیم برد! ئەو نیشانەیەی سەر سینگیشم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە ! بەگیانی هەمووتان ئەگەر حەزم لێ بووایە پانتۆڵەکەیشم لە پێ دەکردەوە ! هەر بۆ نموونە دوو قۆپچەی پانتۆڵەکەیشم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە.

یەکسەر چووم بۆ ئاگاداریی شارەوانی و شتەکانم لەبەردەم حەیدەر شیرین ڕووکرد ، جەنابی سەرۆکی (گشتی) خۆشحاڵ بوو و وتی :

– ئیحسان گیان یاخوا ئەوتانەی لەم مەملەکەتە دەیخۆیت لێت حەڵاڵ بێت !

بەکورتی سەرتان نەیەشێنم! بە ماوەی پازدە ڕۆژان ژن و پیاویانم ڕووت کردنەوە ! ڕێك وەك ئەو جەراحەی، کە دڵی نەخۆشان دەردێنێ و بەخۆیان نازانن !لەنێو ئەو دەستەیەدا خانمێکیان تێدابوو، جزدانەکەیم خاڵی کرد و دامە حەیدەر شیرین، بەڵام ئەویان پۆلیسی ئاگادار نەکردەوە !

یەك دوو ڕۆژی پێچوو ژنە هەواڵێکی نەبوو، وای بۆ چووین هێشتا پێی نەزانیوە، بۆیە حەیدەر شیرین تەلەفۆنی لە بۆ کرد:

( – ئەلۆ، سەرکار خانم، هیچیان لە ئێوە نەدزیوە؟)

( – نەخێر! هیچیان نەبردووە !)

حەیدەر شیرین دووبارەی کردەوە:

– باش بگەڕێن ! دەبێ دزیبێتیان.

کاتێ ژنە باش دەگەڕێت و سەیر دەکات جزدانەکەی خاڵییە، وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ شتەکانی ناو جانتاکەمیان بردووە !

– لەنێو جزدانەکەی ئێوەدا پارچەیەك سووراو و سپیاوی تیا بوو؟

–بەڵێ !

– پۆلیسی ئێمە زۆر بەهێزە، ئێمە هەموو شتێ دەزانین، تەنانەت ئەو کەسانەی دز بۆسەی بۆ ناونەتەوە، ئێمە پێشەکی پێیان ڕادەگەیێنین نارەحەت نەبن و بەپێی شتە دزراوەکەوە دزەکەی دەدۆزینەوە !

ئەو ڕۆژەی دەستەکە دەیانویست وڵاتەکەمان بەجێ بهێڵن یەکێ لە پەیامنێرەکان لە سەرۆکی دەستەکەی پرسیووە:

– ئێوە چ شتێکی وڵاتەکەی ئێمەتان بە دڵبوو؟

سەرۆکی دەستەکە، کە پیاوێکی بە ئەدەب بوو، وەڵامی نەداوەتەوە .

بەڵام یەکێکی دی لە پەیامنێرەکان پرسیویەتی:

– بەبڕوای ئێوە پۆلیسی ئێمە چۆنە ؟

تاقەتی نامێنێ و وەڵام دەداتەوە:

– ئێمە نۆ کەس یازدە ڕۆژ لە وڵاتی ئێوە بووین، لەم ماوەیەدا زیاتر لە نەوەد جار ئێمەیان ڕووت کردەوەو دوای چەند دەقیقەیەك شتە گوم بووەکان دەدۆزرانەوە، ئەڵبەت قایلین بەوەی پۆلیسی ئێوە زۆر بەهێزە !، بەڵام نابێ لە هەقیش لابدەین، کە لێرەدا دزی ترسناکی تیایە لەبەر ئەوە ئەو

دەستەیەی ئێمە ناتوانێت دەزگای بازرگانی لێرە دابمەزرێنێ و سەرمایەی تیا سەرف بکات).

وتەکانی ئەم بابایە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەو ناوەوەی ولآت ڕێك و ڕەوان بلآوکرایەوەو دەولەت لەم ڕووەوە زۆر تورەبوو و زۆر بە توندی سۆراغی ئەو مەسەلەیەی کرد و تا ئەو کەسەی ئەو تاوانەی کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی، کە بیانییەکان سەرمایەکانیان لە ولآتی ئێمەدا سەرف نەکەن، تەمێ بکرێت).

بەڵێ، برادەران کاسەو گۆزە بەسەر منی بێ چارەدا شکایەوە، کە منیان گرت بە حەیدەر شیرینم وت:

– ڕۆژی دادگا ئەو مەسەلەیان بە تەواوی بۆ دەگێڕمەوە.بەڕوگرژییەوە وەلآمی دایەوە:

– ئەگەر شتی وابکەی، بەلآیەکی وات بەسەر دێنم، کە تا کۆتایی تەمەنت لەزیندان بخەوی؟ نزیکەی دوو سەد سێ سەد دزیی هەن نەدۆزراونەتەوە هەمووی دەخەمە ملی تۆوە، ناچارت دەکەم لەژێر کاغەزەکانی لێکۆلێنەوەدا ئیمزا بکەیت!

ئێستا تێگەیشتن برایان من چۆن هەڵخەڵەتام! بینیم هیچ چارەیەکم نییە وەك بلبلێ، کە توتی خواردبێتی!لە دادگادا دەمم دانەپچڕی و قرقەپ دانیشتم و فززەم نەکرد، بەهەرحاڵ، ڕەحمەت لە بابی حەیدەرشیرین تووشی ئەو بەزمەی کردم!

دادگا فەرمانی دوو ساڵ بەندکردنی بەسەر دادام! بەهۆی ئەنجامی ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە دەبێ دووسالآن لە ژووری ئاوی سارد بخۆمەوە!

یەکێ لە زیندانییەکانی، کە گوێی لە قسەکانی ئیحسان وازلین گرتبوو وتی :

– کاکە ئیحسان دوو ساڵ بۆ تۆ هیچ نییە!(ئاو خواردنەوەیەکە!)چاو بنووقێنە دوو ساڵەکە تەواو دەبێ!

ئیحسان وازلێن خەندەیەکی تاڵی کرد:

– کاکە ڕاستە، دووساڵ زیندانی هیچ نییە،بەڵام لەبەر هیچ نا لەبەر بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتیمانی! گوناهە، ئینسان بگیرێت.. ئەگەرچی مرۆڤ سەریشی لە ڕێی نیشتیمان دابنێ هێشتا هەر کەمە، گیانی ئێمە بۆچی باشە، بژی نیشتیمان ..

هەواڵنامەی کتێب

# کــــــڕین

کۆمەڵێ خەڵکی هەژار لەکەنار دەریا کۆببونەوە، لەپڕ یەکێکیان هاواریکرد:

– سەیری ئەو ماسییە بکە ... من تا ئێستا ماسی وا گەورەم نەدیوە. ئەو کابرایەی لە تەنیشتییەوە وەستابوو، پرسی:

– کوا ...؟

– ئەمانە، من لەوێ هەر دەم و چاوێك دەبینم.

– جا خۆ ماسی دەم و چاوی نییە .

– ئەدی چی هەیە؟

– کەللەی هەیە.

– زۆر چاکە، دەمنیش وا کەللەیم بە چاکی لێدیارە.

– بەڕای تۆ ئەمە چ جۆرە ماسییەکە؟!

– وابزانم ماسی (توون)ە.

– بەڕاستتە؟ ماسی توون لە بازاڕ بە چەندە؟

– چوار سەدو قسوور لیرەی دەکات ، ئەڵبەتە ئەگەر گەورە بێ زیاتریشی پێ دەدەن.

– بەڕای تۆ چەند کیلۆ دەبێ .

– وابزانم ١٥ – ١٦ کیلۆ دەبێ .

– جا کەوا بێ ئەم ماسییە ٥٠٠ لیرە زیاتر دەکات ، ئەگەر بیکڕین یەك مانگ بۆ خۆمان بەبێ دەردی سەری دەژین.

لەناو کۆمەڵەکە یەکێ هاواریکرد :

– من دەیکڕم .

– چی؟

– بێ کلك لە گۆترە کیلۆی بە ٨٠ لیرە دەکڕم.

– من بە کلکەوە بە ٩٠ لیرە دەیکڕم.

زەلامێکی دی:

– بێ کلك بە ٨٥ لیرە دەیکڕم.

– کاك محەممەد ئەوە چیتە؟ بۆچی نرخی ماسییەکە وا زیاد دەکەیت؟

یەکێکی دی:

– من ٩٢ لیرەی پێ دەدەم.

– کلکدارەکان دەکڕی یان بێ کلکەکان؟

– جیاوازی نییە .

– من ٩٥ لیرەی پێ دەدەم.

– زۆر چاکە دەیفرۆشی؟ جارێ خۆ ماسییەکە هی تۆ نییە، جارێ بیگرە دوایی بیفرۆشە.

– ئەگەر قیمەتی فرۆشتنەکەی تەواو بکەم گرتنەکەی ئاسانە .

– (نەیخۆی تاڵە)،من وای بۆ دەچم ئەوە ماسی نەبێ، یانی ئەو شتانەی ماسی هەیەتی هیچی تێدا نییە.

کابرایەکی چوارشانەی دی، لە کاتێکا پاڵی بە خەڵکەکەوە دەنا وتی :

– کێ دەڵێ ئەوە ماسییە؟ ئاخر خوا ئەو چاوانەی بۆچی پێداون، جوان تەماشاکەن، ئەوە کۆڵکە دارێکەو هیچی تر.

یەکێك لەناو ئاپۆراکەدا وتی :

– ئەگەر کۆڵکەداریش بێ من دەیکڕم.

– چی دەکڕی؟

– کۆڵکەدارەکە ، هەر هیچ نەبێ ٣ – ٤ تەن دەبێ.

– تەنی بە چەند دەکڕی؟

– ٤٠ لیرە.

– من ٤٥ لیرەی پێ دەدەم.

– من ٥٠ لیرەی پێ دەدەم .

– من ٧٠ لیرەی پێ دەدەم.

– کێ ٧٠ لیرە بە کۆڵکەدار دەدات؟ هیچ نەبێ پێنج لیرەش هەقی گواستنەوەیەتی.

– دەڵێ کۆڵکەداری وشك؟ دارێك ئەو ماوە زۆرە لەناو دەریابێ چۆن وشك دەبێ ؟

– تۆزێ بێ دەنگ بن، تا ئێستا دیوتانە کۆڵکەدار دەست و پێ ی هەبێ؟ جوان تەماشاکەن ئەوە زەلامێکە و هیچی دی، قوربەسەرەی خەریکە دەخنکێ و ئێوەش لەسەر کڕینی سەروگوێلاکی یەکتر دەشکێنن.

- ڕاست دەکەی ... زۆر بە زەلام دەچێت! ...
- پێ دەچێت زەلامێکی خراپ نەبێت.
- دەیکڕم .
- چی ، کوێی دەکڕی ؟
- جلەکانی بە ٣٠ لیرە دەکڕم.
- منیش قۆپچەکانی بە ١٠ لیرە دەکڕم.
- پارچە فرۆشتن قەدەغەیە، ئەوەی دەیەوێ دەتوانێ هەمووی بکڕێ.
- من هەموو بە ٤٠ لیرە دەکڕم.
- باش بڕۆنێ ، دەستەکانی تەکان پێدەدات .
- دەستی تەکان پێنادات خەریکە دەخنکێ،یارمەتی بدەن بیهێننەدەرەوە .
- بۆچی چییە ماسییە بیهێنینە دەرەوە؟
- لە خورت و خۆڕایی نایهێنینە دەرەوە.
- باشە بە ٣٠ لیرە دەری دێنم.
- من بە ٢٥ لیرە دەیگرمەوە.
- من بە ٢٠ لیرەش ڕازیم.

کاك محەمەد دیسان ئەو کەللە ڕەقییە چییە؟بۆچی نرخەکەی دادەبەزێنی.

- من بە ١٥ لیرە دەریدێنم .
- بە ١٠ لیرەش قایلم.

دادوبێدای ئەوان ئەوەندە درێژەی کێشا، کە ئەو کەسە بەبێ توانایییەوە لەدەریا هاتە دەرەوەو بەم شێوەیە کۆتایی بە مامەڵەی ئەوان هێنا.

# چـــــەك

نەسیم خان بڕیاریدا بوو، کە عیرفانی مێردی گەڕایەوە ئەو لە ماڵ دەرچێت ، دەبووایە هەمان ڕۆژ لەو ماڵە بڕواتە دەرەوە.

نەسیم خان دەیزانی،کە مێردەکەی وەك پێشوو خۆشی ناوێ، وەك عاشقێکی بە درۆ یاری پێدەکات، بۆیە چاکتر وابوو کۆتایی بەو گەمە عشقە ساختەیە بێنێ.

نەسیم خان بۆ دواجار لەبەردەم مێز تەوالێتەکەی دانیشت و ئارایشتەکەی خۆی تازە کردەوە.سەعات شەش و چارەك و شتێك بوو و ئەویش دەبووایە بە زوویی لەولاوە بڕواتە دەرەوە، چونکە کاك عیرفان سەعات شەش تەواو دەگەڕایەوە ماڵەوە. جارێکی دیکەش بە نیگایەکی پڕ لە حەسرەتەوە سەیری مێز تەوالێت و کەلوپەلەکانی کردەوەو بۆ هەڵگرتنی جانتای شتومەکەکانی ڕێگای ژووری نووستنی گرتەبەر ، بەڵام هێشتا لە ژووری دانیشتن نەچوو بووە ژووری نووستن تووشی عیرفان بوو.

عیرفان بە پێچەوانەی پێشوو ئەمڕۆ دە دەقیقە زووتر لە ڕۆژان هاتبۆوە ماڵەوە. عیرفان هەروەکو پێشترێ خوێن سارد و ماندووبوو. دوای هاتنە

ژوورەوەی ، جانتاکەی دەستی خستە سەر مێزەکەوە و لەسەر یەکێ لە قەنەفەکان دانیشت و دوای داگیرسانی جگەرەیەك پرسی:

– ئازیزم دەچیتە مێوانداری؟

نەسیم خان، کە دەترسا لەوەی بە قسەکانی خرۆشانی بخاتە دڵیەوە تەنها وشەی (بەڵێ)ی درکاند و هیچی دی .

– ئێستا کەی وەختی مێوانداریيە؟ بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانت نەکەی مێوانداری دەکەی بە بەهانە؟

– بەڵێ ئیش و کارم هەیە ، بەڵام دەڕۆم ئیدی ناگەڕێمەوە ، یانی من بەجێ دەهێڵی ؟

– بەڵێ تۆ بەجێ دەهێڵم،بەلاَم دەبێ ئەوە بزانی گشت تەخسیرییەك لە تۆوەیە. تۆ زۆر بێ باکانە عەشقی ئاگرینی منت کردە خۆڵەمێشی ساردو سڕ. ئەو خۆپەرستییە زۆرەت پاکی و خۆشەویستییەکەمانی سڕیوەتەوە .

– بەلاَم هەرچی یەکم لە دەست هات بۆم کردی.

– ڕاستە لەم ڕووەوە زۆر مەمنوونتم. ئەوەی من دەمویست بۆت کردم، بەلاَم هەستت بەوە نەکردووە،کە من جگە لە قاچی جوان تاشاو و سینەی دەرپەڕیو هەستێکی ژنانەیشم هەیە،بەلاَم تۆ هیچ گرنگییەکت بەم هەستەی من نەداوە خستوتە ژێر پێتەوە.

ژیان شادییە،دیاری گران بەها و جلی بێ هاوتا لە ژیانی ژناندا بەس نییە. ژن بەر لە هەموو شتێ پێویستی بە عەشق و ئەڤین هەیە، بەڵام تۆ ئەوەت پێ نەبەخشیوم ، لە کاتێکدا لە ڕۆژەکانی هەوەڵی ئاشناییمان تۆ بەڵێنت

پێدام تا بمێنین خۆشمت بوێ. ئەگەر درۆ دەکەم بڵێ وانییە؟ دوو سێ دەقیقەی مەرگەساتاوی باڵی بەسەردا کێشان.

پاشان کاك عیرفان وتی :

– هەقی تۆیە و من ناتوانم بە زۆر تۆ ڕازی بکەم ، کە لەگەڵ مندا ژیان بەسەر بەریت ئێستا کە ...

کاك عیرفان مژێکی قووڵی لە جگەرەکەیدا و لە جێگەکەی خۆی قیت بۆوەو چووە ژووری کارکردنیەوە. کاك عیرفان دوای چەند دەقیقەیەك بۆ ئەو چەکەی بە ناوی ژنەکەیەوە نووسی بووی گەڕایەوەو بە هەر دوو دەستان پێشکەشی ژنەکەی کرد:

– حەز ناکەم بەهۆی منەوە بەدبەخت بیت، ئەم چەکە ٥٠ هەزار لیرەییەم لێوەرگرە بۆ ئەوەی لە ژیانی ئاییندەتدا سەرو سامانێکت دەست بکەوێت.

نەسیم خان وەڵامی نەدایەوە. عیرفان وتی:

– تکات لێ دەکەم لێم وەرگرە. ڕەنگە بەمەوە نەختێ ویژدانم ئاسوودە بێت.

نەسیم خان لەبەردەم سووربوونی مێردەکەیدا خۆی نەگرت و چەکەکەی لە دەستی ڕاستاند و بە هەنگاوی خوارو خێچ بەرەو ژووری نوستن ڕۆیشت.

دوای چوونە دەرەوەی نەسیم خان، کاك عیرفان خۆی لە ژوورەکەدا تەنیا بینیەوەو وای هاتە پێش چاو لە دنیادا تاك و تەنیا مایەوە.بەڵێ، لە خۆبایی بێ جێی وای لێکرد کاری بەم ڕۆژە بگات.

نەسیم خان چەند دەقیقەیەکی دی بەجێی دەهێشت و تاك و تەنیا جێی دەهێشت، بەڵام بۆ ئەو چ جیاوازییەکی هەبوو، ئەو کە نەسیم خانی خۆش نەدەویست و لەوانەیە خۆشیشی بویستایەو بەخۆی نەزانی بێ.

لەناکاو .. عیرفان بلّیٚ خۆشم دەویٚی دەبیٚ ددانی بیٚدا بنیٚیت.

بەلّیٚ بە ڕاستی ئەو نەسیم خانی خۆش دەویست،بەلاٚم لە خۆباییەکەی ڕیٚگای نەدەدا ئاشکرای بکات، دیسان دەنگە نەناسراوەکە، کە جگە لە دەنگی ویژدانی خۆی نەبیٚ چ دەنگیٚکی دی نەبوو هاواریکرد:

واز لەم لە خۆباییبوون و فیزەت بیٚنە. ددانی پیٚدا بنیٚ، کە خۆشت دەویٚ .

ئیدی ژیان لای کاك عیرفان چ مانایەکی نەبوو. چۆن دەیتوانی ژیانی خۆی سەرتاپا لە تەنیایی و بیٚدەنگیدا بەسەر ببات و بەبیٚ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە خۆشانەی ڕابردوو بژیت. دیسان دەنگەکە وتی:

– ئەگەر ددانی پیٚدا نانیٚیت. مردنت لە ژیانت چاکترە.مەترسە خۆت بکوژە.. خۆت بکوژە.

عیرفان بەوپەڕی نەترسانەوە لە چەکمەجەی میٚزەکەیەوە، کە لەهەمان ژووردا بوو، دەمانچەکەی دەرهیٚناو ڕووی لە خۆیکرد.

دەنگی ویژدان وتی :

هیٚشتا دەترسیٚی،لە بوورانەوە مەترسە،تەنها چەند دەقیقەیەك ناڕەحەت دەبی. یاللاٚ خۆت دوامەخە پەنجە بە پەلەپیتکەکەوەی بنیٚ.. پەنجە بە پەلەپیتکەکەوەی بنیٚ...

کاك عیرفان سەری سووڕما.چاوەکانی سپی هەلّگەڕان و خۆی پیٚڕانەگیراو بەملاو ئەولادا هات. قاقای کۆمەلّە دەنگیٚك،کە گالّتەیان پیٚدەکرد دەهاتە گوٚییەوە.چیدی نەیدەتوانی لە ڕووی ئەم هەموو سەختییانەی ژیان خۆی بگریٚت.

کاک عیرفان هەستی کرد ناتوانێ لەسەر پێ بوەستێ. بۆیە چەمایەوە بۆ ئەوەی کەمتر هەست بە قورسایی لەشی بکات. کاک عیرفان لەناکاو بووە نەخشی سەر زەوی دەنگی گوللەیەك کەوتە بەرگوێ و لەدوای دەنگەکەوە دەنگی نەسیم خان کەوتە بەرگوێ:

– عیرفان ... عیرفان ... عیرفان مردی؟ هەموو گوناهی من بوو چەند دەقیقەیەك بە تەنیا جێم هێشتی.

ئینجا نەسیم خان مێردەکەی لە باوەش کردو وتی:

– عیرفان قسە بکە .. نەمری ؟ ئەگەر مردووی بڵێ مردووم ؟! ..

کاک عیرفان هێواش هێواش هاتەوەهۆش خۆی لە کاتێکدا قاچەکانی لەسەر عەرزەکە درێژ کردبوو پرسی:

– ئەوە تۆ گەڕایتەوە؟ ڕازی نەبووی من تەنیا جێ بهێڵی؟ تۆیش منت خۆشدەوێ؟

نەسیم خان یەکسەر لە جێگاکەی خۆی هەڵسایەوەو وتی:

– بەڵێ من گەڕامەوە، بیر کەرەوە ئەگەر تۆ بمردابوای من چۆن دەمتوانی ئەم چەکەم بەبێ ئیمزای تۆ سەرف بکردایە؟

هەواڵنامەی کتێب

# مــــــووچە

سەرەمانگ یەکەمجارم بوو لەم دایەرە مووچەم وەردەگرت، ژمێریاری کارگێڕییەکە لەکاتێکدا مووچەکەی دەبژاردم:

– زەحمەت نەبێ ٣٠ لیرەم بدەرێ تا ٣٠٠ لیرەت بدەمێ.

خەریك بوو پێبکەنم. ئەو دەیویست من ٣٠ لیرەی بدەمێ و لە بری ئەوەی ٣٠٠ لیرەکەم بداتێ. هەوەك سەرم شۆڕکردبۆوە ئەوها دەفتەرەکەشم ئیمزاکرد و وتم:

– بەداخەوە وردەم پێ نییە!

٢ ئەسکەناسی ١٠٠ لیرەیی،ئەسکەناسێکی ٥٠ لیرەیی و دوو ئەسکەناسی ١٠ لیرەیی ژماردو دایمێ.ن٢

لە دەوروبەری سەعات پێنج لە کارگێڕی هاتمە دەرەوەو قسەکانی دۆستێکی ددانسازم بیر کەوتەوە ، کە دەیوت:

– هیچ کاتێك گشت پارەکانت مەخەرە یەك گیرفانەوەو دابەشی سەر گیرفانەکانتی بکە، نەوەکو خوانەخواستە گیرفانت ببڕن، هەموو پارەکانت لە کیس ناچێ.

دەست بەجێ یەکێ لە ١٠٠ لیرەییەکانم خستە گیرفانی بن باغەڵی دەستە ڕاستمەوە، ئەوەی تریانم خستە گیرفانی چەپەوەو ٥٠ لیرەییەکەشم خستە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەم و یەکێ لە ١٠ لیرەییەکانم خستە گیرفانی دەستە ڕاست و ئەوەی تریانم خستە گیرفانی دەستە چەپی پانتۆڵەکەم ، دوای ئەوە جا دەستم بۆ گیرفانی بچووکی پانتۆڵەکەم برد. کە هەر وردەم تێ دەخست ، تەماشام کرد هەندێ وردەی تیایە، لە ترسی ئەوەی نەوەك کاتێك دز دەستە سڕەکەم لە گیرفان دەربێنێ و دەست بەتاڵ و حەتاڵم بکات ، دەستەسڕەکەم خستە گیرفانێکەوە، کە هیچ پارەی تێدا نەبوو.

دوای ماوەیەك ڕۆیشتن لەلای دەستە ڕاست ئاپارتمانێکی زۆر جوانم دیت، لەسەر دەرگا گەورەکەی ئاگانامەیەکی بچووك بەرچاو دەکەوت. وا دیار بوو خاوەن ئاپارتمانەکە دەیویست بەشێکی ئاپارتمانەکەی بەکرێ بدات.هەر لە خۆمەوە بەرەو ئاپارتمانەکە ڕێمگرت لە دەرگای گەورە چوومە ژوورەوە و جوانی مزگەوتێکی تورکیای لەسەر هەڵواسرابوو و لەلایەکی دیکەشەوە وێنەی ویلایەتێکی گەورەو جوانی چواردەور گیراو بە گوڵی سوور و سپی هەڵواسرا بوو و سەرنج ڕاکێشەربوو، دوای تەماشاکردنیان زەنگی دەرگای ئاپارتمانەکەم لێداو بانگی دەرگاوانەکەم کرد.

دوای ماوەیەکی کەم کابرایەکی تێکچەقیوی بەهێز دەرگای لێ کردەمەوە، بەبێ هیچ شتێك وتم:

– داوای لێبوردن دەکەم ، کە ناڕەحەتیشم کردن ، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو ئاپارتمانەی دەتانەوێ بەکرێی بدەن لە نزیکەوە پێمی نیشان بدەن.

– فەرموون .

کاتێ دەرگای ئاپارتمانەکەی کردەوەو وتی:

– سێ ژووره ، هۆڵێکه ، حەمام و مووبەقێکه.

– کرێیەکەی چەندە؟

– یەك قسه ، ٥٠٠ لیرەیە.

– زۆره.

– زۆر زۆره؟

– بەڕاستی زۆره.

که هاتمەوه سەر جادەکه جارێکی دیش ڕوانیمه گیرفانەکانم، شەقام زۆر ئاسایی ئاپۆره بوو، بێ ئەوەی چ مەبەستێکم هەبێ سەرنجی کۆگانم دەدا تا گەیشتمه ئەو چێشتخانەیەی،که زۆربەی کات نانم لەوێ دەخوارد. ئەو چێشتخانەیەو خاوەنەکەیم زۆر خۆشدەویست،چونکه خاوەنی ئەو چێشتخانەیه بێ فرت و فێڵ خواردنێکی چاکی پێشکەش خەڵك دەکرد.

چوومه چێشتخانەکه،یەکەمجار بوو له وەختی سبەینەو نیوەڕۆ نەبێ من بچمه ئەم چێشتخانەیەوە،مێزەکان گشتیان بەتاڵ بوون، شاگردەکه هاته لامەوەو وتی:

– فەرموو قوربان.

– شاتۆبریانم دەوێ.

شاتۆبریان،که نووسەرێکی فرەنسی بوو به چاکی دەمناسی ، بەڵام دوایی تێگەیشتم،که خواردنێکیش بەهەمان ناوەوه هەیە.

ئەڵبەته ئەم باسه پێنج ڕۆژ لەمەوپێش له برادەرێکەوه بیستبووم، که:

ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش کابرایەکی ئینگلیز هاتبووە وڵاتەکەمانەوە و لە شاگردی هەمان ئەو چێشتخانەی پرسی بوو :

– خواردنێکی عەجایب خۆش چیتان هەیە؟

ئەویش خواردنێکی بەناوی شاتۆبریانەوە بۆ هێنا بوو.کابرای ئینگلیز بیست ساڵ لەوەپێش شاتۆبریانی لە پاریس خواردبوو ، کە شاتۆبریانیان بۆ هێنا بوو و خواردبووی و بە خۆشحاڵییەوە وتبووی :

شاتۆبریانی جگە لە (جین) نەبێ کەسی دی وا بە چاکی ناتوانێ لێی بنێ.

ئەرێ چێشت لێنەرەکەی ئێوەش هەر (مەدام جین)ە.

– بەڵێ ئەوە .

– نەموت؟من لە پێشبینییەکەمدا بە هەڵەدا نەچووبووم، وەختێك شاگردەکە جارێکی دیش ڕووی تێکردمەوەو وتی:

– فەرموو قوربان.

وتم:

– شاتۆبریان.

ئەویش بە سەرسووڕماوییەوە لێم دوورکەوتەوەو چوو داخوازییەکەمی بە خاوەن چێشتخانەکە گوت ، لە خاوەن چێشتخانەکەم پرسی:

– ئایا چێشت لێنەرەکەتان دەتوانێ ئەم خواردنە لێ بنێ؟

– بەڵێ قوربان ، نێزیکی عەسرێ تەشریفتان بێننەوەو شاتۆبریانێکی بە دڵی خۆتان ئامادە دەبێ.

– نرخەکەی چەندە؟

هەواڵنامەی کتێب

لەم پرسیارەم بە جارێ سەری سوورِما ، دڵنیام لە پێش خۆی وای لێك داوەتەوە ، کە من ڕەنگە یەکێ لە پشکنەرەکانی شارەوانی بم.

سەیری لیستی ئەو خواردنانەم کرد، کە لەو پێشتخانەیە دەفرۆشران. چێشتە بە گۆشتەکان پێنج لیرەو بێ گۆشتەکان سێ لیرەو پێشت و ماست بە یەك لیرە بووە.

لەکاتێکدا خاوەن چێشتخانەو شاگردەکانی لە من وورد دەبوونەوە، من لای خۆمەوە حسێبێکی چاکم بۆ کرد و تێگەیشتم بە پازدا لیرە داتوانم لێرە خواردنێکی چاك بخۆم.

خاوەن چێشتخانەکە وتی:

– بۆ خواردنەکەش چاوەڕێت دەکەین.

– بەڕاستمە ئاخر، باشە، خواحافیز.

پەنجا شەست هەنگاوێك لە چێشتخانەکە دوور نەکەوتبوومەوە بە ڕێکەوت تووشی برادەرێکم بووم ، دوای سەلام و لە یەك پرسین وتی :

– ژنم هێنا، پرسیم :

– کەی ؟

– هەفتەی ڕابردوو ئاهەنگی مارەیی و شایی و گۆڤەندەکەمان بوو و پارەیەکی زۆریشم چوو.

– پارەیەکی زۆرت چوو؟

– تەنها بۆ شایی و گۆڤەندەکەی پێنج هەزر لیرەم چوو، ئاهەنگەکەی لە سەعات نۆی شەوەوە تا بەیانی بەردەوام بوو.

– جێی خۆیەتی، پیرۆزە.

بەبێ ئەوەی خواحافیزی لێبکەم لە ڕۆیشتنەکەی خۆم بەردەوام بووم . برادەرەکەم ماوەیێ سەیری کردم، کە خوا حافیزیم لێ نەکردو لێمدا ڕۆیشتم.

ڕوانیمەوە گیرفانەکانم ، هەموو پارەکانم، کە ٢٧٠ لیرە و بڕی وردە بوو، هەمووی وەك پێشتریێ لە جێی خۆی بوو.

وەك یەکێ خەوالوو بڕوا بەڕێوە نازانم چۆن بوو وەختێکم زانی لە نێو ساختمانێکی گەورەم و کە هاتمەوە خۆش خۆم سەیر دەکەم لە سالۆنی یەکێ لە بەرگدرووە ناودارەکانم. کاکی بەرگدروو دوای ئەحوالێ پرسینێکی گەرم و گیانی بە گیانی پرسی.

– قوربان دەتانەوێ جل بدروون؟

– بەڵێ .

شاگرد بەرگدوو ، کە چەند نموونەیەکی زۆری لە بەردەم دانام و وتی :

– ئەگەر لەمەتان بوێ چاکەت و پانتۆڵێ بە ٤٠٠ لیرە و لە مەیانت بوێت چاکەت و پانتۆڵێ بە ٤٥٠ لیرە و لەوەیشیان ئەگەر بە پەسەندی بزانن بە ٤٨٠ لیرە بۆتان دەردەچێت.

– زۆرە .

بەبێ خواحافیزی هاتمە دەرەوە،لە ڕاڕاوەی ئەم بینایە گەورەیە تا بلۆی دکتۆریێ سەرنجی ڕاکێشام، کە نووسینەکەی سەریم خوێندەوە زانیم دکتۆری نەخۆشی نەفسی یە.

بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەم وە ژوور کەوتم. خانمێك بە جلێکی سپی و پاکەوە پرسی:

– سرەت گرتووە؟

– نەخێر سرەم نەگرتووە،بەڵام زەحمەت نەبێ هەقی سەردانی دکتۆر چەندە؟

– ٣٠ لیرەیە قوربان!...

– زۆرە.

لەوێ هاتمە دەرەوەو جارێکی دیش ڕوانیمە گیرفانەکانم، گڵۆپەکانی ئەو کۆڵانە داگیرسابوون و شنەیەکی نەرمیش دەهات، بەبێ ئەوەی چ نیازم هەبێت لە دەرگای گەورەترین و تازەترین میوانخانە چوومە ژوورەوە.

هەوای نیوەگەرمی میوانخانەکە هەستی بزواندم و پێڵاوەکانم تان و بۆ بە فەرشەکان سڕیەوە. لە کچۆڵەیەك، کە دیار بوو لە شاگردەکانی وێندەرێ بوو،پرسیم:

– زەحمەت نەبێ کەسێ تازە بێتە ئێرە لە کام لاوە تەشریف دەبات ! کچە منی بردە پێش کابرایەك. لەوێ سێ جێگای چۆڵیان هەبوو ، کە نرخەکانیان ٥٠ لیرە، ٨٠ لیرە ، ١١٠ لیرە بوون.

– زۆرە.

لە دەرگای گەورەی میوانخانەکە هاتمەدەرەوە، ژنێکی جوان چەند هەنگاوێك لە پێش منەوە دەڕۆیشت. بە پەلە بە پێشی کەوتم و جوان جوان لە ڕووی وورد بوومەوە. زۆر لەوەش جوانتر بوو ، کە من خەیاڵم بۆی چوو بوو، ڕەنگە هونەرمەندێکی سینەمایی یان (مانکۆن)ێکی بیانی بووبێ. چەند جاران بە پێشی دەکەوتم و خۆم بە پاش دەداتەوە بەڵام جوانیەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام.

دەستم لە گیرفانەکانم ڕاکردەوە تا دڵنیا بم پارەکانم ماون، ٢٧٠ لیرەو بڕی وردەم لە گیرفان بوو، قاچەکانی ئەو ژنە جوانترین قاچ بوون ، کە من تا ئەو ڕۆژە دیتبێتم.

ماسی لە ٥٠٠ لیرە ، بەڵام من لە ٢٧٠ لیرە زێترم نییە.

یانی چی ؟ واتا ڕۆژی ١٦ لیرە و بڕێ وردە؟

زۆر باشە .. ئەو پێڵاوانەی خانم لە پێی کردووە، بەڵام چ پێیەك ...

بەڵێ من ٢٧٠ لیرەم هەیە. کەوابێ دەتوانم ئاپارتمانەکە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ و ٢ سەعات بەکرێ بگرم، مانگانەکەم تەنها بەشی مانەوەم دەکات لەو ئاپارتمانەدا بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ و ٢ سەعات...

خانمە جوانەکە گەیشتە جادەکە. بە چەند هەنگاوێك خۆم گەیاندێ و لەلای شانی ڕاستمەوە بە نێو نیگایەك سەیرم کرد. بەڕاستی سەرنج ڕاکێش و بێ هاوتا بوو ...

ئەگەر لەو چێشتخانەی، کە شاتۆبریانم بۆ ئامادە دەکەن خۆم بە ١٥ لیرە تێر بکەم ، بە دوو جاران ٣٠ لیرەم دەچێت.

ئەو ژنە جوانە ماڵوێرانە چ جوان بوو ، دوو دەست کێشی زەرد و قژی زێڕینی تاوتاوی... کە وابێ من نۆ ڕۆژان دەتوانم لەو چێشتخانەیە نان بخۆم ، چونکە ٢٧٠ لیرەو بڕێ وردەیشم هەیە ..

شۆڕەژنەکە چووە کۆڵانێکەوە،ئەمجارەیان لەلای شانی چەپمەوە سەیرم کرد، ئەو چاوانەی چەند جوان بوون...ئەو لە پێشمەوە دەڕۆیشت و من لە دواوە ... هەندە جاران ئەمن بە پێش دەکەوتم ... کاك ڕەزا تەنها بۆ شایی و گۆڤەندەکەی ٥٠ هەزار لیرەی تێ چووە... سەیرە ئەم ژنە جوانە چتۆ

کەمەری باریکی هەیە .. ئەوە من ئەگەر ژن بێنم ... (٢٧٠) لیرەم هەیە .. ژنە جوانەکە بە تالووکە بەرەو ژوور دەبۆوە، قۆڵ و باسکی چەند جوانە. باران دەستی پێکرد.. شۆڕەژنەکە چەترەکەی هەڵکردو .. دیسان گەیشتەوە جادەیەکی دی ...ئەگەر بۆم بکرێ شایی و گۆڤەندێکی نۆ سەعاتی بەرپا بکەم بە ٢٧٠ لیرە و بڕێ وردە، چەند سەعاتی پێدەچێ؟..کاك ڕەزای بەستەزمان بۆ هەر سەعاتێکی شاییەکەی ٥٥٥ لیرە بڕێ وردەی چووە. جا ئەگەر وابێ من تەنها ٣٥ دەقیقە شاییەکەم پێ ساز دەدرێ.

زۆر باشە... من ٢٧٠ لیرە و بڕی وردەم هەیە.. ژنە جوانەکە ماوەیێ وەستا .. جوان جوان سەیری کردم و خۆی هەڵکوتایە باخێکی گشتییەوە. بەرگدرووە ناودارەکە کەمترین پارەیەك بۆ جل دروویین ٤٠٠ لیرەی داوا دەکرد.. ژنێکی تا بڵێی دڵگیرە، ڕەنگە ئەویش هەر هونەرمەندو چاودێر و (مانکۆن)ی بیانی بێ.. ئەگەر قاتێك بە ٤٠٠ لیرە بکەم، پارەکەم لێی دەبڕێ و بەش ناکات ، ڕەنگە چاکەتەکە دوو قۆڵی یان پشتەکەی لەگەڵدا نەبێت و چونکێ لە ٢٧٠ لیرە زێترم نییە.

شۆڕە ژنەکە لە باغەکە هاتە دەرەوەو بە قاڵدرمەکانی ئێستگەی ترامواییدا سەرکەوت. ئۆهـ.. ژنێکی چەند جوانە،ئەو بەرو سنگەی.. ئەو سنگەپڕ و بەرزەی.. بە کۆلانێکی دەستە چەپدا شۆڕ بۆوە.. ئەو کۆلانە زۆر تاریك بوو و بە چاکی دەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم.

شۆڕەژنەکە لە ناوەڕاستی کۆلانەکەدا وەستا وەك بڵێی کەوشەکانی پاژنەی پێی بگرێ.. هەقی دکتۆری نەفسی ٣٠ لیرە بوو،شۆخەژنەکە گەڕایەوە. رەنگە شتێکی بیر چووبێ، بەرەو ئەو پەیکەرەی کە لە مەیدانی

شتە سەیرەکانەوە دانرابوو،گەڕایەوە. من نۆ جار دەتوانم سەر لە دکتۆری نەفسی بدەم و خۆمی پیشان بدەم، زۆر باشە ئەگەر لە باتی ٢٧٠ لیرە ٢٥٥ لیرەم هەبووایە ٨ جاران و نیو دەمتوانی خۆمی پێ نیشان بدەم و لە نیوەکەی دیش ڕزگار دەبووم. شۆڕەژنەکە ئەو جارە بەرەو کۆڵانێکی دەستە ڕاست ملی نا، بەڵام شۆخە ژنەکە... نەخێر ... ئەو مێوانخانە گەورەیە.. شۆڕەژنەکە ئاوڕێکی دواوەی دایەوە.

کام مێوانخانەی شەوی بە ٥٠ لیرەیە،دەتوانم ٥ شەوی لێ بمێنمەوەو ٢٠ لیرەیشم بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام ٥ شەو زۆرە،ئەوەی دی دوو سێ شەوان دەیدەمە شاگردەکە ، من ٢٧٠ لیرە و بڕی وردەی خۆم هەیە.

شۆڕەژنەکە وەستا .. ئیدی نەجووڵایەوە. منیش وەستام ، ژنە جوانەکە بەرەولام هات. هات هات هاتە بەردەمم، سەیرێکیم کرد،و ئینجا بە نارەحەتییەوە وتی :

– کوڕی باش دە شتێ بڵێ.

منیش نەمدەزانی چ بڵێم، نقەم نەکرد.

– ها .. چییە لاڵی ؟

کەوابێ قاتێکی بێ قۆڵم بۆ دەدرووێ .. هەشت جار و نیویش دەتوانم خۆم نیشانی دکتۆری نەفسی بدەم.

ژنە وتی :

– بێزاربووم بە دەستتەوە دە شتێ بڵێ.

ڕوانیمەوە پارەکانم زانیم، کە دەتوانم پێنج شەو و چەند سەعاتێك لە میوانخانەکەدا بمێنمەوە.

– ئەوە تۆ کەڕی ؟

باران توند دایکرد. دڵۆپە گەورەکانی باران لەسەر گڵۆپەکانی کۆڵانەکە جوانتر بەرچاو دەکەوتن. سەگێك لە پەنایەکەوە دەرپەڕی.. لە کاتێکا حەپە حەپی بوو هاتە تەنیشتمانەوە. بە هاتنی ئەو بووین بە سێ نەفەر! .. شۆڕە ژنەکە وتی:

– نەکەی ها شێت دەبی ؟

سەگەکە کەوتە گەرم کردنەوەی دەمی، منیش بە پارەکەم دەستم بە شایی و گۆڤەندێکی ٣٥ دەقیقەیی یان ٩ جار خواردنی شاتۆبریانی ئەو چێشتخانەیە کرد بوو، هەتا دەمتوانی ١٦ ڕۆژ و هەندێك ئەو ئاپارتمانە بەکرێ بگرم و هەر کارێ، کە دڵم بخوازێ بیکەم.

شۆڕەژنەکە:

– ئەی کەوابێ ٢ سەعاتە بۆچی وا تاقیبم دەکەیت ؟ منیش لای خۆمەوە دڵم خۆش کرد بوو ، کە ئەمشەو مشتەرییەکی چەورم دۆزیوەتەوە.

باران توندتر دایکرد، سەیرێکی گیرفانەکانم کردەوە، شۆڕەژنەکە بە تووڕەییەوە تفێکی تێکردم و لە چاو نووقانێکدا لە کۆڵانەکە سووڕایەوەو گوم بوو.

سەگەکە ماوەییێك بەدوای ژنەکەدا ڕۆیشت، بەڵام وەك بڵێی ماندوو بووبێ لە ژێر ڕووناکی گڵۆپێکەوە وەستا و قاچەکانی بەرزکردەوە.

منیش تەماشای گیرفانەکانم کردەوە دڵنیا بووم لەوەی ٢٧٠ لیرە و بڕە وردەکەم هەر پێماوە.

هەواڵنامەی کتێب

# زەوقی خەڵکی گەڕەکەکەمان

کەس بەقەد خەڵکی گەڕەکەکەی ئێمە حەز لە هەڵبژاردن ناکات. خەڵکی گەڕەکەکەمان حەز دەکەن لە باتی چوار ساڵ جارێك ، هەموو ڕۆژێ جارەکێ ئینتیخابات هەبێ. وا تێنەگەن ئێمەش نوێنەری خۆمان هەبێ !! یان بیر لەوە بکەینەوە بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە کارێکمان بۆ جێ بەجێ بکەن؟

نەخێر، ئەم شتانە نییە، خەڵکی گەڕەکەکەمان هیچ کاتێك بیر لە شتی واناکەنەوە. ڕەنگە خەیاڵت بۆ ئەوە بچێت ، کە هەڵبژاردن سوودی ئێمەی تیا بێ و بەهۆیەوە پارەو پوولمان دەست کەوێت!؟ شتی وانییە.. خەڵکی گەڕەکەکەمان ئەهلی هەق و حسێب و جددیات نین . تا ئێستا ڕووی هیچ یەکێ لە نوێنەرەکانمان نەبینیوە جا نەخوازەڵلا ئێمە بە بنیادەم بژمێرن و هەق و حسێبمان لەگەڵدا بکەن.

ڕاستییەکەی نوێنەرەکانیش زۆر گوناهیان نییەو بارودۆخی کۆڵانەکەی ئێمە بە شێوەیەکە، کە نەتوانن تەشریفیان بێنن! نەوەکو ترومبێلە

لۆکسەکانی وان تەنانەت لۆریە بارهەڵگرەکانیش بە زەحمەت دەتوانن لەنێو شەڕەشەق و چەپۆکی خەڵکی کۆڵانەکەی ئێمەدا سەلامەت دەرچن.

لە شارە گەورەکانیشدا جاددەیەکی وەك جادەکەی ئێمەی تیا نییە ، چی بکەین ؟ کۆڵانەکەمان وا ئەوهایە. ئێمە خۆیشمان زۆری لێ ناڕازی نین! چونکە ئەگەر دۆخی جادەکەمان لەوە چاکتر بووایە لەگەڵ خاتوو و ژیانی ئێمەمانان ڕێك دەرنەدەچوو.

ماوەیەکە ئێمە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ڕاهاتووین، هیچ ئارەزوویەکیشمان نییە تەنها ئەوە نەبێ،کە هەڵبژاردن هەموو ڕۆژێ جارێك یان هەر هیچ نەبێ هەفتەی جارێك ڕێك بخرێت!

لەوانەیە ئێوە بڵێن خەڵکی شەقامەکەتان شێتن،بەڵام ڕاست نییە،خەڵکی کۆڵانەکەمان تا ئەو پەڕیەکەی بەدکارن،بە بەقاڵ و بە گۆشت فرۆش و بە نانەواتەوە. جاریَ کرێی خانوو ئەوە هەر لە حسێب نایێ. کەم خێزان هەیە کرێی خانووەکەی سەرەمانگ بدات ، یانی نیانە بیدەن، بۆیە هەموو شەوێ لە کۆڵانەکەماندا خاوەن خانوو و کرێچییەکان شەڕو هەرایانە. هەموو ڕۆژێ بە لانی کەمەوە سێ سەد چوار سەد کەس کەلوپەلیماڵەوەیان بە شان داداوەو ماڵەو ماڵ دەکەن و بەدوای ژووری چۆڵ دادەگەڕێن.

خەڵکی گەڕەکەمان لەگەڵ قوقەی کەڵەشێر وە ئاگادێن و تا نیوەڕۆ لەگەڵ یەك مقومقۆیانە کێ دەبێ بیداتە کێ و کێ دەبێ بیکا .

لە بەیانییەوە تا عەسر دایکان منداڵەکانیان دارکاری دەکەن، دەڵێن شەڕی نێوان دەوڵەتان تەواو بووە، بەڵام لە کۆڵانەکەی ئێمەدا هیچ کاتێ شەڕ تەواو

نابیّ، کە پیاوان خەریکی کارو کاسبین ژنان قرەوگاڵەیانە، ئێواران، کە پیاوەکان لە ئیش دەگەڕێنەوە ئەوجا شەڕی ژن و مێردان دەست پێدەکات .

چۆن لەو شەڕو هەرایە تێدەگەن؟! هەندێکیان لەسەر کەم و زۆری تەمەنیانە، هەندێکی دیکەیان لەسەر ئەوەیە، کە بۆچی هەڵبژاردن چوار ساڵ جارێکە!

بێگومان زۆر حەزدەکەن بزانن ئێمە بۆچی وا شەیدای هەڵبژاردنین و حەز دەکەین هەموو ڕۆژێ جارێك دووبارەبکرێتەوە! هۆیەکەی ئەوەیە، کە سەرتاسەری کۆڵانەکەمان سێ چوار ئەستوونی لێیە. ئەڵبەتە ئەوانیش چ گڵۆپ و شتیان بە سەرەوە نەماوە تا دابگیرسێندرێن، تەنیا ئەوە نەبێ شتێکی چاکە بۆ گەمەی مندالاَن. لە بەیانییەوە تا عەسر چل پەنجا مندالٚ لە بن ئەو ئەستوونانە کۆدەبنەوە بە نۆرە بەسەر ئەستوونەکاندا هەڵدەگەڕێن و دادەبەزن. ڕۆژ نییە دە پازدەکیان سەریان نەشکێ، دەست و پێیان لەگەلٚ نەچێت، ئێمەیش نازانین ، پیرەمێردە بەسالاَچووەکان، کە ئاخرو ئۆخریانە و لەسەرەمەرگدان دەڵێن:( لە سەردەمی مەشرووتەوە شاریان ڕوناك کردەوەو ئەو ئەستوونانەیشیان لە کۆلاَنەکەی ئێمە داچەقاندو تەنیا هەفتەیەك ڕۆشن بوون).

چەند جارێکی دیش، کە هەڵبژاردن دەستی پێدەکرد، کرێکارانی شارەوانی بە پەلە گڵۆپەکانیان تێدەخستەوەو دوو سێ ڕۆژان گڵۆپەکان دادەگیرسان بەلاَم بۆ بەیانی ڕۆژی هەڵبژاردن گڵۆپەکانیان لێدەکردەوەو دەیانبردنەوە، ئێستا تێگەیشتن بۆچی خەڵکی گەڕەکەکەمان ئەوەندە حەز بە هەڵبژاردن دەکەن؟!، چونکە تەنها ئەو ڕۆژانە گڵۆپەکانی کۆلاَنەکەمان دادەگیرسێن.

هەواڵنامەی کتێب

# هەموو بە ڕووخساری مرۆڤ بڕیار دەدەن

بنیادەم بۆ ئەوەی لێدان بخوا بەڵگە و بەهانەی زۆری بۆ دەبیننەوە .. یەکێ بە هۆی ئەوەی زۆر لاوازەو یەکێ بەهۆی ئەوەی زۆر قەڵەوە و وەبەر ڕەحمەتی دار دەکەوێت. من لە ماوەی بیست و چوار ساڵاندا دوو جاران لێدانم خواردووە، جاری هەوەڵی لەبەر لاوازیم بوو و جاری دووەم لەبەر قەڵەویم بوو! باوەڕ بکەن بێجگە لەم دوو شتە هیچ کەم و کورتییەکی دیم نەبووە.

لێدانی هەوەڵم لە ناو شەمەندەفەردا خواردووە !لە ئەنقەرە هیچ ئومێدێکم بەوە نەما بوو ئیشم دەست بکەوێ ، چونکە سەرتاسەری هاوین هەموو ڕۆژێ ئەو شارەم سەراوبن دەکرد، سەرم بە هوو جێیەکدا دەکرد دەموت هەر کارێکی بچووکیشم دەست بکەوێ هەر نانەڕەقەیەکی تێدابێ قەت هیچ ئیشەکم بە دەست نەکەوت.

لە ئەنجامی ئەو هەموو هاتوچوونە و ماندوویەتی شەوانەو بە برسیەتی نووستنەدا ڕۆژ بە ڕۆژ گۆشتم بەردەداو هەر پێست و ئێسقانەکانم مابۆوە،

هێندەی لێمابوو، بەژن و باڵام دەتوت ئەو پەیکەرانەیە، کە لە پۆلەکانی نەشتەرگەری زانکۆکاندا دایان دەنێن، بۆیە بڕیارمدا ڕوو لە ئەستەموول بکەم ، وتم دایك و باوکم لە ئەستەمبووڵێ دەژین هەر هیچ نەبێ لەوێ دەتوانم قاپە چێشتێك بخۆم.

نابەجێیی ئیشەکە لەوەدابوو، کە پارەی شەمەندەفەریشم نەبوو پێی بچمە ئەستەمووڵ..یەکێ لە برادەرەکانی باوکم ئەو خۆشەویستییەی دەرهەق نواندم بلیتێکی نمرە سێی شەمەندەفەری بۆ کڕیم و لە وەختی جووڵەی شەمەندەفەریشدا هەندێ پارەی بۆ خەرجی ڕێگا خستە گیرفانمەوە.

کە سواری شەمەندەفەر بووم، بیست و چوار سەعات بوو تامی زادم نەکردبوو، چی وای نەمابوو لە برسان لە هۆش خۆم بچم،کە شەمەندەفەرەکە بەڕێ کەوت بەرەو چێشتخانەکەی چووم،بەڵکو چایەك و پارووێ نان بخۆم ، بەڵام سەیرم کرد چێشتخانەکە داخراوە، دەربارەی داخستنی چێشتخانەکە لە گەشتیارەکانی ڕاڕاوەکەم پرسی، وتیان:

– لەبەر مانگی پیرۆزی ڕەمەزان داخراوە.

من تا ئەو کاتە ئاگام لەوە نەبوو مانگی ڕەمەزانە! نازانم لەبەر برسیەتی بوو یان لە بەدبەختی بوو، بێئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێ وتم:

– ئەم گاڵتەجاڕییە چییە؟!

ئەوانەی گوێیان لە قسەکەم بوو بە ڕووگرژی و نەفرەتەوە دەستیان بە قڕەقڕ کرد:

– خۆ نەمردووی، نەختێ ئارامت بێ.

– وەختێ فتارێ چێشتخانەکە دەکرێتەوە.

– خۆ لە برسان نەمردووی؟ هەی گەوجە.

کەس ئاگای لە حاڵی من نەبوو..بەرۆژووەکان بێ گومان بەرەبەیان نانیان خواردبوو دەیانتوانی هەتا فتاریێ خۆیان ڕابگرن، بەڵام منی بێچارە ٢٤ سەعات بوو زاد بەر دەمم نەکەوتبوو چۆن دەمتوانی خۆم ڕابگرم؟

ژمارەی خەڵکەکە بەرە بەرە زیادی دەکرد، منیش هەر لە خۆمەوە دەستم بە قرەقڕ کرد :

– ئاخر باشە لە چ شوێنێکی دنیادا چێشتخانەی شەمەندەفەر داخراوە؟! لەنێو ئەو هەموو گەڕیدە هەمەجۆر نژادو هەمەجۆر دینەدا..جوولەکە، کلیمی، ئەرمەنییەدا وتم:ن٨

– ئاخر ئێمە ئێستا لە سەفەرین لە یاسای ئیسلامیشدا پیاوی سەفەریی ڕۆژووی لەسەر نییە.

ئەوانەی بە ڕق و کینەوە تێیان دەڕوانیم و ددانیان لێ جیڕ دەکردمەوە، بینیتم دۆخەکە باش نییە،یەکسەر خۆم گرت و کشامەوەو لە گۆشەیەکدا بەکزیی چاوەڕێی کاتی فتارێم دەکرد.. بۆرژا بووم، کاتێك لە دەنگە دەنگی خەڵکەکە بەخەبەر هاتم و چاوم هەلێنا، چاوم بە چی کەوتبێ باشە؟ یەکێ لە گەشتیارەکان دەستی ناوەتە بن گوێیەوە و بانگ دەدات .. تێگەیشتم وەختی فتارێیە.. زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام تا من تەکانمدا و لەجێی خۆم قیت بوومەوە بەرەو چێشتخانە بچم کەوتمە بن دەست و پێی شاڵاوی ئەو هەموو ژن و زەلامەی ڕوویان لە چێشتخانەکە دەکرد، لە برسانا نەمدەتوانی بجووڵێمەوە و خۆم لە بن دەست و پێی خەڵکەکە قورتار بکەم.

کە هەموویان لە چێشتخانە هاتنەدەرەوە،چێشتخانە هیچی تیا نەمابوو بتوانم بەو پارەیەی هەیە سکم تێر بکەم.. ناچار دوو پرتەقاڵم کڕی و بە تەنیشت پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە خەریکی پاك کردنیان بووم، هێشتا پرتەقاڵەکەم بۆ دەمم نەبردبوو ئاگام لێبوو دیسان هەندێکیان قرەقرپیان بوو.

هەوەڵجار گوێم پێنەدان، بەڵام بەرە بەرە دەنگیان بەرزتر دەبۆوە:

– ئەو سەگبابە لە بیانییە بێ دینەکانە.

– خۆ دیارە. لە بەیانییەوە هەرایەتی و دەڵێ ئەو چێشتخانە بۆ داخراوە. ئێستاکەش چێشتخانەکە کراوەتەوە جارێ نانی نەخواردووە خەریکی پرتەقاڵ پاك کردنە.

نەمدەزانی چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە بدەمەوە. ناچار بێ دەنگ بووم. بێ ئەوەی بە ڕووی خۆمدا بێنم دەستم بە پرتەقاڵ خواردنێ کرد، لەو کاتەدا کابرایەکی کەتە هاتە پێشەوەو چاوی لەناو چاوی نام و وتی:

– هۆی، مامە ئەتۆ ئەو هەرایەت بوو لەسەر ئەوەی چێشتخانە داخراوە ئەدی بۆ نارۆیت نان بخۆیت.

– پارەم نییە.

– وتت چی؟ پارەت نییە، ئێ کابرا یەکێ پارەی نەبێ چۆن ئەوەندە سوورە لەسەر ئەوەی چێشتخانەکە بکرێتەوە ئەوانی دیش دەنگی خۆیان دایە پاڵ ئەو :

– سەگبابی دەبەنگ ، خۆت گێل دەکەیت؟! وا دەزانی ئێمە دەوروبەری خۆمان ناناسین؟ ئێوە هەمووتان جاسووسن، بەرامبەر بە وڵات ناپاکن.

یەکێ لە گەشتیارەکان، کە بالآیەکی ڕێك و جلوبەرگێکی جوانی پۆشی بوو، هاتە پێشەوەو پرسی:

– تۆ بۆچی ئەوەندە لاوازی؟!

– پێویست بە بۆچی ناکات ، ئەوە لاوازم و تەواو.

– ها ها ها.. ئەم برادەرە دەڵێ لاوازم! سەیری ئەم خەڵکە بکە کەس وەك تۆ ئاوا لاواز نییە ؟

– ماوەیەك بێ کاربووم و خواردنی باشم نەخواردووە بۆیە لاوازم، ئەها، لەبەر ئەوەیە، چونکە لە وڵات ئیش نییە بۆیە.

یەکێك لە پشت ئەوەوە ڕاوەستا بوو قسەکەی پێ بڕی و وتی :

– برادەران، ئەوە خوو و ڕەوشتیانە، خۆیان خواردن ناخۆن و خۆیان لاواز دەکەن تا دژی وڵات بانگەشە بکەن و بڵێن لە وڵات ئیش دەست ناکەوێ ، یەکێکیانم بینی خۆی بە دەستی خۆی ئازاری خۆی دەدا ..

ئەو ئەڵقەیەی بەدەورمدا دروستیان کردبوو هێدی هێدی تەنگتر دەبۆوە کابرای چوار شانە هاواریکرد:

– یاڵلآ پێم بڵێ بزانم بۆچی وا لاواز بووی؟!

تەماشام کرد هەرچەند سوێندیان بۆ بخۆم و بمەوێ بۆیان بسەلەمێنم لەبەر بێکارییە و برسیەتی ڕۆژم بەم ڕۆژە گەیشتووە سوودی نییە، وتم :

– وەڵلآ نازانم، هەر چییەك دەخۆم قەڵەو نابم لەشم ئیدی هەر خۆی وا هەڵکەوتووە .

– کوڕە کەرە! بۆچی لەشولاری خەڵکی دی وا هەڵنەکەوتووە تەنیا هی تۆ وایە ، ڕاستیەکەمان پێبڵێ.

نەمدەزانی چی بڵێم،ناچار بێدەنگ بووم،یەکسەر ئەو برادەرە زللەیەکی خێواندە بناگوێم، ئەوانی دیش وەك بڵێی چاوەڕێی شتێکی وایان دەکرد یەکسەر بە لەقە و شەق و زللە تێم بەربوون.

– دەی .. لێیدەن ، ها .. لێیدەن.

سەروپۆتەلاکیان کوتیمەوە،برسیەتی لەلایەك و ئازاری مست و پێلاقەکانیش لەلایەکی دییەوە، ئیتر بۆ خۆم بوورامەوەو کاتێ چاوم هەڵێنا لە (زیندانی کاتی) بووم.

کۆمەڵێ خەڵك لە پشت دەرگاوە لە پاسەوانەکە دەپاڕانەوە دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە تا بە چاکی من ببینن .. وەك بڵێی ئاژەڵێکی دڕندەیان لە جەنگەڵ گرتووەو خستوویانەتە قەفەسەوە!!هەرچەند بیرم دەکردەوە نەمدەزانی گوناهم چییەو بۆچی ئیشم کەوتۆتە پۆلیسخانەوەو بۆچی ئەو خەڵکە دەیانەوێ بە چاکی من ببینن .. وەك بڵێی دڕندەیەکیان لە جەنگەڵ گرتووەو لە قەفەسییان کردووە!!

هەر چەند بیرم دەکردەوە نەمدەزانی گوناهم چییە بۆچی سەروکارم بۆ پۆلیسخانە کەوتووەو بۆچی ئەم خەڵکە سوورن لەسەر ئەوەی من ببینن!!

دواجار،دوای ماوەیەك بەبێ هیچ شتێك دەرگای زیندان کرایەوەو دوو پاسەوان منیان بەرەو ژوورەکانی سەرەوە بۆ پێش پشکنەر برد، پشکنەر دوای ئەوەی ماوەیەك لە بەژن و بالآم ڕاما ، پرسی:

– بۆچی بانگەشەی چەپڕەویی دەکەیت؟!

– من هەر نازانم چەپڕەویی چییە؟!

خۆی لە ڕاستیشدا هەروابوو تا ئەو ڕۆژە من لە مانای ئەو وشانە تێنەدەگەیشتم..

پشکنەر وتی:

– سەرتاسەری تۆ شایەدی دەدات، کە چەپڕەو بیت!

قسەی خەڵکەکەی نێو شەمەندەفەرم بیرکەوتەوە.. لاواز بوونم..بێ پارەییم..بێکاریم. جۆری چێشت خواردنم، هەموو ئەمانە بەڵگەی ڕازی بوونی بنیادەمە!.. بەم هەموو بەڵگەپتەوانەوە نەمدەزانی وەڵامی چی پشکنەر بدەمەوە، بەو جۆرە بێدەنگ بووم و جوان جوان تێی ڕامام.

پاش ئەنجامی لێپرسینەوە، کە ئاشکرا بوو ڕەوانەی زیندانیان کردم .. کە چوومە زیندانەوە دەتوت پێم خستە بەهەشتەوە!.. لەوێ هەر هیچ نەبێ جێگایەکی حەسانەوەم هەبوو و سێ ژەم خواردن و چوار پێنج پیاڵەچای چاکم پێدەگەیشت.

بە کورتی،ئەو چەند مانگەی لە زیندانم بەسەر برد بە بەشێك لە باشترین ڕۆژانی ژیانم دەژمێردرێت.. بەهۆی خواردن و خەوتن و خۆشگوزەرانیم (ئاهێکم بەبەردا هاتەوە)و ئەوەندە قەڵەو بووم، کە هەتا ڕۆژێك بۆ چاککردنی سەرم لەبەردەم ئاوێنەی سەرتاش دانیشتم خۆم نەناسیەوە!!

بەرغەبابەم وەك قەڵەموونی نێر شۆڕ ببۆوەو ببوومە خاوەنی دوو چەناگە ..

حەیف، کە ماوەی زیندانییەکەم زۆر زوو بەسەرچوو! دادگا کە هیچ جۆرە بەڵگەییێکی لەسەر من نەدۆزیبووەوە پاکانەیان بۆ کردم و لە زیندان مەرەخەس بووم. لە دەوری زیندانییەکەم دوو یادگاری گەورەم بۆ ماوەتەوە یەکێکیان ئەوە بوو ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ قەڵەو دەبووم و دووەمیان ئەوە بوو کە

لەو ماوەیەدا لە حەپسی ئینفیرادی ڕێگای چاکی ژیان بەسەربردن فێربووم و زانیم بنیادەم دەبێ بە چ ڕێگایەکدا بڕوات تا ژیانی مسۆگەر بێت! ناچار نەبێت وەك ڕۆژگاری ڕابردووی من دوو ڕۆژ بە برسیەتی بخەوێت..

لەو ڕۆژەوەی کە لە شەمەندەفەری ئەنقەرە بەهۆی لاوازی لێدانم خوارد بیست ساڵ تێدەپەڕێت. لەو ماوەیەدا بەرەبەرە قەڵەو دەبووم، کێشم گەیشتبووە ١٢٤ کیلۆ و ئیش و کارم خراپ نەبوو و لە مانای چەپڕەویش تێگەیشتبووم ، بەڵام هێشتا ئەو لێدانەی نێو شەمەندەفەرم لەبیر نەچووبۆوە .. گەشتیار زۆر بوون و گشت کورسییەکانیان گرتبوو، من نەمتوانی بلیتم دەست بکەوێ ، بە خۆمم وت :

– چارە چییە.. بەبێ بلیت سوار دەبم ئەگەر گیرام سزاکەی دەدەم، ئەوەشم کرد، چونکە جێگەم نەبوو ناچار بووم لە ڕاڕاوەی شەمەندەفەر و لە کەنار پەنجەرەکان ڕابوەستم .

ئەم کارە دوو ڕواڵەتی گەورەی هەبوو، یەکەم ئەوەی کە لەبەردەم هەر لۆجێك لە لۆجەکانی واگوانێك دەوەستام، گەڕیدەکان زیاتر ژن و منداڵ و خێزان بوون، وایان دەزانی من دەمەوێ چاوبازی بکەم، بۆیە نارەحەت دەبوون. دووەم: لەبەر ئەوەی زۆر قەڵەو بووم گەڕیدەکان، بە تایبەتی خانمەکان کە دەیانویست بە پێشمدا ڕەت بن بە زەحمەت دەیانتوانی. بەرەبەرە سەرو سەدای گەڕیدەکان و قرەقرِ دەستی پێ کرد.

یەکسەر لێدانەکەی بیست ساڵ لەمەبەرم بیر کەوتەوە..بەڵام چار نەبوو ، نەمتوانی لە شەمەندەفەرەکە، کە بە خێرایی دەڕۆیشت، دابەزم نە جێگەشم هەبوو بچم لە جێگەکەم دانیشم..لەو بیرکردنەوانەدا بووم، کابرایەکی لاوازو

مردۆخ کە بەژن و باڵای دەتوت ئەو پەیکەرانەیە، کە لە پۆلەکانی نەشتەرگەری زانکۆکان دایاننناون، هاتە پێشمەوەو لە کاتێکدا بە پەنجە هێسکەکەیەوە قیچە گۆشتەکی بەرغەبابەی منی دەگرت ، هاواری کرد :

– ئێوە دەوڵەمەندەکان ، شەرم لە خۆتان ناکەن.

هەتا تەکانمدا وەڵامی بدەمەوە، کە جگە لەو هەیکەلە ناڕێکەم لە دنیادا زیاتر شتێکی دیم نییە، بارانی مست و پێلاقەم بەسەردا باری .. کە چاوم کردەوە، خۆم لە خەستەخانە دیتەوەو لە ئازاری زۆری هەموو گیانم تێگەیشتم ، کە دەبێ ماوەیەك لە خەستەخانەدا بمێنمەوە دکتۆری چارەساز لەو بڕوایەدایە بۆ تەواو تیمارکردنی من دەبێ کێشم تا ڕادەیەکی زۆر بێتە خوارەوە، لەشم ئەو گۆشتەی پێوەنەمێنێ .. ئەو مەسەلەشیان خستۆتە سەر ئارەزووی خۆم، بەڵام هەر چەند بیردەکەمەوە ناتوانم بڕیار بدەم ، ئاخر خێرم لە هیچیان نەبینیوە، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا هەموو بە ڕووخساری مرۆڤ فەرمان دەدەن.

هەواڵنامەی کتێب

# تۆ جارێ تێناگەی

دەڵێی:یەکێك کچی ببێ بەدبەختییە یا خۆشبەختیە؟،بەڵام من ناتوانم وەڵامێکی ڕاست و ڕەوانت بدەمەوە،چونکە هەتا ئێستا بیرم لەم مەسەلەیە نەکردۆتەوە. هەمان پرسیارم لە باوکم کرد. باوکم دوای کۆبوونەوەیەکی درێژخایەن دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا و ناوهێنانی چەند ژنێکی بەناوبانگی دنیا، لێدوانە دووردرێژەکەی خۆی کۆتایی پێ هێنا، ئینجا وتم:

– بابەگیان تۆ ئەوەندە باسی چاکەو خووڕەوشتی ژنانت کرد، خۆت ئامادەی ببی بە ژن؟!

باوکم دەنگی لێهەڵبڕی و وتی:

– ئەم پرسیارە چییە لە منی دەکەی چۆن ئەوەت بە بیردا هات؟ بەڵام ، کە هەمان پرسیارم لە دایکم کرد : باشە حەز دەکەی ببی بە پیاو ؟ تەنها چەند ئاهێکی ساردی بۆ هەڵکێشام.

دوێنێ مامۆستاکەمان هەمووومانی بۆ تەماشاکردنی مۆزەخانە برد ، لە ڕێگادا هەمان پرسیارم لە مامۆستاکەمان پرسی، مامۆستاکەمان بە پێکەنینەوە وتی:

– ئەم پرسیارەت لە کوێ هێناوە؟

ئەو کاتە بەشێوەیەکی کورت، کە خۆم دەمزانی وەڵامم دایەوە.

مامۆستاکەمان دوای بیستنی قسەکانی من وتی:

– ئەم بابەتانە هی تۆ نییە، تۆ جارێ منداڵی! ...

ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە خراپترین وەڵامدانەوەیەك بوو و بە جارێ بێزاری کردم. بیرم کەوتەوە چەند شەوێك لەمەوپێش براکەم بەرامبەر بە پرسیارێکم وتی:

– تۆ جارێ لەم شتانە تێ ناگەی.

براکەم، کە زۆر نارەحەت ببوو وتی:

– بابەگیان تۆ بۆم باس بکە بەڵێن بێ لێیتێبگەم!..

ئێستایش باوکم کە ئەو قسەیەی براکەمی بیر دەکەوێتەوە پێکەنین دەیگرێ!..

بەبەردەوامی پرسیارم لەخۆم کردەوە:

– باشە بۆچی حسێب بۆ ئێمەمانان ناکەن و پێمان دەڵێن تێ ناگەن و بە ڕاستی وەڵاممان نادەنەوەو یارمەتیمان نادەن تا چاکتر و ڕوونتر تێبگەین؟

ئێستا باش گوێبگرە بەو بەسەرهاتەی مانگێك لەمەوپێش بەسەر براکەم هات بۆت بگێڕمەوە:

باش لە بیرمە، ئەو ڕۆژە دایکم دەستی برا گچکەکەمی گرت و چووە ماڵی دەستە خوشکێکی خۆی. دیارە چەند ژنێکی ڕەفیقی دایکیشم لەوێ بوونە و ژنەکیان تیا بووە سکی هەبووەو نەیویستووە منالێکی جوانکیلە بێنێتە دنیاوە، ئیدی لەم بارەیەوە لە نێواندا خۆیان قسەیان کردووەو هەریەکەو دەربارەی لەباربردنی منداڵەکە ڕێگایان پێ نیشانداوە .

براکەم لەگەڵ ڕەفیقەکانی لە سووچێکی ژوورەکە خەریکی یاریکردن بووە و بە هیچ شێوەیەك ئاگای لە قسەکانی ئەوان نەبووە .

کاتێ ژنەکیان دەڵێ :

– بابە ئەو منداڵە لە ژوورەوەیە نەختێ لەسەرخۆ قسە بکەن ، براکەم بە حەپەساوییەوە تێیان ڕادەمێنێ و لێیان ورد دەبێتەوە ، تا دوایی یەکێ لە ژنەکان دەڵێ :

– بابە قسەی خۆتان بکەن ئەم منداڵە چووزانێ ، لەم شتانە تێناگات !

براکەم زۆر چاك گوێیان لێ دەرگێت بزانێ دەڵێن چی، دوایی براکەم بە منی وت، بەم قسەیەی ئەو خاتوونە چەندە ناڕەحەت بووەو لەبەر خۆیەوە وتویەتی :

( – دەباشە ئێوە باسی بکەن بزانن چەند جوان تێدەگەم ) ژنێکی دیکەیان :

– بابە ئەمە زۆر منداڵە هێشتا لەکوێیەتی و لەم شتانە تێ ناگات.

دوا بەدوای قسەی ئەو ژنە براکەم وا خۆی پیشان دەدات، کە خەریکی گەمەیە،بەلاّم خۆی لە ڕاستیدا هەموو هەست و هۆشی بە لای ژنەکانەوە بووە. براکەم هەموو ئەو شتانەی بیستبوونی بە چاکی تێگەیشتبوو و بۆ

ئەوەی خەڵکی بزانن ، کە ئەو بە چاکی تێدەگات و شت دەزانێ چاوەڕێی هەلێکی دەکرد بۆی بڕەخسێ و ئەم شتەی تیادا بسەلمێنێ !

تا ئەوە بوو چەند شەوێك لەمەوپێش ژن و زەلامێکی زۆرمان میوان بوون ، براکەم ،لە ژنێکیان ،کە زگی هەبوو ، پرسی :

– ببورە خاتوون ، سکت هەیە ؟

هەموویان سەریان لەم پرسیارەی براکەم سوڕما، بەلاّم یەکسەر هەموویان دایانە قاقای پێکەنین ، خاتوونەکە وەلاّمی دایەوە :

– بەڵێ سکم هەیە، دەتەوێ چی بڵێی؟! ..

– حەز دەکەم بزانم دەتەوێ منداڵەکەت ببێ؟

دایکم بە بیستنی ئەم پرسیارە سوورهەڵگەڕا .

– بەڵێ حەزدەکەم بمبێ و تەواو ئیدی وازبێنە.

براکەم بۆ ئەوەی پێیان پیشان بدات، کە هەموو شتێك تێ دەگات و خەڵك بە هەڵە تێگەیشتوون ، پرسی:

– بەڵام من خاتوونێك دەناسم حەزناکات منداڵەکەی ببێت ، پاشان هاتە لای دایکم و پرسی :

– ئەی وانییە دایەگیان؟! ...

دایکم لە خەفەتاندا سوورهەڵگەڕابوو، بەلاّم چونکە دەستی نەدەگەیشتە براکەم و نەیدەتوانی هیچ بکات، پیاوەکان ویستیان باسەکە بگۆڕن، کەچی براکەم فرسەتی دەست کەوتبوو، وتی:

– بەلأم ئەو ژنە نەیدەویست منداڵەکەی ببێ، بۆیە چووبووە لای چەند دکتۆرێك تا لەباری ببەن، بەلأم چونکە لەباربردن قەدەغەیە زۆر بە زەحمەت دکتۆری دەست کەوتبوو، پیاوەکان لە پێکەنینان قرتابوون.

دایکم بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– بەسە ئیتر ... ئەو چەنەبازییەت لە چییە.

براکەم بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەی دایکم ، وتی :

– لەبیرمە ئەو ژنانەی بە میوانی هاتبوون ڕێگەیەکی دییان بە خانمەکە پیشان دەدا .

براکەم هەرچییەکی گوێ لێببوو ڕێك و ڕەوان گێڕایەوەو هەر چەندی دایکم و باوکم هەوڵیان دەدا بابەتەکە بگۆڕن ئەو گوێی پێنەدەدا.

– بەڕای من تۆ نابێ ئاوا بە سك پڕی بمێنیتەوە.

دایکم چیتر ڕێگەی نەدا و وەریگەڕایێ و لە ژووری میوان بردییە دەرەوە.

براکەم بەینەك گریاو وتی:

– من ویستم پێتان بسەلمێنم، کە لە هەموو شتێ دەگەم، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە،کە وا دەزانن لە هیچ ناگەم، زۆر چاك لە هەموو شتێك دەگەم!

کە براکەم بێ دەنگ بوو دایکم هاتەوە لای مێوانەکانمان. خاتوونە سك پڕەکە لە هەموویان زێتر ناڕەحەت ببوو ، بۆیە دایکم وتی :

– منداڵی ئەم زەمانە بە هەموو شتێ دەزانن.

– منداڵی ئەم زەمانە هە!

باوکم ، کە لەو کاتەدا خەیاڵی لای من بوو، وتی:

– یاڵڵا برۆ بخەوە.

من لەگەڵ ئەوەشدا هیچم نەکرد بوو بە ترسەوە خواحافیزیم کرد و چوومە ژووری نووستن، بەڵام لە دڵەوە شادمان بووم کە ئاخیرەکەی براکەم بۆی سەلماندن، کە ئێمە لە هەموو شتێك تێدەگەین. مامۆستای پۆلەکەمان وەك بڵێی ئاگای لێم بێ و بزانێ بیر لەچی دەکەمەوە، وتی:

– زۆر ئاساییە ژنان مافی پێشکەوتووتریان هەیە لە پیاوان. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ژن نرخ و ڕێزی زیاتری هەیەو لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا پیاو نرخ و ڕێزی زیاترە.

لە مامۆستاکەمانم پرسی :

– باشە باری ژنانی لای خۆمان لە چیدایە؟

– تا پێش ڕاگەیاندنی جمهوریەت زۆر دواکەوتوو بووین، بەڵام ئێستاکێ ژنان زۆر لە پێشەوەن!.. دەتوانین بڵێین فەرق و جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نەماوە!

– هەر جیاوازییەکی بچووکیشیان نەماوە؟!

– نەخێر.

– بێ گومان دەبێ شتێ هەر مابێ.

– تەنها ئەوەندە هەیە ژنان ئەنجوومەنێکیان هەیە بەناوی ئەنجوومەنی پاراستنی ژنان، کە پیاوان لەم ڕووەوە دواکەوتوون و ئەنجوومەنێکیان نییە بە ناوی ئەنجومەنی پاراستنی پیاوان.

ئەو ڕۆژە لەو بارەیەوە قسەمان زۆرکرد، تا ئەوە بوو یەکێ لە برادەرەکان نموونەی لەسەر خێزانەکەی خۆیان هێنایەوەو وتی :

– لەماڵەکەماندا هەموو شتێك بە دەست دایکمە.

منداڵەکان بەم قسەیەی ئەم برادەرەمان پێکەنین.

کە ئەو گەڕاینەوە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەك بووم لەناکاو ناونیشانی یانەیەك،کە ژنان تیایدا بە ڕووتی سەمایان دەکرد سەرنجی ڕاکێشام:

– بابەگیان بۆچی پیاوان بە ڕووتی سەما ناکەن.

– تۆ بۆ ئەقڵت نیە ، لەکوێ بینیوتە پیاوان بە ڕووتی سەما بکەن!

– دەزانم ، بەڵام ئەمڕۆ مامۆستاکەمان وتی لە وڵاتەکەماندا هیچ جیاوازییەك لە نێوانی ژن و پیاودا نییە، ئەگەر وایە بۆچی پیاوانیش بە ڕووتی سەما ناکەن؟!

– ژن ژنە و پیاو پیاوە، تەنها جیاوازییەکی بچووکیان هەیە دایکم دەستی لەسەر دروومان هەڵگرت و وتی:

– بچووکی چییە، پیاوان دوو بەتڵی شەو ڕاکشابێ دەتوانن بە جادەکاندا هات و چۆ بکەن، کەچی ژنان هەر تاریك کەوتە عاردی زاتی ئەوە ناکەن لە ماڵ بێنە دەرەوە!

بۆ ئەوەی هەرای باوکم و دایکم کۆتایی پێ بێنم وتم:

– باشە، تێگەیشتم جیاوازی نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، کە ژن دەتوانێ بە ڕووتی سەما بکات، بەڵام کە تاریك کەوتە عاردی ناتوانێت بێتە سەر جادە و پیاو ناتوانێت بە ڕووتی سەما بکات،بەڵام دەتوانێ تا بەرەبەیان بەجادەکاندا بسووڕێتەوە! ..

لەم ڕووەوە ئەگەر پیاوێك بە ڕووتی سەما بكات زۆر خراپە بۆی و ئەگەر ژنێكیش ئەو لە دەرەوە بمێنێتەوە ژنێكی باش نییە، باوكم قسەكەی پێ بڕیم و وتی :

– تۆ جارێ تێ ناگەی !..

دوای نەختێ بێ دەنگی وتی:

– نازانم ئەو چەند ڕۆژەی دوایی دەچێتە كوێ ، تۆ وا ئەو هەموو پرسیارە سەیر و عەنتیكانەم لێ دەكەی؟! ...

هەواڵنامەی كتێب

# نازو نیعمەتی تەقاویتی

– ڕەحیمەفەندی شەش قاوەمان بۆ بێنە.

– بەسەرچاو (بی بابا).

فەخریەخان، کە لە ژوورەوە لەسەر ئامێری چاپ کاری دەکرد وتی:

– سوپاس (بی بابا) من حەزم لە قاوە نییە.

– ئەگەر حەزت لە قاوە نییە ساردی بخۆرەوە.. بزانە ... ڕەحیمە فەندی پێنج فنجان قاوەو ساردییەکمان بۆ بێنە.

جەنابی سەرۆك، کە هەموو پێیان دەوت (بی بابا).

– بەسەرچاو (بی بابا).

پیاوێکی بە ساڵاچوو بوو، شەش فەرمانبەر لەژێر دەستی ئەودا کاریان دەکرد، سی و نۆ ساڵ و یازدە مانگ و هەژدە ڕۆژ خزمەتی هەبوو، تەنها دوازدە ڕۆژی مابوو بۆ نازو نیعمەتی تەقاویتییەکەی. مانگێ پێش ئەوە هەموو بەیانییەك زوو پێنج فنجان قاوەو ساردییەکی بۆ فەرمانبەرەکانی بانگ دەکرد و ئینجا بە گەرم و گوڕییەوە وەك کەسێك، کە باسی ئامانج و

ئارەزووە گەورەکانی بکات باسی بەرنامەی کارەکانی لە دوای تەقاویتییەکەوە بۆ هاوکارەکانی دەکرد. کە شاگردەکە قاوەکانی هێنا، (بی بابا) بەخۆشحاڵییەوە مژێکی لە جگەرەکەیدا، فرێك قاوەی لەگەڵ ساردییەکەدا هەڵقوڕاند و وتی:

– برادەران تەنها دوازدە ڕۆژم لە خزمەت ماوە، ئێوە نازانن گەیشتن بەو نازو نیعمەتە چەند بەلەززەتە.. ئینشاڵڵا هەمووتان بە زوویی دەگەنە ئەو نازو نیعمەتە.

– ئشاڵڵا.

– خۆ گاڵتە نییە چل ساڵ خزمەت بە هاوڕێیەتی و دروستی شتێکی گرانە.

– ئەوجا بە ڕاستی هەروایە.

لۆچێکی گەورە لەسەر نیوچەوانی (بی بابا) بەدەرکەوت، وەك کەسێك خەفەت بۆ یادگارەکانی بخوات، وتی:

– من دەمەوێ وەك باوکێك ئامۆژگارییەکتان بکەم ، ئێوە لە خۆتان گەڕێن ، بەڵام وریابن مناڵەکانتان نەبنە فەرمانبەر لەو وڵاتە. لێ گەڕێن با ببنە شوفێر ، سەرتاش ، ئیشێکی بچووك هەزار جار لەو دانیشتنەی پشت مێز شەریفترە.

لەو کاتەدا دوو کەس بە ئیش هاتنە ژوورەوەو (بی بابا)، کە تاقەت و حەوسەڵەی ئیشی نەمابوو، ناردنی بۆ لای یاریدەدەرەکەی و دووبارە دەستی بە قسەکانی کردەوە:

– خۆزگە ئەم دوازدە ڕۆژە زووتر تەواو دەبوو، هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵدەکێشا. فەرمانبەرێکی گەنج، کە مێزەکەی ڕووبەڕووی مێزی

هەواڵنامەی کتێب

چاپکەرەکەبوو،قسەکانی(بی بابا)ی بەسووك کردنێك زانی بۆ فەرمانبەرەکان، پرسی :

– کە تەقاویت بوویت چ کارێك دەکەی .. مەرجت لەگەڵ دەکەم بەیەك مانگ حەوسەڵەت نامێنێ. (بی بابا) بەو قسەیە زۆر ناڕەحەت بوو، سەری لەقاندەوەو گوتی :

– پەهـ، دەڵێ حەوسەڵەم نامێنێ. بە پێچەوانەوە ئەم کارەی دەوڵەت هێز لە پیاو دەبڕێت، مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی تەمبەڵ و تەوەزەل و بێکار. تۆ بیری لێبکەرەوە من سی و نۆ ساڵ و یازدە مانگ و هەژدە ڕۆژە وەك بەندۆڵی سەعات هەموو ڕۆژێ سبەینان دێمە سەر کارو ڕۆژئاوا دەگەڕێمەوە ماڵ ، جارێ ئەوە هەشت ساڵە من لە پشت ئەم مێزەو لەسەر ئەم کورسییە دادەنیشتم. ئەگەر من پۆڵاش بوومایە لەو ماوەیەدا دەتوامەوە ، فەرمانبەرە گەنجەکە وتی :

– ئەرێ لێم پرسیت: کە تەقاویت بوویت خەریکی چی دەبی؟

– خەریکی چی دەبم ؟

(بی بابا) دەستی بە ژماردنی ئەو کارانە کرد، کە لە دوای تەقاویتییەکەیەوە دەیانکات. هەوەڵەن باغێکم هەیە، بەیانیان قۆڵی لێهەڵدەکەم خەریکی چاندن دەبم .. لە باخچەیەکیاندا تەماتە دەچێنم لە یەکێکی تریاندا خەیار .. لۆبیا .. سەوزەو ، گوڵە کەلەرم و هەزار شتی دی پێوەر دەکەم. باغچەیەکی گەورەش لە دەوروبەرو لە پێش ماڵەکەمدا دادەبڕم و بەو دەستانەی خۆم دەیکەمە گوڵزار. ئینشاڵڵا هەمووتان دێن و دەیبینن چ گوڵێکم چاندووە. ئەوجا دەچمە مووبەق و بە کەیف و ماشای

خۆم چێشتی نیوەڕۆ لێدەنێم،پڵاوی باینجان.. حەلوا .. ماسی سوورەوەکراو .. دوای نیوەڕۆش خەریکی دارتاشی دەبم، من زۆر حەزم لەو پیشە دەستییانەیە، مۆبێلەکانی ماڵەکەم هەمووی دەگۆڕم بۆفیەیەکی زۆر قنج و جوان دروست دەکەم. ئاخ ، خۆزگە ئەو دوازدە ڕۆژە زووتر تەواو دەبوو ...

(بی بابا) تا کۆتایی دەوام دەربارەی سوودەکانی خانەنشینی و ئەو کارانەی، کە دوایی دەیانکات، قسەی کرد. ئەم قسانە بە نیسبەت فەرمانبەرەکانەوە شتێکی تازە نەبوون، نێزیکەی شەش مانگ بوو هەموو ڕۆژی ئەم باسەیان دەهێنایە پێشەوە.

ڕۆژانی دواتریش ئەو شتانە دووبارە بوونەوە، هەموو ڕۆژێ هەرکە (بی بابا) دەهات ژوورەوە و لە پشت کورسییەکەی دادەنیشت پێنج فنجان قاوەو ساردییەکی بانگ دەکرد و دووبارە دەستی بە باسکردنی چیرۆکە تەواو نەبووەکانی لە مەڕ باغ و دارتاشی و بەخێو کردنی پەلەوەرەوە دەکردەوە.

دواجار، ئاخرین ڕۆژی خزمەتی (بی بابا) گەیشت. (بی بابا) بە هەموو ژوورەکاندا گەڕاو لەگەڵ گشت فەرمانبەرەکان خواحافیزی کرد ، دووبارە لەمیانەی قسەکردنێکی دوورودرێژ لەمەڕ ئەو کارانەی، کە لە داهاتوودا ئەنجامیان دەدات ، وتی :

– ئومێدەوارم هەمووتان خزمەتی ڕاستەقینەی خۆتان تەواو بکەن و بگەنە ئەو نازو نیعمەتە، پاشان هەموو فەرمانبەرەکان و بەڕێوبەری گشتی و یاریدەدەکەی (بی بابا) یان بەڕێ خست و پیرۆزباییان لێکرد.

(بی بابا) دوای ئەو هەموو ساڵە خزمەتە بەجۆرێك لە قاڵدرمەکان دادەبەزی دەتوت ئەستێرەیەکی ناسراوی سینەمایەو لە قاڵدرمەکانی فرۆکە

دادەبەزێت، بەدەست هەڵشەقاندن خواحافیزی لە هەموویان دەکرد ... (بی بابا) لە یەکەم ڕۆژی دوای خانەنشینبوونیدا لەو کاتەی، کە هەڵساو بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو بەبێ هەستکردن بە هیچ ماندوویێتی و تەمبەڵییەکەوە لەسەر چەرپاکەی هاتەخوارەوە، لە لەشی خۆیدا هەستی بەهێزو توانایەکی تازە دەکرد، دەتوت پێنج ساڵ یان دەساڵ تۆ بڵێ بیست ساڵیش گەنجتر بووبێتەوە، چووە نێو باخەکەیەوەو چەند هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەجۆرێك دەست و سنگی خۆی جووڵاندەوە دەنگی ئێسکەکانی لەگەڵیدا بەرزبوونەوە. بەهۆی چل ساڵ کارکردن لە پشت مێزێکەوە لەشولاری لەڕ ببوو، ئێستا دەبێت بە وەرزش و کاری جووتیارییەوە ئەم خەوشە داپۆشێت.

(باشە لەکوێوە دەست پێبکات یەکەم جار زەوی بکێڵێت خەریکی کشتوکاڵ بێت یان وا باشترە یەکەم جار کۆڵیتێك دروست بکات و دەست بە بەخێوکردنی پەلەوەر بکات..؟ وا دیار بوو بە بیریدا هات دەبێت یەکەم جار دانەوێڵە بچێنێت تا زووتر شین بێت) .

(بی بابا) داوای یارمەتی کرد :

– خاتوون ..

ژنەکەی خەوتبوو، لە دەنگی مێردەکەی خەبەری بووەوە چاوی خۆی هەڵگلۆفت :

– چییە ئەوە شێت بوویت هێشتا بەرەبەیانی نەداوە تۆ چوویتە ناو باخ ..

– هەڵسە زووکە برۆ بێڵەکەم بۆ بدۆزەرەوەو بیهێنە، زەنگن و خاکەناسەکەشم بۆ بدۆزەرەوە .

– ئەوە بەم بەیانی یە لە کەللەی داوی ...

ناڕەزایی سوودی نەبوو، دواجار پیرەمێرد ژنەکەی لە نێو نوێنی گەرم هەڵساند،بێڵەکەیان دۆزییەوە،بەڵام هەرچەند گەڕان زەنگن و خاکەناسەکەیان نەدۆزییەوە. بڕیار وابوو کوڕەکەشیان لە خەو هەستێنن کوڕی(بی بابا ) بە تەمبەڵی و تەوەزەلییەوە لە جێگەکەی خۆی هەستایەوەو دوای ماوەیەك گەڕان تەنیا چەرخی ئالیك کوتینی دۆزی یەوە ، ناچار بوو، کە بووکەیشیان لە خەوهەستاند، ئەو زەنگن و خاکەناسەکەی دۆزییەوەو هێنای.

(بی بابا) بە قۆڵی هەڵکراوەوە دوو سەعاتی ڕەبەق پێش بەرچایی بەناو باغەکەدا هاتوچوو، تا زەوییەکەی هەموو کێڵا. ئەندامانی خێزانەکەی هەموویان بە جددیەتی ئەو پێ دەکەنین، ژنەکەی لە کاتی نانخواردنی بەیانیدا وتی:

– (بی بابا) ئەوەندە خۆت هیلاك مەکە نەخۆش دەکەوی، بەڵام ( بی بابا ) گوێی پێنەدا، دوای نانخواردنی بەیانی دووبارە چووەوە ناو باغ و تا نیوەڕۆ شەش حەفت باخچەی بە درێژی شەش پێ و بە پانی دووپێ دروست کرد.

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بۆ ئەوەی خۆی بێزاری نەکات، کڵاوێکی حەسیری لەسەر کرد، بەڵام لە ماندوێتیدا بێڵەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە نەیتوانی لە سەرکارەکەی بەردەوام بێت. دروستکردنی باخچەکانی دی بۆ بەیانی هەڵگرت و دەستی بە چاندنی تۆوی سەوزەوات کرد.

باخچەیەك پیازو یەکێ تەماتەو یەکێ خەیارو لەدەوروبەری باخچەکانیشدا لۆبیا و سەوزەی چەند، تا کاتی نان خواردنی ئێوارە وا ماندوو و هیلاك ببوو،

نەیدەتوانی لەسەر کورسییەکەش دابنیشێت، چاوەکانی لە هیلاکیاندا هەڵنەدەهات، کەچی وتی :

– کوڕینە سەیرکەن کارکردن چەند خۆشە، هەموو شەوێ من لەبەر بێ خەوی وەڕس دەبووم، بەڵام ئێستا خەریکە لە خەوان لەو پشت مێزەوە بکەومە خوارەوە.

(بی بابا) بەهێنکەهێنك بەرەو ژووری نووستنی خۆی ڕۆیشت، هەموو خانەوادە بە جووڵانەوەکانی کەوتنە پێکەنین. ڕۆژی دواتر ئەوەندە ئازاری هەبوو، نەیدەتوانی دەست ببزێوێ، لەبەر ئازار کەمەری ڕاست نەدەبووەوە و نەیدەتوانی بە چاکی لە مل و گەردنی خۆی ڕامێنێ، کە ویستی لەسەر چەرپاکەی هەڵسێتەوە هەر لەخۆیەوە دەستی بە ناڵێن کرد :

– ئاخ کەمەرم .. دەستم . ئاخ .. سەرم.

(بی بابا) حاڵی زۆر خراپ بوو، بەڵام کە دیتی بەو پێ دەکەنن بێ دەنگ بوو و بە هەر زەحمەتێك بوو لە چارپەکەی هاتە خوارەوە، بە زەحمەت پالتۆڵەکەی لەبەر کرد و ڕێگای گرتە بەر بۆ ناو باغ بۆ ئەوەی ئەو کارانەی ماویەتی تەواویان بکات، بەڵام لەسەر قاڵدرمەکان، کە بە زەحمەت پێی هەڵدەگرت پێی وەرگەڕاو لە پایەکانی سەرەوەی قاڵدرمەکان کەوتە خوارەوە.

ژنەکەی، کوڕەکەی ، بووکەکەی ، نەوەکانی بەدەوریدا خڕبوونەوە .

(بی بابا) (دەتگوت ئێستا نا سەد ساڵە مردووە).

– چییە ؟ چی بووە؟

– هیچ نەبووە تەنها کەوتمە خوارەوە .

کوڕەکەی بە زەحمەت بەرزی کردەوە ، بەڵام ( بی بابا ) هەر دووبارەی دەکردەوە :

– هیچ نییە ... وازم لێ بێنن.

(بی بابا) لەگەڵ ئەوەشدا، کە پەراسووی زۆر دەهێشاو لەگەڵ جووڵاندنی دەستی بە ناڵێن دەکرد، کەچی هەوڵی دەدا ئازارەکەی بشارێتەوەو بە ڕووی خۆیدا نەهێنێ و خۆی بەو بارەدا هەر پیشان نەدات

لەناو باغ، کە بەتەنێ ماوەیەك زیاتر هەستی بە ئازار کرد، کەمەری، شانی، قاچی، ژانیان دەکرد و هەتاوەکو نەیدەتوانی پەنجەکانیشی بجولێنێتەوە، بەڵام چار نەبوو ، دەبووایە وا پێشان بدات، کە کاردەکات ، کە دەنوشتایەوە نەیدەتوانی قیت بێتەوە و هەر لە خۆیەوە دوور لە چاوی ئەوانی دی ئاخێکی قووڵی لە زار دەهاتە دەرەوە.

– ئاخ کەمەرم . ئاخ دەستم . ئاخ قاچم...

بەرەبەری نیوەڕۆ ( بی بابا ) بە ژنەکەی گوت مشار و بزمار و چەکوچ ئامادەکەن ، تاکۆڵێنێك دروست بکەم ، ژنەکەی کە بەو کارانەی دڵی پڕ ببوو هاواری کرد:

– من بەو بێڵ و کۆڵنگ و وردە فەرمانانەت هیلاك بووم، تێ ناگەم تۆ بۆ خۆت تەقاویت کرد ؟ جاران چەند خۆش بوو لە بۆ خۆت سبەینان دەچوویە فەرمانگە و عەسران دەگەڕایتەوە ماڵ.

کوڕەکەیشی ناڕازی بوو لەوەی باوکی ژیانی ڕێك و پێکیانی تێك دا بوو، بەڵام (بی بابا) نەیدەویست بکەوێتە ناو ئەم بێنەو بەردەیە، بۆیە لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو. دە ڕۆژی تەواو لەو باغەدا هات و چۆی بوو و

وای پیشان دەدا، كە كاردەكات ناوەڕاستی هەفتەی دووەم لە ناو باغ هاوارێكی سەیر بیسترا، هەموو ئەندامەكانی خێزانەكەی ڕایانكرد بۆ ناو باغ .. ( بی بابا ) دەستی بەپێی خۆیەوە گرتبوو بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە.

– چی بووە ؟

دەركەوت، كاتێ كۆڵیتەكەی دروست كردووە، چەكووچێكی لە پەنجە گەورەی پێی داوە و نینۆكی خۆی شكاندووە، پەنجەیان تیمار كرد و بە پەڕۆكێك توند پەنجەیان بەستەوە. بۆ بەیانییەكەی بڕیاری دا ماوەیەك كاری جووتیاری واز لێ بێنێت و لە هەیوانی پێش ماڵێ خەریكی دارتاشی بێت ، بەڵام ئەوەش سەری نەگرت، كەلوپەلەكانی بەم لاو بەولادا پەرت دەكرد، ئەندامانی خێزانەكە دەبوایە ماوەیەك بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێن. ڕۆژێكیان ( بی بابا ) بە مشار ناو لەپی دەستی خۆی بڕی، ئیتر بەهۆی ئەم كارەی ئەوەشیان لێ قەدەغە كرد بۆئەوەی لە بێكاری وەڕس نەبێت خۆی بەچێشت لێنانەوە خەریك كرد، ئەو ڕۆژەی، كە (بی بابا) بۆ یەكەمجار چووە مووبەقەوە بەدبەختییەكی گەورە ڕووی لە خێزانەكە كرد، مەنجەڵێكی گەورەی ئاوی كوڵبەكوڵی قلّپ كردەوە، (بی بابا) لەناو قەدی بە خوارەوە وا سووتا وەك پارچە گۆشتێكی برژاوی لێهات مەنجەڵە قوورسە مسەكەیشی بەسەر پێیدا كەوت .. ئێسكەكانی پێی وردخاش كرد.

ئیتر ئەمجارەیان شتەكە گاڵتە نەبوو ( بی بابا ) نەیتوانی ئیتر وا خۆی دەربخات.. بووكەكەی و ژنەكەی بن باڵیان گرت و بەزەحمەت لەسەر چەرپاكەی خەواندیان.. ماوەی دە ڕۆژ (بی بابا) لەسەر چەرپاكەی بێ هۆش كەوت و ناڵە ناڵی بوو، دواجار تەمەنی كۆتایی پێهات، شین بوونی ئەو

سەوزەواتەی بە چاوی خۆی نەدیت، کە بەو هەموو زەحمەتییەوە چاندی و ژیانی لە پێناودا بەخت کرد. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەر کەسێك لە فەرمانگەکاندا بگاتە تەمەنی خانەنشینی هاوکارەکانی لە جیاتی ئەوەی پیرۆزبایی لێ بکەن و بەڕێی بخەن ئاهەنگی ماڵئاوایی بۆ دەگێڕن.

هەواڵنامەی کتێب

# تەڕ دەبێ یا نابێ ؟!

لەبەر بێکاری ڕۆحم گەیشتبووە سەری لووتم. هەر کارێکیان بووتایە ئامادە بووم بیکەم. قوڕکێشی، کرێکاری...، هەر کارێك کە بیانگوتایە. تووشی یەکێ لەبرادەرەکانم بووم.

وتی :

– کاك ڕاغب پێویستی بە یەکێك هەیە ، ئەگەر دەتەوێ هەتا پێت بناسێنم؟

وتم :

– ئێستا مادەم پێویستی بە یەکێك هەیە، کێ لە من باشترە؟ .. کارەکەی چییە؟ وتی:

– وەڵلا ئەوەیان نازانم!

– کاغەزێکی نووسی، چوومە لای کاك ڕاغب، کاتێ من گەیشتمە ئەوێ ، دوو کەسی دیش لەوێ بوون. ڕاغب خۆی لەوێ بوو و قسەی لەگەڵ دەکردن دەیوت:

– کاکە بەبوتڵە ئاوێك تەواوی ئەم ژوورە تەڕدەبێ؟بەڵێ؟..بێ گومان نابێ !

.. مومکین نییە ! دە کەوابێ ئێستا تەواوی ئەم ژوورە بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ، کەوایە...کاغەزەکەم پێ نیشاندا، وتی:

– فەرموو.. دانیشە.

دانیشتم..دووبارە دەستی بە قسەکانی کردەوەو کاتێ قسەکانی تەواو بوو، دوو کەسەکە ڕۆیشتن. من و کاك راغب بە تەنیا ماینەوە.

وتی:

– کاکە بەندە ٥٦ ساڵ لە عومرم تێدەپەڕێ، ژیانی بەرز و نزم بووە، ساردی و گەرمی ڕۆژگارم چێشتووە، مرۆڤێکی خاوەن ئەزموونم...، ئەوەی دەمەوێ پێتی بڵێم ئەوەیە،کە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوەی بەدەستم هێناوە،بەو ئەنجامە گەیشتم، کە...لە ماوەی ٥٦ ساڵی تاقیکردنەوەکانمدا، گوێچکەو چاوەکانم باش کراونەتەوە... بۆ نموونە وا دابنێ بەندە یەك بوتڵە ئاوی بە دەستەوەیە با وابڵێین.. یان من دەمەوێ بڵێم: یەك بوتڵە ئاو تەواوی ئەم ژوورە تەڕ دەکا یا نایکا؟..

قسەکەی بە جۆرێ دەبووایە هەر وەڵامی بدەمەوە،بەڵام نەمدەزانی چ بڵێم. نەمدەزانی بڵێم (تەڕ دەبێ!) داهاتوویەکی باشی دەبێ، یا بڵێم (نەخێر ، تەڕ نابێ!) هاتەوەیادم کاتێ لەگەڵ ئەو دوو کەسە قسەی دەکرد خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی بە نەخێر دەدایەوە، بەڵام نەشدەبوو ئەم هەلە لەدەست خۆم بدەم! کاتێ بینی وا بیر دەکەمەوە، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، وتی:

– فەرموو تەڕ دەبێ یان نا؟ وتم :

– ئەو بوتڵە چەند دەبێ ؟

پێی سەیر بوو وتی :

کام بوتڵ .. وتم :

ئەو بوتڵەی دەتەوێ ئەم ژوورەی پێ تەڕبکەی! لە ڕوویەوە دیار بوو، چاوەڕێ نەبوو ڕوو بە ڕووی ئەم پرسیارانە بێتەوە.

وتی:

کاکە بوتڵ...، بوتڵی ئاسایی...، هەموو ئەو بوتڵە ئاساییانە، وتم:

– بەڕاستی زۆر تەواوە...، تەڕ نابێ...،مومکین نییە تەڕببێ، تەماشاکە ئەوەیە هەقیقەت...، بەڵێ..،بەڵێ سەیرکە ئەوەیە هەقیقەتی موسڵمانەێتی..

وتم :

– بەڵێ... ئاشکرایە...وتی:

– لەبەیانیەوە تەشریف بێنە، یەکێکی دی لە سەرکارەکەی تۆیە بەڵام دەبێ تەشریفی بۆ جێگەیەکی دی ببا، ئێستا بە یارمەتیت دەڕۆم.

لەوکاتەدا گیرم خواردبوو، ڕازی نەبووم لەبەر خاتری من یەکێکی دی بێ ئیش ببێ! وتی:

– نە کاکە... تۆ بێیت یا نەیت، من پێم وتووە لەگەڵ مرۆڤی کەللەڕەق و چەنەباز ناتوانم کار بکەم. ئێستا بانگی دەکەم، خۆشت سەیری بکە.

– زەنگی لێدا، خزمەتکارەکە هات. وتی :

– بوتڵە ئاوێك بێنە...، بە مومتازیش بڵێ بێتە ئێرە. یەکەم جار کاك مومتاز هات.ڕوخساری بەهیچ جۆرێ لە مرۆڤی کەللەڕەق و چەنەباز نەدەچوو. بنیادەمێکی زۆر ڕووخۆش و دڵکراوە بوو.لەوێ زۆر خۆشمویست، دەم بە

خەندە بوو،هەرگیز،بچوکترین نیشانەی کەللە ڕەقی و چەنەبازی بە ڕوویەوە دیارنەبوو.

بە (ڕاغب) ی وت :

– بەندە ئامادەیە بۆ فەرمانەکانت.

– هەر لەوکاتەی خزمەتکارەکە بوتڵە ئاوەکەی هێنا. هەر کە مومتاز چاوی بە بوتڵە ئاوەکە کەوت،یەکسەر ڕووی ترشا،دڵی تێکچوو، هاوڕێیەکانیشی کە چاویان پێکەوت وەك ئەو دەستیان بە لەرزین کرد..

ئەو مرۆڤە ڕێك و ڕوو بە خەندەیە – وەك پاڵەوانی سەیری هەندێ فلیم، کە بە ڕۆژ لە شێوەی ئادەمیزادن و کە شەویش دادێ گیانەوەرێکی دڕندەن– لە ماوەی یەك چرکەدا دەگۆڕێن بە گیانەوەرێکی نابەڵەد وای لێ‌هاتبوو، کاك ڕاغب بوتڵە ئاوەکەی بە دەستەوە گرت و ڕووی لە مومتاز کرد. وتی دەمەوێ بزانم ئەو بوتڵە ئاوە تەواوی ئەم ژوورە تەڕ دەکا یان نا؟ .. بەڵێ .. واتا ڕووی ئەم ژوورە بەم بوتڵە ئاوە تەڕ دەبێ یان نا ؟ مومتاز هاواریکرد:

– تەڕ دەبێ! ...

دەنگی مومتاز هاوارێکی وەها نەبوو،وەك ئەوەی یەکێ بە توندی قۆڕقوڕاگەی بگری و بخنکێ، خنەخن بکا وابوو . دیسان دەم و چاوی خوارو خێچ بوو ، بە تەواوی وەك سەگەکانی (بولدوگ) ی لێهات.

وتی:

– تەڕ نابێ!.. مەحاڵە... مەحاڵە تەڕ ببێ...

مومتاز دووبارە نەڕاندی.

– تەڕ دەبێ! ...

– تەڕ نابێ! ...

– تەڕ دەبێ! ...

– تەڕ نابێ ! ...

– تەڕ دەبێ! ...

راغب ڕووی لە من کرد و وتی:

– فەرموو سەیرکە؟...دەبینی چۆن نکولی لە هەقیقەت و ڕاستییەکی ڕووناک دەکا، تکام وایە تۆ بفەرموو:

ئەو عەرزە هەمووی بەیەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ یا نابێ؟

– نەخێر ...، تەڕ نابێ! ...

ڕووی لە مومتاز کردو وتی:

– ئیتر ناتوانم لەگەڵ تۆ کار بکەم ... ، تکا دەکەم تەشریف ببە و برۆ.

ڕەنگ و ڕوخساری مومتاز دووبارە گەڕایەوە سەر هەمان مرۆڤی ڕووخۆش و ڕێك و پێك.

وتی:

– مەرحەمەتتان زیاد بێ ... ، سوپاس ! و ڕۆیشت.

وتم:

– داوای لێ بووردن دەکەم ...، دەتوانی بفەرمووی کاری بەندە چییە؟ لەوانەیە نەتوانم کاری کاك مومتاز بە ئەنجام بگەیەنم!

وتی:

– من پێویستم بە ئینسانێکی مەنتقیە..،مەنتق لە پێش هەموو شتێکەوەیە، بفەرموو بۆ سەر کارەکەت، هەموو ئەو ژوورە بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ یان نابێ!

وتم:

– نەخێر ...، تەڕ نابێ.

وتی:

– کاکە ئەوەی من دەمەوێ هەر ئەوەندەیە.. مەنتق! ! من پێویستم بە مرۆڤێکە مەنتقی لەسەر هەموو شتێکەوە بێ...تکایە مێزو کەلوپەلەکانی مومتاز وەرگرە.

وتم:... سەرچاو.

چووم لەلایەکی ژوورەکە وەستام.مومتاز بە دڵخۆشییەوە جانتاکەی کۆدەکردەوە بڕوات. بە ڕاستی ڕوویەکی میهرەبانی هەبوو، تا حەز بکەن ڕوو خۆشبوو. من تێنەگەیشتم ئەو پیاوە ڕوو خۆشە بۆچی وا لە چرکەیەکدا گۆڕا و بوو بە گورگێکی کێوی! وتم :

کاك مومتاز زۆر بەداخەوەم!.. ، کەوا تۆش بەهۆی هاتنی منەوە بۆ ئێرە بێ ئیش بوویت!

به هەموو میهرەبانی و ڕوخۆشییەکەوە وەڵامی دایەوە :

– نە کاکە.. تۆ هەرگیز دڵگیر مەبە...، تۆش نەبیت یەکێکی دی دێت، دواجار وتم:

– ببورە...،لەوەی خۆشم تێهەڵقورتاند!...باشە تۆ دەتویست بڵێی تەڕ نابێ ، چۆن دەبێ؟ وتی:

ئێستا هەرچییەکت پێ بڵێم بێ سوودە...،وا باشترە خۆت لێی تێبگەی ... ، لەوانە نییە بتوانم بۆت باس بکەم...، من پێنجەمین کەسم، کە لە ماوەی ساڵێکدا لێرە گۆڕاوم، تەنها دوو مانگ و نیو تاقەتم هەبوو. بێگومان من دەزانم بێکاری چ دەردێکی گرانە، وا تێنەگەی، کە بمەوێ تۆ بترسێنم ... هەرگیز ، خوا حافیز.. ، خوا ئاگادارت بێ...

وتم :

– بەسەلامەتی.

مومتاز شتەکانی کۆکردەوەو ڕۆیشت.من نەمدەزانی چی بکەم، چوومە پشت مێزەکەی دانیشتم.

دوای سەعاتێك قرەو گاڵە بەرز بۆوە.

خزمەتکارەکە هات و وتی:

– ئەرباب بانگت دەکا !

چووم لە ژوورەکەی جگە لە خۆی سێ کەسی دیش لەوێ بوون. بە چاکی دەمزانی مەسەلە چییە، بەڵام دیار بوو لەسەر مامەڵەیەك ڕێ نەدەکەوتن .

– کاکە وادابنێ بەندە بوتڵە ئاوێکم بەدەستەوەیە ...، دەمەوێ بزانم: ئەم ژوورە هەمووی بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ یا نابێ؟ .. بەڵێ ... وتم:

– نەخێر ...، تەڕ نابێ!... وتی:

– بەڵێ ئاشکرایە...،تەڕ نابێ.. ئێستا خۆ بینیتان... مەحاڵە تەڕ ببێ ...

سێ کەسەکە بەبێ سەرنجدانی ئەو هەقیقەت و ڕاستییە کە ...

یەکێ لە سێ کەسەکان وتی :

– وەڵڵاڵ ئەو بابەتە چ پێوەندیەکی بە بوتڵە ئاو و تەڕبوون و تەڕ نەبوونی ئەم ژوورەوە نییە.. ، لەسەدا پێنجمان زیاتر بۆ سەرف ناکەن!

ئەرباب وتی:

– دەبێ بەر لە هەموو شتێ مەنتق هەبێ... کاکە بنچینەی هەموو شتێك مەنتقە ... ئەو ڕۆژە چوار جار ئامادە بووم و هەموو جارێ هەمان پرسیاری دووبارە دەکردەوەو ڕووی لە من دەکرد.

من هەر دەموت:

-– نەخێر...، تەڕ نابێ ...

ڕۆژی دواتریش هەر بەو جۆرە.تا هەفتەیەك هەموو کارەکەم هەر ئەوەندە بوو. هەندێ ڕۆژ چوار پێنج جار و هەندێ ڕۆژیش پێنج شەش جار بانگی دەکردم. لەبەردەم ئەو کەسانەی بۆ مامەڵە دەهاتن هەمان پرسیاری دووبارە دەکردەوە، من هەر دەموت:

– نەخێر ...، تەڕ نابێ...

ڕۆژی هەینی ١٠٠ لیرەم هەقی هەفتەیەك وەرگرت. ئەرباب دوای ئەو تەمەنە پڕ ئەزموونەی گەیشتبووە ئەوەی کە:(جێگەیەك بە سەتڵێك ئاو تەڕ ببێ بە یەك بوتڵە ئاویش تەڕ نابی، جا بانگەشەی ئەوەی دەکرد نابێ ژوورەکە هەمووی بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ ببێ !)

ئەو ڕستەیە، وەك ئەنجامێکی فەلسەفی و پەندی پێشینانی باو و باپیران ببووە وێردی سەر زمانی کاك غالب. ئیشی منیش تەنها لایەنگیری و پشگیریکردنی ئەو فەلسەفەیە بوو.

پاش مانگێك، لەبەر ئەوەی زۆر لە کارەکەم ڕازی بوو، هەقی هەفتانەکەم زیادی کردو بوو بە ١٥٠ لیرە، خاوەن کارەکەم زۆر منی خۆش دەویست.. بۆ هەر جێگایەك بچووبایە منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد، هەر کە مامەڵەیەکی دەکرد لە منی دەپرسی :

– کاکە وا دابنێ بوتڵە ئاوێکم بەدەستەوەیە..، تۆ بڵێ ئەم ژوورە هەمووی بەم بوتڵە ئاوە تەڕ دەبێ یا نابێ ؟

منیش یەکسەر وەڵامم دەدایەوە :

– نەخێر...، تەڕ نابێ!

ڕۆژێ ٢٠–٣٠ جار دەمموت:(تەڕ نابێ!)، بەڵام هەقی هەفتانەم گەیشتە ٢٠٠ لیرە، ئەوەندە پێوەندیم لەگەڵ ڕاغب بەهێز بوو بوو بە زۆر لەگەڵ خۆی دەیبردمەوەماڵەوە، تا کار گەیشتبووە ئەوەی تەنها لە شوێنی نووستن لێی جیا دەبوومەوە. ئەگەر لە ماڵەوە ژنەکەی شتێکی بویستایە یا کوڕەکەی پارەی بویستایە یا کچەکەی جلی بویستایە، ئەرباب یەکسەر دەیوت:

– من لەو شتانە سەرم دەرناچێ...، ٥٦ ساڵ لە عومرم بەسەر چوو، لە تەواوی ئەو عومرەم سارد و گەرمیم چەشت،تاقیکردنەوەی ژیانیشم ئەوەیە کە:ئەم ژوورە هەمووی بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ یا نابێ؟ دوایی ڕووی لە من دەکرد و دەیوت:

– کاکە تۆ بڵێ: ئەم ژوورە هەمووی بە یەك بوتڵە ئاو تەڕ دەبێ یا نابێ؟

من ناونیشانەکەم لەبەر بوو پێش ئەوەی ئەو قسەکانی تەواو بکا دەمموت:

– نەخێر...، تەڕ نابێ!...

– هەر کە من دەموت:(نەخێر...،تەڕ نابێ!)، هەرچی خەمی هەبوو نەدەماو دەکەوتە خەوێکی خۆشەوە،ئەو ڕستەیە کرۆکی فەلسەفەو بیروباوەڕو تاقیکردنەوەکانی کاک راغب بوو. مەنتقێکی بەرز بوو، مەنتقێك، کە گاڵتە نییە،واتا:دوو کەڕەت دوو چوار...بۆ ئەوەی بە خۆی و خەڵکی دی بسەلمێنێ خاوەن حەقە،دەبووایە من پشگیری بکەم و بڵێم: بە یەك بوتڵە ئاو ئەم ژوورە هەمووی تەڕ نابێ.

پێنج مانگ توانام هەبوو. هەقی هەفتانەکەم گەیشتبووە ۲۵۰ لیرە ، هەموو کاری من ئەوە بوو ڕۆژێ چل پەنجا جار بڵێم (تەڕ نابێ).

هەتا ئەمڕۆ هیچ کەس بەقەد من توانای نەبووە لەسەر ئەم کارە بمێنێتەوە، بەڵام جارێکی دیش گیانم گەیشتبووەوە سەر لێوم. ئامادە بووم حەماڵی بکەم،ئەگەر بەردیش بکێشم، دەربەدەربم.. هەموو ئەو ئیشانەم لە ئیشەکەی خۆم بە خۆشتر دەزانی، ئیدی توانام نەما. ئەوەندەم وتبوو:(تەڕ نابێ)، نەخۆش کەوتبووم.ڕۆژێك دیسان لە سەودایەکدا هێن و منهێن و حەفت و هەشتیان بوو. راغب منی بانگ کرد وتی :

– کاکە بە یەك بوتڵە ئاو هەموو ئەم ژوورە تەڕ دەبێ یان نابێ؟..

– بەڵێ!..

– هاواری کرد:

– بەڵێ..، تەڕ دەبێ!!

– چی؟..

ئەرباب وشکبوو. دووبارە پرسی:

– تەڕ دەبێ یا نابێ؟

– بەڵێ...، تەڕ دەبێ !!

ئیدی خۆی بە هەق دەزانی، ناچار بوتڵە ئاوەکەی بە عەرزەکەدا ڕشت. هەتا پێنجیەکی ژوورەکەشی تەڕ نەکرد.

ڕووی وەك ڕووی مومتازی لێهات،دەلەرزی، لەتووڕەییاندا وەك ئەو کەسانەی بیانەوێ بخنێکن خنەخن بکەن، بە هەمان دەنگ وتی :

تەڕ دەبێ یا نابێ ؟

– تەڕ دەبێ!!

– تەڕ نابێ!!

– تەڕ دەبێ!!

– تەڕ نابێ !!

– تەڕ دەبێ !!

– تەڕ نابێ !!

تا وای لێهات زۆر تورەبووم هاوارمکرد:

– خەڵکینە تەڕ دەبێ! زۆر چاك تەڕ دەبێ!...تەڕ دەبێ!!

ئەویش هاواریکرد:

– یاڵلا گۆڕ بە گۆڕ بی...، نامەوێ چیدی بتبینم...یاڵلا بڕۆ...ڕێگام گرت و هێواش هێواش هاتمە دەرەوە.

هەتا ساڵێك ڕووخساری خاوەن کارم هەر لەبەرچاو بوو، لە جادە، لە پاس ، برادەران هەتا لە خەویشدا دەموت :

(تەڕ دەبێ!) شوکر دوای ئەوەندە جارەی وتبووم (تەڕ نابێ) وتم (تەڕ دەبێ !) سوپاس بۆ خوا حاڵم باش بوو .

هەوالنامەی کتێب

# ئەو کچەی ڕایکرد

دوا جار زۆر نیگەران بوو، لە ڕووییەوە دیاربوو، کە کارەساتێکی سەختی بەسەر هاتووە، چەندان جار پێمدەگوت (ئاخر چیتە؟...)، بەڵام هیچی نەدەوت، هەتا ئەو جارەیان، کە بینیم هاتە قسەو وتی:(هەموو ناڕەحەتی ئێمە بەهۆی تەوالێتەوەیە..، تا مەسەلەی تەوالێتەکان چارەسەر نەکرێن مومکین نییە یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بچین.. تێگەیشتنی یان نا؟...) من تێنەگەیشتبووم!..لەناو پاس و ئۆتۆمبیل دەربارەی پێشکەوتنی وڵات گوێم لە بیروڕای زۆر کەس ببوو. هەندێکیان باوەڕیان وایە،کە:

(تا چەوسێنەرەکان نەگرن و سەرمایەکانیان وەك هێشووە ترێ بە دار وەنەکەن، پێشکەوتن ڕوونادا).

هەندێکیشیان دەڵێن:

(دەبێ لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ بکەین، دەبێ هاوینە هەوارەکان زیاتر پەرەی پێ بدرێ ، ئەوجا گەشتی گەڕیدەکانی جیهان بۆ وڵات دەست پێدەکات...).

هەروا هەندێکیشیان تەواوی دواکەوتنی ئێمە دەبەنەوە سەر ڕاوە ماسی و دەڵێن:

دەبێ یەکەمجار هەموو ماسییە بچووکە ڕاوکراوەکان بخرێنەوە دەریای فلاّن...)،ئەوە یەکەم جارمبوو گوێم لێبێ کەسێك بڵێ (سەرچاوەی بەدبەختی ئێمە بەهۆی ئاودەستەوەیە.

وتم:

– تەوالێت چ پێوەندییەکی بە پێشکەوتنی ولاّتەوە هەیە؟

وتی:

– بێ گومان پێوەندی هەیە.. زۆریش پێوەندیان هەیە.. دەبێ ولاّت یەکەمجار مەسەلەی ئاودەستخانە گشتییەکان چارەسەربکا، دوایی بچێتە سەر شتەکانی دی).

وتم:

– ئاخر تۆ چۆن بەو ئەنجامە گەیشتی؟

وتی:

– من خۆم لە مەسەلەکەوە نزیکم.

(ساڵی پێشوو، بە تەواوی ئەو کاتانە بوو، نیوەی زیاتری لاپەڕەی هەشتەمی گۆڤارەکانی فەڕەنسا بە جاڕو ئاگاداری نامە پڕ کرابوونەوە (بۆ بەرچاوی دۆستە ئازیزەکان) شەیتان چووە کەولمەوە.دەیگوت:(نامەیەك بۆ یەکێ لەو برادەرانە بنووسە).

هەواڵنامەی کتێب

بێجگە لەو ئاگاداری و ڕاگەیاندنانە، هەروا کۆمەڵێ جاڕ و ئاگاداری نامەی بلاّو کرابووەوە، کە پێوەندییان هەبوو بەو ژن و پیاوانەی لە دۆست و هاوسەر دەگەڕان، ئەو کەسانەش هیچ کامێکیان ناونیشانی خۆیان نەدابوو.

هەر کامێکیان بۆ دەسگیربوونی ئەوی دیان ناونیشانی یەکێ لەو دەزگایانە سەرنجی ڕاکێشام، ئا بەم جۆرەبوو:

(دەزگاکەمان شانازی بە حەفتاو چوار ساڵەی پڕشنگداری خۆیەوە دەکات،جگە لەوەی دەزگاکە ئێمە پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان کەسانی زۆر لەسەرانسەری جیهان پەیداکردووە، بەختەوەری زۆربەی زۆری بنکە و خێزانەکانی ئەمڕۆش بەهۆی بەشداری ئەوەوە دروست بووە.

دەزگاکەمان ئامادەیە بۆ خستنە ڕوو و بلاّوکردنەوەی وێنە و لەش و لارو خوو ڕەوشتی خۆتان و هاوڕێیانتان، بە ئارەزووی خۆتان : بەو پەڕی شانازی و کەمالەوە بۆتان بلاّو بکاتەوە).

بێجگە لە ئاگاداری نامەو ڕاگەیاندنەکان، ئەو ئاگاداری نامە کەسیانەش بلاّوکرابوونەوە.

(کچێکی ٢٦ سالاّنم ، قژ زەردە، ڕۆشنبیر ، حەز دەکەم لەگەڵ لاوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات نامە گۆڕنەوەو دۆستایەتی پەیدا بکەم و بە ژمارەی ٧٨ (دەزگای دۆستی ئازیز..) با بفەرمووێ.

یان:

خاتوونێکی بێوەژنم. چاو: شین. بالاّ ١,٧٢ ، تەمەن: ٣١ ساڵ ، بە زمانی ئەڵمانی بە ناونیشانی دەفتەری (...) نامەم بۆ بنووسێ .

لەو جۆرە ئاگاداریانە زۆر هەبون٨ون،هەندێکیان داوای هەواڵ و بەسەرکردنەوەی پەیوەند بە وڵاتانی تریان دەکرد،کۆمەڵێکی دیان ئامادەیی خۆیان پێشان دابوو بۆ وێنە و پوول گۆڕینەوە. منیش نامەیەکم بۆ یەکێ لەو کەسانە نووسی و خۆم پێ ناساند. نامەکەم ئێستاش لە یادمە:

پیاوێکم ٥٦ ساڵان، تەنهام،خوێندن:دبلۆم، باڵا:١,٥٥ ، وەزن :٧٦ کیلۆ. ڕەنگ: ڕەنگم ئەسمەرە.ڕەنگی چاو: شین، لە ڕووی خوو ڕەوشتەوە: جێگای باوەڕ. حەز دەکەم لەگەڵ کچێکی یان ژنێکی ٢٠-٣٠ ساڵانی قژ زەرد پێوەندی پەیدا بکەم ، کە شارەزایی تەواوی لە ناسینی پەپوولەو ماسی دا هەبێت و تیایدا پسپۆڕ بێت. بە ئینگلیزی بۆم بنووسێ. وەڵامی نامەکە گەیشت. نووسیبوویان: دەبێ بۆ وەڵامی نامەکە ١٠٠ فرەنك بنێرم، لە پاریس برادەرێکم هەبوو داوام لێکرد لەسەر حیسابی من ١٠٠ فرنك بدا بەو دەزگایە. دوای ماوەیەك سێ نامەم پێ گەیشت. نامەی یەکەمیان نزیکەی چوار لاپەڕە دەبوو. کچێك لە فەڕەنساوە بۆی نووسیبووم. زانیارییەکی زۆری دەربارەی پەپوولەکانی کەناری ڕۆژئاوای فەرەنسا نووسی بوو ، بەڵام بەجۆرێ گوتبووی : دەربارەی ناسینی جۆرەکانی ماسی ئاگاداری لێوە نییە.

نامەی دووەمیانم کردەوە هەروا ئەویشیان بە قەد کتێبێکی بچکۆلانە زانیاری دەربارەی جۆرەکانی ماسی ئاکواریومی نووسیبوو داوای لە من کردبوو تا منیش دەربارەی ماسییەکانی ئێرە شتی بۆ ڕوون بکەمەوە. بەڵام نامەی سێ یەمینیان زۆر سەرنج ڕاکێشەر بوو . نامەکەم بە تەواوی لە یادە نووسیبووی:

زۆر بەلامەوە سەیرە، کە ئێوە داوای زانیاری لە بارەی ماسی و پەپوولە لە کچان و ژنانی ٢٠–٣٠ ساڵانەی قژ زەرد دەکەن.

تێ ناگەم! بۆچی دەتانەوێ ئەو کچانەی یا ئەو ژنانەی زانیاری تەواو لەو بارەوە دەزانن ٢٠–٣٠ ساڵان بن و قژ زەردبن.

قژزەردێکی ٢٢ ساڵانە . مادلین. پاش ئەوەی کە تا ئێرە بە پەرۆشەوە گوێم لە قسەکانی برادەرەکەم ڕاگرتبوو.

وتم :

– ئێستا پێت دەڵێم:ئەو کچانەی، کە تەنها شارەزایی بە (پەپوولەناسی)دا هەبوو بۆم نووسی کە: چونکە شارەزایت لە ماسی ناسیندا نییە بە ڕای من ناگونجێین.

دووەمیشیان چونکە شارەزای لە پەپوولەناسیدا نەبوو بەرپەرچیم دایەوە. بەڵام ئەوی سێیەمیان ئەوە بوو ، کە من بەدوایدا دەگەڕام.

چەند مانگێك نامەمان بۆ یەك نووسی. لە نامەکانماندا – جگە لە ماسی و پەپوولە– لە هەموو بابەتێکەوە شتمان بۆ یەك دەنووسی. دۆستایەتیمان ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەبوو. من داوای وێنەم لێ کرد. ئەویش داوای لە من کرد ، ئێستا ئەلبوومێکی پڕ وێنەی ئەوم هەیە . لە وێنەی تا کەمەر ، هەموو باڵا ، بە مایۆ ، بە ڕازاوەیی...، بە کورتی بە هەموو جۆرێکی بلێی وێنەی بۆ ناردم، دوا جار شەیدای یەکدی بووین. جارێکیان کچەکە بۆی نووسی:بچمە پاریس،بەڵام لە تۆ شاراوە نییە. تۆ وەزعی من باش دەزانی. ئەو پارە کەمەی دەوڵەت دەمداتێ دەتوانم هەر خۆمی پێ تێر بکەم.من لە کوێ و پاریس لە کوێ؟ ئیدی وەزعی خۆم بەبێ پێچ و پەنا و ئەم لاو ئەو لا بۆ

نووسی. بۆم نووسی کە:ئەو بێتە ئێرە چاکترە. کچێکی زۆر نازەنین بوو. سواری فڕۆکە بوو هات، کاتێ لە فڕۆکەخانە چاوم پێکەوت وشك بوومەوە!..چ کچێك بوو...، وەك چەپکە گوڵێك،بەڕاستی جوان بوو زۆر لە وێنەکانی جوانتر بوو.

تەماشام کرد ئەگەر بیبەمەوە ماڵ خراپە،هەم هەستی ئەو بریندار دەبێ و هی خۆشمان. تۆ وەزعی ئێمە باش دەزانی خانووەکەمان دەڵێی ماڵی (مەولانا قابوس)ە،هەمووی دوو نیوە ژوورمان هەیە،ئەوانیش چ ژوورێکن، بەڵام چارە نەبوو،سواری تاکسی بووین،لە ڕێگادا وەزعی خۆم لە سیرەوە تا پیاز پێ وت. نازانی چ کیژێکی چاو دڵ کراوە بوو. هەرگیز دەربەستی ئەو شتانە نەبوو، بە کورتی، بڕیار بوو بیخوازم بەڵام یەك فلْسم نەبوو، مادلین وتی( خەفەت مەخۆ ، من پارەم هەیە).

نازانی چەند میهرەبان بوو،دەیوت:(باوکم چێشتخانەیەکی هەیە، کاروباریشی خراپ نییە،ئەگەر تۆ حەز بکەی دەچینەوێ، بەچاکی بەڕێوە دەچین.) زۆر نازدار بوو،دوو جار دایکم هەڵسایەوە سەر پێ و وتی:دەبێ ببێتە موسڵمان، کچە بەوەش قایل بوو وتی:

– موسڵمانیش دەبم..). دەمەوێ بڵێك کچ نەبوو، فریشتە بوو.

هەفتەیەك مۆڵەتم لە کارگێڕی وەرگرت تا بیبەمە ئەم لاو ئەولا. دەیویست بە شاردا بگەڕێ،بەڕاستی خانووەکەی ئێمەیش جێگای مانەوەی نەبوو بۆیە هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە ماڵ دەهاتینە دەرەوەو بە قسەی خۆش و پێکەنینەوە تا شەو دەگەڕاین و نیوە شەو دەگەڕاینەوە ماڵەوە.

ڕۆژێکی دی دیسان بەیانی لە ماڵ هاتینە دەرەوە. بەڕێگادا دەڕۆیشتین لەلای ماست و شیر فرۆشەکان مادلین دوو پەرداخ شیری خواردەوە. دوایی کەوتینە چۆڵی، چاوی بە قاوەخانەیەك کەوت، قاوەخانەیەك بوو باخچەیەکی بچووکیشی هەبوو. زۆری پێخۆش بوو، وتی:(تۆزێ لێرە دانیشین) هەریەکەی دوو سێ پیاڵە چایەمان خواردەوە. دووبارە کەوتینەوەڕێ. هەواش گەرم بوو.هەریەکەی شەربەتێکی لیمۆشمان خواردەوە.پاشان چووینە مۆزەخانەی زەویناسی،کە گەیشتینە مۆزەخانەکە نیوەڕۆ بوو، برسی ببوو. وتی:

– بەس حەزم لە دۆیە.

دۆم بۆ کڕی. دوایی بردمە (مسجد ابا صوفیا) ماندوو ببوو، داوای ئاوی میوەی کرد. ئاوی میوەشم بۆ هێنا. هەروا پەرداخێك شەربەتی هەڵووژەی خواردەوە. گەیشتینە (سیرکجی) مادلین تووشی شتێك بوو. داوای لێبوردن دەکەم کارێکی بچووکی هەبوو. وتی : لێرە تەوالیت نییە؟) ئێستا من چی بکەم؟ ... ئاودەست؟ ... بیرمکەوتەوە، کە هەموو شوێنێ ئاودەستی گشتی لێیە، بەڵام هەرچەند گەڕام و سووڕام ئاودەستێکم نەدۆزییەوە، نازانم ئاودەستخانەکانیان چی بەسەر هاتبوو، لەوانەیە تێکیان دابێ. باش بوو نزیکی وێستگەی هێڵی ئاسن بووین، بردمە وێستگەکە،بەڵام لەلای ئاودەستەکانی ژنان دوو تەختەی گەورەیان ڕاست و چەپ کوتابوو لەسەریشیان نووسی بوو،( لە ژێر چاکردنەوەدایە) نەمدەزانی چی بکەم ، فەقیرەی وەك مس سووربببۆوە، ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد، بردمە لای ئاودەستی پیاوان، بەڵام لە بەدبەختیدا لەلای ئاودەستی پیاوانیشەوەو دوو

تەختەیان لە شێوەی نیشانەی جاران (×) کوتا بوو ئەویشیان هەر لەژێر چاکردنەوە بوو.

مادلینی بێچارە،هەناسەی نەدەهات، تاقەتی دەدا خۆی. بە خەیاڵمدا هات خۆ دەبێ لەو نزیکانە ئاودەستی گشتی هەبێ، بەڵام هەر چەند تەماشای ئەم لاو ئەو لای کرد چ ئاودەست دیار نەبوو.

بۆ ئاودەستی گشتی پرسیارم لە یەکێك کرد. وتی:

– تەشریفتان ببەنە (ئەمین ئونو)، لەوێ لەسەر پردەکە یەکێ هەیە.

ئەو برادەرە ڕاستی کرد، بیرم کەوتەوە،وتم:(مادلین گیان بڕۆ)،وەلێ مادلین چما دەیتوانی هەنگاو هەڵێنێ؟.. وتی:

– ناتوانم چیدی بڕۆم.

نازانی حاڵی چی بەسەرهاتبوو.هەرچەند جارێ مادلین ناڵەی دەکرد، وەك بە قایم خەنجەرێکم لە دڵی بدەن وابوو، ئەو کچە بێچارەیە ڕاست دوولا ببۆوە وەك مار پێوەیدابێ سواری تاکسیم کردو بە شۆفێرەکەم وت:

(فریامان بکەوە، خێرا بمانگەیێنە ئەمین ئونو، گەیشتینە ئەمین ئونو، بەڵام نازانم تەوالێتەکانیان چی بەسەر هاتبوو هەرچەند تەماشای ئەولاو ئەولامان کرد هیچمان نەبینی، لێم ڕوونبوو، کە ئەوانیش تێك دراون. سوپاس بۆ خوا بە تاکسی بووین و پیادە نەبووین، مادلین وتی:

– مەگەر تۆ نازانی لەو بەندەرانە تەوالێتی گشتی نییە؟

وتم:

– مومکین نییە.

ئەگەر ڕاستیت دەوێ خۆشم نەمدەزانی چ دەڵێم. بە شوفێرەکەم وت بڕۆ (کاراکوی).

مادلین وتی:

–ناتوانم چیدی خۆم پێ ڕاناگیرێ. وتم:

–عەزیزم ئاگاداری خۆتبە... مادلین گیان تا ئێستا دەگەینەجێ، تۆزێکی دی خۆت ڕاگرە.. ئێستا ئیسراحەت دەکەی ..

گەیشتینە بەندەری کاراکوی.وتم:

– مادلین گیان بڕۆ دەی ئەوە گەیشتین.

هەر چەن بە ڕاست و چەپماندا دەڕوانی چ ئاودەست دیارنەبوو. بە یەکێ لە کارمەندەکانی بەندەرەکەم وت:

– ئەوە لێرە ئاودەست لەکوێیە؟ وتی:

– ببورە، ئاودەسی لێ نییە.

وتم:

– ئەی ئێوە چی دەکەن؟

وتی:

– تۆ خۆت تێ هەڵمەقورتێنە.

وتم:

– مادلین بڕۆ..ئێستا تەوالێتت بۆ پەیدا دەکەم.کچە شین هەڵگەڕابوو، خەریك بوو بتەقێ، منیش وەڕز ببووم. لەو کاتەدا بیرمکەوتەوە خۆ ئەو ناوە پڕیەتی لە کۆمپانیاو خانەی بازرگانی، مادلینم گەیاندە لای یەکێ لە

کۆمپانیاکان، بەڵام ئەو بێچارەیە لە دۆخێکی وەهادا نەبوو، کە بتوانێ بە قالدرمەکاندا سەرەکەوێ، وتم:

–عەزیزم وەرە سواری ئەسانسۆر بین.

بە ئەسانسۆرچییەکەم وت:

– زووکە.

یارۆ وتی:(دەبێ بوەستن تا چوار کەسی دیش بێن ئینجا ...

هەرچەند وەستاین کەسی دی نەدەهات. کچە ڕەشدا گەڕابوو . ئارەقە تك تك لە سەرو چاوی دەتکایەوە.

بە خوای ئەگەر دەتانبینی فەقیرەی بە چ دەردێك چوو بوو جەرگتان دەبووە کەبابە !...بە جۆرێك پێیەکانی جووت کرد بوو و تاقەتی دەدا خۆی. وتم:

– مادلین گیانەکەم... عەزیزم...نازدارەکەم تۆزێکی دی خۆت بگرە... ئێستا دەتگەینمە تەوالێت...

ئەو خەڵکە زۆرە، کە وەك شالاو بەرەوخوار و بەرەو ژوور دەچوون شیرپاکێك نەبوو بێت سواری ئەسانسۆر بێت... خەریك بوو شێت دەبووم.

دواجار دوو کەسی دیش هاتن و سواری ئەسانسۆر بووین.

ئەسانسۆرچییەکە وتی :

– نهۆی چەندەم؟

بۆ ئەوەی قسەیەك بکەم،وتم:

–نهۆی چوارەم.

لە نهۆمی چوارەم بە پیادە ڕۆیشتین. سەیری ئەو ڕێپێوانەمان دەکرد، تا بۆ دواجار ئاودەستخانەکمان دۆزیەوە.وتم:(مادلین گیان وەرە، ئەوە ئاودەس.)، بەڵام هەر چەند کردم دەرگی ئاودەستخانەکە نەبووەوە.قفلّیان دابوو.ئاخر لە چ شوێنێکی دونیادا دەرگای تەوالێت قفلّ دەدەن؟!

شاگرد چایچی یەکە خەریکی چای گێڕان بوو، پێم وت:

– کاکە گیان، دەرگای تەوالێتەکە بۆ قفلّدراوە:

– خۆ ئەوە تەوالێتی گشتی نییە، هەموو ئەوانەی لەو دەزگایە ژووریان گرتووە، هەر یەکەی کلیلێکیان لایە، هەر کاتیّ بیانەویّ دەست بە ئاو بگەیێنن دەرگاکەی دەکەنەوە، هەر کاتێکیش کاریان تەواو دەبیّ دەرگاکە قفلّ دەدەنەوە) .

مادلینی بێچارە وەك ئەوەی بیەویّ سکەکەی دابنیّ، خۆی گرمۆڵە کردبۆوە. ئیدی تاقەتی نەمابوو. تەماشام کرد بە خەمگینییەوە لە پشت دەرگای تەوالێتەکەوە وەستاوە.

ئیتر ئەو کچە بێچارە چیتر نەیدەتوانی بڕوا بەڕێوە، دەستی بە دەر و دیوارەوە گرتبوو، بە گیان کێشانەوە خۆی گەیاندە سەر جادەکە. بیرم کەوتەوە، کە لە (گالاتەسەرای) ئاودەستخانەیەکی گشتی هەیە. بە دوای تەکسیدا ڕامکرد. ئەو بێچارەیە خەریکبوو لە پڕدا بتەقێتەوە، گرتمەوەو پێم وت :

– مادلین گیان، عەزیزەکەم، گیانەکەم ... هەر تۆزێکی دی خۆت ڕاگرە ... ئێستا دەگەینەجیّ...ئیدی مادلین ئاگای لە خۆ بڕا بوو ، لە نێو تەکسیەکەدا نیوەگیان ببوو ، بردمە لای ئاودەستی گشتی.

وتم :

– ئازیزم زووکە ... ئەوەتە ... ئەوە تەوالێتە ..مادلین ڕۆیشت و وتی :

– لێرە نابێ ... ماڵی خەڵکە ...

وتم:

– قەیدی ناکا عەزیزم.. عەیب نییە...

وتی:

– نابێ ... ناتوانم.

ئاودەستخانەیەکی ترم کەوتەوەبیر، بۆ تاکسی چووم، بەڵام لە بەدبەختیماندا ئەو جادەیەش یەك ساید بوو، هیچ شتێك بەرەو سەرەوە نەدەڕۆیی، دەبووایە بە پیادە بڕۆین. من باڵیم گرت و دەستم کرد بە ڕاکردن. ئەو بێچارەیەش نەیدەتوانی بە ڕێگەوە بڕوات، نەیدەتوانی قاچەکانی لێك بکاتەوە، هەر بە زۆری خۆی بە خۆیدا شۆڕ کردبووەوە، ئای دڵداری.وتم:

– عەزیزم...یەك تۆزێکی دی خۆت ڕاگرەو ئاگات لە خۆت بێ. ئێستا دەگەین.. ئەوە دەگەینەجێ...) من هەر خەریك بووم دەمکوشی، ئیتر منی بە جێهێشت و بینایەك دەرگاکەی کرابووەوە خۆی کوتایە ژوورەوە و بە ڕاکردن وەك برووسکە بەسەر قاڵدرمەکەدا سەرکەوت.

ئاخ...فەقیرەی هەناسەیەکی بە ڕەحەتی هەڵکێشابوو.چووم. بەستەزمان مادلین لەسەر یەکێك لە پێ پلیکەکان دانیشتبوو و دەستی بەسەری خۆیەوە گرتبوو و هۆن هۆن دەگریا.وتم:

– باشە خۆشەویستەکەم...ئیسراحەتت کرد؟.. هەڵسە بڕۆین..

قۆڵم گرت و بڵندم کرد شڵپ و شڵپ کەوتینە ناو ئەو ئاوەی هاتبووە دەرەوە. مادلین دەگریا، هەنسکە هەنسکی بوو.وتم:(عەزیزم..چیدی خۆت مەگرە.. بگری .. گریان باشە...گەر بگری دەحەسێیتەوە).

مادلین چیدی قسەی نەکرد. کە هاتینەوە ماڵەوەش هەر قسەی نەدەکرد. ڕۆژی دوایش جانتاکانی بەستەوەو ڕۆیشت. هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو چیدی نەمبینیەوە. تەنها نامەیەکی بۆ نووسیم. ئەو نامەیەم هەر لە یادە.

نووسی بووی:

وڵاتەکەتان زۆر جوانە. ئێوە خۆشتان مرۆڤی میهرەبان و میوانپەروەرن. ئای خۆزگە تەوالێتی گشتیتان دەبوو.

بەڵێ کاکەگیان، دەبێ یەکەمجار مەسەلەی ئاودەستخانە گشتییەکان چارەسەر بکرێن، تا ئەو کاتەی دۆخی ئاودەستە گشتییەکان تەواو چاک نەکرێ، هەر کارێ بیکەین بێ سوودە.. ئێستا تێگەیشتی ؟

- تێگەیشتم!

کتێبی هەواڵنامە

# ئەو شێتەی هەڵات

خەریك بووم لە (ئەمین ئونلو)ەوە بەرەو (کاراکوی) بڕۆم،کە گەیشتمە سەر پردەکە دەنگی هاوارێك بەرز بووەوە:

– ئای بیگرە هەڵات ...

– پاسەوانەکان دەستیان کرد بە فیکە لێدان و سەیرکردنی ئەم لاو ئەو لا. خەڵکیش ڕژانە ئەو ناوەو لەگەڵ ئەوان بەرەو ژوور وەسەر دەکەوتن. هەموو لە یەکدیان دەپرسی:

– چ خەبەرە؟

– چ بووە؟

– دەڵێن شێتێك لە دەستی پاسەوانەکان هەڵاتووە.

– کەس نازانیٚ ئەو پاسەوانانە چۆنن،هەندیٚ کات هەموویان دەگرن و ئێستاش وا ڕاویان دەنێن یەکیٚ لێم نزیك بووەوە، وتی:

– توخوا تۆ تەماشای عاقڵەکان بکە!..خوا قبووڵ ناکا ڕەحمەت لە شێتەکان...، تەماشاکە چۆن هەموویان بەرەو بان سەردەکەون! نەمزانی چ

وەڵامی بدەمەوە.بە ئەدەب و نەزاکەتەوە سەیرێکم کرد و ڕۆیشتم. پیاوێکی دی لێم نزیك بووەوە.

وتی: مەسەلەکە وا بەو سادەییە نیە...کاکە دەڵێن لە شێتە ترسناکەکانە، گوایا تا ئێستا چوار کەسی کوشتووە..دەڵێن بگاتە هەر یەکێ هێرشی دەباتە سەر!..

ئەو پیاوەی لێم نزیك بووەوە لەگەڵیا کەوتینە ڕێگا. نوکتەی بەتام و چێژی دەربارەی ئەو شێتانە بۆ دەگێڕامەوە. نوکتەکانی زۆر خۆش بوون، زۆر جوانیشی باس دەکردن،دەمی زۆر گەرم بوو، زۆر پێکەنیم. بەڕاستی مرۆڤێکی ڕوو خۆش و قسە خۆش بوو.

وتی:بێ گومان گوێت لێ بووە:لە (شێتخانە) بە شێتێکیان وتبوو: (ئەوە تۆ چەند کەسی؟..) شێتەکەش وەڵامی دابووەوە:(بفەرموو، کە تۆ لە دەرەوە چەند کەسی؟..).. دوای وتنی ئەو نوکتەیە،یەکێکی نیشاندام وتی: بۆ نموونە تەماشای ئەو پیاوەکە! ...

سەیرێکم کرد، ئەو بەردەوام بوو .

– کێ دەڵێ ئەو شێتەی ڕایکردووە ئەوە نییە!

– بۆ ئەوەشیان ڕاستی دەوت، کاکە هیچ ڕووخساری بە مرۆڤی عاقڵ نەدەچوو. بە ڕێگە دەڕۆیشت و لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد. ماوەیەك زۆر قسەی بەڕێ و جێی دەکرد ، دوای وەك بڵێی گوێی لە جنێوێك بووبێ –ڕووی گرژ دەبوو و وەك لە کوورە بێتە دەرەوە دەستی دەکرد بە تۆپ و تەشەر هاویشتن و جنێودان، وتم:

– وەك ئەوەیە؟ ...

لە قسەکانم ڕایکرد.وتی:

– وەك ئەوە نییە.ن.خۆی خۆیەتی و لەکەل ناکات.

وتم:

– با پۆلیس ئاگادار کەینەوە!..

وتی:

– سەیرێکی ئەوە کە!..ئا ئاوایە بەم جۆرەیە! ئەو پیاوەی هاوڕێکەم پێی نیشاندام ، تەماشام کرد خێرا خێرا بە ڕێگەوە دەڕوا پێ دەکەنێ. کاکە لە خۆمەوە ڕووم گرژ بوو ئاخر ئەمە بە چی پێ دەکەنی. بە پەنجەکانی دەستی کرد بە حیساب کردن ، دوایی دووبارە کەوتەوە ڕێگا.

– خۆیەتی...،ئەو شێتەی لە دەست پۆلیسەکان هەڵاتووە ئەمەیە! .. دەبێ خەبەر بدەین.

وتی:

– سەیرێکی ئەو دوو کەسە کە بە پێشماندا ڕەت دەبن، باش تەماشاکە، گوێ بگرە بزانە چ دەڵێن!..ئەو دوو کەسەی دەیانویست بە پێشماندا ڕەت بن، هەردووکیان دوو کەسی کەتە و قەڵەو بوون. بە دەنگێکی بەرز قسەیان دەکرد:

– دەبێ پێی بڵێی: (کوڕەکە گیان وەرە با سەیرێکی بکەم ، ئەو لیمۆیانە یەکی بە چەندە ؟ ..)

هەر ئەوەندە بڵێ:(یەکی بە پەنجا قرۆش)، نەوەك لە دەستمان دەرچێ دەبێ پەلی بگرین و لەو پردە فڕێیدەینە خوارێ. دووایی بڕۆ پێش سەوزەفرۆش.بڵێ:(کاکی سەوزە فرۆش.دەسکی کەرەوز بە چەندە..) نەوەك

لە دەستمان دەرچێ ئەویش ببەی لە تەنیشت ئەوەی پێشووی هەڵبواسی.

ئەوانی دی ماستەکانیان هەر لە کیسە دەکەن و ناکەن...

بە خوای ئەو مرۆڤە نەخۆشانە گەر لە کاتێکا پێویستت پێیان بێ یەکێکیانت دەس ناکەوێ.

کاکە ئەوەی تریانیش بە هەمان شێوە قسەی بۆ برادەرەکەی دەکردو دەیوت :

– جووتیارین،کاکەگیان جووتیاری.. یەکەمجار جووتیاری و کشتوکاڵە ئەوجا ئازادی،...نابێ بستێ زەوی چییە نەچێندرێ. من خۆم چوار پێنج تاکە گوڵدانم لەو گوڵدانە ئاسایی یانە لەسەر باڵاخانەیماڵەکەمان داناوە. تۆوی پیازم چاند، تۆوی لۆبیای سەوزم چاند!..ئەدی کاکە ئەگەر هەموو ئەو کارە بکەن، ئەگەر خەڵکی ئەو شارە هەموو لە گوڵدانە ئاساییەکانی ماڵەکانیان، پیاز بچێنن ، ئیدی ئەو کاتە بۆچی هەموو شارەکە تووشی تەنگوچەڵەمەی پیاز یا خیار دەبن؟..خەڵکی هەر ئەوەندە دەزانن بڵێن (ئازادی!) ئاخر ئازادی قسەیەك نییە کە....

ئەگەر کاتێك لە هەموو شارەکە لۆبیای سەوز نەبێ، پیاز و خیار نەبێ، بێگومان ئازادیش نابێ؟

ئەوەکەی دیان بێ ئەوەی گوێی لە قسەی برادەرەکەی بێ دەیوت:

– کاکە گیان قامچی... قامچی...ئەو میللەتە بەبێ قامچی پیاو نابن و والسلام. باووباپیرانمان لە خۆیانەوە نەیانوتووە، قامچی میوەی بەهەشتە!

لەبەر ئەوەی هەردووکیان قسەیان دەکرد، قسەکانیان تێکەڵ دەبوو و بەم جۆرە دەگەیشتە گوێمان:

– یەکەمجار یاسای بنچینەیی... لۆبیای سەوز کاکەگیان،خیار. ئەو خەڵکە کە هەقیقەتەکە نازانن... ئەو سەگبابانە لینگیان بگری و... دەبێ هەر کەسێ لەبەر دەم ڕێگای ماڵەکەی خۆی کەرەوز بچێنێ... بە برادەرەکەمم وت:

– شێتەکان یەك بوون یان دووان...

وتی : نازانم.

وتم:ئەوانە هەردووکیان شێتن... دەبێ هەر ئێستا خەبەر بدەین!...

لە پێپلیکان دەهاتینە خوارەوە، خۆمان بگەیەنینە پۆلیسخانە. ژنێکی زۆر جوان دەیویست بە پێپلیکان دا سەرکەوێ.هەوا گەرمبوو، خانمیش دەستە جلێکی نازکی لەبەر بوو، دوو پیاویش لە پشت خانمەکەوە بەرەو سەرەوە دەهاتن،لە پشت خانمەکەوە دەڕۆیشتن، هەتا دەتوانم بڵێم: چەمابوونەوەو دەیانویست لەژێر دامەنیەوە سەیری بکەن و دەیانوت:

– تەماشاکە ئەو بێ ئینسافە چی کردووە...

– خۆشە لەسەر سنگی بخەوم و لەدواوەش یەکێکی بۆ لێدەم!

– ئای جەرگم.

لەسەر پێبیلکانەکان هاوارێك بەرز بووەوەو خەڵکیش ڕژانە ئەو ناوە: هەموو لە خانمەکە کۆبوونەوە. خانمەکە بە جانتاکەی لەسەرو کەللەی دەدان و هاواری دەکرد.

وتم:

– خۆیانن... شێتەکان ئەوانەن. دەبێ هەر ئێستا خەبەر بدەین! ...

کۆمەڵە خەڵکێکی دی لە پشت ئاسنی بەندەر کۆببونەوەو چاوەڕێ بوون دەرگاکە بکرێتەوەو سواری کەشتیەکە بن.

برادەرەکەم وتی :

– گوێ لەوانە بگرە .

گوێم لێ بوو ژنێك و مێردەکەی هەراو هۆریایان بوو.

مێردەکەی دەیوت :

– بەخوای هەڵدێم .. بەخوای ڕوو لە کێو و بیابان دەکەم .

ژنەکە دەیوت :

– مەگەر پێشیان لێ گرتبی...ئەوە عەرز و ئەوە گەز ..وا دەزانی توحفەت بۆ هێناوم. چ زۆرە مێرد زۆرە.

کاکە گوێی ژنەکەی گرت. ژنە بە هاوار هاوار بە سەرکەوت و دەستی کرد بە داد و بێداد و لەخۆوە قسەکردن.

برادەرەکەم وتی:

– زووکە بڕۆین،ئەگەر نا بەناوی شاهێدی یەوە ڕامان دەکێشن. خێرا خێرا لە شەڕەکە دوور کەوتینەوە هەتا لەسەر پلیکەکانیش هاواری دەچووە ئاسمانەوە.

سەیرێکی سەرەوەترمان کرد:تاکسی لەبەر گاز دیار نەبوو بە ویستی خۆشی دەڕۆیی،قاچی ژنەکەیش لە پەنجەرەی دەکوتاو داد و بێدادی بوو:

– ئای بردمیان... دیانەوێ بمرفێنن.. ئای بگەنە دادم... ئاخە ئادەمی عاقڵ بەو ڕۆژە ڕووناکە، بەو بەزم و ڕەزمە ژن دەرفێنێ؟

وتم:

– حەتمەن ئەوانە شێتن.. دەبێ زوو خەبەری پۆلیس بدەین.

دۆستە بە تواناکەم دووبارە دەربارەی شێتەکان دەستی بە نوکتە کردن کردەوە:نوکتەکانی زۆر بەتام دەگێڕایەوە... ن هەر قاقای پێکەنینم بوو. لەو هەرایە دا بووین دوو پاسەوان دەستی ڕەفیقەکەمیان بەستەوەو وتیان :

– چۆن ڕۆیشتی ؟ ! یاڵڵا پێشمان کەوە ! ..

دۆستەکەم وتی:

– باشە ! .. خواحافیز .. بەندە ئیدی مەرەخەس دەبم ، ویستم بە دوایدا بڕۆم... بڕۆم بۆ ئەو جێگایەی ئەویان بۆ دەبرد ، بەڵام نەمتوانی. وتم:

– خواحافیزت بێ دۆستی خۆشەویستم!..

هەواڵنامەی کتێب

# هەڕاجی ئەمریکی

پێری ئێواری هاتەوە بەدوامدا :

– تۆ هێشتاکە خەوالّووی.

– هەوا ساردە ... سۆبەکەش دانەگیرساوە.

– هەڵسە چایەکی گەرم بخۆرەوە گەرمت دەبێتەوە !

– نەوت نییە، هەتا ئەگەر هەش بێ شەکر و چام نییە .

– تۆ بنیادەمێکی زۆر سەیری، دەتەوێ هەر یەکسەر بتکەمە خاوەن سامان.

– من دڵ و دەماغم نەماوە، تۆش هەر خەریکی گاڵتە و بەزمی خۆتی.

–بە جددیمە، دەتەوێ لە ماوەی دە ڕۆژاندا بتکەمە خاوەن پارەیکی زۆر؟.

ئێستا ئەوەی لە چیرۆکەکەدا ماوەتەوە دەتوانم بە ئاسانی پێشنیازەکەی کەمالم قبوڵکرد و چووینە ماڵی باوکم، ووردەواڵەکانمان ڕێکخست و کەمال لۆرییەکی هێنا هەرچی کەلوپەلە شڕوشەپڕێوە کۆنەکانی ماڵ هەبوو لە لۆریمان بارکردو بردمانە ماڵەکەی من. باوکم فەقیرەی وەك دز چووبێتە ماڵەکەیەوەو لە دوای خۆی دەستێکی پێدا هێنابێ وەهای دەهاتە بەرچاو.

ڕۆژێ دوای ئەوەی،کە کەمال جاڕەکەی ئامادەکرد بوو لە ڕۆژنامە بڵاوکرایەوە.

(هەڕاجی کەلوپەلی ئەمریکی)

لە ڕێکەوتی ٣١ی مارتی ١٩٥٤ دا کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی لە شەقامی فلأن لە گەڕەکی فلأن لە خانووی ژمارە فلأن کەلوپەلێکی زۆری گرانبەهای چالاکوانی ئەمریکی (مستەر ئانۆڵد پای)،کە پسپۆڕە لە ڕێکخستن و نەهێشتنی جگەرەکێشان و لە دەورەیەکی ئەمریکیدا گەڕاوەتەوە دەیەوێ بە ڕێگەی هەڕاج بیفرۆشێ.)

ڕۆژی هەڕاج ئەو خەڵکەی لەبەردەمماڵەکەی وەستابوون لەبەردەم هیچ ئاهەنگێکی مۆسیقاو سینەماو تیاترۆخانەیەکدا نەمدی بوو. خەڵکەکە ئوتۆمبیلەکانیان لەپشت کۆڵانەکەوە ڕاگرتبوو.خانووەکە پڕ پڕ ببوو.تەنانەت لە کۆڵانەکەشدا خەڵکی وەستابوون. ڕێگای هیچ نەبوو، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر ئەرز،ئەو هەموو پیاوە! ئەو هەموو ژنە! خانمێك پاڵتۆیەکی لەبەردا بوو هەر بە چەك شتی دەکرێ. بە ڕاستی بیری ئەو شتانەم هەر نەکردبووەوە، بە کەمالم وت :

– کەمال، ئابڕوومان دەچێ.

کەمال وتی :

– دە سەبرت بێ ، دوایی بۆت دەردەکەوێ ئابڕووی کێ دەچێ!

هەڕاجەکە دەستی پێکرد، کەمال داری هەڕاجی بەدەستەوە گرت و چووە پشت چارپای هەڕاجییەوە. دەنگی کەمال بەرز بووەوە:

– دوو پارچە قەنەفە و چوار مۆبێل لەگەڵ کولەرەکان. قەنەفە و مۆبێلەکانی لەماڵی باوکمەوە هێنابوومان لە کەڵك کەوتبوون بە کەڵکی دانیشتن نەما بوون!

کەمال بەردەوام بوو:

– خوشك و برایانی بەڕێز. فەرموون سەیری کولەرەکان و ڕووی قەنەفەو مۆبێلەکان بکەن. قاپ و قاچاغی زۆر چاك و بێ وێنەی چالاکوانی ئەمریکی (مستەر ئارنۆڵد پای ١٥٠٠٠ لیرە).

چاوەڕێ بووم زریانی قاقای پێکەنین هۆڵەکە بلەرزێنێ، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی من دەنگێکی ناسك و هێمن لە هۆڵەکەدا وەڵامی دایەوە:

– ١٥٠٠٠

– ١٦٠٠٠

– ١٧٠٠٠

–کڕیارانی بەڕێز! مۆبێلە بێ وێنەکانی مستەر ئارنۆڵد بە ١٧٠٠٠ لیرە، یەك ... حەڤدە هەزار ... دوو .. حەڤدە هەزار.

– ٢٠٠٠٠

کەمال بە لا چاوێکەوە سەیرێکی کردم:

– خوشك و برایانی بەڕێز! فەرموون سەیری کولەرەکان بکەن ، یەك ... بیست هەزار ... دوو .. بیست هەزار .. سێ .. بیست هەزار .. پیرۆزت بێ!)

مۆبیلە کۆنەکانی باوکم بە بیست هەزار لیرەی کاش فرۆشران. بەخوای چەرچییەکان بە بیست لیرە نایکڕن، ئەو مۆبێلانەی سپرینگەکانیان مردبوو و

**هی زەمانی (زوڕنا) بوون بە بیست هەزار لیرە فرۆشران، باپیرەی خوالێخۆشبووم لە سەردەمی خوالێخۆش بوو سوڵتان ڕەشاد دا کڕیبووی لەسەری دادەنیشت..**

**کەمال بەردەوام بوو:**

**( مێزی پلاستیکی نان خواردنی ژنی ئارنۆڵد ... کڕیارانی بەڕێز، فەرموون سەیرکەن: مێزی چاکە، نیە لەو شێوەیە دروست کرابێ، دەڵێ بە ٩٠٠٠ هەزار لیرە.**

**– ١٠٠٠٠**

**– ١١٠٠٠**

**کەمال دەستی پێکرد :**

**(یەك ... یازدە هەزار ... دوو ... یازدە هەزار ... خانمان و برایانی بەڕێز فەرموون مێزی چاك و سەد لە سەد پلاستیکی بێ گەردو دروستکراوی ئەمریکی.. کەسی دی نەبوو؟... سێ ... یازدە هەزار، پیرۆزت بێ خێری لێ ببینی.**

**لەو بازاڕە گەرمە مێز و کورسی شکاو و حەسیرە شڕە هەزار لیرە هەزار لیرە بەرز دەبووە، خانمێکی بەڕێز، کە هەموو گیانی پڕپڕە بوو بە خێرایی و بە هەناسە بڕکێوە هاتبووە سۆراغی ئەو مۆبێلانەی کەمێك لەوە پێش فرۆشرابوون.**

**وتیان فرۆشراوە.**

**– ئاوا .. چ زوو .. حەیفە .. کێ کڕی؟**

**– خانەوادەی ستار.**

– بە چاويدا ديار بوو كڕياربوو، لە داخا ئەو بێچارەيە وتى.. من ئێستا تاخمى نان خواردن دەكڕم تا چاوەكانى پىێ كوێر بىێ ، تا ديق بكا !...
لەپڕ وەك يەكىێ گڕى گرتبىێ و داواى يارمەتى بكا، هاوارى كرد:
– ٢٠٠٠٠ ليرە
خانەوادەى ستاريش بەبىێ باكييەوە نرخەكەى زياد كرد:
– ٢٠٢٠٠ ليرە !
پياوێك، كە لە نزيك خانەوادەى ستارەوە وەستا بوو بە دەنگێكى ترسناكەوە وتى :
– عەزيزم ، ئەوە ناهێنىێ.
– چى؟... دەڵێى ئەوە ناهێنىێ؟... بەڕاستيى زۆر ئاقڵى !.. ئەوانە هى ماڵى مستەر ئارنۆڵدى ئەمريكاييە بە بيست و سىێ هەزار ليرە.
– ٢٥٠٠٠
كەمال وەك ئەوەى ديكە بەزەيى پێداهاتەوە،قەزيەكەى هەر لەوىێ بڕاندەوە:
( يەك .. بيست و پێنج هەزار ليرە .. دوو .. بيست و پێنج هەزار ليرە .. سىێ .. بيست و پێنج هەزار ليرە .. سىێ .. بيست و پێنج هەزار ليرە .. پيرۆزە ئينشاڵڵا.
ئەگەر سەوداكە كۆتايى نەهاتايە لەوانە بوو نرخى كورسييە شكاوەكانيش بگەيشتبايە هەزار ليرە !
كەمال بەردەوام بوو :
– كڕيارە بەڕێزەكان! خانمان و برايان! چراى ئەسڵيى ئۆتۆماتيكى، هەزار ليرە.

تەماشام کرد، ئەو چرایەم نەدیوە..لە ماڵی باوکم چرای وەها نەبوو. کەمال بۆ ماوەیێ بە گۆچانە کۆنەکەی باوکم هێنایی و بردی! چرای ئۆتۆماتیکی ئەسڵی، سێ هەزار و سێ سەد لیرە ! ئەو خانمەی چرایەکەی کڕی بوو بە دەستیەوە گرتبوو و دەیوت:

– سەیرکە، چەند جوانە! ...دەڵێی بۆ ژوورەکەی ئێمە دروستکراوە.

خۆشیی بەزمەکە لەوەدابوو،کە نۆرە گەیشتە سەر دۆشەك و نوێنەکان. دۆشەکەکان هەموو تیلمە پەمووەکانیان دەرهاتبوو.

کەمال داری هەڕاجی بەدەستەوە گرت:

(کڕیارە بەڕێزەکان! نوێنی تایبەتیی بەڕێز مستەر ئارنۆڵدی ئەمریکایی...نوێنەکانی کائۆچوئی مارکەی هۆلیوودە، بە سێ هەزار لیرە ! نوێنەکانیش بە پێنج هەزار لیرە فرۆشان.

دوایی کەلوپەلی کۆنە و شتومەکی ماڵی باوکم نۆرەی بڕوبزگوڕەکانی خۆم هات. نەك هەر کەلوپەلەکانی ماڵەوە هەتا دەرپێ کورتەکەشم فرۆشرا، ئەو شتانەی کە هەرگیز مرۆڤ خەیاڵی بە لایدا ناڕوا. ئەو دەمە کەمال یەخەی گرتم و لای حەمامەکە بەگوێیدا چپاندم وتی:

– یاڵڵا، خۆت ڕووت کەرەوە!

وتم :

– بۆ؟ دەتەوێ چی بکەی؟ ..

وتی:

– یاڵڵا پەکت ناکەوێ هەرچی لە بەرتە بیهێنە. دەرپێیەکەشت داکەنە، دەیفرۆشم، دوایی یەکێکی تازەت بۆ دەکڕم).

هەرچی لەبەرم بوو هێنام و کەمال دەرگای حەمامی لەسەر قفڵدام و وەك منالّی تازە لە دایك بووم لێهاتبوو، بەندی کردم، لە دەرەوە دەنگی کەمال دەهاتە گوێم:

کڕیارە بەڕێزەکان،خانمەکان..برایان..پانتۆڵی پسپۆڕی ئەمریکایی ئارنۆڵد پای، سەد لە سەد ڕاستیکیتۆنی بێ گەردە،سەر ئەژنۆکانی و بەردەلنگەکانی بە جۆرێکی تایبەتی و بە بەنی تایبەتی چنراوە، بە پێنج سەد لیرە.

– ٦٠٠

– ٧٠٠

دوای پانتۆڵەکە نۆرەی فانیلکە و دەرپێ کورتەکەشم هات.

(– مایۆی پسپۆڕی ئەمریکایی، مستەر ئارنۆڵد، لە نایلۆنی تەواوە... تەنها دوو جاری لەپێ کردووە، ٥٠ لیرە، دەنگی ژنێ هاتە گوێمەوە:

– حەیف، کە کەمی لەبەر کردووە، ئەگینا بە پێنج سەد لیرەش بووایە کڕیار بووم.

–کڕیارە بەڕێزەکان دەستەسڕی تایبەتیی مستەر ئارنۆڵد، بە سێ لیرە.

– پێنج لیرە !

– حەوت لیرە !

– دە لیرە !

– دە لیرە ! ..دوو ...، دە لیرە ! ... سێ، دە لیرە ... پیرۆزت بێ !

خانمان و برایانی بەڕێز، هەڕاجی ئەمڕۆمان تەواو بوو. دوای ئەوەی دەرپێ کورتەکەم و دەستەسڕەکەم وەك خەڵکی لایان وابێ ئاڵتوونیان کڕیبێ. لە دەرەوە، هەراو هۆریای خەڵکی و دەنگە دەنگی ئۆتۆمبێلەکانیان

بەرزبووەوە.هەر كەسە ئەو شتانەی كڕیبوویان باریان كردو بردیانەوە ماڵەوە. پاش نیو سەعات، دەنگە دەنگ نەما. لەو دیو دەرگای حەمامەوە بانگی كەمالم كرد و وتم:

– بەس درۆ بكە، قەسریم لەسەرمان!

– باشە، ٢٤٧٠٠٠ لیرەم كەوتە گیرفان.

– بژی كەمال!... واز لە درۆ بێنە لەسەرمانا ڕەق بوومەوە .

– ئارامت ببیَ فانیلەو دەرپێی كورت و جلوبەرگت بۆ دەكڕم و دەگەڕێمەوە.

كەمال ڕۆیشت سەعاتێكی پێچوو نەهاتەوە، دوو سەعاتی پێچوو پەیدا نەبووەوە، دەستەكانم خستە سەر پێیەكانم و دەستم بە هەڵ لەرزین كرد. شەو داهات كەمال نەهاتەوە.

ئەوا ئەمڕۆ دوو ڕۆژە لە حەمام دەژیم. هیچی نەماوە بمبەستیَ. ئەگەر بتوانم دەرگا بشكێنم و بێمە دەرەوە هەموو بە شێتم دەزانن. ئەگەر نەوت هەبیَ خۆم دەسووتێنم، ئەو چەند دێڕە لە حەمام، ئێستاش وا وەك داربی دەلەرزم و زۆری نەماوە بمبەستیَ دەنا دەمنووسی چی بەسەر كەمال داهات نەوەك ئۆتۆمبێلێك لێی بدات ...

نوكتەو بەلآیەكی وای بەسەرهات. بەخوا حەیف كەمال، كوڕی چاكە.

هەولێرنامەی كتێب

# حەڵاڵزادە

ئەو شتانەی لە خوارەوە ویستتان بیخوێننەوە، ئەو شتانەن یەکێ لە دۆستەکانم دەربارەی من بە دۆستێکی دیمی ڕادەگەیاند . هەروا دۆستانی ئێوەش لە بارەی ئێوەوە شت بە دۆستانی دیتان دەڵێن. ئێوەش دەربارەی دۆستەکانی خۆتان هەموو ئەو شتانەی بەر چاوتان دەکەوێ بە دۆستانی دیتان دەڵێن.

(– نابێ لە هەقیقەت لابدەین ، بەڕاستی پیاوی چاکە ، بەڵام ... نازانم چ بڵێم ... ، خۆپەرستە ... وا نییە ؟ خەیاڵ نەکەیتەوە من شتی خراپ لە بارەی ئەوەوە بڵێم ... ، هەرگیز شتی وا نییە... ، بەڵام چی دەکەی ؟ لە قازانجی خۆی بەولاوە – هەرچەندە زیانی هەبێ بۆ خەڵکی تر– هیچی تری ناوێ ... دەزانی من لە چی بە خراپی دەزانم ؟ .. وەك دیارە .. مرۆڤی چاك و دڵپاك ئەوەیە دۆستایەتی بزانێ ، ئەو زیرەکی و هۆشمەندییەکەی ئەوەیە هەر لە فیکری خۆیدایە .. مەگەر نا بە ڕاستی پیاوێکی دڵفراوانە ... بەڵێ ... ، ڕاستە ... ، بەڕاستی نووسەرێکی باشە ... نووسینەکانی یەك لە یەکی

چاکترن،بەڵام سوودی چی هەی؟...، ئەو شتەی دەینووسیٚ چییە؟...تۆ تا ئەمڕۆ دیوتە لە شتی پەرشوبلاو زیاتر هیچی دی بنووسیٚ ...، قەشمەریات نابێتە نووسین...،هەر برۆ مەکتەبەکەی بزانە لەو هەرایەی سەر دەردەکەی...، قسەکانم بەخراپی وەرنەگریٚ!... بەڕاستی مرۆڤێکی ڕێکە... بەلێنەکانی بەلێنن.. لەوانە نییە پاش ملە قسان بکا...، بە کورتی مرۆڤێکی جێگای باوەڕە...، بەلام ... نازانم چ بلێم... حسێب و کتێبی تەواو نییە... تەنها دەیەویٚ گوێت لیٚ بگریٚ و دوایی گاڵتەت پیٚ بکاو شتەکە خۆش بکات...بەڵام نەکەی قەرزی پیٚ بدەی...دوایی دەگەیەکی وات لێدەدات نەیەوە سەرخۆت... ئاخە شەرەفی مرۆڤ تەنها باشەیە!... قسەی بەتام و شیرنیش لە جیٚ ی خۆی، دەبیٚ مرۆڤ پێش هەموو شتێك پابەندی شەرەف بێت...مرۆڤێکی دەست و دڵکراوەیە ...تا بتەویٚ لۆتیە...بە ڕاستی لەو شتانە عەیبی نییە... بەلام یارمەتی و بەخششی ئەو بیٚ حیسابە... ئەگەر دەنکە زەیتونێکت بداتیٚ دەیەویٚ تەنەکەیەك ڕۆنی زەیتوونیش بخاتە کیسەکەتەوە، لۆتیگیری ئەوەیە کە ... ، خەیاڵ نەکەیتەوە... بەڕاستی من زۆر پێوەندیم لەگەڵیدا نییە و چ ئیشم هەیە ئەو قسانەی لە بارەوە دەکەم.. وانییە ؟... ڕەزیل نییە...، پارە خەرج دەکا .. گیانی هاوڕێکەی لە خۆی ناڕەنجێنیٚ...بەلام ئەگەر سەرنجتدابیٚ هەمووی تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیەتی...خۆت باش دەزانی گچکەترین قسەی نییە...،بە ڕاستی ئینسانێکی چاکە... ئەگەر بەهۆی ئەوەوە خێرێك بەم و بەو بگات هەرگیز پێی ناخۆش نییە... ، ئەوانە ڕاستن... بەڵام...، تەماشات کردووە یان نا ؟ .. خۆی باش دەزانیٚ هەمووی بۆ خۆیەتی... داستانی ئەو گایەی دەزانی ... دەلێن:گایەك

هەبوو پێنج سەد كیلۆ وێنجەی دەخوارد ئەمجا بە لەقانیش پێنج تنۆك شیری نەدەدا.

ئەو ڕووخسار و باڵایەی وەك ئەو گایە دێتە پێش چاوم.. باوەڕت بێ لە برام زیاتر دۆستایەتیم لەگەڵی هەیە...حەیف كەوا حەسوودە!... دوایی تۆش تەماشاكە..! زۆر حەسوودە..،بە نزیكترین برادەری حەسوودی دەبات ... نازانم لە مەبەستەكەی من تێدەگەی یان نا؟..

بۆچی؟..من باش لە مەبەستت تێدەگەم، منیش زۆر برادەرمە ... یەكێكە لەو چەند كەسە كەمانەی، كە من زۆر پێوەندیم لەگەڵیدا هەبێت... دەتوانم بڵێم هەتا لە برام زیاتر دۆستایەتیمان هەیە.

دەزانی لە چیش زۆر خۆشم دەوێ؟.. هەرچی ڕقەبەری هەیە لە دڵی ئەو بەستەزمانەدا نییە...بەڵام نازانم ئەو فێڵبازییە چییە هەیەتی؟... بەخۆی بڵێ، دەڵێ:(نەزاكەتە)!...بەلاَم ئەو كلاَوانە دەچنە سەری كێوە؟.. فێڵبازێكە نەوعی نییە...ئەگەر ڕاستیت دەوێ من تەنها لەو شتەیان نەفرەتی لێ دەكەم.بەخوا باوەڕكە زۆر برادەرمە. بەڕاستی ئینسانی چاكە و دۆستی هەموانە...ئەوە ڕاستە...بەلاَم...حەتمەن تۆش تەماشات كردووە... {ئاگری بن كایە}...كاتێ لە پێش تۆ باسی تۆ دەكا، باسی چاكەی تۆ دەكا،بەلاَم خوا دەزانێ چ لەژێر سەرەو چۆن لە پشتەوە خەنجەرت لێدەدا... شتی وانییە،هەر فكری خۆی پێ باشەو هیچ سوود لە برادەرەكانی وەرناگرێ...هەر سوودو قازانجی تایبەتی خۆی لەبەر چاوە، بەزەیی بە باوكی خۆشیدا نایەتەوە...وانەزانی من بەخراپە باسی دەكەم... هەرگیز... وەك وتم دەبێ بڵێم مرۆڤێكی بەشەرەفە ...، بەڕاستی ئینسانێكی

**شەریفە...بەلاَم...سەیرکە...خۆیشی ئەوە هات..هەی هەی...قوربان ئەوە لەکوێ بووی؟.. ئەوە سەعاتێك دەبێ باسی چاکەی تۆ دەکەین..بێ ئاگایانە نەیانوت: پیاوی حەلاَلزادە وا بەسەر قسەکاندا دێی.**

هەوالنامەی کتێب

# وێنەو ڕوون کردنەوە

ئەو لە ژیانی خۆیدا سەلماندی ، کە مرۆڤێکی سەدەی بیستەمە ، ژیانی ئەو لەگەڵ وێنەو ڕوون کردنەوە دەستی پێ کرد ، هەر بە وێنەو ڕونکردنەوە دەستی پێ کرد ، هەر بە وێنەو ڕونکردنەوەش کۆتایی هات. خەڵکی بەهۆی ئەو ئاگادارییەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە لە لە دایك بوونی (گوچرمان چین) ئاگادار کرانەوە .

لە دایك بوونێکی پیرۆز

ئەوی ڕابردوو (کاك نووری چین و خێزانەکەی) کوڕێکیان بووە ناویان نا (گوچرمان).

پیرۆزبایی لە دایك بوون و داوای تەمەنێکی درێژ بۆ ئەو ساوایە دەکەین.

کاك (نوری چین) هەر بەو ئاگاداری نامەیە نەوەستا و بۆ چاوڕوون کردنەوەی دەیویست بە هەموو دانیشتووانی گۆی زەوی زیندوو و مردوو دەستە گوڵی مرۆڤایەتی (گوچرەمان چین) پێش کەش بکات و خەڵکی بە لەدایك بوونی

ئاگادار بکاتەوەو هەڵسا ئاگاداری نامەیەکی دی لە ڕۆژنامە بڵاوکردەوەو ڕوونی کردەوە :

(سوپاس)

بەبۆنەی ئەوەی جەنابی بەڕێزی دوکتۆر فڵان (پسپۆڕی بەڕێزی منداڵ بوون و نەخۆشی ژنان) هەنگاوێکی نەشتەرگەری چاکی نا بۆ لە دایك بوونی کوڕەکەمان (گوچرمان) و ژنەکەمی بە شێوەیەکی جوان و لێزانانە لە مەرگ ڕزگار کرد ئەو دکتۆرە بەتوانایە شایانی سوپاسە و وا بە هەموو هاوڵاتیە بەڕێزەکانی دەناسێنم .

نووری چین

(گوچرمان) بووە پێنج ساڵ ... ڕۆژێك لەبەر دەرگا یاری دەکرد بزر بوو.کاتێ کە دایکی و هاوسێکانیان بە دوای ئەو ساوایەدا دەگەڕان (کاك نووری) وێنەیەکی ٤×٦ ی (گوچرمان)ی دابووە لاپەڕەی ئاگاداری نامەی ڕۆژنامەکان :

(بزر بوون)

(گوچرمان چین خاوەنی ئەم وێنەیەی سەرەوە بزر بووە ، هەر کەسێك ئەویان بینیوە یان شوێنەکەی دەزانن بە ناوی مرۆڤایەتییەوە یارمەتیمان بدەن و بەم ناونیشانە ئاگادارمان بکەنەوە.

ناونیشان ...

کاتێ (کاك نووری) گەیشتەوە ماڵ ، دەمێك بوو (گوچرمان) لە ڕۆژنامەکاندا سەیری وێنەکەی خۆی کردبوو و زۆر پێی دڵخۆش بوو بوو ! ...

**هەر دوای ئەوەی ئەو هەلەیان بۆ ڕێکەوت و هاتنەوەی (گوچرمان) یان بە هەل زانی و ئاگاداری نامەیەکیان دا بە ڕۆژنامەکان .**

**(ئاهەنگی سوننەت کردن)**

**لەڕێککەوتی شەممە دووەمی نیسانی؟ کاتژمێر٨ ی شەو سوننەتکردنی (گوچرمان چین)ی کوڕمان دەست پێ دەکات. لە خزم و دۆستانی بەڕێز داوا دەکەین بەشداری ئەو جەژنەمان بکەن و سەرفرازمان بکەن.**

**نووری چین و خێزانەکەی**

**ناونیشان ....**

**دوای تەواو بوونی ئاهەنگی سوننەت کردن بە بەهانەی سوپاس و ناساندنی دوکتۆر بە خەڵکی ، ئاگاداری نامەیەکیان دا بە ڕۆژنامە و جارێکی دیش ناوی (گوچرمان) لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە.**

**( لە نمرەکانی قوتابخانەدا کەوتووە )**

**کاغەزی بڕوانامەی خوێندنم ون کردووە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی تریشم نییە، بە کەوتوم دەژمێرن.**

**(گوچرمان چین)**

**(گوچرمان) وەك حەڵاڵزادەکانی دی خێزانەکەیان ڕێگای باوکی گرتەوە، زۆر بە ئاسانی سوودی لە وێنەو ڕوون کردنەوەکانی وەرگرت و لەسەری بەردەوام بوو.**

**لە مانگێکدا دوو ئاگاداری نامەی وون بوونی پێناس و کارنامە و شتی دی دا بە ڕۆژنامەکان، بەڵام لە ڕاستیدا نە هیچ بزر بوو بوو نە هیچیشی لێ پەیدا دەبووەوە.**

**مژدەیەکی تایبەتی**

لە ڕۆژی سێ شەممەدا لە نێوان مەیدانی ماکسیم و وەزارەتی جەنگ دا جانتایەکی دەستی کە٤٠٠٠ لیرەی کاش و نزیکەی ٥٠٠٠ لیرەش کاغەزی بەهادار و شتی دی تایبەتی تیایەو بزر بووە. داوا دەکەم هەر یەکێك دۆزیویەتەوە پارەکان وەك مژدەیەك بۆ خۆی بێ و کاغەز و سەنەد و شتە تایبەتییەکانی دیم بۆ بگەڕێنێتەوە.

**(گوچرمان چین)**

ناونیشان...

هەر دوو سێ مانگ جارێك ئاگاداری نامەیەکی بەناوی (کاغەزە بەهادارەکان) و (سەنەدەکانی مولْك) و (مادارکی شەخسی) و (مژدەیەکی تایبەتی) لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە. (کاك نووری) بە کوڕەکەی دەوت:

– نابێ ئاگات لە وێنە و ڕوون کردنەوەکانت ببڕێ. بە هەر شێوەیەك بێت دەبێ بیری خەڵکی بۆ لای خۆت ڕابکێشی نابێ هەلی ئەوەیان بدەی فەرامۆشت بکەن ...) ناوی (گوچرمان چین) لە ئاگاداری نامە یەك بە دوای یەکەکان و هەمە جۆرەکانی ڕۆژنامەکاندا تێکرا بێ ئەوەی بزانن (گوچرمان چین) کێ یەو چ کارەیە ، بە ناوەکەی ئاشنا بوو بوون.

ئەگەر لە جێگایەك خۆی بە خەڵکەکە بناساندایە،یا لە کۆڕێکا ناوی (گوچرمان چین) بهاتبایە. زۆربەی ئامادەبووان بەهۆی ئەوەی بە ناوەکەیەوە ئاشنا بووبوون دووچاری بیر کردنەوە نەدەبوون.

(کاك نووری) هەر وەرەی بەرز بوو ، ئەو کارەشی ڕایدەپەڕاند بە چاکی بەرەو کۆتایی دەچوو. بەهەر شێوەیەك بوو، بە قەرز (گوچرمان)ی ڕەوانەی

پاریس کرد و دوای چل ڕۆژ (گوچرمان) ، کە پارەی لێبڕابوو گەڕایەوە وڵات ، ( کاك نوری)یش کارێکی وای کرد ئەو ئاگادارییەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە :

(سەرکەوتنی درەوشاوەی لاوێکی تورك)

( کاك گوچرمان چین) ، کە یەکێکە لە لاوانی خۆشەویست و زانایانی وڵات دوای کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ووردو دوور و درێژ بە کۆمەڵێ زمانی ئەوڕوپایی گرنگ و لەگەڵ چەند زانایەکی ئەوڕوپاییدا کۆبۆتەوە و ئێستا دوای سەرکەوتنی کارەکەی دەگەڕێتەوە وڵات. پیرزۆبایی لە سەرکەوتنی ئەو لاوە خۆشەویست و زانایە دەکەین.

خوێنەرانی ڕۆژنامەکان ڕۆژێکی دی چاویان بەو کارتەی بووك گواستنەوە – کە تا خوارەوەی نەخشابوو– کەوت نووسرابوو :

کاك (گوچرمان چین) خاتوو (سوگی جان)ی نیشان کردووە ...

گوچرمان بۆ ئەوەی بتوانێ وێنە و ڕوون کردنەوەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکاتەوە چەند کچێکی گۆڕی ، هەتا دواجار ڕۆژێکیان یەکێکیانی بە ملدا هات و ئێمە بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە زانیمان. ناونیشانی ئاگاداری نامەکە وەهابوو:

کاك گوچرمان چین لەگەڵ خاتوو زەکیە زەنگولەچیان دا زەماوەندیان کرد...).

(کاك گوچرمان) وا دیار بوو بە شتێکی گرنگی وەرگرتبوو سوودێکی زۆری لە وێنە و ڕوون کردنەوەکانی پێشووی خۆی وەرگرتبوو ، بۆیە ئەمجارەش لە ڕۆژنامەکاندا ئەو باسەی خوارەوەی بە سەردێڕی (ماڵ و خێزان) دەربارەی بڵاو بووەوە : (خاتوو زەمیە زەنگولەچیان ، کە کچی یەکێ لە خێزانە ناسراو

و بەڕێزەکانی شارە لەگەڵ کاک (گوچرمان چین) دا ، کە یەکێکە لە لاوە خۆشەویست و لێهاتووەکانی بە ئامادەبوونی کۆمەلچیێ لە پیاوە بەڕێزەکان و کەسایەتی یە ناسراوەکانی سوپایی و ئەنجوومەنەکانەوە دەبێ و ئاهەنگی سادی تا نیوە شەو بەردەوام دەبێت.

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی و داوای ژیانێکی خۆش بۆ ئەو لاوە دەکەین.

بەڵێ ... ئێمە بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە لە تەواوی ژیانی ئەو ئاگادار بووین ، هەتا شتە بچووکەکانیشی. خوا سێ کوڕ و کچێکی پێ بەخشی ... یەکێ لە کوڕەکانی کەوتە نێو ئاوی کوڵاوەوە ... ژنەکەشی جارێك بەهۆی ڕەحمیەوە، جارێکی دی بەهۆی نەخۆشی مەیاسیرییەکی توندەوە کەوتە ژێر دەستی نەشتەرگەرە شارەزا و بەتواناکانەوە ... چاویلکەی لە چاو دەکرد و جارێکی دی تووشی نەخۆشی ئەوە بوو شتی لەبەر چاو گەورە دە بوو ، چەقۆ دەستی بڕی بوو ، ... ڕۆژێکی دی دیسان نەشتەرگەرێکی شارەزا بزمارێکی لە پێی بڕی و ...

ئێمە بەهۆی سەردێری ڕۆژنامەکان:(سوپاس) (بەخشین) (تەسلیە) (میهرەبانی) (وون بوون) (پیرۆزبایی) (گەشت کردن) بە تەواوی ئاشنای ژیانی گوچرمان چین بووبووین،بەڵام وا نەزانی ڕۆژنامەکانی ئێمە لەسەر داواکاری ئێمە ئەو شتانەی دەربارەی بڵاو دەکردەوە ، نەخێر ، گۆشەی ڕۆژنامەکانمان بە ویستی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتریان دەکرد.

هاوسەری یەکەمیان بە گومانەوە لە گەڵی هەڵسابوو و دانیشتبوو سامانێکی زۆری بۆ ماڵی باوانی ڕەوانە کردبوو. ژنی دووەمیان هەر زوو دەستێکی بە خشڵ و شتومەکە گرانبەهاکانی ماڵدا هێنا بوو و ڕەدووی

یەکێکی دی کەوتبوو ، دوا جاریش ژنی سێهەمیانی بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە کۆچی دووایی کرد و بۆ هەتا هەتایە خێزانەکەی داغدارکردبوو ! لە جەژنەکانی میللی و مەزهەبی و جەژنەکانی هاولاتیانی بەڕێو برایانی موسلمان و کرپارانی بەڕێز و خۆشەویست (بەشدار بوونی گوچرمان) — کە ئاشکرا نەبوو کێ یە — بە بەردەوامی پیرۆزبایی لێ دەکردن.

(گوچرمان) جارێك ناسنامە و ئەوراقی بەهادار و چەك و کۆمپالەی بزر دەکرد و بەوانەی دۆزیویانەتەوە مژدەی پێ دەدان و جارێك سەرە خۆشی دەنووسی و پیرۆزبایی لە فەرمانبەرە پایە بەرزەکان دەکرد بەهۆی پێشکەوتنی پایەکەیان و داوای خۆشی بۆ ئەفسەرە کارناسەکان و سەرۆکی بەڕێوی پۆلیس دەکرد ، هەروەها سوپاسی پزیشکەکان و نەشتەرگەرانی شارەزا و بە توانای دەکردو بە هاولاتیانی بەڕێزی دەناساندن.

(گوچرمان) جارێکی دیش بە تاوانی فێلێ و هەلخەلەتان و دەست بەسەرداگرتن سێ مانگ زیندان کرا و دوایی بەرەللا کرا.. ئێمە نەك هەر تەنها شارەزاییمان لە بارەی (گوچرمان) خۆی بەلکو لە بارەی ئەندامانی خێزانەکەی یەکە بە یەکە بێ ئەوەی بیانناسین پەیدا کردبوو ، تا ئەوە بوو ڕۆژێکیان ئەم ئاگاداری نامە لە ڕۆژنامەکاندا بلاو کرایەوە .

انا لله وانا اليه راجعون

(هەوالێکی دلتەزێن)

بەوپەڕی داخەوە ئاگادارتان دەکەینەوە (جەنابی کاك گوچرمان چین) شەوی ڕابردوو مالئاوایی لێ کردین. خوا لێخۆشبووی خۆشەویست ، کە باوکی فلان، فلان و خاتوو فلان ، فلانە (بۆ ئەوەی سەرتان نەیەشێنم بە

کورتی وتم) و زاوای جەنابی کاك فلآنە و لە پیاوانی چاك و خێرمەند و داوێن پاکی وڵات بوو ، مردنی ئەو لە دەست چوونی شتێکی گەورەیەو جێگای پەژارە و داخە بۆ هەموو هاوڵاتیان . ڕێ و ڕۆیشتنی جەنازەی ئەو بەڕێزە لە ڕۆژی ... سەعاتی ... لە مزگەوتی ... دەست پێ دەکا و لە گۆڕستانی خێزانی (چین) کە دەکەوێتە ... بە خاك دەسپێردرێ.

هیوادارین بەشداری لە ڕێ و ڕۆیشتنی ناشتنی گیانی خوا لێخۆش بوو بکەین و گیانی شاد بکەین ، ناسۆرو ئەفسوسی زۆری خۆمان بە بۆنەی کۆچی دوایی خوا لێخۆش بوو جەنابی کاك (گوچرمان چین)ەوە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە نەوەکانی ئەو خوالێخۆش بووە دەکەین ، بە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگادارییە خەم و خەفەتێکی زۆر بەر دڵی خوێندەوارانی گرت.

ئەو ناوە ئەوەندە لەبەر چاو و ئاشنای خوێندەواران بوو بوو هەر خوێنەرێك وای دەزانی یەکێ لە خزمە نزیکەکانی خۆی بۆ هەتا هەتایە لەدەست چووە. کەچی هیچ کامێکیشان بە تەواوی نەیاندەزانی ئەو کەسە کێیە.

کۆمەڵك لە خوێندەواران دەربارەی کار و پیشە و پایەی ئەو مەحرومە حەفت و هەشتیان بوو ، لەلای کۆمەڵێکی دیشیان کار گەیشتبووە مەرج کردن و کوتەك وەشاندن.

کۆمەڵێ لەو بڕوایەدا بوون، کە خوا لێخۆشبوو کاندیدا کرا بوو بۆ (پاداشتی ئەدەبیاتی تورك) و بەڵام بە ناهەق و کارێکی نا پیاوانەیان لە گەڵ کردووەو تووشی سەکتە قەلبی بووە.. کۆمەڵێکی دی لەو باوەڕە دابوون ، کە خوالێخۆش بوو جێنشینی ئەنجوومەن بووە و ئێستاش ناوەکەیان لە بیرماوە

، کۆمەڵێکی دی ئەویان بە دوکتۆرێکی شارەزا و بە توانا دەزانی ، هەندێکی دییان ئیدعای ئەوەیان دەکرد ، کە خوالێخۆشبوو یەکێ بووە لە پارێزگارە داوێن پاکەکان و پایەیەکی چاکی هەبووە لە وەزارەتی دەوڵەت . بە کورتی ... هەرچەندە هەر هەموویان دەربارەی ناو و ناوبانگ و خۆشەویستی ئەو یەك دڵ و یەك زمان و بوون و لە دەست چوونی ئەویان بە کارێکی ناوەخت دادەنا ، کەچی هیچیشیان بە چاکی نەیاندەناسی و ئاگایان لە کار و پیشەکەشی نەبوو . بەم شێوەیەك بەشداری نەکردن لە ڕێ و ڕۆیشتنی ئەو کەسە بە گوناهێکی گەورە دەژمێردرا ، لەبەر ئەوە بێجگە لە کۆمەڵەی بێ کاران ، زۆر کەسی دیش کاروباری خۆیان بەجێ هێشتبوو و لە ڕێ و ڕۆیشتنی ناشتنی بەشدارییان کرد. ساڵەها بوو شار ڕێ و ڕۆیشتنی بڕ شکۆی وای بەخۆیەوە نەدی بوو. سەربازێ:ی پیری دەورەی جەنگی سەربەخۆیی ، کە لە ڕێ و ڕۆیشتنەکە بوو بە خەفەتێکی زۆرەوە بەوەی تەنیشتە خۆی دەوت :

– ... خوای لێخۆش بێ ... لە دەورەی سەربازیدا فەرماندەی گشتی فەوجەکەی ئێمە بوو ... ئەوەی دی یان کە گوێی لێ گرتبوو عەقیدێکی سوپایی خانەنشین بوو گریانی لە قورگی مابوو وەڵامی دایەوە:

– ( .. بەڵێ .. سێ ساڵی تەواو هاو پۆل بووین .. چ ئینسانێکی چاك بوو...) پیاوێکی دی یان لە ڕێ و ڕۆیشتنەکە. قژی تاشی بوو و سەرداری یەکی بە بەهای پۆشی بوو و چاویلکەیەکی زەڕەبینی لە چاو کردبوو و تۆپە ڕیشێکی ڕەشی بەردابووەوە ، ئەویش ئیدعای ئەوەی دەکرد کە:

- ... خوالێخۆشبوو یەکێك بوو لە شەخسیەتە ناسراو و بلیمەتەکانی ئایینی... لە تەمەنی گەنجیەتیدا لە کۆبوونەوەی زۆربەی زۆری زاناکان و خاوەن مەزهەبەکاندا بەشداری کرد بوو و زانست و زانیاری لیٚ وەرگرتبوون.

ئەوجا پاش هەڵکشانی ئاهێکەوە وتی:

- ( بەڵام کوا دەوڵەت ڕێزی بزانییایە و نووسینە زانستییەکانی ئەو خوالێخۆشبووەی بە چاپ بگەیاندایە؟) یەکێکی دی یان ڕووی لە ڕیزیٚ خەڵك کردبوو دەیووت:

- ( ... خوالێخۆشبوو لە پەیکەرتاشە زۆر بەناوبانگەکانی ئەڵمانییە .. هەر لە ناوەکەشیەوە دیارە ئەڵمانیە..).

سەرۆکی پاسەوانەکانیش، کە چاوی بە هەراو هۆریای ماڵی مردوو کەوتبوو بە مەسەلەکەی زانیبوو ڕێگای بە کۆمەڵیٚ پۆلیس دابوو تا بەشداری لە ڕیٚ و ڕۆیشتن و ناشتنیدا بکەن! .

کاتیٚ خەڵکەکەش ووردە ووردە هاتنە ڕێزی کاروانی بەشداربووان کۆمەڵێکی زۆر بە دوای جەنازەکەوە هێدی هێدی ڕێگایان گرتەبەر و ناچار پۆلیس ڕێگای هاتوچۆیان گرت، شوفێری ئۆتۆمبێلەکان و پاسکل سوارەکانیش ، کە چاویان بەو خەڵکە زۆرە کەوت ئەوانیش دەستیان کرد بە ڕیٚ و شوێن بەشداریکردن لە ناشتنی گیانی شادی ئەو خوالێخۆشبووە ، دەنگی فیکە و هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان و زەنگی پاسکیل سوارەکان بەرز بووەوە، عەزەمەت و گەورەیی و زۆری بەشداربووەکان گەیشتە ئەو پەڕیەکەی ، خوالێخۆشبوو (گوچرمان) ئەوەندە بە شکۆییەوە بە خاك سپێردرا لەوانە نییە نەسیبی هیچ مرۆڤێکی دی بیٚ.

خەتیبەکە لە کۆتایی قسەکانیا وازی لە داهێنانە عیلمییەکانی ئەو هێناو ئەو جارە دەربارەی چوونە بەهەشتی ئەوەوە قسەی کرد.

گەنجێك لە بری گەنجانی وڵات و وەرزشکارێك بە نوێنەری وەرزشکارانی سەرانسەری وڵات و خانمێك بە نوێنەری هەموو کچان و ژنانی سەرانسەری وڵات و خانمێك بە نوێنەری هەموو کچان و ژنانی سەرانسەری جیهان ، قسەیان کرد و فرمێسکیان ڕشت ، بەڕاستی دیمەنێکی غەمگین بوو ، کرێکارێکیش بە هاوڕێیەتی تەنیشتی دەوت :

– حەیف وا زوو ئەجەلی هات دەنا تا یەك ساڵی دی چینی کرێکاران دەیانتوانی بگەنە کورسی و هەقی خۆیان وەربگرن... )

زۆربەی ڕێکخراوەکانی گەلان و وڵاتان و یەکیەتەکان و جڤاتەکانی کرێکاران و چەندین کۆمەڵە و بنکەی جیاواز جیاواز ، چەندین تیپ و پارتی سیاسی و بانق بۆ ئەوەی لە یەکتر دوانەکەون خێرا دەستە گوڵیان هەنارد بوو و نمایندەی خۆیان ڕەوانە کردبوو و بەشداری وتار خوێندنەوەیان کرد ، دەستە گوڵێکی زۆر زۆر بەسەر گۆڕی ئەو خوالێخۆشبووە دا پەخش کرا بوو نەمتوانی هەموویان ببژێرم . دوای مەرگی وامان دەزانی ئیتر وێنە و ڕوون کردنەوە دەربارەی تەواو بوو . بەڵام دوێنێ لە ڕۆژنامەکاندا ئەم ئاگادارییە بەرچاو کەوت :

هو الحی الذی لایموت

لە ڕێکەوتی ڕۆژی سێ شەممەی هەشتی شەوال بەرامبەر بە ٢٩ی نیسان بە تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەنابی کاك (گوچرمان چین) باوکی فلان .. ژن برای فلان و زاوای جەنابی کاك ... فلان

.. مەجلیسی یادکرنەوەی ئەو خوالێخۆشبووە لە سەعات فلآن تا فلآن و لە ئارامگەکەیەتی و دەکەوێتە ... خزم و دۆستان و ئاشنایان ئاگادار دەکەینەوە بەشداری لەو یادکردنەوەیەدا بکەن و دڵنەوایی نەوەکانی ئەو خوالێخۆشبووە بدەنەوەو گیان شادکەن ...) .

نازانم دواجار وێنەری ڕوون کردنەوە دەربارەی تەواو بووە یا هێشتا دەیانەوێ بەردەوام بن ...

هەواڵنامەی کتێب

# خەونی شیرین

نوستبووم. ئێستاکە نازانم سەر دڵم پڕ بوو یان زۆر خاڵی بوو ، کە خەونەکەم دەبینی : مرۆیەکی زۆر گرنگ بووم و چووبوومە واشنتۆن.

– باشە ، لە خەونەکەی بینیت .. چیت دەکرد ؟ ..

– بەڵێ ... خەونم بینی کە : چوومە واشنتۆن و بەڕێزەوە پێشوازیان لێکردم. یەکێ لە ئەمریکییەکان بەبۆنەی هاتنی منەوە هاتە پێشەوە ، منیش دەستم پێکرد :

– (ئێمە .. ئێوە .. لە ئێمەوە بۆ ئێوە .. لە ئێوەوە بۆ ئێمە .. ماڵی ئێمە و ماڵی ئێوە .. لە ڕاستیدا چ ماڵی ئێوە ، چ ماڵی ئێمە .. خەزێنەیە .. بە خاتری ئێمە .. کەم و کوڕی بۆدجە .. بە خاتری ئێوە .. مرۆڤایەتی .. ئێوە و ئێمە .. دیموکڕاتی .. ئێمە .. ئازادی .. ئێوە .. دۆلار. ئێمە هەرگیز .. لەگەڵ بوونی دۆلار .. بەڵێ .. بژی ..)

زۆر هەست و سۆزی جووڵاندن ، کامێرا کەوتبووە کار و لە پشت سەرمەوە وێنەی خۆم بوو . یەکێ لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەمریکی ، کە بە وتارەکەم زۆر دڵخۆش بوو ، وتی:

( – بەرز بوو ... لە تەواوی مێژووی دیپلۆماسیدا ، وتارێك بەم شێوەیە رێکە نەبووە ، پیرۆزباییت لێ دەکەم).

دواتر نمایشی سەربازی دەستی پێکرد ، ژمارەی هێزە ناچەکدارەکانی ئەمریکی وەك ئاوەی لە لچ و لێوم دەهاتە خوارێ وەهابوو ، هەمە جۆرە بۆمبا ، بۆمبای سەوز و زەرد تێ پەڕ دەبوو هەتا بۆمبای هایدرۆجینی و کۆبالتیش..

دوایی جۆرەها ماست و کەرەوز و هەروا شای جوانی لە پێکەنین و شای جوانی یانەی قەڵەوەکان هەموویان پێ نیشان دام. لەو هەرایەدا وتیان:

( – بفەرموو بۆ کۆشکی سپی. چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی بکە).

چوومە کۆشکی سپی . پەیامنێرەکان دەوریان لێدام . لەگەڵ پرسیاران پێچابوومیانەوە . وتم :

– چەند کەس بە یەك کەس؟ ئەگەر پیاون یەك یەك وەرنە پێشەوە .

سەرنووسەرێکی ئەمریکایی ، کە لە ٣٦ ڕۆژنامە سەروتاری دەنووسی لێی پرسیم:

– لە وڵاتەکەتان هەر سەرنووسەرێك بۆ چەند ڕۆژنامە شت دەنووسێ؟

وتم:

– له وڵاتی ئێمه هەر ڕۆژنامەیەك سەر نووسەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان هەر یەك شت دەنووسن؟):(چونكه ئەو شتانەی دەینووست جیاوازییەكی ئەوتۆیان له نێواندا نییه ... برایەتی و یەكسانییە).

– له وڵاتی ئێوەدا دیموكراتیەت هەیە؟

وتم :

– كەمه ، بەڵام كەرتی تایبەتیش دەمێكه باوی نەماوه .

ئێوه چۆن له دیموكڕاتیەت دەگەن؟

وتم:

– دیموكڕاتی واتا خەڵك ... واتا حكومەتی خەڵك ... واتا حكومەتی خەڵك بۆ خەڵك.. واتا حەق ، حقوق ، ڕاستی و هتد).

نووسەری یەكێ له ڕۆژنامه دوو ملیۆن كەسییەكان لێی پرسیم:

– له وڵاتەكەتاندا ، چ بابەتێك زۆر گرنگی هەیەو سەرنجی خەڵكی بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ.( – ووتم :

– بابەتی گرنگ له وڵاتەكەماندا زۆره... بەڕاستی له هەموویان گرنگتر مەوزوعی بن كراسی جین مانسفیڵدو مەمكدانی پشیلەی كێوییە... مەوزووعی ئەو جۆره بن كراسه وا ڕەگی داكوتاوه به جۆرێك وایان لێهاتووه ماوەی ئەوەیان نەبێ بیر له تەماته و دیموكراتیش بكەنەوه ، بەڕاستی دەمەوێ بڵێم:

هەروەها بڕیار وایه تیپی(فەنەر باغچە)ش بچێته لای تیپی(وەفا)وه. ئەوانەن ئەو بابەتانەی ئەمڕۆ له وڵاتی ئێمەدا زۆر گرنگیان هەیه و هەر له منالی حەفت ساڵیەوه هەتا پیرەمێردی حەفتا ساڵیش خۆیان پێوه خەریك

کردووە... ، ڕاستیەکەی ئەوانەن ... تا لە بیرم نەچووە با ئەوەش بڵێم : کێشەی (کەشتی عابدین داور) یش زۆر گرنگە.
کەشتیەکمان دروست کردووە ، بەڵام ناتوانێ بە ئاودا بڕوا .
– بۆچی ؟
( وەڵڵا هەموو جارێ ، کە سوار دەبین بە ئاودا بڕۆین ، یەکێ لە پیاوەکان دەست بە قسان دەکا تا لە قسە دەکەوێ ، ئەو کاتەش یا شەو دادێ یا ڕۆنی ماتۆڕەکە دەیبەستێ. ئیتر ئاوایە کە دەچێتە ئاوەوە کار ناکات ، بۆیە بڕیارماندا نیلۆڤەری ئاوی لێ ببەستین) .
– باری ئابووری وڵاتەکەتان چۆنە ؟
– بەرررزە .. ، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژە یەکێ لە وەزیرەکان چووبووە یەکێ لە ناوچە نزیکەکانی شار دەمی کردبۆوە و نازانم ﴿چ شەکرێکی شکاندبوو﴾ ئیدی لەو ڕۆژەوە لە هەموو وڵاتدا نە شەکر و چا و نە تەمامە دەست ناکەوێ ... هەموو ڕۆژێ لە سەدا سی خەڵك دەنگ بەرز دەکەنەوە بۆ جگەرەو خواردنەوە ، کرێ ی خانووش بەرز بۆتەوە ، هەروا ئاویشیان لێ گرتوینەتەوە ، هەروا عەرزی جەنابتان کەم هەواش گەرم بووە ... بە کورتی عەرزیان سوتاندووین .. هەروا عەرزی جەنابتان کەم لە وڵاتی ئێمە جەنگە ...)
– بەڵێ ، بەڵێ جەنگ ... ، ئێستا لە وڵاتی جەنگە. پارێزگاریمان هەیە وا نەزانی پارێزگارەکەی ئێمە لەو پارێزگارانە بێ ، پارێزگارەکەی ئێمە لە پارێزگارە هەرە باشەکانە ، مرۆڤی وا زانا هەر نییە ، شنگی وەك قەڵغانە ، جا چۆن قەلغانێك ... بەڵێ دەبێ بڵێم : کە پارێزگارەکەی ئێمە بە هەموو

فکری خۆی چی کرد بێ باشە – هەوا گەرم بوو ، بڕیاری جەنگی دا لەگەڵ گران فرۆشەکان و دەستی کرد بە قسەی ئاگرین ، بەڵام چۆن قسەیەك هەر قسەیەکی قونبەلەیەك بوو ... بەڵێ هەر کە بڕیاری جەنگی دا گران فرۆشەکان ناچار جێگەکەی خۆیان چۆڵ کرد و هەرچی تەماتە و بیبەری سەوز و خۆخیش هەبوو لە ترسی ئەو لە بازاڕیان نەهێشت) .

چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسیەکە تەواو بوو ، یەکێ لە کەسایەتییە خاوەن دەسەڵاتەکان لێی پرسیم.

– ئەو شتانەی باست کرد چ پەیوەندییەکیان بە ئەمریکاوە هەیە ؟).

وتم :

– هۆی دەردە سەرییەکان ئەمانەن ... باشە .. بەڵێ ئیتر ... لە هەقیقەتدا ... واتا ... لە ڕاستیدا ... ئەڵبەتە خۆت چاکتر دەیزانی ... لە کۆتایشدا کارێکی دی هەیە .. دێتە پێشەوە .. لەوانەیە بکەوێتە پێش هەموو کەسێکەوە .. بەڵێ .. قەڵای دیموکراتی بە ڕای من لە (قەڵای دیموکراتی تورکیەوە) هاتووە ، قەڵا ش لە زمانی تورکیدا دوو واتا دەبەخشێ : ١– قەڵات . ٢– گۆڵ لە یاری فۆتبۆڵدا .. بەلای منەوە بە هەر جۆرێکی بزانی قەڵا پێویستی بە تیر هەیە ، پێویستی بە تەور هەیە ، پێویستی بە تۆپ هەیە .. یەك تۆپی نمرە پێنج..) زۆر شتی دی هەبوو دەمویست بیڵێم بەڵام نەکرا ، چونکە دەبوو بەیانی زوو بڕۆمە سەر کار لەبەر ئەوە کاتژمێری سەر مێزەکەم قورمیش کردبوو ، بەلێدانی زەنگی کاتژمێر لە خەو ڕاپەڕم.

هەواڵنامەی کتێب

فانتازیەك لە خوسرەو عەسکەرییەوە:

# ئەنجامی پیاوی بێباك

ماوەی دوو مانگ لەمەو پێش (پەروێز)ی برادەرم بەهۆی بێباکی خۆیەوە تووشی کارەساتێك بوو هەتا ئەمڕۆش وا لە نێو نوێندا کەوتووە. ئەوەی من ئاگام لێ بێ پوختەی مەسەلەکە وەها بووە:

(پەروێز) ترۆمپایەکی کڕیوەو هەموو شەوێ چۆتە ماڵی یەکێ لە هاوڕێکانی، کە لە شار بە دوورە بۆ ئەوەی مەشقی لەسەر بکا و خەڵکی بە دەنگی ترۆمپاکە بێزار نەکا. (پەروین)ی هاوسەری هاوڕێکەم دان بە خۆیدا دەنێ و هیچ ناڵێ — بەڵام شەوێکیان (پەروێز) سەعات دوازدەی نیوەشەو دەگەڕێتەوە ماڵێ، (پەروین)یش تووڕە دەبێ و ترۆمپاکە بە سەریدا دەکێشێ و سەری مێردەکەی خۆی دەشکێنێ ، کە هاوڕێکەم سەری دەشکێ ناچار بەو شەوە بە نەخۆشبەری خەستەخانە دەیگەیەننە خەستەخانە.

دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە بە چەند ڕۆژێك ئەوجا من زانیم و چوومە دیدەنی (پەروێز)ی برادەرم.

لەم ڕووداوە چاوم بە نووسینەکانی نووسەری بە توانج و تەشەری ئەمریکی (جیمس تاریر) کەوت ، کە زۆر لەم ڕووداوە دەچێ ، وا بۆتان دەنووسمەوە :

( لە ڕۆژگارێکی زوو شێرێك هەبوو زۆر حەسوودی بە باڵەکانی هەڵۆیەك دەبرد . ڕۆژێك بڕیاریدا خۆی لە هەڵۆیەکە نزیك بکاتەوە. کاتێك لە هەڵۆیەکە نزیك بووەوە پێی ووت :

– دەمەوێ سەودایەك بکەین ، تۆ باڵەکانت بدە من و منیش ڕیشەکەی خۆمت دەدەمێ.

هەڵۆیەکە وەڵامی دایەوە :

– برام ئەوە چ قسەیەکە ؟ ... من ئەگەر باڵم نەبێ ، ئیدی ناتوانم بفڕم.

– عەیبە ؟ منیش ناتوانم بفڕم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە سەرۆکی ئاژەڵانی سەر زەویشم ... دەزانی چۆن ؟ چونکە ئەم ڕیشەم هەیە !

هەڵۆیەکە وتی :

– ئێستا کەوابێ چ قسەم نەما ، بەڵام یەکەمجار تۆ ڕیشەکەی خۆتم بدەرێ.

شێر وەڵامی دایەوە :

– زۆر باشە . فەرموو برام خۆت بخەرە پێشەوە . کاتێ هەڵۆیەکە چووە بەردەمی ڕیشەکەی لێ وەربگرێ ، شێر پەنجەی گەورەی برووسکە ئاسا لێ گیر کرد و هاواری لێ بەرز بووەوە :

– زووکە باڵەکانتم بدەرێ .

بەم شێوەیە شێر باڵەکانی هەڵۆیەکەی دەسگیر بوو و ڕیشەکەی خۆشی بەو نەدا . هەڵۆیەکە غەمگین و ژاکاو و پەست بوو ، تا دوا جار بیری لە فێڵێك کردەوە ، ئینجا ئیشارەتی بۆ بەردێکی بەرز کرد و بە شێری وت :

– من دەتوانم مەرجت لەگەڵ بکەم ، کە تۆ ناتوانی لەسەر ئەو بەردەی وا لەوێ دانراوە خۆت هەڵدەی .

شێر پرسی :

– کێ ! من ؟ !

دوای ئەوەی چووە سەر بەردەکەو فڕی ، بەڵام ئەو زۆر لەوە قورستر بوو بتوانێ بە باڵەکانی هەڵۆیەك بفڕێ و لەوێ تێپەڕی ، چونکە تا ئەو ڕۆژە باڵی نەبوو ، نەیدەزانی بە چ جۆرێك بفڕێ ، لە ئەنجاما شێر لەسەر بەردەکە کەوتە خوارەوە و مرد. هەڵۆیەکە بە پەلە خۆی گەیاندێ و باڵەکانی لێ سەندەوە ، ڕیشەکەی ئەویشی وەرگرت و بە بەرگەردنیەوە هەڵیواسی. دوای ئەوە بەرەو هێلانەکەی خۆی هەڵفڕی ، کە کەوتبووە سەرەوەی قەڵای کێوەکە ، لە ڕێگا بڕیاریدا هەر بۆ گاڵتە تۆزێ هاوسەرەکەی بترسێنێ . کاتێ گەیشتەوە سەرەوەی قەڵای کێوەکە ، خۆی بە ڕیشی شێرەکە داپۆشی بوو ، سەریکی لە هێلانەکە بردە ژوورەوە بە دەنگێکی بەرز و ترسناك نەڕاندی :

– ررررررررر ؟

ژنەکەی کە هەستی لاواز بوو ، چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و دەمانچەکەی دەرهێنا ، وایزانی مێردەکەی شێرە دوو گوللەی تێ گرت و کوشتی .

ئەنجام :

( ئەگەر هاوسەری تۆش هەروا دەمارگیرە ، بزانە بە چ شێوەیەك دەگەڕێیتەوە ماڵ ، چەکەکانت هەمیشە لە جێگەیەکی دڵنیا بشارەوە ، تا نەکەوێتە دەست ژنەکەت) ! .

هەواڵنامەی کتێب

## زەماوەندی دەرەبەگی

تازە كۆلێجی پزيشكيم تەواو كردبوو، خۆم بۆ ديداری دەورەی پزيشكی ئامادە دەكرد،لە دانيشتنی ميوانداريەكد ئاشنايەتيم لەگەڵ (نازێ)دا پەيدا كرد.

هەر لە يەكەم چاوپێكەوتنەوە بە شێوەيەك وا پەشۆكاندمی و دڵی بردم، بێگومان لەيلا و مەجنون و ڕۆميۆ و جۆلييێتيش عەشقەكەيان وا كاريگەر نەبووە ! نازێ ئاگای لە من نەبوو، بەڵام هيچ كام ئەو غيرەت و ئازايەتييەمان لە خۆمان بەدی نەدەكرد تا عەشقی خۆمان بۆ يەك دەرخەين.

شەوێكيان، كە لە كەنار دەريا پياسەمان دەكرد، شەرمم لە ڕووی خۆدا هەڵماڵی و لە (نازێ)م پرسی:

– تا ئێستا دڵداريت كردووە ؟

بزەيەكی كرد و وتی:

– ماوەيەكە چاوەڕێ ئەو پرسيارەم.

لە مەبەستی تێنەگەیشتم پرسیم:

– بۆچی؟

– چونکە زۆربەی کوڕان سەرە باسی قسەکانیان بەو پرسیارە دەکەنەوە .

منیش بە پێکەنینەوە وتم:

– باشە،چ نەنگییەکی تێدایە...شتێکی زۆر ئاساییە، نازێ خەیاڵ بردیەوە هیچ وەڵامی نەدایەوە.

دوای ئەوەی چەند سەعاتێکی دی پیاسەمان کردو قسەی دیمان کرد، بەبێ ئاگایی لە پڕ بەبێ ئەملا و ئەولا وتی:

– من تا ئێستا ئەشقی کەس نەبووم.

ئەو شەوە تا بەیانی هەر لە فیکری ئەوەدابووم باشە من بۆچی بەو پرسیارە(نازێ)م ناڕەحەت کرد و ئەویش دوای ماوەیەك ئەمجا وا بە کورتی و موختەسەری وەڵامی دامەوە.

گەرچی زۆر بەڕوون و ئاشکراییەوە وتی تا ئێستا عاشق نەبوویمە، بەڵام هەستم کرد درۆی دەکرد بە لایەنی کەمەوە دوو سێ جار عاشقاتی کردووەو سێ چوار جار بردوویانەتە گەشت و چەند پەیمانی داوە و هەڵگەڕاوەتەوە لەوانەیە ئەویش لەوێ وا تێگەیشت بێ، کە من لە ڕابردووی ئەو ئاگادار بم بۆیە بە پرسیارەکەم ناڕەحەت بوو.

ئەوەندە گیرۆدەی بووبووم ئەگەر سێ چوار مێردیشی کردبووایە بەلامەوە گرنگ نەبوو.

دیسان شەوێکی دیان لە ماڵی دۆستێك میوان بووین،زۆرمان خواردبووەوە، کاتێ لەگەڵ (نازێ) سەمام دەکرد هەر لە خۆمەوە وتم:

هەواڵنامەی کتێب

- نازێ گیان، ئامادەیت بتکەم بە هاوسەری خۆم؟ نازێ بەشێوەیەك دایە قاقای پێکەنین زۆربەی میوانەکان سەیریان کردین،وا گێژ ببووم گچکەترین شتم نەدەبینی، بەڵام زانیم قسەیەکی خراپم کردووە .
دوای تۆزێ بێ دەنگی، وتم :
- ئەگەر بە قسەکەم ناڕەحەت بووی، من پەشیمانم، هەمدیسان وەڵامی نەدایەوە.
- دوای ئەوەی سەمایەکە تەواو بوو بەرەو باڵکۆنەکە ڕۆیشتین و پشتمان بە داڵدەکەدا. دووبارە من سەرە باسم کردەوە:
- بۆچی ناڕەحەت بووی؟
نازێ زۆر بە تورەییەوە سەری هێنایە پێشەوەو پرسی:
- تۆ خاووخێزانی من دەناسی؟
وتم:نەخێر.
وتی:
- باوکم دەناسی؟ وتم نەخێر!
پێی سەیر بوو، کە من خاووخێزانی ئەو ناناسم،وتی:
- چۆن دەبێ ؟
وتم:
- ئەوە ڕاستیەکەیە.بۆ درۆ بکەین.
لەم پرسیارو وەڵامانەی تێنەگەیشتم،کە خێزانەکەی یان زۆر هەژار و دەستکورتن یان خوڕەوشتی یان لاوازە.
وتم:

– نازێ گیان، خێزانەکەتان هەرچییەك بن، هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، خۆ من نامەوێ لەگەڵ خێزانەکەتان زەماوەند بکەم، من تۆم خۆش دەوێ.حەزدەکەم باوکت با کەناس بێت یان دەرگەوان بێ.وە یان ئەندامانی خێزانەکەت باش بن یان بەدکار بن بۆ من هەروەك یەکە.

سەری هێنا پێشەوەو بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– کەواتە تۆ باوکم ناناسی؟

بەسەر لەقاندنەوە وتم:

– نەخێر! هێشتا لێم نەکۆڵیوەتەوە.

بەو قسەیەم دڵخۆش بوو،وتی:

– کەوابێ هەر بژی عیشقی ڕاستەقینە!

ویستم قسەیەك بکەم،بەڵام ئەو دەستی ڕاکێشام و تا ناوەندی سەر شانۆی سەماکردنی بردم،هەتا نیوەی شەو بێ ئەوەی قسەیەك لەو بارەیەوە بکەم، سەمامان کرد و مەیمان نۆشت و گۆرانیمان وت. بەیانی ئەو ڕۆژە،کە هۆشم هاتە سەرەخۆم ، بڕیارم دا لە خێزانی نازێ بکۆڵمەوە.

کاتێ ناوی باوکیم زانی، ترس و سامێکی وەهام کەوتە دڵەوە چی وای نەمابوو دڵم ڕابوەستێ، تێگەیشتم ئەو کچە بێچارەیە هەبی بوو بە پێشنیازەکەی من وا بداتە قاقای پێکەنین و گاڵتەم پێ بکا. ئەگەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بمزانیایە کچی پیاوێکی وا گرنگ و سەرمایەدارە چۆن ئەو هەڵەیەم دەکرد، پێشنیازم دەکرد بیکەمە هاوسەری خۆم. هەزاران گەنجی جوان و پارەدار و خوێندەوار ئارەزووی هاوسەری ئەو لە کەللەی داون.



هەواڵنامەی کتێب

بە جاریّ ئومیّدم بڕا،تیّگەیشتم،کە دەبیّ ئەو عەشقە بەسۆز و کاریگەرەش لەگەلّ خۆم ببەمە گۆڕەوە. وا داشمان نا نازیّ منی ویست و خیّزانەکەشی لەو بۆیەکبوونەمان قایل کرد، خەلّکی چ دەلّیّن؟ هەموو وا دەزانن لەبەر خاتری پایەی باوکی و سەرمایەکەی ئەو کارە دەکەم.

بڕیارمدا بە هەموو شیّوەیەك لە دەست ئەو بەدبەختییە خۆم دەرباز بکەم و چاوەدیّری عیشقی دلّم بکەم و بە سووتانی دلّخۆش بم. لەوە پاش گۆشەگیری بۆ خۆم هەلّبژیّرم. نەچمە میوانداری و تیّ دەکۆشام کە جیّگەیەك (نازیّ)ی بچیتیّ پیّ لەویّ نەنیّم و تا جاریّکی دی ڕوو بە ڕووی نەبمەوە.

نازیّ چەند جار دەینارد،کە بڕۆمە دیدەنی، هەرچەندە زۆر بە حەزرەتی بینینی بووم ، بەلّام لەگەلّ ئەوەشدا لام لیّ نەدەکردەوە .

هەتا لە تەواو کردن و بینینی دەورەی سپۆڕیەکەشدا پاشگەز بوومەوە و بڕیارمدا بچمە سەربازییەکەم.کاتیّك خەریك بووم جانتاکەم دەبەستایەوە بچمە خزمەتی سەربازییەکەم ، دایکم هاتە ژوورەوە و وتی:

– کچیّك ئیشی پیّتە.

هەر دلّم ڕاوەستا،زەندەقم چوو.نەمدەزانی چی بکەم. بەدوای چارەیەکدا دەگەڕام،نازیّ وەژوور کەوت، بە هاتنی کچیّکی سەرمایەدار و دەولّەمەندی وا بۆ مالّی هەژاریّکی وەکو من، سەرمەزار بووم، هەولّمدا زۆر بە جدی و ڕەسمی ڕەفتار بکەم،بەلّام نازیّ لەبەر سۆز و خرۆشی ئاگای لە من بڕابوو. بەبیّ ئەم لاو ئەولا وتی:

– بۆچی لەدەستم هەلّدیّی؟

دەمم وشك ببوو. نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە زۆر بە زەحمەت و لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ وتم:

– نە، بۆچی! وانییە!

– لەسەر ئەو تاکە کورسی یە دارەی لە تەنیشت قەرەوێڵەکەمەوە بوو، دانیشت و وتی:

– تۆ زۆر منت خۆش دەویَ، هەتا پێشنیازی هاوسەری منت کرد،دوایی چی بوو؟

دووبارە من بیَ دەنگ بووم،کەف سەرزمانم لە دەمم هاتبووە دەرەوەو کاکیلەکانم لە دەمم کلیل درابوون .

نازیَ دووبارە بیَ دەنگیەکەی شکاندو وتی:

– بیستم گوایە دەتەویَ بچیتە سەربازی،ڕاستە؟

وتم:بەڵیَ،دەڕۆم.

زۆر بەپەلەو بە سۆزەوە وتی:

– من ئێستا پێشنیازی هاوسەریت دەکەم،ئامادەی لەگەڵ من زەماوەند بکەی؟

وەکو چەکوچێکم لەسەری بدەن،دڵم وا گوشرا بوو هەناسەم نەدەهات.

سەرم هەر شۆڕ بووەوە،وەڵامم دایەوە:

– نە،نازیَ ، نەخێر، ناتوانم!

کەمێك بیَ دەنگ بووین، لەژێر ژاوەوە سەرێکم کرد وەك پڵنگێکی تیری بەر کەوتبیَ خۆی پێچابووەوە. بۆ ئەوەی ڕق و قینەکەی نەهێڵم بۆم ڕوون کردەوەو وتم:

– من نەمدەزانی باوکی تۆ چ کارەیە، بەڵام ئێستاکە تێگەیشتم، ناتوانم، نا ، ناتوانم!
نازێ کە بینی دەخواردەوەو هەوڵی دەدا نەگریێ، وەڵامی دایەوە:
– ڕاست دەکەی من ڕۆژەکانی یەکەم وامدەزانی تۆ لەبەر خاتری پارە و سەرمایەکەم منت دەوێ و دەمخوازی بۆیە گاڵتەم پێکردی،بەڵام تێگەیشتم ، کە تۆ منت دەوێ.
گوتم:جا وایە.بەڵام خەڵکی تێناگەن،هەموو وا بیردەکەنەوە من تەنها لەبەر سامان و پایەی باوکت تۆ دەخوازم، من بەرگەی ئەو سووك کردنە ناگرم.
نازێ کە نەیدەتوانی گریانەکەی ڕابگرێ،وتی:
– ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێ وەرە بمخوازە،لە دایکم و باوکم و هەموو سامانەکەم چاو دەپۆشم و دوای تۆ دەکەوم. هەر کوێ یەك تۆ بتەوێ دەڕۆین هەتا بۆ سەربازیش بێ لەگەڵت دێم.
– دەمزانی ئەو قسانەی لە ناخی دڵەوە دەکا،بەڵام بەیانی لە بووکێنییەکەی چی دەوێ و تاکەی لەسەر ئەو قسەو بڕیارەی خۆی دەمێنێتەوە.هەر هیچ نەبێ ئەو تەمەنێکی پڕ لە نازو نیعمەتی بەسەر بردووەو تازە تانوانێ بەرگەی هەژاری بگرێ و بەو ئاکامی و سەختییەوە بژی.
لەگەڵ ئەوەشەوە،نەمتوانی لەبەرامبەر ڕووی پڕ تاسەو میهرەبانی و چاوی پڕ فرمێسکی ئەوەوە خۆم ڕاگرم، ئاخر من لە دڵ و گیانەوە خۆشم دەویست. بەبێ گوێ دان بە پێشکەوتنی خۆم، دەستەکانیم گرت و وتم:
– ئامادەم تا دەمرم غوڵامی گوارەی گوێت بم.
* * *

بەکورتی، بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار کەینەوە،برووسکەئاسا زەماوەندمان کرد و کەوتینە نەوبووکییەوە.

خوا قبولێ ناکا (نازێ) چۆن بەڵێنی پێ دابووم،هەروا بوو لەگەڵ فەقیری و نەبوونی من دەگونجاو ژنێکی بێ هاوتا و خانومان بوو، بەڵام چ دەکەی خۆ دەمی خەڵکی نابەستی! هەر لە بەیانییەکەی نەوبووکییەوە، زام و برینی خەڵکی دەستی پێکرد،بەڵام خەزوورم بە پێچەوانەی خەڵکییەوە، مرۆڤێکی دنیا دیدە بوو و سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشت بوو.کاتێ تێگەیشت من بۆ دەم کوت کردنی خەڵکی زۆرڕەو بە هیچ جۆرێ داوای یارمەتی لەوان ناکەم،زۆر دڵی ڕەنجاو ئەو کارەمی بە فیز و خۆپەسەندی دەزانی.

هەرچەندە ڕۆژی مارەبییەکەی خۆم لە هەمووان شاردەوە،تەنها دوو کەسی هاوڕێم بۆ شاهێدی دەعوەت کرد،بەڵام چی! کاتێ وەژوور کەوتم و دانیشتین، سەرو کەللەی وێنەگران و هەواڵدەرەکان پەیدا بوون، کاتێك کە خەریکی ئیمزاکردنی دەفتەری بڕیارەکەم بووم فلاشی کامێراکان کەوتبوونە کار و وێنەیەکی زۆری ئێمەیان گرت. کە لە دانیشتنەکەش تەواو بووین و هاتینە دەرەوە، کۆمەڵێکی زۆریش لەبەر دەرگای جێگای دانیشتنەکەمان بۆ سەیرکردنی ئێمە وەستا بوون، ئێمەیان بە یەکدی نیشان دەدا و شتیان بە گوێی یەکدا دەچرپاند.

یەکێکیان کە کاسکێتێکی لەسەر بوو، لە ناوەڕاستی ئەو کۆمەڵە زۆرەی خەڵکەکەوە هاتەدەرەوە و پرسی:

– کامە مێردی خاتوو نازێ یە؟

چەند کەسێك بە ئیشارەتی دەست منیان پێ نیشاندا، پیاوە کاسکێت بە سەرەکەش هاتە پێشەوەو و وتی:

– قوربان ئۆتۆمبێل ئامادەیە!

وتم:ئۆتۆمبێلی چی؟

وتی:باوکی خاتوو نازێ ناردوویەتی!

به ناڕەحەتییەوە وتم:سوپاستان دەکەین،پێویستمان بە ئۆتۆمبێل نییە! دەستی (نازێ)م گرت و بە تاکسییەك ڕۆیشتین،تەماشام کرد چەند کەسێك لە پشت سەرمەوە پستە پستیان دەکردو ئەو وشانەم بەر گوێ دەکەوت(مێردی خاتوو نازێ).

لەنێو تەکسی نازێ بە عیشوەو نازێکی تایبەتی بووکانەوە وتی:خۆت ناڕەحەت مەکە! لە شارە گەورەکاندا ئەو قسانە زۆرن،دەچینە جێگایەك ئیدی کەس نەماننناسێ و دەردەسەریمان بۆ پەیدا بکەن.

ڕۆژنامەکانی بەیانی زوو وێنەکانی زەماوەندی ئێمەیان چاپ کردبوو. هەندێکیان داواکاری و داخوازی سەیریان لەژێر وێنەکانەوە نووسی بوو. یەکێکیان لەژێر وێنەکەی منەوە نووسی بووی:(مێردی خاتوو نازێ.) یەکێکی دیان نووسی بووی:(مێردی نازێ پزیشکێکی لێهاتووە.)

سێیەمیان نووسی بووی:(مێردی خاتوو نازێ بە پایە و پیاوەتی خۆی ، هێژاییەکی چاکی دا بە خێزانی نازێ!)چوارەمیان نووسی بووی:(هیوای سەرکەوتنی مێردی خاتوو نازێ لە خوا داواکارم!)

چەند ڕۆژێك دوای مانگی هەنگوین دایکم وتی:

– کوڕم فکرم نەدەکردەوە ژنەکەت ئەوەندە باش بێ، زۆر زوو هۆگری ماڵی هەژاری ئێمە بوو، بەڵام شتێك هەیە.

وتم :

– چییە؟

وتی:لە گەڕەکەکەمان تا ئێستا پێیان دەوتم (داپیرە) بەڵام ئێستا بە (خەسووی خاتوو نازێ)وە بانگم دەکەن. هەتا تەڕە فرۆشی سەر کۆڵانەکەش لیستی حسێبەکەی بەناوی (خەسووی خاتوو نازێ) وە دەنووسێ. تێگەیشتم ناڕەحەتیەکەی خاتوون چییە.وتم:دایەگیان ناڕەحەت مەبە،هەموو شتێك بە تێپەڕبوونی کات خۆی لە خۆیەوە نامێنێ. ڕۆژی دواتر یەکێ لەدەرگایدا. ژنەکەم چوو دەرگاکە بکاتەوە، ئەمن لە ژوورەوە ڕاگوێم لە قسەکانی ئەو کەسەی بەردەرگا بوو و بیستم:

– مێردی خاتوو نازێ لێرە دادەنیشێ؟

دەمودەست هاتمە دەرەوە و بەو برادەرەم وت:

– نەخێر، ئێرە ماڵی کاك (مەتین)ە. فەرمانێکت هەیە؟

ئەو برادەرەشی پاکەتەکەی بەدەستەوە بوو، دەستی درێژ کرد:

– دیاری جەژنی زەماوەندم هێناوە!

بەکورتی،ڕۆژێ چوار پێنج جار لە دەرگای ماڵەوەیان دەدا و هەموویان سۆراخی مێردی خاتوو نازێ یان دەکرد. نازێ تێگەیشتبوو من بەم وەزعە زۆر ناڕەحەت بوویمە،جا دڵی دەدامەوە.

بۆ ئەوەی بتوانم هەرچی زووتر کۆتایی بەم وەزعەم بێنم،بڕیارمدا بڕۆمە سەربازییەکەم.

کاتێ خەریك بووم سواری شەمەندەفەر دەبووم، خانمێکی بە تەمەن هاتە پێشەوەو وتی:

– ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ، تۆ مێردی خاتوو نازێ ی ؟

– بەڵێ.

– پیرۆزبایی زەماوەندتان لێ دەکەم !

* * *

دواجار ددانم نا بە جەرگی خۆمەوەو چوومە خزمەتی سەربازییەکەم تا وەکو ئەم قسانە کۆن ببێ و بەسەر بچێ. لە کۆلێجی ئەفسەری ، نەك هەر تەنها هاوڕێکانم، هەتا فەرماندەی کۆلێجەکەشمان جار بە جار بە ناوی مێردی خاتوو (نازێ)ەوە بانگی دەکرد.

خەیاڵتان بۆ ئەوە نەچێ وا نەزانن مەبەستی ئەوان سووك کردنی من بێ و بیانەوێ ئازارم بدەن،بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی کەسیەتی من ئەو قسانەیان دەکرد.

بۆ نموونە یەکێ لە هاوڕێکانم کاتێ بیویستایە بە یەکێکی دیم بناسێنێ ، دەیوت:مێردی خاتوو نازێ!

هەموو ئەو برادەرانەی لەگەڵمدا بوون ڕەوانەی قەزا دوورەکانی شاریان کردن.بەڵام من لەبەر خاتری ئەوەی مێردی خاتوو نازێ بووم ، لە نەخۆشخانەی گەورەی شارەکەی خۆمانیان هێشتمەوە.

چونکە نەمدەویست لە شار بمێنمەوە، نامەیەکم بۆ خەزوورم نووسی و تکام لێ کرد ڕێگا بدا لەکوێ پێویستی هەیە بمنێرنە ئەوێ.

بێ گومان نووسینی نامەیەکی وا بۆ کەسێکی وا ڕاست نەبوو، بەڵام خەزوورم ناڕەحەت نەبوو بەڵکو زۆریش باسی خووڕەوشتی منی کرد بوو وەڵامی دابوونەوە،کە لە ناردنی من بۆ نەخۆشخانەی شار بێ ئاگایەو بە کەسیشی ڕانەسپاردووم لەگەڵ هەموو ئەو بارەشەوە،منیان لە نەخۆشخانەی کەورەی شار دانا و ڕێگایان نەدام بڕۆمە شارەکانی دی.

لە نەخۆشخانەش هەر هەموویان منیان بە ناوی مێردی خاتوو (نازێ)وە دەناسی. هەروەکو پێشان ، ئەو ڕستەیە کەوتبووە بەردەمی نەخۆشەکانیش و هەموویان بە ناوی مێردی خاتوو (نازێ)وە بانگیان دەکردم.

لە هەموو ئەوانەش خراپتر کە بیری لێ بکەنەوە، من ئەو قسەیەم پێ خۆش بوو،بەڵام هەندێکیان هەتا دەنگیان تێدابوو بەم ناوەوە بانگیان دەکردم.

پاش تەواوبوونی خزمەتی سەربازییەکەم،نازێ پێشنیازی کرد بۆ تەواوکردنی دەورەی پسپۆڕی بچمە ئەوروپا،من وتم:نا،ئەگەر بچمە ئەوروپا ، خەڵکی ئەو کاتە دەڵێن باوکت یارمەتی داوین، من پسپۆڕیم گەرەك نییە ، وەرە بۆ خۆمان بڕۆینە شارێکی دوورو لەوێ بژین. ژنەکەم قایل بوو، بڕووبوزگوڕەکانمان بەستەوەو بە شەمەندەفەر چووینە یەکێ لە شارەکانی سەر سنوور تا دەستی کەسمان نەگاتێ.

کە گەیشتینە ئەو وێستگەیەی مەبەستمان بوو، چەند کەسێك دەستە گوڵی زل و گەورەیان هەڵگرتبوو بە پێشوازیمانەوە هاتن، پیاوێکیان، کە جلی ڕەشی پۆشی بوو بە پێش هەموویان کەوتبوو،لە مەئموور شەمەندەفەرەکەی پرسی:

– کامە مێردی خاتوو نازێ یە؟

مەئمووری شەمەندەفەرەکە منی پێ نیشاندا. دەستە گوڵەکانیان هێنا پێشەوەو پیاوە ڕەشپۆشەکەش،کە دوایی تێگەیشتم سەرۆکی شارەوانی بوو بۆ ڕێزلێنانی منەوە وەها هەتا سەر ئەژنۆی ڕەش کردبوو وتی:

– یاخوا بەخێر بێی، جەنابی دوکتۆر! شارەکەمان پێویستی بە پزیشکانی وەك ئێوە هەیە.

– خەریك بوو لە ڕقان شێت دەبووم. بە ڕق و بێزارییەوە وەڵامم دایەوە:

– باشە هەموو ئەو دوکتۆرانەی دێنە ئێرە وا پێشوازییان لێ دەکەن؟

سەرۆکی شارەوانی و هاوڕێکانی بەو قسەیەی من زۆر ناڕەحەت بوون، هەقیان بوو،چونکە ئەگەر منیش مێردی خاتوو نازێ نەبوومایە هەرگیز نەدەوێرام قسەیەکی وا لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دا بکەم.

سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی بە ڕووی خۆیدا بێنێ،وتی: بەڵێ،تا ئەوەی بۆمان کرابێ،کاروباری حەسانەوەی ئێوەمان جێبەجێ کردووە. ئەگەر پێویستیشتان بە شتێ بوو ئەمر بفەرموون، بۆتان ئامادە دەکەین.

چی دی وەڵامم نەدایەوەو کەوتینە ڕێگا.

بەردەم وێستگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو. هەموو لەسەر سەری یەکدی سەریان هەڵدەکێشاو هەوڵیان دەدا چاکتر مێردی خاتوو نازێ ببینن، ناوەکەم پێش خۆم گەیشتبووە شارو لە هەموو دانیشتنێکا،داستانی منیان دەگێڕایەوە. ژنەکەم بەهۆی ئەم کارەساتەوە لەمن زێتر ناڕەحەت بووبوو. لە پێناو پاراستنی ئابڕووی من هەر کارێکی لەدەست بهاتایا ئەنجامی دەدا و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا چەند جاران ناوەکەی منی دووبارە دەکردەوە ،بەڵام

سوودی چی هەبوو کەسێ نەبوو بە ناوی (دوکتۆر مەتین)ەوە بانگم بکا،لەبەر ئەوە بڕیارمدا ماوەیەك بڕۆمە ئەوڕوپاو تا من دەورەی پسپۆڕییەکەم تەواو دەکەم، بە تێپەڕبوونی کاتەکە ئەو کێشەیەش نامێنێ. بەڵام،چ هەڵەیەکی گەورە بوو! کاتێ گەیشتینە پاریس ، باڵیۆزێکی گەورە کچەکەی ناردبوو،کە کاروباری حەسانەوەی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە جێ بەجێ کرا. شەوێکیش هەر بەزۆر،بۆ نان خواردن بانگی کردین و کاتێکیش ویستی من بە مێوانەکانی دی بناسێنێ ، بەڕێز و فێزێکی زۆرەوە وتی:

– مێردی خاتوو نازێتان پێ بناسێنم؟

بەم شێوەیە،لە پاریسیش لە هەموو شوێنێ بەناوی مێردی خاتوو (نازێ)وە ناسرا بووم!

هەتا لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی پاریس ناوەکەم (مسیۆ مێردی مادوموازیل وا نووسرا بوو.

ژنەکەم بەوپەڕی نارەحەتییەوە وتی؟

– مەتین گیان،بڕۆینە ئەمریکا !

سەیرم کرد چارە نییە،قایل بووم و چووینە ئەمریکا، بەڵام وا نەزانن حەسامەوە،ئەمریکا ئاسانە بەڵام خۆ بچووبمایە بۆشایی ئاسمانیش لەم ناوە ڕزگاریمان نەدەبوو.

دواتر ژنەکەم منداڵی بوو،کوڕێکمان بوو،ئیدی لە بەختەوەری زێتر هیچی دیمان نەبوو،تەنها ئەم ناوەی (مێردی خاتوو نازێ) نەبێ شیرینی ژیانی لێ تاڵ کردبووین، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی من بەناوی خاتوونەکەمەوە بناسن.

هەواڵنامەی کتێب

بەخۆمم گوت:

– ئەگەر بتوانم کارێکی گەورەو قارەمانانە ئەنجام بدەم، ناو و شوهرەتم بگاتە گوێی هەموویان، ئەوا لەو بەدبەختییە ڕزگارم دەبێ.

بێگومان گەیشتینە پایەکی ئاوها ئاسان نەبوو،بەڵام بە هەر هەوڵ و تێکۆشانێك بوو،بە ئارەزووی خۆم گەیشتم و توانیم کورسی مامۆستایەتی لە یەکێ لە کۆلێجە گەورەکانی ئەمریکا وەدەست بێنم و تیادا کار بکەم.

ڕۆژێك کە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی منەوە ئاهەنگێکی گەورە بە ئامادەبوونی مامۆستایان و کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی زانست و ڕۆژنامەنووسەکان ساز کرابوو، وەزیری زانیاری منی بە ناوی (پرۆفیسۆر مەتین مێردی خاتوو نازێ) بە هەمووان ناساند.

ڕۆژنامەکانیش مێردی میس نازێ یان نووسی بوو. بە کورتییەکەی زۆریان پێیان دەوتم (نازیز هابەند) یان (پرۆفیسۆر نازێ).

لەو هێن و منهێنەدا بوو لەلایەن وڵاتی کۆنگۆوە داوا کرابوو چەند دوکتۆرێك بنێردرێ بۆ ئەوێ.

ژنەکەم وتی:عەزیزم حەسامەوە،وەرە با بچینە کۆنگۆ. هەر بۆ ئەوەی لە ناوی(مێردی خاتوو نازێ)وە ڕزگارم ببێ ئامادە بووم هەتا بۆ تەوەرەی باکووریش بووایە بچوومایە:

هەر کاتێ لە فڕۆکە دابەزین،وەزیری تەندروستی کۆنگۆ کە بۆ پێشوازی ئێمە ئامادە بووبوو بە خانمەکەمی وت :

– خاتوو نازێ بەخێر بێی بۆ وڵاتەکەمان!

– دوایش بەڕێزەوە بە منی وت:

– پرۆفیسۆر نازیٚ بەخێر بێی،ئومێدەوارم ژیانێکی خۆش لە وڵاتەکەمان بەسەر بەریت.

بە بیستنی ئەو ڕستەیە چی وای نەمابوو دڵم ڕابوەستیٚ. قۆڵی ژنەکەم گرت و بە زۆر تا پێش ئۆتۆمبێلەکە چووم. بە یەکەمین فڕۆکە لە کۆنگۆ گەڕامەوە.

ژنەکەم وتی:

– ساڵهایە لە وڵاتەکەمان هاتووینەتە دەرەوە، ئێستا بە تێپەڕبوونی کات هەموو شتێك گۆڕاوە. ئەگەر حەز دەکەی با بۆ هەمان جێگا بگەڕێینەوە.

گەڕاینەوە تورکیا. لە یەکیٚ لە کۆبوونەوە نیشتیمانییەکانی،کە بەبۆنەی گەڕانەوەی ئێمە ساز کرابوو،یەکیٚ لە پشت سەرمەوە بوو منی بە ئەوانی دی دەناساند:

– مەگەر نایناسنەوە؟ مێردی خاتوو نازیٚ یە!

– ئیتر خەریك بوو بە ڕوویدا بتەقمەوە! بەڵام چارە نەبوو. ژن و منالّم هەبوو.

لە وڵاتی ئێمەدا هەموو شتێك بە گوێرەی سامان و دارایی کەسەکانەوە هەڵدەسەنگێندریٚ.منیش بۆ ڕزگاربوون لەم ناوە نەفرەتییە، بڕیارمدا پارە کۆبکەمەوە. ئەڵبەتە هەمووتان دەزانن لە وڵاتی ئێمەدا یەکیٚ خاوەنی چەند سیفەتێك بێت زۆر بە ئاسانی دەوڵەمەند دەبیٚ، منیش دەوڵەمەند بوونەکەم زۆر بە ئاسانتری لە بوونە پرۆفیسۆریەکەم وەدەست هێنا.

زۆربەی دەڵاڵەکانی شار بۆمن ئیشیان دەکرد ، بەشێوەیە لە هەر کوێیەك نەخۆشێکی دەوڵەمەندیان بدیبایە ، دەمودەست بۆ عیادەکەی منیان

دەنارد. لە ماوەی سالێکدا ، دوو ئاپارتمانی گەورەو ئۆتۆمبێلێکی گران بەهای کڕی و بڕە پارەیەکی چاکیشم لە بانقەکان پاشەکەوت کرد. دەمویست نەخۆشخانەیەکی حازریش دروست بکەم ، بەڵام قسەی خەڵکی دەهاتەوە گوێمەوە :

– باشە، پیاو ، کە مێردی خاتوو نازێ بێ هەموو ئیشێکی پێ دەکرێ.

ناکەس بەچانە پرۆفیسۆرییەکەی منیان بەهۆی (نازێ)وە دەزانی، سامانەکەی منیان بەماڵی ئەو دادەنا ، بە کورتییەکەی ، هەموو شتێکی من لە نێو ناونیشانی خێزانەکەی ئەودا بزر ببوو. ڕۆژێکیان لە جادە پیاسەم دەکرد. دوو کەس چەند هەنگاوێك لە پێش منەوە دەڕۆیشتن دەربارەی من قسیان دەکرد :

– توخواکەی برۆ لای مێردی خاتوو نازێ. بە یەك جار منی چاك کردەوە.

بیرم کردەوە ئەگەر ماوەیەك لە ژنەکەم جیاببمەوە ، ئەو و ناودەنگیەش نامێنێ. لەگەڵ ئەوەشەوە ژنەکەم زۆر خۆش دەویست ، بەهانەیەکم بۆ دروست کرد و بە تەنیا چوومە پاریس. بە پێچەوانەی ئارەزووی جار پێشوو ، لەگەڵ چەندان ژن دۆستایەتیمان پەیدا کرد ، بەڵام هیچ کامیان لەمانە دەردی منیان دەرمان نەکرد و ناوی نەفرەتی (مێردی خاتوو نازێ) یان لە کۆڵ نەدەکردمەوە.

گەڕامەوە ئەستەمبۆڵ و داوام لە ژنەکەم کرد بۆ یەکجار لە یەك جیا ببینەوە. نازێ ژنێکی ۆزر باش بوو ، دەستی لە ملی کردم و گریا و بێ ئەوەی ناڕەزایی پیشان بدا و گوتی :

– عەزیزم تۆ هەرچیەکت بوێ ، من لەبەردەستتام . منیش تا ئاخیر عومرم بە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆوە دادەنیشم. بە چاوی فرمێسکەوە دەفتەری تەڵاقی ئیمزا کرد.

وامدەزانی ئیتر کارەکە تەواو دەبێ و لەو بەدبەختییە ڕزگاریم دەبێ ، بەڵام خراپتر بوو.

ئەمجارەیان ڕۆژنامەکان دەستیان بە هەراو هۆریا کرد ، کە مێردی خاتوو نازێ لە نازێ جیا بووەوە !

شەش ساڵ بە تەنیا مامەوە، لەو ماوەیەش هەموو پێیان دەوتم (نۆنە مێردی خاتوو نازێ) !

شەش ساڵ بە تەنیا مامەوە. لەو ماوەیەش هەموو پێیان دەوتم (نۆنە مێردی خاتوو نازێ) !

لەگەڵ ئەوەشەوە شێتانە نازێم خۆشدەویست، بیرم لەوە کردەوە ئەگەر ژنێکی دی بێنم لەم ناوە نەفرەتییە ڕزگاریم دەبێ. ئەمجارەیان لەگەڵ کچی دەرگاوانی ئاپارتمانەکەم،کە ناوی (فاتێ) بوو زەماوەندم کرد.وامزانی ئیتر کەس بە ناوی (مێردی خاتوو نازێ)وە بانگم ناکا.

بەڵام بۆچوونی ئەم کارەشم تەواو دەرنەچوو. هەموو دەیانوت:

(تەماشاکە مێردی خاتوو نازێ لەگەڵ زەماوەندی کردووە !).

ژیانم لێ ببووە دۆزەخ.هەرچییەکم دەکرد نەمدەتوانی لە (مێردی خاتوو نازێ)وە خۆم ڕزگار بکەم. چوومە لای نازێ و تکام لێ کرد با بۆخۆی شوو بە پیاوێکی دی بکا، بەڵکو بشێ لە ناوی مێردی (نازێ) وە ڕزگاریم ببێ. بێچاریەی نازێ زۆر گریەو زاری کرد. ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێ لە پاش من

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ کەسێکی دی پەیمان ببەستێ، بەڵام لەبەر دڵی من بەم ئەشکەنجەیەش قایل بوو.

ئەگەرچی ئەم نازناوە نەفرەتییە بە مێردە تازەکەی (نازێ) وە وەنووساو گەورەو گچکە پێیان دەوت (مێردی خاتوو نازێ)،بەڵام منی بێچارە دووبارە نەحەسامەوەو نازناوی (مێردی یەکەمی خاتوو نازێ) یان بەسەردا سەپاندم!

بیستنی مەرگی نازێ زۆر کاری تێکردم. دەمزانی بێچارەیەی بۆ ڕزگاربوونی من خۆی کوشتووە. بەڵام حەیف ، کە مەرگی ئەویش منی لەو مەینەتیە ڕزگار نەکرد. ئێستا وا دوای سێ ساڵیش بەسەر تێپەڕبوونی مەرگی نازێ هەمدیسان خەڵکی دەڵێن (مێردە بێچارەکەی نازێ ! ) ئێستا هەقمە خۆم بکوژم،کەس لە کوشتنی من تاوانبار نییە. ماڵئاوا ئەی دونیای جوان! ماڵ ... ئا ... وا ...

* * *

لەو ڕۆژەوە ڕا،کە دەمویست خۆم بکوژم،ئەوا ١٨ساڵی تەواو بەسەر دەچێ.دوێنێ لە ئەمریکاوە ئینسکلۆبیدیایەکی پزیشکیم پێ گەیشتووە . لە جێگای داهێناکانەوە باسی منی کرد بوو و منی بە ناوی (پرۆفیسۆر نازێ)وە بە خەڵکی ناساند بوو.

بەخوێندنەوەی ئەم ناوە بە جارێ لەشم داهێزرا. ڕووداوە ترسناکەکانی ئەو ڕۆژانەم دەهاتەوە پێش چاو ، خێرا خێرا حەبی خەوێم دەخوارد و ئەو نامەیەم دەنووسی. لە کۆتایی نامەکەدا وورده وورده حاڵیشم تێك دەچوو ، چاوەکانم قوورس دەبوون و ناو ژوورەکەم وەك هەورێکی ڕەشی تاریك دەهاتە بەر چاو و تارمایی ژنێك هاتە پێش چاوم.

ئەو ژنە، نازێ بوو، هاتە پێشەوە بە گرژییەوە و گوتی:

– ئازیزم، خۆکوشتن تۆ ڕزگار ناکات.

پرسیم: بۆچی؟

وتی :

– بۆ ئەمەشیان بەیانی دووبارە ڕۆژنامەکان دەنووسنەوە : (مێردی نازێ بێچارەیەی نەیتوانی بەبێ ئەو بژی و خۆی کوشت!)

دیتم ڕاست دەکا بەڵام زۆر درەنگ بوو ، حەبەکان خەریك بوون کاری خۆیان دەکرد.

وتم:

– نازێ گیان هەقی خۆتە ، بەڵام وا دەبینی زۆر درەنگ هاتی ، ناتوانم لەم خەوە قورسە بێدار ببمەوە.

گوتی: هەوڵدە ، ئەگەر بتەوێ دەتوانی.

دوایی دەستەکانی کردەوەو وتی:

– وەرە ئازیزم ، وەرە باوەشمەوە تا ڕزگارت کەم.

بە زۆر لە جێگاکەم قیت بوومەوە ، بۆ لای چووم، هەرچەند من بەرەو ڕووی دەچووم ئەو زیاتر دەکشایەوە دواوە . چونکە بە پێوە بوەستم بەم لاو بەو لادا دەهاتم و دەستم بۆ دۆڵابە بچووکەکەی کتێبەکان برد و لێوارەکەیم گرت. لە یادمە کە تەپەم لێوە هات کەوتمە سەر زەوی یەکەو دۆڵابەکەشم بەسەردا کەوت.

*   *   *

فاتەی ژنیشم لەگەڵ دەنگ و هاوارەکە خۆی گەیاندە ژوورەوە ، کە چاوی پێ کەوت لەو حاڵەتەم بردمیە نەخۆشخانە. لە نەخۆشخانە دوای ئەوەی گەدەیان شوشتم منیان لە مردنێکی حەتمی ڕزگار کرد . ڕاستی یەکەی نازێ بوو منی لە مەرگ ڕزگار کرد ، ئیدی ئێستا بە ناوەکەی ئەوەوە ناڕەحەت نابم و لە هەر شوێنێکدا ناوی پرۆفیسۆر نازێ دەبینم بزەم دێتێ.

هەواڵنامەی کتێب

# قسە قسەی ڕادەکێشێ

ڕێگا بدەن با جارێ سەعید ئاغا بە خزمەتتان بناسێنم. ئەگەر بمانەوێ کەسێکی بێ بۆن و بێ نیشانە لە ژیان نیشان بدەین ئەوا سەعید ئاغا باشترین نموونەی ئەو کەسەیە سەعید خەمی نە لە ڕۆژی شادومانی نە لە ڕۆژی پەرێشانی نەخواردووە.

هەتا ئەگەر ڕۆژێ لێی بپرسی:

سەعیدئاغا لەم وڵاتەدا چەند حزبمان هەیە؟

وەڵامتان ناداتەوە هەر تەنها شانی بەرز دەکاتەوە و لچی خوار و خێچ دەکاتەوە.

سەعیدئاغا پیاوێکی زۆر سەنگین و بە ئەدەبە هەرچەندە دە ساڵ لە من گەورەترە، بەڵام لە ڕەفتار کردندا هەموو وا دەزانن باوکی منە!

سەعید ئاغا زۆر کەم دوەو تاقەتی نیەو ئەگەر زۆر پێویست نەبێ قسان ناکا ، دەم لێك ناکاتەوە.

سەعیدئاغا لەو ویلایەتەی لە باوكییەوە بۆی بەجێماوە كەوتۆتە دەرەوەی شار لەگەڵ ژنەكەی و دوو كچەكەیەوە ژیان بەسەر دەبا.

سەعید ئاغا ئومێدەوارە، كە زاوایەكی چاكی بۆ پەیدا بێ . هەر چەندە لایەكی خانووەكەی چۆڵە بەڵام بەكرێ ی نادا و چاوەڕێیە هەرچی زووتر داواكارێكی كچەكەی بێت و ئەو بەشە چۆڵەی ماوەتەوە بیداتە ئەو.

هەموو ڕۆژێ من و سەعید ئاغا لە شەمەندەفەر یەكدیمان دەبینی. ئەگرە لە شەمەندەفەر یەكدیمان نەبینیبایە ئەوا لە سەدا سەد لە كەشتی شار، كە ئێمەی دەبردە لای دیارەكەمان یەكدیمان هەر دەبینی .

من بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەكی قوورس یەخەی گرتبووم ١٥ ڕۆژ بوو لە نێو نوێندا كەوتبووم لەبەر ئەوە ئاگام لە سەعید ئاغا نەمابوو.

دوای چاكبوونەوەكەم یەكەم ڕۆژ، كە چوومە دایەرەكەمان سەعید ئاغام لە شەمەندەفەر بینی. هەر كە لە شەمەندەفەر دابەزین و بەرەو ئەو كەشتییەی دەیبردینەوە دەڕۆیشتین ، یەكێ لە برادەرەكانی دایەرە ڕووی لە سەعیدئاغا كردو پرسی :

– سەعیدئاغا چۆنی؟

سەعیدئاغا بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە لە ڕۆیشتنەكەی خۆی بەردەوام بوو.

كاتێ گەیشتە بەندەر یەكێ لە برادەرەكانی سەعید ئاغا لێی نزیك بووە و دوای سەلاموعەلێك پرسی :

– سەعیدئاغا هەوا چۆنە !

بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ بە پێچەوانەی ئێمە دەستی کرد بە ڕاکردن. لە ڕووی سەعید ئاغا وورد بوومەوە بە تەواوی ڕەنگی گۆڕا بوو ، چۆن گەچ لە کاتێکا هەندێ ئاوی بەسەرداکەیت شین هەڵدەگەڕێ ، وای لێهاتبوو ! ....

دوای پرسیارەکان ئەو دۆستەی سەعید ئاغا ، دەنگێکی دی لە پشت سەرمانەوە هاتە گوێمان :

– سەعیدئاغا هەوا چۆنە ؟

– سەعیدئاغا دڵتەنگ مەبە ، بڵێ بزانم هەوا چۆنە ؟

سەعیدئاغا بەو پرسیارانە ناڕەحەت ببوو، لەگەڵ ئەوەشەوە هیچ بە ڕووی خۆیدا نەدەهێنا و هەڵوێستێکی وای نیشان دەدا، کە گرنگی بە قسەی دۆستەکانی نادا،لەژێر سالۆنی ئەو کەشتیەی چاوەڕێمان دەکرد یەکێ لە دۆستەکانی سەعید ئاغا گوتی :

– سەعید ئاغا سەلام علیکم.

من ئەو پیاوەم هەر نەدەناسی . پیرێکی زۆر کەڵەگەت بوو، کە تا ئەو ڕۆژە لە دایەرەکەی خۆمان چاوم پێ نەکەوتبوو.

سەعید ئاغا ڕووی تێ کرد و وتی :

– سەلام قوربان.

– سەعیدئاغا چۆنی؟

– الحمدلله خراپ نیم.

– خوا هەر ساغ و سەلامەتت کا .

– ڕاستییەکەی نەتفەرموو هەوا چۆنە؟

سەعیدئاغا وەك چۆن تیرێك لە چلەی کەوان بێتە دەرەوە وا لە جێگاکەی خۆی قیت بووەوەو کڵاوەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە.

بێگومان منیش نەمتوانی دۆستی بیست ساڵەم بە تەنیا جێ بهێڵم و بەدوای ئەودا چوومە دەرەوە. سەعید ئاغا چووە لای تەختەی دانیشتنی کەشتی و منیش دوای کەمێك، کە ئەو دانیشت بێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ بپرسم چووم لە تەنیشتی دانیشتم.

من تێنەگەیشتم،کە شتێك سەعید ئاغای پەست کردووە،بەڵام نەدەوێرام هۆی ئەو ناڕەحەتیەی لێ بپرسم و دۆستەکەم زیاتر تووڕە بکەم.

هەتا هاتنی ئەو کەشتییەی ئێمە دەمانویست ، من و سەعیدئاغا کڕ و بێدەنگ بووین و قسەمان نەکرد،کاتێ لە کەشتی دابەزین دیسان برادەرانی دایەرەمان لەگەڵ سلام و علیك لە سەعیدئاغایان دەپرسی:

- سەعیدئاغا هەوا چۆنە.

ئەم جارەیان من تووڕە بووم و ویستم لەو شتە بەشداری بکەم، بەڵام چونکە هیچ ئاگادارییەکم لەسەرەتای مەسەلەکە نەبوو نەوێران چ قسان بکەم. بەڵام لە دڵەوەش ڕازی نەبووم خەڵك ئەو بەزمە بەو پیاوە سەنگین و بە ئەدەبە بکەن.

کاتێ سواری پاس بووین تاقەتم چوو، پرسیم:

- سەعیدئاغا کارەساتێك هەیە لەم نێوانە و من نەزامزانیبێ؟ بۆچی هەموویان دەربارەی هەوا پرسیار لە تۆ دەکەن ؟

بە سەرسوڕمانەوە سەرتاپا سەیرێکی کردم و پرسی:

- بەڕاستتە لەم بارەیەوە هیچ نازانی؟!

– نەخێر هیچ ئاگام لێ نییە.

– زۆر باشە، کاتێك عەسر کارمان تەواو بوو، سواری کەشتی بووین هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە . ئەو ڕۆژە تا عەسر هەموو هۆش و خەیاڵم لەلای سەعیدئاغا بوو. بەجۆرێك، کە دیار بوو لە ماوەی ئەو ١٥ ڕۆژەی من نەخۆش کەوتبووم کارەساتێك بەسەر ئەو پیاوە بە ئەدەبە هاتبوو من لێی بێ ئاگا بووم ، هەمان ڕۆژ بۆ عەسر لە بەندەری کەستی یەکدیمان بینیەوە .

سەعیدئاغا داوای کرد بەو کەشتییە نەڕۆینەوەو چاوەڕێی کەشتییەکەی دوای ئەو بکەین.

تێگەیشتم سەعیدئاغا نایەوێ لەگەڵ ئەو کەشتییە بڕواتەوە،کە هاوڕێکانی تری دایەرەکەمان سوار بووینە تا نەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئەوان ، لەسەر قسەکەی ئەو چاوەڕێی کەشتی دواترمان کرد.

سەعیدئاغا لای فرۆشیارەکە ١,٥ کیلۆ ماسی ئازادی کڕی، دوای ماوەیەکی دیش لە بەندەر چاوەڕێمان کرد ئەوجا سواری کەشتی سەعات ٨,١٠ بووینو بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ.

تەڕاتی لەشی ماسییەکان ڕووی پاکەتەکەی تەڕ کردبوو،لەوانە بوو چەند دەقیقەیەکی دی وا بمابووایەوە پاکەتەکە دەدڕا و ماسییەکان دەکەوتنە خوارەوە .

سەعیدئاغا چاوی لێ بوو ، توند دەمی ماسی یەکانی بەستەوە نەیهێشت بکەونە خوارەوە من و سەعید ئاغا بە جووتە لەسەر کورسی کەشتییەکە دانیشتین ، سەعیدئاغا وتی:

– جا تۆ ئێستا هیچ ئاگات لە مەسەلەکە نییە؟

لەو کاتەدا پیاوێکی دی ، کە ئەویش هەر لە دۆستانی دایەرەمان بوو ، وتی :

– سەعیدئاغا هەوا چۆنە؟

سەعیدئاغا بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە لە جێگاکەی خۆی هەڵسایەوەو بەرەو سالۆنی کەشتییەکە ڕۆیشت،دووبارە بە دوایەوە چوومەوە سالۆنەکە.

کاتێ لەگەڵ سەعیدئاغا لە سالۆنەکە پیاسەمان دەکرد،سەعید ئاغا وتی :

– دۆستی عەزیزم زۆر وریای خۆت بە،ئەگەر یەکێ پرسیاری هەوا و ئەو جۆرە شتانەی کرد تۆ بۆ خۆت خێرا ڕاکە، ئەگەر ناچاریش بووی نەتتوانی هەڵێی هیچ مەڵێ، چونکە ئەو جۆرە کەسانە بە پرسیارکردنی هەوا دەست پێ دەکەن تا کاتێك وای لێدێ ئاگات لە خۆت نامێنێ و تووشی مەترسی یەکت دەکەن.

چونکە دوای پرسیارکردنی هەوا ئەوجا مەوزووعی ئاو دەکاتەوە ماوەیەك باسی ئاو و هەواش دەکا ئەوجا قسە دێنێتە سەر خاك و زەمین ، ئیتر تۆش بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بمێنێ دەبینی وا دەستت بە باس و قڕەو گاڵە کردووە. نێزیکەی دە ڕۆژ لەوە پێش سواری شەمەندەفەر بووم لە تەنیشت پیاوێکەوە دانیشتم. دوو سێ دەقیقە بێ دەنگ بووین ، تا ئەو پیاوە وتی:

– هەواکەی چەند ناخۆشە؟!

تۆ خۆت باش دەزانی من ئەو جۆرە کەسانەم خۆش ناوێ لەبەر ئەوە وەڵامیم نەدایەوە.

پاش چەند دەقیقەیەك دووبارە پرسییەوە:

– قوربان هەواکەی ناخۆش نییە؟

سەیرم کرد ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە لەوانەیە وابزانێ لەبەر بێ ئەدەبییە، لەبەر ئەوە وتم:

– بەڵێ .

باوەڕ بکە بێجگە لەو وشەیە، وشەیەکی دیم لە دەم دەرنەچوو.

کابرا وتی:

– وەك ئەوە وایە، کە ئەمساڵ باران نەیەوێ بباریێ. بۆ ئەوەی لە کورتیدا بیبڕینەوە ، وەڵامم نەدایەوە .

– قوربان بە ڕای تۆ ئەمساڵ باران ناباریێ ؟

بە گیانی هەردوو مناڵەکان بێجگە لە وشەی بەڵێ زیاتر هیچ شتێکی دیم بەرامبەر ئەو پرسیارەی نەووت .

ئاخر نەمدەتوانی لە کاتێکا ئەو دەیوت:

وەك ئەوەیە ئەمساڵ باران نەیەوێ بباریێ ، بمووتایە:

– نەخێر ئەمساڵ باران دەباریێ .

دەبوایە چەند سەعاتێك مشت و مڕی لەگەڵ دا بکەم ، منیش ئامادە نەبووم ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکەم.

ئەو کابرایە سەر لە نوێ گوتی :

– کاکە تۆ نازانی خەڵکە بەبێ ئاوی دەکەونە چ بارێکی خراپەوە؟

– بەڵێ .

– ئەگەر باران نەباریێ گرانی دەکەوێتە هەموو وڵاتەوە ، هەر چەندە کە بیستبووم کێڵگە گەورەکانی گەنم لە ئانادولو لەبەر بێ ئاوی لە ناو چوو بوون.

وەڵامم نەدایەوە.

– ئەی قوربان وانییە؟

– بەڵێ بەهەمان شێوە کە تۆ دەفەرمووی.

– ئەو کاتە ناچار دەبین دووبارە پێویستی خۆمان لە گەنم لە دەرەوە مسۆگەر بکەین:

کە سەیری کرد وەڵامی نادەمەوە،وتی:

– ئەی وانی یە قوربان! ئەی ئەو کاتە ناچار نابین گەنم لە دەرەوە بێنین ؟

– بەڵێ .

ئەم حکومەتەی ئێمە حکومەت نییە، دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی ئەگەر نەتوانن نانمان بۆ مسۆگەر بکەن بە چ دەردێ دەچین. دیتم کابرا هێواش هێواش مەوزووعی هەوا بەجۆری حکومەت و دەوڵەت و میللەت دەبەستێتەوە. ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەن ، کە ئەو کابرایە چۆن لە ئاو و هەواوە دەستی پێکرد و دوایی کەوتە زەمی وڵات.

– ئایا بەڕای تۆش وا نابێت ، کە دەوڵەت بە چاکی ناتوانێ ئیدارەی وڵات بەڕێوە ببات ؟

کە سەیرم کرد قسەکانی دوایی لە بارەی دەوڵەت و میللەتە هەتا لە گوتنی بەڵێ و نەخێریش کڕ بووم و چیم نەدەوت. نازانم چۆن وا لە ئاو و هەواوە هاتوە سەر مەسەلەیەکی گشتی و هێرش بردن بۆ سەر دەوڵەت.

هەڵسام چوومە قوژبنێکی فاڕگۆنەکە ، بەڵام کابرا وەل نەبوو ، لە کۆڵم نەبووەوە ، هاتەوە بەردەمم و سوقورمەیەکی خێواندە بچوکت و پرسی :

– ئەی مەگەر وانییە ؟

– بەڵێ قوربان وایە !
– باوەڕ كە ئەگەر نەموتایە ئێستا بە سوقرمان لاپاڵێكی هوورد كردبووم.
– ڕۆژ بە ڕۆژ ئازووقە و پێویستییەكانی ژیانمان گران دەبێ و وەزعی ئەو میللەتەش بەرەو خراپی دەچێ و لە دواییا چۆنی بیانەوێ وا دەكەن.
بێ گومان دەمتوانی بڵێم نەخێر وانییە لە وڵاتەكەماندا جگە لەوەی شت گران نەبووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پیت و بەرەكەت زیاتر لە جاران بەرچاو دەكەوێ! بەڵام چونكە حەزم نەدەكرد قسەی لەگەڵ بكەم هەروا بە وشەی بەڵێ بڕاندمەوە.
– ئەو میللەتە بێچارەیە دەبێ چی بكا؟
وەڵامم نەدایەوە .
– ئەی وانییە قوربان؟
– بەڵێ وایە .
بێگومان ئەو بەڵێ یەش دوای ئەوەی مستێكی قایمی لە چاكەتەكەم دەدا ئەوجا بە سەرزمانم دا دەهات. لە تەواوی ئەو ماوەیە بێ ئارام و چاوەڕێ ی گەیشتنی شوێنەكەم بووم و بەخۆمم دەوت :
– دواجار ، كە دابەزیم لە دەستی ڕزگارم دەبێ.
كابرا هێواش هێواش ئیشەكەی گەورەتر دەكرد و دوای هەر قسەیەكیشی لەمنی دەپرسی :
– وانییە ؟
منیش لە ترسی ئەوەی مشت و سوقوورمە نەخۆم پشتگیریم لە قسەكانی دەكردو بەڕاستم دادەنان. بەشێوەیەك لە پاڵ پەنجەرەكەی پەستا بووم بیرم

دەکردەوە دەمگوت ئا ئێستا لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە فڕێم دەداتە خوارەوە .

ئەو کابرایە، کە بە هیچ جۆرێ نەمدەناسی ئەمجارە بەلێدانی مشتی دوو دەستە و سوقورمەی دۆستانە لە ڕانم ، پرسی :

– وانییە قوربان ؟

منیش دوای ئەوەی دەستم بە ڕانمدا دەهێنا بۆ دامرکاندنەوەی ئازارەکەی ئەو دەموت:

– بەڵێ قوربان بەم جۆرەیە ، کە فەرمووت.

ئەگەر لەسەر ئەو کارەشی بەردەوام بوایە هەر قایل بووم ، بەڵام دوای چەند چرکەیەك وەك لقە دارێك دەیتەکاندم و داوای لێ دەکردم دان بە قسەکانی دابنێم ، ئەگەر لەسەر زەویش درێژی کردبامایەو بە کوتکان لێیدابامایە زۆر پێم خۆشتر بوو لەوەی،کە هەر جارەی بەجۆرێ ئازارم بدا.

بە کورتییەکەی ، لەو شەق و مشت و پێلاقە و سوقورمانە و جنێوانە بە دایك و خوشکەکانم ڕزگارم بوو گەیشتمە جێ . هەر کە لە شەمەندەفەر دابەزیم لە ترسی ئەوەی نەوەکو دیسان تووشی ببمەوە سەرم شۆڕکردەوەو بەرەو بەندەر کەوتمە ڕێ.

لەناو قەرەباڵغی خەڵکیدا کابرا لە پێش چاوم بزر بوو ، لە بیرمە هەتا لە دووەمین پێپلیکەکانی کەشتی بەسەر نەکەوتبووم کە سێ جار دەستێك بەر شانم کەوت . تەماشام کرد پۆلیس وا ڕووبەڕووم وەستاوە.

– تکایە چەند دەقیقەیەك بۆ پۆلیسخانە لەگەڵمان تەشریف بێنە .

بە بیستنی ناوی پۆلیسخانە ڕەنگم تێکچوو ، چونکە تۆ خۆت باش دەزانی من لە هەموو ژیانمدا پۆلیسخانەم نەدیتبوو . بەڵام چیم پێدەکرا. ناچار بەدوای پۆلیسان کەوتم بۆ پۆلیسخانە.

کە چووینە ژووری ئەفسەر ، ئەو پیاوەی لەوێ وەستابوو ناسیم ، بەتایبەتی دوو کەسی دیش لە گەشتکەرانی نێو فارگۆنەکەمان لەوێ بوون ، هەر زۆرم پێ سەیر بوو .

بەخۆمم وت :

– حەتمەن ئەو دوو گەشتکەرە دڵیان بە حاڵی من سووتاوە و شکاتیان لەو کابرایە کردووە.

بۆیە بە ئەفسەرم وت :

– قوربان ئەگەر خەڵك شکاتیان لەو پیاوە کردووە ، بەڵام من هیچ گازاندەیەکم لێ نییە.

ئەفسەرەکە وتی :

– نا کەسێ شکاتی لەم پیاوە نەکردووە ، ئەمانە شکاتیان لە تۆ کردووە .

جێگای باوەڕ نەبوو ، کە مرۆڤێك هەر بە وتنی قسەی هیچی یەکێکی دی بڵێ بەڵێ، بەڵێ و مشت و پێلاقەش بخوا و ئەمجا کۆمەڵێك بێن شکاتیشی لێ بکەن.

– قوربان ئەم دوو کەش شاهێدن ، کە شت نەماوە ئەم کابرایە نەیوتبێ.

– ئەو کاتە تەواوی قسەکانی خستە پاڵ من و یەك یەك دەیگێڕانەوە.

بە ناڕەحەتییەوە وتم :

– بەڵام قوربان من ئەم شتانەم نەوتوە ، سوێند دەخۆم هەموو ئەم قسانە ئەم پیاوە خۆی وتونی ، دوو کەسە شاهێدەکە وتیان :

ڕاستە:هەموو ئەو قسانە ئەو پیاوە وتونی، بەڵام لە قسەکانی دەبووەوە ئەم پیاوەش بە وتنی بەڵێ بەڵێ قسەکانی ئەوی پەسەند دەکرد.

کابرا وتی :

من وام دەوت بۆ ئەوەی تا بزانم ئەو پیاوە دەڵێ چی ؟

بەم شێوەیە بە تاوانی وتنی بەڵێ من تاوانبار کرام ، سەعید ئاغا خەریکی چاکردنی پاکەتە ماسییەکان بوو.

بە نارەحەتییەوە پرسیم :

– ئێ دوایی ؟

– هیچ ، دوایی پێیان درکاندم و ڕەوانەی دادسەرایان کردم و ئێستا بڕیار وایە لە یەکێ لە دادگاکان دادوەری بکرێم.

– بەڵام نەتون ئەو پیاوە بۆ شکاتی لە تۆ کرد بوو ؟

بەرێکەوت کاتێ لە پۆلیسخانە هاتینە دەرەوە هۆی ئەو کارەیم لێ پرسی .

ئەو وتی :

– تۆ ، کە دەتوون بەڵێ لێم ڕوون بوو ، کە لە ناخی دڵتەوە نەتدەوت ، منیش ترسام لەوەی نەوەکو شکاتم لێ بکەی و تووشی کێشەم بکەی ، بۆیە پێش دەستیم کرد و پێش ئەوەی تۆ شکات لە من بکەی من شکاتم لە تۆ کرد !

وتم: باشە کەوا ترسنۆکی ئەو هەموو هات و هاوارەت لە چی بوو ؟

– چی بکەم قوربان . خۆم پێ ڕاناگیرێ ، تۆ خۆت باش دەزانی خەڵکی ئەم وڵاتە دەیانەوێ ئەوەی لە دەروونیاندایە هەڵیڕێژنە دەرەوە ، بەڵام لەبەر دوو هۆ ناتوانن ئەم کارە بکەن ، یەکێکیان ئەوەیە کەسێ نادۆزنەوە باسی دەردە دڵی خۆیانی لەلا بکەن، ئەوی دیشیان ئەوەیە هەر کەسێ نەتوانێ لە خێری ژن و منداڵەکانی خۆی چ شوێنێکی دەست کەوێ سەری پێداکاو دەردی دڵی خۆی تیا باس بکا ، ئەوا لە باری خراپی وڵاتەکەمان گلەیی و گازندان دەکا . ئیدی خەڵك ناچار دەبن بە ئاو و هەوا دەست پێ بکەن و دوایی بێنە سەر بنچینەی ئەو مەسەلەیەی خۆیان مەبەستیانە.
سەعید ئاغا ئاهێکی هەڵکێشا و وتی :
– جا ئەوە ڕاسپاردەی من بێ هەر کاتێ بینیت کەسێ سەرەتای باسەکەی بە ئاو و هەوا کردەوە یەکسەر ڕاکە ، چونکە ئەگەر هەڵنەیەی وەك من ئاسا تووسی بەدبەختی دەبیت .
پاش تۆزێ پێکەنین وتم :
– باشە سەعید ئاغا ئێستا هەوا چۆنە ؟
سەعید ئاغا بە تورەییەوە پاکەتە ماسییەکانی بە قایم کوتایە سەرو مێشکم. ئیدی دنیام لەبەر چاو تاریك بوو.
کە هاتمەوە هۆش خۆم و جلەکانم پاك کردەوە تەماشام کرد سەعید ئاغا ماوەیەکە لە پێش من ڕۆیشتووەو خۆی گەیاندۆتە بەندەر ! ...

هەواڵنامەی کتێب

# نوێــــــژ

سەیرترین ناشتنی ئاهەنگی ناشتنی جەنازەی دونیا لە کارخانەکەی ئێمە ڕوویدا :(کارگەی شاکر بەگ).

شاکر بەگ پیاوێکی ئیشکەر و بەرێزە،بەلاَم بێچارەیەی چی بکا لە ولاَتێکی پێشکەوتوودا نەهاتۆتە دنیاوە، ئەگەر لە یەکێ لە ولاَتەکانی ئەوروپا یان ئەمریکا لە دایك ببووایە ئەوا لە ولاَتەکەی خۆیەوە سەرداری تەواوی ولاَتانی دەکرد یا هەر هیچ نەبێ ولاَتەکانی دراوسێ یانی دەهێنایە ژێر خزمەتی خۆیەوە. ئاوا پیاوێکی بەڕێز .. بەلاَم بێچارەیەی چی بکا خەڵکی ولاَتێکی بچووکە و تازە لە گەشەکردندایە ...

لە کارگەکەمان بە ڕاسپاردەو کرێکار و چاودێر و نۆکەر و ... لە بیست کەس زیاتر دەبووین ، هەمووومان سەرمان خستبووە سەر کارەکەمان و خۆمان بە کارەکانی خۆمانەوە خەریك کردبوو ، نازانم لە کوێوە یەکێکمان بە ناوی (وەستا نووری)یەوە لێ پەیدا بوو ، هاتنی ئەو بۆ کارخانەکەمان بووە بەردەم هێمن و ئاسایشی کارگەکەمان .

یەکەمین یا دووەمین هەفتەی دەست بە کارکردنی بوو ، لە نێوان هەموویان دا هاواری کرد :

– کرێی کرێکاران کەمە ! و دەستی کرد بە هاندانی کرێکاران لە خوا شاراوە نییە لە ئێوە شاراوە نەبێ لە کارگە وەستایەکی دەست ڕەنگینمان هەبوو بە ناوی (وەستا فەخری) ماوەی بیست ساڵ بوو کاری تیادە کرد و ئێسکی خۆی تیا وورد کردبوو ، نووری بە گوێیدا دا و وتی:

– دادی ببینە ، ئەگەر بە یەکجاری دەم و پلت ببەستی ئەوجا باشە، خوا سەرۆك بپارێزێ ئەو کارخانەیەی کردەوەو ئێمە گەیاندە نان و ئاوی خۆمان ، ئاوا بۆ خۆمان و کارێکی کەممان دەکردو پێنج شەش لیرەیەکمان دەسگیر دەبوو و خەرجی مناڵەکانی پێ دەردەچوو ، ئێستا ئەگەر کەم و کوڕی یەکانی چاك بکرداینایە هەر باشتر بوو ! ئەگەر لای خۆمانی پێ چاك بکرا بووایە، ئەوا پەنجا وەستای دیش چاویان لەو دەکرد و لە شوێن خۆیانەوە کاری چاکتریان ڕادەپەڕاند ... وا نەزانن وەستا نووری لەو پیاوە گیل و هەڵخەڵەتاوانەبێ.

لە بان سەری وەستا نووری یەوە هاواری دەکرد:

– بابە مەگەر لە وڵات یاسا نەبێ !

بەخوای، ئەگەر شاکر بەگ گوێی لێ دەبوو... یەخەی دەگرت و بەیەك شەقا زللە دەری دەکردە دەرەوە. وەستا نووسری بەرە بەرە دەمار گیرەتر دەبوو ، ئەمجارەیان بە گوتنی (بۆچی دەست کرێی زیادەی کار نادەن ، ئاژاوەیەکی دی خستە نێو کارخانەوە).

هەر چەند ئامۆژگاریان دەکرد نەدەچووە ئەقڵیەوەو لە گوێیەی دەچوو لەوەی دیان دەردەچووە دەرەوە . بە کورتییەکەی ، بە ماوەیەکی کەم بشێووی و ئاژاوەیەکی ئەوتۆی نایەوە ئەو سەری دیار نەبوو ...

بێگومان ئەو قسانە دەگەیشتنەوە بەر گوێی شاکر بەگ ، بەڵام بۆچی قسەی نەدەکرد ، تێ نەدەگەیشتین. ئەو جارەیان وەستا نووری قسەیەکی تازەی بۆ دروست کردین،کارخانە دەبێ شۆربا بداتە کرێکاران! چ قسەیەکە ! کاکم شۆربای دەوێ، ئەگەر شۆربامان بدەنێ بەیانیش دەڵێن (ژنێکیشمان بدەنێ).

ئەگەرچی ئێمە ئەم قسانەمان نەگەیاندە بەر گوێی سەرۆك ، بەڵام ئەویش زۆر بێ ئاگانەبوو، هەموو ڕۆژێ دە دوازدە جار پشکنەرەکانی کار سەریان دەدا و ئەو قسانەشیان دەگەیاندە لای خاوەنکار ، بەڵام دڵۆڤانی خاوەنکار ڕێگەی نەدەدا ئەو جۆرە پیاوە ناڕەحەتانە دەربکا ، بێ گومان دیاریش بوو ئەرباب زیاتر لەبەر خاتری ئەوەبوو دەری نەدەکرد ، کە وەستا نووری ژن و منداڵەکانی برسی دەبن و دوایی بە سووچی ئەوی دەزانن، وەستا نووری بەهۆی دڵناسکی ئەرباب زیاتر بێباکتر بوو ، ئەمجارەیان وتی:

– لە کارگەکاندا بە چاکی لەسەر ڕێوشوێنی تەندروستی ناڕۆن!

خودایا، ئەو کوڕە چاکە شێتبووە، ئاخر کام مرۆڤی ئاقڵ بە دەستی خۆی سەری خۆی لە قوڕ ڕاکردووە. بڵێ بێ ئەقڵ ئەگەر لێرانە دەرت بکەن جێگای چاکترت دەست دەکەوێ ، دەبێ هەر بڕۆیتە ئەو چایخانەیە کەسێ نییە بڵێ ئەمە چایخانەیە یان مێوانخانەی توریستییە ...

زۆرمان بەگوێدا خوێند (مەکە ، قسە مەکە) ، ئیدی هەموومان ماندوو بوو بووین.

لە کوورە دەهاتە دەرەوەو بەسەرماندا هاواری دەکرد :

– مەگەر لەم وڵاتە یاسا نەبێ ؟

دامانناو یاساش هەیە بەڵام بە ئێمە چی ؟ تازە وا گیراوین کێ ئەتوانێ جیکە بکا ؟ تۆ بۆچی ... خۆت لەت دەکەی ؟

ئیدی ئێمە بیرمان لەوە نەدە کردەوە کە بۆچی شاکر بەگ بەرامبەر نووری خۆی بە خاوەن پێشان نادا و دەری ناکات.

ڕاستە لەگەڵ ئەوەشەوە وەستا نووری بەدکارو بەڕاستی پیاوێکی ناڕەحەت بوو بەڵام پیاوێکی هونەرمەندیش بوو.

هیچ ئیشێکی لە دەست قورتار نەدەبوو. خاوەن کاریش هەر لەبەر ئەو شتانە بوو دەری نەدەکرد.

بەڕاستی وەستا نووری ، بە تەواوی مانای وەستاییەوە وەستا بوو.

زۆپا هەڵمییەکان کار نەکردایە ، دەمودەست چاکی دەکردنەوە ، دەزگای مشار بڕەکە خراپ دەبوو ، هەر چەند چاوت لێك بدابوایە دەیخستەوە گەڕ ، کارە ئەلەتریکی یەکانی ئەنجام دەدا. لە دەزگاکانی پاڵاوتن سەری دەردەچوو . (نازانم ئەمە چۆن لە زگی دایکیا جێگای بۆتەوە)، یەکێ لە دەزگاکان لە کار کەوتبوو ، هەرچی ئەندازیار هەبوون دەهاتن و دەچوون هەتا نەیاندەتوانی بزانن هەر عەیبەکەشی چی یە ، هەتا شارەزاو پسپۆڕی تایبەتیان لە ئەڵمانی یەوە بۆ هێنا ، لە چاکردنەوەکەی سەری دەرنەدەکرد ، بەڵام کاتێ وەستا نووری بینی،وتی:

هەواڵنامەی کتێب

– یەك دەقە هێواشکەن ... جلەکانی داکەند و چووە ژێر دەزگاکە. پاش سەعاتێك وای چاك کردەوە لە جاران باشتر ئیشی دەکرد. جا سەیرەکەشی لەوەدابوو لە چاك کردنەوەی ماتۆڕەکاندا داوای شتی یەدەکیشی نەدەکرد، دەندانەی چەرخەکانی یەکێکیان کەمی بکردایە، بزمارێکی بچووکی لەبەر ئەوەی دیان دەپەستا، بە تاڵە دەزوویەکەوە دەیپێچایەوە، بۆ تاڵە دەزووەکەش تاڵە دەزوویەکی بەنەخوێنەکەی ڕادەکێشا، لە بەیانییەوە تا نیوە شەو لە نێو ئەو دەزگایانە دەسووڕایەوە، ئەوەندە بە توانا بوو ئەگەر دەستی بکردایە پەلەدارێك بە ماوەی سەعاتێك مەکینەیەکی فڕۆکەی بۆ دروست دەکردی.

ڕۆژێکیان کۆمەڵێ کرێکار بە دەورما کۆبوونەوە .

– بەدەست ئەو سەگبابەوە گیانمان گەیشتۆتە سەر لێومان ، بچینە لای کێ شکایەت بکەین؟

چووینە لای خاوەنکار، چەند ڕۆژێك خۆی لێ شاردینەوەو دوایێ بانگی کردینە لای خۆی ... ئیدی کاکە نووری وەك ئاگری لێهاتبوو تەڕ و ووشکی بەیەکەوە دەسووتاند، خاوەنکاریش بە دەست (نووری)یەوە هاواری گەیشتبووە بەری ئاسمان، کەچی قایلیش نەبوو دەریکا.

لە پڕ ئەو کارەساتە ڕوویدا، نزیکەی سەعاتێك دوای نیوەڕۆ بوو ، دەنگی تەقینەوەیەك بەرز بووەوە، هەموو لە جێگای خۆیان ڕاپەڕین شووشەکانی کارگە زرینگ و هۆڕیان بوو دەشکان و دەڕژانە سەر عەرز، بە هاوارکردن هاتینە دەرەوە : چییە ... بابە چی بووە ؟

سەیر دەکەین لە شوێن کوورەی کارخانە دووکەڵێکی ڕەش لە تەنوورەکە بەرەو ئاسمان دەکشێ و دەنگی تەقە تەقی تەقینەوەش دەگەیشتە بەر گوێ . هەی هاوار ... خاوەن کار ئاگادار کەنەوە ... خاوەن کار ئاگاداری کەنەوە .. پاش ماوەیەك دوو کەڵ و گەرد و خۆڵەکە نیشتەوە. تەماشای کوورەمان کرد لە جێگای هەڵمەکە بە هیچ جۆرێ پاشماوەی هیچ شتێکی لێ بەجێ نەماوە ، ئەوەی هەبووە بۆتە تەپو و تۆز و چۆتە هەواوە، کە خاوەن کار گەیشتە ئەوێ ، بە هەر دوو دەستان قژی خۆی دەڕنیەوە :

–هەی داد ... هەی هاوار ... بەدبەختم ، بێچارەم .. جا لەو وەختانە یەکسەر نووری بیر دەکەوتەوە .

کاتێ بە هەر دوو دەستان لە سەری خۆی دەدا و دەیوت:

–کوا نووری ؟ وەستا نووری لە کوێیە؟ زووکەن نووری بدۆزنەوە بیهێنن ، بە ئاخ و ئەفسووسەوە چووەوە ژوورەکەی خۆی .

وەستا نووری بە دوو سێ ڕۆژان کوورە و زۆپا بوخاریەکانی چاکردەوەو خستونیەوە کار دەنا دەبووایە چەند مانگێك کارخانە ڕابوەستێ. مەگەر هەر لە دەست و پلی نووری بوەشێتەوە بتوانێ ئەو دەزگا پەرت و بڵاوانە لە کەمترین ماوە و بەبێ کەلوپەلی پێویست بخاتەوە گەڕ. بڕۆ ئێرە وەستا نووری نەبوو . بڕۆ ئەوێ وەستا نووری نەبوو ، چووینە ماڵەکەی ، نەبوو ، چووینە قاوەخانە، نەبوو، نەبوو و نەبوو.. وەستا فەخری وتی:

– ئاخر ئەو بێ شەرەفە چی لێهات ، بووە باڵندە و فڕی؟

جۆشکارەکەمان وەڵامی دایەوە :

– بەڵێ ، فڕی ...

– چۆن فڕی ؟

– وەڵڵاهی نەمبینی بفڕێ  بەڵام بەو حیسابە بێ پارچە قازانی کوورەکە فڕیەوەتە ئاسمان. وەستا نووریش لەگەڵیدا فڕیوەتە ئاسمان... قازانەکە خرا ببو ، منیش نووریم بانگ کرد. جلەکانی داکەند و خۆی چووە لای کوورەکە و منیشی نارد کە بچم درێلەکەی بۆ بێنم و خەبەری ئەندازیارەکەش بدەم. هەتا من چووم ئەم کارەساتە ڕوویدا. ئەگەر ئێمەش لە ژوورەوە بووینایە ئەوا ئێمەش ئێستا فڕی بووین ...

بەڵکو ڕزگاری بووبێ،بەو ئومێدەوە تا عەسریش لێیگەڕاین، نەماندۆزیەوە ، چووینەوەو پێش خاوەن کار :

– وەستا نووری خۆتان خۆش ...

کە ئەوەی بیست دڵخۆش و ئاسوودە بوو و باوێشکێکیدا :

– ئاهـ ... سوپاس بۆ خوا ، قازان تەقی نە تەقی جەهەننەم لە مەترسی یەکی گەورەی ڕزگارم بوو ، دەتوانم دووبارە کوورە و قازان دروست بکەمەوە ، بەڵام ڕزگار بوون لە دەست نووری سەری هەموویەتی .. دووایی ڕووی لە ئێمە کرد :

– نەکەن بە کەسی بڵێن ها.. نێوان خۆمان بێ ... وەستا فەخری گوتی :

– هەر کارێك و بەرژەوەندی خۆی تیایە ... سوپاس بۆ خوا بەخێر کۆچی دووایی کرد.

– کەس گومانی لە خێر و چاکەی ئەو نییە ، بەڵام بە کەسانێ ...

بۆ بەیانی خاوەن کار دەمی کردەوە کە :

– بێنن لاشەکەی نووریم پێ پێشان دەن،دەبێ ئاهەنگی ناشتنی بۆ بکەین.

پۆلیس لەلایەکەوە ، ئێمە لە لایەکەوە لێی دەگەڕاین ، بەڵام نەمانبینیەوەو نەمانبینیەوە. خاوەنکار دەیووت ! دەستی ... پێی ... هەرچی یەکتان بەرچاو کەوت بیهێنن. هەفتەیەکی تەواو گەڕاین نە هەر دەست و پێی هەتا پاشماوەی ئەنگوستی بچووکیشمان نەدۆزیەوە ، ئەرباب دەیووت :

– بابە ئاخر ئەو سەگبابە خۆ باڵندە نەبوو بفڕێتە ئاسمان دەبێ شتێکی هەر بەجێمابێ، هەرچییەکی بەجێماوە بیهێنن! خۆ بە زۆر نییە .. پەیدا نەبوو ، بە وەستا فەخریم وت :

– باشە ئەرباب ئەوەندە شەیدای چاووبرۆی نووری نەبوو ، تازە لە پاش چی داوای لەش و بەدەنی نووری دەکا ؟

– ئەوەش مەسەلەیەکی دی یە ، شاکر بەگ پیاوێکی (شوێنەوار ناس)ە و دەیەوێ بۆ ئەندامەکانی لەشی کرێکارێکی ئاهەنگێك ساز بدا لە تەواوی داستانەکانا بگێڕدرێتەوە... دەیەوێ بیسەلمێنێ، کە چەند لەگەڵ کرێکارەکانی پێوەندییان هەیە و سەرنجی خەڵکی پێڕابکێشێ، پیشانی خەڵکی بدا پێوەندییەکەیان بەم سادەییەوە، کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە وانییە ... ئەرباب بە هەمووانی ڕاگەیاند بوو کە :

– ئەگەر هەر کەسێ بتوانێ بەقەد دەنکە جۆیەك لە لەشی نووری بدۆزێتەوە هەزار لیرە پاداشت وەردەگرێ.

بەڕێکەوت هەمان ڕۆژ دۆزیانەوە،بەڵام چیان دۆزیەوە شەرمەکەم لە ڕووتانەوە بیلێم، ئامێر...نووری لەنێو دوو بەردان گیر کرد بوو، کە دۆزیانەوە سەرمان سوڕما بوو لەشی ئەوە ئەو نییە،بە چی دیارە؟ دەبێ لەشی یەکێکی دی نەبێ ئەستەغفروڵڵا ئەوە...خۆ لە ئاسمان نەکەوتۆتەوە، لەشی وەستا

نووری یە ،هەونی یە، مەسەلەیەك بوو کەس لە ژنەکەی چاکتر پێی چارەسەر نەدەکرا،بەلاّم ژنەکەی وتی:(دلّم بەرگەی ئەوە ناگرێ تەماشای بکەم. دوایی دکتۆر بڕیاری لەسەرداو بەگوێرەی یاسا مردنی نووری ڕاگەیەندرا.

ئێمە تەنها چەند کەسێك ئاگاداری کارەساتەکە بووین، ئەرباب بانگی کردین:

– نابێ ئەو نهێنیانە ئاشکرا بێ، هەمووتان لە یەکیەتی کرێکاران بلّێن هەموو لاشەکەی لە نێو تابووتەکەیە ، هەندێ بەردیش بڕژێنە ناو تابووتەکەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خەلّکی ڕابکێشێ.

یەکەمجار مردوومان شوشت و دووایی خستمانە تابووتەکەوە! هەرچی کرێکاری کارگە هەبوو بە دوای جەنازەکەدا دەڕۆیشتن ، هەموو لە حەوشی مزگەوت کۆببوونەوە. قەرەباڵغیەکی سەیر بوو.

پیاوە سەرزلەکان– پەیامنێری ڕۆژنامەکان و هەموو پشکنەرانی کارو هەموو... ئامادەبوون و ئەربابیش فرمێسك بە هەر دوو چاویدا هاتبوونە خوارێ پاش ئەوەی نوێژی مردوو تەواو بوو و دوعا خوێندن تەواو بوو ، پێش نوێژەکە پرسی :

– خوالێخۆشبوو چ کەسێکتانە؟ ئەرباب خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕووی لە تابووتەکە کردەوەو دەستی بە گریان کردەوەو دەیوت :

ئۆووهـ، برام نووری، ڕۆیشتی و منت بە تەنیا بە جێ هێشت، بەبێ تۆ قوڕی کوێ بکەم بە سەرما. ۆووهـ تابووتەکەی بکەنەوە با بۆ دواجار براکەم ماچ بکەم!زۆر سەیرە! ئەرباب دەیەوێ چی ماچ بکا؟

ئەرباب لەخۆی دەدا و ، نا نابیّ دەبیّ ماچی کەم ... ئیّستا مادام ڕیّگام نادەن هەر بهیّلّن تەنها ئەو ڕووخسارەی کە وەك مانگ وایە ببینم.

باشە ئەگەر ئەو وەختە بچووبایە سەیری بکردایە زیانی چی هەبوو ؟ بەڵام چی ! ئەمنیش لەو وەختە وەك ئەرباب بیّ ئەقلّ بووم و بە هۆی سۆز و خرۆشەوە لەبیرم چووبووەوە چیان لە ناو تابووتەکە داناوە... جەنازەکەمان بردە گۆڕستان و خستمانە گۆڕەوە، دیسان ئەرباب لە خۆی دەدا و دەیوت :

– نووری !... تۆ چاکترین دۆستی من بووی ، تۆ تەکیە گای من بووی ، تۆشم لە دەست چوو ، تۆ چالاّکترین و بەهۆشترین وەستای کاری من بووی ، تا قیامەت لە بیرت ناکەم،تۆ لەنیّو دلّما جیّگای خۆت هەیە ... دلّسۆزییەکانی تۆ . زۆر کارکردنی تۆ، وا بۆ قسەیەکت شیّت دەبم! ...

سەیریّکی وەستا فەخریم کرد، سەیر دەکەم ئەویش وا دەگری.

وتم:

– وەستا. ئەوە ئەرباب لە بیری چووە چی لە نیّو تابووتەکە بوو؟

– لەبیری نەچووە.

– ئەی ئەگەر لە بیری نەچووبیّ، ئەو قسانە بۆ دەکا هەم خراپیشە و هەم گوناهیشە، بەوەی کە.. پیاو چۆن لەسەر تابووت ئەو قسانە دەکا؟

– تۆ بۆ تیّناگەی، هەندیّ کات بەرژەوەندی کار وا داخوازیّ.

– ئەی تۆ بۆچی دەگری؟

– بەم قسە بە سۆزانەی، خۆ دلّم بەرد نییە خۆی ڕاگریّ.

ڕیّوڕەسمی ناشتنەکەی تەواو بوو لە گۆڕستان گەڕاینەوە، یەکیّ لە کریّکارەکان وتی :

هەواڵنامەی کتێب

– ئەگەر بۆ منیش هەمان مەراسیم بکەن ، ئامادەم بمرم.

یەکێکی دیکەیان وتی :

– ئەرباب ئەگەر بە قوربانیشی بین هێشتا کەمە ..!

– گیانم بە فیدای بێ ...

کە گەیشتینەوە کارگە ئەرباب یەکسەر لە ژوورەکەیەوە بە گوێیدا چپاندین.

– سوپاس ... بۆ خوا ، لە بەڵای نووریش بە ئاسانی ڕزگارمان بوو.

* * *

ئەرباب پیاوێکی کاسب و پیاوانەیە،بەڵام نیگبەتەی چی بکا، کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا نەهاتۆتە دنیاوە.

هەواڵنامەی کتێب

# نهێنییەکانی دەوڵەتم قووتدا

ئەو ڕۆژە لە ماڵ سابون و پەنیر هەندێ شتی دیان پێ ڕاسپاردبووم. لە بازاڕی ووردەواڵە فرۆشەکان سابوونم کڕی و پەنیریشم لە بازاڕی ماسی فرۆشان کڕی. لە بازاڕی میوە فرۆشانیش کیلۆ ترێیەکم کڕی و هێنامەوە ماڵەوە. شەوێ ژنەکەم لێی پرسیم :

– ئازیزم ، کاغەز بە دەست ناکەوی ، وانییە؟

– گوتم ، ئافرەت ئەوە کەی پرسیارە ، کەی شتی وا هەیە؟

– ئەی کەوایە بۆچی لە سابوونەکانت وەرنەپێچا ؟ دەمودەست دوو قالبە سابوونەکەیان لە پێش دانام. جا لە ڕوویەکی قالبە سابوونەکانەوە ڕیزێ نووسین بە چاپ نووسرا بوو.

– لا اله الا الله ! ئەوە چییە ، بە چاپ لە ڕووی سابوونەکان دەنووسن ؟

بیرم کردەوە،حەتمەن دەبێ کارگەکانی سابوون شتێکی تازەیان لەسەر سابوونەکان نووسیبێ، هەوڵمدا بیخوێنمەوە، بەڵام نووسینەکان ئاوەژوو نووسرا بوون. دوای ئەوەی کەمێك لە ڕووی سابوونەکان ووردبوومەوە ڕاپۆرتی پەیوەند بە نهێنییەکانی دەوڵەتم بینی.

بەم جۆرە نووسرا بوو:( بابەتەکە زۆر نهێنییە..هی ئەوە نییە مەزەندەی بکەن:

ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە سەرژمێرییەوە هەبووە،هەروا ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەدەرهێنان بەم شێوەیەی خوارەوە تیایدا نووسرا بوو :

... لەبەر نهێنی مەسەلەکە هێما بۆ پیتەکان دابنێن.) ترس و سامێکی زۆر باڵی بەسەر هەموو ماڵەکەماندا کێشا. بێ ئەوەی خۆمان داوامان کرد بێ ، کۆمەڵێ لە نهێنی یەکانی دەوڵەتمان دەست کەوت.هەموو لە یەکدیمان دەپرسی (جا ئێستا چی بکەین، قوڕی کوێ بکەین بە سەرمانا).

– مناڵەکان یەکێکیان ،کە قالبە پەنیرەکانی بە دایکی نیشان دەدا پرسی:

– سەیرە، ئەدی ئەوەیان چییە؟

بە هەمان شێوە، لەسەر قالبە پەنیرەکانیش نووسینی بەرەواژت بەرچاو دەکەوت ، سەرەڕای ئەوەش ، کە لە سەرەوە چەند ڕستەیەك نووسرابوو و وێنەی دوو پەلە مانگی ڕەنگ قورمزیشی لەسەر نەخشا بوو.ئەو نووسینانە لەوانەی جاری پێشووش گرنگتر بوون! هەمووومان سەرمان سوڕما بوو لە جێگەی خۆمان ووشك بووینەوە، گوتم: هەی داد هەی هاوار! وەك ئەوە ژێر پیاڵەیەك بکەی بە دوو پارچەوە وابوو (پەلە مانگەکان) ، لێمان ڕوون و ئاشکرا بێ نەخشەیەکی ترسناکین بۆ کێشاوین، ئەم قالبە پەنیرو سابوونانە دەبێ هەر ئێستا هەتا کەس پەی پێ نەبردووە، گۆڕ بە گۆڕ بکەین.

– دەبێ فرێیان دەینە کۆڵان.

– نا نابێ ، ئەگەر لەو کاتە بینیان؟!..

– دەیدەمە کەناس .

– مەگەر شێت بوویت ؟ یەخەی تۆ دەگرن ! سەرتان نەیەشێنم دواجار بڕیارماندا بیخۆین ، دوو قالبە پەنیرەکانمان دەمودەست خوارد ، واتا نهێنی دەوڵەتمان قووتدا.

لەو کاتەدا منالە گچکەکانیش یەکێکیان لەلای پەنجەرەکەوە وەستا بوو و ووریا بوو نەوەك یەکێ ئاگای لێ بێ.بە داخەوە،چتان لێ بشێرمەوە، نەمانتوانی سابوونەکان بخۆین.چارەمان بۆ ئەوەش دۆزیەوە،کە ژنەکەم نیوە شەو جلەکانمان بشوا،نیوەشەو ژنەکەم دەستی بەجل شوشتن کرد، دەمودەست هەر چی جلی پیس و خاوێنمان هەبوو هەمووی شوشت و سابوونەکانی تەواو کرد...

ئۆهـ، ئۆهـ، ئۆهـ ، ئۆهـ ،... تازە هەناسەیەکی بە ئیسراحەتمان هەڵکێشا بوو. دیسان قڕە و گاڵە بەرز بووەوە .

– ئەمانە چین ؟ ...

شانسەکەی ئێمە دووبارە بەدبەختی ڕووی تێ کردینەوە ، ئەو کاغەزەی میوە فرۆشەکە لەگەڵ ترێ یەکە پێچابوویەوە ئەویش نهێنییەکانی دەوڵەتی تیادا نووسرا بوو.ئیدی وەك ڕۆژ لێمان ڕوونبوو، کە ئەم کارە نەخشەیەکیان بۆ کێشاوەو هەمووشمان لە مەترسی داین. هەمووومان لە ماڵەوە وەك داربی دەلەرزین ، ئەو منالە فەقیرانە خەو لە چاویان ڕەوی بووەوە و ژنەکەشم زەق زەق تەماشای دەکردم.

– ئەو کاغەزەشمان لە ئاگردانەکەدا سووتاند.

بۆ ئەوەی هەتا کەس بۆنی مەوزووعەکە نەکا و ئاگای لێ نەبێ خۆڵەمێشتەکەیشمان لە کۆڵان بە باکرد.

هەموو هۆشمان هاتەوە هاتەوە سەرخۆ و دڵخۆش و دڵخۆش بووین ، تازە ئەگەر ماڵەکەشمان بگەڕێن ، بچووکترین سەنەدی نهێنی یەکانی دەوڵەتیان چنگ ناکەوێ ، هەناسەیەکی بە ئیسراحەتمان هەڵکێشا ، ئەمجارەیان ژنەکەم پرسی:- باشە ئەگەر ئێستا بمانبەنە دەزگای بروسکەو تیشکی ئێکس و تەماشاکەن چمان لێ دەکەن؟

- بۆ؟

- چونکە ئەو کاتە دەزانن پەنیرەکانمان خواردووەو نووسینەکانی سەر پەنیرەکەش لە گەدەمان دەخوێننەوە!

بە بیستنی ئەو قسەیە، مناڵەکان لە شوێن خۆیانەوە ووشك بوونەوە ، ژنەکەشم لەترسان هێزی لەبەر بڕابوو، بە تەواوی وەك شێتەکانمان لێهاتبوو،حەپەسا بووین، لەم کارانە سەرمان دەرنەدەکرد.دواجار بڕیارماندا، کە هەر یەکەی دوو پەرداخ خوێ ی میوەی ئینگلیزی بخۆینەوە. داوای لێ بووردن دەکەم ، پێش ئەوەی خوێ ی میوەکە کارم تێ بکا، دەزانن سەرکەوتنێکی وامان بەدەست هێنا هەتا ئاخیری عومرمان لەو مەترسییە ڕزگارمان بوو تکایە ببوورن جارێکی دیان تەماشای کاغەزێکم کرد، گومان لە چی دەکەن و چیم بینیبێ ؟

...ڕاپۆرتی پسپۆڕە ئەمریکاییەکان نییە دەربارەی بیرە نەوتەکانی تورکیا؟

ئیدی دوای ئەوە هیچی دیم لە بیرنەماوە، جا کە لە کۆلآن ڕادەکەم، شەوان هەموو هاوسێکانمان لە خەو بێداردەبنەوەو هاوار دەکەن( های شێت) و پاشان یەخەم دەگرن.

ئەدی هەقم نییە بترسێم؟ ئەمە بوو نهێنییەکانی دەوڵەت..سەرباری وێنەی دوو پەڵە مانگی ڕەنگ قورمزیش...

# ئەی ئەمەیان کوێندەرییە ؟!

ئەگەر منیش نەناسن،دەبێ لە نووسینەکانمەوە تێگەیشتبن ، کە منالّی کام گەڕەکم ... ئێمە منالّی قاسم پاشاین.

ئەم چیرۆکەی، کە دەمەوێ بۆتان بگێڕمەوە، هی ئەو ڕۆژگارەیە، کە من شاگرد ئاسنگەر بووم... بە پارەی ئەو وەختە هەفتەی سێ لیرەو نیوم کرێ بوو،سێ لیرەو نیوی ئەو وەختە پارەیەکی زۆر بوو، بەیەك لیرە خۆمان مەست دەکرد ، کوا ئەو وەختە ؟

چایخانەکەی جمهوریەت، نێو جادەکەی بێگ ئۆغلو. ئەو وەختە ئێمە لە خانوویەکی کۆنی جالیزەکان دادەنیشتین...

خاوەن خانووەکە دەربەستی پارەکەی ئێمە نەبوو، دوو نهۆم بوو، پێنج ژووری تیا بوو، پێنج خێزان تیایدا دەژیاین،... هەر ژوورێکت بکردایەوە، پڕ شت بوو و جێگای هیچ نەدەبووەوە.

هەر لەو خانوانەش بوو بۆ یەکەمجار چاوم بە کچێك کەوت و دلّم گرتی ،کچە، ئەگەر بلّێم شانزە سالّ بوو، شتێکیشم زیاد وتووە، هێشتا شانزە سالّیش تەواو نەدەبوو، لە کارگەی (دروست کردنی قوتوی مقەوا) ئیشی

دەکرد. کارەکەی ئەوەبوو مقەواکانی دەق دەکرد و دەیبەستن... ، قوتوی مقەوای دروست دەکرد...،هەفتەی دوو لیرەو نیوی کرێ وەردەگرت، ناویشی زبێدە بوو.

ئێستایشی لەگەڵدا بێت، من هەتا ئەمڕۆش لێوی وەك لێوی زبێدەم نەبینیوە .

لێوەکان لەو لێوانە بوو..، ئەگەر چاویان ببەستامایەوەو بیانخستبامایە نێو کۆمەڵێ ژن، هەزاریش بوونایە، یەکە بە یەکە لێوەکانیانم ماچ کردنایە ئەوا لە نێو هەر هەموویاندا زبێدەم ڕادەکێشا دەرەوە . لێوەکانی زبێدە بۆنی شوکولاتەی دەدا، ئێستا (چۆنە) پێتان دەڵێم:

لەو ڕۆژگارە، ئەم سووراو و سپیاوەی کە پێ ی دەڵێن پۆدرە و ماتیك نەبوو..، ئەگەر هەشبوایە،لە گەڕەکەکەی ئێمە هەر ناویشمان نەبیستبوو.

زبێدە ، کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگەکانی لە دەوری شوکولاتەیان دەپێچا کۆی دەکردەوەو لە لێوی خۆی هەڵدەسوو . لێوەکانی وەك گوڵی هەناری لێ دەهات...،بەڵام کێ ئیشی بە ڕەنگەکەی هەبو..،مەسەلەکە تامەکەی بوو ، کە شایانی پیا هەڵدان بوو ...

ئەم زبێدە، لە نهۆمی خوارەوەو لە ژوورەکەی بەرامبەرمان دادەنیشتن ، خۆی و باوکی و نەنە و خوشکی و کاکی بوون..، بەڵێ ، ڕێك پێنج کەس بوون.

ڕۆژگارێ بەسەر چوو...،کرێی خانووەکەیان گران بوو،ژوورێکی هەرزانتریان لە گەڕەکێکی دی دەستکەوت و لە هاوسێیەتی ئێمە باریان کرد ، منیش لەو

کاتە بەدواوە چەند پشت گوێی خۆمم بینی بێ هەر ئەوەندەش زبێدەم بینیەوە .

ڕۆیشت و ڕۆیشت...، بەڵام مەزەی ئەو لێوانەی هێشتاکە و هێشتا لە ژێر ددانما ماوە.

دوای زبێدە ، هیچ ژنێکی دیم نەبینیەوە لێوەکانی وەك لێوەکانی زبێدە لەگەڵ لێوەکانمدا جووت بێ، کە لێوەکانی دەخستە سەر لێوەکانم هەوا لەنێو درزەکان دا نەدەهاتە دەرەوە .

ئۆهـ .. ، ببوورن ، بیرم کەوتەوە ... تەنها ژنێکی دیم دەسگیر بوو ، کە لێوەکانی بە تەواوی وەك لێوەکانی زبێدە وا بوون .

ئێستا پێتان دەڵێم :

لە هەموو ژیانمدا، تەنها یەکجار توانیومە لە دواکەوتنی گشت خێزانە دەرەبەگەکان، بە زاراوەی ئەوان چینی بەرز پێ دەڵێن کەڵك وەرگرم.

چ نەشمیل بوون ، یەك لە یەك چاکتر بوون، ئەگەر کاری ئاسنگەریم بە جێ نەهێشتایە، لەوانە بوو منیش ئێستا لەو چینە بوومایە، خوا دەیزانێ ؟ ...

زۆر لە برادەرەکانم، کە لەگەڵ من ئاسنگەر بوون ، ئێستا جگە لەوەی ئەشراف و بەگزادەن، ئۆتۆمبێل و خانووی خۆیان هەیەو جگە لەوەی باخ و باخات و پارەو پایەکی چاکیشیان هەیە، هیچ کەم و کورتی یەکیان نییە، ئەی من چیم لەوان کەمتر بوو ؟

یەکێ لە هاوسێکانمان چووە کەوڵی باوکمەوەو لێی هەڵساوە سەر پێیان و وتی دەبێ بینێرنە قوتابخانە. دەیگوت :

– حەیف ئەم منالە...،ئەم منالە بەجەوهەرە ئەگەر بخوێنێ دەبێتە شتێك !

حەز دەکەم ئێستا ئەو برادەرە ببینمەوە ... ئەگەر جەمبینیەوە دەبوایە وای قووت بدەم بۆ ئەوەی هەتا دنیا دنیایە بەو قسە بێ فەڕانەی سەری کەسی دی لە قوڕێ نەنێ.. هەرچی یەکم بەسەرهاتووە لەسایەی سەری جیرانەکانمانەوە بووە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم خۆشم بێ تاوانم ، تووش بوونم بەو گوناهانە لە گەردنی خۆمە، چونکە نەمگوتبوو دەڕۆم ئەم فەلسەفەیە دەخوێنم..، هەر خۆم بووم لە نێو سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر جەرجیس پێغەمبەرم هەڵبژارد ، فەلسەفەیەکە لە نان و ئاویش چاکترە.

لە چایخانەکاندا کارم کرد، لەم خانەی بازرگانی و لەو خانەی بازرگانیدا دیوانداریم کرد، ماوەیەکیش لە پۆستخانەی ڕێکخراوەیی قەڵەم جاف و پاندان فرۆشیم کرد و سەرتان نەیەشێنم بە هەر شێوەیەك ئێوە بڵێن کردم. هەر فرت و فێڵێك هەبوو کردم و دواییەکەشی پاش بیست و پێنج ساڵ، وتم (زەرەر هەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر باشە)و گەڕامەوە سەرکاری هەوەڵیم. دووبارە بوومەوە شاگر ئاسنگەر.

کاری ئەوسای ئێمە، چاکردنەوەی شوفاژ سانترال بوو ، کە یەکێك بوو لە ویلایەتە گەورەکانی کەنار دەریا. لەوێ یانەیەکی شەوانەی چینی بەرزی لێ بوو.

هەر شەوەی ژوانگەی بە یەك گەیشتنی کۆمەڵێ ژن و پیاو بوو.

ئێمە پێنج کرێکار بووین. بە ڕۆژ لە ویلایەتەکە ئیشمان دەکرد و شەوانیش لە باخەکان و لەژێر کابینە بەرزەکانەوە لێی دەخەوتین.

من لەسەردەمی منداڵیمدا زۆر ناوی ئەو چینە بەرزەم بیستبوو، زۆر حەزم دەکرد بیانبینم بزانم چ جۆرە پیاوێکن ، بەڵام ڕێك نەکەوتبوو. هەتا زۆر جار لە پێش خۆمەوە بە شتی سەیر و سەمەرەم دەهاتە بەرچاو و وەك شتێکی ئاسایی بیرم لێ نەدەکردەوە. بیرم دەکردەوە لەوانەیە کەسانی ئەو چینە ، دوو جووت چاو و دوو دەم و سێ گوێچکەیان هەبێ.

ئێستا وا هەلێکم بۆ ڕێکەوت تا بیانناسم.

شەوان،کاتێ دەستمان لە کار دەکێشایەوە،خۆم پاکو خاوێن دەکردەوەو جلی نوێم دەپۆشی و دوور دەڕۆیشتم و دەچوومە کەنار دەریا تا گیرۆدە نەبم ، جا ئەم کەنارەم دەپێوا.

خەڵکێکی غەریب و عەنتیکە بوون، کە بەیەك دەگەیشتن هەواڵی یەکدیان دەپرسی ، خۆیان بە یەکتر دەناساند ، قسەو پێکەنین و هیچ شتێکیان لە ئادەمیزاد نەدەچوو،وەك ئەوەی بۆ کاری سیخوڕی چووبمە نێوانیان هەوای خۆم کرد.

لەوێ زۆر شتم بینی، زۆر شتم بیست،بەڵام لەو هەمووە یەکێکتان بۆ دەگێڕمەوە:

ئەوان، چ ژن و چ پیاویان کاتێ ڕوو بە ڕووی یەك دەبوونەوە ، زۆر لەگەڵ یەك قسەی خۆش و شیرینیان دەکرد ، جارێ ئەم بۆ ئەوی دەبڕی و دەیدرووی، جارێ ئەو بۆ ئەم...بەڵام هەرچی کاری خراپ و بێ جێ هەبوو نەدەما لەژێرەوە بۆ یەکدی هەڵنەبەستن ، ئەم بۆ ئەوی لێ دەدا و ئەو بۆ ئەمی لێدەدا...جیاوازییان نەدەکرد،چ ژن و چ پیاویان،کە دەگەیشتنە یەك قسەکانیان بەم جۆرە بوو :

– جانتاکانت زۆر نازدارە!.. کوێندەرییە؟ ..)

– هی پاریسە.. )

– پێڵاوەکانت زۆر بە ڕەونەقە!.. کوێندەرین؟ ..)

– هی لەندەنە ..)

من یەکەمجار تێ نەدەگەیشتم هی پاریسە، هی لەندەنە یانی چی، من چ بزانم ئەو خەڵکە پێڵاو و جلەکانیان لەم لاو لەو لای دونیادا دەکڕن.

هەر کە بەیەك دەگەیشتن دەستیان پێ دەکرد :

– بۆنباخەکەت زۆر سپۆرتە !.. کوێندەرییە ؟..)

– هی کەراچی یە..، بەڕاستی کراسەکەت کەشخەیە.. کوێندەرییە؟ ..)

– ئیتالییە).

ئەم پرسیار و وەڵامانە وەك قسەیەکی ڕەمزیی ئەو چینە بوون. وەك ئەوە وا بوو،کە بیانەوێ ئەگەر غەریبەیەکیان بکەوێتە نێوان گرفتاری بکەن.

لەنێو هەموو ئەو ژنانەی، کە بە زاراوەی خۆیان سۆزانییان پێ دەوتن، دەسنم لە (ڤیدا) گیر بوو،بەڵام تاوانی من نەبوو، بەختەکەم وا بوو، ئەگەر نا من سەگی کوێندەرم فیکر لە ژنێکی ئەو چینە بکەمەوە.

شەوێکیان کات دانیشتنی شەوانەی یانەکە بوو، هەوا گەرم بوو، هەموو لە باخەکە دانیشتبوون. منیش لەو کۆڵیت و کەلاوەو هەڵدێرانە دەسووڕامەوەو سەیری ئەو بن دار و بارانەم دەکرد، تا بتوانم شارەزایی تەواو دەربارەی ئەم چینە پەیدا بکەم.

زۆر شتم بە چاوی خۆم بینی ، لەژێر هەر درەختێك و لە نێو هەر کابینەیەکدا دەنگی ناڵە و هێنکە هێنکی ژنانی ئەم چینەم دەبیست.



هەواڵنامەی کتێب

دوای نیوەشەو، دنیا تاریك بوو بەرەو دەریا دەڕۆیشتم، گوێم لە قڕەو گاڵەی خێزانێك بوو، ژنە و مێردە حەفت و هەشتیان بوو. لە دەنگیان ڕا ناسیم. ڤیدا و مێردەکەی بوون .

مێردە دەیوت :

– تۆ بەو کارەت تەواوی ڕێزو پایەی بازرگانی منت خستە ژێر پێتەوە .. ، من کە قسەناکەم ، هەر کارێ دەکەی بیکە ، بەڵام هەر هیچ نەبێ لەگەڵ کەسێ کە (شتێکی لە باردا بێت) ، لەگەڵ کوڕی چاکێك ... ، تۆ خۆت باش دەزانی ئێستا هەر هیچ نەبێ ملیۆنێك لیرەم لە ئیشە ، ئەمجا تۆش دەڕۆی لەگەڵ کابرایەك تازە دەستی داوەتە کار و کاسبی و هەر هەموو سەرمایەکەشی لە سێ سەد و بیست هەزار لیرە تێ ناپەڕێ ڕادەبوێری، بەڕاستی کارێکی زۆر ناشیرنت کردووە) ویدا ئاهێکی هەڵکێشا و وتی :

– باشە گوناهی من چییە؟ .. هەموو ئەو گوناهانە بە گەردەنی ئەو بێ شەرەفەی دەڵێ : خاوەن پێنج ملیۆن لیرەم.

– ئاهـ دەبینی ڤیدا گیان؟ .. دەبینی ئەو خەڵکە چ سەگبابن ؟ .. دەبینی بۆ ئەوەی ژنی خەڵکی لە خشتە بەرن چ درۆیەکی گەورەی بۆ دەکەن؟ ..

ویدا بە پاکییەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێستا خۆیشی هیچ، منی بە کابرایەکی دی ناساند، کە ئەویش هەر برادەری بوو، دەیگوت ئەو پیاوە نزیکەی دە ملیۆن لیرەی هەیە .

دوای تۆزێ بێ دەنگی ڤیدا بەردەوام بوو :

– ئێستا باش بوو هەر زووتر پێت وتم ، ئەگەرنا خوا دەزانێ چەند جاری دیش کڵاوی لەسەر دەنام.

مێردی ڤیدا وتی :

– من یەکجار یەکێ ببینم دەزانم چ کارەیە .. ، هەر لە یەکەمجاریش ، کە ئەو سەگبابەم بینی ، زانیم چ توخمێکی حەرام زادەیە ...

ویدا قسەی مێردەکەی بڕی و وتی :

– زۆر بێ شەرەف بوو ، بەڵام بە گیانی تۆ لە سێ چوار جار زیاتر کڵاوی لەسەر نەناوم) .

مێردەکەی وتی :

– عەزیزم ، ئێستا ڕابوورد ، نامەوێ خۆت ناڕەحەت بکەی ، باسی لەسەر جارێك و دووجار و سێ جاریش نییە، باس لەسەر بنچینەی مەسەلەکەیە. ئەگەر لە بازاڕ بڵاوبێتەوە، کە تۆ لەگەڵ کەسێکدا ڕات بواردووە سەرمایەکەی زۆر لە من کەمترە، وا دەزانن من بەرەو شکستیی دەڕۆم ، پایەی بازرگانیم دێتەخوارەوە،لە بانق قیمەتم نامێنێ،بنچینەی مەسەلەکەیە من ناڕەحەت دەکا .

ئەمجارە ویدا بەگژ مێردەکەیدا چوو وتی:

– ڕاستییەکەی هەموو سووچی تۆیە !

– بۆچی؟

– باشە مەگەر من دەستی خۆم بۆن کرد بێ یا عیلمی غەیبم هەیە بزانم سەرمایەی ئەم چەندە و سەرمایەی ئەو چەندە .. ، غێر دەبووایە تۆ پێم بڵێی ..

– هەقتە گیانەکەم.. ، منیش بێ تاوان نیم..،سەیر کە، ئێستا پێت دەڵێم ..

مێردی ڤیدا باری دارایی یەك بە یەكی ئەو پیاوانەی هاموشۆی ئەو یانەیەیان دەكرد بە ڤیدای وت، دوا جاریش ویدای ڕاسپارد ڕوو لە ڕابواردنی ئاغای (فەنەرچیان زادە) بكات.

وتی :

– سەیركە ڤیدا گیان .. ، فەنەرچیان زادە دۆخی لە هەموویان باشترە .. ، پارەی ئەوەندە زۆرە ، دەتوانێ ئەو یانەیە هەر هەمووی بكڕێ ...

ڤیدا وتی :

– ئاخر من نایناسم ) .

مێردەكەی وتی :

– هەر هەلێك ڕێك بكەوێ من پێت نیشان دەدەم ، دەبێ لەگەڵی بڕابوێری ، تا دەتوانی لەگەڵیدا گەرم بە .

دوای تۆزێ بێ دەنگی وتی :

ئێستا ئەو هەڵەیەی كردن دەبێ بەلاوەی نێیت ، ئێستا بڕۆ ساڵۆنەكە ، لەسەر مێزی پۆكەر دانیشە. بێ گومان دەبێ یارییەكی گەورە سازدەی ، دەبێ بە لایەنی كەمەوە دە هەزار لیرە ببەیتەوە، دوایی هەڵسەوە دەست بكە بە خەندە و قسەو سەما كردن وا بزانە نە بات دیوە نە باران، تەنها بەم شێوەیە دەتوانی پڕوپاگندەی شكستی من بە درۆ بخەیتەوە، تێگەیشتی یان نا ؟ ..

ڤیدا گوتی :

– زۆر باشە گیانەكەم ، دڵت ڕەحەت بێ ..

– ڤیدا و مێردەکەی لێك جودا بوونەوە . کاتێ ویدا بە تەنیا بوو دەیویست بەرەو سالۆنەکە بڕوات، لە پشت درەختەکانەوە هاوارم کرد و لەبەردەمی قیت بوومەوە.

ڤیدا ترساو وتی :

( – ئاهـ .. ، ) وتم :

– ترسای ؟ ) وتی :

– بەڵێ .. ، زۆر ترسام) وتم :

– زۆر بەداخەوەم ، کە بوومە هۆی ترساندنت .. ، دەبێ بمبووری ، بەڵام هەر چۆنێك بێ لەگەڵ ئەوەشەوە شانازی بەوە دەکەم، کە لەگەڵ جوانترین ژنی ئەستەمبۆڵدا ئاشنایی پەیدا دەکەم، بەڕاستی زۆر دڵخۆشم).

چاك شارەزای ئەو چینە بەرزە بووم. دەبوایە لە کاتی ناسینی ژنێك بە پەخشی قژی و ڕێکی لووتی و ڕێکی بەژن و باڵایدا هەڵبدەیت.

منیش وەسفێکی تەواوم بۆ ڤیدا کرد.

بە گوێرەی دابو نەریتی چینی بۆرژوا، باس کردن و پیاهەڵدانی جوانی ژنەکانیان لە ڕووی مێردەکانیانەوە شتێکی چاکە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنەکانیان جوانیەکەیان بەڕووی مێردەکانیاندا بدەنەوەو مێردەکانیشیان لەلای خەڵکی بە جوابی ژنەکانیانەوە خۆیان هەڵکێشن.

بەڵێ ...، بە(ڤیدا)م وت :

– شانازی بەوە دەکەم کە لەگەڵ جوانترین ژنی ئەستەمبۆڵ ئاشناییم پەیدا کرد، بەڕاستی زۆر دڵخۆشم.

ڤیدا وتی :

- هەڵت بژارد ..

وتم :

- خانم ئەوە هەقیقەتێکە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکا، لە جوانیدا وێنەت کەمە ، هەمووی ..، ببورە بەندە لە بیرم چووخۆمت پێ بناسێنم ، بەندە : فەنەرچیان زادە ، ڤیدا گوتی :

- پێ خۆشحاڵم .. ، زۆر باسی چاکەی تۆم بیستبوو.

وتم :

- بایەکی قایم دێت ..

ڤیداش وتی :

- ڕاستییەکەی هەوای مانگی ... منیش لەم هەوایە بێزارم .

وتم:

- زەوق و سەلیقەمان یەکە، بێ گومان دڵیشمان هەریەکە... ، ئومێدەوارم زۆر زوو ببینە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی.

زۆر دەمێکە بیرم لەوە کردبووەوە ، کە ببینە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی : دوای ئەوەی بیست دەقیقە لە ژووری (ڤیدا) بووین.

بۆ ئەوەی وا تێنەگات من غەریبەم ، بە زمانی چینی بۆرژاواکان دەستم بە قسان کرد :

- خاتوو ڤیدا .. ، جانتاکەت زۆر جوانە ، کوێندەرییە؟

هی پاریسە...

خاتوو ڤیدا جانتاکەی خستە سەر مێزەکە.

- خاتوو ڤیدا شاڵەکەت زۆر زۆر سپۆرتە..، کوێندەرییە؟

– لەندەنییە !

خاتوو ڤیدا شاڵەكەی فڕێ دایە سوچێكەوە.

– ڤیدا گیان جلەكانت زۆر ناسكە ... ، كوێندەرییە ؟

– هی بەرلینە !

– ویدا گیان جلەكانی داكەند.

– ویدا گیان بەڕاستی پێڵاوەكانت قەشەنگە .. ، كوێندەرییە ؟

– هی مەدریدە !

ویدا گیان پێڵاوەكانیشی داكەند !

– عەزیزم ، بن كراسەكەت بەڕاستی چڕوپڕە .. كوێندەرییە؟

– هی بەیرووتە .

بن كراسەكەیشم لەبەر كردەوە؟

– گیانە ئەو گۆرەوییانە كوێندەرییە؟

– ئەوانەم بەیرووتین.

گۆرەوییەكانیشم لەپێ كردەوە !

– ڤیدا گیان ستیانەكەت كوێندەرییە؟

– هی بەرلینە ) .

– ڤیدا گیان ئەم سوخمەیەت زۆر قەشەنگە .. ، كوێندەرییە؟ ...

– هی رۆمایە...

* * *

كە لێوەكانم خستە سەر لێوەكانی دڵم حەساوە...، لەو لێوانە بوو ! ...

كە ناسی بووم ، وتم:

– هەقە ...، تۆش وەك من بەو ڕێگەیەدا نەڕۆی، کە من تۆم تیادا ناسی .. ، پێم بڵێ بزانم ئەو لیوانە هی قاسم پاشا نین ؟!

بەگوێیدا چپاندم:

– من تۆم ناسیەوە منالّی یەك گەڕەکین!.. بەڕاستی لەم ماچانە دەست ناکەوێ .. ، بەخوای هەزار جاریش بلێی ئەو لیوانە هەر هی قاسم پاشان.

دوای چەندەها ساڵ زبێدەی قاسم قاشام بەناوی ڤیداوە لە چینێکی بەرز بەدەست کەوتەوەو پێی گەیشتمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئۆهـ ... ئۆهـ ...

هەندێ جار مرۆڤ ئەوەندە نامەی بۆ دێت تەنانەت ماوەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەكیشی نامێنێ ، ئەوەندەش مێوان و ناسیاوی بێزاركەر دێن ، تا كورسییەكانیش لەبار یەك دەبەنە دەرێ.

ئەو جۆرە دڵخۆشییانە لەم ڕۆژانەدا كەم نین ...

هەر كاتێك ناوم لەلاپەڕەی ڕۆژنامەكان دیار دەبێ ، ئیدی مێوانەكانیش دەرناكەون. وەك بڵێی هەر ئەوان نەبوون لەماڵەكەم دەچەمانەوە سەر نووكی پێڵاوەكەم. یەكێ بۆ كارێكی بەرژەوەندی خۆی دەهات ، یەكێكی دی داوای قەرزی لێدەكرم ، یەكێكیتر دەیویست من واسیتەیەكی بۆ بكەم بەڵكو كارێكی بۆ بدۆزمەوە، ئاه ، ئەگەر هەر ئەو ڕۆژانە داواكارییەكانیانم ڕەت بكردایەوە، ئێستا بۆ خۆم زۆر حەساوەبووم.

چارەنووسی نووسەر، بەشێوەیەكی گشتی، سەیرە، تا ناوی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا دەركەوێ، لەنێو خەڵكدا ناوبانگ بۆ خۆی پەیدا دەكا و هەموو بە زیرەك و زانای دادەنێن. جا دەبێ ئەو پارەیان بە قەرز بداتێ ، یارمەتیان

بدات،کاریان بۆ بدۆزێتەوە،بەڵام کاتێ لە چاپەمەنی دوورکەوتەوە، مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە. خەڵکی هەموو لێی ڕادەکەن نەوەك داوای شتێکیان لێ بکا! بێ ئەوەی پێشوویان لەبیر مابێ. کاتێك لە زیندان ئازادبووم، ئینجا بە تەواوی شارەزای بەختی خۆم بووم. زۆر شارەزای ئەو شتانەم. ئەمە، جاری یەکەمم نییە...

ئێستا گوێ بگرن ، بزانن لەو چەند ڕۆژەی دوایی چ بەڵایەکم بەسەر هات :

ڕۆژێك سەیرانکەرەکان بەسەر هەورازی (بابالی) دەکەوتن، جاران سەرکەوتنی ئەو هەورازە، ئەوەندە سەخت نەبوو، ئەم ڕێگایە ساڵ بە ساڵ سەختر و ناهەموار تر دەبێ. هەندێ جار بیردەکەمەوە: نەکەی ... بەڵکو ... نا، ناتوانێ مەگەرنا، بابالی بۆ من دیوارێکی نامومکینە. بەڵێ ، چوومە سەرەوە... لە پڕ لەناو ئەو ئاپۆڕەیە کۆنە ڕەفیقێکی خۆمم بینی.

لە یادمە: ئەو هەمیشە خۆی دەهێنا پێشەوە و وا خۆی پێشان دەدا، کە زۆر منی خۆشدەوێ، لە هەر شوێنێ تووشی یەك بووینایە، دەستی بەرز دەکردەوەو دەستی دەکرد بە (ئۆهـ ! ... ئۆهـ ! ...) و منی لەباوەش دەکرد و ماچیدەکردم.

گەر ڕاستیتان دەوێ، من پێچەوانەی ئەو کەسانەم، کە ئەوەندە حەز بە سۆز و خرۆشانی گیانی دەکەن، بە ڕای من، دڵی ئەو جۆرە کەسانە داخراوە، بەڵام هەرچییەك بێ، بە خۆبردنەپێشەوەی دۆستەکانی خۆم باوەڕ دەکەم و وەك ئەوان بە خۆشەویستی و سۆزەوە وەڵامیان دەدەمەوە.

بەهەرحاڵ، لە بەرامبەر چایخانەی(مەسەڕەت) پۆلیس دەستی بەرز کردەوەو لەنێو پیادەکاندا، کە دەستەیەکیان سەرکەوت بوون و

دەستەیەکیشیان لە خوارەوە مابوونەوە، بووە هەراو هۆریا. لە نێو ئەو ئاپۆرەیەی خەڵکدا بزر بووم. لەو کاتەدا برادەرێکم بینی. ماوەیەکی زۆر بوو یەکترمان نەبینی بوو. بێگومان منیش چاوەڕوانی سۆز و خرۆشان و شادی ئەو بووم. بۆ ئەوەی منیش خۆشەویستی خۆمی پێ نیشان بدەم، هەر لە دوورەوە دەستم بەرز کردەوەو دەستم کرد بە گوتنی ( ئۆهـ! ... ئۆهـ! ...) بەرەو ڕووی چووم.

ئەڵبەتە ئەویش منی بینی بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بە ڕووی خۆیدا نەهێنا. ڕووی خۆی وەرگێڕا و بە هەنگاوی گەورەو خێرا خێرا بە تەنیشتمدا ڕەت بوو، هەر سەریشی بەرز نەکردەوە، کە منی هەر نەبینیوە و نامناسێ.

نازانم بڵێم چی بەسەر هێنام... لە ناوەندی کۆڵان بە گاڵتەو پێکەنینەوە مامەوە.

جا بزانن بە چ دەردێکی بردم. پۆلیس ئەو قەرەباڵغییە گەورەیەی لە چوار لاوە بڵاوە پێدەکرد. خەڵکیش بە هەلیان دەزانی و رایاندەکرد. لە نێو ئەو خەڵکەدا خۆم سەیر دەهاتە بەرچاو وا وەستاوم بە دوو دەستی بەتاڵ (ئۆهـ!... ئۆهـ!...) دەکەم.

لە شوێنی وەهادا، مێشکی ئادەمیزاد بە خێرایی ئیش دەکا، خەیاڵەکان برووسکە ئاسا لە جێگاکان دەدەن: ئێرە بابالی یە . دایەرەکەمان لێرە بوو ... چەندین کەس لێرە دەناسم.

وایان بە خەیاڵدا دەهات ، کە من شێت بووم... خۆزگە تووشی یەکێ لە ناسیاوەکانم دەبووم و لە باوەشم دەگرت ... کەسم نەدۆزیەوە .

لەو کاتەدا پۆلیس دەستی هەرشەقاند. ڕۆیشتن دەستی پێ کردەوە، من بە تەواوی ئاگام لە خۆم بڕا بوو، ئاخر ئادەمی ئاسایی هیچ کاتێ بە (ئۆهـ !... ئۆهـ !...) وتن بەرەو پاس ڕۆیشتووە! هەر هیچ لە جێگای خۆم نەجوولامەوە ، لە ناوەندی کۆڵان ڕاوەستام. ئاخیر کەس لە پیادەکان بووە برادەرم، خانمێکی ٥٥–٦٠ساڵانی زۆر قەڵەو بوو، ناوەکەیم لە بیر نەماوە ، بەلام دەمزانی لە جێگایەك بینیومە.

منیش بە خۆشحاڵییەوە دەستم بە(ئۆهـ!..ئۆهـ! ...) وتن کرد، لە بەینی ئۆتۆمبێل و پاسەکان، کە بەخێرایی ڕەت دەبوون بەرەو ڕووی چووم، بە توندی لە باوەشم گرت. هێشتا دەنگی نەفرەتی (ئۆهـ! ... ئۆهـ !...) لە گەروومەوە دەهاتە دەرەوە. یەکێ لە شوفێرەکان لە جامەکەوە سەرێکی هێنا دەرەوەو لچی خوار خوار کردەوە، بەلام من هەر سەیریشم نەکرد.

پۆلیس لێمان نزیك بووەوە : ( کاکە بڕۆنە سەر شۆستەکە !)

لەو کاتەدا بیرم کەوتەوە، کە ئەو خانمە چەند ساڵ لەمەو پێش کارەکەری ماڵی برادەرێکم بوو.لە کاتێکا ئەو ئاگای لە خۆی بڕا بوو دەستم گوشی و گوتم( خواحافیز!) و بەخێرایی تێیەڕیم. شەرمەزار بووم. با ئەویش شتێکی بیرنەکەوێتەوە.

# ژنەکەت ماچ بکە

باشترین سەرگەرمییەك،کە بتوانم بۆ ئەو پیاوانەی ژنیان هێناوە پێشنیاز بکەم، ماچ کردنی ژنەکانیانە، ئەو سەر گەرمییەش چاکیەکەی لەوەدایە یەکەمجار پارەتان بە خۆڕایی ناڕوا و دووەمجار پایەی (ئاشتی) و کامەرانی لە ماڵەکەتاندا پتەوتر دەبێ.

ئەڵبەتە ماچ زۆر جۆری هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو،(ماچی بەیانیانە)، کە ئەویش لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ:(ماچی سەلام) و(ماچی خواحافیزی). لە کاتێکدا ئەگەر(ماچی خواحافیزی) یتان هەڵبژارد،دەبێ لە کاتێکا بێ، کە ژنەکانتان بەخۆیان و بەکڵاو و جانتاکانیانەوە لەبەر دەرگا وەستاون و چاوەڕوانتانن تا هەردووکتان بگەنە یەك و بتانەوێ لە چوونە دەرەوەدا ، بۆ ماوەی چرکەیەك لێوتان بخەنە سەر لێوی یەك و بە توندی لێوی یەك بگوشن ... بە شێوەیەك هێلێکی وابکێشن تا گۆنایان درێژ بێتەوە بۆ ئەوەی هەر یەکێ بینی یەکسەر بزانێ چەندە بە توندی گوشیوتانە.

خۆ ئەگەر (ماچی سەلام) هەڵبژێرن دەبێ لە کاتێکدا بێ ، کە لە خەو هەڵدەستن و بەدوای ژنەکانتاندا دەگەڕێن بزانن لە حەمامە ، یان لەبەردەم مێز تەوالێتە یا لە ژووری دانیشتنە، یان لە چێشتخانەیە بڕۆن لە پاش بەیانی باش کردن ، ماچیان بکەن.

لە ماڵەکەی ئێمە هەر دوو جۆرە ماچ بەردەوامە. ئێستا ئەگەر هەندێ جار (ماچی سەلام) زیاتر دووبارە دەبێتەوە هی ئەوەیە، کە ئێمە کۆمەڵێ سەعاتمان لە ماڵەوە هەیە و هەمووشیان یەك نین و هەر یەکەی بە جۆرێ کاتەکە پێشان دەدەن.

بۆ ئەوەی چاکتر لە مەبەستەکەم بگەن، هەر بۆ نموونە مەسەلەی ئەمڕۆ بەیانیتان بۆ باس دەکەم :

بەهۆی قسەکردنی (ماریان)ی خێزانم لە خەو بێدار بوومەوە، بەڵام ئەو قسانە چ پێوەندییەکیان بە منەوە نەبوو، هیچ قسەیەك نییە لە دونیا پێوەندی بە منەوە هەبێ، تەنها ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەیە ئەوەیە شەو و ڕۆژ لە هەشت سەعات کەمتر نەخەوم. بەڵام بە داخەوە ئەمجارەیان نەمتوانی هەشت سەعاتەکە بخەوم ، چونکە دوای سەعات سێ و نیوی شەو خەوتبووم و دەبووایە سەعات حەفت و نیوی بەیانی لە خەو هەڵسم.

دیسان بەهۆی دەنگە دەنگ زووتر خەبەرم بووەوە ، ئەو دەنگە دەنگە زۆر پەیوەندی بە منەوە هەبوو :

– خێراکە هەڵسەوە.تێناگەی؟ لە دایەرە دواکەوتوی.. بەخەبەری؟

– دە کەوابێ هەڵسەوە.

هەڵنەسامەوە تا (ماریان) دەستی خستە سەر سەرم.

– چاوەکانت بکەوە!

چاوێکم کردەوەو بە تیلەی چاوێکەوە سەیرێکم کرد بۆ ئەوەی دڵنیای بکەمەوە، کە بە خەبەرم.

– دە زووکە لە نێو نوێنەکانت وەرە دەرەوە! .. ئەگینا لە کاتی خۆیدا بە دایەرە ڕاناگەیت !

– جارێ دەقیقەیەکی دی ... خۆ هێشتا زەنگی سەعاتەکە لێی نەداوە.

دووبارە چاوێکم کردەوەو سەیرێکی سەعاتی سەر مێزەکەم کرد بزانم چی دەڵێ ، دەشێ جارێ دەقیقەیەکی تریشم مابێ .. ئەڵبەتە.

– خێراکە لە نێو نوێنەکانت وەرە دەرەوە!... مەگەر نا لە کاتی خۆیدا بەدایەرە ڕاناگەیت!

– جارێ دەقیقەیەکی دی ...خۆ هێشتا زەنگی سەعاتەکە لێی نەداوە.

دووبارە چاوێکم کردەوەو سەیرێکی سەعاتی سەر مێزەکەم کرد بزانم چی دەڵێ، ئەشێ جارێ دەقیقەیەکی تریشم مابێ...ئەڵبەتە هێشتا بەبەریەوە ماوە. تازە سەعات چوار و دوازدە دەقیقە پێشان دەدات.

دووبارە سەرم کردەوە سەر سەرینەکەم و لێفەکەم بەسەر خۆم دادایەوە ... چوار و دوازدە دەقیقە!

چوار و دوازدە دەقیقە!

بروسکەئاسا لەنێو نوێنەکانمدا ڕاپەڕیمە دەرەوەو بە گفتوگۆیەکی ژن و مێردانەوە لە (ماریان)م پرسی:

– سەعاتەکە بۆ وەستاوە؟... بۆچی دوێنێ شەو بیرت نەخستمەوە سەعاتەکە قورمیش بکەم؟

– من پێم وتی دە بۆ خۆت هەڵبسایتەوە!

دوایی بە خێرایی ماچمکرد:

– بەیانیت باش!

پاشان بە خێرایی بێجامەکەم داکەندو کراسەکەم لەبەرکرد :

– گۆرەوییەکانم لە کوێن؟ لە دایەرە دوا دەکەوم!

گۆرەوی یەکانم بۆ بدۆزەرەوە ، گوێت لیَ نییە؟

بەلاّم (ماریان) گوێی پێنەدا، چونکە لە ژوورەوە چوو بووە دەرەوەو دەچووە حەمام.

هاوارمکرد:

– گۆرەوی ی ی ی !

بڕوبوزگوڕەکانی نێو چەکمەجەی دۆلاّبەکەم هەلّڕشت. جووتیَ گۆرەوی نوێم دۆزیەوە . تاکێکیانم لە پیَ کرد. بۆم تەنگ بوو ، بەلاّم هەرچۆنێك بوو لە پێم کرد ! هەرچەند هەلّمدەکێشا هەر دەهاتە خوارەوە ! نەعلەت لە کارگەکانی دروست کردنی گۆرەوی ، چ دەبوو ئەگەر گۆرەوی یەکانیان فەراح دروست بکردایە ...، یان هەر هیچ نەبیَ قالبی گۆرەوی ژمارە حەوتیان لە جێگای ژمارە یازدە بدابوایە ... ! ڕامکرد بۆ حەمام :

– بەیانیت باش !

بەو خێرایە ماچێکم لە گۆنای (ماریان) دزی (بۆن سابوونی لێدەهات).

– ئەم گۆرەویانە چۆتە ئاوەوە. جووتە گۆرەوییەکی دی لە کویَ بێنم . بۆ لالّ بوویت؟ زووکە یارمەتیم بدە! من دەبیَ سەعات هەشت و نیو لە دایەرە

ئامادەبم. گۆرەوییەکانی لە دەست وەرگرتم و وتی: با بۆ کوڕە گچکەکەمان (بونیی) بیٚ.
پاشان سەیرێکی سەعاتەکەی کرد ، کە لە ژێر ئاوێنەی حەمامەکە دانیا بوو:
– ئەوە چیتە؟ تۆ هێشتا کاتت زۆرە ! تازە سەعات حەفت و بیست و دوو دەقیقەیە.
هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشاو لەژێر لێوانەوە دەموتەوە :
– حەفت و بیست و دوو دەقیقە... حەفت و بیست و دوو دەقیقە.
ئیدی گۆرەوی بەلامەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، هێشتا یەك دنیا وەختم مابوو. دووبارە هێدی هێدی بەرەو قەرەوێڵەکە بوومەوە. من چیمداوە لەوەی خاوەن کارگەکانی گۆرەوی، گۆرەوی ژمارەی حەوت بە ژمارە یازدە دەفرۆشن یان کارگەکانیان دادەخەن، پێویستم بە گۆرەوی نییە ... هەتا هەشت دەقیقەی دی پێویستم بە هیچ نییە...
– چییە .. ئەوە دیسان چوویتەوە نێو نوێنەکانتەوە؟
ئەم قسانە پێوەندیان بە منەوە نەبوو. نەخێر، ئەم قسانە هەتا هەشت دەقیقەی تریش بەهیچ جۆریٚ پێوەندیان بەمنەوە نەبوو، کەوابیٚ هیچ قسان ناکەم.
– خێراکە هەڵسەوە !من لە بیرم چوو بوو سەعاتەکەم ڕۆژی لە ١٠ هەتا ١٢ دەقیقە دوادەکەویٚ. ڕۆژی یەکشەم هەندیٚ خوێاوکی چوو بووە ناو لەو ڕۆژی بەدواوە بە چاکی ئیش ناکا ...
وەك مشك لە نێو نوێنەکاندا ڕاپەڕیمە دەرەوە ، (ماریان)م ماچ کرد:
– بەیانیت باش .

پاشان بە پەلە کراس و بێجامەکەم لەبەر کردەوە.

– پێم نالێی ئەوە چی دەکەیت؟

– چی دەکەم؟ جلەکانم لەبەر دەکەم؟ هەمووی خەتای ئەم سەعاتە نەفرەتییەی تۆیە .

بەپەلە بێجامەکەم داکەندەوەو کراس و پانتۆڵەکەم کردەبەر. چەند دەقیقەیەکی گرانبەهام بەدەستەوە مابوو. قۆپچەکانی سەر دەستی! ئەی قۆپچەکانی سەردەستی کوان؟

لەسەر مێزی تەنیشت قەرەوێلەکەم نەبوو، لە چەکمەجەکەش نەبوو، ئەم لا نەبوو ، ئەو لا نەبوو...

– (ماریان)!

لەژێر تەختەکەش نییە!

هاوارم کرد:

– کوا قۆپچەکانی سەردەستم؟

– کێ تا ئێستا کراسی وای بینیوە هەر خۆی قۆپچەی پێوە بێ ، قۆپچەی سەر دەستیشی تێ خستووە؟

ڕامکرد بۆ حەمام فلچەی ریش تاشین بێنم. بەڵام قوتووی مەعجونەکە بە تاڵ ببوو. هەر چەند دەمگوشی هیچی لێ نەدەهاتە دەرەوە. چەند جنێوێکی تەڕم بۆ خاوەن کارگەکانی مەعجونی ڕیش ڕەوانە کرد. من تێ ناگەم خاوەن کارگەکانی مەعجون چۆن دەتوانن وا قوتوەکانی مەعجون پڕ بکەن و چەند دەقیقەیەك بۆ پیاو بگێڕنەوە لەوەی خۆی بە سابونی ترەوە خەریك بکات.

بەتاڵ ببوو .

سابون ... کوا سابون؟ .. لەکوێیە !

– (ماریان) !

(ماریان) ئاگای لێنەبوو .

– (ماریان ن ن ن ن ) !

ئەو هەرگیز گوێی بەم قسانە نەدەدا.

بەرەو دەرگای حەمامەکە ڕامکرد. پێم لەسەر سابونەکە هەڵخزی. سابونەکە بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت و چوو بەر دیوارەکە کەوت، بە پێبلیکەکاندا غلۆر بووە خوارەوە .. خۆشم تەپەم لێوەهات کەوتمە سەر عەرزو خۆم لە پشت حەمامەکە بینیەوە.

لە کاتێکدا سەرم زۆر ژانی دەکرد هەڵسامەوە بەدوای سابونەکەدا ڕابکەم. لە پەیژەی دووەم دیسان پێم هەڵخلیسکایەوە وەك یەکێ لەسەر بەفر بخزێ بەکسەر گەیشتمە خوارەوەی پێبلیکەکان... ئەو کاتە زێڕینەی بەدەستەوە مابوو دەبوایە بەخێرایی کارەکانم ئەنجام بدەم !

(ماریان) حەپەسابوو، وتی:

– خودایە !..وامزانی کیسەیەك پەتاتە بوو لە پەیژەکانەوە کەوتە خوارەوە !

ئاخر کیسە پەتاتە هەڵدەسێتەوە،سەیرێکی چاوە بە خومارەکانی (ماریان)م کرد و لەخۆم نێزیك کردەوەو (ماچی سەلام)م لە گۆنای سەند.

– ئازیزم بەیانیت باش!

– ئاوا !..جا ئەوە جاری چوارەمە. پیاوەکە ، تۆزێ ئاگات لە خۆت بێ ! لە پڕ چاوم بە سەعاتی سەر دیواری ڕاڕاوەکە کەوت ٧,١٨ دەقیقە. حەفت و هەژدە دەقیقەی پێشاندا؟

من هێشتا یەك دنیا كاتم ماوە. لەم ڕۆژانەدا پیاو زۆر ئیشی بە كات دەبێ ، دوانزە دەقیقە هەر زۆر زۆرە، دیارییەكی ئاسمانیە. ئەگەر ئەم دوانزە دەقیقەیە پێشكەشی ئێوە بكرێ چی دەكەن؟ كەوتمەوە بیری ئەوەی، كە دووبارە بڕۆمەوە سەر قەرەوێڵەكەم،نەختێ وەستام و هەوڵمدا وەك كەسانێكی خەوخۆش، خۆم ئەو دیو و ئەو دیو بكەم چاوەكانم نوقاند، بەلاّم بە هیچ جۆرێ خەوم نەدەهات .. ڕۆژنامە!

بەڵێ ، من هێشتا وەختێكی زۆرم ماوە، با ڕۆژنامەی بەیانی بخوێنمەوە . هاتم لەسەر قالدرمەكان دانیشتم و ڕۆژنامەی(ماوەی پێكەنین)م هەڵدەدایەوە. ئەڵبەتە وەك خاوەن كارێك خۆشترین بەشەكانیم دەخوێندەوە ...

– ها چی یە ئەوە ، بۆ لێرە دانیشتووی؟

– چی دەڵێ ؟

بەخێرایی لەسەر قالدرمەكان قیت بوومەوە.(ماریان)بە تێڕوانینێكی ژنانەوە لێم وورد بووەوە .

– چییە ئەوە لەبیرم چوو (ماچی سەلام) لە لێوانت بستێنم؟

(ماریان) زۆر دڵگیربوو.

بۆ ئەوەی نەوەكو لە بیرم چووبێ، بە پەلە ماچمكرد.

– بەیانیت باش!

– بیر لەوە ناكەیتەوە سەعات چەندە؟

– سەعات حەفت و هەژدە دەقیقە بوو، یانی ئێستا... حەفت و بیست و سێ دەقیقەیە،بەلاّم ..

– دە دەقیقەی دیكەشی بخە سەر!

– مەبەستت چییە؟

– ئاخر دوێنێ ئەو سەعاتە وەستا بوو و منیش لەسەر سەعاتەکەی خۆم دامنایەوە...

به سێ هەنگاوی خێرا لە پێبلیکەکان هاتمە خوارەوە، بە فلّچە کەمێ مەعجوونی ددانم لەسەر و ڕووم هەڵسوی و دەستم کرد بە ڕیش تاشین. لەو کاتەدا خوێن لە هەموو لایەکەوە فڕکەی دەکرد. لەبەر خۆشمەوە دەموت :

– تازە بە دایەرە ڕاناگەم!

– تازە ناگەمەجێ!

دوای ئەوەی چەند مەترە کاغەزم پارچە پارچە کرد و لەسەر و ڕووی خۆم دەچەسپاند بۆ وەستانی خوێنەکە. پاشان بە دوو هەنگاو لە پێبلیکەکان هاتمەوە خوارەوەو چوومە چێشتخانەکە. چەند پیاڵە چایەکی گەرمم فڕ کرد، دەمم ئاگری تێ بەربوو لە گەرمیان تا بنمچی چێشتخانەکە لە خۆم هەڵدا، چایەکە لە دەمم وەك نافورە فرشکەی کرد هاتەدەرەوە. (ماریان) لە ترسان بە راکردن هاتە لام و پرسی:

– ئەوە چیتە؟

– ئەم چا نەفرەتییە هەموو دەمی سوتاندم ! زووکە...

ژەمی بەیانی کوا؟ تازە من بە دایەرە ڕاناگەم ... لەو کاتەدا چاوم بە سەعاتی چێشتخانەکە کەوت ٧,٢٨ دەقیقە!حەفت و بیست و هەشت دەقیقەی پێشاندا!

– ئەم سەعاتە بە تەواوی ئیش دەکا؟

– بەزۆری، ئا .

بەدەستێك بازووی (ماریان)م گرت و دەستەکەی دیم خستە سەر قورقوڕاگەی:

– دەتوانی سوێند بخۆی، کە ئەم سەعاتە تەواوە؟

(ماریان) سوێندی خواردو من بەرەڵڵاّم کرد، من هێشتا یەك دنیا کاتم ماوە. پێموت :

– چەند هێلکەیەکم بۆ بکەرە ڕۆنەوە، پەرداخێ شیری گەرمیشم بۆ بێنە. زۆر هەست بە برسیەتی دەکەم. پاشان ڕۆژنامەی (ماوەی پێکەنین)م لە گیرفانم دەرهێنا و جگەرەیەکیشم داگیرساندو لەنێو کورسییەکاندا نقوم بووم.

(ماریان) چەند هێلکەو ماسییەکی بۆ لە ڕۆن کردم و منیش بە خۆشحاڵییەوە وتم :

(ماچەکەت وەرگرت ، ئەگەر وەرتنەگرتووە ، وەرە وەریگرەو بڕۆ!

– ئەڵبەتە تۆ دەبووایە دەمێك بووایە هەر دوولات لەبەر چاو بگرتایە .

– ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟

– مەبەستم ئەوەیە،کە بەڕاستی من ناتوانم سوێند بخۆم، کە ئەم سەعاتە زۆر تەواو ، دەشێ دوو سێ دەقیقەش لە پێش یا لە پاش بێ... تۆ خۆت دەزانی زۆربەی سەعاتی چێشتخانەکان چۆن چۆنی کاردەکەن. بەخێرایی خۆم گەیاندە ژووری دانیشتن. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و ژمارەی سەعاتم وەرگرت:

(سەعات هەشت و چوار دەقیقەیە، سەعات هەشت و چوار...) وەك گوللە بەرەو ڕاڕەوەکە ڕامکرد ، کڵاو و پاڵتۆکەم لە شوێنی جلەکان هەڵگرت و بەشوێن چاویلکەکەمدا بە قالدرمەکاندا بە سەرکەوتمەوە.دەبێ بە هەر جۆرێك

کتێبی هەوالنامەی

بێ خۆم بگەیێنمە دایەرە. چۆن دەبێ پیاو یەكەم ڕۆژ دوای زیادكردنی مووچەكەی درەنگ بگاتە دایەرە. هەرچەند لە چاویلكەكەم گەڕام نەمدیتەوەو نەمدیتەوە.

دواجار وازم لە چاویلكەكە هێناو بە چاوی بەستراوەوە بە سێ هەنگاوی گەورە لە پێبلیكەكان خۆم هەڵدایە خوارەوە.لە خوارەوەی پێبلیكەكان بە قایم خۆم بە(بنی) دادا،كە هێلكەو ڕۆنی نیوەڕۆی بەدەستەوە بوو و دەیبردە ژووری خواردن. خۆمان پێكدادا. ئەو شەش جاران بە دەوری خۆیدا خولایەوەو گێژبوو ، تاوەكەی،كە ماسی و هێلكەكانی تێدا لە ڕۆن كرد بوو لە دەست ڕژایە سەر یەكێ لە پەردە سپییەكانەوە. بە پەلە جانتاكەم هەڵگرت و هەر ئەو كاتە بە ڕاكردن لە ماڵ چوومە دەرەوە. زۆر ئاساییە (ماچی خواحافیز)یشم لە ڕوومەتی كرد.پاشان بەنێو گوڵزارەكاندا بۆ بەردەم باغەكە ڕامكرد، ڕێك خۆم لە باوەشی كاك (لارسن)ی هاوسێماندا بینیەوە. ئەو لە كاتێكا زمانی گیرابوو، بە دوو چاوی زەقەوە ئیشارەتی بۆ لای ماڵی ئێمە دەكرد و دەیوت:

– من... من بەڕاستی لەلام سەیرە(..تۆ بۆچی پۆستە ییەكە ماچ دەكەی؟) .

هەواڵنامەی کتێب

# خنکاو

بێ ئەوەی یەك دەنك زێدەڕەوی بکەم یان بێ ئەوەی هیچ لە ڕاستی بابەتەکە بگۆڕم، کارەساتی خنکانی یەکێ لەو هاوڵاتیانەی، کە ئەمساڵ هاوین هاتبووە کەنار دەریاتان بۆ دەگێڕمەوە.

(ئەڵبەتە بە نیشاندانی لیستە حیساباتی چێشتخانەکانی کەنار دەریا گیانی دەرنەچوو بوو؟)، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە کەنار دەریا هێنا بوویانە دەرەوە ، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆببوونەوە. ژنێکیان کە بە چاکی ڕووی ئەو کەسەی لێوە دیار نەبوو هێنا بوویانە دەرەوە ، نەوەك لە دەستی بچێ و نەیبینێ لەگەڵ وتنی ئەم ڕستەیە پاڵی بە خەڵکەکەوە دەناو خۆی ڕەپێش دەکرد :

– بابە تۆزێ لەو بێچارەیە بکشێنەوە.

کچێکی دی گەنج بەهۆی سۆزو خرۆشانێکی زۆرەوە بەبێ مایۆ لە کابینەیەکەوە هاتە دەرەوەو هاواری دایکی کرد :

– ئای دایە ... دایە گیان دیارە یەکێك خنکاوە. لەو کاتەدا مناڵەکان دەستیان دەکوتا و بە یەك دەنگەوە دەیانوت:

– خنکا ، ئای خنکا ... نقوم بوو ، ئای نقوم بوو .. !! خنکا !!

ژنێکی گەنج، کە ئاوێکی زۆری لە مایۆکەیەوە دەتکایەوە خۆی کرد بۆ نێو قەرەباڵغیەکەداو خۆی گەیاندە سەر لاشەی خنکاوەکە،کە لەبەردەم مەلەوانەکانی کەنار درێژ کرابوو، ئافرەتەکە قژی خۆی دەڕنیەوەو دەیوت :

– حەمید گیان هەڵسەوە... حەمید گیان بە تەنیا جێم نەهێڵی.

لەو کاتەدا پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵای سەر کەچەڵ ژنەی قیت کردەوەو وتی:

– هەڵسەوە من لێرەم.

– عەزیزم تۆ لێرەی ... جا چۆن باوەڕکەم تۆ نەمردووی؟

پاشان ژنە گەنجەکە دەستی خستە نێو دەستی ئەو پیاوە کەچەڵەی، کە گوایا مێردی بوو. پیاوە کورتە بنە سەر کەچەڵەکە لەگەڵ خۆی بردیە چێشتخانەی پلاژەکەو لە لای چەند ژنێکیتر، کە لەوێ بوون داینشاند. یەکێ لە خانمەکان لە ژنە گەنجەکەی پرسی :

– جا توخوا بڵێ ئەو پیاوە کوا کوێی لە حەمید دەچێ؟

کاک حەمید باڵای کورتە و ورگی گەورەیە و سەری کەچەڵە ئەو پیاوە کەڵەگەتە و قژی لوول و ڕەشە و لاوازە چیان لەیەکدەچێ و چی وای لێ کردی وا بە هەڵەدا بچیت و بە حەمیدی بچوێنی؟.

– من دەمزانی ئەوە حەمید نییە ، بەڵام گاڵتەم کرد بۆ ئەوەی حەمید تێ بگات من چەندە ئەوم خۆش دەوێ.

ئەو خەڵکە زۆرەی لە دەوریدا کۆببونەوە بیروڕای جۆرا و جۆریان هەبوو:

– بابیبەینە لای دوکتۆر.

– ئێرە دوکتۆری لیٚ نییە؟

– ئەمە چۆن پلاژێکە ؟ کوا نەخۆشبەری ئەم پلاژە؟

– کوا بزانم هەر بەڕاستی ڕاستی مردووە؟

– زۆر دەمێکە.

– پالٚ بە سنگییەوە بنێن و دەستەکانی ببەستنەوە.

– تەلەفۆن بۆ مەخفەری پۆلیس بکەن.

– مەخفەری پۆلیس پەیوەندی بەم کارەوە نییە، خۆ تاوان نیە.

– هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ یەکیٚ لە نەخۆشخانەکان بکەن.

– سەرە و ژێرەی بکەنەوەو ڕووی لە خوارەوە بکەن.

– دەستەکانی تەکان پیٚ مەدەن خراپتر دەبیٚ.

لەو کاتەدا خاوەن پلاژەکە بە پەشۆکاوییەوە خۆی گەیاندە لای خنکاوەکە و وتی:

– ئەو خەلیلە بیٚ شەرەفە لە کوێیە؟ بەناخێریەوە من بۆ ڕزگارکردنی خنکاوان ئەوم گرتووە ئێستاش ئەو گۆڕ بە گۆڕە دیار نییە لە کوێیە!

بیٚ گومان خەڵکی لەناو کابینەکانەوە بە سەرو لەشی ڕووتەوە دەیانبینی و دەیانوت :

– ترپەی دڵی وەگرن.

– دڵی لێدەدا.

مردووەکە ڕووی شین هەڵگەڕا بوو، ژنێکیش لەگەڵ منالٚەکەی خۆی قسەی دەکرد :

– دەبینی ئەوەها پێت دەڵێم بە تەنیا مەچۆرە ناو دەریا؟ زمانم لاڵ بێ تۆش وەك ئەمەت لێدێ . کرێکارانی پلاژەکە بە هەر جۆرێك بوو هەڵیانگرت و بردیانە نێو کابینەیەکەوە.

خەڵکی لە دەرەوەی کابینەی گەشتیارانی سەر دەریا کۆبوونەوەو هەر جارەی ٥-٦ کەس لێی کۆدەبوونەوەو سەریان دەکرد بەو کابینەیەی ئەوی لێ بوو و قسەیان لە بارەوە دەکرد.

– خوای لێ خۆش بێ دەڵێن دوو سەعاتی ڕەبەق لەژێر ئاو دا ماوەتەوە.

– بابە گیان ئادەمیزاد چۆن دەتوانێ ٢ سەعات لە ژێر ئاودا بمێنیتەوە؟

– لەوانەیە بەخۆی خۆی کوشت بێ؟

– باوەرش ناکەم ، چ ڕووی لەوە ناچێ بە خۆی خۆی کوشت بێ.

– جا لە ڕووییەوە دەرناکەوێ،بەڵام باوەڕبکە وایە چونکە ئێمە هاوسێیەکمان هەیە کە...

– خوا بە قسمەتی هیچ کەسی نەکا.

– هەقی خۆی بوو مرد ... ئاخر کەسێ نەبوو پێی بڵێ، کە تۆ مەلەوانی نازانی بۆ خۆت هەڵدەدەیتە ناو دەریاوە.. باش بوو، کە مرد.

– دەبیبڕەوە.

– برادەرەکانی دەڵێن مەلەوانێکی چاپوك بووە.

– دەڵێن دوای ئەوەی چۆتە نێو حەوانچەوە ئیدی نەهاتۆتە دەرەوە.

– دەڵێن سەرخۆش بووە.

– ئەگەر سەرخۆش بووبێ مردن هەقی خۆیەتی.

– دەشێ توشی سەکتە قەلبی بووبێ ؟

– باوەڕ ناکەم یەکێ لەم ساڵ و تەمەنە وا لە پڕ دڵی وەستابێ.

دوکتۆر و پۆلیس پێکەوە گەیشتنە کەنارەکە .

چوار ئافرەت لەسەر چەوەکە ڕاکشا بوون قسەیان دەکرد :

ئەگەر دەتبینی نەتدەتوانی چاوی تێبڕی ... چ قەدو باڵاو ڕوویەکی جوانی هەبوو.

– دوو چاوی سەوزی جوانی هەبوو.

– تۆ بۆ برژانگەکانی ناڵێی؟

– بەستەزمان...

– ددانەکانی دەتگوت مروارین.

– ئەگەر مرۆڤ دەزانێ چۆن دەمرێ ...

ئەو کابرا بەستەزمانە وادیار بوو لە بەیانی زووەوە خنکابوو. کاتێك، کە من پلاژەکەم بەجێ هێشت دنیا تاریك داهاتبوو ، هێشتا خەڵکی دەربارەی چاو و برۆ و لووت و پێڵووەکانی و ڕەنگی پێستی و جوانی دەم و چاوی و ئەندامی ڕێکی ئەو قسەیان دەکرد ! ...

هەوالنامەی كتێب

# سەعات فرۆشی

– ئێستا یانی هەرچی بەدبەختی دونیا هەیە ڕوویان لەتۆ کردووە ؟

– بەڵێ ، بەڵام باوەڕت بێ هیچ کاتێکیش بەخۆم نەمویستووە و بەدوایدا نەگەڕاوم ! …

ئەو ڕۆژە بەیانی زوو بەنیازی فرۆشتنی سەعاتەکەم لە ماڵ هاتمە دەرەوە، نازانم ئێوەش وەك من بەهۆی دەست کورتی و هەژارییەوە ئەو شتانەی هەتانە، کە لە کاتی تەنگانەدا دەیفرۆشن وەك من پەرێشانی و خەفەت ڕووتان تێ دەکا یان نا ؟

من وام، کە بمەوێ یەکێ لە پێداویستییەکانی خۆم بفرۆشم بۆ خەرجی ماڵ و مناڵەکانم، دوایی هەست بە پەرێشانییەکی زۆر دەکەم، کە پێویستم بە شتەکە دەبێ و ئەنجا دەزانم، کە لە کاتێکی ئاساییدا بەبێ نرخم وەرمگرتبوو .

ئەو ڕۆژەش سەعاتەکەی دەستم ئەوەندە لەلا سەنگین و بەنرخ ببوو وامدەزانی ئەگەر چەند دەقیقەیەك لە دەستم نەبێ دەستم شکاوە.

شەوی پێشوو لەگەڵ ئەو مێوانانەی هاتبوونە مێوانداریمان تا شەو درەنگ دەربارەی باری جوگرافیا و ئابووری تورکیاو دوایی باری هاووڵاتیان و جۆری یارمەتیدانیان بە دوور و درێژی لێوەی دواین.

مێوانەکان بۆ ئەوەی چەند دەقیقەیەکی دیش دانیشن بابەتی تازەیان دەکردەوەو باسی شتی بەرزتریان دەهێنا گۆڕێ .

دوایی وەك هۆزە کێوییەکان گوڕیان کردە سفرەی نانەکەو کەوتنە پیاهەڵدانی دەست و کابانیی ژنەکەم و لە چاو نوقانێکدا هەرچییان بەردەست کەوت خواردیان ، جارجار منیشیان ڕادەکێشایە نێو بابەتەکەوە و دەربارەی کارتێکردنی ئەدەبیات لەسەر میللەتی تورك ماوەیەك قسەم بۆ دەکردن !...

ئەم بەیانییە سەیرم کرد منداڵەکان نێوەڕۆ هیچ نیە بیخۆن، بڕیارمدا بچم سەعاتەکەم بفرۆشم .

ئەڵبەتە ئەم بابەتە هەر لە دوێنێ شەوەوە دوای نان خواردنەکە هەستم پێکرد،بەڵام لە ڕووم نەهات لە پێش میوانەکان سەعاتەکەم بفرۆشم. بە تایبەتی قسەکانی یەکێ لە برادەرە ماتماتیکزانەکان لەو بڕیارەم ساردی کردەوە. دۆستە ماتماتیکزانەکەمان دەیوت :

– تەنیا ئێوە نین، کە ئەمڕۆ گاڵتە بە ماتماتیك بکەن. بەڵکو زۆربەی هاووڵاتیان باوەڕیان بە ماتماتیك نییە ، بەڵام دەبێ چاك بزانن بنچینەی پایەداری ڕاستەقینەی هەر میللەتێك و وڵاتێك پەیوەندی تەواوی بە زانستی ماتماتیکەوە هەیە.

ئەڵبەتە منیش بە سروشتی ئەم خەڵکە پێکەنیم ، بەڵام پێکەنینەکەی من نە بۆ ماتماتیك بوو و نە بۆ ئەو هەقیقەتە تاڵانەی میللەتەکەمان و وڵاتەکەمان بوو . بەڵکو پێکەنینەکەی من بۆ ژیانی تاڵی خۆم بوو. بێ ئەوەی خەڵکی ئاگایان لە من بێ، کە من نامەوێ بۆ نانی ژن و منداڵەکانم ڕوو لە خەڵکی بنێم و شەرمەزار ببم. بەجۆرێ ئاگام لە خۆم بڕا بوو کەوتبوومە خەیاڵی داهاتووی بابردەڵم ، دوایی دەنگێك بە ئاگای هێنامەوە :

– حەسەن ئاغا بۆ قسەیێ ناکەی ؟ ئێوە لەم بارەیەوە ڕاتان چییە ؟

– هەقی ئێوەیە و من لە سەدا سەد لەگەڵ قسەکانی ئێوەم. دوای وتنی ئەم قسەیە پێکەکانم بۆ پڕکردن و دامە دەستیانەوە.

بیرم دەکردەوە ئەو شتانەی باسیان لێوەدەکەم بەڵگەیەکی چاکن بۆ فرۆشتنی سەعاتەکەم.

بەیانی کە لە ماڵ چوومە دەرەوە یەکەمجار سواری پاس بووم و دوایی سواری کەشتی بووم ، دوای دابەزین لە کەشتی ماوەیەکیش بە پیادە ڕۆیشتم و بە خۆمم دەوت :

– باشە من ئەم سەعاتە چۆن بفرۆشم و بە کێی بفرۆشم ؟ ..

نابێ بە یەکێ لە خزم و دۆستانەکانی بفرۆشم،چونکە بەڕای من کەسیەتی هەر مرۆڤێکی بیەوێ شتێ بفرۆشێ ئەگەر ئەو شتە زێر، پەموو پارچە و شتی دی بێ هیچ لە کەسیەتی ئەو ناهێننە خوارەوە.

من ئەگەر سەعاتەکەم بە یەکێ لەدۆست و ناسیاوەکانی بفرۆشم پایەی کەسیەتی من دێتە خوارەوەو ئەوە دۆست و ئاشنایان سەر بە ماڵەکەمدا ناکەنەوە.

بێ ئەوەی ڕابوەستم بە یەکێ لە شەقامە قەرەباڵغەکانی شاردا بەرەو ژوور بوومەوە. لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو سەعاتەکەی دەستم ئەوەندە قورس بوو بیرم دەکردەوە دوای ساتێکی کە قۆڵم لە بێخەوە دەردەهێنێ.

پاش ئەوەی ماوەیەك ڕۆیشتم بڕیارمدا سەرێك لە بازاڕی کۆنە فرۆشەکان بدەم.

لەکاتێکدا لەبەر ژانی قاچم خۆم لەسەر پێیان ڕانەدەگرت خۆم کرد بە بازاڕی کۆنە فرۆشەکان و پاش ئەوەی ١٠ — ١٥ جاران لەم سەر چوومە ئەو سەر چاوم بە ڕایەخی کابرایەکی ووردەواڵە فرۆش کەوت ، کە چەندین کۆنە سەعات و قاپ و قاچاغی کۆن و کەونە لۆکسی لە پێش خۆی دانا بوو.دەمودەست سەعاتەکەم لە دەست کردەوەو دەستم درێژ کردو پرسیم :

— ئەمە دەکڕی؟

کابرای ووردەواڵە فرۆش دوای ئەوەی ماوەیەك سەعاتەکەمی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد بە یەك قسە بەبێ ئەولا و ئەو لا؟ پرسی:

— باشە چەند بابیە؟

هەرچەندە دوو ساڵ لەمەو پێش بە ٢٥٠ لیرەم کڕی بوو، بەڵام دەنگی زبری فرۆشیارەکە وا خراپ کاری تێکردم وتم:

— ٥٠ لیرە.

کابرای وردەواڵە فرۆش بزەیەکی بلّحی کەوتە سەر لێوە ڕەش و پیسەکانی و وتی:

— بیست لیرەت بدەمێ؟

دەمویست سەعاتەکەمی بدەمێ و بیست لیرەکەی لێ وەرگرم ، هەستم بە قورسایی دەستێك کرد کەوتە سەر شانم، کە ڕووم وەرگێڕا ڕوو بە ڕووی یەکێ لە میوانەکانی دوێنێ شەو بوومەوە . بە بینینی زۆر ناڕەحەت بووم ، بەڵام چارە نەبوو .

– سەلام قوربان .

– سەلام گیانەکەم ، خەریکی چی؟

کابرای وردەواڵە فرۆش :

– ئەوە لەبەر چاوی خۆتان ، کە سەعاتەکەی ٢٠ لیرەش ناهێنێ بەڵام چ دەکەی هەندێ جار پیاو جەبێ وەزعی فرۆشیاریش لەبەر چاو بگرێ و یارمەتی بدا!..

بە ناڕەحەتییەوە وتم:

– بەڵام من مەبەستم فرۆشتنی نەبوو و هەرگیز ئەم سەعاتە فرۆشتنی لەسەر نییە.

کابرا وتی:

– کوڕی چاك ئەگەر دڵت نایێت بیفرۆشی بۆ وەختمان لێ دەگری ؟ مەگەر گاڵتەمان پێدەکەی؟ بەبێ ئەوەی گوێ بە قسەکانی ئەو بدەم لەگەڵ برادەرەکەم کەوتینە ڕێ.

بۆ ئەوەی ئەو برادەرەم دڵخۆش بکەم وتم:

– لێرەوە تێپەڕیم ئەم سەعاتەم لە فرۆشیارێکەوە بە ٥٠ لیرە کڕی ، وتم بزانم کڵاویان لەسەر ناوم یان نا، وەك فرۆشیارێك پێشانی ئەو کابرایەمدا ،

ئەویش وایدەزانی من بە ڕاستی سەعات فرۆشم وازی لێنەدەهێنام!

برادەرەکەم بێ ئەوەی هیچ گرنگی یەك بەم بابەتە بدات وتی :

– بەڕاستی زۆر چێژم لە قسەکانی دوێنێ شەو بینی. ئەگەر شەوێکی دیش دیسان ئاوا کۆببینەوە زۆر باشە .

– بەڕاستی ئەم جۆرە دانیشتنانە پێویستن.

کاتێ لێی جودا بوومەوە بە خەفەتەوە سواری پاس بووم.

یەکێ پرسی:

– قوربان سەعات چەندە؟

– قوربان شەش و چارەکە.

– ئەگەر وابێ سەعاتەکەت تەواو نییە.

بەناڕەحەتییەوە جارێکی دیش سەیری سەعاتەکەم کردەوەو سەیرم کرد هەقیەتی چونکە سەعاتەکەم بە تەواوی ٦:١٨ دەقیقەی پێشان دەدا.

– هەقی خۆتە سەعات شەش و هەژدە دەقیقەیە.

– دیسان تەواو نییە.

بێ ئەوەی وەلامی ئەو کابرا کەتە و ڕێکپۆشە بدەمەوە ڕووی خۆم لێوەرگێڕا ، بەلاّم کابرا لە کۆڵم نەبووەوە.

– ببورە قوربان، کە لێم پرسی سەعات چەندە سەیرم کرد سەعاتەکەت تەواو نییە.

خۆم پێ نەگیراو وتم:

– تەواو نیە با تەواو نەبێ ، کاکە ئەم مەوزووعە چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە!...

– ئەوە چ قسەکردنێکە ، منیش هاوولاّتیەکی ئێوەم .

کابرا وەك بلێی بەڕێوبەری گشتی بێ یان وەزیرێك بێ و فەرمان بەسەر فەرمانبەرێكدا بكا بەم شێوەیە وتی :

– من خۆم سەعاتم هەیە ، بەڵام بۆیە لێم پرسی تا پەی بە گرنگی کات ببەیت و سەیری سەعاتەکەت بکەیت ، ئاخر کەسێ نییە بڵێ کاکە ئێستا سەعات ٦و هەژدە دەقیقە نییە و حەفت دەقیقەی لەگەڵ سەعاتی خەڵکی جیاوازە. هەر ئێستا سەعاتەکەت لەسەر سەعاتەکەی من چاك بکەرەوە .

وەڵامی قسەکانیم نەدایەوە ، بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– کاکە سەعاتەکەت ڕاست کەرەوە . (٧) دەقیقە لە پاشە .

– خۆم حەزدەکەم ٧ دەقیقە لە پاش بێ .

– نابێ ... بەخوا نابێ .

بۆ ئەوەی لە دەستی ڕزگاربم چەند هەنگاوێك چوومە پێشەوە، بەڵام کابرا وەك نەبوو و هاواری دەکرد :

– دەتەوێ بۆ کوێ هەڵبێیت؟ هەر ئێستا سەعاتەکەت ڕاست کەرەوە دەنا وازت لێ ناهێنم.

– ڕاستی ناکەمەوە، ئاخر چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە سەعاتی من تەواو بێ یان تەواو نەبێ ؟

– قوربان من هاوڵاتیەکی ئێوەم ، قازانجەکەی هەر بۆ خۆتانە گەر ئێستا لەم وێستگەیە سەعاتەکانتان چاك بکەنەوە.

پاسەکە لە یەکێ لە وێستگەکاندا وەستا و کابرا لەو پیاوەی تازە سواری پاسەکە بوو پرسی :

– قوربان سەعات چەندە؟

– شەش و نیوە.

کابرا لە گەشتکەرێکی دی پرسی:

– باشە قوربان لای تۆ سەعات چەندە؟

– شەش و نیو دوو دەقیقەی لاداوە؟

– هی هەردووکتان هەڵەیە ، تکایە هەر ئێستا سەعاتەکانتان ڕاست بکەنەوە ، ئێستا سەعات ٧,٢٤ دەقیقەیە.

دوای ماوەیەك کابرا سەیری سەعاتی خانمێکیشی کرد و گوتی :

– خانمی خۆشەویست تکایە تۆش سەعاتەکەت ڕاست کەرەوە وا دیارە هی تۆش ١٥ دەقیقە لە پاشە . بە دەنگێکی نابەڵەدەوە لە منی پرسیەوە :

– سەعاتەکەت ڕاست کردەوە ؟

– قوربان تکات لێ دەکەم لەوە زیاتر نارەحەتم مەکە خۆ من چ خراپەیەکم بەرامبەرت نەکردووە ، تۆ پرسیاری سەعاتت لێ کردم ، منیش وەڵامم دایتەوە.

– تکایە چاکی کەرەوە .

– چاکی ناکەمەوە(هەتا پیێ دەتەقی).

– من هاوڵاتیەکی ئێوەم.. زووتر سەعاتەکەتان چاك بکەنەوە .

– کوڕی چاك هاووڵاتی کێی ، بۆ ئێمە گەڕیدەین ؟

– من ئیشم ئەوەیە سەعاتی ناتەواوی هاوڵاتیەکانم ڕاست بکەمەوە .

هەواڵنامەی کتێب

باوەڕکە هەمووی ئەو سەعاتانەیە بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانین بگەین بە پایەی وولاّتە پێشکەوتووەکان.دەست بە بووژانەوەیەکی گشتی بکەین و ولآتەکەمان لەم بەدبەختی و فەلاکەتە ڕزگار بکەین.

ئیدی ئاشکرایە، گەر یەکێکی وەك ئەم کاکە نرخی ٧ دەقیقە نەزانێ لە یەکێکی ڕۆژهەلاّتی زیاتر هیچی دی لێدەرناچێ، ٧ دەقیقە زووتر یا درەنگتر بە لایەوە هیچ گرنگییەکی نییە.پاشان داوای یارمەتی لە ئوفیرەکە کردو پرسی:

– سەعات چەندە؟

– سەعاتم نییە ! ..

کابرا بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– چۆن دەبێ سەعاتت نەبێ و گرنگی بە کات نەدەی؟ پیاوی بێ سەعات یانی چی !

– کاکە وا گەرم مەبە ئەگەر ڕاست دەکەی بێنە پارەم بدەرێ تا بیکڕم و ببمە خاوەن سەعات.

خانمێك بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– جا کێ دەڵێ سەعاتی تۆ تەواوە. بۆچی تۆ سەعاتەکەت لەسەر سەعاتەکانی ئێمە ڕاست ناکەیتەوە؟ ئەشێ هی تۆ هەڵەبێ؟

کابرا بە بیستنی ئەم قسەیە سەعاتەکەی دەستی لەدەست کردەوە سەعاتێکی بەرکی لە گیرفانی جلیقەکەی و سەعاتی نێو ئەموستیلەکەی لە پەنجەی کردەوەو لە کاتێکا هەموویانی بە خانمەکە پێشان دەدا دەیوت:

– هەموویان دانراونەتەوە، ناشێ هەموویان هەڵە بکەن.

خانمەکەش پێ دەکەنی و دەیوت:

– وا دیارە ئەم برادەرە شێتە.یەکێکی دی لە گەشتکەرەکان وتی :

– ڕاست دەکەی خانم وادیارە ئەم کابرایە شێتە چونکە سەعاتێکیان ٨,٥ ی پێشان دەدا.

کابرا لە کاتێکا سەیری ئەو سەعاتەیانی دەکرد، دەیوت:

– ئای بێ شەرەفانە... وا دیارە لە چایخانەکە دەستیان لێداوە .

بۆ ئەوەی هەرچی زووتر لە شەڕ پێ فرۆشتنی ئەو کابرایە ڕزگارم بێ، دوو وێستگە زووتر لە وێشتگەکەی خۆم دابەزیم.

ئەو بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە هاواری کرد:

– لە بیرت نەچێ سەعاتەکەت ٧ دەقیقە ببەرە پێشەوە . ماندوو و مردوو گەیشتمەوە ماڵ. ژنەکەم بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە پرسی :

– ئەی کوا ماسی ؟ ئەی بە تەما نەبووی ماسیمان بۆ بکڕی ؟

من، کە نەمتوانی بوو سەعاتەکەم بفرۆشم و بە پارەکەی ماسی بکڕم ناچار درۆیەکم بۆ دروست کرد.وەك ئەوەی ماسی کڕینم هەر لە بیر نەمابێ، وتم:– ڕاست دەکەی عەزیزم... بەڵام لە بیرم چوو.

– چی ؟ چۆن لە بیرت چوو، مرۆڤ چۆن لە بیری دەچێ ماسی بکڕێ!

– باشە مادام باوەڕناکەم من بکوڵێنەوە ئەگینا چیدیمان نییە بیکەی بە چێشت و دەرخواردی مێوانەکانی بدەی؟

ئەو شەوە دووبارە لەگەڵ برادەران دەربارەی زۆر مەسەلەی پەیوەند بە تورکیا ڕا و قسە و باسمان خستەڕوو،کە هاتینە سەر بەراوردکردنی تورکیا لەگەڵ میللەتە پێشکەوتووەکاندا وتم:

**– گەورەترین جیاوازی نێوان میللەتی ئێمەو میللەتانی پێشکەوتوو ئەوەیە، کە ئەوان گرنگی بە کات دەدەن و ئێمە گرنگی پێ نادەین.**

**یەکێ لە دۆستەکانم پشتگیری قسەکانی منی دەکرد:**

**– میللەتی ئێمە گرنگییەکی ئەوتۆ بە ١٠ دەقیقە و ٢٠ دەقیقە و هەتا یەك سەعاتیش نادەن،هەتا بەوەش قایل نابن سەعاتەکانیان بەگوێرەی سەعاتە تەواوەکان ڕاست بکەنەوە. ئەڵبەتە هەندێکتان بەم قسەیەم پێ دەکەنن، بەڵام ئەمە ڕاستیەکەیە،کە ناتوانین نکوولّی لێ بکەین.**

**– سەیرێکی سەعاتەکەی منی کرد،لێم پرسی:**

**– قوربان سەعات چەندە؟**

**– بە داخەوە ئەوەی من خەوتووە !..**

هەواڵنامەی کتێب

# باش ئامۆژگارییان لە گوێ نەگرت

وتی :

حەز ناکەم هەر شتێك لە ماڵەکەمان ڕوویدا لە چوار دیواری خانووەکەمان بڕواتە دەرەوە و بگاتە بەر گوێی خەڵکی. پاشان ڕووی لە کوڕە گچکەکەی کرد، کە خەریکی نووسینەوەی ڕاهێنانەکانی بوو، وتی:

– تێگەیشتی چیم وت!

– بەڵێ بابە گیان تێگەیشتم.

دوای هەفتەیەك نامەیەکی بەئیمزای بەڕێوبەری قوتابخانەی کوڕەکەیەوە بەدەست گەیشت، بەڕێوبەری قوتابخانە لە ناڕەزاییەکانی خۆیدا وە دەریخستبوو، کە کوڕەکەی ئەو لە قوتابخانە دەستی داوەتە دزی و شەڕکردن.

پاش خوێندنەوەی نامەکە داوای لە کوڕە گەورەکەی و کچە گەورەکەی و خەسووی و هەتا ژنەکەشی کرد، کە لە بابەتی دزینی کوڕەکەیان بێدەنگ بن

و لای کەس نەیدرکێنن، تا ئەو ڕۆژە کوڕە گچکەکەیان بۆ پاراستنی شەرەفی خێزانەکەیان دزییە بچووکەکانی لە مەودای ماڵەکەیان زیاتر نەدەچووە دەرەوەو تەنها ئەوە نەبێ گیرفانی ئەو میوانانە دەگەڕا ، کە دەچوونە ماڵەکەیانەوە، باوکیان لە ترسی ڕیسوابوون هەموو جارێ ڕووی لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکرد و دەیوت :

– وریا بن کەس نەیبیستێتەوە دەنا شەرەفی چەند ساڵەمان دەچێ.

هەر بۆ حەیانەچوون کە خێزانەکەی تاکە گوارەیەکی لە ماڵەوە لێ بزر بوو، باوکیان بە ناڕەحەتییەوە وتی:

– ئامادەم دوو ئەوەندەی قیمەتی ڕاستەقینەی خۆیت بۆ ببژێرم، بەڵام دڵنیام تا ئێستا لە ماڵی من شتێکی وا نەبووەو ناشبێ. حەتمەن گوارەکەتان لە جێگەیەکدا ون کردووە.

هەتا ڕۆژێکیان دایکیان کوڕە گچکەکەیانی ڕاکێشایە سوچێکەوەو داوای لێکرد دان بە درۆکانیدا بنێ.

باوکیان دەمودەست گەیشتە سەریان و دوای داخستنی پەنجەرەکان وتی:

– بەڵام عەزیزم ووریابە، کەس نەیبیستێ ئەگینا ئابڕوومان دەچێ.

کاتی باوکیان زانی کوڕە گەورەکەیان جگەرە دەکێشێ و جار جار (هێرۆئین)یش بەکاردێنێ، بە ڕووی خۆیدا نەهێنا و تەنها بە دانیشتنێکی خێزانەکەیان کۆتایی پێ هێنا. لە دانیشتنەکەدا باوکیان ڕووی لە هەموویان کردو وتی:

– تکا لە هەمووتان دەکەم ئەو مەوزووعەی لای خەڵکی نەکەنەوەو نەهێڵن نهێنییەکانی خێزانەکەمان لەنێو چوار دیواری ماڵەکەمانەوە بچێتە دەرەوە.
دوای ماوەیەك هەردوو کوڕەکەی شەوان درەنگ دەگەڕانەوە ماڵەوەو پاشان چەند ڕۆژێکی دی ئیدی هەر لە دەرەوە دەمانەوەو نەدەهاتنەوە.
دایکیان ویستی ناڕەزایی خۆی پێشان بدا، بەڵام باوکیان داوای لێکرد بێ دەنگ بێ، وتی:
– وریابن هاوسێکانمان نەیبیستن دەنا ئابڕوومان دەچێ. یەکەمجار کوڕە گەورەکەیان و دواییش کوڕە گچکەکەیان ئیتر هەر نەدەهاتنەوە ماڵەوە.
باوکیان بۆ دڵدانەوەی دایکی منداڵەکان پێی دەوت ئەو مەوزووعە بێزاری نەکا و هەر چەندی پێیان دەڵێ زیاتر هەوڵدەن تا خەڵکی بەم مەوزووعە نەزانن. پاش چەند هەفتەیەك کوڕە گەورەکەیان بە تاوانی هەڵگرتنی ماددەی هۆشبەرر گیرا و خراپە زیندانەوە.
باوکیان لە میانی دانیشتنێکی خێزانیدا داوای لێکردن،کە شتێك ڕێکخەن تاکەس بۆنی ئەو مەوزووعە نەکا. دایکیان وتی:
– ئەگەر بپرسن کوا کوڕە گەورەکەت من بڵێم چی ؟
– زۆر ئاسانە بڵێ سەفەری کردووە، بڵێ بە سەفەر چۆتە ئەورووپا.
کوڕە گچکەکەشیان بە تاوانی دزی گیرا و خرایە زیندانەوە، باوکیان لە دانیشتنێکی خێزانیدا وتی :
– تکا لە هەمووتان دەکەم کارێکی وا بکەن کەس نەبیستێتەوە، ئەگینا لەم گەڕەکە ئابڕوومان دەچێ. ئەگەر لێیان پرسین کوا کوڕە گچکەکەتان،

بلێین لە فەرمانگەیەکدا دامەزراوە فەرمانگەکەشیان ناردوویەتییە یەکێ لە مەڵبەندەکانەوە. ئیشاڵڵا باش لە قسەکانم تێگەیشتوون؟

دوای ئەوەی کوڕە گەورەکەیان ڕەوانەی ئەورووپا کرد و کوڕە گچکەکەشیان لە پێناو حزمەتکردنی زیاتری کۆمەڵ ڕەوانە ناوچە دوورەکانی وڵات کرد، هاوکات کچەکەشیان ڕۆژ بە ڕۆژ سکی گەورەتر دەبوو و دەردەکەوت، باوکیان دانیشتنێکی ڕێکخست و وتی:

– داواتان لێ دەکەم زۆر چاودێری ڕووداوەکانی نێوماڵەکەمان بکەن و هەر بۆ ئابڕوونەچوونی خێزانەکەمان کارێکی وابکەن کەسێ شتێ نەبیستێتەوە.

باوکیان بە سەرفکردنی پارەیەکی زۆر و بەهۆی (کورتاژ)، سکی دەرپەڕیوی کچەکەی گەڕاندەوە دۆخی جاران.ئەو سك بەرزبوونەوە و دابەزینە چەند جارێك دووبارە بۆوە،پاشان کچەکەیان شەوان تۆزێ درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە تا وای لێهات دوای ماوەیەك هەر نەدەهاتەوە.

ڕۆژێکیان دوو کەسی نەناس هاتنە لای باوکی و وتیان:

– کیژەکەتان دوێنێ شەو لە قومار ٣ هەزار لیرەی دۆڕاندووە، دەبێ ئێوە بیدەن.

باوکی وتی :

– ڕازیمە، من پیاوێکی بە شەرەفم،بەیانی پارەکەتان دەدەمێ. باوکی هەر ئەو ڕۆژە عەسر چەند مێز و بەڕەو مافووری ماڵەکەیانی فرۆشت و بەرلەوەی داواکارەکان بێنەوە بەدوای پارەکەیان ئەو پارەکەی کردە دەستیانەوەو لە دانیشتنێکی خێزانیدا وتی:

– هەروەکو هەمووتان دەزانن ئاژەڵیش شتە پیسەکانی خۆی دادەپۆشێ. ئێمە ئەگەر نەتوانین ئەو شتانەی بەسەرماندا دێ داپۆشین دەبێ زۆر بێنرخ بین. ئەوە بۆ جاری چەندەمینە داواتان لێدەکەمەوە هەوڵدەن نهێنییەکانی خێزانەکەمان لە چوار دیواری ماڵەکەمان نەچێتە دەرەوە ، بۆ هەتا هەتایێ لە نێوان ئەم چوار دیوارە نەچێتە دەرەوە.

پاش چەند ڕۆژێکی دی ئەفسەری گەڕەك خەبەری دایێ، کە:

خەسووەکەیان لە ماڵێکدا گرتووە،کە شوێنی فەسادە،باوکە لە کاتێکا هەوڵی دەدا،کە کەسێ ئەم مەوزووعە نەبیستێتەوە کەچی ڕۆژنامەیەکیان هەواڵی گیرانی خەسووەکەی پێ گەیشتبوو و لەلاپەڕەی یەکەمی خۆیدا چاپی کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە ئابڕووی خۆیان بکات، نەیکرِی. دوای ئەم ڕووداوە دانیشتنێکی گشتی و گەورەی بۆ خێزانەکەی سازدا و تیایدا وتی :

– (خوا لە ناوتان ببات)، کە ئاوا منتان بێ شەرەف و ڕیسوا کرد، تکاتان لێ دەکەم هەر کارێ دەتانەوێ بیکەن،بەڵام هەوڵدەن بۆ داپۆشینی شتەکە لە چوار دیواری ماڵەکەمان نەچێتە دەرەوە، خەڵکی خۆمان ئیش و کاریان نییە بابەتێکی بچووك (لە مێشێکەوە دەکەن بە گامێشێك).

دایکیان وتی:

– بەڵام ئەم خانووە بۆ پاراستنی نهێنییەکانی خێزانێکی وەك ئێمە بچووکە،ئەگەر حەز دەکەی خەڵکی نهێنییەکانی ژیانی ئێمە نەبیستن خانوویەکی گەورەتر بگرە.

– قایلم و ئامادەم بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسم خانوویەکی بە قەدد باغێکتان بۆ بگرم.

باوکیان بینایەکی چوار نهۆمی بەکرێ گرت. لە ژێر زەمینەکەوە کوڕە گەورەکەیان خەریکی کڕین و فرۆشتنی (هێرۆئین) بوو، کوڕە گچکەکەش لە نهۆمی یەکەمدا خەریکی چاپکردنی پارەی کاغەزو دۆلار بوو، خەسووەکەشی نهۆمی دووەمی کردبووە خانەی فەساد،کچەکەشی لە نهۆمی سێیەمدا لەگەڵ مشتەرییەکانی عیشق و ئەڤیندا خەریکی سێکس بوو، دواجار لە نهۆمی چوارەمیشیاندا ژنەکەی خەریکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی قومارێکی گەورەی دەکردو کردبوویە قومارخانە. باوکیان بۆ پاراستنی شەرەفی خێزانەکەی هەر لە هاتوچۆدا بوو و لەسەر ئەو ژیانە بەحەیاوحورمەتەی خۆی بەردەوام بوو.

هەر کە لە نهۆمی یەکەم شتێکی بیستبایە بەهەشتاوی خۆی دەگەیاندێ و هاواری دەکرد:

– وریابن کەس گوێی لێ نەبێت.

– هەر کاتێکیش گوێی لە دەنگی مەکینەی چاپی پارەی کاغەز بوایە بە خێرایی خۆی دەگەیاندە لای کوڕە گچکەکەی،کە لە نهۆی دووەم بوو، هاواری دەکرد:

– وریابە کەس گوێی لێ نەبێت.

دواجار هەر کە خەسووەکەی لەگەڵ کڕیارەکانی، یان کچەکەی لەگەڵ کڕیارەکانی، یا ژنەکەی لەگەڵ قوماربازەکان قڕەوگاڵەیان بکەوتایە نێوانەوە،

بە پەلە خۆی دەگەیاندە ئەو نهۆمەی قرە و گاڵەکەی تێدا ڕوویداوەو داوای لێدەکردن کڕو بێ دەنگ بن، ئەمجا دەیوت :

– وریابن کەس گوێی لێ نەبێ.

دوێنێ شەو پۆلیس ڕژانە ئەم ناوە و دەوری ماڵەکەیان گرتن و جگە لە باوکە بەشەرەفەکەیان نەبێ دەنا هەر هەموویان گرتن.

ئەندامانی خێزانەکەی تکایان دەکرد و دەپاڕانەوە دەیانوت:

– بۆ هەر کوێ یەك بڵێن ئامادەین،بەڵام تکاتان لێ دەکەین کارێکی وابکەن باوکمان نەیبیستێتەوە.

لەو کاتەدا باوکیان لە خەو ڕاپەڕی و هاواری کرد:

– لێگەڕێن با بیبیستنەوە. حەزدەکەم بیبیستنەوە. بەیانی خانوویەکی گەورەترتان بۆ دەکڕم! ..

هەواڵنامەی کتێب

# بەشەرتی چەقۆ

باوکم زللەیەکی قایمی خێواندە بنا گوێم و دایکیشم زللەیەکی قایمتری خێواندە بناگوێکەی دیم و ئەوجا هەردووکیان هاواریان دەکرد:

– دەڵێ ی نامەوێ بخوێنم ؟

ماموستاکەشمان زللەی سێیەمی خێواندمێ و فڕێی دامە سەر پێلاوەکەی.

باوکم دەیوت:

– کوڕم، سەیری برا گەورەکەت بکە کە سێ ساڵ لە تۆ گەورەترە و دەرزەکانی خۆی نەخوێند ، هەقی وایە بۆ تۆ ببێتە ئاوێنەی عیبرەت. ئەگەر بیخوێندایە ئێستا حاڵی وا نەدەبوو.

فەقیرەی هەموو ڕۆژێ سبەینان سەعات چوار لە خەو هەڵدەستێ و دەچێتە مەیدان. لەبەر ئەوەش زوو دەچێ دەیەوێ هەرچی یەکی هەرزانی دەستکەوێ یەکسەر بیکڕێ، بەڵام هیچ دڵم پێ ناسوتێ. یەکێ گوێ بە قسەی دایك و باوکی خۆی نەدا ئەوە سزاکەیەتی، کە لە تەمەنی تۆ بوو زۆر ئامۆگاریمان کرد، پێمان وت بۆ خۆی پیاو بێ و بخوێنێ. پێمان وت ئەگەر بخوێنی دەتوانێ باشترین کچی وڵات بخوازێ. بۆخۆت خۆشترین عاشقاتی لەم وڵاتەدا بکەی. جوانترین ئۆتومبێل بکڕی و ببیتە خاوەنی بەرزترین خانوو،سەر بە

هەموو لایەکدا بکەی پارەیەکی زۆرت دەست کەوێ، بەلأم نەچووە گوێیەوەو نەچووە گوێیەوە. ئەویش وەك ئێستای تۆ لێمان لە رق راچوو ، وتی ناخوێنم و ناخوێنم، بەلأم دەمەوێ تۆ بخوێنی و ببیە پیاوێکی گەورە!بە هەر جۆرێك بوو هەستامەوە.

باوکم پرسی:

– باشە ئینشاڵڵا لەمەو دوا دەخوێنی؟

– وەلأمم نەدایەوە.

– چی؟

– دیسان وەلأمم نەدایەوە.

جارێکی دیش شەق و مست و پێلاقەم خوارد.

باوکم وتی:

– کورِم تۆدەمەوێ تۆ بیر و هۆشت بێتەوە سەر و بۆ خۆت بخوێنی.

سەیری برا گەورەکەت بکە، لە چ مەرگەساتێکدا دەژی. خۆ ڕاستە چەند ڕۆژێکە عەرەبانەیەکی کریوەو وەك فرۆشیارە گەڕۆکەکان دەگەڕێ، بەلأم ئاخیر و ئاقیبەتی ئەم کارە چییە؟

ئەم کارانە نە خانەنشینی هەیەو نە دڵنیابوون ، کاکت ئەگەر ئەمڕۆ ئیش بکا زۆری دەست دەکەوێ، بەلأم ئەگەر بەیانی ئیشی نەبێ هیچی دەست ناکەوێ. یانی دەمەوێ بڵێم هیچ شتێکی دەست ناکەوێ.

– تازە ناچارییە، پیاو ٥–٦ برادەری قورِقوراگەی بگرن چی پێ دەکرێ. تۆ خۆت باش دەزانی، کە فرۆشیارە گەڕۆکەکانی ولأتەکەمان چ نرخێکیان نییە.

باوەڕکە ئەو کاکەی تۆ، کە دەیبینی وەك دێو خۆی پیشان دەدا کە دەببینیّ پاسەوانێك وا لە جادە لە یەکیّ دەگەڕێت، چ کون نامێنیّ خۆی تێکوتیّ و خۆی لیّ بشارێتەوە. تۆ دەبیّ ببیتە پیاوێکی گەورە.پیاوێکی زۆر گەورە.تۆ دەبیّ بۆینباخ ببەستی. دەبیّ ئوتوی پانتۆڵت وەك تیغ بیّ! دەبیّ چەند خزمەتکارو شوفێر لەبەردەم دەرگای ژوورەکەت بوەستن. هۆش و بیرت بێتەوە سەرخۆت دڵنیام سەردەکەویت.

بەهەر بەدبەختی و دەردەسەری یەك بوو دیبلۆمم وەرگرت.

باوکم وتی:

– باشە ئینشاڵلاّ لە دوای ئەمەشەوە دەخوێنی؟

– وەلاّمم نەدایەوە .

– وەلاّمم بدەرەوە دەنا بە مست و پێلاقان دەکەومە گیانتەوە.

– حەزدەکەم لەگەڵ ئەوەشەوە وەرەقەی دیبلۆمم وەرگرتووە لە مەیدان شووتی بفرۆشم.

لێت دەدەم ها...

– بەلاّم بابەگیان تۆ سەیری کاکم بکە.

– ڕاستە کاکت خاوەنی کۆگایەکە، بەلاّم بە چ دەردێك چووە؟

خاوەن کۆگا نە مانگانەی خانەنشینی هەیەو نە داهاتوویەکی ئەوتۆی هەیە پیاو بە هیچی دابنیّ . ئەگەر ئەمڕۆ کاکت نەخۆش کەویّ نەتوانیّ ئیش بکا ئەوا مەرگی حەتمییە، بەلاّم تۆ نابیّ وا بیت. تۆ دەبیّ بۆنباخ ببەستی. پانتۆڵەکەت ئوتوکرابیّ، لە هەمووشیان گرنگتر تۆ دەبیّ شوفێر و خزمەتکارێکی زۆر لەبەر دەرگای ژوورەکەت وەستابیّ.

– زۆر چاکە ئەو کاتە دەتوانم کەبابخانەیەك بکەمەوە.

– هەرچی کەباب و کەبابچی هەیە خەریکی کاری ناشیرن و بێ جێن.

عەزیزەکەم چەرخی ئێمە چەرخی کەباب نییە. دەور و زەمانی ئێمە دەوری وە دەست هێنانی زانیارییە.

– زۆر چاکە، بەڵام ئێوە بفەرموون لە پاشان لەکوێ بخوێنم؟

– ئەی زانکۆکانیان بۆچی کردۆتەوە؟

– باشە ئێستا مادام سوورن لەسەر ئەوەی بچمە زانکۆ بچمە بەشی پزیشکی یان ئەندازیاری.

باوکم بە خۆشحاڵی یەوە وتی:

– کوڕم ئەگەر بە گوێی باوکی خۆت دەکەی ببە دکتۆر.

چونکە ئەگەر ئاوی ڕوونیش بدەیتە خەڵکی بۆ خۆت نانت دەکەوێتە نێو ڕۆنەوە.جا کە بووی بە دوکتۆر پارە وەك بارانی بەهار بەسەر ماڵەکەتدا دەبارێ. جا ئەو کاتە کاکت بە هەردوو دەستان لەسەری خۆی دەدا و دەڵێ:

– بۆچی منیش نەمخوێند و وا بەدبەخت بووم..

ناوی خۆم بۆ زانکۆ نووسی و لەگەڵ ئەوەشەوە دڵنیا بووم، کە لە بیرکاری و فیزیا و کیمیا بە چاکی وەڵامم داوەتەوە و حەتمەن یان لە کۆلێجی ئەندازیاری یا لە کۆلێجی پزیشکی وەردەگیرێم.کە ناو دەرچوو،بۆم هەبوو تەنها لە بەشی زمان یا لە بەشی مێژوو بخوێنم.

– بابە گیان ڕەحمەت لە مردووت وازبێنە بابیبیتە شووتی فرۆش.

– کوڕە شیرینەکەم هەڵە مەکە. شانس یەکجار ڕوو لە مرۆڤ دەکا ، زمان و مێژووش دوو بەشی خراپ نین . زمان دەزانی زمانە ، مێژوویش دەزانی مێژووە.
– باوکە گیان ئێستا مادام حەز ناکەی کوڕەکەت ببێتە شووتی فرۆش ڕێگام بدە کەبابخانەیەك بکەمەوە.
– نامەوێ چیدی گوێم لەم قسە هیچانە بێ. ئەگەر جارێکی دی گوێم لەم قسانە بێ نەك هەر خۆم بە دایشکیت دەڵێم دارکاریت بکا .
ناچار لە کۆلێژ ناوی خۆم نووسی و دەستم بە خوێندن کرد. هەموو ڕۆژێ باوکم ستایشی سەرکەوتنەکانی منی دەکرد و بە شێوەیەك دەیوت:
– باش سەیری ژیانی کاکت بکە، تەماشاکە بە چ دەردەسەرییەك نان پەیدا دەکا. ئەمڕۆ لەبەر درەنگ گەیشتنی خەیار لە نیوەشەوەوە هەڵدەستێتەوە، بەیانی بەهۆی زوو گەیشتنی تەماتەو ڕۆژێکی دی بەهۆی درەنگ گەیشتنی باینجان خەوی لێ حەرام بووە. تازە بیستوومە وا لەنێو خەڵکی سەری دەرهێناوە و دەستی کردووە بە کڕین و فرۆشتنی خەیار.
هەر کە دەچمە لای یا باسی درەنگ گەیشتنی لۆرییەکان دەکا یا باسی خراپی ئەوان دەکا، بەڵام تۆ نابێ وەك ئەو بیت، چونکە کارەکەی ئەو نە مووچەی خانەنشینی هەیەو نە ئەو داهاتووەی هەیە، کە بیری لێدەکەیتەوە. تۆ دەبێ بۆینباخ ببەستی و ئوتوی پانتۆڵت وەك شمشێر وابێ ، باق و بریقی لە چاوان بدا،دەبێ خزمەتکارەکانت لەبەردەمت دەستەو ئەژنۆ بوەستن و بەبێ چەند و چۆنی فەرمانەکانت بەجێ بگەیێنن. ئای کە تۆ چەندە کوڕێکی چاك و بەوەفایت. زۆر حەزم دەکرد ئەو ڕۆژەی،کە کۆلێجم تەواو کرد ئێوەش

لەوێ بوونایە و بە چاوی خۆتان بتان دیتبایە باوکم بە چ شێوەیەك پێشوازی لێکردم، کە هیچ پاشایەك دەرهەق پاشایەکی دی نەیکردووە. جا ئەو پێشوازیەش بەبێ مۆسیقا و ئەم جۆرە شتانە نەبوو.

باوکم وتی:

– پیرۆزباییت لێ دەکەم ئێستا تێگەیشتی ، کە قسەکانی من هەمووی ڕاست بوون ؟ من هەقم بەسەر تۆوە هەیە.

– چ هەقێك باوکە گیان؟

– هەقی ئەوەی کە تۆم کردە پیاو.

– بابە گیان جا ئێستا ڕێگا دەدەی شووتی بفرۆشم؟

– وا دیارە قسەکانی سەردەمی منالێت هێشتا بیر نەچووە؟

تۆ سەیرێکی کاکەت بکە.ڕاستە ئەو لەگەڵ کچێکی دەوڵەمەند زەماوەندی کردووە،بەڵام ئاخیر و ئاقیبەتی ئەم کارە چییە؟ تۆ سەیری پێنج دانە دوکانەکەی مەکە،چونکە ئەو بێجگە لە خەیار،کولەکە، باینجان و تەماتە زیاتر شتێکی تری بە خەیاڵدا نایێت. لە هەمووشیان گرنگتر ئیشەکەی ئەو نە مووچەی خانەنشینی هەیەو نە بیمە، ئەمڕۆکە نەخۆش بکەوێ بەیانی ژیانی و سامانەکەی لە کیس دەچێ. ئوتوی پانتۆڵ و بۆینباخ ئەمانەش هەر هیچ.

ڕۆژان، هەفتە، هەتا چەند مانگێك، پارەمان لە باوکمان وەردەگرت، جارجاریش دەچوومە موغازەکەی کاکم و هەرچەندە ئەو لە ئایندەدا لە مووچەی خانەنشینی بێبەش بوو، بەڵام داوام لێدەکرد جل و پێڵاو و گۆرەویم بۆ بکڕێ.

کاکیشم دەستی ڕەت نەکردمەوەو هەرچییەکم بویستایە یەکسەر بۆی ئامادە دەکردم.

(٥) ساڵ وا بەسەر چوو.تا ڕۆژێکیان پێدام، کە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی بە سیفەتی مامۆستای جوگرافیا و مێژوو دابمەزرێم.

کە باوکم بینی وتی:

– زۆر چاك بوو.ئەم کارە هەم مووچەی خانەنشینی هەم ئایندەیەکی ڕۆشنیشی هەیە. خوانەخواستە ئەگەر چەند ڕۆژێکیش نەخۆش بکەوی دەتوانی بەهۆی مووچەکەتەوە بە هەر جۆرێك کە خۆت دڵت بخوازێ لەماڵی خۆتدا بحەسێیتەوە. ئەڵبەتە خۆت باش دەزانی، کە بەردەستەکانی قوتابخانەش هەموو کات بەردەستیت بکەن!.

– بەڵام باوکەگیان مووچەکەی.

– بۆ مووچەکەش ئێستا ٥٠٠ لیرەیە کەم نییە – هیچ دوور مەبینە بەیانی بە جێبەجێکردنی پلەی دووەمی یاسای نوێی کرێکاران ، مووچەکەت چوار پێنج ئەوەندە زیاد بکا!

– بەڵام ئەی ئەو کچەی دەیەوێ ببێتە هاوژینی من.

– گیانەکەم ناڕەحەت مەبە ئەوەش دەبێ.

بۆ خوازبێنی چەند کچێکمان نارد. باوکی کچی یەکەمیان وتبووی:

– من لاریم نییە، بەڵام لەوە دەترسم خواردن و خۆراکی باشی نەدەنێ، چونکە کچەکەم زۆر حەز لە خواردن دەکا.دووەمیان وتبوی: کچەکەم لەوانە نییە مانگێك بتوانێ چاوەڕوانی شتێ بکا.سێ یەمیان وتبوی:

– دەبێ ٥٠٠ لیرە تەنها بۆ خەرجی سووراو و سپیاوی کچەکەم بێ.

بە باوکم وت:
– ئەی کوا ئەو مژدانەی تۆ بە منت دەدان؟!
– گیانەکەم ناڕەحەت مەبە. لە جیاتی هەموو ئەمانە کارەکەت مووچەی خانەنشینی و داهاتوویەکی هەیە.
– بەڵام بابە گیان ئێمە وا دەمرین.
عەزیزم بۆینباخ و ئوتوی پانتۆڵەکەت لە بیر نەچێ.
– بەڵام کاکم؟ ...
– تۆ چاو لە کاکت مەکە ئەو بێجگە لە ئۆتۆمبێل و خانوو و موغازە و خزمەتکار و چێشت لێنەر زیاتر یەك شتی تر چییە نییەتی.
– شتیتر چییە؟
– چۆن ..خۆ مووچەی خانەنشینی نییە.
بۆ بەیانی چوومە لای براکەم و بەیارمەتی ئەو دوو لۆری شووتی چاکمان لەبەردەم یەکێ لە موغازەکانی ئەو دانا، لە جیاتی بۆینباخ بەروانکەکەم کردە مل و دەستم کرد بە هاوارکردن:
– (شووتی بە شەرتی سووری).کاکە بە شەرتی چەقۆی دەدەم. سوور و شیرین نەبوو مەیبە.
سوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژی بەدواوە باری ژیانم بە ڕۆژ بەرەو باشی دەڕوا.ئێستا هەرچەندە بۆینباخ نابەستم، دوو موغازەم هەی، هەر چەندە پانتۆڵی ئوتوکراوم نییە، بەرامبەر بەوە پارەیەکی زۆرم لە بانق هەیە، دواجار لەگەڵ ئەوەی خزمەتکار و شوفێرم نییە٤ –٥ دوکانی بەکرێم هەیە. بژی ئەو شووتییە گەییوانەی، کە من بە شەرتی چەقۆ بە خەڵکی خوای دەدەم! ...